# مێژووی فەلسەفە

## هیگڵ

وەرگێڕانی

عرفان مستەفا

کوردستان – هەولێر

٢٠٠٥


**ناوی کتێب: مێژووی فەلسەفە**

– نووسینی: هیگڵ

– وەرگێڕان: عرفان مستەفا

– نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی

– بەرگ: هۆگر سدیق

– پیتچنین: محەمەد مامەند

– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات

– تیراژ: ١٥٠٠ دانە

– ژمارەی سپاردن: ٦٧٧

– چاپی یەکەم

– نرخ: ٤٥٠٠ دینار

– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب – ٤٢ – (١٤٥)



**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن : 2260311**

www.mukiryani.com

# ناوەڕۆك


**پێشەکی** ........ ٣

**لێکۆڵینەوە لە بارەی وانەکانی هیگڵ لە: ((لەمێژووی فەلسەفە)) دا** ........ ٨

**پێشباس** ........ ٩

یەکەم: ڕێگای جیاوازیەتی Polemical History ........ ١٠

دووەم: مێژووی ڕاوبۆچوون و گوتەکان ـ Doxographical History ........ ١٣

سێهەم: مێژووی فەلسەفە لە پێش هیگڵدا ........ ١٦

چوارەم : هیگڵ ........ ٢٠

پێنجەم: وێناکردنی هیگڵیانە بۆ مێژووی فەلسەفە ........ ٢٨


## دەقی وانەکانی هیگڵ لە ((مێژووی فەلسەفەدا))


**بەشی یەکەم:** وانەکانی دەستپێکردن لە ٢٢ ئۆکتۆبەری ١٨١٦
لە زانکۆی هاید لبرج وتراونەتەوە ........ ٧١

**بەشی دووەم:** دەروازەیەك بۆ وانەکانی بەرلین ساڵی ١٨٢٠ ........ ٩١

**بەشی سێهەم:** دەروازەیەك بۆ وانەکانی ساڵی ١٨٢٢ و ١٨٢٥ و ١٨٢٨ ........ ١٤٩

**بەشی چوارەم:** دەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەوەی پێشوو ........ ٢٠٥

**بەشی پێنجەم:** بەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەوەی پێشوو ........ ٢٢٥

**بەشی شەشەم:** پەیوەندی مێژووی فەلسەفە بە درەوشانەوەکانی تری گیانەوە ........ ٣٣٩

**بەشی هەشتەم:** سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە ........ ٣٦٣

# پێشەکی

لە ساڵی ١٨٩٢وەوە، خاتوئیلیزابیس ساندرسۆن هۆڵدین[1] دەستی بە وەرگێڕانی وانەکانی هیگڵ "لە مێژووی فەلسەفەدا" کرد و ساڵی ١٨٩٦هەمووی بە تەواوەتی، لە سێ بەرگدا وەرگێڕایە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو هەر- لە بنچینەدا- پشتی بە چاپی دووەمی ئەم وانانە بەستبوو، کە میشیلیە لە ساڵی ١٨٤٠-١٨٤١[2] بەچاپی گەیاند بوو.

خاتوو هۆڵدین لە پێشکەشکردنە کورتەکەیدا بۆ ئەم وەرگێڕانە، ئاماژە بەوە دەکات، کە وەرگێڕانی کتێبەکانی هیگڵ چەند قوڕسە، بە تایبەتی گەر وەرگێڕ بیەوێت دەقێکی بڕاوهێنەر و وەرگێڕانێکی پوخت بخاتە بەر دەست، ئەو پێشی وایە، ئەم قورسییە ناوبانگی هەیە و پێویست بە باسکردن ناکات، ئەم قوڕسی و گرانییەش لە کتێبەکەی"وانەکان لە مێژووی

[1] هەرچەندە ئەم باسکارە ئوسکوتلەندییە، خاتوو ئیلیزابیس ساندرسۆن هۆڵدین Elisabth sandorson Haldane (١٨٦٢-١٩٣٧)، کاری لە بواری پەرستیاریدا کردووە و لە ساڵی ١٩١٣ ش کتێبێکی لەم بارەوە نووسیووە، بەناوی ((پەرستاری لە بەریتانیا وەختی ئاشتی و کاتی جەنگ))، هەروەها لە بارەی خانمە ئەدیبێکی ئینگلیزی، لە ساڵی ١٩٢٧ نوسینێك بە ناوینشانی ((جۆرج ئیلیۆت و سەردەمەکەی)) دەنوسێت - لەو ساتەشەوە گرنگی بە فەلسەفەی هیگڵی دەدا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ئوسکوتلەندا پەرەی سەندبوو- ئەمەش پێش ئەوە بوو، کە بگوازرێتەوە بۆ بارەگا هەمیشەییەکەی لە ئۆکسفۆرد -ئەو هەڵسا بە وەرگێڕانی وانەکانی هیگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا، لە دوو توێی سێ بەرگدا و Kegan pual یش لە لەندەن، ساڵی ١٨٩٢-١٨٩٦ بڵاوی کردەووە، دوای وانەیەك کە هیگڵ لە هایدڵبرج لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨١٦ وتبوویەوە، جارێکی تر لە چاپخانەی زانکۆی نبراسکادا لە ساڵی ١٩٩٥ چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

[2] کارل لودڤیچ میشیلیە Karl Ludwig Michelet (١٨١٠-١٨٩٣)، یەکێکە لە قوتابییە وەفادارەکانی هیگڵ. کاتێك لە دوای مردنی مامۆستاکەیان قوتابخانەی هیگڵی دابەشدەبێت، ئەو دەکەوێتە ناو باڵە راسترەوەکانەوە. لە زانکۆی بەرلیندا مامۆستایەکی ناخۆ تەرخانکەر ((غیر متفرغ)) بوو، ((ئاکاری ئەرستۆ))ی لە ساڵی ١٨٢٧ نووسی و ساڵی ١٨٢٨ یش (رێباز لە ئاکاردا) ی نووسی. ئەو کاتەش کە هیگڵ لە ژیاندا بوو ((وانەکان لە فەلسەفەی نوێیدا))ی دەوتەوە، کە دواتر هەر لەسەر ئەم بابەتە کتێبێك چاپ و بڵاودەکاتەوە.



فەلسەفەدا" زۆر زیاتردەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم کتێبە لە یاداشتنامەی قوتابییەکانییەوە کۆکراوەتەوە لەگەڵ ئەو وانە جیاوازانەی کە بە درێژایی چەند ساڵێکی دوورودرێژ وتووینەتییەوە، لەم بارەیەوە نۆ جار وانەی وتووەتەوە- ئەمەش بەو شێوەیە بووە، کە لە لێکۆڵینەوەکەی داهاتوو باسی لێوەدەکرێت، ئەو لەگەڵ سەرەتای ژیانی ئەکادیمی خویدا لە زانکۆیی ییەننا ساڵی ١٨٠٥-١٨٠٦ دەستدەکات بە وتنەوەی"مێژووی فەلسەفە" هەر لەوێشدا کۆتایی پێدەهێنێ، لە ساڵی ١٨٣١یش لە زانکۆی بەرلین لەبارەی هەمان بابەتەوە دەستدەکات بە وانە گوتنەوە و هەر لە١٤ی نۆڤەمبەری ئەو ساڵەشدا کۆچی دوایی دەکات.

میشیلیە وانەکانی هیگڵ لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە لە یادشتنامەی قوتابییەکان و رەشنووسەکانی فەیلەسووفەوە، کۆدەکاتەوە و هەڵدەستێت بە پۆلینکردن و رێکخستنیان و بڵاوکردنەوەیان لە دووبەرگدا، لە ساڵی ١٨٣٣-١٨٣٦(چاپی یەکەم)، چاپی دووەمیش ساڵی ١٨٤٠-١٨٤١ دەکەوێتە بەردەست، هەرئەم چاپەشە کە خاتوو هۆڵدین پشتی پێدەبەستێت.

لە کاتێکدا هوفمیستەر(Hoffimiest) لەساڵی ١٩٤٠ لە لیبزج، کۆمەڵە دەقێکی نوێ لەگەڵ هەندێك تێبینیدا، کە هیگڵ لەگەڵ وانە کانیدا لە ساڵی خوێندنی ١٨٣٣-١٨٣٤وساڵی خوێندنی ١٨٢٧-١٨٢٨دەیانلێتەوە، بڵاودەکاتەوە، لەساڵی ١٩٤٤یش دووبارە ئەم دەقانە چاپ و بڵاودەکرێتنەوە. هەروەها رەخنەیەکی زۆریش ئاڕاستەی پەخشەکەی میشیلیە دەکرێ، چونکە وادەبینرا نابێت هیچ شتێك لەوەی کە هیگڵ خۆی نوسیویەتییەوە لا ببرێت یان کورتبکرێتەوە، بەڵکو دەبێت رێز لەوە بگیرێت کە نوسیویەتی و بە پێی تواناش لەسەری بمێنینەوە.

هەر لەمەشەوە بوو، کە"هوفمیستەر" پەرۆشی ئەوە بوو بەو وانەی کردنەوەیە کە هیگڵ لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٨١٦ لە هایدلبرج دەیلێتەوە، دەستپێبکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بەداخەوە جگە لە بەرگێك هیچی تری لەکارەکانی بڵاونەبوونەوە.

بەڵام ئەم بەرگەی کە بۆ یەکەمجار دەیخەمە بەردەم خوێنەری عەرەبی، لە بنچینەدا لە پەخشەکەی"هۆفمیستەر" ەوە وەرگێڕدراوە. ئەوەش کە لەوانەکان ماوەتەوە لە چاپەکەی میشیلیەوە وەرگێڕدراوە کە پرۆفیسۆر ت. م. نۆکس ( T.M.knox) وەریگێڕاوەتە سەرزمانی ئینگلیزی و پێش مردنیشی لە ساڵی ١٩٨٠ئامادەیدەکات بۆ بڵاوکردنەوەی، دواتر ا.ف . میللەرA.V.miller تەواویدەکات و بڵاویدەکاتەوە. من خۆم لێکۆڵینەوەیەکی درێژم لە بارەی

هیگڵەوە ئامادەکرد. تاهەندێك لەو تەمومژییە کە لەسەر دەقەکە هەیە، دیاریبکەم. سەرەڕای ئەوەش، ئەم دەقە گفتوگۆی کێشەی مێژووی فەلسەفە دەکات، هەرلە یۆنان هەتاسەردەمی هیگڵ خۆی، بەلاّم سەبارەت بە زاراوەکانی هیگڵەیش، لە ڕووی سەختیەوە ناوبانگی خۆیان هەیە، بەلاّم هەردەبێت ئەوە  بیری خۆێنەر بهێنمەوە، کەمن زاراوە بەناوبانگەکەی کە" Begriff"ە، بە"الفکره الشاملة" بیرۆکەی سەراپاگیر وەرمگێڕاوە. بەلاّم نۆکس بەوێناکردن Goncept وەریگێڕاوە و هۆڵدینیش بە بیرۆکە nation وشەی وێناکردن زیاتر ڕەنگێکی خودی هەڵدەگرێت ئەمەش لەمانا هیگڵییەکەی دوورمان دەخاتەوە.

بیرۆکەش هیچ مەبەستێك ناگەیەنیّ جگە لەمەش زاراوەیەکی تری ناسراومان هەیە کە بیرۆکە Idea یە. هەروەها زاراوە Verstand یشم بە"فهم" تێگەیشتن وەرگێڕاوە، لەزۆربەی کتێبەکانمدا هۆی ئەم وەرگێڕانەم باسکردووە.

ئەی هاوڕێی خوێنەر، من ئێستا بەجێتدەهێڵم  لەگەڵ ئەو گەشتە هیگڵییە نوێیەدا، کە مێژووی فەلسەفەت  بۆ دەخاتە روو یان"حەقیقەت بە درێژایی مێژوو بەڵگە دەهێنێتەوە"، ئەمە بە پێی ئەو گوزارشتە جوانەی کە "روبرت کابونجری" مامۆستای زانکۆی نوتردام[1] بەکاری دەهێنی.

داواکارم  لە خوا هەمووومان بۆ سەر ڕێگای پێگەیشتن ڕێنمایی بکات.

**کوێت لە ١٢دیسمبەر١٩٩٦**

**ا. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام**

---

[1] A. Robert Caponingri: The pilgrimage of Truth through Time: The Coception of the History of philosophy in G.W.F. Hegel proceeding of the 1972: Hegel society of America.



# لێکۆڵینەوە لە بارەی وانەکانی هیگڵ لە:
# ((لەمێژووی فەلسەفە)) دا

**((بە پێنووسی وەرگێری عەرەبی))**

"ئەوەی کە هیگڵ دەیەوێت بیڵێت، نە شتێکی نوێیە و نە ڕێبازێکی تایبەتە، بەڵکو فەڵسەفەیەکی هەمەکی و گشتییە ، نەوەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ئاڵوگۆڕیان پێکردووە، جارێك بەشێوەیەکی فراوان و جارێك بەشێوەیەکی بەرتەسك، بەلاّم لە کرۆکدا خۆی هەر خۆیەتی و گۆڕانی بە سەردانایێت......!

**ولیم ولاس**

# پێشباس

دەتوانین بڵێین، هەوڵدانی مێژوونوسان بۆ نووسینەوەی مێژووی فەلسەفە، هەر لە سەردەمە یەکەمیەکانی فەلسەوە دەستییپێکردووە، کۆنیشە بەقەدەرکۆنی فەلسەفە خۆی، دەکرێت ریشە یەکەمییەکانی لەلای قوتابخانەی مەشائیەت ببینینەوە- ئەمەش بە پێی ئەوەی کە فندلانت Windelband[1] دەیلێت. لەوانەشە لە پێش ئەمەدا لەلای (گێڕەرەوەی ژیاننامەکان)ەوە، ئەوانەی کە گرنگی بە سەرگوزەشتەی پێشینەکانی رابردوو و پشکنینی هەواڵەکانیان دەدەن، ببینرێت، لە راستیدا ئەمەش رێگرنییە لەبەردەم گوتنی ئەوەدا، کە ئەرستۆ لە پێش هەموو ئەو فەیلەسووفانەوە دێت، کە-بەرێگایەکی رێکخراو رێبازەکانی پێش خۆی خستۆتە روو و هەڵساویشە بەشیکردنەوە و رەخنەگرتن یان تەنانەت کتێبەکەی لە بارەی (میتافیزیکا) وە، بەڕاستی بە سەرچاوەیەك بۆ لێکۆڵەرانی مێژووی فەلسەفەی یۆنانی پێش خۆی دادەنرێت. هیگڵ لەم بارەیەوە دەڵێت:

"ئەرستۆ یەکێکە لەو بڕواپێکراوانەی کە بە دەوڵەمەندی لە زانیارییەکان دەناسرێتەوە و جیادەکرێتەوە، ئەو بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا و بەشێوەیەکی وردی سەراپایگرانە، لە فەیلەسووفانی پێشووی کۆڵیۆەتەوە، لێکۆلینەوەکەشی لە بارەی ئەم فەیلەسووفانەوە بەتایبەتی لە کتێبی (میتافیزیکا) و کتێبەکانی تریشدا بەشێوەیەکی رێکخراوی مێژوویی بووە، ئەو بەو رێژەیەی کە فەیلەسووفە، هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین پشتی پێ ببەستین، ناشتوانین- لەبارەی فەلسەفەی یۆنانییەوە-شتێکی باشتر لەوەی کەهەڵسین بە لێکۆڵینەوە لە کتێبی یەکەم میتافیزیکا ئەرستۆ"[2] بکەین

وەك(تسلر) دەڵێت- لەچارەباشییەوەیە ئەگەر لە نووسینەوەی ئەو فەلسەفەی کە لە سەردەمی کۆنەکاندا کۆتایی پێهاتووە دەستپێبکەین:

---

[1] W. Windel band: “History of philosophy” Eng. Traus by James H. Tufts p.10 (Macmillan 1910)

[2] G. W. Hegel: “Lectures on the History of philosophy” Vol. I p.167 Eng. Trans by E.S. Haldane & Ftances H.Simson, Routledy & Kegan, Second Impression, London. 1955.

ئەمەش لە گێڕەرەوەکان و نووسەرانی ژیاننامەکان کۆمەڵەیەك لەو بڕیارانەی کە نوێنەری فەلسەفە جیاوازەکانن، لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە جۆرا و جۆرانەی کە گرنگی بە زنجیرەکردنی زەمەی دەوەن هەروەها کتێبە رەخنەییەکان و بۆچوونە لێکجیاوازەکان و لێکدانەوەولێدوانەکان و گێڕەرەوەی گوتە و ڕاو بۆچوونەکان...هتد[3] دەستی پێکردووە.

ئەو کتێبە زۆر و وزەبەندانەی کە هەوڵیان داوە بۆ نووسینەوەی مێژووی تێور و ڕێبازە فەلسەفییەکانی رابردوو، بەیەك ڕێگا نەنووسراون، بەڵکو چەندشێوەیەکی جۆراوجۆریان وەرگرتووە. ئێمە بە دوای هەموو ئەم شێوانەدا ناچین و لەو شێوازانەش کە بە درێژایی مێژوو تیایاندا دەرکەوتوون، مولّیاننادەین، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت بە نووسینی کورتە باسێك لە بارەی ڕێگای جیاوازیەتی، ڕێخۆشکەری بکەین بۆ قسەکردن لە بارەی فەلسەفەی هیگڵەوە، دواتریش لە بارەی مێژووی ئەو راو بۆچوون و گوتانەوە کەمانەتەوە، بۆ ئەوەی لەدواجاردا راستەو خۆ بگەینە مێژووی فەلسەفە لە پێش هیگڵەدا، بەتایبەتی لە ئەلمانیادا، چونکە ئەمانەش کۆمەڵەکتێبێکن کە کاریگەرییەکی راستەو خۆیان لەسەر تێڕوانینی هیگڵ بۆ مێژوو هەیە.

## یەکەم: ڕێگای جیاوازیەتی Polemical History

ئالێرەدا مێژوونووسی مێژووی فەلسەفە، کە دەست بە نوسین دەکات، لە زەینیدا لایەنگریکردنی ڕێبازێك و پەرچدانەوەی ڕێبازێکی تر ئامادەیە، دەکرێت ئەم ڕێگایە لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی رابردوودا بۆ فەلسەفە کۆمەڵە باشییەکی هەبێت، بەلاّم دەشێت بکەوێتە ناو هەڵەیەکی زۆرەوە، لەوانەیە دیارترینی ئەم هەلاّنەش ئەوە بێت، کە لە نووسینەوەی مێژوودا خۆی نابەستێتەوە بە وردەکاری و وردبینییەوە، هەروەها کۆمەڵە بڕیارێکی ناکامی لایەنگرانەش بەسەر ڕێبازەکاندا دەدات، دواجاریش لە گۆشەیەکی لایەنگرانەوە مێژوو دەنووسێتەوە، یان گەر ویستمان گوزارشتە هیگڵییە بەناو بانگەکە

(3) Edward Zeller: “Outlime of the History of Greek philosoph p.12,23,24, Eng. Trans by L.R. palmer, “Thirteenth Edition” A. Meridian Book Newyork 1955.



بەکاربهێنین، ئەوا بەشێوەیەکی تاك رەهەندانە مێژوو دەنووسێتەوە. ئێمە دەتوانین سەبارەت بەم ڕێگایە نموونەیەکی کۆن وەرگرین، ئەویش ئەوەیە، کە ئەفلاّتوون نووسیویەتی، ئەو لە زۆربەی گفتوگۆکانیدا زۆرێك لە راوبۆچوونەکانی پێشینانی خۆی و تیۆرەکانی ئەوانەی کە لە پێش ئەودا بوون، دەهێنێتە ناو گفتوگۆکانی، بۆ نموونە وەك سۆفیستاییەکان، بەلاّم لە گێڕانەوەی ئەم رایانە لەوانەوە زۆر وردنییە، بەڵکو تێڕوانینی بۆیان جیاوازکارانەیە نەك مێژووییانە، بۆنموونە ئەو بەشێوەیەکی زۆر کەم نەبێت هیچمان لە بارەی پاشخانی رۆشنبیری ئەوانەوە پێ ناڵێت، یان هیچمان دەربارەی ئەو زەمینە عەقڵییەی ئەوانەوە کە ئەم راو بۆچوونانەی لێهاتووەتە ئاراوە ناخاتە بەردەست. هیچیش لە بارەی پەیوەندی ئەو فەیلەسووفانە بەیەکترە باسناکات، لە سەروی ئەمەشەوە، تووشی هیچ جۆرە دوودڵیەك نابێت لەوەدا، کە کۆمەڵە راوبۆچونێك بداتەپاڵیان کە هی ئەوان نین و هەرگیزیش بە زاریاندانەهاتوون، ئەمەش لە کاتێکدا دەکات، گەربتوانیٚ بەمە وایان لێبکات —بەشێوەیەکی وردتر- نوێنەرایەتی ئەو هەڵوێستە فەلسەفییە بکەن کە خۆی بەرگری لێدەکات، یان ئاراستەیەکی هەیە کە دەیەوێت پووچەڵی بکاتەوە و بیڕووخێنیٚ[4]. ئەفلاّتوون لە گفتوگۆکانیدا "بیری هەردوو بەرەی گفتوگۆکە تۆمارناکات، بەڵکو کۆمەڵە بیرێکی تایبەت بە خۆی لە شێوەی گفتوگۆدا تۆماردەکات. بەمەش شێوازی گفتوگۆکە ڕێگای بۆ خۆشدەکات کە لەسەر یەك بابەت گوزارشت لە گۆشەنیگای جیاوازبکات، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو گوزارشتی لەو گۆشەنیگا جیاوازانە کردووە بەو شێوەی کە بینیویەتی و لێی تێگەیشتووە، نەك بەو شێوەیەی کە خاوەنە ڕاستەقینەکانیان بینوویانە"[5]. ئەم ڕێگایەش بە تەنها بەبالاّی ئەفلاّتوون و فەیلەسووفە پێشینەکانی ترا نەبڕاوە، بەڵکو کاتێك کە لاپەڕەکانی لێکدەرەوە تازەکان و لەوانەش مێژوونوسانی ڕێبازە فەلسەفییەکان هەڵدەدیتەوە، دەبینیت ئەوانە- لە رواڵەتدا- خۆیان بۆ لێکدانەوە و روونکردنەوەی بیروتیۆرەکانی فەیلەسووفێکی دیاریکراو تەرخانکردووە، یان لەوانەیە خۆیان بۆ ژمارەیەك لە فەیلەسووفان یەکلا کردبێتەوە، بەلاّم لە راستیدا هەمان ئەم هەڵوێستە جیاکارییانەیان هەیە: واتە مەبەستی ڕاستەقینەی

(4) Encyclopedia of philosophy: Ed by Paul Edward, Vol. 6 p.226 The Macmillan Company & The free press, Newyork. 1967.

(5) دکتور فؤاد زکریا (دراسة لجمهورية أفلاطون) ص ٣٥ من الطبعة الثانية -الهيئة المصرية العامة للكتاب عام ١٩٧٤.

لێکدەرەوەکە ئەویە، کە ڕاو بۆچوونی فەلسەفی تایبەت بخاتە روو یان هێرش بکاتە سەرنەیارەکانی.

لە فەلسەفەی نوێشدا(ش.د.برود C. D. Borad)، لە کتێبە کەیدا:"پێنج جۆر لە تیۆری ئاکاری"[6] بەشێوەیەکی راستەو خۆ و بێ پێچ و پەنا گوزارشت لەم ئاراستە جیاکارییە دەکات. ((برود)) و لەم کتێبەدا جیاوازییەکی یەکلاکەرەوانە لە نێوان"تیۆری فەلسەفی" و "تیۆری زمانەوانی یان ئەدەبی بۆ دەقە فەلسەفییەکان" دەکات. ئەو پێی وایە لێکۆڵینەوەی زانستی باش بۆ مێژووی فەلسەفە ئەوەیە، باوەڕی وابێت بەریەککەوتنی راوبۆچوونەکان و بیرەکان رووناکییەك بەرهەم دەهێنێت، کە رێگامان بۆ رۆشن دەکاتەوە و دوورمان دەخاتەوە لەو هەڵانەی  کە پێشینەکان تێی کەوتوون. دواتریش ئێمە لە رێبازە فەلسەفییەکان ناکۆڵینەوە لەوەواد نەبێت کە" لەگەڵ راوبۆچوونەکانی ئێمەدا لەلێکدژی و پێکداداندابن! " ئەم رێگایەی کە "برود" پێشرەوی ئێمەی لەسەر دەکات بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار ملدەنێ! چونکە وا لە لێکۆڵەر دەکات کە هەڵوێستێك گریمان بکات کە کەس ئەم هەڵوێستەی هەرگیز نەبووە،دوایش تیرەکانی رەخنەی خۆی ئاراستە بکات و وای لێبێت لەوە بچێت کە(دۆنکیشۆت) کەوتبێتە شەڕکردن لەگەڵ ئاشتی بادا! هەردەبێت هەڵوێستێکی ئاوا لەڕووی فەلسەفییەوە بێ بایەخ و کەم بەهابێت.

لەراستیدا لێکۆلینەوەی زانستی ئەکادیمیانەی رێبازێکی فەلسەفی پێویستە لە(لێکۆلینەوەی جیاکارانە) ی ئەم رێبازەوە بکەین و دوایی ئەمەش هەڵسین بە ئاشکراکردن و خستنەرووی ئەو کەم کورتی و خەوشەی  کە تیایەتی ... هەروەك ئەوەی کە(نورمان کیمب سمیث N.K.smith) لە کیتێبەکەیدا (لێکۆلێنەوەکان لە فەلسەفەی دیکارتیدا)- لەندن ١٩٠٢- کردوویەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە ناتوانین لە بیری فەیلەسوفێك تێبگەین ، ئەگەر بێتو شوێنگەی کەم و کورتی و خەوشەکەی لەو کۆمەڵە بەڵگەیەدا نەبینینەوە کە پێشکەشی دەکات، ناتوانین لەمەش تێبگەین گەر بەوشێوەیەی کە خاوەنەکەی دەیەوێت، هەڵنەسین بە لێکۆڵینەوە لەبەڵگەکانی[7]

[6] C. D. Broad: “ five Types of Ethical Theory”

[7] Encyclopedia of philosophy. Vol. 6 p.227.



## دووەم: مێژووی راوبۆچوون و گوتەکان ـ Doxographical History

ئەم رێگایە لە نووسینی مێژووی فەلسەفەدا لە بنچینەدا بایەخ بە گێڕانەوەی وەرگرتە و گوتەی فەیلەسووفان دەدات. هەرئەم رێگایەش-بەزۆری- بەسەر شێوازی نووسینەوەی مێژوویيانەی کۆنی فەلسەفەدا زاڵە.

(تسلرZeller) پێی وایە ئەرستۆ خۆی یەکێکە لە مێژوونووسانی ئەم ئەرزە، بە تایبەتی لە کتێبی (متیافیزیکا)کەیدا، بەوەی کە ئەو لەسەر ئەوە راهاتووە کە پوختەیەکی کورت لە راو بۆچوونی پێشینەکانی پێش خۆی یان وەرگرتە و گوتەکانیان بخاتە روو، پێش خستنە رووی تیۆرە تایبەتییەکانی خۆی[8].

(ساوفراستۆس Theophrastus) ی قوتابیش هەرهەمان رێگای گرتووەتەبەر، بەوەی کە ئەوەی خستە ئەستۆی خۆی هەڵسێ بە نووسینەوەی ناو کۆییانەی فەلسەفە و کتێبە بە ناوبانگەکەی بەناوی (مێژووی سروشت و راوبۆچوونی سروشتگەراکان) یان ئەوەی کە (لای عەرەبەکان بەراوبۆچوونی سروشتی ناونراوە) بنوسێت، لەم کتێبەدا  راوبۆچوون و رێنمایی پێشینەکانی پێش خۆی کورت و پوخت دەکاتەوە و دوایش لە پەراوێزدا کورتەیەك لە بارەی ژیانیانەوە دەنوسێت. ساوفراستۆس کتێبەکەی بە پێی بابەتەکان و کێشەکان پۆلبەندکردووە، بەشێوەیەك کە هەر کتێبێك لەم کتێبانەی بۆ بابەتێکی دیاریکراو تەرخانکردووە، لێکدەرەوە و رەخنەگری راوبۆچوونی پێشینانی خۆیەتی. لەو بابەتانەش بنەماکان، خوا، گەردوون Kosmos، شوێنەوارە باڵاکان mereoya، وسایکۆلۆژیا...هتد[9]، ئەم نووسەرەش بووەتە سەرچاوەیەك بۆ مێژوونوسانی فەلسەفەی یۆنانی پاش خۆی ، زۆر زیادەرۆیی ناکەین، گەربڵێین مێژوونوسانی فەلسەفە لە ماوەی سەرووی سوکراتەوە  تاسەردەمە نوێکان بەشێوەیەکی گوێرەیی- تائاستێك- چوونەتە ژێرکاریگەری ساوفراتسۆسەوە.هەندێك لە لێکۆڵەران وادەبینن، کەئەمە "لەبەدبەختییەوەیە، چونکە تێروانینەکەی دروستنییە، ئەو وا سەیری فەیلەسوفە پاشینەکان

[8] Ibid.

[9] قارن الدکتور عبدالرحمن بدوی في الکتاب (ربیع الفکر الیونانی) ص ١٥ من الطبعة الثالثة -مکتبة النهضة المصریة- القاهرة عام ١٩٥٨م.

دەکات کە تەنها نوچدانێکن بۆ ئەرستۆ، هەر بە هەمان شێوەش کوێرانە بیر و بۆچوونەکانیان دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی ئەرستییەوە."[10]

لەراستیدا لە هەموو ئەوەی کە ساوفراستۆس نووسیویەتی ، تەنها یەك بابەتمان بۆ ماوەتەوە، ئەویش

"هەستکردن sensation"ە، تەنانەت ئەم بابەتەش تەواو نییە، بەڵکو ئەو ڕێگایەی کە فەیلەسووفان لە شێوەی (بابەتەکان)پێیان نووسیوە، ئەوڕێگایە بووە کە ئەو لەسەری ڕۆیشتووە، ئەمەش وای لێهاتووە، کە لە سەردەمە نوێکاندا بەشێوەیەکی ناوازە نەبێت بەکارنەیێت،[11] لە کاتێکدا ڕێگای کورتکردنەوەی (ڕاکان) یان ڕێنماییەکان نموونەیەکە بۆ سەراپای مێژوو لەبارەی گوتەی فەیلەسووفەکانە وە.[12]

دێرینترین و ناودارترین کتێبی مێژوو کە لە بارەی گوتەی فەیلەسووفەکانەوە دانرابێت، کتێبەکەی (دیۆجنزی لایرتی Diogens Laertius)ە، بەناوی: (ژیان و راکانی فەیلەسووفە ناودارەکان). ئەم کتێبە لەکۆمەڵە تێکەڵەیەکی زۆر تێکەڵ لە گوتەی فەیلەسووفەکان و وەرگرتەکان و بڕیاردان لەسەر ژیانی فەیلەسووفان پێکهاتووە.[13] (دیۆجنز) فەیلەسووفەکان بەسەر قوتابخانەکاندا پۆلبەند دەکات، بەمەش چاکسازییەکی بایەخدار لە ڕێکخستنی زەمەنی پوختدا، دەخاتە سەر ڕێگاکەی ساوفراستۆس چونکە ئەو چاو لە هەموو ئەو پەیوەندییە زەمەنییانە دەپۆشێ، جگە لەوانەی کە دەکەونە ناو پەیوەندی زنجیرەکردن لەیەك قوتابخانەدا،[14] بەڵام ئەمەش سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵە تێکەڵ و پێکەڵییەك کە کەم نین ، بەڵام دەبینین لە

---

(10) الموسوعة الفلسفية المختصرة. بأشراف الدكتور زكى نجيب محمود- ص ١٢٣ مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة عام ١٩٦٣.

(11) ئەم ناوازییەش لە راستیدا ڕێگرنییە لەبەردەم بوونی کۆمەڵە کتێبێك کە فەلسەفەیان لە شێوە. کۆمەڵە بابەتێکدا نووسیوەتەوە، بەناوبانگترینیشیان لە سەردەمی نوێدا کتێبی:
Marz (J. T): “A History of European Thought in the Nineteenth centuy”.William Blakwood & Sons London 1912 (4 Vols.).

(12) Encyclopedia of philosophy. Vol. 6. p.227.

(13) د. عبدالرحمن بدوى فى كتابە: (ربيع الفكر اليونانى) ص ١٥-١٦.

(14) Encyclopedia of philosophy. Vol.6 P. 227



کتێبی سێهەمدا لەبارەی ڕینماییەکانی ئەفلاتوونەوە دەنوسێت، کەچی فیساگۆرس بۆ یەکەمجار لەکتێبی نۆهەمدا دەردەکەوێت، هەربەهەمان شێوەش ناوی پارامیندس و هیراقلیتس لە کتێبی نۆهەمدا دێت! لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کتێبە هەر لەسەرەتای سەردەمی ڕێنسانسەوە تا ئەمرۆش سەرچاوەی سەرکییە بۆ مێژووی فەلسەفە و گرنگترین سەرچاوەشە کە ئێمە بۆ مێژووی فەلسەفەی یۆنانی بۆی دەگەڕێینەوە.[15]

ولتر بیرلی Walter Burleeigh لەسەدەی چواردەهەمدا، کتێبێکی لە بارەی فەیلەسووفە پێشینەکانەوە نووسی، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٤٧٠دا لە کۆڵۆنیا Coloyna چاپکرا و بۆماوەی دووسەدەش بە مێژووی گشتی فەلسەفە دانرا. دوای ئەمەش پەیامێکی بە ئینگلیزی لە ساڵی ١٦٠٥ بەناوی (لەپێشکەوتنی زانست) دابلاوکردەوە، دوایش چوویەوەسەری و وەریگێڕایە سەرلاتینی و درێژەی پێداو ناوەکەشی کردبە: (لە ڕێزداری زانستەکان و نەشونماکردنیان) ساڵی ١٦٢٣ـ لەم کتێبەدا بانگەوازی مێژوویەکی نویّ بۆ فەلسەفە کرد کە زیاتر بێت لە لیستی ناوی فەیلوسوفەکان و گێڕانەوەی راو بۆچوونەکانیان، بەڵام ئەو هەر بیر و رای وابوو، کە پێویستە ئەم جۆرەی مێژوو زیاتر لە ((گرووپ و قوتابخانە و کتێب و نوسەران)) بکوڵێتەوە کەمتر بەوەی کێشە فەلسەفیەکان و ئەو هەوڵانەدا بچێت کە دراون بۆ چارەسەرکردنیان.

دوای ئەمەش کتێبەکەی (جۆرج هورن Georg Horn) هەیە، کە ناونیشانەکەی(مێژووی فەلسەفە Leiden) یە (١٦٥٥)، ئەم کتێبە خاوەنی سیمایەکی تایبەتە، ئەویش ئەوەیە، کە بیروباوەڕێکی بەکارهێناوە، کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لەسەدەی نۆزدەدا لە ناو ڕۆشنبیرەکاندا بلاوبووەتەوە، ئەم بیروباوەڕەش دەڵێت (ئادەم) بە هەموو فەلسەفەکان ئاشنابووە و دابەشکردنی فەیلەسووفەکانیش بۆ گرووپ و کۆمەڵ، نیشانەی کەوتنە لە ناو گوناهی یەکەمدا ئەو کلیلە سەرەکییەکانی فەلسەفەی یەکەمی راستەقینە لە "پەیمانی کۆن"(العهد القديم) دا دەدۆزێتەوە. (هورن) خۆی فەیلەسووف نەبووە، بەڵکو مێژوونووسی فەلسەفە بووە، ئەو وا وێنای مێژووی فەلسەفەکردووە، کە هەوڵدانە بۆ گەڕاندنەوەی یەکبوونی رەسەنی بیر، بەیارمەتی فەلسەفەی مەسیحی، لە کتێبەکەیدا باس لە فەلسەفەی یۆنانی ناکات تەنها بۆ بەڵگە و روونکردنەوە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش نموونە لە گرووپە وەسەنییەکان دەهێنینەوە. دوای ئەم کتێبەش

---

(15) د. عبدالرحمن بدوى فى كتابە: (ربيع الفكر اليونانى) ص ١٦.

کتێبی فەیلەسووف و ئەدیبی ئینگلیزی ( ستانلی Stanley) دێت، ئەم کتێبە بایەخێکی سەرەکی بە یۆنان دەدات و لە پانتاییەکی فراوانیشدا بلاّو بووەوە، بەلاّم دووبارە کردنەوەی کتێبەکەی (دیۆجنز) نییە، بەڵکو کەرستەی تری خستۆتە سەری، کە لەسەرچاوەی ترەوە وەری گرتووە، نموونە بالاّکەشی(کتێبەکەی بییر جاسندی Pierre Gassemdi) فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسییە لە بارەی(ژیان و رێبازی ئەبیقۆر)ەوە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجەخت لەسەر ژیاننامە و رێگای گوتەی فەیلەسووفەکان دەکات، ئەمەش بەو شێوەیە کە لەلای دیۆجنز دەبینین! کتێبەکەی (ستانلی) لە نێوان سالاّنی ١٦٥٥تا ساڵی ١٧٤٣ بە چوارچاپ چاپکراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی (ساڵی١٦٩٠ لە ئەمستردام و ساڵی ١٧١١ ش لە لیبنزخ و ساڵی ١٧٢٣ لە بوندقییە) پەخش وبلاّوکراوەتەوە، بە کورتی مێژووی فەلسەفەی کۆن تاسەدەی هەژدەهەمیش بە شێوەیەکی بنچینەیی هەرپشتی بەوە بەستووە کە (دیۆجنزی لایرتی) نوسیبووی.[16]

## سێیەم: مێژووی فەلسەفە لە پێش هیگڵدا

(أ) یەعقوب برۆکەر Bruker ( لەو ساڵەدا مردووە کە هیگڵ تیایدا لەدایکبووە، واتە ساڵی ١٧٧٠) ـ لە لیبزج لە ساڵی ١٧٤٢وەوە تا ساڵی ١٧٦٧ پێنج بەرگ لە کتێبەکەی(مێژووی رەخنەی فەلسەفە) بلاّودەکاتەوە، کە لە سەدەی هەژ دەهەمدا کۆڵەکەی کتێبەکانی مێژوو بووە ـ ئەم کتێبە لای کانت و ئینسکلۆپیدییە فەرەنسییەکان سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بووە، ولیەم ئنفلّد W. Enfield بە ناونیشانی (مێژووی فەلسەفە) وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە ساڵی ١٧٩١ لە لەندەن بلاّودەبێتەوە، بەلایەنی کەمەوە ئەم کتێبە لە ئینگلتەرا بە درێژایی سی ساڵ دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ.[17]

(برۆکەر) لەم کتێبەدا واسەیری پەرەسەندنی فەلسەفە دەکات کە خلۆربوونەوەیەکی پلە بە پلەی عەقڵی مرۆییە، ئەو ئەم راستییە دەدۆزێتەوە کە: لە سەرەتادا مرۆڤ زانین، یان حەقیقەتە

(16) Encyclopedia of philosophy. Vol. 6.

(17) Ibid.



یەکەمییەکانی وەك نیگای بۆ هاتە خوارەوە، دوای ئەمە ئەم راستییانە گوازرانەوە بۆ باب و باپیرانی جوولەکە، لە وانیشەوە بۆ بابلی و ئاشورییەکان و دواتر گەیشتە یۆنان و سەرۆژێر بووەوە، چونکە ئەوان دووبەرکییان لەناو یەکیەتی فەلسەفە یان حەقیقەتدا دروستکردو، لە بەرامبەرییەوە دابەشبوون بۆ کۆمەڵە گرووپ و رێبازێکی لێکدژ و لێکدەر، ئالێرەشەوەیە، کە دەبینین هەموو ئەو مێژوو نووسانەی فەلسەفە کە کەوتوونەتە ژێرکاریگەری برۆکەر، لەسەرەتای قسەکردنیانەوە کە دێنەگۆ باس لە فەلسەفەیەك دەکەن بەناوی فەلسەفەی(بەربەری)، ئەمەش مەبەستیان هەموو فەلەسەفەیەکە کە لە پێش فەلسەفەی یۆنانیدایە.[18] هەروەها ئەفلاتۆنییەتی نوێش گوزارشتە لە شەرەنگێزانی فەیلەسووفان، ئەوانەی کە کۆششیان بەرەو دڵی مەسیحییەت کردووە، بەلاّم لە بەرژەوەندی وەسەنییەتدا، ئەمەش بەبێ ئەوەی لەوە بپرسنەوە کە خەڵك بۆچی بەوشێوەیە پەرە بەو گوتانە دەدەن کە ئەوان دەیلێن؟... بەلاّم ـ سەرەڕای ئەو هەموو هەلاّنەی کە برۆکەر تێیان کە وتووە)، کتێبەکەی هەنگاوێکی گرنگە لەسەر رێگای نووسینەوەی مێژوویەك بۆ فەلسەفە، کە زیاتر باوڕهێنەربێت[19]

(ب) لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا، سەرکەوتنەکەی (برۆکەر) دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو ئەمەش وایکرد کە زۆیك لە گفتوگۆ و هەڤپەیڤینی درێژ لەسەر سروشتی مێژوو بێتە ئاراوە، ئەمەش سەری کێشا بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی نوێ بۆ سەیرکردنی پەرەسەندنی رێبازە فەلسەفییەکان، بەو شێوەیەی کە لە کتێبەکەی (دیترش تیدمان Dietrichtiedman) بەناوی (گیانی فەلسەفەی تیۆری) دەرکەوتووە، کە لە شەش بەرگدا لە(ماربورج Marburg) ساڵی ١٧٩١ـ١٧٩٧ بلاّوبووەتەوە ـ ئەم کتێبەـ لەرووی بیرۆکە و رێچکەوە ـ یەکەمین مێژووی فەلسەفەیە کە بە هێلکارییەکی نوێ نووسراوە، لە کاتێکدا جگە لەیەك بەرگ هیچی بۆ فەلسەفەی نوێ تەرخاننەکراوە. (تیرمان) بەقسەکردن لە سەر فەلسەفەی یۆنانی کتێبەکەی دەستپێدەکات، ئەو وەك ئەوەی کە (برۆکەر) دەیکات، بۆ دەستپێکردنی بابەتی فەلسەفە پەنا بۆ پێش تۆفان نابات، هەروەها دەبینین بە پێچەوانەی برۆکەریشەوە رێبازەکەی(دیونجز) ریشەکێشدەکات. ئەمەش لەو دابەشکردنەدایە کە بۆ قوتابخانە فەلسەفییەکانی دەکات . بەم

(18) د. عبدالرحمن بدوی المرجع السابق ص ١٨.

(19) Op. Cit.

شێوەیە بۆ یەکەمجار پەرەسەندنی فەلسەفە لە ڤیتاگۆرس و هیراقلیتش و پارامنیدسەوە بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەمەش (تیرەمان) لە بری ئەوەی بە پوختەکردن و کورتکردنەوەی تیۆر و بیرەکان رازی بێت، هەوڵی ئەوە دەدات کە بە شوێن بنەمای سەرەکی و زاڵی ناو هەر فەلسەفەیەك بگەڕێت. هەرئەم بیرۆکەیەشە، کە دواتر بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لە تێڕوانینی هیگڵیانە بۆ مێژووی فەلسەفە رەنگدەداتەوە، ئەمەش بەو شێوەیەیە، کە رێبازی فەلسەفی هەمووسەرنجدانی خۆی لەسەر بیرۆکەیەکی بنچینەیی یان بنەمایەکی کرۆکی گرددەکاتەوە، کە لە رێبازەکەی دواتردا هەر دەمێنێ، نەك وەك بنەمایەکی سەرەکی، بەڵکو وەك رەگەزێك لە رەگەزەکانی دروستنبوونی رێبازێکی نوێ. بەلاّم ئەو هەڵەیەی کە (تیرمان) لەم کتێبەدا تێیدەکەوێت، ئەوەیە: ئەو کاتێك بیرە فەلسەفییەکان روایەت دەکات، نایانبەستێ بەو رەنگ و رووەی ژیانی کۆمەلاّیەتی و ئابینییەوە کە تیایدا دەرکەوتووە، ئەمە ئەو کەم و کورتییەیە کە دواتر هیگڵ لە باسکردنی عەقڵی هەمەکیدا کە رۆ دەچێتەناو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتییەوە، چارەسەری دەکات، یان لەرینەوەی خۆی بە دەوری خۆیدا بلاّودەکاتەوە، ئەمە بە گوزارشتی هیگڵ، کە لە فەلسەفەی حەقدا دەڵێت:"ئەوەسەلماوە کە دەبێت منالّ لە ناوتەریکیدا پەروەردە بکرێت، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا هیچ گومانکارێك نابێت واگومان ببات کە بۆن و بەرامەی جیهانی گیانی، ئەم تەریکییە دیواو دەرناکات و بۆن و بەرامەی خۆی بە دەوری خۆیدا پەرش و بلاّوناکاتەوە. یان عەقڵی هەمەکی هێزێك نییە کە بتوانێت جڵەوی ئەم لایەنە دوورانەی ژیان بگرێتە دەست..."(20)

سەرەڕای ئەو هەموو کەمو کورییەی کە لە کتێبی مێژووی فەلسەفەی (تیرمان) دا هەیە و سەرەڕای ئەو لۆمەیەی کە ئاڕاستەی دەکرێت، بێگومان لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم کتێبە هەنگاوێکی بالاّترە لە رێچکەی (گوتەی فەیلەسووفەکان) کەپێشتر رێگایەکی باوبووە.. ئەو ریوایەتی فەلسەفەی وا کردووە، کە رێباز و بنەما کرۆکییەکاندا، لەوانەیە ئەمە لەوەوە بەنەنگی لەسەری بکەوێت کە ئارەزووی ئەوە دەکات ناوکۆییەکی تایبەت یان رێبازێکی دیاری

(20) G. W. Hegel: The philosophy of Right p. 261 Eng. Trans by T. M. Knox, Oxford L. 42.



کراو بەسەر ئەو فەیلەسووفانەدا بسەپێنێ، کە لە راستیدا ئەوان لە هەر جۆرە تەماحێکی رێبازگەرانەی لەم جۆرە بێ بەرن.(21)

(ج) مێژوونووسێکی تر کارەکەی تیرمان تەواو دەکات، ئەویش(جوتلیب تینمان Gottlieb tenneman) ە، لە کتێبەکەیدا(مێژووی فەلسەفە) ، کە دووبەرگە و کاریگەری ئەوگوتارەی(راینهولّد) ی لەسەرە کە بە ناونیشانی(لەبارەی بیرۆکەی مێژووی فەلسەفەوە نووسیویەتی. ئەو لەم کتێبەدا بۆ ئەوە دەچێت، کە دووبەرەکییەکانی پێشوو وا وێنەی فەلسەفەیان دەکێشا، کە پێشانگای گومرابوونی گیانی مرۆییە، یان دابەشبوونی گیانە بەسەرخۆیدا بۆ چەند تاقم و گرووپێك و بۆ کۆمەڵە رایەکی لێکدەر.(22)

تینمان هەوڵی پۆلبەندکردنی رێبازە فەلسەفییەکان دەدات و ئەم پۆلبەندکردنەش بۆ ئەو خاسیەتە رەسەنانە دەگەرێنێتەوە کە لە رێگای گیانی مرۆیدان(23) ئەو دەروازەی کتێبەکەی بە کۆمەڵە گوتارێکی درێژ لە بارەی ئامانجەکانی مێژووی فەلسەفە و رێبازەکانی نوسینەوەیان دەکاتەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە ئامانجەکە تەنها کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و کورتکردنەوەی رێبازەکان نییە، بەڵکو ئەو ئاواتەخوازە ئەوە روونببێتەوە، گەر کاری "گیانی فەلسەفی ـ گەرچی خاڵیش نەبێت لەساتەوەختەکانی داڕمان ـ چۆن بەشێوەیەکی مێژوویی، لەرێگای پەرەسەندنێکی لۆژیکییەوە لە رێبازێکەوە بۆ رێبازێکی تر بەرەو وێنەیەکی زانستی بەرەو پێشدەچێت.(24)

(21) Encyclopedia of philosophy.

(22) د. عبدالرحمن بدوی ص ٢٠-٢١.

(23) نفس المرجع ص ٢٢.

(24) Encyclopedia of philosophy. Vol. 6.

# چوارەم : هیگڵ

## (أ) تێڕوانینێکی نوێ:

بێگومان هیگڵ کەوتووەتە ژێر کاریگەری هەریەك لە(تیرمان) و (تینمان)، تەنانەت هەندێك لە لێکۆڵەرەوان بۆ ئەوە دەچن کە ئەمانە پێشبینی زۆربەی ئەو بیرانەیان کردووە، کە کتێبەکەی هیگڵ(وانەکانی فەلسەفەی مێژوو) دەیانگرێتە خۆی ـ ئەگەرچی هیگڵ خۆی لەوە لادەدات کە ئاماژەیان پێبکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەوەدا ڕاستی وتووە کە دەڵێت ئەوان سەرکەوتوو نەبوون لە ڕۆشنکردنەوەی ئەو چۆنیەتییەی کە بە هۆیەوە ڕێبازە فەلسەفییەکان دەردەکەون و ئەو چۆنیەتیەش، کە تیۆری فەلسەفەی عەینی لە تیۆرەکانی تر بەرهەمدەهێنی، ئەوان بە ئاماژەکردن بۆ(پێشبینکردنەکان) ی حەقیقەت ڕازی دەبن، لە کاتێکدا‌ـ وەکو هیگڵ دەڵێت) ئەرکی مێژوونووسە، ئەوە ڕۆشنبکاتەوە چۆن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە حەقیقەت دەردەکەوێت.[25]

ئەرکی فەلسەفە و ئەرکی هەموو چالاکییەکی مرۆیی، لای هیگڵ ـ گەیشتن بە: حەقیقەتە.

لەم چالاکییەشدا فەلسەفە وێنەی باڵا دەنوێنێ، و کاملترین وەدیهاتنی کارەکییە کە دەکرێت بۆ حەقیقەت هەبێت. ئەم حەقیقەتە باڵایەش هیگڵ بە(حەقیقەتی ڕەها) ناویدەبات. یان بەشێوەیەکی زۆر سادەتر بەناوی((ڕەها DsAbsolute)) ناویدەبات. ئالێرەشەوەیە کە"مێژووی فەلسەفە، ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەو بیرانەیە کە لە بارەی ڕەهاوە هەن و هەرئەمەش ئامانجیەتی"[26].

بەمەش ڕێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان گوزارشتی پێ بە پێن بۆ ئەو وێنەیەی کە ڕەها تیایدا دەدرەوشێتەوە... بەم شێوەیەش مێژووی فەلسەفە لەگەڵ لۆژیکدا یەکدەگرنەوە، کەئەمەی دوایییان وێنەیەکی پوختی پەرەسەندنی ڕەهایە."ئالێرەوەیە، کە لۆژیك لەوێوە دەستپێدەکات کە مێژوویەکی دروست بۆ فەلسەفە دەستپێکردبێت، مێژووی فەلسەفە لە قوتابخانەی ئیلییەوە

(25) Ibid, p. 227.

(26) Iran soll: An Introduction to Hegel's Metaphsices p. 47. The University of Chicago press.



دەستپێدەکات کە فەلسەفەکەی لە کاتیگۆری بووندا چڕدەبووەوە، ئەم کاتیگۆرییەش لە زنجیرەیکاتیگۆرییەکاندا یەکەمین کاتیگۆرییە. دوای ئەمەش بوودیەت گوزارشتی لە کاتیگۆری دووەم کردووە، کە کاتیگۆری عەدەمە. هیراقلیتسیش یەکەم کەسە کە گوزارشت لە یەکەم بیرۆکەی بەرچاودەکات کە لە هەناویدا دوو کاتیگۆری تر دەگرێتە خۆی.

ئەم بیرۆکە عەینییەش کاتیگۆری خۆگۆڕکیّ(الصیرورە) یە، کە هەردووکاتیگۆری بوون و عەدەم دەگرێتە خۆی. بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفە بەرارەوێکدا تێدەپەڕێت لە شێوەی کۆمەڵە ڕێبازێکی فەلسەفیدا توێکڵە دەرکییەکەی دەرزێت و بنەماکەی دەمێنێتەوە تابێتە ڕەگەزێکیپێکهێنەر بۆ کاتیگۆرییەکی باڵا تر... تا ئەم زنجیرەیە لە کاتیگۆری بیرۆکەی ڕەهادا، دەگاتە چلەپۆپەی خۆی، ئەم کاتیگۆریەش ڕێبازەکەی هیگڵ خۆی گوزارشتی لێدەکات"[27].

ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ ڕێبازە فەلسەفییەکان هۆی ئەو هێرشانەمان بۆ تەفسیر دەکات، کە هیگڵ دەیانکاتە سەر ئەو مێژوونوسانەی فەلسەفە، کە تەنها بەکۆکردنەوەی(گوتەی فەیلەسووفەکان) ڕازی دەبن، ئەو بە شێوەیەکی تایبەت مەبەستی لە برۆکەر بووە، چونکە برۆکەر جگە لەکۆمەڵە ڕووداوێکی لێکترازاو و ناپەیوەست، شتێکی تر ناخاتە بەردەستمان، و هیچ شتێکیش بە قەدەر ئەوە بێ بایەخ و بێ سودنییە، کە بزانین کەی فەیلەسووفەکە لەدایك بووە و چۆن ژیاوە و چی وتووە...هتد. مێژووی ڕاستەقینەی فەلسەفە هەردەبێت بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئەوەمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە، کە چۆن ئەو فەلسەفەیە لەگیانی سەردەمەکەوە وەك بەشێك لە بزاڤی گیانی مرۆیی کە لە کۆششدایە بەرەو حەقیقەتی ڕەها، نەشونمادەکات، هیگڵ پێی وایە فەلسەفە تایبەتەکەی (فەلسەفەی ئێستایە) وچلەپۆپەی ڕابردووە. ئەم فەلسەفەیەش لە هەناوی خۆیدا باڵاترین و دوایینترین وێنەیە کە کاری پێشینەکان پێیگەیشتووە و لە هەناوی خۆیدا هەڵیمژیوە. بەپێچەوانەی (برۆکەر) هیگڵ پێیوانییە تیۆرەکانیان ساختەن، بەڵکو بۆ ئەوە چووە کە هەڵەی ئەوان لەوەدایە تیۆرەکانیان(تاك ڕەهەندەن)، بەڵام لە قۆناغە مێژووییەکەی خۆیدا لە توانایدا نەبووە جگە لەم شێوەیە بەشێوەیەکی تر دەرکەوێت ئێمە لەوێوە درێژە بە دیدی هیگڵی بۆ مێژوو دەدەین کە گفتوگۆی ئەو ڕاو بۆ چوونە هەڵانە دەکەین لە بارەی مێژووەوە هەن و لەگەڵ خستنە ڕووی تێڕوانینی هیگڵی بۆ مێژووی فەلسەفە.

(27) امام عبدالفتاح امام: ((المنهج الجدلي عند الهيجل)) ص ١٣٤-١٣٥ دار التنور بيروت عام ١٩٨٢ .

## (ب) وانەکانی مێژووی فەلسەفە

لەراستیدا هیگڵ هیچ کتێبێکی سەربەخۆی لەبارەی(مێژووی فەلسەفە)وە نەنووسیووە، سەرەڕای ئەمەش گەر تەمەن مۆڵەتی پێ بدایە، لە نیازیدا هەبوو بەم کارە هەڵسێ، ئێمە دەزانین هەموو وانەکانی لە شاری(یینا) نوسیوە، ئەمەش لەو کاتەوە کە لە پایزی ١٨٠٥ بۆ یەکەمجار لە زانکۆی خۆیدا دەست بەوتنەوەی وانەکانی لە مێژووی فەلسەفەدا دەکات، لە سەرەتای ساڵی ١٨١٦ کە وەك مامۆستایەك لە دوای(فریز )ەوە بەکاری مامۆستایی هەڵسا، لە بارەی ئەم بابەتەوە کورتەیەکی زۆرکورتی نووسی. بەڵام ئەو کتێبەش کە لە دوایدا بەناوی(وانەکانی هیگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا) ناسرا، لە کۆمەڵە بەشێکی پەرت و بڵاو پێکهاتبوو، لە یاداشتنامەی قوتابییەکان و کۆمەڵە وانەیەکی جیاواز کۆکرابووەوە، کە ئەو لە بۆنەی جۆراوجۆردا وتبوونیەوە،(میشیلیە Micuelet) کە یەکێکە لە قوتابییەکانی ئەم فەیلەسووفە، کە بۆ یەکەمجاریش هەر خۆی هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، لە پەخشنامەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا پێمان دەڵێت: هیگڵ نۆجار لە مێژووی فەلسەفەدا وانەی وتووەتەوە. بۆ یەکەمجار ـ وەك باسمانکرد ـ لە ساڵی ١٨٠٥ـ ١٨٠٦ لە زانکۆی(یینا) وانەی وتووەتەوە، دوای ئەمەش لەساڵی ١٨١٦ـ١٨١٧ و ١٨١٧ـ١٨١٨ لە زانکۆی هایدلبرج وانەی وتووەتەوە، شەش جاری تریش لە نێوان ساڵانی ١٨١٩ـ ١٨٣٠ لە بەرلین وانەی وتووەتەوە. هەرلەهەمان بابەتدا لەساڵی ١٨٣١ دەست بەوانە وتنەوە دەکات تاساتەوەختی مردنی، کەلە ١٤ی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ،(میشیلیە) بۆمان روایەت دەکات کە هیگڵ لە زۆربەی ئەم وانانەدا پشتی بە قسەکردنی راستەو خۆ و بێ ئامادەکردن بە ستووە، بەڵام سوودی لەو نووسینانەی پێشوو وەرگرتووە کە لەبارەی هەمان بابەتەوە نووسیویەتی و لەگەڵ ئەو لێدوانە سەربازانەش کە لە پەراوێزەکانیاندا نووسیویەتی، لەم لێدوانانەشدا ژمارەیەکی زۆر لە تێبینی جۆراوجۆری بۆ بە جێهێشتووین کە قیمەتیان هەرتەواونابێت. هەرئەمەشە (میشیلیە) لەو چاپەدا کە زۆر بە بایەخەوە بۆ(مێژووی فەلسەفە) ئامادەی کرد و ساڵی ١٨٤٠بڵاوی کردەوە، پشتی پێبەست.[28]

[28] G. W. Hegel: Lectures on the History of philosophy Vol. I, An Introduction by E. S. Haldane.



## (ج) دابەشکردنی هیگڵ بۆ مێژووی فەلسەفە:

هیگڵ بەشێویەکی گشتی مێژووی فەلسەفە بەم شێوەی خوارەوە دابەشدەکاتە سەر سێ بەشی گەورە:

١- ماوەی فەلسەفەی یۆنانی.
٢- ماوەی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.
٣- ماوەی فەلسەفەی نوێ.

ماوەی یەکەم بیر لەسەرتاکەیدا دەخاتەروو، بەڵام ماوەی دووەم لێکدژی نێوان بوونی کارەکی و بیری وێنەییانەیە، لە کاتێکدا ماوەی سێهەمیش لە بنچینەدا بیرۆکەی سەراپاگیر پێکدەهێنێ.

بەڵام پێویستە وا لەمە تێبگەین، کەمەبەست ئەوەیە، ماوەی یەکەم بیرێکی هەستەکی دەگرێتە خۆی، چونکە هەربەهەمان شێوە بیر و بۆچوونی تریشی تیایە، هەروەها فەلسەفەی نوێش بە بیرە پەتییەکان دەستپێدەکات .[29]

هیگڵ لە رووی درێژبوونەوە و سەرەتا و کۆتاییەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە ماوەکان دیاریدەکات:

**ماوەی یەکەم:**

ئەم ماوەیە لە دەوروبەری ساڵانی ٦٠٠ پ . ز بەتاڵیس دەستپێدەکات و لە رێگەی ئەفلووتین تائەفلاتوونیەتی نوێ لەسەدەی سێهەمدا درێژە بە خۆی دەدات. هەرلەم کاتەوە و هەتا پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئەم فەلسەفەیە لەسەردەستی برقلس Proclus لە ساڵی پێنجەمدا لەوێشەوە تا ئەو سەردەمەی مەشخەڵی فەلسەفە هەموو دەکوژێتەوە، درێژ دەبێتەوە لێرەوە تێبنی ئەوە دەکرێت کە دوای ئەمە ئەفلاتوونییەتی نوێ چووبێتە ناودڵی فەلسەفەوە. زۆرێك لەو فەلسەفانەی کە لەناو مەسیحییەتدا بوون ئەم فەلسەفەیان کردووە بەبنچینەیەك بۆ خۆیان، ئەم ماوەیە بۆماوەی هەزار ساڵ درێژە دەکێشێت، لە کۆتاییەکە شیدا ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەرووخێت.

[29] Ibid, p.

**ماوەی دووەم:**

بەلاّم ماوەی دووەم ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستە، کە فەلسەفەی مەدرەسی دەگرێتەوە، هەر بە هەمان شێوەش فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی یەهودی. بەلاّم ئەم ماوەیە لە بنچینەدا لە رووی مێژوو و کاتی زانینییەوە دەکەوێتە ناو سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورپاوە، واتە ئەو ماوەیەی کە تیایدا کەنیسەی مەسیحی لە ئەوروپادا دەسەلاّت پەیدادەکات، ئەم ماوەیەش هەزارساڵ دەخایەنیّ.

**ماوەی سێهەم:**

فەلسەفەی سەردەمی نوێیە، ئەم فەلسەفەیە لە ئەلمانیا لەسەر دەستی جاکۆب بوهمی(١٥٧٥-١٦٢٤) لە دوای شەڕی سی ساڵەوە[30] بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەر دەکەوێت، لەئینگلیستانیش لەسەردەستی فرانسیس بیکۆن (١٥٦١-١٦٢٦) و لە فەرەنساش لەسەر دەستی رینییە دیکارت(١٥٩٦-١٦٥٠) سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەو جیاکارییەوە دەستپێدەکات کە دەکەوێتە ناو کۆجیتۆی دیکارتییەوە:(من بیردەکەمەوە، کەواتە، من هەم). ئەم ماوەیەش بۆ ماوەی دووسەدە درێژە دەکێشیّ ئالێرەوەیە کە فەلسەفە لەسەر شێوەی جارانی تائێستاش بەمانایەك هەرفەلسەفەی نوێیە[31].

دوای ئەمەش هیگڵ کۆمەڵە دابەشکردنێکی لاوەکی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەرماوەیەك لەو سیّ ماوەیە بۆ ئەوەی نموونەیەك بۆ ئەم دابەشکردنە لاوەکییە بهێننەوە، تەنها بە باسکردنی ماوەی یەکەم کۆتایی بەقسەکانی هیگڵ دەهێنین. هیگڵ لە بارەی ئەم ماوەیەوە دەڵێت: (ئەوەی کە پەیوەندی بە فەلسەفەی یۆنانییەوە هەیە، پێویستە لەسەرمان تیایدا سیّ ماوەیگرنگ بەم شێوەیەی خوارەوە جیابکەینەوە:

---

[30] شەڕی سی ساڵە (١٦١٨-١٦٤٨) شەڕی سەراپاگیری ئەوروپی بوو، کە شانۆ سەرەکییەکەیان ئەڵمنیابووە، ئەو هۆیانەی کە لە پێناویاندا هەڵگیرسان زۆرن: هۆی مولّکایەتی زەوی، یان تێهەڵچوون لەسەر میراتگیری و هۆکاری ئایینی، لە بنەڕەتدا هەموو ئەم خەباتن لە نێوان ژمارەیەك لەو میرانەی ئەڵمانیادا بوو کە کۆمەڵە دەوڵەتێکی بێگانەی وەك: فەرەنسا، سوید، دانیمارك لە دژی یەکیەتی ئیمپراتۆیەتی رۆمانی پیرۆز هەڵیان دەنان .... هتد.

[31] G. W. Hegel op. Cit: p.110.



١- ئەو ماوەیەی کە لە تالّیسەوە تائەرستۆ درێژدەبێتەوە.

٢- فەلسەفەی یۆنانی لە جیهانی رۆمانیدا.

٣- فەلسەفەی ئەفلاتوونی نویّ [32].

١- ئێمە بە بیر دەستپێدەکەین بەو شێوەیەی کە لە وێنەیە پەتیەکەیدایە.[33] لەبەر ئەمەش لێرەدا، لەوێنە سروشتییەکەی، یان هەستەکییەکەیدا دەیبنین. دوایش لەم وێنەیەوە، بەو شێوەیەی کە پیّ بە پیّ دیاریبکرێت بەرەو بیرۆکە دەڕۆین. ئەم ماوەیە، کە ماوەی یەکەمە سەرەتای بیری فەلسەفیمان بۆ رۆشن دەکاتەوە و لە پەرەسەندن و کامڵبوونی خۆیدا بەردەوام دەبێت، وەکو گردبوونەوەیەکی سەراپاگیرانە بۆ زانین لە خۆیدا، هەرئەمەشە کە لەلای ئەرستۆ هەیە، بەوەی کە نوێنەری یەکبوونێکی گشتگیرە بۆ هەموو ئەو رەگەزە بنچینەییانەی، کە لەلای فەیلەسووفانی پێش خۆی هەبوون. شێوەی ئەم هەڵوێستە لەلای ئەفلاتوونیش دەبینرێت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەمتریشە لەوەی کە لەلای ئەرستۆ دەبینرێت.

٢- بەلاّم ماوەی دووەم ئەو ماوەیەیە، کە فەلسەفە تیایدا دابەشدەبێت بۆ کۆمەڵە رێبازێکی جیاواز و هەر یەکەشیان بنەمایەکی تاك رەهەند وەردەگرێت، لە نموونەی ئەمانەش وەك رێبازی فەلسەفی لەلای رەواقییەکان و ئەپیقورییەکان. ئەمەش لایەنە ئیجابییەکە دەنوێنیّ کە لەوپەرییەوە لایەنێکی تر بەرامبەری هەیە ئەویش(رێبازی گومان)ە، کە لایەنی سەلبی دۆگماتیکی پێکدەهێنیّ، ئەمەش لەوکاتەدا باوبووە.

٣- بەلاّم ماوەی سێهەم ماوەیەکی ئیجابییە، ئەمیش پاشەکشەکردن بەرەو جیهانیئایدیالّی دەنوێنیّ، ئەم جیهانەش، جیهانی بیری خواوەندییە، ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکانی لە ئەفلاتوونییەتی نوێدا رەنگدەداتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەمە بیرۆکەیەکی پەرەسەندوو تر و سەراپاگیر تر دەنوێنیّ، بەلام بیّ یەشە لە خودگرایی، واتە بوونی بیّ کۆتایی خود[34].

---

[32] Ibid: p.163.

[33] بەردەوام سەرەتا لای هیگڵ (پەتی) یان (راستەوخۆ)یە، ئەمەش بەپێی یاسا گشتییەکانی دیالێکتێکی هیگڵی. بەشێوەیەکی درێژتر دەربارەی ئەمە بڕوانە کتێبەکەمان: (المنهج الجدلی عند الهیجل) ص ١٠٦، هەروەها ص ١٥٠-١٥٣.

[34] G. W. Hegel: op. Vol. I, p.164.

دوای ئەمە جارێکی تر هیگڵ دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی ماوەی یەکەم بۆ سێ لقی جیاجیا بەم شێوەی خوارەوە:

ماوەی یەکەم: لە تالیسەوە بۆ ئەرستۆ...دوای ئەمەش ئەم ماوانە بۆسێ بەش دابەش دەکرێ:

١- بەشی یەکەم لە تالیسەوە تا ئەنکسا جۆراس درێژدەبێتەوە، واتە لەو بیرە پەتیەوە کە دیاریکردنێکی راستەوخۆیە بۆ ئەو بیرەی کە خۆی بیرێکە و خۆی دیاریدەکات. لێرەدا دەبینین سەرتاکە بەسادەییەکی رەها سادەیە، تەنانەت ئێمە وا دەبینین هەوڵ و کۆششەکانی یەکەم گوزارشت لە کۆمەڵە هەستکارییەك بۆ بیر و دیاریکردنی حەقیقەت دەکات. ئەم کۆششانەش بەردەوام دەبن تادەگاتە ئەوەی کە ئەنکسا جۆراس حەقیقەت بە (نۆس ) واتە عەقڵ دیاریبکات و بەو بیرە چالاکەش وەسفیبکات، کە چیتر تەنها ئەوە نییە هەڵگری دیاریکراویەتی بێت، بەڵکو لێرەدا خۆی بە خۆی دیاریدەکات.[35]

٢- بەڵام ماوەی دووەم سوفیستاییەکان و سوکرات و سوکراتییەکان دەگرێتەوە. ئالێرەدا دەبینین ئەو بیرەی کە خۆی بە خۆی دیاریدەکات، وا وێنادەکات کە خۆی لە ناو مندا حازر و عەینی یە، بەمەش گەر خودگەرایی بێ کۆتا شێوەگیرنەکات، ئەوا بنەمای خودگەرایی شێوەگیردەکات!"... لەراستیدا خودگەرایی بێ کۆتا و ئازادی هۆشیاری، لەلای سوکرات سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەوکاتەدایە کە بۆ ئەوە چووە، مرۆڤ پێویستە لە ناوخۆیدا لەیەك کاتدا بۆ ئامانجەکانی خۆیی و بۆ ئامانجەکانی جیهان بگەڕێت، ئەو هەردەبێت لە رێگەی خۆیەوە بگات بە حەقیقەت".[36]

٣- بەڵام بەشی سێهەم ئەو بەشەیە کە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەکۆڵێتەوە و گوزارشتیش لە جیهانی گریکی دەکات، ئەمەش لەوکاتە دایە کە دەبینین بیر بابەتی بووەتەوە و بیرۆکە لە هەمەکەیەتدا شێوەگیردەبێت. بەلای ئەفلاتوون عەینی ـ واتە ئەو بیرەی کە خۆی دیاریدەکات ـ هەر بیرێکی پەتییە ـ ئەگەرچی لەوێنە هەمەکییەکەشی دابێت ـ بەڵام دەبینین بیرۆکە لای

(35) G. W. Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.165.

(36) Ibid: p.386.



ئەرستۆ وا دەردەکەوێت کە دیارکردنێکی خۆدییە، ئەمەش ئەوکاتەی کە کارایی و چالاکی و ئیجابییەتەکانی دیاریدەکرێن.[37]

هیگڵ هەربەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە دابەشکردنی هەرماوەیەك بەهەمان ریتمی دیالێکتیکی سیانەیی، بەوەی کە ماوەی یەکەم راستەوخۆیە، واتە پەتییە، ماوەی دووەمیش دەبێتە ماوەیەکی ناوەنجی و دوای ئەمەش ماوەی سێهەم دێت بۆ گوزارشتکردنی لە تەواوی و کامڵبوونی بیرۆکەکە.

لە کاتێکدا کە دابەشکردنەکەی هیگڵ بۆ مێژووی فەلسەفە لەدایکبووی رێکەوت یان هەڕەمەکییەت نییە، بەڵکو یەکەم لە بناغەی وێناکردنێکی پووختەوە بۆ فەلسەفە هاتووە و دووەمیش بۆ پەرەسەندنە مێژووییەکەی. لەوانەیە بتوانین ئەو وێناکردنە نوێیەی کە هیگڵ لەسەرەتای کتێبی(وانەکانی فەلسەفەی مێژوو) دا خستوویەتییە روو، بە گرینگترین بەشی کتێبەکەی بزانین. ئەو لێرەدا گفتوگۆی توانای دامەزراندنی مێژووی فەلسەفە دەکات، هەر لەوێش زۆرێك لەو راو بۆ چوونە هەڵانەی کە لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە هەیە، رەتدەکاتەوە، بۆ نموونە دەڵێت: بوونی مێژوویەك بۆ فەلسەفە لێکدژییە، یان رایەکی تر هەیە دەڵێت مێژووی فەلسەفە مەیدانی شەڕە و لە لاشەی مردوواندا شەپۆڵ دەدات! یان گوتنی ئەوەی کە کەڵەکەبوونی کۆمەڵێ راوبۆ چوون و گوتەی تاکەکەسییە. ئەمانە و کۆمەڵە راو بۆچوونێکی تری ساختە، کە دەوری فەلسەفەی مێژوویان تەنیوە. دوایش وێناکردنێکی تایبەتییان بۆ ئەم مێژووە دروستکردووە. بۆچوونی هیگڵیش بۆ مێژووی فەلسەفە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ـ لەوەدا کە رۆنتاڵ دەیلێ[39] ئەم گرینگییەش"لەوگۆشەیەوەیە کە وا لە فەیلەسووفە پێشینەکان دەڕوانێت، کۆمەڵە کەسێکن و ململانێ لەگەڵ کێشەکاندا دەکەن و تەنها کۆمەڵەکەسێك نین کە سەریان لە کۆمەڵە راو بۆ چوونێکی دیارکراوەوە دەرچوویێت..."[40]

وەك سێرجیمس بیلی Sir j.Ballie دەڵێت هیگڵ "یەکێکە لەو فەیلەسووفە دەگمەنانەی کە هەڵوێستێکی سەلبی بەرامبەر بە رابردوو نییە، و یەکەم فەیلەسووفیشە لەسەردەمی نوێدا

(37) Ibid: Vol. I, p.165.

(39) Dictionary of philosophy, p.343, edited by Rosenthal.

(40) Encyclopedia of philosophy. Vol. 6, p.227.

چارەسەری مێژووی فەلسەفەی وەك كێشەیەك كە بەخۆی راوەستابێ، كردبێت و بۆ چارەسەرێكی واش كۆشابێ، كە جیاوازی و لێكجیایی رێبازە فەلسەفییەكانی راڤەبكات و ئەو پەیوەندییەشی دۆزیبێتەوە، كە وەك كۆمەڵە رێبازێك كە ژیاری مرۆڤی بەرهەمی هێناون پێكەوەیان دەبەستێتەوە. هەروەكو چۆن هەولێشی داوە ئەوە روونبكاتەوە كە هەموو فەیلەسووفەكان تەنها یەك ئامانجیان هەیە و هەمووشیان لەیەك بنەما دەكۆڵنەوە، هەموو رێبازێك لە رێبازە پێشینەكان بەرێگایەكی تاك رەهەندانە لەم بنەمایانە كۆڵیوەتەوە..."(41)

## پێنجەم: وێناكردنی هیگڵیانە بۆ مێژووی فەلسەفە:

هیگڵ لە بەرگی یەكەمی كتێبە گەورەكەیدا(وانەكانی مێژووی فەلسەفە)، لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە وێناكردنێكمان بۆ دەخاتە روو، ئەو لە كۆمەڵە لاپەڕەیەكی دوور و درێژدا گفتوگۆی ئەم بابەتە گرنگە دەكات. بە گفتوگۆكردن لەسەر كۆمەڵە رایەكی هەڵە دەستپێدەكات كە لەبارەی مێژوو وفەلسەفە، بلاو بوونەتەوە. لەوانەش: نابێت مێژوویەك بۆ فەلسەفە هەبێت، چونكە گوزارشت لە لێكدژی كۆمەڵە گوتراوێك دەكات. لەوانەش: مێژووی فەلسەفە گوزارشتە لە كەڵەكەبوونی كۆمەڵە راوبۆچوونێكی كەسی و كۆمەڵە گوتەیەكی تاكە كەسی كەسانێكی جەربەزە، كە فەیلەسووفەكانن! هەرلەوانەش: مێژووی فەلسەفە گوزارشت لە مەیدانی شەڕێك دەكات كە شەپۆل بەلاشەی قوربانییەكان دەدات...هتد، هیگڵ پێش ئەوەی وێنایەكی تایبەتمان لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە پێشكەشبكات، كە پێویستە ئێمە لێیەوە لە مێژووی فەلسەفە و ئەورێگایەش، كە ئەم مێژووە پەرەی پێدەدات، ـ بڕوابین ـ سووره لەسە ئەوەی كەدوایین بیروبۆچوونی لەم جۆرە پووچەڵ بكاتەوە. ئێمە لێرە بەدواوە بەشێوەیەكی كورت گفتوگۆی ئەم راوبۆچوونانە دەخەینەروو.

**١- مێژووی فەلسەفە:لێكدژی...**

- وەكو باسمانكرد- هیگڵ بە گفتوگۆكردنی كۆمەڵە راوبۆچوونێك دەستپێدەكات كەلە بارەی مێژووی فەلسەفەوە رەواجیان هەبووە. بیرۆكەی یەكەم ئەوەیە كە پێی وایە بەشێوەیەكی رەها

(41) Sir James Baillier: Art “Hegel” in Encyclopedia.



هەرگیز مێژوویەك بۆ فەلسەفە دانامەزرێت، چونكە دەستەواژەی (مێژووی فەلسەفە) خۆی لێكدژییە لە كۆمەڵە گۆكراوێكدا. كەواتە چۆن دەكرێت فەلسەفە مێژووی هەبێت...؟ ئەی فەلسەفە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا ناكاتە ئامانجی خۆی، واتە ئەو دەیەوێت تێبگات و پەی بەوەبەرێت كە هەقە، واتە ئەوەی كە جێگیر و نەمر و هەتاهەتاییە(لە خۆیدایە و بۆ خۆیەتی) هەرگیزیش گۆڕانی بەسەردا نایێت، لە كاتێكدا مێژوو تەنها لەبارەی ئەو بابەتانەوە بۆ ئێمە دەدوێت، كە لە گۆڕاندان و ئاڵوگۆڕ دەكرێن، لەگەڵ ئەو كاروبار و مەسەلانەی كە لەكاتە دیاریكراوەكاندا هەن و لەكاتانێكی تردا بزردەبن و لەناودەچن و كار و مەسەلەی تر جێگەیان دەگرنەوە، ئیتر چۆن دەكرێت مێژوو و بابەتە گۆڕدراوەكەی لەگەڵ فەلسەفە و بابەتە هەق و نەمرەكەی ـ لەسەر یەك ئاست ـ بەیەك بگەن..؟ ئایا ئەم پێگەیشتنە ئەوە ناگەیەنێ كە لێكدژییە لە كۆكراوەكانیدا...؟ ئایا حەقیقەت هەتا هەتایی نییە، ئینجا حەقیقەت ئەوە نییە كە ناكەوێتە ناو چوار چێوەی بەسەر چوو و تێپەڕەوە، واتە مێژوو؟ كەواتە ئەنجامەكە حەتمییە و ئەوەیە،كە فەلسەفە مێژووی نییە، چونكە ناكرێت حەقیقەت لەوەدا بوونی هەبێت، كە بزر دەبێت و بەسەر دەچێت....(42)

واتای ئەمەش ئەوەیە، كە ناكرێت مێژوویەك بۆ فەلسەفە دامەزرێت، لەبەر ئەوەیكە فەلسەفە كۆمەڵە رووداوێك نییە، كە بكەونە ناوزەمەنێكی دیاریكراو و لە زەمەنێكی تردانەبن، و وابەستەبن بە بارودۆخ و كات و شوێنەوە، یان ئەوەیە كە مرۆڤ بڵێت لێرەدا مێژوو هەیە بەبێ بوونی شتێك بەناوی فەلسەفەوە، یان بڵێت لێرەدا فەلسەفە هەیە بەبێ بوونی مێژوویێك، یان بەگوزارشتێكی تر:"یەكەمجار وا دەردەكەوێت، كەفەلسەفە و مێژوو دوو شتی لێكدژبن و رووبەڕووی یەك ببنەوە، چونكە فەلسەفە واتای دۆزینەوە و ئاشكرا كردنی حەقیقەت دەگەیەنێ، حەقیقەتیش واتای هەماهەنگی بیر لەگەڵ واقیع دەگەیەنێ، یان ئەوەیە بیر لەگەڵ واقیعدا هەماهەنگ دەبێت، ئەوكاتە پێی دەوترێت حەقیقەت، یان هەماهەنگ نابێت و ناكرێت پێی بوترێت حەقیقەت. گەر حەقیقەت داخوازی جێگیر و نەگۆڕبكات، ئەوا لەلایەكی ترەوە دەبینین بابەتی مێژوو گۆڕانە، واتە بەبێ زەمەن ناتوانین لێی تێبگەین. یان بەواتایەكی تر: مێژوو هیچ نییە جگە لە زنجیرەیەك لە رووداوی یەك لە دوای یەك. كە بەتوندی بەیەكەوە

(42) C. F. G. W. Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.7.

گرێدراون..."[43] بەلاّم هیگڵ ئەم بۆچوونە هەڵەیە پووچەڵ دەکاتەوە و لەوەش ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئەم گیروگرفتانە تەنها دژ بە فەلسەفە ناوروورژێنرێن، بەڵکو لە بارەی زۆرێك لە جۆرەکانی تری زانینیشەوە دەورووژێنرێن. بۆ نموونە دەکرێت ئەم گیروگرفتانە لە بارەی ئاینەوە بورووژێنرێن گەر بڵێین ئایین مێژووی هەیە، ئەوا ئایین جۆرێك لە لێکدژی تیایە، چونکە ئایین حەقیقەتی رەها دەکاتە بابەتیخۆی. ئیتر چۆن دەبێت حەقیقەتی رەها و هەمیشەیی و نەمر مێژوویەکی گۆڕدراوی هەبێت، تەنانەت دەکرێت ئەم گیروگرفتانە بە گوێرەی خودی زانستەکانیش بورووژێنرێن. بۆ نموونە دەڵێین چۆن دەبێت گەردووناسی مێژووی هەبێت؟! لەکاتێکدا یاساکانی تەنە ئاسمانییەکان جێگیرن و گۆڕانیان بەسەردا نایێت، مێژووش گۆڕدراوە، ئیترچۆن بەیەکتر دەگەن؟!

هیگڵ دەڵێت ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی زۆرسادە بەرپەرچی خاوەنانی ئەم بۆچوونە بدەینەوە و بڵێین بیرۆکەی ئێوە لەبارەی مەحاڵی بوونی مێژوویەك بۆ ئەم زانینانە لەگەڵ راستییەکدا لێکدژدبنەوە کە جێگەی گومانلێکردن نییە، ئەویش ئەوەیە کە لێرەدا بەشێوەیەکی راستەقینە مێژوویەك بۆ فەلسەفە و مێژوویەك بۆ ئایین و مێژوویەك بۆ زانستەکانی تر هەیە،[44] بۆ نموونە لێرەدا مێژوویەك بۆ گەردووناسی هەیە، کە خۆی لەو هەوڵ و کۆششانەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ئەم یاسایانە پێیان هەڵساوە. ئەم هەوڵ و کۆششانەش دەوروبەر و ژینگە فەرمانڕەواییان دەکات، لەگەڵ ئەو پاشخانە کەلتوورییەی کە لێیەوە سەریان هەڵداوە، ئێمە بەم شێوەیە، یەکەمجار ئەو سیستەمە گەردوونییە وەردەگرین، کە بەتلیمۆس داینابوو، تاسەدەی شازدەهەم و هاتنی کۆپەر نیکۆس Copernicusیش درێژەی بەخۆیدا، دوای کۆپەر نیکۆس گالیلۆ دێت و ئێمەش ئەم سیستەمە رەتدەکەینەوە، کەواتە سەرەڕای ئەوەی کە تەنە ئاسمانییەکان جێگیرن و ناگۆڕدرێن، بەلاّم هەر مێژوویەکمان بۆ زانستی فەلەك هەیە. خودی زانستی فەلەکیش، یان ئەوەی کە ئێمە لە یاساکانیدا پەیپێدەبەین، بەیەکجار تەواونەکراون، بەڵکو بە چەند هەوڵێك دامەزاون و ئەم هەوڵانەش بەمەرجی ژینگە و ئاستی ئەو کەلتوورەوە

[43] دکتور عبدالرحمن بدوی (ربیع الیونانی) ص ٣ مکتبة النهضة المصریة –الطبعة الثالثة– القاهرة ١٩٥٨.

[44] G. W. Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.8.



بەندە کە تیایدا نەشونمایکردووە. ئەوەش کەلە بارەی فەلەکەوە دەوترێت، لەبارەی فەلسەفەشەوە دەوترێت: کەواتە هیچ لێکدژیەك لەوەدا نییە، کە بابەتی فەلسەفە بابەتێکی جێگیرە و هەق و نەمر و ناکۆتادارە، هەروەها بڵێین ئەم بابەتە پێ بە پێ بەدرێژایی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە دەتوانین ئەم لێکدژییە دیارە راڤەبکەین، بەوەی کە بڵێین هەردەبێت جیاکاری لە نێوان مێژووی دەرەکی فەلسەفە و ئایین و زانست... هتد لەگەڵ مێژووی خودی بابەتەکە بکەین، ئالێرەوەیە کە پێویستە رەچاوی ئەوە بکەین کە مێژووی فەلسەفە بەهۆی سروشتی بابەتەکەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری مێژووـ من دەڵێم سەرەڕای ئەوەش کە ئێمە دەتوانین پەنابەرینەبەر ئەم راڤەکردنە، بەلاّم دوایش هەر یەکڕاست ئەو لێکدژییەی، کە خاوەنانی راو بۆ چوونەکەی پێشوو ئاماژەیان پێکردووە ئاماژە بە مێژووی دەرەکی ناکات، بەڵکو ئاماژە بەمێژووی ناوەکی دەکات، بە مێژووی خودی ناوەڕۆکەکە، واتە لێکدژی هەر لەناو ناوەڕۆکی فەلسەفە خۆیدایە. بۆ ئەوەی هیگڵ جیاکاری لەنێوان مێژووی دەرەکی و مێژووی ناوەکی بۆ ئێمە بکات، بە ئایینی مەسیحی نموونە دەهێنێتەوە: "گەر ئێمە ویستمان نموونەیەك بەئایین بهێنینەوە، ئەوا دەڵێین لێرەدا مێژوویەك هەیە بۆ بلاّو بوونەوەی ئایینی مەسیحی و ئەوانەی کە دەچنە ناو ئەم ئایینەوە و باوەڕی پێ دەهێنن، دەکرێت بڵێین ئەم مێژووە لە بوونی کەنیسەدا... هتد شێوەگیر بووە. هەرئەمەشە کە مێژووی دەرەکی یان بوونی دەرەکی مەسیحییەت پێکدەهێنێ، بەلاّم بە گوێرەی بیر و باوەڕیش، گومانی تیانییە کە ئەویش، مێژووی هەیە، بیروباوەڕ لە هەموو سەردەمێکدا کاریگەری خۆی هەیە، بەلاّم لەوەوە کە حەقیقەتە هەروەك خۆی بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە".[45]

هەر بەهەمان شێوە هەموو زانستەکانی تر و فەلسەفەش ـ هەروەکو ئایین مێژووی دەرەکییان هەیە ...فەلسەفە بەو ڕۆڵەی کە هەیەتی، خاوەنی مێژوویەکی دەرکییە، کە خۆی لە ریشەونەشونماو سەرەتا یەکەمییەکانی و چۆنیەتی بلاّو بوونەوە و سەرهەڵدان و پووکانەوە و سەرلەنوێ بووژانەوە و ژیانەوەیدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها خۆیشی لە مێژووی مامۆستاکانی و رابەرەکانی لەگەڵ مێژووی نەیار و دوژمنەکانی دەبینێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو پەیوەندییە

[45] Ibid. p.9.

دەرەكییانەی كە بەئایین و دەوڵەت و... هتد هەیەتی گومانی تیانییە كە ئەم مێژووە دەرەكییە كۆمەڵە كێشەیەك دەنێتەوە كە دەكرێت  سوودیان هەبێت، بۆ نموونە، لەوانەش ئەوەیە كە بپرسین: ئایا بۆچی فەلسەفە بۆ خەڵكانێكی  زۆركەم خۆی دەكاتەوە؟ بۆچی لە ناو كۆمەڵەگەلێكی زۆركەم و میللەتانێكی زۆركەمدا دەر دەكەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفە لە حەقیقەتی رەها دەڕوانێت...؟! دوای ئەمەش بۆچی خۆی لەكۆمەڵە ماوەیەكی زەمەنی تایبەت و قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراودا گیردەكات؟

هیگڵ ئاماژە بەوە دەكات كە ئەم پرسیارانە دەكرێت لەبارەی ئایینی مەسیحیشەوە بوروژێنرێن، كە ئایا بۆچی لە ماوەیەكی دیاریكراودا و لەوسەردەمەدا...هتد دەركەوت.[46]

لەراستیدا هیگڵ  زۆرجار پەنا بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر ئایین دەبات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە لێكچونێكی بەهێز لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا هەیە، بەوەی كە هەردووكیان بەشوێن یەك بابەتدا دەگەڕێن كە هەقە، بەڵام بەشێوەیەكی زۆرسادە، جیاوازی نێوانیان جیاوازییە لە وێنەدا، هەردووكیان لە هەمان شت دەكۆڵنەوە، كە لە ئاییندا خوایە و لە فەلسەفەشدا بیرۆكەی سەراپاگیرە. بەڵام ئێمە لە كاتێكدا بەشێوەیەكی پێویست لە ئاییندا رەگەزی دەسەڵات دەبینینەوە، بەڵام فەلسەفە هیچ جۆرێك لە دەسەڵات قبوڵناكات، فەلسەفە دەنگی عەقڵە، عەقڵیش دەستبەرداری ئەوە دەبێت، كە ئاوابێت وئازاد نەبێت. دوای ئەمەش ئەوەی كە ئایین دەیخاتە ناو گوتراوە خەیاڵكردەكانەوە، فەلسەفە دەیخاتە ناو وێناكردنە عەقڵییەكانەوە. بەڵام ئێمە دەبێت ئاگامان لەو بەد تێگەیشتنە بێت، كە لەوانەیە دروستبێت، فەلسەفە بەئاراستە وێناكراوەكەیدا، شتێكی پەتی نییە و شتێكی بە بڕشتە، چونكە بەرهەمی مێژووە. دوا بە دوای ئەمەش ئێمە كاتێك كەوا سەیری فەلسەفە دەكەین، مێژووی فەلسەفەیە، ئەوا بەسەیركردنێكی چاكتر سەیری فەلسەفەمان كردووە، ئێمە ناتوانین بەبێ زانینی ئەو رابردووەی كە گەیشتۆتە ئێستا، بیر لە ئێستا بكەینەوە... .[47]

سەرەڕای ئەمەش، ئێمە لەرووی (ناوەڕۆكی ناوەكی) هەریەك لە فەلسەفە و ئایین بەراوردێكمان لەنێوان مێژووی فەلسەفە و مێژووی ئاییندا كرد، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو حەقیقەتە بنچینەییە

[46] Ibid.

[47] E. W. "Tomlin: The Great philosophers" p.232.



نەگۆڕەی كە ناكرێت لەهەریەك لە فەلسەفە و ئاییندا بگۆڕێت ـ ناكرێت بەشێك بێت لە مێژوو، بۆ نموونە ناوەڕۆكی ئایین هەربەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە، دەكرێت لەم گۆشە نیگایەوە بڵێین ئایین مێژوویەكی بەرتەسكی هەیە(ئەمە بەمانای مێژووی گۆڕدراو) یان هەر خاوەن مێژوو نییە. لەكاتێكدا بۆ ناوەڕۆكی فەلسەفە مێژوویەك هەیە كە لایەنێكی بە بەردەوامی پەیوەستە بە گۆڕدراوەكانەوە، بەڵام لە گەورەترین لایەنییەوە تەنها بەوەوە پەیوەستە كە هەمیشەییە، تەنانەت رەگەزە نوێكان بە تەنها نابن بەو گۆڕانكارییانەی كە لەو رەگەزانەدا روودەدەن پێشتر وەدەستهێنراون، بەڵكو كۆمەڵە سەربارێكی نوێن و دەخرێنە سەر ئەم توخمانە. ئەو دەرئەنجامەش كە هەندێك لە لێكۆڵەران لەم هەمووەوە پوختەی دەكەن ئەوەیە، كە فەلسەفە ناكرێت پڕبەپێستی  وشەی مێژوو مێژووی هەبێت، چونكە كۆكردنەوەی فەلسەفە و مێژوو پێكەوە لە توانادانییە، بەڵكو دەكرێت بە تەنها فەلسەفە دامەزرێنین یان بەتەنها مێژوو دامەزرێنین[48].!

سەرەڕای هەموو ئەو بەرپەرچدانەوانە ـ لەراستیدا ئێمە هەردەتوانین بڵێین فەلسەفە مێژووی هەیە، تەنانەت گەر ئەوەشمان ساغكردەوە، كەبابەتییەكە و هەرگیز ناگۆڕێت، ئەوا مرۆڤ ناتوانێت، بەیەكجار پەردە لەسەر ئەم حەقیقەتە هەڵماڵێ، بەڵكو هەردەبێت گیانی مرۆیی رێگایەكی پڕ تەنگوچەڵەمە و درێژ بگرێتەبەر، تاپەردە لەسەر حەقیقەت هەڵماڵێ و بیدرەوشێنێتەوە، ئەمەش بە نزیكبوونەوەیەكی پێ بە پێ دەبێت لەبابەتە راستەقینەكەی. لێرەدا پرۆسەی پێكهاتن و دروستبوون هەیە، ئەمەش دەبێتە بابەت بۆ مێژووی فەلسەفە، چونكە ئەم دروستبوون و پێكهاتنە هەردەبێت لەزەمەندا بێتەدی و تەواوبێت، لە دوای ئەمەش دەكرێت ببێتە خاوەنی مێژوو[49].

هۆی ئەو تێكەڵ و پێكەلییەی، كە هەندێك لە لێكۆڵەرەوان تێیدەكەون، ئەوەیە كە مێژووی فەلسەفە نەئاوا دێتە پێش چاویان كە سەلماندنێكی تەواوی ناوەڕۆكێكی سادەیە، نە ئاواش كە بزاوتێكی دەركی ئەو سەربارانەیە كە دەخرێتە سەر ئەو گەنجەی كە بەشێوەیەكی راستەقینە دەستمان كەوتووە، بەڵكو وادەردەكەوێت كە فەلسەفە تابلۆیەك لە گۆڕانكاریەكان بۆ ئەوان

[48] دكتور عبدالرحمن بدوی (ربيع الفكر اليوناني) ص ٤.

[49] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەمەکییەتدا ڕوودەدەن، لە کۆتایشدا هەرنموونەی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەیە کە لە دواجاردا بەو شێوەیە بۆیان دەردەکەوێت، کە چیتر بە ئامانجێکی گشتی هاوبەشەوە پەیوەست نییە، ئالێرەدایە ئەو راوبۆچوونە رووکەشە و باوانە کە لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە هەن دەردەکەون، ئەمانەش ئەو راوبۆچوونانەن کە دیاری دەکرێن و پێویستە ئێمە بیانخەینە روو و هەڵسین بەراستکردنەوەیان، بەڕێزان ئەمانەن ئەو راو بۆچونانە کە ئێوە زۆر بەباشی دەیانزانن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گومان لەوەدا نییە کۆمەڵە راوبۆچوونێکن، کاتێك کە مرۆڤ بیر لە مێژووی فەلسەفە دەکاتەوە، هەر لە سەرەتاوە دەکرێت ئەم راو بۆچوونانە زیاتر لە راوبۆچوونی تر بە خەیاڵدابێن[50]. لەم بۆچوونانەش ئەوەیە کە دەلێت مێژووی فەلسەفە هیچ نییە جگە لە گردبوونەوەی کۆمەڵە راو بۆچوونێکی کەسی و کۆمەڵە گوتەیەکی تایبەت کە بەزاری کۆمەڵە بیرمەندێکدا دێن، ئەوانیش فەیلەسووفەکانن.

**٢- فەلسەفە: گوتەو راوبۆچوونی کەسی.....**

یەکەم بیرۆکەی روکەش و کرچ و کاڵ لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە ئەو بیرۆکە باو و بڵاوەیە کە دەڵێت مێژوو بەشێوەیەکی گشتی تەنها روایەتکردنی ئەو کۆمەڵە رووداوە راگوزەریە کە بەدرێژایی سەدەکان لە نەتەوە جیاوازەکان و رەگەز و گەلەکاندا روودەدەن. ئەوەش کە لە بارەی مێژووی گشتییەوە دەوترێت، لە بارەی مێژووی فەلسەفەشەوە دەوترێت! بەم شێوەیە دەگەین بەو بیرۆکە زۆر باوەی، کە وا وەسفی فەلسەفە دەکات، رەوایەتی ژمارەیەك لە راوبۆچوونە فەلسەفییەکان بێت، یان(گوتەی فەیلەسووفەکان) بێت، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە زەمەندا دەرکەوتوون! ئەوانەش کە پێیان وایە خاوەنی توانای بڕیاردانن، ئەم جۆرە لەمێژوو بە پێشانگای شێتی و گێلییەکان ناودەبەن، یان بە لایەنی کەمەوە کۆمەڵە هەڵەیەکە، خەڵکانێك تێکەوتوون کە بیر نوقمی کردوون و لە ناو تێڕامانەکانیاندا بزر بوون و ئەوەی کە لە دەور و بەریاندا هەیە لە بیریان چووەتەوە:

ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم بڕیارە تەنها لە لایەن ئەوانەوە نابێت، کە دان بەوەدا دەنێن، لەبارەی فەلسەفەوە هیچ نازانن ـ هیچ نەزانین لە بارەی فەلسەفەوە نابێت بەکۆسپ لەبەردەم بڕیاردان لەسەر فەلسەفە! ـ هەروەها دەوترێت لە توانای هەموو مرۆڤێکدا

[50] "Hegel: History of philosophy". Vol. I, p.10.



هەیە بێ ئەوەی هیچ شارەزایەکی لە بارەی فەلسەفەوە هەبێت، بڕیار لەسەر جۆری فەلسەفە و بەهاکەی بدات! ـ بەڵکو ئەوانەش بڕوایان بەم تێڕوانینە هەیە، کە مێژووی فەلسەفەیان نوسیووە، یان هەڵساون بە نوسینی ئەم جۆرە لە مێژوو! لەراستیدا گەر واسەیری مێژوویان کردبێت، کە تەنها سەرژمێری یان گێڕانەوەی کۆمەڵە راوبۆچوونێکی گوماناوی یان کۆمەڵە گوتەیەکی فەیلەسووفەکانە، لەم حاڵەتەشدا ئەمانە نەزۆك زڕن: تەنها ریوایەتێکی لەکارکەوتوون، یان حیکایەتێکی نەزۆکن، یان دەتوانین بلێین رەنگێکن لە رەنگەکانی (زۆرزانی)، بەوەی کە زۆرزانی زانابیە بە ژمارەیەك لەشت کە هیچ سودێکیان نییە، واتە زانایی بەو شتانەی، کە هیچ سودێکی خودی یان بەهایەکی خودی ئامانجێکیان نییە جگە لەوەی کە تەنها زانیە پێیان و هیچی تر[51].

واتایی ئەمەش ئەوەیە، گەر ئێمە واماندانا، مێژووی فەلسەفە هیچ نییە جگە لە خستنە رووی کۆمەلە گومان و راوبۆچوونێکی کەسی هەمەرەنگ و جیاواز کە لە ریسکێکی دوورودرێژدا ریز دەبەستن، ئیتر گرنگ نییە ئەم راوبۆچوونانە لە بارەی خواوە بن یان لە بارەی سروشتەوە، یان گیان، ئەوا فەلسەفە لەم بارەدا زانستێکی بێزارکەرەو هیچ پێویست نییە، و ئەوا چ شتێك هەیە کە زیاتر لە زانینی کۆمەڵە رابۆچوونێکی گوماناوی و گوتەی کەسی بێبەر و نەزۆك تربێت...؟ یاوەکو چ کارێك لەم کارە بێ ماناترە؟!

هیگڵ پێی وایە راوبۆچوونی گوماناوی (وێنا کردنێکی خودی) یە، یان(بیرێکە بەبێ کۆنترۆڵکەر)، بیرۆکە دەکرێت بەم شێوە یان بەوشێوە بۆمن بکەوێتەوە، گومانیش گومانی منە، لەگەڵ ئەمەشدا حەقیقەت بابەتییە و خودی نییە! دوای ئەمەش هەردەبێت فەلسەفە لەم راو بۆچوونە گوماناویانە خاڵی بێت و شتێکیشی لەبارەی( راوبۆچوونی گوماناوی فەلسەفە) نییە و ئەگەر هاتو لە کەسێکت بیست قسەی لە بارەی راوبۆچوونی گوماناوی فەلسەفییەوە کرد، گەرچی هەرخۆیشی مێژوونوسی فەلسەفە بوو، ئەوا بزانە هیچ شتێك لە بارەی فەلسەفەوە نازانێت! ئەمەش لەبەر ئەوەیە فەلسەفە زانستێکی بابەتییە بە حەقیقەت، زانستی زەروورەتە، ئامانجی گەیشتنە بە وێناکردنی زانینێکی راستەقینە، نەك وێناکردنی راوبۆچوونێکی گوماناوی Dpinion یان هەرشتێك پەیوەستدارە پێیەوە! بەشێوەیەکی زۆر وردتر، ئەوەیە کە

[51] Ibid. p. 12.

دژی راوبۆچوونی گوماناوییه، چونکه ئەم راوبۆچوونه خودییه، له کاتێکدا زانینی فەلسەفی بابەتییه، دوای ئەمەش زانینی راستەقینه هەموو ئەو راوبۆچوونه گوماناویانه و بیرۆکه خودییانەی که لەبەردەم خۆیدا دەیانبینێتەوه، دەیانسڕێتەوه[52].

بەڵام کاتێك که ئێمه دەڵێین فەلسەفه بەتەنها لێکۆڵینەوه لەبارەی حەقیقەتەوه، یان له بارەی حەقیقەتی رەهاوه دەکاته ئامانجی خۆی، یاهەر رەها خۆی ـ ئەوا ئەم حەقیقەته بابەتییه و خودی نییه، و بەدەره له هەواو ئارەزوو و هەست و سۆز و هەواداری تایبەتی لێکۆڵەر، مرۆڤ بەهۆی عەقڵییەوه دەتوانێت بەم حەقیقەته بگات ـ کاتێك که ئێمه ئەمه دەڵێین، ئەوا خۆمان لەبەردەم بەرپەرچدانەوەی به هێزی دووگرووپی جیاوازدا دەبینینەوه:

گرووپی یەکەم: ئیماندارەکان و له خواترسەکان و ئەوانەش که لەناو ئەواندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بانگهێشتی کۆتاداری عەقڵ دەکەن و پێیان وایه حەقیقەت ناکۆتاداره، ئیتر چۆن عەقڵ Reasom دەتوانێت رێگای زانین بگرێتەبەر؟! عەقڵ لەبەردەم پەیبردنی حەقیقەتدا بێ دەسەڵاته بۆیه دەبێت واز له لاف و گەزافی خۆی بهێنێ! چونکه له تێڕوانینی ئەم تیپەدا هەموو ئەوەی که عەقڵ دەیکات، بەرەو خەرەندی گومان دەمانبات و رێبەریمان دەکات! دوای ئەمەش پێویسته له سەرمان ئەوەی که بەبیرکردنەوەی سەربەخۆ له ئیمان ناو دەبرێت، له خۆمان دووری خەینەوه و بەوەی که دەسەڵاتێکی رەها بدەین به ئیمان، به کۆت و پێوەندەکانی ئیمان عەقڵ کۆت و بەندکەین، بێ پەرده و پێچ و پەنا ئەمه ئەوه دەگەیەنێ، که پێویسته ئێمه جارێکی تر بگەڕێینەوه بۆ ئەوەی که فەلسەفه بکەینەوه به خزمەتکاری ئایین، هەروەك چۆن بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەمه هەر وابووه، یان فەلسەفه بخەینه پلەی دووەم و بخەینه دوای ئایینەوه، ئەمه ئەگەر ویستمان بەلایەنی کەمەوه بەشێوەیەکی راستەقینه بگەینه حەقیقەت!

هێرشی دووەمیش: له لایەکی ترەوه دەکرێت، ئەوه ئاشکرایه که عەقڵ لەسەر رەوگەکانی مێژوو تواناداری خۆی و بەڵگەکاری لەسەر ئەومافانەی خۆی که له دوژمنەکانی خۆیدا ڕنیوه، سەلماندووه. ئالێرەشەوەیه ئەوەی کەبە تەنها دەسەڵات دەیسەپێنی له ئیمان دەریدەکێشت و لەلای خۆیشییەوه هەوڵدەدات ئیمانێك دامەزرێنی که تایبەت بێت بەخۆی و ئایین والێبکات عەقڵانی بێت، بەوەی که عەقڵ ببێته مەحەکێك که لەسه بنچینەی ئەوەوه ئایین قبووڵ

(52) Ibid. p. 13.



بکرێت، یان ئەوەیه خۆمان بدەینه دەست بیر و باوڕێك، که تەنها باوەڕهێنانێکی کەسی و بیناییەکی تیژی تایبەته. بەڵام ئەم تواناداریيەی عەقڵ و مافەکانی بەرێگایەکی زۆر سەمەره وەرگەڕا بۆشتێکی زۆر سەیر و ئەم گوتەیەی لێکەوتەوه، که زانینی حەقیقەت له رێگەی عەقڵەوه کارێکی مەحاڵه: بەم شێوەیه عەقڵ لەگەڵ ئاییندا کەوته ناوململانێوه و تەنانەت وایلێهات که ئایین هەر خۆی لەهەمان کاتدا بوو بەشتێکی دژی عەقڵ! هەر لەسەر ئەم شێوەیەش بوو کەسەرنج کەوته سەر ئەوەی که پێی دەوترێت مافی(غەریزه) و (ویژدان) و (هەست) و (سۆزەکان) و هەرشتێکی تریش که گرنگییەکەی لەوەدا جەختی لەسەر بکرێتەوه، که دژی تواناداری عەقڵ و مافەکانی بێت، ئەمەش وایکرد ئەوەی که خودییه به هەموو ئەوەشەوه که خودیی له لایەنه بەشەکییه گۆڕدراو و هەڵگەڕ و داگەڕەکانیەوه دەینوێنێ، ببێته پێوانەیەك بۆ بەهای راستەقینه هەر ئەمەشه که هەموو مرۆڤێك به توانا خودییه تایبەتییەکانی دەتوانێت بۆ خۆیی بێت. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا به رێبازی(مەزن کردنی سۆفیانه) ەوه دیاره، که رۆمانتیکەکانی و ئایدیالیست ئاساکان وەریانگرتووه. یاکوبی ئەم لێکدژیەی نێوان عەقڵ و ویژدانی لەگوته ناوبانگەکەیدا کورت کردووەتەوه:( (ڕووناکی له دڵمایه، بەڵام هەرکاتێك که هەوڵمدابێت بۆ تێگەیشتن بیخەمەڕوو، چراکەی خامۆش بووەتەوه و کوژاوەتەوه)[53]. لەکاتێکدا لێره جیاوازییەکی زۆر بنچینەیی له نێوان ئەو باوەڕهێنانه کەسیەدا هەیه که لەسەر بنچینەی خودیەتی وەك هەستەکان و ویژدان و سۆزەکان و پەیبردنه هەستەکییەکان دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەو باوڕهێنانه کەسیەدا که ئەوانه هەوڵی بۆ دەدەن خاوەنی مەزنکردنێکی سۆفیانەن، مەبەستم ئەوەیه ئەوکاتەی که بەشێوەیەکی گشتی ئەم باوەڕهێنانه به لایەنێکی خودی له خودی مرۆییدا پشت دەبەستێت ـ من دەڵێم لێرەدا جیاوازییەك له نێوان ئەم جۆره باوەڕ هێنان و ئەو باوەڕهێنانەدا هەیه، که پشت بەبیر دەبەستێ، واته ئەوەی که پەی به بیرۆکەی سەراپاگیری بابەتێك Per Begriff یان سروشتی عەقڵی شتێك دەبات. باوەڕهێنان له حاڵەتی یەکەمدا جگه لەراوبۆچوونێکی گوماناوی هیچی تر نییه. بەم شێوەیه لێرەدا ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوه، که لێکدژی له نێوان راوبۆچوونی گوماناوی و حەقیقەتدا هەیه، ئەمەش لێکدژییەکه، کەفەلسەفەی یۆنانی لەسەردەمی زێڕینی

(53) W. Wallace: “prolegomena to the study of Hegel” Oxford clarendon press, London 193.

خۆیدا ئاشكراكرد: سەردەمی سوكرات و ئەفلاتون، ئەو ماوەیە لە ژیانی یۆنانیدا فەساد و خراپییەكی زۆری بە خۆیەوە بینی و راوبۆچوونی گوماناوی سەریان هەڵدا، كە ئەو جیاكارییە ئەفلاتوونییەی نێوان رای گوماناوی Doxa و زانستی Epistemی لێكەوتەوە. هەروەك چۆن لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لەسەردەمی ئیمپراتۆر ئۆگستین Augustus دا [54]، لە كاتی دارِمانی ژیانی سیاسیدا، هەرهەمان بارودۆخ دەبینین. هەرلەبەر ئەمەشە ئەم گفتوگۆیە لە نێوان مەسیح و بیلاتسی فەرمانرِەوای رۆمانیدا روودەدات، كە بەشێوەیەكی ئاشكرا لێكدژی نێوان هەق و گۆمان(پیٚ وابوون) تیایدا دەخرێتە روو، ئەمەش لەوكاتەدابوو، كە مەسیح دەڵێت: (بۆ ئەوە لەدایك بووم و بۆ ئەوەش هاتم بۆ جیهان تا شایەتی لەسەر هەق بدەم، هەركەسێكیش لەسەر هەقبێت دەنگی من دەبیستێت...).

بیلاتس بە گاڵتەپێكردنەوە لێی دەپرسێت: هەق چییە..؟[55].

بیلاتس ئەم پرسیارە بە لووتبەرزی و سوكایەتییەوە دەپرسێت، بە ئاوازەیەكەوە دەیپرسێت كە لێورِێژە لە خۆبەزلزانی، ئەوە دەگەینیٚ كە بیرۆكەی هەق بیرۆكەیەكی لەبیر چووە و لە بیركراوە! دواتریش دەبێت ئەم بیرۆكەیە تێپەرێنین و پرسیار لەشتی تر بكەین و چیتر شتێك نییە بۆ زانینی حەقیقەت بانگەوازبكات[56].!

لەراستیدا وشەی حەقیقەت بە گوێرەی مرۆڤ هەڵگری ناوەرِۆكێكی زۆرگەورەیە، هەرلەبەر ئەمەشە نەشوەیەك لە دڵەكاندا دروستدەكات و پەلكێشیان دەكات بۆ ناو كارو جووڵە: بەڵاٚم ئەو گوتەیەی كە دەڵێت ناكرێت حەقیقەت بزانین، یان حەقیقەت ئەوەیە كە ناكرێت بزانرێت unknowlableدواتر بە درێژایی لەو بەرچاوخستنەی كە بۆ فەلسەفەی مێژووی دەكەین، دێتەوەرێمان و ئێمەش هەڵدەستین بە پوچەڵكردنەوەی[57].

[54]أنجيل يوحنا: الاصحاح الثامن عشر ٣٧–٣٨.

[55]أنجيل يوحنا: الاصحاح الثامن عشر ٣٩.

[56] Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p. 14.

[57] راجع نفس هذة الفكرة في كتابنا (المنهج الجدلي عند الهيجل). وقارن ايضا مايقوله ولترسيٹس في كتابه (فلسفة هيجل) ترجمة. د. امام عبدالفتاح امام ص ٧٦ وما بعدها.



بەڵاٚم لێرەدا تێبینی كردنی ئەوە بەسە بۆ ئێمە گەر رەزامەندی خۆمان بۆ لافێكی لەو جۆرە دەربرِی، بەوشێوەیەی كە پیاوێكی وەك(تنمان ـ Tenneman) دەیكات، بۆچوونێك كە پێی وابوو بە حەقیقەت گەیشتووە، بەدرۆ بخرێتەوە، ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنیٚ چیتر شتێكمان نییە بخوازێت مرۆڤ لە مەیدانی فەلسەفەدا خۆی سەغڵەت بكات! بۆچوونێك كەواتە چیتر گەرِان بە شوێن حەقیقەتدا چ مانایەكی دەبێت؟ دوای كەمێك دێینەوە سەر ئەوەی كە بە یەكتر پووچەڵكردنەوە یان لێكنزیكبوونەوەی رێبازە فەلسەفییەكان ناودەبرێت. لێرەدا ئەوەندە بەسە بلێین لەرێگەی زانینەوە نەبێت ناگەین بەحەقیقەت، مرۆڤیش تەنها لەو كاتەدا دەزانێت كە بیردەكاتەوە و عەقڵی كار دەكات، نەك لەو كاتەدا كە رادەوەستیٚ یان بەپیٚ دەروات و دەجولێتەوە ...هتد.

واتە ئەو لەوەوە دەگات بەزانین كە(بیر كەرەوەیە) و زانینیش لێرەدا بێگومان(زانینی حەقیقەتە). پێویستە ئەوەمان لاروونبێت، كە حەقیقەت بە پەیبردنێكی راستەوخۆ ناكرێت بزانرێت، ئیتر ئەم پەیبردنە پەیبردنێكی دەرەكی هەستەكی بێت، یان كۆمەڵە وێناكردنێكی عەقڵی بێت، بەڵكو ئێمە تەنها بەیەك رێگا پێیدەگەین ئەویش: كارەكانی بیرە![58].

### ٣- نەزۆكی زانینی فەلسەفی

لێرەدا پێویستە گفتوگۆی یەكێكی تر لەو بیر و بۆچوونە رووكەش و كرچ و كاڵانە بكەین، مەبەستیشمان پێی ئەو بیرۆكەیە، كە زۆرجار مێژوو نووسانی فەلسەفە رەواجیان پێداوە، ئەو رەواج پێدانەش لەوەوەیە، كە ئەوان بۆ ئەوە چوون بڵێن مێژووی فەلسەفە لێورێژە لە رێباز و بیروبۆچوون تیۆری هەمەرەنگ و فرەجۆر، بەشێوەیەك مرۆڤ تووشی گێژاو دەبێت، گەر بیەوێت لەناویاندا یەكێكیان هەڵبژێریٚ، یان ـ بەلایەنیكەمەوە ـ تووشی واقوورِمان و سەرلێشێوان دێت، گەربیەوێت رایەك لەرِایەكی تر بەباشتر بزانێت، یان بۆ خۆی رێبازێك لەناو ئەو هەموو رێبازە لەسەریەكخراوانەدا هەڵبژێری، لێرەدا هەردەبێت بەرارابیەوە بپرسێت: ئەریٚ كام یەك لەم رێبازانە قبوولبكەم و كامیان رەتبكەمەوە؟! پێویستە دەستبەرداری كام تیۆر ببم وكام تیۆریش وەرگرم؟! چ خۆزگەیەك بۆ ئەوە بخوازم كە بیكەم و مێژووی فەلسەفەش پرِە لە هەموو جۆرە تیۆر و رێباز و راوبۆچوونێكی لێكدژ كە هەندێكیان هەندێكی تریان پوچ دەكەنەوە...؟ زۆر

[58] Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p. 15.

جاریش دەوترێت ئەو بیرۆکەیەی کە بەخەیاڵتا هاتووە لە ئەوجی هیچی و بێ ماناییدایە و هەردەبێت تۆ فەیلەسووفێکت دەستکەوێت، کە بەرگری لێبکات!

خاوەنانی ئەم بیرۆکەیە بەردەوام دەبن و دەڵێن: "راستە، لێرەدا کۆمەڵە عەقلێکی مەزن لە مێژووی فەلسەفەدا دەرکەوتوون، بەڵام ـ وادیارە ـ کەرێگایان هەڵەکردووە و لەو رێگایەدا سەرگەردان بوون کە بەرەو حەقیقەت دەروات و دەگاتە حەقیقەت، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە یەك خەریکی لێدانی ئەوی ترە و بە توند و تیژی و زۆر هەریەکێکیان دەیەوێت بەسەر ئەوەی تریاندا زاڵبێت! لە لاوازترین باری ئەم لێکدانەدا رێبازێك لەگەڵ رێبازەکانی تردا لێکدژە. ئەگەر بێتو بۆ عەقڵگەلێکی زۆر بەهێز و قووڵ و پێگەیشتووی ئاوا، جیاوازییەکی وا لە ئارادابێت، کە ماوەی نێوانیان وای لێبێت بە قەدەر ماوەی نێوان جەمسەرەکان فراوان و دووربێت چۆن منێکی خوێنەری لە خۆبوردە، دەتوانم هەڵوێردیان بکەم و بڕیاریان لەسەر بدەم، چۆن دەکرێت بوێرم و بڵێم: ئەفلاتوون پێکاویەتی و ئەرستۆ نەیپێکاوە، یان بەپێچەوانەوە، لە کاتێکدا یەکەمیان نازناوی(بیرمەندی خوایی) و دووەمیان نازناوی(مامۆستای یەکەم) ی پێدراوە؟! دەکرێت لەو بەگژدا یەکچوونەی ئەفلاتوون و ئەرستۆدا، من ببمە دادوەر و داوەر؟! گەروام کرد کێ گوێ لە بڕیارەکەم دەگرێت یان کێ دەچێتە ژێر باری بۆ چوونەکەم؟[59].

ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو گرووپە پێی دەگات، ئەوەیە، ئەو زانینە فەلسەفییەی کە لە مێژووی فەلسەفەوە چنگمان دەکەوێت نەزۆك و بێ بەرە و هیچ سوود و بەهایەکی نییە! هەردەشبێت ئەم نەزۆکییە بکەینە پاساوێك بۆ ئەوەی فەلسەفە فەرامۆشبکەین، نەك هەرئەمە، بەڵکو بشیکەینە بەڵگە بۆ پەککەوتنی لە رێگای گەیشتن بەزانینێکی راستەقینە... لە دیدی ئەوانەوە مرۆڤ هەرگیز رێ ناباتەوە سەر زانینێکی یەقینیانە! لەراستیدا بەڵگە لەسەر ئەوەی کە هەوڵی فەلسەفی هەوڵێکی نەزۆك و بێبەرە، بەڵگەیەکە کە خاوەندکانی لە بۆچوونێکی رووکەشانەوە بۆ مێژووی فەلسەفە سەرچاوەیان پێگرتووە، ئەو دەرئەنجامەش کە بەدوای ئەم بۆچوونەدا دێت ئەوەیە: کە مێژووی فەلسەفە لەپێش چاویدا شانۆی ئەو راوبۆچوونانەیە کە گەورەترین ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە و هەروەها ئەو رێبازانەش کە زۆرترین جیاوازی پێکدادان لە نێوانیاندا هەیە! هەرلەسەر ئەم شانۆیە ـ بێگومان ـ کۆمەڵە فەلسەفەیەکی لە رادەبەدەر و ناجۆر دەرکەوتوون،

(59) Ibid.



هەر فەلسەفەیەکیش هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانیتردا رووبەڕوو ببێتەوە. ئەمەش وایکردووە، کە ئەم رێبازانە پەرت و بڵاو و لێکدووربن، هەریەکەشیان بەخۆی سەربەخۆبێت لەوانی تر و وابەستە نەبێت بە رێبازەکەی پێش خۆیەوە و رێگاش خۆشنەکات بۆ رێبازەکەی دوای خۆی، ئیتر چۆن دەکرێت ئەم رێبازانە پێکەوە پەیوەست بن، لە کاتێکدا هەریەکەیان لە رووبەڕوو بوونەوەدایە لەگەڵ ئەوی تریاندا و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدات؟ تا ئەو رادەیەی وای لێهاتووە، دروشمی هەررێبازێك ئەو گوتەیەی مەسیح بێت کە دەڵێت "شوێنم کەوە و واز لەمردووەکان بهێنە تامردووەکانی خۆیان بنێژن"[60]، ئەم گوزارشتە لەوکاتەدا گوزارشتی لێدەکات کە یەکێك لە قوتابیانیەکانی داوادەکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان تا باوکی بنێژێت، جا دوایی بگەڕێتەوە و شوێنی کەوێت. مەبەستیشیان لەم گوزارشتە ئەوەیە، کە هەررێبازێك (من یا نەخێر) یان(من جا تۆفان)...بکاتە دروشمی خۆی، رێبازەکانی تریش لە گۆڕنێت! بەڵام لە بری دەستەواژەکەی مەسیح (شوێنم کەوە)، دەبێت بە هەمووکەس بوترێت: شوێنی خۆت بکەوە، واتە دەست بگرە بە بیرو باوەڕە تایبەتەکانی خۆتەوە و دەستبەرداری راوبۆچوونە تایبەتییەکەی خۆت نەبیت و هەرئاوابمێنەرەوە، بۆچی راوبۆچونێکی نوێ وەردەگریت باوەڕی پێ دەکەیت؟ ئەی باشە هەمووڕایەکی نوێ ناگۆڕێت و نابێت بەرایەکی کۆن؟ ئایا باشتر نییە مرۆڤ هەر لەسەر بیر و باوڕی تایبەتی خۆی بمێنێتەوە؟ و هەروەها بڕوا بەرێبازێك بهێنێت و لەسەری بمێنێتەوە و چیتر نەگۆڕێت؟ بەم شێوەیە لای خاوەنانی ئەم بۆچوونە رووکەشە مێژووی فەلسەفە دەبێتە مەیدانی جەنگ و لاشەی قوربانیان تیایدا شەپۆڵ دەدات و بۆنی لاشەی لێ بەرز دەبێتەوە، هەر رێبازێك براکەی خۆی دەکوژێت و هەڵدەسێ بە ناشتنی، هەندێکیشیان ئارەزووی پڕۆسەیەکی تری ناشتن دەکەن ئەویش وازهێنان لە لاشەکان تا دەندوك و چڕنووکی باڵندەکان شی و شیتاڵیان بکەنەوە، کاتێکیش کە فەلسەفەیەکی نوێ دەردەکەوێت و بەگەنجی خۆی دڵخۆشە و بەو هێزەی کە هەیەتی سەرخۆش و مەفتوونە و بەتازەیی خۆیشی لە خۆی بایی بووە، ئەوا خەڵکی بە وشەکانی بترۆسی پەیامبەر بۆ ژنەکەی حنانیا رووبەڕووی دەبنەوە:[61] (ئەو پیاوانە ئەوانەن کە پیاوەکەتیان لەبەر دەرگاکەدا ناشت و تۆش هەڵدەگرن و

(60) انجیل متی: الاصحاح الثامن ٢١–٢٢.

(61) هیگڵ واباس دەکات ئەمانە وشەکانی پەیامبەر بوترسن (یۆحەنانیا)، ئەمە هەڵەیە و راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە سەلماندوومانە. هەڵەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیگڵ لە زۆربەی وەرگرتەی دەقەکاندا

ڕه‌وانه‌ی ده‌ره‌وه‌ت ده‌که‌ن)[62]. واته‌ ئه‌م هه‌موو له‌ خۆبایی بوونه‌ی پێناویٚ و زۆر نزیکه‌ له‌سه‌ر ده‌ستی فه‌لسه‌فه‌یه‌کی نوێ که‌ بێگومان دێت، گیان بده‌یت، ئه‌و فه‌لسه‌فه‌یه‌ له‌ جێی خۆی هه‌ڵت که‌نێت و خۆی بچێته‌ شوێنه‌که‌ت زۆریش دوانه‌که‌وێت![63].

له‌ڕاستیدا ڕاوبۆچوونی ئه‌م تیپه‌، گه‌رچی هه‌ڵه‌ش بێت، به‌ڵام له‌لایه‌که‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی له‌وه‌ وه‌گرتووه‌ که‌ له‌ مێژووی فه‌لسه‌فه‌دا ڕووده‌دات و فه‌لسه‌فه‌یه‌کی نوێ ڕێگاری بوونی ده‌بڕێت و جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌کاته‌وه‌، که‌ ته‌نها خۆی ڕاست و هه‌قه‌ و ئه‌و فه‌لسه‌فانه‌ش که‌پێش ئه‌و هه‌بوون، هیچ به‌ها و نرخێکیان نییه‌، زۆریشیان هه‌یه‌ که‌ پێیان وایه‌ فه‌لسه‌فه‌کانی پێش خۆیان

پشت به‌ یاده‌وه‌ری ده‌به‌ستیٚ و زۆرجار یاده‌وه‌ریه‌که‌ی له‌ درێژه‌ پێدانه‌ ورده‌کانیدا خیانه‌تی لێده‌کات و ته‌نها باس له‌ناو کرۆك یان مانای گشتی شته‌که‌ ده‌کات -بۆ نموونه‌ وه‌رگرته‌کانی له‌ فه‌لسه‌فه‌ی هه‌قدا به‌راوردبکه‌ له‌گه‌ڵ لێدوانه‌کانی نوکس Knox لا ٢٩٩ . Hegel’s philosophy of Right oxford 1942

(62) ئه‌و چیرۆکه‌ی که‌ هیگڵ لێی وه‌رگرتووه‌ به‌ناوی بوترس په‌یامبه‌ره‌ توزێك درێژه‌، به‌ڵام هه‌ر ده‌بێت بگێرینه‌وه‌ بۆ چیرۆکه‌که‌ تاوه‌کو له‌ سیاقه‌که‌یدا له‌ده‌سته‌واژه‌که‌ تێبگه‌ین، مه‌به‌ستی سه‌ره‌کی ئه‌م چیرۆکه‌ ئایینه‌ ئه‌وه‌یه‌ که‌: (خاوه‌نانی کێڵگه‌ و خانوه‌کان موڵکه‌که‌ی خۆیان ده‌فرۆشت و پاره‌که‌یان له‌به‌ر پێی قه‌دیس بوترسدا داده‌نا تا له‌و پاره‌یه‌ بداته‌ خه‌ڵکی ده‌ستکورت و هه‌ژار) به‌ڵام پیاوێك که‌ ناوی حه‌نانیایه‌ و ژنه‌که‌ی ناوی سه‌فیره‌یه‌ موڵکێك ده‌فرۆشن له‌ پاره‌که‌دا فێڵ و ته‌له‌که‌بازی ده‌که‌ن و ده‌یانه‌وێت هه‌ندێکی لیٚ بگێرێنه‌وه‌ یان دڵیان نایێت هه‌مووی بده‌ن به‌ بوترس: پیاوه‌که‌ ته‌نها به‌شێکی ده‌خاته‌ به‌رده‌م بوترس ((به‌شێکی ده‌هێنیٚ و ده‌یخاته‌ به‌ر پێی په‌یامبه‌ر، بوترس ده‌ڵێت: ئه‌ی حه‌نانیا بۆچی شه‌یتان چووه‌ته‌ که‌له‌ته‌وه‌ درۆ له‌گه‌ڵ گیانی پیرۆزدا ده‌که‌یت و ته‌ڵه‌که‌چیه‌تی له‌ پاره‌ی کێڵگه‌که‌دا ده‌که‌یت؟ تۆ درۆ له‌گه‌ڵ خه‌ڵکدا ناکه‌یت به‌ڵکو له‌گه‌ڵ خوادا ده‌که‌یت. کاتێك که‌ حه‌نانیا ئه‌مه‌ ده‌بیستیٚ ده‌که‌وێت و ده‌مرێت، ترسێکی گه‌وره‌ هه‌موو ئه‌وانه‌ داده‌گرێت که‌ ئه‌مه‌ ده‌بیستن. ڕووداوه‌کان ده‌قه‌ومیٚ و ئه‌وانیش هه‌ڵیده‌گرن و ده‌یبه‌ن له‌ ده‌ره‌وه‌ ده‌ینێژن، دوای سیٚ سه‌عات ئه‌وه‌ ڕووده‌دات که‌ ژنه‌که‌ی وه‌ژوور که‌وێت و هیچ ئاگاداری ئه‌وه‌ش نه‌بێت که‌ ڕوویداوه‌. بوترس وه‌ڵامی ده‌داته‌وه‌، چیتانی له‌ بارادیه‌ ئێوه‌ له‌سه‌ر تاقیکردنه‌وه‌ی گیانی خوا ڕێکه‌وتوون، ئه‌وتا ئه‌و پیاوانه‌ی که‌ پیاوه‌که‌تیانی نێژاو له‌به‌ر ده‌رگاکه‌ن و تۆش هه‌ڵده‌گرن و ده‌تبه‌نه‌ ده‌ره‌وه‌، یه‌کسه‌ر ئه‌ویش له‌به‌ر پێیدا ده‌که‌وێت و ده‌مرێت، گه‌نجه‌کان ده‌چنه‌ ژووره‌وه‌ ده‌بینن مردووه‌ به‌ره‌و ده‌ره‌وه‌ هه‌ڵیده‌گرن و له‌پاڵ پیاوه‌که‌یدا ده‌ینێژن ..... (اعمال الرسل: الاصحاح الخامس)

(63) قارن: امام عبدالفتاح امام (المنهج الجدلى هيجل) ص ١٤٦ و مابعدها -دار المعارف بمصر عام ١٩٦٩ م. قارن أيضا مايقوله في كتابه (فلسفة هيجل) ص ١٩ من ترجمتنا العربية لهذا الكتاب -دار النشر الثقافة- القاهرة عام ١٩٧٥ .



وڕێنه‌ده‌که‌ن و جگه‌ له‌قسه‌ی بیٚ مانا هیچی ترنالێن، دوای ئه‌مه‌ش هه‌ر فه‌لسه‌فه‌یه‌کی نویٚ که‌ ده‌رده‌که‌وێت، بوونی و ده‌رکه‌وتنی خۆی به‌وکه‌م وکوررتی و عه‌یب و عارانه‌ که‌ له‌ فه‌لسه‌فه‌کانی تری پێش خۆیدا ده‌رکه‌وتوون، هه‌روه‌ها ئه‌و ڕاوه‌ستان و که‌م وکورتییه‌ی که‌ له‌ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی کێشه‌ نوێکاندا تووشی ڕێبازه‌که‌ی پێش خۆی بوون و سه‌رولێژبوونه‌وه‌ و ئه‌و داڕمانه‌ی که‌ به‌سه‌رئه‌م فه‌لسه‌فه‌ پێشینانه‌دا هاتووه‌ پاساو ده‌داته‌وه‌، ئه‌م فه‌لسه‌فه‌ نوێیه‌ ڕووخاندنی ئه‌و گومڕایی و سه‌رلێشێوانه‌ و پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌و کون و که‌له‌به‌رانه‌ ده‌گرێته‌ ئه‌ستۆی خۆی و هێز و چالاکی له‌ ته‌زووی بیرێکی خامۆشدا زیندوو ده‌کاته‌وه‌! دوای ئه‌مه‌ش له‌وساته‌وه‌خته‌دا که‌ ئه‌م فه‌لسه‌فه‌ نوێیه‌ ده‌رده‌که‌وێت و هه‌ر ته‌نها له‌و ساته‌وه‌خته‌شدا فه‌لسه‌فه‌ی هه‌ق و ڕاست، ئاشکرا ده‌بێت!

ئه‌گه‌ر هاتوو مێژوو به‌درێژایی ساته‌کانی خۆی ڕێبازی جۆراوجۆر و فه‌لسه‌فه‌ی هه‌مه‌ڕه‌نگی به‌ خۆیه‌وه‌ بینیبیٚ، ئه‌وا ناکرێت هه‌موویان بن به‌فه‌لسه‌فه‌ی ڕاسته‌قینه‌، گومانی تیانییه‌ که‌ حه‌قیقه‌ت ده‌بێت یه‌ك بێت و فره‌ و هه‌مه‌ڕه‌نگ و لێکده‌ر نه‌بێت! لێره‌دا ناکرێت دووحه‌قیقه‌تی لێکدژ و لێکده‌رمان هه‌بن، چونکه‌ به‌ زه‌رووره‌ت حه‌قیقه‌ت له‌گه‌ڵ حه‌قیقه‌ته‌کانی تری جگه‌ له‌ خۆی ته‌باو هه‌ماهه‌نگه‌، دواجاریش جگه‌ له‌یه‌ك حه‌قیقه‌ت شتێکی ترمان نییه‌ عه‌قلیش به‌شێوه‌یه‌کی ڕه‌ها پاڵپشتی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ ده‌کات، ده‌رئه‌نجامی ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌یه‌، که‌ هه‌رده‌بێت لێره‌دا (یه‌ك فه‌لسه‌فه‌) مان هه‌بێت، هه‌رئه‌م فه‌لسه‌فه‌یه‌شه‌ که‌ له‌ باره‌یه‌وه‌ ده‌توانین بڵێین ڕاسته‌، گه‌ر فه‌لسه‌فه‌کان ـ وه‌ك پێشتر باسمانکردن ـ جۆرا و جۆر و هه‌مه‌ڕه‌نگ و جیاوازبن، ئه‌وا ئێمه‌ هه‌رده‌بێت له‌ کۆتایدا بگه‌ین به‌و گوته‌یه‌: که‌ هه‌موو فه‌لسه‌فه‌کانی تر به‌ زه‌رووره‌ت هه‌ڵه‌ و ناڕاستن، هه‌رلێره‌شه‌وه‌یه‌، که‌ هه‌موو فه‌لسه‌فه‌یه‌ك که‌ له‌سه‌ ڕه‌وتی مێژوو ده‌رده‌که‌وێت، سووره‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ـ زۆربه‌خێرایی هه‌موو گره‌نتی و به‌ڵگه‌یه‌ك له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌: (تاکه‌ فه‌لسه‌فه‌یه‌کی ده‌روه‌سته‌)! یان له‌ ناو هه‌موو ئه‌وانه‌ی تردا هه‌رخۆی فه‌لسه‌فه‌یه‌کی هه‌قه‌، بخاته‌ به‌رده‌ستی خه‌ڵکی[64].

(64) Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.18.

## ٤- فەلسەفە یەکە:

چۆن دەتوانین بەرپەرچی ئەم تاقمە بدەینەوە...؟! راستە تا ئێستاش کۆمەڵە ڕێبازێکی فەلسەفی زۆرمان هەیە، فەلسەفەکانیش لە درێژایی سەدە مێژووییەکاندا جۆراوجۆر و جیاواز بوون، بەڵام شتێك کە خاوەنانی ئەم رایە هەیانە ـ وەك هیگڵ بیرمان دەخاتەوە ـ ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم جۆراوجۆرییەشدا حەقیقەت هەریەکە، عەقلیش بەشێوەیەکی رەها جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە. بەمەش هەردەبێت لێرەدا یەك فەلسەفە هەبێت کە بکرێت راست و راستەقینە بێت، ئەویش بەوەی کە فەلسەفە جیاوازەکانی‌تر بەپێی ئەو ڕێبازێکی هەڵەن. ئێمە بینیمان چۆن هەر ڕێبازێك زۆربەباوڕێکی توندەوە لافی ئەوە لێدەدات کە خۆی تاکە فەلسەفەیەکی دروستە[65].

ئالێرەوەیە هیگڵ تیۆرەکەی خۆی لەبارەی لێکدان و لێکدژی نێوان ڕێبازە فەلسەفییەکان بۆ ئێمە دەخاتە روو، دەڵێت: لە راستیدا وێنەیەکی هەمەکی هەیە، ئەویش فەلسەفەیە بەشێوە گشتییەکەی ئەمەش لەڕێبازەفەلسەفییە بەناو بانگەکاندا شێوەگیر دەبێت، وەك ڕێبازی ئەفلاتوون و ئەرستۆو دیکارت ولیبنتز و کانت... هتد، ئەم وێنەیە بەتەواوەتی لە وێنەی هەمەکی مرۆڤ دەچێت، کە لە تاکەکسە مرۆییەکاندا وەدیدێت. جیاوازی و لێکدانی ئەم ڕێبازانە بشگاتە ئەو پەڕی، هەر پەیوەستکەرێکی هاوبەش هەیە، کە هەموویان لەگەڵ یەکدا کۆکاتەوە، هەرئەمەش وایکردووە لە وەدا ئازادمان بکات کە بەیەك وشە ناویان بهێنین، یان هەموویان بە فەلسەفە وەسفبکەین.

دەتوانین ئەمەش بەوە راڤەبکەین، کە (ولیەم والاس W. Wallace) لەبارەی فەلسەفەی هیگڵ خۆیەوە دەڵێت، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەوەی کە هیگڵ دەیەوێت بڵێت شتێکی نوێ نییە، ڕێبازێکی تایبەتیش نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی هەمەکی گشتییە universal نەوەکان لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر ئاڵوگۆڕیان کردووە جارێك بەشێوەیەکی فراوان و جارێك بەشێوەیەکی بەرتەسك، بەڵام ناوڕۆکەکەی هەروەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە، وای لێهاتووە کە

(65) Ibid.



هۆشیاری بە بەردەوامی مانەوەی خۆی هەبێت و شانازی بەوەوە دەکات کە لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ یەکیگرتووە[66].

لە دیدی هیگڵەوە، شەپۆلی فەلسەفی، شەپۆلێکی پەیوەست و هەڵقولاوە، دەکرێت بە فەلسەفەی هەمەکی گشتی ناوبەرین، ڕێبازە فەلسەفییە بەناوبانگەکانیش، جگە لە وێنەیەك لەم فەلسەفەیە شتێکی تر نییە، (ئەو لێکۆڵەرەی ئەوە ڕەت دەکاتەوە بڵێت وێنەیەکی هەمەکی هەیە، کە فەلسەفەیە بەشێوە گشتییەکەی و لە ڕێبازە فەلسەفییە بەشەکییەکەیدا وەدیدێت، وسووریشە لەسەر چارەسەرکردنی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە بەشەکییانە بە شێوەیەکی تاکانە ـ ئەمە لەو نەخۆشە دەچێت، کە پزیشکەکان بەوە ئامۆژگاری دەکەن کە میوە زۆر بخوات، بەڵام کە هەرمێ و ترێ و خۆخی، بۆ دەهێنن، نایخوات و پێی وایە، ئەمانە میوە نیین، بەڵکو میوە هەندێکی هەرمێیەو، هەندێکی دیکەی ترێ و خۆخە!)[67] .

ئێمە پێویستە دیدێکی قووڵترمان هەبێت بۆ ئەو واتایانەی کە ئەم هەمەجۆرییەی ڕێبازە فەلسەفییەکان هەڵیدەگرن، ئەویش بەوەی کە لەژێر رووناکییەکدا دەرکەوێت، کە ئەو روناکییە باوە نەبێت: واتە رووناکی لێکدژی نێوان حەقیقەت و هەڵە.

ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە لە هەمەرەنگی، مەغزای سەراپای مێژووی فەلسەفەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەمەش تەنها نەفی زەرەرمەندی ئەم هەمە جۆرییە ناکات یان تەنها نەفی ئەو بیرە هەڵانە ناکات کە لەبارەی بوونی فەلسەفەوە هەیە، بەڵکو ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەم جۆرە لەهەمەرەنگی لە کۆنەوە تائێستاش بە گوێرەی بوونی فەلسەفە خۆی زەروورەتێکی رەهایە. سەرەڕای ئەمەش ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە لە هەمەرەنگی وامان لێدەکات، کە بەئاسانی پەی بەئامانجی فەلسەفە بەرین، کە جگە لە پەیبردنی حەقیقەتی رەها شتێکی تر نییە. سەرەڕای ئەمەش ئێمە کاتێك کە لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفەی مێژوودا دەکەین، ئەوا لێکۆڵینەوەمان لە خودی فەلسەفەدا کردووە. ئەو ڕێبازانەش کە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە دەرکەوتوون جەربەزەیی تاکەکەس نین و تەنها کۆکردنەوەی کۆمەڵە روداوێکی هەڕەمەکیش

(66) William Wallace: “Hegel’s philosophy of Mind” p.9.

(67) Hegel: Encyclopedia of philosophy (13) & Lectures on the History of philosophy, Vol. I, p.18. وقارن ايضا كتابنا (المهنج الجدلى عند لهيجل) ص ١٤٨–١٤٩

نین، یان کۆکردنەوەی رووداوی کۆمەڵە سوارچاکێك نین، کە هەریەکەیان بەبێ ئامانجێکی روون کە لە لەبەرچاوی گرتبێ بچێتە ناو مەیدانی جەنگ و هیچ مەبەستێکی دیاریکراویشی نەبێت. دوایش جەنگ کۆتایی پێبێت و هیچ شوێنەوارێکیشی بەجێ نەمێنێ، کە ئاماژە بە بوونی سوارچاکەکان بکات! ـ بەڵکو پێچەوانەی ئەمە ئاشکرادەکەین، کە ئەوەیە پەیوەستێکی راستەقینە لە چالاکییەکانی گیانی بیرکەرەوەدا هەیە، ئەوەش کە لە مێژوودا روودەدات شتێکی عەقلانییە، پێویستە بەم ئیمانەوە بەگیانی جیهان رۆچینە ناو میحرابی مێژوو بەماناگشتییەکەی، و مێژووی فەلسەفە بەشێوە تایبەتییەکەی، ئەمەش بەوەی کە بەردەوام ئەوە لەخەیاڵماندابێت، کە فەلسەفە لە پەرەسەندنی خۆیدا، لەناو هەموو پارچە تاکەکانیدا، جگە(لە بیرۆکەیەك لەسەراپاگیرییەکەی خۆیدا) شتێکی تر نییە، هەروەك ئەوتاکە ژیانەیە کە لەبوونەوەری زیندەوردا هەیە: کە بە یەك لێدان لە ناوهەموو ئەندامەکاندا لێدەدات، هەموو ئەندامەکانیش لە ناویدا خۆیان دەنوێنن، رێتمەکەش لەیەك بیرۆکەوە سەرچاوە دەگرێت... هەموو ئەم بەشانەش هیچ نین جگە لە ئاوێنە و کۆپی ئەم تاکەژیانەی کە لەناو ئەم یەکبوونەدا نەبێت بوونێکی کارەکی نییە، چۆنیەتییەکانی و جیاوازییەکانیش تاکە گوزارشتێکن لەم بیرۆکەیە و لەو وێنەیەیکەسەراپای دەگرێتەوە. بەم شێوەیە بیرۆکە دەبێتە چەق و هەرخۆیشی چێوە و رووبەری دەرەکیشە، سەرچاوەی ئەو روناکییەشە کە لە دەرەوەی خۆیەوە نایێت تابلاۆببێتەوە، بەڵکو ملکەچ و هاورووتە، لە ناو خۆیدا. لێرەوەیە کە لە هەمان کاتدا، ناوکۆیی زەرورەت و زەرورەتی تایبەتی خۆیەتی، کە گوزارشت لە ئازادی خۆی دەکات[68].

**٥- پێناسەی مێژووی فەلسەفە لای هیگڵ:**

گەر وتمان حەقیقەت یەکەو، بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە ئاشکرا دەبێت، وادیارە هێشتا ئەم گوتنە گوتنێکی شکلّی و رووتە، یان گوتنێکە پێویستی بە روونکردنەوەیەکی زیاتر و دیاریکردنێکی وردتر هەیە، ئالێرەشەوە کە هیگڵ تیۆرەکەی خۆی لەبارەی پەرەسەندنی مێژووەوە بۆ ئێمە دەخاتە روو، دەڵێت:" ئەم فەلسەفەیەش بەشێوەیەکی گشتی زانینی ئەو تاکە حەقیقەتەیە، کە چاوگێکی راستە و خۆیە و هەمووشتێك لێیەوە سەرچاوەدەگرێت، بەلاّم لێرەدا خاڵێکی زۆر جەوهەری هەیە کە دەبێت بە بەردەوامی لە زەینمان ئامادەبێت ئەویش

(68) Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.28.



ئەوەیەکە: ئەم تاکە حەقیقەتە وشك و رەق نییە و بیرێکی بەتاڵیش نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی پەرەسەندوو و گەشەکردووە، لە پەرەسەندن و نەشونما کردنیشدا لە ناو خۆیدا دیاریدەکرێت و نوێدەبێتەوە.

دوای ئەمەش پێویستە لە دووبیرۆکەی گرنگ تێبگەین:

یەکەم: بیرۆکەی پەرەسەندوو

دووەمیش: بیرۆکەی عەینی

لەڕاستیدا ئێمە دەتوانین ئەم دوو بیرۆکەیە پێکەوە لەیەك بیرۆکەدا کۆیان کەینەوە، ئەویش بیرۆکەی پەرەسەندنە، پێویستە کرۆکی خودی، بیر پەرەبسێنێ و لەرێگەی پەرسەندنی خۆیەوە بگات بەپەیبردنی سەراپاگیرانەی خۆی، یان وای لێبێت بەوشێوەیەبێت، کە هەیە، گەر وترا: بیر، بەراستی بەوشێوەیەیە کە هەیە، ئەوا لێکدژیەك لەم گوتەیەدا دەردەکەوێت. لەبەر ئەمەش هەردەبێت بە خێرایی شتێك لەبارەی بیرۆکەی پەرەسەندنەوە بڵێین، کە بیرۆکەیەکە هەموومان لەژیانی رۆژانەدا پێی ئاشنا دەبین و بەبێ گوێپێدان بەکاری دەهێنین. گەر بیرەکان بەم شێوەیە بزانرێن، ئەوا بۆ مرۆڤ نادیار و تەمومژاوی دەبن، بۆیە پێوستە لە فەلسەفە بکۆڵینەوە و لەسەر مانا وردەکانیشی بوەستین، بەهەرحاڵ گفتوگۆ کردنی درێژ لە بارەی ئەم بیرۆکەیەوە، سەر بەزانستی لۆجیکە"[69].

بۆ ئەوەی لە پەرەسەندن تێبگەین، دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو حاڵەتدا بکەین: یەکەم ئەوەیە کە پێی دەوەترێت هێز Potentia ، دوومیش: بەزمانی ئەرستۆ ناوی بەکردە Actus ی لێدەنرێت"من حاڵەتی یەکەم ناودەنێم بە بوون لە خۆیدا و حاڵەتی دووەمیش بە بوون بۆ خۆی یان وەدیهاتنی کرداریانەی بوون"[70]، گەر وەك نموونەیەك ئێمە وتمان:

مرۆڤ بەسروشت عاقڵە، مەبەستمان ئەوەیە، بەوەی کە مرۆڤە، خاوەنی عەقڵە، ئەو هەر بەزگماکی خاوەنی عەقڵ و تێگەیشتن و خەیاڵ و ئیرادەیە، تەنانەت گەر لەسکی دایکیشیان بێت هەرخاوەنیانە، بەلاّم ئەوەی کە بەکردە لەلای منالّ هەیە، عەقڵ نییە بەڵکو(تواناداری)

(69) Ibid,  p.20.

(70) Ibid, p.20, 21.

عەقڵە، ئەو عەقڵێکی پەنهانی هەیە جارێ دەرنەکەوتووە. ئەمەش یەکسانە بەوگوتەیەی ئێمە کە دەڵێین: عەقڵی نییە لەبەر ئەوەی کە توانای ئەوەی نییە هەڵسوکەوتێکی عاقڵانە بکات، کەواتە عەقڵی جارێ نییە، بەڵام کاتێك منداڵ گەشەدەکات و دەچێتە قۆناغی گەنجییەوە، پاشان دەبێت بەپیاو، عەقڵ دەست بەدەرکەوتنی خۆی دەکات و لەهەڵسوکەوتی عاقڵانەی ئەودا رەنگدەداتەوە وەدەیدێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەوەی کە لەسەرەتادا لای مرۆڤ شاراوە و پەنهانە، لەئێستادا بووەتە شتێکی ئاشکراو دیار، یان دەتوانین بڵێین(بوون لە خۆیدا) بووە بە(بوون بۆ خۆی) [71].

ئەمەش مانای ئەوەیە(ئەوەی کە لەخۆیدایە) یان بوونێکی پەنهانە، هەردەبێت ببێتە بوونێکی ئاشکرا، ئەمەش سوننەتی پەرەسەندنە. هەر ئەمەش بەسەر پەرەسەندنی رێبازە فەلسەفییەکاندا دەچەسپێ. دەکرێت رێبازێك بکەوێتە سەرەتای مێژووی فەلسەفەوەو بەمەش پەنهان و نائاشکرابێت، بەڵام هەر دەبێت لە هەنگاوەکانی دواتردا وای لێبێت کە زیاتر ئاشکرا و دیاربێت.

پەرەسەندنی مرۆڤ خۆیشی ئەم بیرۆکەیەمان بۆ روون دەکاتەوە، ئەوەی کە لەسەرەتادا (بوونێکی پەنهان و ناراستەو خۆیە)، هەر دەبێت بگات بە هۆشیاری، بەگەیشتنیشی بە هۆشیاری، وای لێدێت کە لە پێناو مرۆڤدابێت، بەڵام ئەوەی کە ئەم پەرەسەندنەی بەخۆیەوە بینییەوە و بووبە بابەت بۆ مرۆڤ، هەرخۆی ئەوە بووە کە مرۆڤ لەخۆیدا لەسەری بووە, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێی، کە مرۆڤ بەزنجیرەیەك لە بازنەی پەرەسەندندا دەڕوات هیگڵ ئەمە بە(خود گۆڕکێی بابەتی) ناودەبات. کەتیایدا بوونی ناراستەو خۆ بۆ یەکەمجار لە پێناو خۆیدایە و لە قۆناغی دووەمیدا وای لێدێت کە بۆ خۆی بێت، مرۆڤ یەکەمجار بوونە لە خۆیدا(تواناکان، ئامادەگییەکان، ئەو توانادارییە جیاوازانەی کە بوونێکی بە هێزیان هەیە)، دوای دەبێت بە بوون لە پێناوخۆیدا، واتە دووجەمسەر دەبێت، بەڵام ناگۆڕێت بۆ شتێکی تر، چونکە توانادارییەکانی پارێزراون و ئامادەگییەکانی هەروەك خۆیان ماون و تواناکانیشی نەبوون بە شتێکی تر، بەڵام ئەم هەموو شتانە روونتر بوونەتەوە و بوون بەشێکی ئاشکرا و دیار، بۆ نموونە مرۆڤ، بیرە، مرۆڤ بیردەکاتەوە لە کۆمەڵە بیرێك:"بەم رێگایە تەنها لە بیردا بیر دەبێت بەبابەت" واتە ئەو خودەی کە بیردەکاتەوە هەر لەهەمان کاتدا دەبێت بە بابەتی بیر کردنەوەش، چونکە عەقڵ ئەوە بەرهەم

[71] راجع شرح هذه المصطلحات بالتفصيل في كتابنا (المنهج الجدلى عند الهجيل) ص ١٥٤ ومابعدها.



دەهێنێ کە عەقڵییە و دەشبێت بە بابەتێك بۆ خۆی، هەرئەمەشە کە هیگڵ بە هۆشیاری خودی لەلای مرۆڤ Comsciousness ناوی دەبات و بەدرێژی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (فینۆمینۆلۆجیای گیان) دەیخاتەروو.

هیگڵ بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا جەخت لەسەر بیرۆکەی پەرەسەندن دەکات، کە بەدرێژای مێژوو لە راڤەکردنی رێرەوی فەلسەفیدا، دیاریکردنەکانی زۆرن، لەبەر ئەمە سەیر نییە کە هیگڵ جارجارە بگەڕێتەوە بۆ راڤەکردن و خستنە رووی و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە سەرەتا سەرتایەکی سادە و راستەوخۆیە و بەشێوەیەکی ئاسایی وەك پەتییەك دەردەکەوێت و هەرئەویش نەشونما دەکات و پەرەدەسێنێ و توانادارى و تۆخمەکانی ناوخۆی دەخاتە روو. بەم شێوەیە ـ لەوەوە کە ئەو دەیلێت ـ وا وێنای پەرەسەندن دەکەین، کە دەرکەوتنی ئەوەیە کەپەنهان و شاراوەیە و پۆشراوەو روونا کی نایگاتێ. ئەوەش کە بەشێوەیەکی ناوەکی لە شتێکدا هەبێت، هەرئەوەیە کە بەرووی ئاشکراییەکی راستەوخۆدا دەکرێتەوە، بەری بەڕوو، درەختی بەڕووەکەیە لەحاڵەتێکی کەشیانە (جَوّاني) یان ناوەکییانەدا( یان لە خۆیدا)، بەڵام ـ ئەو کە لەم بارەدابێت ـ وەك درەختی بەڕوو دەرناکەوێت. تەنها لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی پشکێنەردا دەتوانێت ئاوا دەرکەوێت: ئەم بیرکردنەوەیەش کە(لە ناو خۆیدا) درەختی بەرووەکە دەبینێ و دەزانێت، کە بەگوێرەی ئێمە ئەمە درەختی بەڕووە، واتە بەگوێرەی ئەوانەی کە بیرکردنەوەی خۆیان رایەڵ دەکەنە ناو ئەوەی کە لەناویدا پەنهانە، دواتریش ئەمە بەگوێرەی ئێمە درەختی بەڕووە، بەڵام بەگوێرەی خۆی ئاوا نییە، ئەوکات بەگوێرەی خۆی ئەوکاتە دەبێت بەدرەخت، کە نەشونما دەکات و بەشێوەیەکی راستەقینە دەبێت بەدرەخت، بەڵام هیگڵ وا دەبینێ کە گواستنەوەیە لەناڕاستەوخۆ و پەنهانیەوە بۆ ئاشکراو ڕاستەوخۆ[72].

کامە ناڕاستەوخۆ یان پەنهان یان پۆشراوە و دەگۆڕێت بۆ ئاشکرای راستەوخۆ و لە بووندا دەردەکەوێت، گۆمانی تیانییە، گۆڕانکاری زۆر و کۆمەڵە وەرچەرخانێك بەسەریدا دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی پرۆسەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتە هێشتا هەر بە تایبەتمەندییە کرۆکەیە دیارەکانی بەدرێژایی هەموو رێرەوەکە دەسەڵاتدارە، هیچ شتێکیش

[72] و.ت. ستيس (فلسفة هيجل) ص ٤٨ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام -دار الثقافة للطباعة و النشر بالقاهرة عام ١٩٧٥.

لەسیما بنچینەییەکانی خۆی لە دەستنادات، بۆنموونە رووەك، لەکاتی پرۆسەی پەرەسەندندا خۆی لەدەستنادات، ئەم رووەکە لە تۆوێکەوە دەستپێدەکات، هەرشتێکیش کە لە ساتەوەختی پەرەسەندنەکەدا دەردەکەوێت، پێشتر لە ناو ئەو دەستپێکەدا پەنهانبووە. بنەمای پەرەسەندن ئەوە دەگەیەنێ کە بوون ناکرێت هەر بەناراستەوخۆیی بمێنتەوە یان لە بوون بەهێز یان لە خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکو ناچار دەبێت بەرەو دەرکەوتن و بوونی کارەکی بڕوات، واتە ناچارە بە پەرەسەندن، ئەوەش کە پاڵی پێوە دەنێت بەرەو پەرەسەندن، ئەو لێکدژییە پەنهانەیە کە لە بوونی ناڕاستەوخۆی ئەودا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئارەزووی نییە بەوشێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام ئەم دەرکەوتنە ئامانجێکە و بەرەکەتی یان بەرهەمی تۆوەکەیە، کە دەبێتە هۆی گەڕانەوە بۆ باری سەرەتا، دواجار تۆوەکە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و ئەوەش لە ناویدا ناوەڕۆکەکەیەتی دەردەکەوێت، تاجارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ خۆی بۆ نوێکردنەوەی ئەو یەکبوونەی کە لێیەوە دەستیپێکردووە[73].

هەروەك چۆن لە رووەکدا پڕۆسەی پەرەسەندن تەواو دەبێت، ئاواش لەجیهانی گیاندا دەستپێدەکات و دەگاتە کۆتایی، ئەم پڕۆسەیە لە جیهانی گیاندا شتێکی بنچینەییە. گیان ژێکی راستەوخۆی مادەیە، گەر ماهیەتی مادە قورسی و هێزی ڕاکێشان بێت، ئەوا ماهیەتی گیان ئازادییە، دوای ئەمەش گیانی ئازادە بەڵام لە سەرەتادا لە خۆیدایە، واتە ئازادییەکەی ئازادییەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت، مێژووی فەلسەفەش گوزارشتە لە رێرەوێکی هزری، کە گیان تیایدا لە رووبەڕوو بوونەوەدایە، بۆ ئەوەی بگات بە هۆشیاری بەخۆی، واتە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەقینە ئازاد بێت. گیان تا ئازاد و رەسەن بێت، پێویستە تەنها پشت بە خۆی ببەستێ، واتە لەیەك کاتدا هەر دەبێت خودو بابەتیش بێت، ئائەمەیە کە هیگڵ بە هۆشیاری خودی ناوی دەبات، یان بەو هۆشیاریە ناوی دەبات، کە ئەوکات هۆشیاری بەخۆی پەیدادەکات، کە پەی بەجیهانی دەرەکی دەبات، مێژووی زانستیش جگە لەو ململانێیەی، کەگیان دەیکات تابگات بەم قۆناغە هیچی تر نییە، ئەم قۆناغەش: قۆناغی گەیشتنە بە هۆشیاری خودی[74] و

(73) Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.22.

(74) (محاضرات في فلسفة التاريخ) الجزء الاول ص ٣٤ ومابعدها -ترجمة د. امام عبدالفتاح امام -دار الثقافة للطباعة و النشر بالقاهرة عام ١٩٧٤.



گەیشتنی گیانە بە خۆی، ئەمەش وا پەسەندەکرێت ئەو ئامانجە باڵایەیە کە کۆششی بۆ دەکات. هەر بەتەنها ئەمەیە ئەوئامانجەی کە ئەو حەزدەکات پێیبگات و شتێکی تر جگە لەمە نییە، هەموو ئەو کارانە و هەموو ئەو چالاکییانەی، کە گیان لە زەمەندا پێیان هەڵدەسێ، کۆشش و ململانێن لە پێناو خۆناسیدا و لە پێناو ئەوەدا کە خۆی بکاتە بابەت بۆ خۆی و خۆی بدۆزێتەوە، بوونیشی لە پێناوی خۆیدا بێت. گیان بەش بەش و نامۆ دەبێت، تا بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و بگات بە خۆی.

تەنها بەم رێگایە گیان دەتوانێت بگات بە ئازادی خۆی" بەمەش ئەوەی کە ئازادە، ئەوەیە کە بەوی تروەوە پەیوەست نییەو پشت بەوی تر نابەستێت.

ئەوە بیرە کە وا لە گیان دەکات بتوانێت بگات بە قۆناغی ئازادبوون: بۆ نموونە لە پەیبردنی هەستەکیدا و هەروەها لە قۆناغی ویژدانیشدا، من خۆم وا دەبینمەوە کە گەمارۆدراوم و بەستراومەتەوە و ئازاد نیم، من ناتوانم ئازاد بم، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە هۆشیاریم بەم ویژدانەی خۆم هەیە، مرۆڤ کۆمەڵە ئامانجێکی بەشەکی و کۆمەڵێك بایەخدان و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی هەیە و بە شێوەیەکی راستەقینە ئازاد نییە، گەر ئەم شتانە هی خۆی نەبن، واتە موڵکی خۆی نەبن، چونکە ئەم ئامانجانە بە بەردەوامی (ئەویتر) دەگرنە خۆیان، ئەمانەش وەك ئارەزوو و پاڵنەرەکانن.. هتد، ئا ئەمەش مرۆڤ نییە.

بەڵام ئەوە تەنها بیرە، کە هەموو توخمێکی نامۆ تیایدا بزردەبێت و گیانیش لە ناویدا بە ئازادبوونێکی رەها ئازاد دەبێت.... هەر ئەمەشە کە فەلسەفە گوزارشتی لێدەکات[75].

لە راستیدا چالاکی عەقڵ یان گیان Mind ئەوەیە، کە خۆی بناسێت، من بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەم، بوونیشم بەم شێوەیە، بەوەیە کە من بوونەوەرێکی زیندووم، بەڵام من وەك بوونەوەرێکی عاقڵ بەو رێژەیە هەم، کە خۆم دەناسم، ئەم دەستەواژەیە بەناوبانگە (ئەی مرۆڤ خۆت بناسە) لەسەر پەرستگای دەلفی نووسراوە، ئەمەش فرمانێکی رەهایە، کە لە تایپە کرۆکییەکەیدا گوزارشتە لە عەقڵ، بەڵام هۆشیاری گرەنتی ئەوە دەکات کە ببم بە بابەت بۆ خۆم، بۆ ئەوەی لە پێناوی خۆمدا بم، بەم شێوەیەش ئەم دابەشبوونە هەمەکییە دەردەکەوێت:

(75) Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p.23.

عەقڵ یان گیان لە دەرەوەی خۆیدا خۆی دادەمەزرێنێ، واتە بەوەی خۆی بخاتە ناو تێدەرچوونەوە (تخارج)، یەکێك لە وێنەکانی تێدەرچوونیش ئەمەیە: زەمەن. بوون لە زەمەندا ساتێکی کرۆکییە لە پەرەسەندنی بیرۆکەی فەلسەفیدا، بەوەی کە بیرۆکەیەکی عەینییە، ئەمەشە کە بە پەرەسەندنی فەلسەفە جیاوازەکان لە زەمەندا ناوی دەبەین[76].

### ٦-لە پەتییەوە... بۆ عەینی:

لەو بۆچوونە باو وبڵاوانەی کەلە هەمانکاتدا- لەوەشدا هەیە کە هیگڵ دەڵێت- ئەو رایەی کە دەڵێت فەلسەفە تەنها بە شوێن پەتییەکاندا دەگەڕێت و لەگەڵ شتە گشتییە بەتاڵەکاندایە! ئەمەش ئەوە دەگەیەێنێ کە پەیبردنی هەستەکی و هۆشیاری خودیانەی ئەزموونی و غەریزەی سروشتی و هەست و سۆزی ژیانی رۆژانە- دەکەونە کەناری بەرامبەر بە فەلسەفەوە، چونکە ناوچەیەکی عەینی دەنوێنن ئەم بیرۆکەیەش دیاردەی پووچەڵ بوونەوەیە. بەڵام ناکرێت لەمە تێبگەین گەر لەو مەبەستە تێنەگەین کە لای هیگڵ وشەی پەتی و عەینی دەیگەیەنێ، ئەم دوو زاراوەیە لای هیگڵ مانایەکی هەیە، کە جیاوازە لە مانا باوەکەی، لای هیگڵ پەتییەتی واتای جەختکردنەوە دەگەێنێ لەسەر لایەك یان توخمێك و دوورەپەرێزی لە باقی توخمەکانی تر، هیگڵ لەگەڵ سپینۆز Spinoza دا، لەوەدا هاوڕایە، کە بیرە پەتییەکان ئەو بیرانەن کە لەناو تۆییە گونجاوەکەی خۆیان دوورەپەرێزن. و پەتیەتیش، لەوەوە کە (مایرز H.A. Myers)[77] دەیڵێت، مەترسی سەرەکییە لەسەر بیرکردنەوە، لێرەوەیە کە دەتوانین بڵێین خەڵکی لە ژیانی رۆژانەیاندا لە گەورەترین جۆری پەتییەتدا دەژین، چونکە لە ناو ئەو هەموو لایەنە جۆراوجۆر و فرە رەهەندەدا تەنها جەخت لەسەر یەك لایەن دەکەنەوە. لە لای هیگڵ عەینی: هەستەکی یان دیاریکراو نییە، وەك ئەوەی کە واتای وشەکە دەیگەێنێ، بەڵکو ئەوەیە کە کۆمەڵە رەگەزێکی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی و لە ناوەڕۆکەکەشیدا دەوڵەمەندە.

هەر لەبەر ئەمەشە کە رێبازە بەراییەکانی لە فەلسەفەدا گوزارشت لە پەتیەتی دەکەن، بەڵام رێبازە دواییەکانی بیرێکی عەینی دەنوێنێت کە بیرە بنچینەییەکانی ناو رێبازە پێشووەکانی گرتووەتە خۆی. هیگڵ دەڵێت: (فەلسەفە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی بیرەوە، هەر لەبەر ئەمەشە

(76) Ibid, p.32.

(77) H. A. Myers: Spinoza -Hegel paradox (preface) coernell University press, 1944.



دەبێت لە هەمەکییەکان بگەڕێت، لەوانەیە ناوەڕۆکەکەی پەتی بێت، بەڵام ئەمە تەنها لە رووی شێوەوە وایە، چونکە بیرۆکە لە خۆیدا عەینییە، هەروەها گوزارشتیش لە یەکبوونی نێوان دیاریکردنە هەمەچەشنەکان دەکات، ئالێرەشەوەیە، کە ناسینی عەقڵ لە ناسینی تێگەیشتن جیادەکرێتەوە. لێرەشەوە کە ئەرکی فەلسەفە بەوەی کە زانینێکی عەقڵی و دژ بەتێگەشتنە لەوەدا دادەبینین، ئەوەمان بۆ روونبکاتەوە کە حەقیقەت یان بیرۆکە لە کۆمەڵە گشتەکیەك پێکنایێت، بەڵکو خۆی هەمەکییەو لە هەناوی خویشیدا بەشەکی دەگرێتەوە و لەو تاکانەش جیانابێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کاتێك کە حەقیقەت پەتی بوو ئەو هەردەبێت ناڕاستەقینە بێت، واتە بەتاڵ و ساختەبێت.

عەقڵی مرۆیی تەندروستیش بەرەو ئەوە دەڕوات کە عەینییە، بەڵام تێگەیشتن لە سەرەتای رێگاکەدا دەردەکەوێت و پەتیی دەبێت و جەختیش لەسەر پرۆسەکانی پەتیەتی دەکاتەوە، کە لە راستیدا ئەرکە سەرکییەکەی: جیاکارییە لە نێوان لایەنەکانی شتێك و جەختکردنەوە لەسەر هەر لایەك لە لاکانی بەپێی خۆی و دانانی بە توخمێکی سەربەخۆ لە توخمەکانی تر، کە بەبێ ئەو هیچ بوونێکیان نییە، گەر تۆزێکی تر درێژە بەمە بدەین بەرە بەرە بۆمان دەردەکەوێت. کە ئەم پرۆسەی پەتیەتییە، راستەقینە نییە بەڵکو ساختەیە و هەردەبێت دوای ئەمە بە هۆی عەقڵ یان بیری تیۆرییەوە، کە بەرەو زانینێکی عەقڵی دروست رێنوێنیمان دەکات، راست بکرێتەوە، هەر ئەم بیرە تیۆریەشە کە بە خۆی زانینێکی فەلسەفیە... هەر لێرەشەوەیە کە فەلسەفە زیاتر لە هەموو جۆرەکانی تری مەعریفە رووبەڕووی پەتیەتی و دوورە پەرێزی و تاکلایەنی دەبێتەوە، چونکە بە پێچەوانەوە، فەلسەفە رێنوێنی مرۆڤ دەکات بەرەو عەینی.[78]

بە دوایەکهاتنی رێبازە فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژوو ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە رەوتی مێژووی فەلسەفی لە پەتییەوە بەرەو عەینی ئاراستە وەردەگرێت و بە فەلسەفە پەتییەکان دەست پێدەکات: ((چونکە فەلسەفە یەکەمجار وادەست پێدەکات کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەتیی و گشتی و ناڕاستەوخۆ بێت و چیتر بەرەوپێش نەڕوات و پەرەنەسێنێ و دەرنەکەوێت. بەڵام ئەو فەلسەفەی یەکەم لە رووی دیاریکردنەکانەوە هەژار ترینیانە، واتە لەو رووەوە کە دەکرێت لە هەناوی خۆیدا بیرۆکەی فەلسەفەی هەڵگرتبێ هەژار ترینیانە، دوای ئەمە ئەو

(78) Hegel: “History of philosophy” Vol.I, p.24, 25.

فەلسەفانەی کە دەوڵەمەندترن، دەردەکەون. وادەردەکەوێت ئەم رەوتە تەواو پێچەوانەی ئەو بۆ چوونانەبێت کە یەکەمجار لە لای ئێمە هەیە، بەڵام شتێکی ئاساییە بیرە فەلسەفییەکان راستەوخۆ دژی بیرە باوەکانن))[79].

لە راستیدا پەرەسەندنی رێبازە فەلسەفییەکان لە مێژوودا، لە لایەنە میتافیزیکییە پوختەکەوە تەریب و بەرامبەری پەرەسەندنی کاتیگۆرییەکانە لە لۆژیکدا، چونکە هەر کاتیگۆرییەك لە کاتیگۆریەکانی لۆژیکی هیگڵ رێبازێکی فەلسەفی دیاریکراوی کورتکردووەتەوە و بەمەش گوزارشت لەوە دەکات کە بیری فەلسەفە لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراودا پێگەیشتووە.

ئالێرەوەیە -وەك هیگڵ دەبینێ- لۆژیك لەوێوە دەستپێدەکات کە مێژووی راستەقینەی فەلسەفە دەستپێدەکات: فەلسەفە بە قوتابخانەی ئیلییە دەستپێدەکات، کە فەلسەفەکەی جەخت لەسەر کاتیگۆری بوون دەکاتەوە، کە لە ریزبەندی کاتیگۆرییەکاندا یەکەم کاتیگۆرییە، لە هەمانکاتیشدا لە هەموویان پەتی تر و هەژار ترە، دوای ئەمە بووزیەت گوزارشتی لە کاتیگۆری دووەم کرد کە کاتیگۆری عەدەمە. هیراقیلیتیش یەکەم کەس بوو، کە گوزارشتی لە یەکەم بیرۆکەی عەینی کرد، کە لە هەناوی خۆیدا دوو کاتیگۆری تری لە خۆگرتبوو، ئەم بیرۆکە عەینییەش کاتیگۆریی خۆگۆرکێیە، کە هەردوو کاتیگۆری بوون و عەدەم لە خۆی دەگرێت. بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفە دەڕوات و تێدەپەڕێت و گوزارشت لە زنجیرە کاتیگۆڕیەك لە رێبازە فەلسەفییەکاندا دەکات و لە توێکڵە دەرکییەکەی خۆی دێتە دەرەوە -تا ئەم زنجیرەیە لە کاتیگۆری بیرۆکەی رەهادا بگاتە لوتکەی خۆی، کە ئەو کاتیگۆرییەیە رێبازەکەی هیگڵ گوزارشتی لێدەکات! مانای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو رێگایە دیالێکتیکییەی کە مێژووی فەلسەفە لەسەری دەڕوات، شتێکی نوێی ناچێتەسەر، چونکە ئەو رۆڵەی کە بەگوێرەی مێژووی فەلسەفە پێی هەڵدەستێت ئەوەیە ئەوەی کە لە سەردەمەکانی رابڕدوودا لە بارەی بیرەوە وتراوە، جارێکی تر بخاتەوەڕوو[79].

(79) امام عبدالفتاح امام: (المنهج الجدلی عند هیجل) ص ١٤٩.

(79) ا قارن المرجع السابقة ص ١٣٥-١٥٠.



## ٧- پەرەسەندنی رێبازە فەلسەفییەکان

مانای ئەمەش ئەوەیە کە فەلسەفە بەراییە یەکەمەکان لە هەموو فەلسەفەکانی تر زیاتر پەتیی و هەژارن ... ئەمەش بە تەواوەتی لەگەڵ ئەو بنچینە گشییانەی رێبازی هیگڵیدا هاورێك دێتەوە، کەوا دەبینێ هەموو قوناغێکی یەکەمی ئەم تایبەتمەندیەیی تیایە -لەم فەلسەفانەدا کەمترین دیاریکردن بۆ بیر هەیە و کۆمەڵە گشتەکییەکی تیایە (واتە بیری گشتی یان کاتیگۆرییەکان) کە چیتر وەدی نەهاتوون. هەر دەبێت ئەمە زەینی مێژوو نووسی فەلسەفەدا روون بێت، تا لەوە زیاتر لە فەلسەفە کۆنەکان نەخوازێت کە لە باریاندا هەیە و دەیبەخشن، یان بارێکی وایان بدات بە کۆڵدا کە توانای هەڵگرتنی بارێکی ئاوایان نەبێت. هەر لێرەشەوە کە ئێمە نابێت لەم فەلسەفانە دیارکردنەکان و دیاریکردنە هزرییەکان یان کاتیگۆرییەکان داوا بکەین[80].

ئەمانە ناکرێت دەرکەون لەگەڵ دەرکەوتنی هوشیارییەکی قووڵترو پەرەسەندنێکی دوور مەوداتری گیاندا نەبێت. شتێکی بێمانایە گەر ئێمە ئەوە بکەین کە هەندێك لە مێژوونوسان کردوویانە، واتە لەبارەی ئەوەوە بپرسن کە فەلسەفەی (تالیس) بە خواوندگەریەتی پەسەنکرێت یان بە ناخواوەندگەریەتی ...! یان ئایا تالیس بوونی خوایەکی بەرجەستەی سەلماندووە، یان تەنها بوونێکی هەمەکی نابەرجەستەی سەلماندووە...؟ ((چونکە ئەم پرسیارە لێرەدا بە رێژەیەکی خودی بە بیرۆکەیەکی باڵاوە پەیوەستە، واتە وێناکردنی کەسیەتی خودا.. ئەم جۆرەش لە کەسیەتی کە ئێمە لە ئێستادا لێی تێدەگەین دەوڵەمەندتر و چڕوپڕ ترە (لەوەی کە لە فەلسەفەی تالیسدا هاتووە)، دوای ئەمەش ئەمە گوزراشتە لە بیرۆکەیەکی درەنگ وەختتر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە نابێت لە سەردەمە یەکەمە بەراییەکاندا بۆی بگەڕێین... ئەگەر هاتو ئێمە بیر و باوەڕی تایبەتی خۆمان بەکارهێنا تا لە رێگەیانەوە بڕیار لەسەر ئەم بۆچوونە قووڵانە بدەین، ئەوە بێگومان بڕیار دەدەین کە فەلسەفە کۆنەکان ناخوداگەرن. بەڵام بڕیارێکی ئاوا هەردەبێت بڕیارێکی بەتاڵ بێت، چونکە بیرەکان وەك بیر لە توانایاندا نییە کە لە

(80) Hegel: op. cit. p.41

سەرەتادا بگەن بەوەی کە ئێمە پێی گەیشتووین[81]. گومانی تیانییە ئێمە ئێستا چەمکەکانی خوداگەری لە دواین فەلسەفەدا دادەڕێژین کە پەرەسەندوتر و قوولتر و دەوڵەمەندترە[82].

نموونەی ئەم جۆرە سەیرکردنە بۆ فەلسەفە و مێژووی فەلسەفە، بەرز ڕاگرتنی ئێستانییە تەنها لەوەوە نەبێت کە ئێستا ئەو لوتکەیە کە پەرەسەندنی ڕابردوو پێگەیشتووە، پاشان ئەم سەیرکردنە لەوە دوورمان دەخاتەوە کە بە چاوێکی ڕەتکەرانەوە لە ڕێبازە فەلسەفییەکانی ڕابردوو بنواڕین و وابیبنین کە ئەم ڕێبازانە هیچ شتێکیان لێ چاوەڕێ ناکرێت و لێکۆڵینەوەکەمان هیچ سوودێکی نابێت، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە دەست پێبکەین و هەموو شتێ سەر لە نوێ بونیاد بنێینەوە، ئەمە بۆچوونی کەسێکی وەك دیکارتە، کە بانگهێشت بۆ ئەوە دەکات، گەر گونجاوبێت فەلسەفەیەك دامەزرێت، ئەمە بەبێ ئەوەی هەموو ئەوەی لە ڕابردوودا هەیە فڕێدەین جێبەجێ نابێت و سەرناگرێت، بۆ ئەمە دەبێت هەموو ئەوەی کە پێشینان وتوویان چاوپۆشی لێبکەین، یان بەبێ گوزارشتەکەی خۆی، خۆمان لە هەموو ئەو بیرانە ڕزگارکەین کە بۆمان ماونەتەوە، سەر لە نوێ هەڵسین بە دامەزراندنی ڕێبازێکی فەلسەفی، دوای ئەمیش بیرمەندێکی وەك ئیمرسۆن Eemrson بەرچاومان دەکەوێت، کە گوزارشت لە هەمان ڕاو بۆچوون دەکات لەسەر زاری سروشت دەڵێت (ئەی مرۆڤ دنیا بەردەمت دنیایەکی نوێیە و لە هەموو ساتێکدا نوێیە، مەبەستێ بە شتێکەوە کە لە ڕابردوودا زانیوتە، بەڵکو دەبێت هەموو شتێك سەر لە نوێ دەستپێبکەیتەوە. بەڵام دیکارت و ئیمرسۆن و ئەوا فەیلەسوف و بیرمەندانەش کە وەك ئەوانن، بە هەڵەدادەچن، کاتێك کە بە چاوێکی ڕەتکەرانەوە لە کەلەپووری پێشینەکان دەڕوانن، چونکە دیکارت هەر خۆی لەسەر بنچینەی ڕێبازە پێشینەکان ڕێبازەکەی خۆی دامەزراندووە[83].

تێڕوانینی هیگڵی بۆ مێژووی فەلسەفە ڕێگامان لێدەگرێت، بەو ئاراستەیەدا بڕۆن کە لۆمەی ڕێبازە کۆنەکان بکەین. کاتێك کە ئێمە کۆمەڵە بیرێکی دیاریکراویان تیانادۆزینەوە ئەو لەبەر ئەوەیە ئەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییەی کە تیایادا دەرکەوتوون کاری لەسەر پێگەیشتنیان نەکردووە

[81] Hegel: op. cit. p.42.

[82] دکتور عبدالرحمن بدوی في کتابه: (ربیع الفکر یونانی) ص ٦.

[83] Ibid, p.39.



-وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا- ئەمەش ڕێگەمان لێدەگرێت کە بارێك بخەینە سەر شانی فەلسەفەکان کە بارياندا نەبێت و نەتوانن هەڵیگرن، یان کۆمەڵە بیرێك بدەینە پاڵیان کە بە خەیاڵدا نایێت: بەم شێوەیە لەلای زۆربەی مێژوونوسانی فەلسەفە هەڵەکان سەرهەڵدەدەن، کاتێك کە ئەوان ژمارەیەك لە مەسەلەی میتافیزیکی دەدەنە پاڵ فەیلەسوفێك، کە خۆی لە بارەیانەوە هیچ شتێ نازانێت و هیچ پاشماوە و شوێنپێیەکیشیان لە مێژوودا نییە -بۆ نموونە- لە کتێبی مێژووی فەلسەفەدا کە (بروکری Brucker) دایناوە، لیستێك کە سی یان چل یان سەد تیۆری تیایەو لە تالیس و کەسانی تر وەرگیراوە، بەبێ ئەوەی لە تواناماندا هەبێت بچین بە شوێن یەك بیرۆکەدا کە لەناو ئەو لیستەدا هەیە و بیگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوە ڕاستەقینەکەی لە لای یەکێك لەو فەیلووسەفانە، هەر بەم شێوەیە دەبینین (بروکر) ئەم گوتەیەی خۆی: (هیچ شتێك لە ناشت دەرنایێت Ex Nihilo Nihil Fit) دەداتە پاڵ تالیس، یان تۆ ناتوانیت لە ناشت شت دەربهێنی، یان شتێك لە شتێك دەربهێنی کە تیایدا نییە، (بروکر) ئەوانەی کە گوتەی تالیسەوە هەڵهێنجاوە (ئاو بە تاڵە یان هەتاهەتاییە)! دوایش درێژە بە دەرئەنجام کاریەکی خۆی دەدات و بۆ ئەوە دەچێت کە لەبەر ئەوەی کارەکە ئاوایە، هەر دەبێت تالیس بخرێتە ریزی ئەو فەیلەسووفانەوە کە ئینکاری ئەوە دەکەن خولقان لە عەدەمەوە هەبێت، لە کاتێکدا ئەمە بابەتێکە -بە لایەنی کەمەوە لە ڕووی مێژووییەوە- تالیس هیچ شتێك لە بارەیەوە نازانێت.

دەتوانین مامۆستا (ریتر Ritter)یش بە نموونەیەکی تر بزانین بۆ ئەم ڕێبازە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کتێبەکەی خۆی (مێژووی فەلسەفەی ئەیۆنی) زۆر بە بایەخ پێدانەوە نوسیووە. بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە ئاگاداری و پەرۆشییەوە هەوڵیداوە بیر و بۆچوونی نامۆ و بێگانە نەچنە ناو بیرو بۆچوونی فەیلەسووفەکەوە -بەڵام سەرەڕای ئەمەش شتانێکی زۆر زیاتر لەوەی کە مێژووی فەلسەفەدا هەیە دەداتە پاڵ تالیس! ئەو دەڵێت: (سەرباری ئەمەش هەر دەبێت ئێمە واسەیری سروشت لای تالیس بکەین، کە لە ڕووی بنەماوە دینامیەتە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تالیس وا لە جیهان دەڕوانێت، کە گیانلەبەرێکی زیندوە و هەموو شتێك دەگرێتەوە و لە میکرۆبێکەوە پەردەسێنێ و حاڵیشی هەروەك حاڵی گیانلەبەرەکانی ترە، ئەم میکرۆبەش یان لەشێدایە یان ئاو، هەروەك ئەو بارەی کە هەموو گیانلەرەکانی تری تیایە).

لەسەر ئەو بناغەیەش، بیرۆکەی بنچینەیی لای تالیس ئەوەیە جیهان زیندووە و لە مێکرۆبێکەوە پەرەی سەندووە، وەکو هەر گیانلەبەرێکی تر لە ڕێگەی ئەو خواردنەوە کە گونجاوە لەگەڵ سروشتیدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، ئەو گوتانەش زۆر جیاوازن لەو گوتانەی کە ئەرستۆ لە بارەی فەلسەفەی تالیسەوە دەیانلێت! ئیمە نابێت بە هۆی -ئەم جۆرە لە ئەنجامگیریەوە- والە فەلسەفەی کۆن بکەین شتێکی تەواو جیاواز بێت لەوەی کە لە بنەڕەتدا هەیە(84).

ئەم ڕێبازە سەیرەی کە (برۆکر) و (ریتر) و جگە لە مانیش دەیگرێتەبەر، بەرەو ئەوەمان دەبات کە بەو شێوەی ئارەزوو دەکەین، فەلسەفەی پێشینەکانی شیوەگێر بکەین، بەشێوەیەکی وا کە ئەم فەلسەفانە گوزارشت لە وێنەیەك بکەن کە لە بیرکردنەوەی پوختی ئێمەدا هەیە!

بەرەوپێشچوونی پەرەسەندن، واتە دەرکەوتنی فەلسەفەیەك لە سەردەمێکی دیاریکراودا کە خاوەنی کەلتوورێکی دیاریکراوە، دوای ئەمەش دەرکەوتنی کۆمەڵە دیاریکردنێکی هزری دیاریکراوە، هەورەها ئەوەش دەگەیەنێ کە بیرۆکەی سەراپاگیر بەقۆناغێکی دیاریکراو گەیشتووە، هۆشیاریش بۆ پلەیەکی بەشەکی تایبەت پەرەی سەندووە. پێویستە مێژووی فەلسەفە لەم جۆرە لە پەرەسەندن بکۆڵێتەوە بۆ دەرکەوتنی بیر و پێشکەوتنی هۆشیاری. لێرەیە کە دەبێت لە بەکارهێنانی وشەکان و لێکۆڵینەوە لە بیرەکان، خۆمان بەوردەکارییەوە ببەستینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەکارهێنانی (دیارکردنە هزریەکان) یان کاتیگۆرییە فرەپەرەسەندووەکان سەر بە هوشیاری فەیلەسوفێك نییە کە بیروڕا پاشینەکان بەسەر پەرەسەندنی فەلسەفەدا دەسەپێنێ، ئەمەش هەڵەیە کە زۆرجار مێژوونوسانی فەلسەفە تێیکەوتوون، هەر لەبەر ئەمەشە ئەرستۆ بڕیاردەدات تالیس بنەمای هەموو شتێکی بە (ئاو) داناوە، بەڵام (ئەنکسماندەر) کە قوتابی ئەو بووە یەکەم کەسە کە وشەی (بنەما) بەکاردەهێنێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە تالیس هیچ زانیارییەکی لە بارەی بیرۆکەی (بنەما)وە نییە، بەڵکو واسەیری بنەمای کردووە، کە سەرەتایە لە زەمەندا نەك بنەمایەکی بنچینەییە، تالیس بیرۆکەی هۆکار ناباتە ناو فەلسەفەکەیەوە، هەتا ئەو کاتەش هێشتا هەر هۆکاری یەکەم بیرۆکەیەکی پەرەسەندوتر پێشکەوتووتر دوور مەوداتری دەنواند، چەندەها

(84) Hegel: “History of philosophy” Vol. I. P.44.



میللەت هەن کە سەراپای بچووکترین بیرۆکەیان لە بارەی وێناکردنی هۆوە بە هیچ شێوەیەك نییە، چونکە هەنگاوێکی باڵاتر لەسەر ڕێگای پەرەسەندن لە خۆی دەگرێت(85).

ناوکۆییەتی لۆجیکی بۆ بیر چۆنە، ئاواش هەموو وێنەیەك لە وێنەکانی بیر، شوێنی خۆی هەیەو هەر خۆیشی بە تەنها بەسە بۆ ئەو شوێنە، ئەم وێنەیەش لە ڕێگەی پەرەسەندنێکی پێشکەوتووخوازی بەردەوامەوە، دەبێت بە توخمێکی لاوەکی، لە مێژووی فەلسەفەشدا هەر هەمان شتە: هەموو ڕێبازێك مەغزایەکی قووڵی هەیە، لەو کاتەدا کە وەك هەمەکییەك دەخزێنرێتە ناو کۆیی پەرەسەندنی مێژووییەوە. بەشێوەیەك کە وەك هەڵقەیەك لە زنجیرەی پێشکەوتنێکی بەردەوامدا دەردەکەوێت و لە پەرەسەندنی هەموو پرۆسەکەشدا قۆناغێکی بەشەکی دەنوێنێ، کاتێك بەهایەکی ڕاستەقینە و مەغزایەکی قووڵی دەبێت، دەبێتە خاوەنی شوێنێکی دیاریکراو، دەکرێت بەپێی ئەم دیاریکردنە بە وێناکردنێکی ڕاستەقینە وێنای سروشتە تایبەتەکەی بکەین. کاتێکیش کە دەمانەوێت بڕیارێکی دادوەرانە لەسەری بدەین هەر دەبێت لەم دیدەوە سەیری بکەین، لەم کاتەشدا هیچ شتێك لە هیچ فەلسەفەیەك ناخوازین، جگە لەوەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە خستوویەتییەڕوو، چاوەڕێ شتێکی زیاتری لێناکەین، نابێت بەشوێن تێر بوونێکی تەواو و ڕازیبوونێکی کاملدا بگەڕێین، چونکە ئەمە لە پەرەسەندنێکی کاملتری زانینیدا نەبێت دەستناخرێت، کەواتە پێویستە چاوەڕێ ئەوە نەبین کە وەڵام بۆ پرسیارەکانی هۆشیاری ئێستامان و بایەخدانەکانمان لە جیهانی هاوچەرخمان لەوەدا بدۆزینەوە کە فەیلەسوفە پێشینەکان پێشکەشیان کردووە: پرسیارگەلێکی لەم جۆرە پێشتر گریمانەی ئەوە دەکات، کە پەرەسەندنێکی دیاریکراو لە بیردا هەیە، دوای ئەمەش هەموو فەلسەفەیەك سەر بە سەردەمی تایبەتی خۆیەتی و لە ناویدا گەمارۆ دراوە. بە سنوورەکانیشی سنوربەندکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە لە پەرەسەندندا بۆ قۆناغێکی بەشەکی دەدرەوشێتەوە.

تاکەکەس بەرهەمی کۆمەڵگای خۆی و دنیای خۆیەتی و لەناویدا وێنەکەی لەناو پێکهاتنی خۆی و سیفەتەکاندا دەدرەوشێتەوە، ئەو ناتوانێت لە سەردەمەکەی خۆی هەڵبێت، چۆن

(85) Ibid.

ناتوانێت لە پێستی خۆی بێتە دەرەوە[86]. ئەو چۆن سەر بەیەك عەقڵی هەمەکییە، کە کرۆك و شێوەی تایبەتی خۆی شێوەگیر دەکات... ئیتر دەتوانێت لە دەستی هەڵبێت...؟ ئەمە هەرهەمان ئەو عەقڵە هەمەکییەیە، کە لە رێگەی بیرەوە فەلسەفە گوزارشتی لێدەکات، فەلسەفەش خودی بیری عەقڵی هەمەکییە، دوای ئەمەش هەر ئەو ناوەڕۆکە، کرۆکیەییەتی، هەموو فەلسەفەیەك سەردەمێکی تایبەتی هەیە، هەڵقەیەکە لە هەموو زنجیرەکەدا: کە زنجیرەی پەرەسەندنی گیانییە، دواتریش ئێمە دەتوانین لە ناویدا تێربوونی ئەو گرنگیدانەی خۆمان بدۆزینەوە، کە سەر بەسەردەمێکی بەشەکی دیاریکراوە[87].

هەر لەسەر ئەم بناغەیە، فەلسەفە بەراییەکان ئەو عەقڵە تێرناکەن، کە بەسەر ئەو وێناکردنانەدا زاڵ دەبێت کە قووڵتر، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەوەی کە عەقڵ لە فەلسەفەدا بۆی دەگەڕێت، ئەو وێناکردنە قووڵەیە کە، چیتر ناوەڕۆکەکەی شێوە گیرناکات، لێرەوەیە، ئەگەر فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و فەلسەفەکانی تریش بە بەردەوامی زیندوو و ئامادەبن، هەروەك چۆن بنەماکانی ئەم فەلسەفە ئامادەن، بەڵام هەر ئێمە ناتوانین باوڕ بەم دوو فەلسەفەیە بهێنین، هەروەك چۆن ناتوانین بیانژێنینەوە! هەر لەبەر ئەمەشە ئەمڕۆ لەناو ئێمەدا: ئەفلاتوونی یا ئەرستۆیی یا رەواقی یا ئەپیقۆری ....هتد نادۆزینەوە، چونکە ژیاندنەوەی ئەم فەلسەفانە هیچ نییە جگە لە گەڕاندنەوەیان بۆ دواوە و بۆ قۆناغە یەکەمییەکان. ناکرێت ئەمە رووبدات، نەك هەر ئەمەش، بەڵکو کارێکی مەحاڵە و گێلیەتییەکی گەوەرەیە، ئەمە هەروەك ئەوە وایە پیاوێك هەموو تواناکانی بخاتەکار بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی گەنجیەتی! یان گەنجێك زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەوەی ببێتەوە بە مێردمنداڵ: لە کاتێکدا: پیاو و گەنج و منداڵ گوزارشت لەیەك کەس دەکەن! راستە کە بە درێژایی مێژوو هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی فەلسەفە کۆنەکانی وەك ئەفلاتونیەت و ئەرستۆییەت.... هتد زیندو بکرێتەوە، تەنانەت (جاسندی) لە سەردەمە نوێکاندا هەوڵی ژیاندنەوەی ئەپیقۆریەتی دەدا، بە رێڕەوی ئەپیقۆریەکان لە فەلسەفەی سروشتی دەکۆڵییەوە، بەڵام هەوڵەکەی سەرنەکەوتوو بوو، چونکە

---

[86] قارن عرض هیجل لهذه الفكرة في كتابه: (فلسفة الحق) حيث يقول: (ان كل واحد منا هو ابن عصره، وربيب زمانه، و الفلسفة هي عصرها ملخصا في الفكر) The philosophy of Right p.11. Eng. Trans. By M. Knox, London 192 T.

[87] Hegel: "History of philosophy" Vol. I, p.45.



هیچ بەهایەکی بە هۆکاری پەرەسەندن نەدەدا و فەرامۆشی دەکرد و بەسەر کەلتووری سەردەمەکەدا تێدەپەڕی! ئەوەی کە لە مێژوودا بە ماوەکانی (ژیاندنەوە) ناودەبرێت، جگە لە ماوەکانی گوازستنەوە کە تیایدا کۆمەڵە وێنەیەك لەناو فەلسەفەکانی رابردوودا فێردەبین، و لە رێگەیەوە هەنگاوە پێویستەکانی سەر رێگای پەرەسەندن دەزانین، هیچی تر نییە.

کاتێك کە فەلسەفەی نوێ داوای ئەوەی  کرد، کە بە هەمان رێگا بەرەو خاڵی سەرەتای فەلسەفە کۆنەکان (بە تایبەتی ئەفلاتوون) روو وەرگێڕێت، ئەوا ئەم داوایە جگە لە دوایەکی ناماقووڵ هیچی تر نییە، ئەمە هەروەك ئەوەیە کەسێك داوا لە کۆمەڵە کەسێکی دینداری ناو کۆمەڵگای نوێ بکات بۆ ئەوەی (پشتاوپشت) بگەڕێیەوە بۆ ئەو خوو رەوشت و بیروباوەڕەی کە کەسێك لە جەنگەڵەکانی ئەمریکای باکوردا هەیەتی: گەڕانەوەیە بۆ پەتیەتی، یان بۆ بیرێکی پەتی بەتاڵی هەژار، پێویستە وا لەمە بڕوانین کە بڕیارێکە سەرچاوەکەی لە نەبوونی توانای چێژ کردنە لەو ماوە دەوڵەمەندە پەرەسەندووەی کە لە بەردەمیدا هەیە و هەر ئەویشە داوای ئەو دەکات بەسەریدا زاڵبێت و بتوانێت لە رێگەی بیرەوە لە خودی قووڵاییەکانی بکات، هەوڵیشبدات بە شوێن پەناگەیەکدا بگەڕێت کە لەو کێشەو نارەحەتیانەی کە هەن رزگاری بکات و بەرەو نەزۆکی و قات و قڕی هەڵبێت[88].

## ٨- دەرئەنجامەکانی تێڕوانینی هیگڵی:

هیگڵ پێی وایە کۆمەڵە دەرئەنجامێك هەن کە لەسەر وێناکردنی پێشینەوە بۆ مێژووی فەلسەفە دادەمەزرێن، دەکرێت گرنگترنییان بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

***یەکەم:*** یەکەم دەرئەنجام کە لەوەی پێشوو دەکەوێتەوە، گەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە یادی بهێنینەوە، ئەوەیە، کە مێژووی فەلسەفە هەمەکییە کە لە کۆمەڵە هەڵقەیەکی پەیوەست بەیەکەوە پێکدێت و زەرورەتێکی ناوەکی پاڵی پێوەدەنێت و دەیبات بەرێوە، بەرەو پشێچوونێکی عەقڵییە و روکەشی لەناو بزردەبێت، مێژوو فەلسەفە بە دیارکردنێکی رەها دیاریکراوە، دروست وەك دیاریکردنی بیرۆکە سەراپاگیرەکان، هێزی پاڵنەری ئەم مێژووەش

---

[88] Ibid p.47, 48.

دیالێکتیکی ناوەکی وێنەی ڕێبازە فەلسەفییەکانە: (چونکە بیرۆکەی ناوەکی ئەم وێنە کۆتادارە دەسڕێتەوە).

**دووەم:** دەرئەنجامی دووەمیش ئەوەیە کە هەموو فەلسەفەکان تائێستاش هەر پێویستن و یەکێکیشان نییە، کە تواییێتەوە و لەناو چووبێت، بەڵکو لە هەموویاندا توخمی ئیجابی هەیە. پێویستە بنەمای بەشەکی ئەم فەلسەفانە و وەدیهاتنی کارەکی ئەم بنەمایە لە ڕێگەی نەخشە هەمەکییەکەوە، لە یەکتری جیابکەینەوە: بنەماکە هەر دەمێنێتەوە و دواین فەلسەفەش دەرئەنجامی هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆیەتی، ئالێرەوەیە کە فەلسەفەیەك نییە، بنەبڕ کرابێت و پووچەڵ کرابێتەوە: چونکە ئەوەی کە پووچەڵ دەکرێتەوە و لەناو دەبرێت بنەمای فەلسەفە نییە، ئەوەی کە پووچەڵ دەکرێتەوە، ئەوەیە کە دەوترێت بنەمای سروشتێکی کۆتاییانە و ڕەهای نییە، بۆ نموونە فەلسەفەی گەردی، ئەوەی سەلماند کە گەرد، بوونێکی ڕەهای هەیە و هەر خۆیشیەتی کە دابەشبوون هەڵناگرێت، سەرەڕای ئەمەش تاکە یان خودە. ئەم تیۆرە ڕەت کرایەوە و چیتر (گەردیلەکان) نەمان، بەڵام هەر بنەماکە هەیە، دەکرێت بڵێین بنەماکە عەقڵ خۆیەتی یان گەردە، بەڵام ئەم وەسفکردنە هیچ ناگەیەنێ جگە لەوەی کە تۆ سروشتێکی قووڵ بدەیتە پاڵی کە گوزارشت لە هیچ شتێکی قووڵ لەناویدا نەکات. ڕاستە کە بنەمای گەردی تا ئێستاش هەر ئامادەیە، بەڵام چیتر بنەمایەکی ڕەها نییە، ئەم جۆرە لە لێکدژی لە هەموو پەرەسەندنێکدا دەردەکەوێت: نەشونماکردنی درەخت واتە سەلبکردنی تۆو، گەشەکردنی گوڵ واتە سەلبکردنی گەڵا و گوڵ ئەوە ئاشکرا دەکات، کە گوڵ وێنەیەکی ساختەیە لە وێنەکانی بوونی ڕووەك، لەگەڵ ئەمەشدا هەریەك لەوانە ڕوناکی نابینن گەر قۆناغە پێشووەکان نەهێننەپێشەوە. ئالێرەوەیە کە سەیرکردنێکی لێکدژانەوە لە مێژووی فەلسەفە دەڕوانین، ئەم سەیرکردنەش لە هەمانکاتدا لایەنێکی ئیجابی و لایەنێکی سەلبی تێدایە[89].

**سێیەم:** هەر بنەمایەك لە بنەمای فەلسەفە جیاوازەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوی ناو زەمەندا باو دەبێت، کاتێکیش ناوکۆیی هەموو جیهان لە ڕێگەی ئەم وێنە تایبەتەوە ڕاڤەدەکەین. ئەوا لەم حاڵەتەدا، ئەو ڕاڤەکردنەی کە بە ڕێبازی فەلسەفی ناودەبەرێت، لە ڕاستیدا هەردەبێت لە

[89] Ibid, p.38.



لێکۆڵینەوەی ئەم ڕێبازەوە کەوتبێتەوە، بەڵام چونکە ئەم بنەمایە ڕێبازێکی لەسەر دامەزراوە، هەرخۆی پەتیە، -هەر لەبەر ئەمەش- بەشی ئەوە ناکات، ئەو وێنەیەی کە سەر بە وێناکردنی ئێمەیە بۆ جیهان لە خۆی بگرێت و ڕێیبکاتەوە. بۆ نموونە بنەماکانی دیکارت بە تەواوەتی شیاون بۆ ئەوەی لەسەر میکانیزمەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵام بۆ شتێکی تری جگە لەمە دەست نادەن، لە ڕاڤەکردنی بۆ بوونەوەرەکانی تری ناو جیهانیش، وەك: ڕووەك و گیانلەبەر... هتد ئەم ڕاڤەکردنە بەس نییە و جێگەی باوەڕهێنانیش نییە[90].

چوارەم: دەرئەنجامێکی تر کە لەمە دەکەوێتەوە، ئەوەیە، پێویستە مێژووی فەلسەفە لێکنەدەینەوە، کە سەرەڕای ئەوەش مێژووە، لە ڕابردوو دەکۆڵێتەوە، چونکە بەرهەمی عەقڵ ناوەڕۆکی ئەم مێژووە شێوەگیر دەکات، بەمەش چیتر بە ڕابردوو دانانرێت، چونکە ئەوەی کە لە مێژووی فەلسەفەدا پێیدەگەین، هەقە، ئەم هەقەش نەمرو هەتا هەتاییە، شتێك نییە کەئێستا هەبێت و دوایی نەبێت: حەقیقەتێکە بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ نییە، بەڵکو سنووری زەمەن دەبەزێنێ و بەسەریدا بەرزدەبێتەوە، ڕاستە کە وێنەی مادی و جەستەی ئەم عەقڵە مەزنانە - واتە ئەو فەیلەسووفانەی کە پاڵنەرانی ئەم مێژووەن- واتە بوونی زەمەنی و ژیانی دەرەکی ئەمانە کۆتاییان پێکهاتووە و بەسەرچووە، بەڵام بیر و بۆچوونەکانیان تائێستاش هەر زیندوون و کاردەکەن و کاریگەری دادەنێن، ئەو ناوەڕۆکە عەقڵییەش کە ئاشکرایان کردووە خەونێك نییە، چونکە فەلسەفە جۆرێك لە جۆرەکانی گەشتی خەو ئامێز و کپبوونەوەیەکی گوێزەرەوانە نییە! بەڵکو هوشیاریەکی پەرەسەندووە و گیانێکی چالاك و کاراو خەباتکەرە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. ئەوەش کە ئەو پاڵەوانانە پێی هەڵساون ڕوچوونە بەناو قووڵاییەکانی عەقڵدا و کردنەوەی بوخچەنەکراوەکانی گیانە و هەڵکۆڵینە لە قووڵترینی قووڵاییەکاندا بۆ دۆزینەوەی جەوهەر یان دۆزینەوەی ماهییەت و پێشکەشکردنی بە ئێمە لە ڕۆژی ڕۆناکدا. واتە دەیخەینە بەردەم هۆشیاری و زانین و بێدارییەکی تەواو و بە ئاگاهاتنەوەی بەردەوام و هەمیشەیی. دوای ئەمەش کارەکانیان پەرستاگای یادەوەرەی جێ ناهێڵین، یان لەیاد چوون وەك کۆمەڵە بیرێك کە کاتیان نەمابێت و بەسەرچووبن، نایانپێچێتەوە، بەڵکو ئەم بیرانە لە ئێستادا بەهەمان هێزی یەکەمجارەوە کە لە ساتی لە دایکبوونیاندا هەیانبووە ئامادەن، ئەو دەرئەنجامانەش کە پێی گەیشتوون و ئەو کارانەش کە ئەنجامیان داوە ڕێبازەکانی دوای ئەوان لە ناویان نەبردوون،

[90] Ibid, p.39.

تائێستاش هەرماون، هەر ئەوانەشن، دەبێت ئێمە لەگەڵیاندا بژین. بۆ پارێزگاری کردنیشیان پێویستیان بە هۆکارانێکی وەك کوتاڵ یان وەرەقە یان مەڕمەڕ و پەیکەر نییە، چونکە ئەو هۆکارانە یان ئەو هۆیە مادییانە بەسەرچوو و لەناوچوون، ناتوانن دەستی بەسەردابگرن[91]. ئەم جۆرەش لە زانین بەتەنها فێری نابین، زانینێك نییە کە مردوو و نێژراو و بۆگەن بێت. بەڵکو ئێمە تیایدا دەژین و لەگەڵیدا دەڕۆین، چونکە زیندوو و نەمرە، هەر لەبەر ئەمەشە مێژووی فەلسەفە گوێ بەوە نادات کە بەسەرچووە و تێپەڕیووە، بەڵکو تەنها بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئێستایەکی زیندوو دەدات[92].

## ٩- رەخنە و پێزانین:

گومانی تیادا نییە کە هیگڵ دیدێکی نوێمان پێدەدات کە شتانێکی نوێ و کاریگەر لە فەلسەفەدا ئاشکرا دەکات، لێرەشەوەیە کاریگەرییەکی بنەبەستکەرانەی لەسەر ئەو رێڕەوە هەیە، کە دواتر مێژووی فەلسەفەی پێ دەنوسرێتەوە. گەر لە دوای ئەم گوتارەوە بمانەوێت، لەو بیرۆکە هیگڵیەی کە لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە هەیە بڕوانین، تا ئەو لایەن و توخمە و بە پێزانەی کە تیایدا هەن و ئەو کەلێنانەش کە تێکەوتوون، ئاشکرا کەین، ئێمە شتێکی باشتر لەو شتانە نادۆزینەوە کە هیگڵ لە کۆتایی ئەو پێشەکییە درێژەدا دەیانوسێت، کە دەیکاتە دەروازەیەك بۆ قەسەکردن لەبارەی رێبازە فەلسەفییە هەمە جۆرەکانەوە. هیگڵ دەڵێت: ((لەم ئاستەدا مێژووی فەلسەفە کۆتایی پێدێت، ئارەزووی منیش ئەوە بووە، کە لە رێگەی ئەم وانانەوە بزانن، مێژووی فەلسەفە کۆمایەك و کۆکردنەوەیەکی کوێرانەی کۆمەڵە بیرێکی خەیاڵئامێز نییە، یان رۆشتنێکی بێ سەروبەر و زنجیرەیەکی رێککەوتوو نییە، من -بە پێچەوانەی ئەمەوە- هەوڵم داوە ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە، کە بەرەو پێشچوونێکی پێویست لە بەدواداهاتنی، یەك لەڕووییەکی فەلسەفەکاندا هەیە، بەشێوەیەك کە یەکێکیان وا لەوی

[91] هیگڵ لەم دەستەواژەیەدا ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ ئەو گوتەی مەسیح دەکات کە دەڵێت (لەسەر زەوی گەنجینە کۆمەکەنەوە، کە مۆرانە و ژەنگ دەیرزێنی و دزەکان هەڵیدەکۆڵن دەیدزن، بەڵکو من لە ئاسماندا گەنجینەتان بۆ کۆدەکەمەوە، کە مۆرانە و ژەنگ نایرزێنن، کە دزەکان هەڵی ناکۆڵن و نایدزن) انجیل متی: الاصحاح السادس ١٩-٢٠.

[92] Hegel: “History of philosophy” Vol. I, p. 39.



تریان دەکات کە پێویست بێت، دوای ئەمەش دەرئەنجامە گشتییەکانی مێژووی فەلسەفە ئەمانەن:

***یەکەم:*** لە هەموو سەردەمەکاندا جگە لەیەك فەلسەفە، فەلسەفەیەکی تر لە ئارادا نییە، جیاوازییەکانیش هیچ نین جگە لە کۆمەڵە لایەنێکی پێویست بۆ تاکە یەك بنەما.

***دووەم:*** بەدوایەکهاتنی رێبازە فەلسەفییەکان بۆ رێککەوت ناگەڕێتەوە، بەڵکو زنجیرەیەکی زەرووری لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی زانست دەنوێنن.

***سێهەم:*** دواین فەلسەفەش لە ساتێك لە ساتەکاندا بەر لە ئەنجامی ئەم پەرەسەندنەوەیە، دوای ئەمەش، حەقیقەت لە بالاترین وێنەیدا، ئەوەیە کە هۆشیاری خودی گیان لە بارەی خۆیەوە دەیخاتەڕوو. لەبەر ئەمەش دەبینین دوایین فەلسەفە هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی لە خۆگرتووە. لە هەناوی خۆیشیدا سەراپاگیری قوناغە پێشینەکان دەگرێتەوە[93].

(فیندلی Findlley) لە لێدوانیدا لە بارەی ئەم دەستەواژە دوانییە، دەڵێت: ((ئەم وشانە نیگا بەمە دەکەن: ((فەیلەسووف لە ساتەوەختی خۆیدا هەقی ئەوەی هەیە کە وشەی رەها لە پەسەنکردنی رێبازەکەیدا بەکاربهێنی و بڵێت هەر خۆی حەقیقەت دەزانێت، ئەمە بەو مەرجەی، کە رێبازەکەی دواین بەروبوومی پێشکەوتنی فەلسەفی بێت، ئەمەش بە تەواوەتی دەبێت بە هەقی هەر فەیلەسوفێکی تر، ئەگەر چی هیگڵ پاساوێکی زەرووری بۆ ئەوە نەدۆزیوەتەوە، کە ئەم فەیلەسووفە ئەوە بڵێت)). هەقی هەر فەیلەسووفێکی دواترە، کە بە رێگایەکی جیاواز لە بارەیەوە بدوێت. لەسەر بناغەی ئەم تێڕوانینەش حەقیقەتی هیگڵی بەشێوەیەکی زۆر ورد مەسەلەیەکی هاوچەرخە، هیگڵ پێشبینی بەردەوامی رێبازەکەی خۆی تەنها لەوەدا کردووە، کە کرۆکەکەی لەناو رێبازێکی نوێدا لە دوای ئەوەوە دێت، بمێنێتەوە و پارێزراو بێت، ئەو راڤەکردنە بۆ دەستەواژەکانی هیگڵ تاسەر ئێسقان بەجێیە.....[94].

ئێمە سوپاسگوزاری لە هیگڵ دەکەین، بۆ ئەم تێڕوانینە نوێیە، کە رێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان پێکەوە گرێدەدات و بە کۆمەڵە هەڵقەیەکی یەك زنجیرەیان دەزانێت، بەمەش کۆتایی بەشەڕو کوشتاری نێوان فەیلووسەفەکان دەهێنێ، بەوەی کە هەریەکەیان چەند

[93] Ibid, p. 548.

[94] J. N. Findley: Hegel: A Re-Examination. P.340.

لایەنێکی حەقیقەتیان دۆزیوەتەوە و نموونەشیان وەکو نموونەی ئەو کوێرانە وایە کە لە ئەفسانە بەناو بانگەکاندا هەیە، هەریەکەیان دەتوانێت هەست بە فیلەکە بکات، هەر یەك لەم کوێرانە لایەنێکی گرنگ و پایەیەکی دروستی ئاشکرا دەکات، بەڵام بە هەڵەدا دەچێت کە پێی وادەبێت ئەوەی دەستی لێداوە فیلەکە هەموویەتی! بە هەمان شێوەش رێبازە فەلسەفییەکانی هەریەکەیان بنەمایەکی دۆزیوەتەوە و جەختی لەسەر کردووە، زۆرجاریش ئەم دۆزینەوەیە دروستەو پەسەنێکی راستە، بەڵام هەڵەکە لە سەیرکردنی تاك رەهەندانەدایە، کەهەریەك لە رێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان دەیگرنەبەر، لەو کاتەدا کە سنووری لەسەر ئەوەی ئەو لایەنەی کە خۆی دەستی لێداوە، لایەنێکی حەقیقەت نییە، بەڵکو سەراپای حەقیقەتەکەیە! بەم شێوەیەش کۆتایی بە ململانێی نێوان بوونخوازی کە پێ لەسەر تاك دادەگرێت و بایەخ بە ئازادی تاك دەدات لەگەڵ مارکسیەتدا دێت، کە گرنگی بە کۆمەڵگا دەدات و هەموو شتێکی پێ دەبەخشێت، دوای ئەمەش توانای گونجان لە نێوان ئەم دوو بیرەدا دێتە ئاراوە، بەوەی کە بە دوو توخمی ناو یەك حەقیقەتیان دەزانێت، لەوانەیە ئەمە ئەو هەوڵەی (جان پۆل سارتەر) کە لە دوا کتێبیدا (رەخنە لە عەقڵی دیالێکتیکی) دەیدات، بۆ ئێمەی راڤەبکات، چونکە ئەو هەوڵ بۆ ئەم وێکخستنە دەدات و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئاوێنەیەك دەدات کە هەر دوو فەلسەفەکە لەسەر یەك ئاست کۆبکاتەوە، ئەمەش لەو کاتەدایە کە ئەو بایەخ بە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان تاك و کۆمەڵگا دەدات.

سەرەڕای ئەوەش ئەم تیۆرە نوێیە کاریگەری مەزنی لەسەر نوسینەوەی مێژووی فەلسەفەی پاش هیگڵ داناوە، لەم بارەیەوە فیندلبات (Windelband) دەڵێت: ((زۆرێك لە نوسەران پشتیان بە تێڕوانینی هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا بەستووە، لە ئەڵمانیا ج. أ. مارباخ Marbach لە کتێبی (مێژووی فەلسەفە) لیبزج ١٨٣٨- هەروەها هیرمان Hermann- لە کتێبی (مێژووی فەلسەفە) لیبزج ١٨٧٦، هەروەك چۆن لە فەرەنسا فیکتۆن کۆزن V.Cousin، لە هەردوو کتێبەکەیدا (دەروازەیەك بۆ فەلسەفە) پاریس ١٨٢٨ و دەرکەوتنی چاپی حەوتەمی ساڵی ١٨٧٢ لەگەڵ (مێژووی گشتی فەلسەفە) پاریس ١٨٤٤ چاپی دوازەهەم لەسەر هەمان هێڵی هیگڵی کاردەکات[95]. ئەلفرید فیبەرA. Weber یش دەڵێت: ((دیارترین راڤەکەرانی فەلسەفەی

[95] Windelband: “History of philosophy” p.10, 11. Eng. Trans. By James Tafts Macmillan, L. 90.



کۆن و نوێی وەك ئەردمان و (تسلر) و کونو و فیشر و هی تریش دەرئەنجامێکی راستەوخۆن بۆ تێڕوانینی هیگڵی بۆ مێژووی فەلسەفە))[96]. (کۆفمان) دەڵێت: ((لە سەردەمی هیگڵەوە مێژوویەك بۆ فەلسەفە نەنوسراوە کە لە دوو توێی خۆیدا گیانێکی هیگڵی گشتی لە خۆ گرتبێ، لە گرێدانی رێبازە فەلسەفییەکان پێکەوە و بەیانکردنی پەیوەستبوونیان بەوەی کە نەشونمای یەك هەمەکین و لقی یەك درەختن. مێژوو نووسانی فەلسەفەی وەك (ئەردمان) و تسلر و فیندلبانت، بە هەمان رێگادا رۆیشتوون، زۆرێکی جگە لەمانەش هەر هەمان رێگایان گرتووە، تەنانەت ئەوانەش کە گاڵتەیان پێدەکرد، وەك براند راسل لە مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوادا هەر شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە))[97].

هەروەها سوپاسیشی دەکەین لەسەر ئەوەی کە فەلسەفەی رۆژهەڵاتیشی فەرامۆشنەکردووە، بەڵکو دەبینین لە چەند لاپەڕەیەکی دوور و درێژدا لە فەلسەفەی چینی و کەڵە پیاوانی وەك (کۆنفۆسیوش) و فەلسەفەی یی-کنج y-King و تیۆری تاو-سی Tao-see ... هتد دەدوێت.

هەروەك چۆن لە بارەی فەلسەفەی هیندیشەوە دەدوێت: فەلسەفەی سنکیها Sanc-Kya و فەلسەفەی جوتاما Gotama ... هتد. راستە کە ئەو لەگەڵ پێڕێك لە مێژوونوساندا لەسەر ئەوە یەك رایە، کە فەلسەفە بە مانا وردەکەی لە وڵاتی یۆنانەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رۆڵی فەلسەفە رۆژهەڵاتییەکان لە دروستکردنی هێڵە یەکەمیەکانی بیری مرۆیی فەرامۆشناکات، بەڵکو ئەو رێبازی بووزیەت و دارشتنەکەی بۆی عەدەم دەکاتە نوێنەری کاتیگۆری دووەم لە لۆژیکەکەی خۆیدا و لەو ناوچەیەدا دای دەنێت کە لە دوای کاتیگۆری بوونەوە دێت، کە فەلسەفەی ئیلیەکان کورت دەکاتەوە.

ئێمە سوپاسی دەکەین کە فەلسەفەی ئیسلامی و کەلتووری عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی، فەرامۆشنەکردووە و چەند لاپەڕەیەکی دوور و درێژی لە کتێبەکەیدا بۆ تەرخانکردووە و بەشێوەیەکی تۆزێك درێژ لەبارەیەوە دواوە، بەڵام ئێمە ئەوەی لێدەگرین کەوا سەیری ئەم کەلتوورەی کردووە تەنها راڤەکردن و لێکدانەوەیە بۆ فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەتی ئەرستۆ!.

[96] A. Weber: “History of philosophy”: p.533.

[97] W. Kaufmann: Hegel: Reinterpretation, Texts p.1986.

لەو هەڵانەش کەتێیان کەوتووە، ئەوەیە توخمی زەمەن کە توخمێکی بنەڕەتییە لە تێگەیشتنی فەلسەفەدا، فەرامۆشکردووە، لە کاتێکدا چاوپۆشی لەوە کردووە و ئەوەی بۆ خۆی حەڵاڵکردووە، کە پێش و پاش بە ڕێبازە فەلسەفییەکان بکات، تا لەگەڵ ڕەوتی دیالێکتیکی کاتیگۆریەکانی لۆژیکدا بگونجێن!.

ئەم تیۆرە سەیرەی خۆی وای لێکردووە. کە سروشتگەرەکان فڕێداتە دەرەوەی کەشتی فەلسەفەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەمانە لە فەلسەفەکانیاندا گوزارشتیان لە کاتیگۆرییە عەقڵیە پوختەکان نەکردووە! هەروەك چۆن ئەم سەیرکردنە بەرەو ئەوەی بردووە کە بڵێت مێژووی دروستی فەلسەفە بە دەستپێکردنی کاتیگۆرییەکانی لۆژیك دەستپێدەکات، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو مێژووە دروستە کە بە قوتابخانەی ئیلییە دەست پێدەکات، چونکە یەکەم کاتیگۆری لە لۆژیکی هیگڵدا بە کاتیگۆری بوون دەستپێدەکات.

جۆن باسمۆر John Passmore لە ڕەخنەگرتنی لە تیڕوانینی هیگڵی بۆ مێژووی فەلسەفە دەڵێت: ((ئەو کتێبەی کە هیگڵ نوسیوویەتی لەو گۆشە نیگایەوە گرنگە، وا سەیری فەیلەسووفەکانی پێشوو دەکات تەنها ئەوە نەبوون باوڕ بە کۆمەڵە راو بۆچوونێك بهێنن، بەڵکو ئەوان پیاوانێك بوون کە ململانێیان لەگەڵ کێشەکاندا کردووە. بەڵام کاتێك کە هەوڵی ئەوە دەدات ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە چۆن ئەوانە بەبێ ئەوەی هەستبکەن بەرەو (هیگڵیەت) دەڕۆن، هەڵەیەکی گەورە دەکات، ئەمە سەردەکێشێ بۆ شێواندنی پڕۆسەکانی ڕەوتی مێژوو، چونکە ئەو فەلسەفانەی کە کەڵکی ئەوەیان نییە لەم قاڵبەدا دابنرێن فڕێدەدرێنە دەرەوە دەسڕێنەوە و بە کۆمەڵە (لادانێك) لە قەڵەم دەدرێن، هەروەك ئەوەی کە فەیلەسووفانێکی وەك (بارکلی) و (هیوم) بەشێوەیەکی زۆر خێرا لێیان دەکۆڵرێتەوە، لە کاتێکدا فەیلەسووفانێکی وەك (جاکوب بوهمی Jakob Boehme) کە لەگەڵ هێڵکارییەکەی هیگڵدا گونجاون، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکات، ئەمەش لەگەڵ پلە و پایەی فەلسەفی ئەودا یەکناگرێتەوە.



# دەقی
# وانەکانی هیگڵ
# لە
# ((مێژووی فەلسەفەدا))

# بەشی یەکەم

# وانەکانی دەستپێکردن
# لە ٢٢ ئۆکتۆبەری[1] ١٨١٦
# لە زانکۆی هاید لبرج وتراونەتەوە

[1] زانکۆی هایدلبرخ بە کۆنترین زانکۆی ئەڵمانی دەژمێردێت، ئەمیری کۆشك رۆبەرت لە ساڵی ١٣٨٦ دا لەسەر تەرزی زانکۆی سۆربۆن دایمەزراندووە، لە سەدەی شانزەدا بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی کەلتوور و ئەدبیات و پێگەی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی. بە هۆی شەڕی سی ساڵەوە دواکەوت. بەڵام دوای شەڕی ناپلیۆن پلەو پایەی خۆی بۆ گەڕایەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا پلەو پایەی بەرزبوویەوە، و لە ئەڵمانیاو وڵاتە بێگانەوە قوتابی بۆ خوێندن و چێژکردن لە ژیانێکی خۆش لەناو شارێکی جواندا روویان تێکرد. ((وەرگێڕ)).

## بەڕێزان:

بابەتی ئەم وانانە مێژووی فەلسەفەیە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ من وانەیەك لەم زانكۆیەدا دەڵێمەوە، -وەك سەرەتایەك- ڕێگەم بدەن گوزارشت لە دڵخۆشی و دڵارامی تایبەتی خۆم بكەم. من لەم ماوە زەمەنیەدا و لەم دامەزراوە ئەكادیمیەدا گەشتی ژیانی فەلسەفی خۆم دەستپێدەكەم[2]، من وا دەبینم، كە فەلسەفە لەم ماوە زەمەنیەدا گەیشتووەتە قۆناغێك، كە بتوانین سەر لە نوێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبكەین خۆشەویستی و بایەخ بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، ئەمە دوای ئەوەی كە ئەم زانستە بەرادەیەك تووشی لاڵی هاتبوو، بەڵام وائێستا بۆ جارێكی تر دەتوانێت دەنگی خۆێ بەرزبكاتەوە، ئێمەش ئاواتەخوازین لەو دنیایەی كە گوێی خۆی لێكەڕ كردبوو، سەر لە نوێ گوێی خۆی بۆ رایەڵكات و گوێی بداتێ. پەتای ئەم سەردەمەی ئێمە ئەوەیە، كە بایەخێكی گەورەی بە كارانێكی بچووك داوە، كە بە لایەنە نزمەكانی ژیانی رۆژانەی ئێمەوە گرێدراون، لە كاتێكدا، لەم (سەردەمەدا) ئەو كارە بەرز و پایەدارانەی جیهانی راستەقینە و ململانی لە پێناویاندا، -پێشتر- هەموو توانا و توانادارییەكانی زەین و هۆكارە دەركییەكانی بە مەبەستی تێركردنی بە كارهێناوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا، هەستكردن بە ژیانێكی ناوەكی باڵا، یان بە ژیانێكی گیانی بێگەرد، توانای ئەوەی نابێت، كە لە بواری ئازادیدا پارێزیگاری لە خۆی بكات، تەنانەت سروشتی خەڵكە چاكەكەش ئەم شتانە سیحری

---

[2] هیگڵ بۆ ماوەی دەساڵ، كاری لە زۆرپیشەی جیاوازدا كردووە، لە ژیانی ئەكادیمی زانكۆیی ناو زانكۆكان دوور بووە (بڕوانە تێبینییەكەی نۆكس لا ١). بەڵام دەبێت ئەوەشی لەگەڵ بڵێین، كە دوای وتنەوەی یەكەمین وانەكانی زانكۆی هایدلبرج، تووشی نائومێدی بووە، و لە نامەكەیدا بۆ ژنەكەی لە ڕێكەوتی **٢٩** ئۆكتۆبەر، ساڵی ١٨١٦ گوزارشتی لەمە كردووە و تیایدا دەڵێت: ((دوێنێ دەستم بە وتنەوەی وانەكانم كرد، بەڵام ژمارەی قوتابییەكان باشی نەدەوت، وادیاربوو بەو شێوە نەبوو كە پێیان وتبووم و منیش باوەڕم پێكردبوون، توشی واقوڕمان هاتم، گەر نەڵێم دەستە وسانی و دڵەڕاوكێ، چونكە قوتابیەكانم بەو شێوەیە نەبینین كە باسیان بۆ كردبووم، لە یەكێك لەو وانە بڕیار لەسەر دراوانەی كە هەڵسام بەوتنەوەی، تەنها چوار قوتابیم لە لابوو، ئەگەر چی پاوڵس Paulus (هنریس باوڵس (١٧٦١-١٨١٥) مامۆستای لاهووت لە هایدلبرج) لەوە دڵنیای كردبووم، كە خۆی زۆرجار وانەكانی بە چوار یان پێنج قوتابی دەڵێتەوە، نیوەی یەكەمی ساڵی وانەوتنەوە كە مرۆڤ تێیدەكەوێت، ئەگەر هاتو قوتابییەكان حەماسەتیان لە لای مامۆستاكە دروستكردبێت، ئەوا دەبێت بەم ڕێژەیە رازی بێت.

بڕوانە: هیگڵ: نامەكان لا **٣٥٨** (وەرگێڕ).

لێکردووە و تائاستێك بووەتە قوربانییەك لە قوربانییەکان، لەبەر ئەوەی گیانی جیهان لە واقیعی بابەتیدا سەرقاڵ بووە، وای لێهاتووە ناتوانێت بەرەو رووی (بواری ئازادی) وەرچەرخێت و خۆی لەناویدا کۆبکاتەوە. بەڵام ئێستان تۆفانی ئەم واقیعە بابەتییە (مادیە) وەستاوە و گەلی ئەڵمانیش بەناو بارودۆخێکی سەختدا رێگای خۆی بڕیوە و نەتەوایەتی خۆی رزگارکردووە، لەسەر بناغەی ژیانێکی وا کە وەك دڵ لێبدات، جێ پێی داکوتاوە، بەم شێوەیەش ئاواتە خوازین لە پاڵ دەوڵەتدا، کە دەستی بەسەر هەموو کاروبارێکدا گرتووە، کەنیسەش راپەڕێت و جارێکی تر لە پاڵ مەمەلەکەتی دنیادا کە هەموو بیر و هەوڵەکان تائێستاش هەر دەدرێن بەو، جارێکی تر بیر لە مەلەکوتی خوداش بکەینەوە، یان بە گوزارشتێکی تر: ئێمە دەبێت ئاواتە خوازین کەدنیا سەر لە نوێ لە پاڵ بایەخدانە رامیارییەکان و ئەو بایەخدانانەی تر کە بە ژیانی رۆژانەوە بەستراون، جارێکی تر چۆنە ئاوەها دەرکەوێتەوە و سەر هەڵبداتەوە، واتە دنیای عەقڵی ئازادی جارێکی تر دەکەوێتەوە.

دەبینین (جگە لە ئەڵمانیا) لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تردا، بە بایەخێکی پڕ لە شەوق و رێزەوە بە دوای زانستە سروشتییەکان و رۆشنبیرکردنی عەقڵی زانستیدا دەڕۆن، بەڵام دەبینین فەلسەفە لەم شارانەدا جگە لە ناوەکەی نەماوە و تەنانەت لە یادەوەریشیاندا سڕاوەتەوە. لە کاتێکدا لەم ساتەوەختەدا گەلی ئەڵمان بەدوای بوونی فەلسەفەدا دەچێت و تەنانەت وەك شتێکی تایبەت بە خۆی لە خۆی دەگرێت. و باوەشی بۆ دەکاتەوە[3]. سروشت، بانگکردنێکی پایەدار و بانگەوازێکی باڵای وەك پەیامێك بۆ ناردووین، بۆ ئەوەی ببین بە پاسەوانی ئاگری پیرۆز، دروست هەروەك ئەوە یوملبید Enmolpide و خێزانەکەی لە ئەسینادا بوو بوون بە پاسەوانی

[3] ئەمە ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە هیگڵ لە یەکێك لە نامەکانیدا بۆ هنزخ فوس Heinrich Voss (١٧١٥-١٨٢٦) دەینوسێت، دوای ئەوەی کە هەڵدەستێت بە وەرگێرانی ئیلیازە بۆ زمانی ئەڵمانی. هیگڵ دەڵێت: ((چۆن لۆسەر وای کرد کە کتێبی پیرۆز بە ئەڵمانی بدوێت، تۆش بە وەرگێڕانی ئیلیازەی هومیرۆس کە دیارییەکی گەورەیەو پێشکەشی گەلت کردووە هەرهەمان شتت کردووە، ... گەر خۆم لە بەراودکردنی ئەم نموونەیە دوور بخەمەوە، دەتوانم لە بارەی خۆمەوە بڵێم من هەوڵی ئەوە دەدەم کە فەلسەفە والێبکەم بە ئەڵمانی بدوێت)) هیگڵ نامەکان لا١٠٧ ((وەرگێڕ))



نهێنییەکانی ئیلیۆسیس Eleusid [4]. هەروەك چۆن خەڵکی دوورگەی ساموتریس Samothrece یش پاسەوان و پارێزەرانی پەرستشێکی ئایینی باڵا بوون[5]. هەروەك چۆن گیانی دنیا لە رابردوودا گەلی جوولەکەی بە هۆشیارییەکی باڵا، تایبەتمەند کرد، تا لەناویاندا گیانێکی نوێ هاتە ئاراوە[6]. بەڵام پەتای سەردەمەکەمان کە تۆزێك لەمەو پێش لێیدوام، و بایەخدان بە

[4] کوڕی خوا ((بۆ زیدون))ە، کە لە متیۆلۆجیای یۆنانیدا خوای دەریایە، دایکی خیونییە Chione، دایکی لەوەدا هەست بە شەرمەزاری دەکات کە سکی بەو پڕە ئەویش خوێنرێژێکە لە خواکان، بۆیە دوای لە دایکبوونی فڕێی دەداتە ناو دەریا، بەڵام خوا بۆزیدون هەڵیدەگرێتەوە و دەیدات بە یەکێك لە کچەکانی تا پەروەردەی بکات، دوای ئەوەی ئەم کچە شوودەکات بە پاشای ئەسیوپییەکان، لەگەڵ خۆی دەیبات و لە کۆشکدا پەروەردەی دەبێت، بەڵام دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر خوشکی ژنەکەی، بۆیە دووردەخرێتەوە بۆ دەرەوەی وڵات. دوایش لە ئیلۆسیس Eeleusis نیشتەجێ دەبێت و کۆمەڵەیەکی گەورە لە هاورێیان دروستدەکات و خێزانێك پێکدەهێنێ کە لە مێژووی ئەفسانەدا بەوە ناو دەردەکات، کە میراتگری ((نهێنییەکانی ئیلیۆسیس))ە، کەباپیرە گەورەی ((یۆمۆلبید)) دروستیکردوون، ئەم نهێنیانەش کۆمەڵە تەقسێکی پەرستن بوون، بۆ خوای زەوی دیمت Demeter و کچەکەی کوریە Core و خوای شەراب دیونیسیۆس سازدارون، بەم سیانەییە دوو گەلی هاوسێ لەگەڵ یەکدا کۆدەبنەوە: گەلی ئەسیناو گەلی ئیلۆسیس، لە بەهاردا ئاهەنگەکان پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیەو لە کۆتایی پایزیشدا پەیوەندییان بە دروێنەوە هەیە، لەسەرەتای زستانیش بە تۆوی تۆوەکان، ئەم ئاهەنگە بۆ ماوەی دوانزە رۆژ بەردەوام دەبێت، ئاهەنگ بە بانگهێشتکردنی کاهینەکان لە ئەسینادا دەست پێدەکات و دوای ئەمەش لە رۆژی دواییدا، لەسەر رێگای ((پیرۆز))ی نێوان ئەسینا و ئیلۆسیسدا هەڵدەسن بە پاکژکردنەوە، لە سێ رۆژی دوای ئەمەشدا جۆرەها قوربانی بۆ سێ خوا کە پاڵەوانانی ناو باو باپیرانی ئەسینا دەکرێت. (المترجم).

[5] ساموتریس Samothrece: دوورگەیەکە لە دوورگەکانی یۆنانی دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی دەریای ئیجەوە، گرنگترین شاریشی ناوی دوورگەکەی هەیە، پەرستشی خواکانی کابیر Cabeir لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا تیایدا پەرە دەستێنی و بڵاو دەبێتەوە، ئەم خوایانە زۆر کۆنن و تەقسەکەش بە درێژایی دەریای ئیجەو دوورگەکە بە تەقسێکی نهێنی دەزانرێت، لە بارەی ژمارەشیانەوە رۆایەتی جیاواز هەیە، دەڵێت سێ یان چوار یان پێنجن، دەڵێن ئەوانە منالی زیوسن کەگەورەی خواکانە، یان منالی ئورانۆسی خوای ئاسمانن...هتد، بڕوانە د. امام عبدالفتاح امام ((معجم دیانات و اساطیر العالم)) الناشر مکتبة مدبولي. (المترجم).

[6] هیگڵ لێرەدا پەراوێزێك زیاد دەکات، ((هوفمایستر)) دەڵێت ئەم پەراوێزەی لە بەرلین زیادکردووە، ئەویش ئەمەیە: ((ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا زۆر رۆشتووین، تائەو ئاستە روشتووین، کە بڵێین تەنها بیرەکان رێپێدراون و هەموو شتێکیش هەر دەبێت عەقڵ پاساوی بدات، بروسیاش لەسەر عەقڵ راوەستاوەو دامەزراوە، ئەوەش کە پەرۆشییەکی زیاتری تیابێت، ئەوەیە کە ئێمە لە ئاستێکی بەرزدا پێویستمان پێیەتی، ئەوەش دژی

رووداوه گەورەکانی ناو دنیا، -تەنانەت لەناو ئێمە خۆماندا- سەرقاڵییەکی قووڵ و راستەقینەی بە فەلسەفەوە، چەپاندووە، وای لێکردووە کە بتوقێت و بۆ دوور هەڵبێت و لای لێنەکاتەوە، ئێمە لەوەی کە روویداوە ئەوە دەبینین، لەبەر وەرچەرخانی ئەو کەسایەتیانەی کە خاوەنی خوورەوشتێکی بەرزن بەرەو کاروبارە زانستیەکان، جورێك لە رواڵەتگەری و نزمرەوی خۆی بەسەر فەلسەفەدا سەپاندووە، تائەو رادەیەی کەوا هەستبکات لە سووچی ماڵەکەی خۆیدا لاتەریك کەوتووە. ئێمە دەتوانین بڵێین هەر لەو کاتەشەوە کە فەلسەفە لە ئەڵمانیادا دەردەکەوێت و سەری خۆی هەڵدەبڕیت، بە خراپی و کەمی سەیری ئەم جۆرە لە زانست نەکراوە، بەو شێوەیەی کە لەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا سەیری دەکرێت. هەرگیز لە پێشتردا بەو رادەیە گێلی و گەمژەیی و لە خۆبایی بوونی پڕ و پووچی لەم شێوە لەگەڵ رواڵەتکاریدا نەبووەتەوە بەیەك و بەو جۆرە لە خۆبایی بوونەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا نەکراوە، ئەمە وەکو وابێت فەلسەفەیان جلەو کردبێت و بەسەریدا زاڵ بووبن، ئەرك و کاری ئێمە ئەوەیە کە بەتوند و تۆڵی ئەڵمان و دڵسۆزیان، شەڕی ئەم رواڵەتکاریە بکەین و فەلسەفە لەو رێگا داخراوە دەرباز بکەین کە خلیسکی بردووە و کەوتۆتەسەری. ئێمە باوەڕمان وابێت کە گیانی ئەم سەردەمە قووڵ و بێ بنە بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی بەم کارە هەڵسین و پێکەوە لە سپێدەی سەردەمێکی وادا بژین، کە گیان گەڕاوەتەوە بۆی تالەناویدا کار بکات، ئەمە لە دوای ئەوەی کە بارودۆخەکە تائێستا زۆری لێدەکرد کە لە دەرەوەی خۆی کار بکات، واتە بگەڕێتەوە بۆ خۆی و سەرکەوتن بۆ مەملەکەتە تایبەتەکەی خۆی بە شوێن و خاکەوە بەدەستبهێنێ، کە تیایدا عەقڵەکان بکەونەوە سەرووی بایەخدانیان بە ژیانی رۆژانە و خۆیان: بۆ هەق و هەتاهەتایی و خوایی، یەکلابکە نەوە و توانایەکی وا وەدەستبهێنین کە بەهۆیەوە پەی بەوە بەرن کە پایەدارو باڵایە و تێی رامێنن و بیری لێبکەتەوە.

لە راستیدا ئێمە -تەمەنێکی گەورەترەمان هەیە- و لەناو گەردەلولەکانی سەردەمەکەدا پێگەیشتوین، لەبەر ئەمە دەکرێت ئێوە بەخۆشبەخت بزانین، ئەی ئەوانەی کە دەتوانن گەنجی خۆتان بۆ حەقیقەت و فەلسەفە تەرخان بکەن -نەك شتەکانی تر-. بەڵام من ژیانی خۆم بۆ

ئەم پەرۆشیەیە، جگە لە تارماییەك کە بێ گیانە هیچی تر نییە، راجع تعليقات نوكس ص ٢ حاشيه ٣ (المترجم).



فەلسەفە تەرخانکرد، ئێستاش دڵخۆشم بەوەی کە خۆم لە شوێنێکدا دەبینمەوە، کە دەسەڵات و توانای ئەوەم پێدەداتن لە ئاستێکی فراوان و لە رادەیەکی بەرزدا هاوکاری بکەم لە بڵاوکردنەوەی بایەخێکی مەزندا بە فەلسەفە و ژیاندنەوەی فەلسەفەدا. من ئاواتە خوازم لەوەدەستهێنانی باوەڕی ئێوەدا (بۆ کارەکە) سەرکەتووبم و شایەنی بم. بەڵام من هەر لەسەرەتاوە لافی ئەوە لێینادەم، کە شتێك دەکەم زیاتر بێت لەوەی کە بەشێوەیەکی زۆرساکار: باوڕبوونتان بە خۆتان و بەفەلسەفە لەناوتانا بڵاوبکەمەوە. مەرجی یەکەمی فەلسەفە کاری بوێرییە لە پێناوی حەقیقەتدا و ئیمان بەهێزی گیان. گەر مرۆڤ گیان بێت، ئەوا دەبێت خۆی بەوە بزانێت کە شایستەی باڵاترین ئامانجەکانە و لەوانەشە توانای ئەوەی هەبێت، کە مەودای مەزنی گیانی و هێزی گیانی بزانێت، بەم شێوەیە گەر مرۆڤ خاوەنی ئەم جۆرە ئیمانە بێت، ئەوا کردنەوەی قوفڵی هەموو شتەکان بە کارێکی سەخت و گران نازانێت. ماهییەتی گەردوون بەبێ ئەم هێزە تەواوەی بەرگریکردنی بوێری زانین هەر بە شاراوەیی و پەنهانی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەمە هەر دەبێت ئەم ماهییەتە لەبەردەم ئەم بوێرییەدا بکرێتەوە و گەنجینە و قوڵاییەکانی خۆی بخاتەبەر رووناکی و پەردەیان لەسەرلادات تاچێژیان لێبکات.

## یەکەم: دەروازەیەك بۆ وانەکان لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە

مێژووی فەلسەفە پێشانگایەکمان لەو عەقڵە خانەدانانە پیشاندەدات، کە بەسایەی بوێری عەقڵیانەوە چوونەتە ناو سروشتی شتەکان و سروشتی مرۆڤ و خواو، قووڵاییەکانیان بۆ ئێمە ئاشکراکردووە و گەنجینەکانی زانینیان بۆ ئێمە دەرهێناوە، هەر ئەم گەنجینانەشن کە ئێمە حەزدەکەین بەشداریان تیابکەین، هەر ئەمانەشن بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفە شێوە گیردەکەن لەم وانانەدا دەتوانین شتێك لەبارەی بنەچەو رەگ و ریشاڵی ئەم گەنجینانە بزانین و لێیان تێبگەین.

ئێستاش بەشێوەیەکی فراوانترو درێژتر دەچینە ناو بابەتەکەوە. هەر لە سەرەتاوە دەبێت ئەوە بیری خۆمان بهێنینەوە، کە ناتوانین لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر بناغەی کتێبە قوتابخانەییەکانی (وەك ئەو کورتکراوانەی کە لەبەر دەستماندا هەیە) دامەزرێنین، ئەم کتێبانە بەس نین و رازیمان ناکەن، جگە لە کۆمەڵە بۆچوونێکی رواڵەتی لەبارەی فەلسەفە هیچی تر باڵی بەسەردا نەکێشاون. ئەمانە وادانراون، کە بە رێگایەکی تایبەت لاپەرەکانیان هەڵدەینەوە، گەرچی ئەم

کتێبانە وەك ڕێبەرێك بۆ بە کارهێنانی کتیبەکان بشێن و لە وەرگرتە و بەڵگە هێنانەوەکاندا، بۆ فەیلەسووفە کلاسیکەکان سوودیان هەبێت و وەك باسێکی گشتی و وەرگرتنی پەرەگرافی تایبەت کە پەیوەندییان بە کۆمەڵە ناوێکی ئاساییەوە هەیە باش بن، ئەو کتێبانە سەرەڕای ئەمەش باس لەو مامۆستا ناودارانەش دەکەن، کە بە ڕێگایەکی تر، هیچ بەشدارییەکیان لەبەرەو پێشچوونی زانیندا نەکردووە. هەروەها ڕێژەیەکی زۆریش لە درێژدادڕی و ئاماژەدان بە مێژووەکان و ناوەکان و ئەو مێژووییانەی کە ئەم پیاوانە تیایدا ژیاون، تیایاندا بەدی دەکرێت.

ئێمە بەوە دەستپێدەکەین، کە ئاماژە بە ئامانج لە مێژووی فەلسەفەدا و پێویستی مێژووی فەلسەفە بکەین، واتە ئاماژە بەو دیدە بکەین کە لە ڕێگەیەوە هەڵدەسین بە شیکردنەوەی مێژووی فەلسەفە بەو شێوەیەی کە هەیە و پەیوەندی ئەم مێژووەش بە فەلسەفە خۆیەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش هەردەبێت جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەینەوە:-

(أ) چۆن دەکرێت مێژوویەك بۆ فەلسەفە هەبێت؟ چ پێویستییەك و چ سودێك لە خستنەڕووی ئەم مێژووەدا هەیە؟ دواتر سەرنجێکی ورد دەدەین و بەشێوەیەکی وردبینانە هەوڵدەدەین بۆچوونی کەسانی تر بزانین.

(ب) مێژووی فەلسەفە تەنها کۆکردنەوەی کۆمەڵە ڕاو بۆچوونێکی بێ سەروبەرنییە، بەڵکو پەیوەندیدارییەکی گرنگ و پێویستە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تادەگەینە پەرەسەندنە بە بڕشتەکەی.

(ج) ئاستە جیاوازەکان.

(د) لەهەر قۆناغێکدا بینینی دنیا وەك هەمەکییەك پەرەی سەندووە، بەڵام ئەم درێژدارییانە زۆر بایەخیان نییە.

(ه) ئالێرەوەیە، کە پەیوەندییەکان بە فەلسەفەوە دەردەکەون.

بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بە مێژووی فەلسەفەوە، هەر یەکسەر ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ، کە ئەم مێژووە، گەر بەرێزەوە سەیری بابەتەکەی بکرێت، بایەخدانێکی گەورە وەدەست دەهێنێ، بەڵام گەر بەدژایەتییەوە سەیری ئامانجەکەی بکرێت، ئەوا گرنگی خۆی دەپارێزێت و



دەیهێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم بایەخپێدانە وانیشاندەدات، کاتێك کە بیرۆکەی فەلسەفە و ئەوەی کە مێژووەکەی وەدەستی هێناوە، هەڵگەڕێتەوە و سەر بەرەو خوا بێتەوە، ئەوا دەگاتە دوا ڕادەی بایەخی خۆی، و هەر لە مێژووی فەلسەفە خۆیەوە -بەشێوەیەکی دیاریکراو- ئەو بەڵگەیە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر بێ بایەخی و بێ مانایی فەلسەفە هەیە.

دەبێت ئەوە بسەلمێنین، ئەوە داوایەکی ڕەوایە، کە لە مێژوو داوابکرێت -ئیتر بابەتەکەی هەرچیەك بێت- بەبێ هیچ دوو دڵیەك ڕووداوەکان ڕیوایەت بکات، بەبێ ئەوەی وایان لێبکات کە هەڵگری ئامانجێکی دیاریکراو و بایەخێکی تایبەت بن، لە ڕاستیدا ئەم داواکارییە زۆر ئاساییەو - لەوە دوورتر نەڕۆیشتووە کە باو و زانراوە- چونکە مێژووی هەر بابەتێك بەوێنەیەکی زۆر نزیك بە بیرۆکەی ئێمەوە لەبارەی ئەو بابەتەوە گرێدراوە. دوای ئەمەش ئەوەی کە لە تێڕوانینی ئێمەوە گرنگ و گونجاوە بۆ ئەو مەبەستەی کە هەمانە، پێشتر بڕیاری خۆی بۆ ئێمە دەدات، پەیوەندی ئەمەش بەڕابردووەوە لەسەر پاڵاوتن و هەڵبژاردنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕیوایەت دەکرێن و ڕێگای ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیان دەوەستێتەوە، لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەش کە بەپێی گونجانیان لەگەڵیدا ڕێکییان دەخەین. بۆ نموونە -ئەگەر ئێمە ئەو بیرۆکەیەی کە لە بارەی دەوڵەتەوە لای خوێنەر هەیە بە دورستمان زانی -ئەوا خوێنەر هەرگیز لە مێژووی سیاسی وڵاتێکدا ئەوە نادۆزێتەوە کە بەشوێندا دەگەڕێت. ئەمە بۆ مێژووی فەلسەفە ڕاستتردەکەوێتەوە. ئێمە دەتوانین ئاماژە بە خستنەڕووی ڕووداوەکانی ئەم جۆرە مێژووە بکەین، بەڵام دەکرێت هەموو شتێکی لێچاوەڕێ بکەین، جگە لەوەی کە بە فەلسەفەی دەزانین. جۆرێکی تر لە مێژوو هەیە -بە لایەنی کەمەوە لە بارەی سیما گەشتییەکان- ی ئەو بیرۆکەیەی کە لە بارەی بابەتەکەوە هەمانە جێگیر و نەگۆڕە -وەکو ئەو بارەی کە لە مێژووی شارێك یان گەلێك، یان ڕەگەزی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی، یان مێژووی زانستی ماتماتیك و سروشت.... هتد دا هەیە. یان بە نموونە ئەو بارەی کە لە مێژووی هونەرێك لە هونەرەکانی وەك وێنەکێشان یان وێنەکردندا هەیە. فەلسەفەش ئەو سیما جیاکەرەوەی تیایە- دەتوانین بڵێین: بەبەراورد لەگەڵ زانستەکانی تردا ئەمە سیفەتێکی خراپە- هەموو ڕاو بۆچوونەکان و تێڕوانینەکان لە بارەی سروشتی فەلسەفە و ماهییەتی فەلسەفەو ئەوەی کە دەکرێت بیکات و ئەوەش پێویستە پێی هەڵسێ، ئالێرەدایە. ئەگەر هاتو ئەم گریمانە پێشینە ڕەسەنە -لە بارەی بیرۆکەی بابەتی مێژووەوە- نادیاریکراو و ناجێگیربێت، ئەوا خودی مێژووەکەی هەر دەبێت بە

جەبری تووشی هەڵگەڕو داگەڕبێت و ناشکرێت هاوڕێك بێت، مەگەر پێشتر گریمانەی ئەوەمان کرد بێت، کە بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەسەر بابەتەکەی هەیە. بەڵام لەم کاتەشدا گەر ئەم بیرۆکەیەمان بەو بیرۆکانەی تر بەراورد کرد کەلێی جیاوازن، ئەو کات زۆر ئاسانە لومە بێنێتە سەر خۆی، بە تۆمەتبارکردنی بەوەی، کەلە نووسینی مێژوودا لایەنگری دەکات و بێ لایەن نییە. بەمەش سیفەتێکی خراپتری بەسەردا دەدرێت، کە زۆر لەوی تریان قووڵترە. ئەگەر هاتو لێرەدا بۆچوونی جیاواز لە بارەی ماهییەتی فەلسەفەوە هەبێت، ئەوا تەنها بۆچوونە راستەقینەکە دەتوانێت لە کاری ئەو فەیلەسووفانە حاڵیمانکات، کەبە گیانی ئەم بۆچوونەوە رێگەیان گرتووتەبەر، چونکە ((تێگەیشتن)) لە پڕۆسەی بیرکردنەوە بە تایبەتی بیرکردنەوەی تیۆری، ئەوە دەگەیەنێی شتێکی تەواو جیاوازتر لە پەیبردنی هەستەکی بەمانا زمانی یان سینتاکسی وشەکان، هەیە، گەرچی ئەم واتایە لە بواری بیرۆکە ئاساییە باوەکانیشدابێت. دوای ئەمەش لەوانەیە بتوانین ئاگاداری لافلێدان و مەسەلەکان و بۆچوونی خودی ((فەیلەسوفەکان))ببین و دەستیشمان بگات بە لێکۆڵینەوە و پاساودانی راو بۆچوون و خستنەڕووی راو بۆچوونەکانیان، سەرەڕای ئەم هەموو هەوڵە، هێشتا هەر خاڵێکی گرنگ لەناو ئەم مەسەلانەدا هەیە، کە بزر و نادیارە. بۆ ئەم مەسەلانەش ئێمە نەدارنین و چەندەها بەرگی گەورەمان لە مێژووەکانی فەلسەفە لەبەر دەستدایە، گومانیشی تیانییە کە لە زانستدا قووڵبوونەتەوە و پڕاوپڕن لە مادە و کەرەستە، بەڵام بەبێ تێگەیشتنێکی سەراپاگیر لەم کەرەستەیە، دانەرانی ئەم بەرگانەی فەلسەفەکانی مێژوو، دەتوانین بەو گیانلەرانە بەراوردیان بکەین، کە بۆی دەلوێ هەموو نەغمیەك لە نەغەمەکانی پارچە مۆسیقایەکی دیاریکراو ببیستێ، بەڵام یەك شتی گرنگ هەیە کە پەیبردن و تێگەیشتن بەسەریدا دەگوزەرێ و بەتێگەیشتنێکی سەراپاگیری لێی تێناگات -ئەویش ئەو هارمۆنیەت و هەمئاهەنگییەیە کە لە نێوان نەغمەکاندا هەیە.

ئەو هەڵوێستەش کە توزێك لەمەو پێش باسمانکرد، ئەوەش دەگرێتە خۆی، کە هیچ زانستێك بەقەد مێژووی فەلسەفە، گرنگنییە تیایدا پێشەکییەك هەبێت و یارمەتی خوێنەر بدات بەوەی، کە باسی بابەتێکی بۆ بکات، ئەو هێشتا ئاگاداری نەبێت، ئەم مێژووە، ئەو بابەتەیەکە لەم وانانەدا هەڵدەسین بە چارەسەکردنی، دەکرێت بوترێت ((چۆن بۆ وانەبێژێك دەگونجێت بچێتە ناوباسکردنی بابەتێکی ئاواوە، بۆ کەسانێك، کە تەنها ناوەکەی دەزانن و هیچ شتێك



لەبارەیەوە نازانن؟ هەنگاونانێکی لەم جۆرە، بەبێ زانست و بەرچاو روونییەك، ئەوە دەگەیەنێ کە هێلێکی رێبەریکەر نییە، جگە لەوەی کە لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ ئەوە بگەڕێین کە پێی دەوترێت فەلسەفە، تابیناى بکەین. بەڵام لە راستیدا گەر ئێمە بمانەوێت، بە رێگایەکی زانستیانە، نەك بە رێگایەکی هەمەکیانە، بۆچوونێك بۆ فەلسەفە دامەزرێنین، ئەو کات دەبێت بڵێین، لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفە هەر خۆی فەلسەفەیە، چونکە فەلسەفە خاوەنی خاسیەتێکی سەیرە، ئەویش ئەوەیە وێناکردنی و سروشتە کرۆکییەکەی تەنها بەشێوەیەکی رواڵەتی سەرەتاکەی دروستدەکەن، لە کاتێکدا بە لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری تەواو نەبێت بەڵگە دروستنابێت. دەکرێت بڵێین، دۆزینەوەی وێناکردن و بۆچوونێکی ئاوا -بەوەی کە بناغەیە- هەر خۆی بەرئەنجامی رەوتی تەواوی لێکۆڵینەوەکەیە.

دوای ئەمەش ئەم دەروازەیە، پێشەکییەکە بۆ هەرکەسێك کە فەلسەفە و مێژووەکەی لەیەك کاتدا وێنا دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا -هەر لە هەمانکاتدا- ئەوەی کە هەڵگری سیمای مێژووی فەلسەفەیە هەر هەمان پەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا هەیە کە کەسێك لەمەو پێش لەبارەی فەلسەفە خۆیەوە باسمانکرد. من ناتوانم لەم دەروازەیەدا، پێشتر وەك پێشبینی کردنێك شتانێکی زۆر بڵێم، بەڵکو تەنها ئەوەندە دەڵێم، کە بکرێت پاساو بدرێتەوە و لە رێگەی لێکۆڵینەوەی بەراییانە ناکرێت بخرێتە ریزی کاتیگۆری گریمانە پێشینە هەرەمەکییەکانەوە، پێشکەشکردنی ئەم راڤە و روونکردنەوانە -سەرەڕای پاساودان و بەیانکردنی ئەوەی کە دەرئەنجامێکی پێویستە -هەر هیچ سودێکی نابێت جگە لە سوودی راپۆرتکردنێکی بنەمایی بۆ بابەتێکی زۆر گشتی بۆ هەر زانستێك لە زانستەکان. لەم بارەدا پێشکەشکردنەکە یارمەیتماندەدات ژمارەیەکی زۆر لەو پرسیارو داواکارییانە بخەینەلاوە، کە راو بۆچونە راگوزەرەکان دەتوانن لەبارەی مێژوویەکی لەم جۆرەوە پێشنیاریان بکەن.

*یەکەم:* دەکرێت بابەتی مێژووی فەلسەفە و ئامانج لە مێژووی فەلسەفە راڤەبکەین، ئەو کاتەی کە لە رێگەی لێکۆڵینەوەوە دەرئەنجامە جیاوازەکان دەردەکەون.

*دووەم:* لە بۆچوونی ئێمەوە بۆ فەلسەفە، دەکرێت بەشێوەیەکی وردتر رێژەی ئەو مادە بێکۆتایە و لایەنە جۆربەجۆرەکانی بۆ پەروەردەکردنی گیانی رەگەزی مرۆیی، کە پێویستە لە مێژووی فەلسەفە دووری خەینەوە، سنووورداری بکەین، سەرەڕای ئەمەش، کەرەستەی ئایین وەك ئەو بیر

و بۆچوونانەی کە لە بارەیەوە هەن و ئەوانەش کە تیایدا هەن و دەیانگرێتە خۆی بە تایبەتی لە شێوە میتۆلۆژیەکەیدا (ئەفسانەییەکەیدا)، هەروەها پەرەسەندنی زانستەکانیش لە رووی وێنەکەیەوە -دەکەوێتە ناو ناوچەیەکەوە کە زۆر بە فەلسەفەوە پەیوەستە، تەنانەت لە سەرەتادا مێژووی زانستی فەلسەفە وادیارە. کە بوارێکی بێ سنوور دەگرێتەوە. کاتێك کە بە دیاریکردنێکی گونجاو بواری ئەم شتانە دیاریدەکرێت، ئەوا ئێمە یەکسەر خاڵی سەرەتایی ئەم مێژووەمان دەست دەکەوێت، کە پێویستە ئەم خاڵی سەرەتایە لە سەرەتاکانی بەرچاوڕوونیە ئایینییەکان و خەیاڵسازییە جدیەکان جیایبکەینەوە.

*سێیەم:* بەڵام بۆ وێناکردنی خودی بابەتەکە، هەردەبێت ئەم مێژووە بەسەر چەند ماوەیەکی پێویستدا دابەشبکرێت، ئەم دابەشکردنەش هەردەبێت واخۆی ئاشکرابکات، کە بە بەرەوپێشچوونێکی ئۆرگانی بەرەوپێشەوە دەڕوات و زنجیرەیەکی عەقڵی لێکبەندە، بەمەش ئەم مێژووە شایەنی توانستی زانستە و شیاوە کە زانست بێت.

## دووەم: پێناسەی مێژووی فەلسەفە

بەڵام لەبارەی کەڵکی ئەم مێژووە و سودەکەی، کۆمەڵە لایەنێکی جۆرا و جۆر لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەیە کە دەکرێت تووشی تێڕامانمان بکات. ئەگەر ویستمان ناوەندی ئەم سودەش بزانین، ئەوا هەردەبێت لەو پەیوەستکەرە بنچینەییە بگەڕێین، کەوا دیارە ئەوەی تێپەڕیوە، بە هۆی قوناغە بەجێماوە بەردەوامەی کە فەلسەفە پێی گەیشتووە، ئەوەش کە پێویستە لێرەدا بە درێژی بیخینەڕوو، ئەو گوتەیە کە دەڵێت: ئەم پەیوەستکەرە بە تەنها یەکێك نییە لەو رەچاوکراوە درەکییانە، کە دەکرێت لە مێژووی فەلسەفەدا لای لێبکەینەوە، بەڵکو گوزارشت لە سروشتی ناوەکی مۆرکەکەی دەکات. لە راستیدا رووداوەکان لەم جۆرە لە مێژوودا بەرهەمی رێگایەکی تایبەتە -ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەروەك رووداوەکانی تر- لە ئەنجامەکانی و شوێنەوارەکانی خۆی بەردەوامە.

ئەوەش کە مێژووی فەلسەفە بۆمان ئاشکرادەکات، زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی عەقڵە خانەدانەکانە، یان مۆزەخانەیەکە بۆ پاڵەوانانی بیر یان ئەو عەقڵەی کە بیردەکاتەوە.



لە رێگەی هێزی ئەم عەقڵەشەوە، ئەم عەقڵانە بەناو ماهییەتی شتەکان و ماهییەتی سروشت و گیان و سروشتی خوا رۆدەچن و پەلاماری دەروونی گەنجییەکان دەدەن، کە ئەویش گەنجینەکانی مەعریفەی عەقڵییە. دوای ئەمەش لەم جۆرە لە مێژوودا، رووداوەکان و کردارەکان بەم سیمایە رەنگگراون: ناوەڕۆکەکانیان و بەهاکانیان جیاوازە لە کەسایەتی و سروشتی تاکە کەسی، مێژووی فەلسەفەش لەم دیدەوە لەو مێژووە سیاسیە جیاوازە، تاکەکەس تیایدا -بەکردەوەکان هەڵدەسێت و رووداوەکان دروستدەکات. بەڵام لە روویەکی ترەوە ئەوەی کە لە فەلسەفەدا بەرهەمی دەهێنێ تایبەتمەندیەکی زیاتری هەیە و ئەو کاتەی کە کەمتر دەدرێتە پاڵ تاکی بەشەکی، ئەوا -بەپێچەوانەوە- زیاتر دەچێتە پاڵ ئازادی بیرکردنەوە و کەسیەتی گشتی مرۆڤ، بەوەی کە مرۆڤە، لەم کاتەدا ئەم بیرە، کە لە لایەنی کەسی بەتاڵدەکرێتەوە- لە خۆیدا وادەردەکەوێت کە هەر خۆی بەرمهێنە[7].

کردارەکانی بیر لە سەرەتادا وەك کەرەستەی مێژوو دەردەکەن، دوای ئەمە بەکارێك لە کارەکانی رابردوو خۆیان نیشاندەدەن کە دەکەوێتە دەرەوەی چێوەی بوونمانەوە یان ژیانی هەنوکەیی واقیعی ئێمەوە. بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە ئەوە پێکدەهێنێ، لە هەمانکاتدا ئەوەیە کە ئێمە لەناو مێژوودا لەسەری ئامادەین، یان بەوردییەکی زیاتر، چۆن رابردوو لەم ناوچەیەی مێژووی بیردا تەنها یەك لایەنی هەیە، هەر ئاواش ئێمە لەسەریدا هەین، واتە قەدەرێکی هاوبەشە کە لەناو ناچێت، بە پەیوەستێکی زۆر توند پەیوەستە بەوەی کە ئێمە لە مێژوودا لەسەری هەین و لێی جیانابینەوە. ئەو بێلایەنیە عەقڵانییەی هۆشیار بەخۆی -کە بێلایەنییەکە سەر بە ئێمەیە، واتە سەر بەدنیای هاوچەرخی ئێمەیە، کتوپڕ دەستی بەسەردا ناگرین و تەنها لەسەر زەمینی دنیای ئێستامانەوە هەڵناقولێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە میراتە و

[7] ئەمە پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەیەکە کە لە ئاستێکی فراواندا بڵاوە، باوەڕوایە کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان رێبازە فەلسەفەکاندا نییە، یان سیفەتی دابڕان تایبەتمەندی ئەم بزووتنەوەی فەلسەفەیە، رێبازی فەلسەفیش هەڵقولانێکی کتوپەرە و بەهۆی توانادارێ عەقڵی تایبەتی زەینی بیلمەتێکەوە دەردەکەوێت، دەکرێت -بەبێ گوڕانێکی گەورە- دەرکەوێت، گەرچی ئەم زەینە قەدەریشی وابێت لە پێش ئەو ماوەیەدا بژی کە تیایدا ژیاوە، یان بە ماوەیەکی درێژتری دوای ئەم ماوەیەش بژی. بەراوردکە (حول فكرة الاتصال في تاريخ الفلسفة) للدكتور فؤاد زكريا من كتابة ((أراء نقدية في مشكلات الفكر و الثقافة)) الهيئة المصرية العامة للكتاب عام ١٩٧٥. ص ٢٠٥.

بەشێوەیەکی وردتریش دەرئەنجامی ئەو هەوڵانەیە کە لە هەموو نەوە پێشینەکانی ڕەگەزی مرۆیی کەوتووەتەوە. هەروەك چۆن هونەرەکان لایەنە دەرکییەکانی ژیانی ئێمەن، بە هەمان شێوەش چەندیەتی هۆکار و لێزانینەکان و ئامادەگی و ڕێککارییەکان، خووڕەوشت و عادەتی کۆمەڵە و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان -هەموو بەرهەمی بیرو داهێنان و پێداویستی و پێویستییەکانی و نائومێدی و بەدبەختی و ویستن و دەستکەوتی مێژوون. بەر لە ژیانی هاوچەرخمان، لە ئێستادا هەڵوێستمان لەبارەی زانستەوە هەر هەمان شتە، بە تایبەتی لە بارەی فەلسەفەوە، قەرزاری ئەو کەلتوورەین کە بەناو ئەوەدا دەڕوات کە تێپەڕە و دوای ئەمەش لەناو دەچێت، بەڵام ((وەك زنجیرەیەکی پیرۆز)) دەڕوات، ئەمە بە گوزارشتی هێردەر. ئەم کەلتوورە هەموو ئەوەی کە پێشینەکان لە ڕابردوودا دایانهێناوە بۆی پاراستووین و بۆی گواستووینەتەوە[8].

ئەم کەلتوورەش تەنها خانمی ناوماڵ نییە، بەوەوە بوەستی پارێزگاری لەوە بکات کە پێی سپێردراوە و ئەوەش کە وەری گرتووە بەبێ جێنشینێك، بۆ جێنشینەکانی بگوازێتەوە[9].کەلتوور پەیکەرێکی بەستوو و بێ جووڵە نییە، بەڵکو کیانێکی زیندووە وەك ئەو دەریا بەهێزەیە کە ئاوی هاتووی سەرچاوەکان پاڵی دەنێت، هاژەی دێت و بە پڕتاو دەگوزەرێ. ناوەرۆکی ئەم کەلتورە ئەوەیە کە دنیای گیان بەرهەمی دەهێنێ، گیانی هەمەکی بە جێگیری نامێنێتەوە. ئەوەش کەلێرەدا لێیدەکۆڵینەوە لە بنەڕەتدا بە گیانی هەمەکییەوە پەیوەستە، لە ڕاستیدا دەکرێت ڕاست بێت بلێین بەو ئاستەی کە ئێستا پێشکەوتن تیایەتی، ئەو بارەی کە گەلێکی وەك چین تیایەتی نەیتوانیوە لە ڕووی کەلتوور و هونەر و زانست و بەشێوەیەکی گشتی

(8) گوزارشتی ((زنجیرەی پیرۆز)) ئەدیب و فەیلەسووفی ئەڵمانی یوهان هردر (١٧٤٤-١٨٠٣) Johan Herder لە کتێبەکانیدا زۆر بەکاری دەهێنێ، بەتایبەتی لە کتێبەکەیدا ((کۆمەڵە بیر و رایەك لە بارەی فەلسەفەی مێژووی ڕەگەزی مرۆیی، (١٧٨٤-١٧٩١)، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ((گەردەلول و هەڵمەتە ئەدەبیەکان)) هەبووە. (المترجم).

(9) لێرەدا میشیلیە Michele ئەمە دەخاتە سەری: ((نەخێر! کارەکە وەك ڕەوتی سروشت نییە کە لەناو ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە ناکۆتادار و خێرایی ئەو جووڵەیەی کە جۆرەکان و پێکهاتنەکان پێی هەڵدەستن -و ناشیانگەێنێ بە هیچ بەرە و پێشچوونێك پێی ناگەین، ئەو هەر بە یاسا ڕەسەنەکانی خۆیەوە بەستراوەتەوە، من تعليقات نوكس ص ١٠. (المترجم).



پێداویستە گیانییەکانی بە درێژایی دوو سەد ساڵ پێشکەوتنی ئەو تۆی بە خۆیەوە نەبینیوە لە کاتێکدا گیانی دنیا لەناو ئەو ئاشتەواییە نوقم نەبووە، کە گوێ بەهیچ شتێك نەدات. لە ڕاستیدا ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەری ڕاوەستاوە، ژیانی گوزارشتە لە کردار و ئەو کردارەش کە پێشتر گریمانە دەکرێت، کە ڕەستەیەکی بەردەستە و گیان کاری لەسەر دەکات و دەبێت بە بابەتی، بە دانە پاڵی ئەو مادە نوێیەش هەڵناسێ بە فراوانکردن و گەورەکردنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاری لەسەر دەکات و شێوەیەکەی دەگۆڕێت[10]. میراتیش ئەوە دەگەێنێ کە ئەو میراتە لە یەك کاتدا بینابکرێت و گەشەی پێبدرێت[11]. لە هەمانکاتیشدا ئەو میراتەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ مادەیەك کەگیان هەڵدەستێ بە گۆڕانکاری شێوەکەی. هەر ئەوەش کە ئێمە وەرمان گرتووە، شتێکە ڕێکدەخرێتەوە و دەگۆڕێت و دەوڵەمەندتر دەبێت و لە هەمانکاتیشدا بەمە دەیپارێزین. هەڵچوونی و چالاکی سەردەمەکان -هەروەك ئەو هەڵچوون و چالاکییەی هەموو سەردەمەکان- ئەوەیە لەو زانستەی کە تیایەتی تێبگەین و بیکەین بە موڵکی خۆمان، بەمەش وایلێبکەین کە زیاتر پەرەبستێنێ و گەشەبکات و بەرزیبکەینەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر. ئێمە کاتێك کە دەبین بە خاوەنی، واتە ئێمە کردمان بەشتێك کە موڵکمانە و جیاوازە لە بارەی کە پێشتر تیایدابووە.

هەر لە سروشتی ڕەوەتە بەرهەمهێنەرە دایە، کە پێشتر گریمانەی دنیایەکی دامەزراو بکات و لەو کاتەشدا کە دەیگرتە خۆی، هەڵسێ بە گۆڕانی شێوەکەی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەلسەفەی ئێمە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەکانی پێش خۆیدا نایێتە ناوبوونەوە و هەردەبێت لەم فەلسەفانەشەوە دەستپێبکات. ڕێڕەوی ئەو مێژووەی کە لەبەر دەمماندا ئاشکرا دەبێت،

(10) میشلە لێرەدا ئەمەی دەخاتەسەر ((بەم شێوەیە ئەوەی کە هەر نەوەیەك لە زانستدا و لە بەرهەمە گیانیەکاندا دەیخولقێنێ وەرەسە نەوەکانە و جیهانە پێشینەکە هەمووی پیرۆزیەکانی و خەزنەکانی خۆی خستووەتە سەری و هەموو نەوە مرۆییەکان بە دڵخۆشیەوە دەکەون بەسەریداو لە ژیانیدا یارمەتیان دەدات و لە قووڵایەکانی سروشت و گیاندا دەستی بەسەردا دەگرن))، من تعلقيات نوكس، ص ١٠. (المترجم).

(11) میشیلیە ئەمە زیاد دەکات. ((گیانی هەموو نەوەیەکی داهاتوو ئاوادەبێت و کرۆکیە گیانیەکەی شێوەگیردەکات هەروەکو ئەوەی کە لەسەری ڕاهاتووە، هەروەك چۆن بنەماکانی و بڕیارە باوەکانی و لە هەمانکاتدا ماڵ و میراتەکەش شێوەگیردەکات))، من تعليقات نوكس ص ١٠، (المترجم).

واتای ئەوە ناگەیەنێ کە شتەکان وا لێبکات بە ئێمە نامۆبن، بەڵکو واتای خۆگۆڕکێی ئێمە و خۆگۆڕکێی فەلسەفەکەمان دەگەێنێ.

سروشتی ئەو هەڵوێستەی کە ئێستا لێیدواین، دەبێت ئەو بیر و پرسیارانەی کە لەبارەی مەبەستی مێژووی فەلسەفەوە بەخەیاڵدادێن رایانگرین و بینایەکی وردترمان لەسەر ئەم هەڵوێستەوە لە هەمانکاتدا -لەسەر راڤەکردنێکی روونی ئامانجە خودییەکە بداتێ، ئەوەش بخاتە بەردەستمان کە بەشێوەیەکی تایبەت لەم مێژووە چاوەڕێ دەکەین، تافەلسەفە خۆی لە رێگەی لێکۆڵینەوەی مێژووەکەیەوە بناسرێت، سەرەڕای ئەمەش بنەماکانی لێکۆڵینەوەی ئەم مێژووە، هەر لەناو ئەم هەڵوێستەدا پەنهانە، کە خستنەڕوو و باسکردنی بەشێوەیەکی درێژتر ئامانجی سەرەکی ئەم دەروازەیە. گومانی تیانییە هەر دەبێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بخرێنە ناو ئەوەوە کە فەلسەفە رووی تێدەکات تاپێی هەڵسێ، لە راستیدا ئەمە مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. وەکو تۆزێك لەمەو پێش باسم کرد، ئێرە شوێنی شیکردنەوەی زانستیانەی ئەم بۆچوونە نییە، لەسەر ئەم بناغەیە، ئەو خستنە بەرچاوەی کە پێویستە دەستی پێبکەین، ناکرێت ئامانجی بەڵگە هێنانەوە بێت بەشێوەیەکی روون لەسەر سروشتی سەرهەڵدانی فەلسەفە، بەڵکو بیرۆکەیەکی رێخۆشکەرانەمان لە بارەیەوە دەداتێ.

یەکەم بیرۆکە کە دەکرێت لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە بەخایاڵماندا بێت، ئەوەیە کە ئەم بابەتە خۆی لێکدژییەکی ناوەکی لە خۆی گرتووە، چونکە فەلسەفە گەیشتن بەو دەکات بە ئامانج، کە هەمیشەیی و هەتاهەتایی و رەهایە، ئەو ئامانجی ئەوەیە بگات بە حەقیقەت، لە کاتێکدا مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمێکدا روودەدات و لە سەردەمێکی تردا ون دەبێت، واتە ئەو رووداوانەی کە لەدوای دێت کار دەکات تاتێپەڕێنێت. گەر ئێمە یەکەمجار چووینە سەر ئەوەی بڵێین حەقیقەت هەتاهەتایە، ئەمە ئەوە دەگەێنێ کە ناکەوێتە ناو ئەو بوارە تێپەڕ و بەسەرچووەوە، واتە مێژووی نییە، بەڵام گەر هاتوو مێژووی هەبوو، ئەم مێژووەش لە زنجیرەیەك لە گیروگرفتی رابردوو بۆ مەعریفە زیاتر شتێکی نەبوو، ئەو کاتە ناتوانین حەقیقەتی تیابدۆزینەوە، چونکە حەقیقەت شتێکی راگوزەر و لەناو چوونییە. دەڵێن ئەم بەڵگە گشتییە هەر بەسەر زانستەکانی تریشدا ناچەسپێ، بەڵکو بەسەر خودی ئایینی مەسیحیشدا دەچەسپێ، ئەو کاتەش هەردەبێت گریمانەکردنی ئەوەی، کە پێویستە مێژووێك بۆ ئایین و زانستەکانی تر



هەبێت، لێکدژی تیایدا بێت، دوای ئەمەش پشکنینی ئەم مێژووانە کارێکی زیادەیە و پێویست نییە. بەڵام بۆ ئەوەی لەم لێکدژییە رواڵەتییە بەباشی تێبگەین، ئەوا هەردەبێت جیاوازی لە نێوان مێژووی دەرەکی ئایین یان زانست لەگەڵ مێژووی خودی بابەتەکەدا بکەین. سەرەڕای ئەمەش هەردەبێت ئەوە رەچاو بکەین، کە مێژووی فەلسەفە -بەهۆی سروشتی تایبەتی بابەتەکەی- مێژووەکەی لە مێژووەکانی جیاوازە. بەمە یەکسەر ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەو لێکدژیەی ئاماژەی پێکرا، ناکرێت ئاماژە بە مێژووی دەرەکی بدات، بەڵکو دەبێت ئاماژە بە مێژووی ناوەکی بدات، واتە مێژووی ناوەڕۆکەکە خۆی، مێژوویەك بۆ بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و ژیانی ئەوانەی کە بوونەتە مەسحی هەیە، لە رووی دەرەکییەوە بوونی ئەم مێژووە لە بینای کەنیسەدا خۆی دەنوێنێ، کەنیسە وەك بوونێکی دەرەکی لە کۆمەڵە پاوانکردنێك و کۆمەڵە پەیوەندیەکی زەمەنی هەمەڕەنگ و جۆرا و جۆر پێکدێت، هەروەك چۆن چارەنوسێکی جیاوازی هەیە، ئاواش بەزەرورەت مێژووی هەیە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە بیرو باوڕی مەسیحییەتەوە هەیە، گومانی تیانییە ئەویش مێژووی خۆی هەیە، بەڵام بە زەرورەت مێژوویەکە هێشتا نە گەیشتووەتە دوا پەرەسەندن و شێوەی تەواوەتی خۆی، تەنها بەم تازەییە نەبێت. تائێستاش ئەو بیر و باوڕە کۆنەی، کە دەڵێت بۆ هەموو سەردەمێك دەگونجێت، گریمانەی ئەوە دەکات کە تائێستاش بەبێ هیچ گوڕان و گۆڕانکارییەك بە کەڵکە و خۆیشی حەقیقەتە، ئەگەر چی ئەم داڕشتنە لە ئێستادا جگە لە رواڵەتێك هیچی تر نییە و تەنها کۆمەڵە وشەیەکە، داڕشتەش گوزارشت لە هیچ شتێك ناکات جگە لە چەند بازی. بەڵام لە چوار چێوەی فراوانی ئەم مێژووەدا جگە لە دوو شت هیچی ترمان نییە:

***یەکەم:*** کۆمەڵە زیادەیەکی بێ ئەندازە فرە جۆر و هەمەڕەنگ خراوەتە سەر ئەم حەقیقەتە جێگیرەو لەگەڵ لادانێکی زۆر لەم حەقیقەتە.

***دووەم:*** تێکۆشان دژی ئەم لادانانە و پاککردنەوەی بنچینە چەسپاوەکە لەم لادانانە، تالێیان رزگار ببێت و بگەڕێتەوە بۆ سادەیی ئەم بنچینەیە.

زانستەکانی تریش لەناویشاندا فەلسەفە -مێژووی دەرکیان هەیە، بەم شێوەیە دەبینین فەلسەفە مێژوویەکی تایبەت بە بنەچە و سەرهەڵدان و دارمان و ژیانەوە و مامۆستاکانی و شوێنەکەوتەکانی، تەنانەت دوژمنەکانیشی هەیە، هەروەها مێژووی پەیوەندییە دەرەکییەکانی

بە ئایین و دەوڵەتەوە. ئەمە لایەنەی مێژووی فەلسەفە ڕێگەمان بۆ خۆشدەکات کۆمەڵە مەسەلەیەکی بەسوود و خۆش پێشنیارکەین وەك: بۆچی فەلسەفە وانیشاندەدات -کە تیۆری- حەقیقەتی ڕەهایە، وەك ئەوەی کە خۆی بۆ ڕێژەیەکی زۆرکەم لە کەسەکان بکاتەوە؟ ئەی بۆچی بە گەلانێکی دیاریکراو ماوەیەکی دیاریکراوەوە، پەیوەستە؟ دەتوانین هەمان شت لە بارەی ئایینی مەسیحیشەوە بڵێین: بۆ نموونە بۆچی لەو ماوە دیاریکراوەدا دەرکەوت و لە ماوەیەکی تردا دەرنەکەوت، لە کاتێکدا لێرەدا حەقیقەت شێوەیەکی هەمەکیی گشتگیر تری هەیە لەو شێوەیەی کە لە وێنە فەلسەفییەکەیدا دەیپۆشێت. گەر ئەمە لێکدژیەکی ناوخۆی نەگرێتە خۆی، ئەوا کێشەیە لێرەدا دەردەکەوێت، واتە وادەبێت کە ئەم ئایینە درەنگتر لە ساتەوەختی مێژووی خۆی دەرکەوێت، لە کاتێکدا تائێستاش بە درێژایی ئەو ماوەیە تائەمڕۆ ئەم ئایینە بە باڵای هەمان ئەو کۆمەڵە گەلە دابڕاوە؟ ئەم پرسیارانەو پرسیارەکانی تری لەم جۆرەش، لە ڕووی درێژدادڕیانەوە، پشت بە هیچ شتێکی تر نابەستن جگە لەو لێکدژییە زۆر گشتییەی کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا. زیاتر لەمە ناتوانین بەناو ئەم بابەتەدا ڕۆچین، مەگەر لەوێوە کە زیاتر دەست لە سروشتی تایبەت بە مەعریفە فەلسەفییەوە وەردەین، لەم کاتەدا توانای ئەوەمان دەبێت کە بچینە ناو ئەو لایەنانەوە، کە بەبوونی دەرکییەوە پەیوەستن، هەروەها بچینە ناو مێژووی دەرەکی فەلسەفەوە.

بەڵام لەبارەی ئەوەوە، کە پەیوەستە بە بەراوردکاری لە نێوان ئایین و مێژووی فەلسەفەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکە ناوەکییەکەیانەوە، ئەوا لە ئایین و لە فەلسەفەدا حەقیقەتێکی جێگیری وانییە کە شایەنی گۆڕان نەبێت و لە هەمانکاتیشدا بەشێکبێت لە مێژوو. کاتێك کە ناوەڕۆکی مەسیحییەت وای لێهات کە بەبێ گۆڕانێکی بەرچاو بمێنێتەوە، ئەمە وایکرد کە بەبێ مێژووش بمێنێتەوە. یان نزیك بێت لەوەوە کە مێژووی نەبێت، دوای ئەمەش لە ئاییندا -وەك ئەوەی کە لە مەسیحییەتدا هەیە- ئەو لێکدژییەی کە پێشتر ئاماژمان پێدا بزر دەبێت و نامێنێت. لە بەرامبەر ئەمەشەوە زیادکردنەکان و لادانەکان وەك کێشەیەك نامێنێتەوە، چونکە تێپەڕو کاتین، ئەمانە لە ڕووی سروشتیانەوە بە تەواوەتی مێژوویین.

زانستەکانی تریش مێژوویان بۆ ناوەڕۆکەکەیان هەیە، ئەویش بە هەمان شێوە یەك لایەن دەگرێتەوە، کە بۆ گۆڕانکارییەکانیان و دۆزینەوەکانیان ئەوە دەخاتەڕوو کە لە ماوەی ڕابڕوودا



بەدروست زانراوە. بەڵام لایەنێکی گەورەی ناوەڕۆکەکەشی -کە لەوانەیە گەورەترینیان بێت- هەر وەکو خۆی پارێزراوە. ئەو دۆزینەوە نوێیانەی کە دەرکەوتوون گۆڕانکاری و چاکسازی نین لەوەی کە لە قۆناغەکانی پێشودا دەستمان پێی گەیشتووە، بەڵکو سەربار و زیادەی ئەون، ئەم زانستانە بە ڕێگای کە لە بوونی زانیارییەکان بەرەو پێش دەچن، لەبەرەو پێشچوونی زانستی کانزاکان و زانستی ڕووەکەوە.... هتد دەبینین ڕاستکردنەوەیەکی زۆری هەڵەکانی پێشوو هەیە، بەڵام لایەنێکی گەورەی هەر بەبێ گۆڕان و چاککردن ماوەتەوە و بە دۆزینەوە نوێکانیش بە بڕشت تر و دەوڵەمەندتر دەبێت. بۆ نموونە لە زانستێکی وەك بیرکاریدا ئەو مێژووەی کە -پەیوەندی بە ناوەڕۆکەکەیەوە هەیە- بایەخێکی گەورەی لە ئەرکی گێڕانەوەی پێناسە و بۆچوونەکاندا هەیە. ئێمە لێرە بە دواوە دەتوانین واسەیری ئەندازەی سەرەتایی بکەین، بۆ نموونە لەو چوار چێوەیەیدا -کە ئیقلیدس Euclid دەیخاتەڕوو- وەك ئەوەی کە مێژووی نەبێت. لە لایەکی ترەوە مێژووی فەلسەفە بەبەردەوام نامانباتە سەر ناوەڕۆکێکی سادەیی بە سەربار و ناشمانباتە سەر بزووتنەوەی دەرەکی ئەو کۆبوونەوە لەسەر خۆیانەی کە خراوەتە سەر ئەو گەنجینەی کە بە ڕاستی دەستمانکەوتووە. بەڵکو وادەردەکەوێت کە تەنها ئەو دیمەنە دەخاتە بەر دەستمان کە دیمەنی ئەو گۆڕانکارییانەن کە بەبەردەوامی هەموو بابەتەکە نوێدەکەنەوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆتاییشدا تەنانەت ئامانجێکی هاوبەشی ئاواشی نییە کە پەیوەستکەری نێوانیان بێت، سەرباری ئەمەش ئەوەی کە دیارنامێنێت خودی بابەتە ڕووتەکەیە یان مەعریفە عەقڵییەکەیە، لە دوایشدا هەردەبێت کۆشکی زانست بەشداری لە هیچی ئەو لافلێدانە بێ مانایەدا بکات کە ناوی: فەلسەفەیان هەڵگرتووە[12].

[12] لێرەدا دەروازەکەی هایدلبرج کۆتایی پێدێت. من تعلیقات نوکس ص ١٤. (المترجم).

# بەشی دووەم

# دەروازەیەك بۆ وانەكانی بەرلین
# ساڵی ١٨٢٠

## یەکەم: چەمکی مێژووی فەلسەفەو ئامانجەکەی

ئالێرەدا یەکسەر دەگەین بەو راو بۆچوونە رواڵەتیە باوانەی کە لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە هەن، ئەمانە کۆمەڵە بیر و رایەکن پێویستە ئاماژەیان پێبدەین و هەڵسین بەراستکردنەوەیان، ئەی بەرێزان ئەم بیروڕایانە ئێوە بێگومان دەیانزانن، چونکە کۆمەڵە بیروڕایەکن هەر کە بیرتان لە مێژووی فەلسەفە کردەوە، لە بیر و راکانی تر زووتر بە خەیاڵتاندا دێن و لە زەینتاندا ئامادە دەبن. دواتر من بە کورتی باسی ئەوە دەکەم کە پێویستی بەباسکردنی هەیە و هەڵیشدەسم بە راڤەکردنی ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان فەلسەفە جیاواز و هەمەڕەنگەکاندا هەیە، ئەمەش لە دواییدا بەرەو ئاشکرایی و روونییەکی تەواو دەمانبات.

## دووەم: مێژووی فەلسەفە بەوەی کە کەڵەکەبوونی کۆمەڵە راو بۆچوونێکە[1]

مێژووی فەلسەفە -یەکەمجار- پێویستە ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە کە لەناو زەمەندا روویانداوە و ئەو رووداوانەی کە لە لایەن گەلەکان و تاکەکەسەکانەوە روویانداوە، ئەم رووداوانە دروست روویانداوە بەڵام یان بەپێی ئەو بە دوای یەکهاتنەی کە لە زەمەندا هەیانە روویانداوە یان بەپێی ناوەڕۆکەکەیان، دواتر لە دەرکەوتنی رووداوت و بە دوای یەکهاتنی زەمەنی دەکۆڵینەوە، بەڵام ئەو چەمکەی کە لێرەدا دەمانەوێت یەکەمجار لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکەین، پەیوەندی بە خستنەڕووی ناوەڕۆکەوە هەیە، ئەو بیرانەن کە کرۆکی فەلسەفە شێوەگیر دەکەن، نەك کردار رووداوە دەرەکییەکان، یان خۆشی نوشییەکان یان هەڵچوون و مەبەستەکان. لە کاتێکدا بیرە خراوەڕووەکان جگە لە کۆمەڵە رایەك هیچی ترنین، راو بۆچوونە فەلسەفییەکانیش تەنها کۆمەڵە راو بۆچوونێکن بەناوەڕۆکێکێ تایبەتەوە پەیوەستن، بابەتی گونجاوی فەلسەفەش بە دەوری: خواو سروشت و گیان دەسوڕێتەوە.

ئالێرەدا دەگەین بە باوترین راو بۆچوون لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە، کە واپەسنی ئەم مێژووە دەدات، ریوایەتکردنی ژمارەیەکە لە راوبۆچوونی فەلسەفی، بەو شێوەیەی کە لە زەمەندا

---

[1] ئەم ناونیشانە لە وەرگێڕانەکەی هولدیندا لە لاپەرە (١)ەو  لە وەرگێڕانەکەی نۆکس دا لە لاپەرە ١٥ دانییە. (المترجم).

خراونەتەڕوو، ئێمە لێرەدا بەسینگفراوانی خۆمانەوە بە ((راو بۆچوونەکان)) ناویان دەبەین، بەڵام ئەوانەی کە پێیان وایە گوزارشت لە کۆمەڵە بڕیارێکی جدیتر دەکەن ئەوا ئەم مێژووە بە مۆزە خانەی گێلیەتییە دەزانن، یان بە لایەنی کەمەوە بە پێشانگای ئەو هەڵانەیان دەزانن کە مرۆڤ لەو کاتەدا لەناو بیردا نوقم بووە و تێیان کەوتووە، تەنها بیرەکانیش ئەم هەڵانە قبووڵ دەکەن، ئێمە ئەم تێڕاونینە لە دەمی ئەوانەوە نابیستین کە بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێن هیچ لە فەلسەفە نازانن، خەڵکانێکی لەم جۆرە کەدان بە نەزانی خۆیاندا دەنێن جارِ بۆ ئەوە دەدەن کە بیرۆکەیەکی گشتی و باو هەیە ئەویش ئەوەیە جەهل بە فەلسەفە نابێت بێتە کۆسپێك لەبەردەم بڕیاردان لەسەر بەهاو نرخی فەلسەفە، بە پێچەوانەوە واوتراوە، کە مرۆڤ بەبێ ئەوەی شتێکی لێ تێبگات و هیچ توانایەکی بەسەریدا بشکێت دەتوانێت بڕیار لەسەر ماهییەت و نرخەکەی بدات، ئەمە هەر تێڕوانینی خەڵکانێك نییە کە هیچ لە فەلسەفە نازانن، بەڵکو بۆچوونی خەڵکانێکیشە کە مێژووی فەلسەفە دەنوسن و نوسیویشیانە. ئەگەر واسەیری ئەم مێژووە بکەین کە ریوایەتکردن و ئاماری هەموو جۆرە راو بۆچوونە جیاوازەکانە، ئەوا ئەم مێژووە لە ریوایەتێکی لە کەڵککەوتوو و چیرۆکێکی نەزۆك دەچێت. یان تەنها بۆ قووڵبوونەوە و رۆچوون و شارەزاییەکی زۆر بەکەڵکە، قووڵبوونەوەش لە زانستەکاندا بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر زانینی دەستەیەك لە کاروباروی بێمانا بەندە، واتە ئەو کار و بارانەی کە بەخۆیان هیچ بەهاو بایەخێکیان نییە جگە لەوەی لە ئەو بەروو ئەمبەڕی زانست بگریتە خۆت. ئەوە وتراوە کە سوود لە فێرکردنی راو بۆچوونی جیاوازو زانینی راو بۆچوونی خەڵکی تردایە، ئەمە راستە، چونکە تواناکانی بیرکردنەوە دەورووژێنێ و دەیگەیەنێ بە زۆرێك لە تێڕامانی بەسوود، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ -جارەجارە- بیرۆکەیەکی بەسوودی تیایە، زانستیش بەم شێوەیە پشت بە هاوسۆزی کۆمەڵە رایەك لەگەڵ کۆمەڵە رایەکی تر دەبەستێت.

بەڵام لێرەدا تێڕوانینی ترمان هەیە، کە لەم بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێت و هەر بەویشەوە پەیوەستە، ئەویش ئەوەیە کە سەیرکردنی چەندیەتییەکی زۆری لەم شێوە لە راو بۆچوون و رێبازە فەلسەفییە هەمە چەشن و هەمەڕەنگەکان وامان لێدەکات کە تووشی حەپەسان و واق وڕمان بین و ئەوە نەزانین کە دەبێت چییان لێوەرگرین، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، لەو مەسەلە گەورانەی کە سەرنجی ئێمە رادەکێشن و لەو مەعریفەدا کە فەلسەفە دەیەوێت بیدات بە ئێمە و ئێمەی پێ دەوڵەمەند بکات -عەقڵە مەزنەکان گومڕابوون و بە هەڵەداچوون، ئەمەش لەوەوە



دیارە، کە عەقڵی تر هاتوون هەڵساون بە لەناودان و پووچەڵکردنەوەی بۆچوونەکانیان. ئەگەر هاتوو ئەمە ئەو ئەزموونەبێت کە عەقڵە مەزنەکان پیایدا تێپەڕبوون، ئەوا منێك کە ئەم ((بوونەوەرە مرۆییەم Ego Homnncio))[2] چۆن دەتوانم بڕیاری خۆم وەرگرم؟ ئەم دەرئەنجامەی کە لە  هەمەچەشنی رێبازە فەلسەفییەکان پوختەکراوە، وەك ئافەتی گوڵ وایە، بەڵام لە هەمانکاتدا گوزارشتیشە لە تایبەتمەندییەکی خودی کە بێسوود نییە، چونکە ئەوانەی کە بەرگی ئەوە دەپۆشن کە بایەخدەدەن بە فەلسەفە ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم هەمەچەشنیەی فەلسەفە دەکەن بە پاساوێك بۆ ئەوەی ئەم رێبازانە فەرامۆشبکرێن و بایەخیان پێنەدرێت، لە راستیدا ئەمانە هەر خۆیان هیچ شتێك لە بارەیانەوە نازانن. سەرەڕای ئەوەی کە پێیان وایە نیازیان پاکە و تەنانەت سەلماندنی ئەوەش لە لایەن ئەوانە، کە لێکۆڵینەوە لەم زانستە پێویستە، ئەوا ئەم هەمەچەشنییەی رێبازە فەلسەفییەکان هەرگیز نابێتە پۆزش و کەڵکی ئەوەشی نییە کە ببێت بە پاساوێك بۆ ئەوەی خۆمان لە زانینی فەلسەفە گێل بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە پاساوێکی راستەقینەو باشە بۆ دوورخستنەوەی ئەو حەماسەت و ئیرەییەی کە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفە داوای دەکات، یان بۆ دوورخستنەوەی ئەو پاساوەی کە پێیوایە نابێت پشتی پێ ببەسترێت، چونکە بەڵگەیەکی تیایە لەسەر نەزۆکی ئەو هەوڵانەیکە بۆ گەیشتن بە مەعریفەیەکی فەلسەفی لە بارەی حەقیقەتەوە دەدرێن و ئەم بەڵگەیەش پووچەڵ ناکرێتەوە، بەڵام گەر لەگەڵ ئەمەشدا سەلماندمان راستەقینەبێت؟ ئەوا ئەم پرسیارە رووبەڕوووومان دەبێتەوە: کام یەك لە فەلسەفەکان ئەم فەلسەفەیە؟ چۆن دەتوانین بیناسینەوە؟ بیرمەندی داناو دانشمەند دوودڵە لە دەرکردنی دوا بڕیار کە نێوان ئەم رێبازانەی پێ یەکلابکاتەوە.

-بەرێزان- من گومانم لەوەدانییە کە ئێوە ئەم بیر و رایانە دەزانن و پێیان ئاشنان، چونکە ئەمانە هیچ نین جگە لەوەی کە لە تێڕامانە بەراییەکاندا دەشێت هەر لە یەکەم ساتی بیرکردنەوەمان لە مێژووی فەلسەفە بە خەیاڵماندا بگوزەرێن. من لێرەدا جگە لەو تێبینیانەی

[2] ئەم دەستەواژیە لە دیمەنی سێهەمی شانۆنامەی ((الخصي... Ewnuchus)) دا هەیە ئەم شانۆنامەیەش هی نووسەری شانۆیی رۆمانی ((تیرنس Terence))ە (١٨٦-١٥٩ ق.ب)) ئەم نووسەرە شەش شانۆنامەی کۆمیدی شیعری نوسیوە و کاریگەری زۆر قووڵی لەسەر پەرەسەندنی کۆمیدیای رۆژئاوایی داناوە. (المترجم).

که هەن و پێویست و گرنگن هیچی تر تۆمار ناکەم. دوای ئەمەش هەمەچەشنی و جیاوازی فەلسەفەکان بەرەو خودی بابەتەکە ڕێنوێنمان دەکەن.

***یەکەم:*** ئەگەر هاتو مێژووی فەلسەفە مۆزەخانەیەك بوو بۆ راو بۆچوونەکان -ئەگەرچی ئەم راو- بۆچوونانە لە بارەی خواو ماهییەتی سروشتی گیانیش بوون -ئەگەر ئەمە هەمووشتێك بێت ئەوا لەم بارەدا فەلسەفە دەبێتە زانستێکی بێزارکەر و هیچ سودێکی نابێت، ئەگەرچی کۆمەڵە سوودێکی واشی هەبێت کە بتوانین لە جووڵەی بیر و قووڵبوونەوە و فرەزانیندا کورتیان بکەینەوە. ئایا شتێك هەیە لە زانینی زنجیرەیەك لە راو بۆچوونی رووت، بێزارکەرتر بێت و توندتر توشی پەستی و بێ تاقەتیمان بکات؟ ئایا چیتر زڕتر و نەزۆکتردەبێت، لە زانینی تێکەڵەیەك لە راو بۆچوونی لاوازو بێ پێز؟ ئایا چ شتێك هەیە لەمە بێ ماناترو بێ کەڵکتر؟ ئەو کارە ئەدەبیانەی کە بە مێژووی فەلسەفە پەسەن دەکرێن، بەو مانایەی کە لە ژێر دەمامکی راو بۆچووندا لە لێکۆڵینەوەی بیرە فەلسەفییەکان چوونەتە پێشی، تەنها چاوپیاخشاندنێك بەسە، بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە تاچ ئاستێك وشك و بێزارکەرن و تاچەند وەڕسی وێی و بێ مانای دەبزوێنن. را بیرۆکەیەکی هەڕەمەکی لە خۆوەیە، یان خەیاڵێکە دەکرێت بەم جۆرە یان بەو جۆرە بەزەیندا بگوزەرێت، را موڵکی منەو بیرۆکەیەکی هەمەکی رەهانییە، کاتێك فەلسەفە هیچ راو بۆچوونێکی لە خۆی نەگرتبێت، ئیتر شتێك نییە ناوی راو بۆچوونی فەلسەفی (یان گومانکردنی فەلسەفی) بێت، گەر مرۆڤێکیش -بامێژوونوسی مێژووی فەلسەفەش بێت- بیستمان لە را (یان گومان)ی فەلسەفی دەدوێت، ئەوا یەکسەر بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستی بە پەروەردەکردنێکی باش و بنچینەییە. فەلسەفە زانستی بابەتیانەی حەقیقەتە، زانستی زەروورەتە و مەعریفەیەکی وێناکاریانەیە، هەرگیز رانەبردووە و چنراوێکیش نەبووە لە راکان.

***دووەم:*** یەك لەو راستییانەی کە بەباشی دامەزراوە، ئەوەیە کە دەڵێت لێرەدا کۆمەڵە فەلسەفەیەکی جیاوازمان هەیە، کەچی حەقیقەتیش یەکە و عەقڵ بەشێوەیەکی غەریزی دەبێتە خاوەنی ئەم ئیمانە یان ئەم هەستکردنە رێگرە، کاتێك فەلسەفەکان بەم رێژەیە هەمەرەنگ و جیاوازنەبن، ئەوا ئێمە لەمە ئەو دەرئەنجامە دەردەکەین، کە فەلسەفەکانی تر بەزەرووڕەت



فەلسەفەی گومڕاو سەر لێشێواون، یان تەنها کۆمەڵەیەکن، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان بڕیار دەردەکات و بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە هەر خۆی ئەو تاکە فەلسەفەیەیە کە راستە.

گەر ئێمە ویستمان بە درێژەپێدانێکی زیاتر باس لەو تێڕامانە بکەین کە بە جیاوازی فەلسەفەکانەوە پەیوەستە، ئەوا یەکەم شت کە ئێمە دەبێت بڵێین ئەوەیە کە جیاوازی نێوان ئەم فەلسەفانە تا هەر کوێ بڕبکات، فەلسەفەکان هەر لەوەدا کە فەلسەفەن هاوبەشن، دوای ئەمەش ئەو کەسەی کە لە فەلسەفە دەکۆڵێتەوە و ئەوەش کە فەلسەفەیەکی تایبەت بۆ خۆی دروستدەکات (تا لە گۆشەیەکی ترەوە ببێتە فەلسەفە) ئەوا سەرەڕای ئەمەش هەر بەسەر فەلسەفەدا زاڵدەبێت، ئەو عوزر خواییە کۆنانەی کە بۆ ئەوەی لە فەلسەفە نەکۆڵرێتەوە و ئەو بەڵگەیەش کە نووساوە بە هەمەچەشنەیەوە، ئەوەش کە بە هۆی هەڵهاتن و پەسبوون و ترسەوە لەوەی کە ئەوە بەشەکییە لەناویا هەمەکی جێبەجێ دەبێت، ناهێڵێن پەی بەم هەمەکییە بەرین و بیزانین، لە شوێنکدا من ئەمانەم بە نەخۆشێکی زۆرزان بەراوردکردووە، کە دکتۆرەکان ئامۆژگاری دەکەن میوە زۆربخوات، بەڵام هەرچییەك لە هەرمێ وترێ و خۆخ دەخەنە بەردەمی نایخوات و پێیوایە میوەکە هەندێکی هەرمێیەو هەندێکی ترێ و خۆخ و گێلاسە.

بەڵام گرنگە لە جێگەی خۆیدا بەرچاو ڕوونیەکی قووڵمان لەبارەی ئەوەوە هەبێت کە ئەم هەمەچەشنیە لە رێبازە فەلسەفییەکاندا دەیگەیەنێت. مەعریفەی فەلسەفی لەبارەی ئەوەی کە حەقیقەتەو ئەوەی کە فەلسەفەیە وامان لێدەکات بە جۆرێکی تەواو و جیاواز لە مانای دژیەکی رووت لە نێوان هەق و ناهەق یان بەتاڵ تێبگەین. راڤەکردنی ئەم حەقیقەتە دواتر مەغزای سەراپای مێژوومان بۆ ئاشکرا دەکات.

بەڵام بۆ ئەوەی پشتگیری لەم راڤەکردنە بکەین، پێویستە لەسەر بناغەی بیرۆکە لە سروشتی حەقیقەت تێبگەین و ژمارەیەك لە مەسەلە بهێنینەوە کە لێرەدا ناتوانین بەڵگەیان لەسەر بهێنینەوە، کەواتە هەر ئەوەندەمان پێدەکرێت، کە روونی بکەینەوە و مەعقوولیەتەکەی بەیان بکەین. من لێرەدا ناتوانم واتان لێبکەم کە بڕوا بەمە بکەن، و ناشتوانم پاساوی قووڵتری بۆ بهێنمەوە. من تەنها نیازم وایە کە لە رووی مێژووییەوە بۆتان باس بکەم، بەڵام ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە کە وەك حەقیقەتێکی داکوتراو و جێگیر بیزانین و لێیتێبگەین.

ئەو مەسەلەیەی کە تۆزێك لەمەو پێش باسمانکرد -و لەناو ئەو چەمکانەدا بوو کە لێرەدا بە کورتی خستمانەڕوو- ئەوە بوو کە حەقیقەت یەکە و تەنها یەك و بەس و دارِشتەیەکە کە سەر بە بیرکردنەوەی هوشیارانەمان بەو شێوەیەکە هەیە، بەڵام بەواتایەکی قوولتر خاڵی سەرەتای فەلسەفەو ئامانجەکەی دەنوێنێ، ئەویش ئەوەیە بزانین ئەم حەقیقەتە هەر یەکەو لە هەمانکاتدا ئەوەش بزانین، کە ئەمە میتۆدێکە کە هەمووشتێك لێیەوە هەڵدەقوڵێ: هەموو یاساکانی سروشتن و هەموو دیاردەکانی ژیان و هوشیاری، هیچ نین جگە لە رەنگدانەوەی ئەم حەقیقەتە. بە گوزارشتێکی تر: ئامانجی فەلسەفە ئەوەیە کە هەموو ئەم یاساو دیاردانە، لە رواڵەتدا بە رێگەیەکی پێچەوانەکاریانەوە -بگەڕێنرێنەوە بۆ یەك سەرچاوە، هەربەم رێگایەش وامان لێدەکات کە وا لێی تێبگەین ئەمانە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، واتە ئەوانە بزانین، کە لەوەوە رۆنراون.

(أ) ئەو فەلسەفەیەی کە دەڵێت حەقیقەت یەکەو لە خۆیدا هیچ نییە جگە لە مەسەلەیەکی وێنەیی و پەتی، لە راستیدا لایەنی کرۆکی ئەوەیە کە: حەقیقەت یەکەو بیرۆکەیەکی سادە و پوخت یان مەسەلەیەکی پەتی نییە، بەڵکو راستر وایە بڵێین شتێکی لە خۆیدا عەینییە، لێرەدا رایەکی باو هەیە، دەڵێت فەلسەفە تەنها مامەڵە لەگەڵ پەتییەکان و هەمەکییە بەتاڵەکان دەکات[3]. لە کاتێکدا جیهانینی و خود هۆشیاریی ئەزموونیمان و هەستکردن بە خۆمان بە ژیان، ئەمەیە کە بە خۆی عەینی و دیاریکراوو دەوڵەمەندە.

لە راستیدا فەلسەفە دەکەوێتە ناوچەی بیرەوە و لەسەریشیەتی مامەڵە لەگەڵ هەمەکییەکاندا بکات[4]. هەر لەبەر ئەمەش ناوەڕۆکێکی پەتییە، بەڵام تەنها لە رووی شێوە و لە رووی ئەو

[3] هەردەبێت لێرەدا وا لە پەتیەتی تێبگەین کە بەمانا هیگڵەکەی هەیە، نەك ئەرستییەکەی، پەتی لای هیگڵ ئەوەیە کە لە سیاقەکەی پچراوەوە تەریککراوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی کە دەڵێن: بوون بە دوورگرتنی لە عەدەم، هەر خۆی هەمەکی بەتاڵە -بەڵام عەینی پێکهاتەیەکی وەك خۆگۆڕکێ وایە لە حاڵەتی بوون و عەدەمدا. راجع کتابنا ((المنهج الجدلی عند هیجل))، الناشر مکتبة مدبولی ص ١٩١-١٩٦.

[4] فەلسەفە جگە لە((بیرەکان)) مامەڵە لەگەڵ هیچ شتێکی تردا ناکات، ئالێرەوەیە کە فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ بەشەکیدا ناکات، واتە مامەڵە لەگەڵ شتی هەستەکی راستەوخۆدا ناکات، ئەمەشە، کە هۆشیاری راستەوخۆ لەگەڵیدا تووشی پێکدادان دێت، یان لە روویەکەوە پیاوی سەرجادە و لە رووەکەی ترەوە ئەوەی کە لە قۆناغەکەی تردا زانایەك لێکۆڵینەوە لە بارەوە دەکات، بەڵام فەلسەفە لە ((بیر))ی پیاوی سەرجادە و ((بیر))ی زانا دەکۆڵێتەوە بیر لەناو بیردا یان دوو بیرۆکەن یان ئەو بیرەیە کە دواتر دێتە ئاراوە ئەمە لای



توخمەوە کە سەر بەوە. بەڵام بیرۆکەکە لە خۆیدا بە زەروورەت عەینییە و یەکبوونی کاتیگۆریە جیاوازەکانە. ئەمەش مەعریفەی عەقڵی لەمەعریفەی تێگەیشتنی پەتی جیادەکاتەوە. ئەرکی فەلسەفە -بە پێچەوانەی ئەرکی تێگەیشتن- ئەوەیە کە پیشانماندات کامە هەقە -واتە بیرۆکە- کە لە هەمەکییە بۆش و بەتاڵەکان پێکنەهاتووە. بەڵکو پشت بە هەمەکییەت دەبەستێت کە لە هەناویدا بەشەکی (واتە دیاریکراو)ی هەڵگرتووە. ئەوەی کە لێرەدا دەیڵێم، لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەوەیە یەکدێتەوە کە پێشتر وتوومە، واتە ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفە هەردەبێت لەسەرەتادا لە رووە مێژووییە پوختەکەیەوە لە لایەن ئەوانەوە وەگێرێت کە چیتر بە فەلسەفە ئاشنانین. لە راستیدا غەریزەی بیرکردنەوە شوێنکەوتەی ئەو گوتەیە کە دەڵێت حەقیقەت یەکەو ئەو حەقیقەتەش -کە فەلسەفیانە- دەزانرێت، لە توخمی بیردا واتە لە وێنە هەمەکییەکەدا بوونی هەیە. ئەم بیرۆکەیەش لە بیرۆکە ئاشناکانی ئێمەیە. بەڵام گوتنی ئەوەی کە هەمەکی بەخۆی لە بەشەکی پێکهاتووە و بیرۆکەش لە خۆیدا یەکبوونێکی رەهایە لە جیاوازییەکان. بە وردی ئەمەیە ئەو سەرتایەی کە مەسەلەی فەلسەفە لێیەوە دەستپێدەکات. لەم خاڵەشەوە ئەو کەسەی کە بەمە پەروەردەنەرکراوەو ئەوەش کە دەڵێت ئەمە شتێکە ناکرێت لێی تێبگەین، پاشەکشێ دەکات، دەستەواژەی ((ئەوەی کە ناکرێت لێی تێبگەین)) ئەوە دەگەیەنێ: ((کە ئەمە ((واتە ئەوەی کە ناکرێت تێبگەین)) لەگەڵ ئەو بیرە خو پێوەگیراو نەمان و ئەو باوەڕکردنە ئاساییەماندا وێك نایێتەوە. ئێمە پێشتر -لە بارەی ئەوەوە کە بە بڕواکردنەوە پەیوەستە- وتمان ئێرە جێیەکی گونجاو نییە بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو مەسەلەیەی کە دەمەوێت قسەی لەسەرکەم یان دەمەوێت هەڵسم بە ئامادەکردنی و زەمینە خۆشکردنی عەقڵی ئیوە بۆ وەرگرتنی. لە راستیدا ئاسانە شتێکی لەمە تێبگەین و بیرۆکەیەکەمان لە بارەیەوە دەستکەوێت. بۆ نموونە رەنگی سوور، بیرۆکەیەکی پەتییە لە پەیبردنی هەستەکییەوە دێتەئاراوە، بەڵام کاتێك کە ئێمە بە زمانی ئاسایی و رۆژانەی خۆمان لە بارەی ((رەنگی سوورەوە)) دەدوێین. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ پەتییەتیدا دەکەین، گوڵی سوور، سوورییەکی عەینییە، یەکبوونێکە لە گەڵاکان و شێوە و بۆن و رەنگ، واتە بوونەوەرێکی زیندوو شێوەگیر دەکات کە لە گەشە کردندایە و نەشونمادەکات، دەشتوانین بە

هیگڵ، بەڵام بە گوزارشتی ئەرستۆ بیری بیرە -راجع مقالنا ((فکر الفکر)) في کتاب ((افکار و مواقف)) الناشر مکتبة مدبولي ص ٦٣٦.

ڕێگەیەکی جیاواز لەناویدا جیاکاری بکەین و ئەوەی کە پەتییە لێی دوورخەینەوەو لەناوی بەرین و هەڵی پتروکێنین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گوڵەکە هێشتا لەسەر ژمێری بەشەکانیدا یەك بابەت و یەك بیرۆکەیە. بەم شێوەیە دەبینین بیرۆکەی پەتی لە ئاستی خۆیدا پەتیانە نییە، یان وەك سووری بۆش و بەتاڵ نییە، بەڵکو گوڵەکە خۆیەتی، واتە شتێکە لە خۆیدا عەینییە. یان دەتوانین نموونەیەك لە بەشێك لە بەشەکانی بیربهێنینەوە: ئەو مەسەلەیەی کە دەڵێت ((أ هەر أ))ە، گوزارشت لە شوناس دەکات، وادەبینرێت کە سادەیەکی تەواو پەتییە، واتە پەتییەتییەکی پوختە بەو شێوەی کەوایە، گوتنی ئەوەی کە ((أ هەر أ))ە، واتە شتێکی دیاریکراو نییە و هیچ دیاریکردنێك و تایبەتمەند کردنێکیشی تیا نییە، هەموو ناوەڕۆکێك و هەموو تایبەتمەند کردنێك هەردەبێت لە دەرەوە بێت، چونکە ئەم داڕشتەیە گوزارشتە لە شێوەیەکی تەواو پەتی. بەڵام گەر من بەرەو بناغەکە چووم[5]. (وەك لەو بارەی کە لەوەدا هەیە بڵێین ((س)) لەسەر ((ص)) دامەزراوە)، بناغەکەش کاتیگۆرییەکە لە کاتێگۆرییەکانی تێگەیشتن -ئەوا دەبینین بناغەکە کاتیگۆریەکە لە خۆیدا عەینییە. بناغە -یان بناغەکان- ماهییەتی شتەکانن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە لەگەڵ خۆیدا لە شوناسدایە، ئەوەش کە بوونی لەناو خۆیدا بێت بەڵام بەو شێوەیەی کە بناغەکە بێت، دیاریکراوە، واتە هەر دەبێتە هۆی وابەستەبوونی بەو شتەی کە بناغەکەیە، لە خۆی دەرچێت، دوای ئەمەش لە وێناکردنێکی سادەدا بۆ ((بناغە)) ناکرێت ئەم ((بناغە))یە بە تەنها بناغەبێت و بەس، بەڵکو شتێکی تریشە، کە ئەوەیە لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێت، کەوامان دانا شتێك بناغەیە، دوایش بەبێ ئەو شتەی کە لەسەری دادەمەزرێت وەرمانگرت، ئەوا هەرگیز نابێت بەبناغە. دەتوانیت هەر هەمان شتیش بڵێین گەروتمان شتێك هۆیە بەڵام بەبێ ئەوەی دەرئەنجامی هەبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا تەنها شتێکەو بەس، بەبێ ئەوەی ببێت بەهۆ. ئەمە بۆ ئەنجامیش هەر راستە، واتە نابێت بەئەنجام گەر لەسەر بناغەیەك دانەمەزرێت، واتە لەسەر هۆیەك دانەمەزرێت، دوای ئەمەش شتێك دەبێت

[5] تێبینی ئەوە بکە کە بنچینە لە لۆژیکی هیگڵدا کاتیگۆرییەکی گرنگە لە کاتیگۆرییەکانی ماهییەت، ((بنچینەش یەکبوونێکە کە لەناویدا جیاکاری هەیە. کاتێك کە لە بارەی شتێکەوە دەڵێین بنچینە دەگرێتە خۆی، ئەوا هەردەبێت لێرەدا شتێکمان هەبێت بنچینەبێت بۆی ... هتد)). د.امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلي عند هيجل، فقرة ٢٣٥، مكتبة مدبولي ص ٢٥٣.



بەعەینی، گەر بە تەنها لەسەر سروشتە راستەوخۆکەی خۆی پێکنەهاتبێ بەڵکو ئەوەکەی تریشی گرتیبێتە خۆی.

(ب) دوای ئەوەی بەم شێوەیە باسمان لە سروشتی عەینی بەو شێوەیەی کە ئاوایە، کرد، ئەوا لە ئێستادا من دەمەوێت هەڵسم بە دیاریکردنێکی دوورتر، ئەویش بەوەی کە ئەمەی بخەمە سەر ئەوەی کە هەقەو -بەشێوەیەکی ناوەکی ئاوا دیاریکراوە- پاڵنەرێکی بۆ پەرەسەندن هەیە. دوای ئەمەش بیرۆکە -کە لە خۆیدا عەینی و پەرەسەندووە- ناوکۆییەکی ئۆرگانییە، و سەراپاگیرییەکە لە خۆیدا دەوڵەمەندی قۆناغ و ساتەکان یاسیماکان دەگرێتە خۆی.

(ج) فەلسەفەش مەعریفەیەکی ئاشکرایانەی راستەوخۆی ئەم پەرەسەندندیە، بەوەش کە بیرکردنەوەیەکی وێناکارییانەیە، ئەوا هەر خۆیشی ئەم بیرکردنەوە پەرەسەندووەیە، هەر کاتێکیش کە ئەم بیرە زیاتر پەرەدەسێنێ، فەلسەفە کامڵتر دەبێت.

سەرەڕای ئەمەش ئەم پەرەسەندنە بەرەو دەرەوە هەنگاونانێ، واتە بەرەو جیهانی دەرەکی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پەرت و بڵاوە. پەرەسەندن خۆی لە هەمانکاتدا جووڵەیە بەرەو ناوەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە بیرۆکە و هەمەکی تا ئێستاش وەك بناغەیەك کاردەکات و تائێستاش هەموو شتێك دەگرێتە خۆی بەبێ ئەوەی خۆی هیچ ئاڵوگۆڕێك بکات،

لەبەر ئەوەی رەوتی بیری فەلسەفی لە رێڕەوی پەرەسەندندا بەرەو دەرەوەیە، ئەوا بە ئاڵوگۆڕ و گۆڕان دانانرێت، چونکە بەمە نابێتە شتێکی جیاواز. بەڵکو جووڵەیەکە لە خۆیدا ئەمەش وای لێدەکات کە لە ناوخۆیدا قووڵتربێتەوە، بەرەوپێشچوونیش واتە بەرەوپێشچوونی بیرۆکەیەکی گشتی کە تائێستا دیارینەکراوە، بەرەو دیاریکردن بەشێوە گەورەکەی و پەرەسەندنێکی دوورتری بیرۆکەکە دەڕوات، هەر خۆی دیاریکردنێکی مەزنییەتی، ئالێرەوەیە لەگەڵ ئەوەدا یەکدەگرێت، کە زیاتر درێژ دەبێتەوە و زیاتر قووڵ و چڕدەبێتەوە و لە درێژبوونەوەشدا فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبێت.

ئەمە ئەو خاڵە پەتیانەن کە لە بارەی سروشتی بیرۆکەو پەرەسەندنەکەی هەن، بەم شێوەیە فەلسەفە لەناو خۆیدا ئەوە بونیاد دەنبێت کە پەرەسەندووە. لێرەدا لەناو ئەم هەمەکییە و لەناو هەموو ئەندامەکانیدا یەکیەتی بیرۆکە هەیە، دروست هەموو بەشەکان لەناویدا هەن و بەهەمان

شێوەیەش یەك ڕێککەوتنەکەشی لەیەك بیرۆکەوە شەوق دەداتەوە، ئەم هەموو تایبەتمەندییانە جگە لە کۆمەڵە ئاوێنەیەك و کۆمەڵە کۆپییەك لەو تاکە ژیانە هیچی ترنین، ئەمانە واقیعی ڕاستەقینەی خۆیان تەنها لەم یەکبوونەدا دەدۆزنەوە، جیاوازییەکان و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی، هەموویان جگە لەگوزارشتکردن لە بیرۆکە و ئەو شێوەیەی کە لێی پێکهاتووە هچی ترنییە. بەم شێوەیە بیرۆکە دەبێت بە چەقەکەی، هەروەك چۆن لە هەمانکاتدا چێوەکەشیەتی و چاوگەی تیشکیشە یان سەرچاوەی ئەو ڕوناکیەیە، هەر چەند پەرش و بڵاوبێتەوە هەر دەستبەرداری خۆی نابێت، بەردەوام ئامادەو هاوڕەوتە، بەم شێوەیە بیرۆکە دەبێتە ناو کۆییەکی زەرووری، هەربەم زەرورەتە تایبەتەی خۆی ئازادیش دەبێت.

فەلسەفە لە ڕووی پەرەسەندنیەوە ناوکۆییەك پێکدەهێنێ، بە گوێرەی مێژووی فەلسەفەش هەر هەمان شتە، ئەمەش خاڵە سەرەکییەکەیە، یان ئەمە وێناکردنە بنچینەییەکەیە کە لێکۆڵینەوەی ئەم مێژووە دەخاتەڕوو.

بۆ ئەوەی ئەمەیان بۆ باس بکەم، هەر دەبێت سەرنجتان بۆ ئەو جیاوازییانە ڕاکێشم کە دەکرێت لە ڕێگەی سەیرکردنی جیاوازی ئەم دیاردەیەوە بێنە ئاراوە، واتە دەرکەوتنی قۆناغە جیاوازەکان لە بەرەو پێشچوونی بیر، دەکرێت هۆشیارییەك بە زەروورەتی ئەوە دروستکات کە هەر قۆناغێك لە دوای قۆناغەکەی پێش خۆیەوەبێت و ئەم قۆناغەشە کە پێویستە دەرکەوێت نەك قۆناغەکانی تر. یا بکرێت ئەم بەرەو پێشچوونە بە شێوەیەکی جیاواز، بێ ئەم هۆشیارییە ڕوویدات و بەشێوەیەکی ئاوابێت کە دەرکەوتنی سەراپاگیر بە بەپێی لۆژیکی تایبەت بەخۆی کاریشی تیابکات ئەم لۆژیکە هەر گوزارشتیشی لێنەکات، هەروەك ئەوەی کە لە سروشتدا ڕوودەدات: لە قۆناغەکانی گەشەکردنی درەختێکدا، گەشەکردنی هەریەك لە قەد و لق و گەڵاو گوڵ و بەرەکەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە یەکتری دەردەکەون، بەڵام ئەوە بیرۆکە ناوکییەکەیە کە هەنگاو بەهەنگاو ئەم یەك لە دوایەکهاتنە ڕێبەرایەتی دەکات و دیاری دەکات و دیاریشی دەکات، دەتوانین لەبارەی گەشەکردنی منداڵیشەوە هەر هەمان شت بڵێین: کە توانستە بەدەنییەکان و بەشێوەیەکی تایبەتیش چالاکییە عەقڵییەکان بەدواییەکدا زۆر بەسانایی و بێ ماندووبوون لە منداڵەکەدا دەردەکەون، تەنانەت کاتێك کە دایك و باوکەکە بۆ یەکەمجار ئەم گەشە کردنە بەدیدەکەن، ڕووبەڕووی شتێك دەبنەوە پێیان وایە موعجیزەیە، دەپرسن ئەم



هەموو شتە لە کوێوە هاتوون؟ ئەم هەموو توانایەی دەرکەوتوون تائێستا لە کوێ بوون؟ ئەم زنجیرە دیاردەیە، لە ناوزەمەندا هەموو شێوەی یەك لە دوایەك وەردەگرن.

دۆزینەوەی ڕێگای یەکەم بۆ سەیرکردنی ئەم دەرکەوتنە -واتە بۆ سەیرکردنی ئەم لادان و پێکهاتانە- و دۆزینەوەی بیرۆکە پێویستە زانراوەکە و پێویستی کاتیگۆڕییە جۆریە تایبەتەکان، ئەمانە هەموو ئەرکی فەلسەفە و کارەکەیەتی، چونکە لێرەدا ئەوی کە لێی دەکۆڵینەوە بیرۆکەی پوختە -ئەگەر لە پێکهاتنە بەشەکییەکانی سروشتی گیان نەکۆڵێنەوە - لەبەر ئەوەیە ئەم کارە لە بنەڕەتدا ئەرکی لۆژیك و مەسەلەکەیەتی.

بەڵام ئەو ڕێبازەی کە قوناغە جیاوازەکان و ئەو هۆکارانەی پەرەسەند کە لە زەمەندا بەو شێوەیەی کە لەم بوارانەدا لە لایەن ئەم گەل یان ئەو گەل، لەم بارودۆخە سیاسیەدا یان لە بارودۆخێکی تری سیاسیدا یان لە ناوەندی ئەم هەموو ئاڵۆزییانەی کە لێرە و لەوێ ڕوودەدەن، ڕووندەکاتەوە -ئەو ڕێبازەیە کە کە دیمەنێکە مێژووی فەلسەفە نیشاندەدات.

ئەم ڕێبازە دووسەرە، تاکە ڕێگایەکە، کە شایەتی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی فەلسەفە و لۆژیکی پێبکرێت، هەر خۆی ڕێگایەکی ڕاست و دروستە، چونکە لە ڕێگەی بیرۆکەی سەراپاگیرەوە لەسەر شتێك کاردەکات. گوتنی ئەوەش کە فەلسەفە دەردەکەوێت و بوونی خۆی لە جیهانی واقیعدا دەسەلمێنێ، کارایی لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفە نیشاندەدات.

ئەمەوێت -بەپێی ئەم بۆچوونە- جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بەدوای یەکهاتنی ڕێبازە فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژوو، وەك بە دوای یەکهاتنی کاتیگۆرییەکانی بیرۆکەیە، بەڵام لە ڕووی ڕۆنانی لۆژیکەوە، ئەمەش بەو واتایەیە، گەر وێناکردنە بنچینەییەکان بەشێوە پوختەکەیان هەر وەك ئەوەی کە لە خۆیاندا هەن و لە مێژوودا دەرکەوتوون، چارەسەربکرێن، ئەوەش خستمان دەرەوی کارەکەی خۆمان، کە شێوە دەرەکییەکە: دروستیدەکات، هەروەها جووتبوونی ئەمە لەسەر بەشەکی (لاکانی).... هتد ئەوا لەم کاتەدا کۆمەڵە قۆناغێکی جیاواز بۆ دیاریکردنی هەمان بیرۆکە لە ماهییەتی و زنجیرە لۆژیکییەکەیدا، لەبەردەماندا ئامادەدەبن، بەپێچەوانەشەوە گەر ڕێڕەوە لۆژیکییەمان بەخۆی وەرگرت، ئەوا لەم کاتەدا کۆمەڵە قۆناغێکی

سەرەکیمان لە پێشکەوتنی و زنجیرەی رووداوە مێژووییەکاندا دەبێت[6]. ئامانجی ئێمەش بێگومان ئەوەیە کە لەناو شێوە مێژووییەکەی ئەم واقیعەدا ئەم وێناکردنە پوختانە جیابکەینەوە، سەرەڕای ئەمەش هەردەبێت زنجیرەی زەمەنی لەناو مێژوودا لە بە دواییەکهاتنی لۆژیکی جیابکرێتەوە. باسکردن و روونکردنەوەی ئەم دیدەش زۆرتر لە مەبەستی ئیستامان دووردەخاتەوە.

دەمەوێت تەنها ئەم تێبینییە زیاد بکەم: ئەویش ئەوەیە، ئەوە روون ببێتەوە کە پێشتر لە بارەی ئەوەوە وتمان، واتە لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفە، لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفە خۆی و ناکرێت جگە لەمە شتێکی تر بێت. ئەوەی کە لە مێژووی زانستی سروشتی و بیرکاری .... هتد دەکۆڵێتەوە دەبێت شارەزایی لە زانستی فیزیا و بیرکاری... هتد هەبێت. بەڵام بۆ زانینی بەرەوپێشچوونی فەلسەفە و زنجیرەکەی بەوەی کە پەرەسەندنی بیرۆکەیە —ئەمەش لە شێوە ئەزموونییەکی و دەرکەوتنی لە مێژوودا —بێگومان هەردەبێت مرۆڤ شارەزایی بیرۆکە بێت. هەروەك چۆن مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیار لەسەر کردارە مرۆییەکان بدات، دەبێت شارەزایی لەو بۆچوونانە هەبێت کە لە بارەی ئەوەوەن کە چی راستە و چی رێپێدراوە و قەدەغە نییە، ئەگەر ئەمە بەم شێوەیە نەبێت- وەك ئەوەی کە زۆر جار لە فەلسەفەی مێژوودا روودەدات، ئەو کات دەبینین ئەو چاوەی کە بێبەشە لە بیرۆکە جگە لە کۆمەڵە رایەکی پەرش و بڵاو و هەمە جۆر شتێکی تر لەم مێژووەدا نابینێ، ئەرکی ئێستامان لە مێژووی فەلسەفەدا ئەوەیە کە رێنوێنیتان بکەم تابەرەو ئەم بیرۆکەیە بڕۆین و لە سەرەتاوە بیرۆکەی سەراپاگیری ئەو شتەی چاودێری کات و لەگەڵ خۆی رایکێشێتە ناو کارەکەیەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە رواڵەتەکەی جیایی بکاتەوە و بە بەرچاوخستنێکی باش بابەتەکەی بخاتەڕوو. دوای ئەمەش پێویست ناکات تووشی حەپەسان ببین، گەر ژمارەیەکی زۆر لەو مێژووانەی فەلسەفە کەوتە بەر چاومان کە

[6] تێبینی ئاستی ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی نێوان لۆژیکی هیگڵ و هەموو لقەکانی تری رێبازەکەی بکە، لەبەر ئەوە لۆژیك لێکۆڵینەوەی ((عەقڵی پوختە، بەڵام ئەم لقانە لێکۆڵینەوەن لەم عەقڵە لە بوارە جیاجیاکانیدا: بواری سروشت یان هونەر یان مێژوو یان فەلسەفە ... هتد. هەر لەبەر ئەمەشە لەم بارەیەوە وتراوە ((لۆژیك ئینجیلی هیگڵیەتە)) لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی کە لۆژیك خۆی میتافیزیکاشە، وەکو دەڵێن - بەردی بناغەیە لە بیناکردنی رێبازدا- راجع في ذلك كله كتابنا ((المنهج الجدلي عند هيجل: دراسة لمنطق هيجل)) و لاسيما الفصل الاول منة: الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة (المترجم).



رووکەشانە و سادەن و بۆ تابوورێکی دوورودرێژ لە رێبازە فەلسەفییەکان وەك تابوورێك لە راو بۆچوون و گومان و هەڵە و نوکتە و قسەی خۆش هزری دەخرێنەڕوو، کە بە لێزانییەکی زۆرو بە کۆششێکی عەقڵی بەهێز، رێژەیەکی زۆر لە فرەزانیی لێدەکەوێتەوە، ئەمە بە چاوپۆشی کردنیش لە هەموو ئەو جۆرانەی پیاهەڵدان کە بە رەوتەشکلیەکەی دەپێورێن، گەر لە لای ئەم مێژوونوسانە گیانێکی فەلسەفی بوونی نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانین چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەین کە لە بیرکردنەوەی عەقڵی و باسکردنی تێبگەن و پەی پێبەرن؟

پێشتر باسم لە سروشتی شێوەی بیرۆکە کرد، واتە باسم لەوە کرد کە ناوکۆیی پەرەسەندنی بیرۆکەی مێژووی فەلسەفەمان بۆ دەخاتەڕوو. هەر ئەو شایەنی ئەوەیە کە ناوی زانستی لێبنرێت، لەمەشەوە ئەوە روون دەبێتەوە، کە تەنها کۆکردنەوەی راستییەکان و ریزکردنیان زانست دروست ناکات، لەم مێژووەش بەشێوەیەکی عەقڵی دانەمەزرێت، تەنها وەك لە دوایەکهاتنی ئەو دەرکەوتانە نەبێت، کە بە خۆیان لە عەقڵ و ئاشکراکردنی ماهییەتی عەقڵ پێکهاتوون، هەروەك چۆن ئەم مێژووە خۆیشی وادەردەکەوێت کە مێژوویەکی عەقڵی و رووداوێکی عەقڵییە. چۆن دەبێت هەر لە سەرتاوە ئیمانێکی عەقڵی بەوە نەبێت، کە ئەوە رێککەوت نییە کە فەرمانڕەوایی کاروباری مرۆڤایەتی دەکات و ئەوەش رێککەوت نییە کە بەسەر کاروباری مرۆیدا زاڵە. بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەوە لە ئەستوی فەلسەفەدایە کە پشکنین لە بارەی ئەوەوە بکات، کە لە مێژوودا دەرنەکەوتووە، ئەوا ئەم دەرکەوتنە —تائەم ئاستە- دیاریکردنی بۆ بیرۆکەیە و دیاریشی دەکات.

من لێرەدا مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵە بۆچوونێکی گشتی و رێخۆشکەرانە دەکەم کە هەمئاهەنگیەکی پتەویان لەگەڵ مێژووی فەلسەفەدا هەیە، ئەم هەم ئاهەنگیەش وامان لێدەکات، کە تێبینی کۆمەڵە لایەنێکی خاوەن مەغزای ئەم مێژووە بکەین.

ئەو پرسیارە راستەوخۆیەش، کە پێویستە لە بارەی ئەو دووبەرەکییەی کە کەمێك لەمەو پێش لە بارەی هەمان دەرکەوتنی بیرۆکەوە خستمانەڕوو، دەبێت بەم شێوەیە پێشنیار بکرێت: چۆن ئەوە روویداوە، فەلسەفە وەك پەرەسەندنێك لە زەمەندا دەرکەوێت و مێژووی هەبێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش هەتکردنێکە بۆ میتافیزیکی زەمەن. ئەمە جۆرێك لە دەرچوونی تیایە، کە لە بابەتەکەی خۆی و ئامانجەکەی لامان دەدات، ئەمە ئەگەر هاتوو لێرەدا

ئاماژەمان بە شتێکی زیاتر کرد لەو هۆکارانەی کە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەماندا بە گرنگ دادەنرێت.

ئێمە بە راستی جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە، کە چییەتی گیان و بوونی لەناو کردارەکەیدا پەنهانە، سروشتیش ئەوەیە کە ئاوایە، ئاڵوگۆڕەکانیش جگە لە جۆرێك لە دووبارە بوونەوە شتێکی تر نییە، جووڵەکەشی جووڵەیەکی بازنەییە. گەر ویستمان بەشێوەیەکی درێژتر بزانین کرداری گیان چییە، دەتوانین بڵێین: مەعریفەیەکی خودییە. من بەوەی کە بوونەوەرێکی زیندووم، هەم بەڵام تەنها بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەڵام من وەك گیان نابم تەنها لەوەوە نەبێت کە خۆم بناسم. ئەو دروشمەش کە لەسەر پەرستگای دەلفی نەخشێنراوە ((خۆت بناسە))، وەسیەتێکی رەهایە. کە گوزارشت لە سروشتی گیان دەکات[7]. لە بناغەدا هۆشیاری رووداوی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆمدا دەگرێتەخۆی، واتە من ببم بە بابەت بۆ خۆم. گیانیش لە رێگەی ئەم دابەشکردنە رەهایەو لە رێگەی ئەم جیاوازییەی نێوان من و نێوان خۆم —بە بوونێکی بابەتیانە بوونی هەیە و خۆی دەخاتە دەرەوەی خۆی، واتە خۆی دەخاتە ناو لێدەرچوون (تخارج)ەوە، لێدەرچوونیش بەشێوەیەکی دیاریکراو هەمەکیە و لە سروشتدا هەیە، تەرزێکی ناوازەشە بۆ بوونی سروشت. یەکێك لە تەرزەکانی لێدەرچوونیش زەمەنە، کە شێوەیەکە لەیەك کاتدا لە فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی گیانی ناکۆتاداردا پێویستی بە روونکردنەوەیەکی زیاترە.

ئەم بوونە و دوای ئەمەش ئەم بوونە لە زەمەندا تەنها سیمایەك نییە بۆ هەر هۆشیارییەکی تاکەکەسی کە بەو شێوەیەی ئاوایە بەزەرووەرەت کۆتادارە، بەڵکو سیمایەکیشە لە سیماکانی پەرەسەندنی بیرۆکەی فەلسەفی لە توخمی بیردا، چونکە -گەر لە دۆخی وەستاندا سەیرکرا- ئەوا بێ زەمەن دەبێت. بیرکردنەوە لێشی لە دۆخی وەستاندا، ئەوا دەست پێوەگرتنیەتی لە شێوە راستەوخۆکەیدا، ئەمەش هاوواتای بە بیرهاتنی ناوەکی ئەوە. بەڵام بیرۆکە لەو رووەوە کە

[7] گوزارشتی ((ئەی مرۆڤ، خۆت بناسە)) کە لەسەر پەرستگای خوا ئەپۆلۆ لە دەلفی نەخشێنرابوو، و زۆرجاریش دووپات کراوەتەوە. دەڵێن سوکرات کرد بووی بە دروشم بۆ فەلسەفەکەی. ئەم گوزارشتە پێشتر هەڵگری ئەو مانایە نەبووە کە پێی دراوە —ئەم گوزارشتە لە گفتوگۆی ئەپۆلۆ لەگەڵ مرۆڤدا بەزاریدادێت، کاتێك کە خوا بە مرۆڤی وت ((ئەی مرۆڤ، من خوا ئەپۆلۆم نەمر و هەتاهەتاییم، بەڵام تۆبوونەوەری و لەسەرتە خۆت بناسیت)) بەمانای ئەوەی سنووری خۆت بزانین و تواناکانشت بناسیت، قارن ((معجم ديانات و اساطير العالم)) د. امام عبدالفتاح امام —مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم)



عەینییە وەك یەکبوونی نێوان جیاوازەکانە، (وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا) بە زەرورەت بە بیراهاتن نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوەوە بەوەی کە لە ناوخۆیدا خۆی جیادەکاتەوە و دوای ئەمەش پەرەدەسێنێ و گەشەدەکات، لەناو خۆیدا دەچێتە ناو بوونەوە، بە هەمان شێوەیەش لە وێنەی توخمی بیرکردنەوەدا دەچێتە ناو لێدەرچوونەوە، بەم شێوەیە فەلسەفەیەکی تایبەت لە بیرکردنەوە بەوەی کە لە زەمەندا پێشدەکەوێت، دێتە ئاراوە، توخمی بیرکردنەوە بە خۆی پەتییە و چالاکی هوشیاری تاکە کەسە. توخمی بیرکردنەوە تەنها وەك هۆشیارییەکی تاکەکەسی بوونی نییە، بەڵکو -لەبری ئەمە- وەك گیانێکی عەینی هەمەکی لە خۆیدا هەیە. بەڵام ئەم هەمەکییە عەینییە هەموو ئەو تەرزو بارە پەرەسەندووانە دەگرێتەوە، کە گیان تێیدا بەپێی بیرۆکە دەبێتە بابەت بۆخۆی. بەم شێویەش لە بیردا پەیبردنی بە خۆی لە هەمانکاتدا بەرەو پێشچوونی عەینی هەموو واقیعە کارەکەیە پەرەسەندووەکەش دەبێت. ئەم پێشکەوتنە بەناو بیرکردنەوە تاکە کەسدا ناگوزەرێ و خۆی بۆ هۆشیاری تاکە کەسی دیاریکراو ناخاتەڕوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە، گیانێکی هەمەکییە بە هەموو ئەو دەوڵەمەندییەی کە لە پێکهاتنیدا هەیە بە درێژایی مێژوو خۆی دەخاتەڕوو، بەرئەنجامی ئەم پەرەسەندنەش یەکێکە لە شێوەکان و یەك قۆناغی ئەو بیرۆکەیە کە گەلێك هۆشیاری پێ پەیدا دەکات، بەوەی کە ئەم گەلەی ئەم سەردمە گوزارشت لە هیچ ناکەن جگە لەم شێوەیە کە گەلەکە کارەکانی خۆی تیابوونیاد دەنێ و باودۆخی خۆی دروست دەکات، لە کاتێکدا قۆناغە هەرە باڵەکە دواتر پاش چەند سەدەیەك لە لای گەلێکی تر دەردەکەوێت.

## سێهەم: چەمکی فەلسەفە

پێویستە مێژووی فەلسەفە، فەلسەفە لە شکڵی زەمەندا بخاتەڕوو، هەروەك چۆن دەبێت ئەو تاکەکەسە بەر پرسانەش بخاتەڕوو کە بەرپرسن لە پەرەسندن و پێکهاتنەکانی خۆی، بەرچاو خستنێکی ئاواش هەر دەبێت مێژووی دەرەکی ئەو سەردەمە لە خۆی دوور بخاتەوە و تەنها داخوازکەری کەسایەتی گشتی گەل و سەردەمەکەو هەڵوێستی لە جیهان، بێت. لە راستیدا مێژووی فەلسەفە کە دەگاتە لوتکەی خۆی جا ئەم کەسایەتییە نمایشدەکات و بە پەیوەست بوونێکی قووڵ و توکمەش پێیەوە پەیوەست دەبێت. شێوەیەکی دیاریکراوی فەلسەفە لە

سەردەمێکدا جگە لە یەك روو یان یەك سیمای ئەو تایپە هیچی تر نییە، بە هۆی ئەم پەیوەندییە توکمەیەش، پێویستە بەشێوەیەکی درێژتر بڕوانینە:

(أ) پەیوەندی فەلسەفە بە باردۆخە مێژووییەکەی.

(ب) بەشێوەیەکی تایبەت سەیرکردنی ئەوەی کە گونجاوە یان تایبەتە بە فەلسەفە خۆیەوە.

پێویستە سەرنجی خۆمان تەنها ئاراستەی ئەم دوو لایەنە بکەین دەستبەرداری هەموو ئەوەش ببین کە پێوەستە پێیەوە ئیتر هەرچیەك بێت.

لەسەر ئەم بناغەیە، هەموو شێوەیەکی تایبەتی فەلسەفەیەك، تەنها لەگەڵ شکڵی تایبەتی ئەو گەلەدا هاوکات نییە کە لە ئامێزیدا ئەم فەلسەفەیە پەیدابووە، هەروەك چۆن تەنها هاوکاتیش نییە لەگەل دەستووری ئەم گەلەدا و لەگەل شێوەی حوکمەتەکەی و ژیانی کۆمەڵایەتی ئاکاری و هەموو ئەو خووڕەوشتانەی کە دەیانگرێتە خۆی و هەروەها لەگەل عورف و لێزانی و پەرۆشییەکانی هەموو دەستکەوتەکانی لە هونەرو زانستەکان، ئایینەکان و شەڕەکانی کاروبارە دەرەکییەکانی، هەروەها هاوکاتیش نییە لەگەڵ کەوتن و لەناوچوونی ئەو دەوڵەتەشدا کە ئەم بنەما فەلسەفییە تایبەتە تێدا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەکردنی دەوڵەتە نوێیەکانیش لەوێوە هاوکات نییە کە بنەمایەکی باڵای بۆ پەرەسەندن خستووەتەوە. گیان لە هەموو سەردەمێکدا کاردەکات و خود هۆشیاری خۆیشی لە هەموو قۆناغێکدا بە هەموو لایەنە جۆرا و جۆرەکان ئەو دەوڵەمەندییەی کە هەیەتی، بڵاودەکاتەوە. گیانێکی دەوڵەمەندە، گیانی گەلە، هەمەکییەکی ڕێکخراوە و وەك کاتیدراڵییەك لە زۆرێك لە قوبە و چەماوە و باڵ و پایە و مەیدان و شوێنی نوێژکردن و هەر شوێنێکی تر پێکهاتووە کە لە یەك هەمەکییەوە دەرچوون و لە یەك پلان و ئامانجیشەوە کەوتوونەتە سەرپێ، لەناو ئەو هەموو لایەنە جۆر بە جۆرانەی ژیاندا فەلسەفە تەنها یەك شێوەیان نیشاندەدات، ئایا ئەو شێوەیە چییە؟ فەلسەفە گوڵی باڵای سەراپای ئەم ژینگەیەی مێژووە، رەگ و ریشاڵێکی وێناکارانەیە (یان بیرۆکەیەکی سەراپاگیرە ... Begriff)، یان هۆشیاری و ماهییەتی گیانی سەراپای ئەو بارودۆخەیە کە هەیە، گیانی سەردەمەکەیە بەوەی کە تیشکۆ سادەکەیەتی و بەوەی ئەو ریشە وێناکاریەشیەتی کە خۆی دەناسێت.



(أ) خەڵکی لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی گیانیدا فەلسەفەکاری دەکەن، یان لە پلەیەکی رۆشنبیری عەقڵیانەدا بەم کارە هەڵدەسن، ئەرستۆ دەڵێت خەڵکی لەو ساتەوەختەوە دەستیان بە فەلسەفەکاری کرد کە داخوازییەکانی ژیانی مادییان بۆ فەراهەم هات[8]. فەلسەفە چالاکییەکی ئازادانەیە، نابەرژەوەندی ویستە و ئازادە، چونکە دڵەراوکێ ئارەزوو یان پێداویستی بەسەر چووە، هەر لەبەر ئەمەشە کە فەلسەفە کار لەسەر پشتگیری کردنی گیان دەکات لە خۆیدا، هەروەها کار لەسەر بەهێزکردن و بەرزکردنەوە و پشت قایمکردنی دەکات. جۆرێکە لە ((خۆشگوزەرانی)) بەو رادەی کە ((خۆشگوزەرانی)) چێژکردن و سەرقاڵبوونێك بێت لەسەر پێداویستییە دەرەکییەکان راگیرنەکرابێت و بەشێك نەبێت لێیان. گیانی گەل ماندووبوونێکی زۆری کێشاوە، بۆ ئەوەی رێگای دەربازبوون لە ژیانی سروشتانەی بەرایی بە هەموو نەگۆڕی و دەبەنگی و گوێمەدەییەکانیەوە ببڕێت و هەروەها لەو هەڵوێستانە دەرچێت کە بەپێی پەرژەوەندییەکی یەکلاکەرەوە لە بارەی ئەوەی کە تاکەکەسییە وەردەگیرێن. دەتوانین بڵێین کاتێك کە گەلێك ژیانی عەینی خۆی وازلێدەهێنێ و کاتێك کە دابەش دەبێت بەسەر چینەکانداو جومگەکانی لەیەك دەترازێت، ئەوا لە کۆتاییەکانی خۆی نزیك بووەتەوە و کاتێك گوێمەدێیی دەچێتەناو ئەو گەلە، ئەوە بێ مانا بوونی زیندووی ئەوەو بەسەریدا باریوە، بۆیە لێی هەڵدێت، تا لە ئاستی بیردا پەناگەیەك بۆخۆی بدۆزێتەوە. کاتێك کە چیتر سوکرات و ئەفلاتوون کەمترین چێژ لە ژیانی گشتی لە ئەسینادا بەدی ناکەن، ئەفلاتوون هەوڵدەدات لەگەڵ دیونسیۆسدا Dionysius بوارێکی باشتر بۆ کار بدۆزێتەوە. هەروەك چۆن لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەباتیرەکانی رۆمانیشدا فەلسەفە بڵاوبوویەوە ئەمەش لەو کاتدا بوو کە بەدبەختییەکی سەراپاگیر و دارمانی ژیانی سیاسی باڵی بەسەریدا کێشابوو، ئەمەش زانستی

---

[8] أرستو: الميتافيزيقيا ٩٨٢ -ب- و بەراودیکە بەوەی کە لە فەلسەفەی مێژوودا دەیڵێت: ((لە ناوچە ریزپەرەکاندا مرۆڤ لە جوولەی خۆیدا ناتوانێت ئازادبێت، ساردی و گەرمی لەم ناوچەنەدا لە هێزەوە دەبن، لەوێوە کە رێگە بەگیان نادەن کە، جیهانێك بۆخۆی دروستکات. لە کۆنەوە ئەرستۆ وتویەتی: ((کاتێك کە پێویستییەکان تێردەبن، مرۆڤ بەرەوە داواکردنی کۆمەڵە کاروبارێکی بەرز دەڕوات کە خاوەنی مۆرکێکی گشتین. بەڵام ئەم پێداگرتن و فشارە توندەی کە لە ناوچە ریزپەرەکاندا هەن بارگرانییەکەی سووك ناکات.... هتد ((فلسفة التأريخ لهيجل)) العقل في التأريخ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام. الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة (المترجم).

نویٚ و فەلسەفەش لە سەدەکانی پانزە و شانزە دەرکەوت، پاش رمانی ژیانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو بەو یەکبوونی شوناسەشەوە کە لە نێوان ئایینی مەسیحی و ژیانی سیاسی و شارستانی و ژیانی تایبەتدا هەبوو.

(ب) ئاسان نییە سەردەمێکی وادەرکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی خەڵك تیایدا فەلسەفەکاری بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە فەلسەفەیەکی دیاریکراو هەیە کە لە لای گەلێك سەری خۆی هەڵدەبڕێت، ئەم هەڵوێستە دیاریکراوەی بیریش هەر خۆی ئەوە مۆرکە تایبەتییەکەیەتی کە رۆدەچێتە ناو هەموو لایەنەکانی تری ژیانی گەلەکەوە.

دوای ئەمەش پەیوەندی مێژووی سیاسی بە فەلسەفەوە ناکرێت هۆی دەرکەوتنی فەلسەفە بێت، لێرەدایە کە ماهییەتێکی دیاریکراو هەیە رۆدەچێتە ناو هەموو لایەنەکان و چۆن لە سیاسەتدا دەردەکەوێت ئاوا لە هەموو توخمە جۆرا و جۆرەکانی تردا دەردەکەوێت. لێرەدا یەك هەڵوێستمان هەیەو هەموو بەشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەرکاتێکیش لایەنە جیاجیا و هەمە جۆرو رواڵەتیەکان دەردەکەون، ئەوا ناکرێت لەناو خۆیدا لە شتێك پێکهاتبیٚ کە دژی بێت و هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام بەیانکردنی ئەوەی کە چۆن گیانی سەردەمێك هەموو واقیعەکارکیەکەی خۆی و چارنوسی ئەم واقیعە بەپێی بنەماکانی خۆی مۆر دەکات، ئەمەیان دەکەوێتە ئەستۆی مێژوو و هەرئاواش مێژووی فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی روونی دەکاتەوە.

بەڵام ئێمە تەنها بایەخ بەو پێکهاتنانە دەدەین کە بنەمای گیان لەسەر ئەو توخمە گیانیە مۆردەکات کە پەیوەستە بەفەلسەفەوە.

ئەم گیانە لە لایەکەوە بە هۆی توخمەکەیەوە و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو بابەتە بەشەکییەی کە ئەوی لە خۆگرتووە و بە مێژووی فەلسەفەوە پەیوەستە -مێژووی زانستەکانی تر و مێژووی کەلتوور، بە تایبەتی هونەر و ئایین ئەو بیر و بۆچوونانەی لەناویاندا هەن لەگەڵ فەلسەفەدا هاوبەشن، لە کاتێکدا ئەمانە ئەو بابەت و بیرە گشتییانەش دەگرنە خۆیان کە لە دەووری ئەم بابەتانەدا دەسوڕێنەوە.

ئەو توخمەی کە فەلسەفە پشتی پیٚ دەبەستێت و زانستە بەشەکییەکانی تریش وەك ئەو پشتی پێدەبەستن، مەعریفە و بیرکردنەوەیە، بەڵام یەکەم بابەتیان شتە کۆتادارەکان و دەرکەوتنیانە،



بەڵام کۆکردنەوەی راستەیەکان لەبارەی ئەم شتانەوە، فەلسەفە بەشێوەیەکی خۆبەخۆی، خۆی لەو پرۆسەیە بە دووردەخات، کە نە لە رووی ناوەڕۆکەوە و نە لە رووی شێوەوە هیچ پەیوەندییەکی بەم جۆرەکارانەوە نییە. بەڵام کاتێك زانستەکان سیستەماتیك دەکرێن و لە کۆمەڵە بنەمایەکی گشتی و کۆمەڵە یاسایەك، کە لێیانەوە دەستپێدەکەن، پێکدێن، لەم بارەدا لەناو بازنەیەکی تەسکی بابەتەکاندا گەمارۆدەبن. بەڵام بنەما دواییەکان حاڵیان حاڵی بابەتەکانە -وپێشتر گریمانە دەکرێن و سەرچاوەکەشیان ئەزموونی ئێمە دەبێت لەگەڵ جیهاندا، یاوەکو سۆز یا هەست یان هەستکردنی سروشتی یان وەدەستخستن بە هەق و ئەرك دەبێتە سەرچاوە بۆیان، رێبازی زانستی یەکەمجار لۆژێکێك گریمانە دەکات، هەربەهەمان شێوەش کاتیگۆری و بنەماکانی بیرکردنەوە بەو شێوەیەی کە هەن، گریمانە دەکات.

شێوەکانی بیر و سەرەڕای گۆشە نیگا و بنەما باوەکانی زانست و ئەوەش کە مانەوەی کۆتایی بۆ مادەکەی دروستدەکات تەنها تایبەت نییە بەو، بەڵکو هاوبەشیشن لەگەڵ کەلتووری سەردەمەکە و گەل بەشێوەیەکی گشتی و ئەو کەلتوورەی کە پشت بە بیرۆکە و ئامانجە گشتییەکانی ناو چوار چێوەی ئەو هێزە گیانییە بایەخ پێدراوانەی دەبەستی کە فەرمانڕەوایی ژیان و هۆشیاری دەکەن، ئێمە ئەم بیرۆکانە وەردەگرین و دەیانکەین بە دیاریکەرە دواییینەکانی خۆمان، بەرەو پیریشیان دەچین هەروەك ئەوەی هێڵە رێنیشاندەرەکانی ئێمە بن لە ژیاندا، کە چی هیچیشیان لەبارەوە نازانین و ئاشیانکەین بەبابەتی گرنگیپێدان و لێکۆڵینەوەکانمان. با نموونەیەکی پەتی وەرگرتن: هەموو مرۆڤێك دەبێتە خاوەنی کاتیگۆری بوون و بەشێوەیەکی تەواو پەتیش بەکاری دەهێنیٚ، وەك لەم گوتانەدا دەیبینین گەلەکان لە ئاسماندا هەن، ئەم ترێییە پێدەگات [9]....بەم شێوەیە تابێکۆتا. لە قۆناغێکی باڵاتری کەلتووردا دەگوازێنەوە بۆ پەیوەندی هۆ و ئەنجام و کاتیگۆری هێز و رواڵەت ی وەدیهاتنەکەی... هتد، بەم شێوەیە میتافیزیکا دەوری هەموو بیر و زانینەکانمان دەگرێت و بەسەریاند زاڵ دەبێت. ئەمە تۆرێکە هەموو ئەو مادە عەینییەی کە لە کۆشش و کردارەکانماندا هەیە پێکەوە گرد دەکاتەوە[10]. ئەم

[9] کرداری بوون لێرەدا هەرهەمان کرداری وەدیهاتنە، واتاکەشی وەدیدێت یان پێدەگات (المترجم).

[10] ئەم گوتەی هیگڵ بەراورکە: ((ئایا شتێك لەوە بڵاوتر و باوتر هەیە کە لەو دیاریکردنانەی بیرا هەیە کە بەبەردەوامی بە کاریان دەهێنین و ئەوەی کە لەگەڵ هەر بڕیارێکدا کە دەیدەین لە دەممان دەردەچێت؟ (المنطق

تۆڕە و هەموو ئەو گرێیانەی کە تیایەتی بەناو هۆشیاری ئاسایی ئێمەدا، بە ژێر کۆمەڵە چینێکی جۆرا و جۆر لە ماددەی خاودا Stuff ڕۆچوون و قووڵبوونەتەوە. ئەم مادەیەش بەرژەوەندی ئەو ئارەزووە باوانەی کە لە خەیاڵماندان دەگرێتەوە، بەڵام هەندێك هێڵی گشتی ئەم تۆڕە هەن کە دەکەونە دەرەوەی بینینی ئێمە و بە ئاشکرا نابن بە بابەتی بیرکردنەوەمان.

فەلسەفە لەم خاسیەتەدا لەگەڵ هونەردا و بەشێوەیەکی تایبەتیش لەگەڵ ئاییندا، هاوبەشە مەبەستیشمان لەم خاسیەتە ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی بە تەواوەتی بێ بەمەسەلە گشتییەکان، فەلسەفە و ئایین دوو تەرزن کە بیرۆکەی ڕەها لە ناویاندا لەبەردەم هۆشیارییەکی نافەلسەفیدا دێتە ئاراوە، لەبەردەم گەلێکدا دێتە ئاراوە کە فەلسەفەکار نییە، لەبەردەم هەست و پەیڕەدنی ئازادانەوە، بیرکردنەوەی وێناکارانە دێتە ئاراوە[11]. ئەمەش وادەکات کە پێویست بێت لە بارەی پەیوەندی ئایین و فەلسەفەوە بدوێین، کە پەیوەندییەکە بەستراوە بە سەرەتای مێژووی فەلسەفەوە، لەبەر ئەمە پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە تاچ ڕادەیەك ئایین لەم بابەتە دوورە و چۆن نابێت سەرەتاکە لە توخمێکی ئایینییەوە دەستپێدەکات.

دروستە گەر بڵێین میللەتەکان دید و گۆشەنیگای خۆیان لە بارەی ماهییەتی عالەم و کرۆکی سروشتی گیان و پەیوەندی مرۆڤ بەم ماهییەتەوە خستۆتە ناو ئایین. ئالێرەدا (واتە لە ئاییندا) دەبینین ماهییەتی ڕەها بابەتی هۆشیاریمانە. گەر لە هەمانکاتیشدا -لە نزیکەوە- سەیری سروشتی ئەم بابەتخوازییەمان کرد، سەرەتا وادێتە بەرچاومان کە بەگوێرەی ئەو (واتە هۆشیاریمان) (ماهیەتی ڕەها) ئەو دییە، یان شتێکە کە دەستی نایگاتێ و لە پشتی پشتەوەیە بەوەی کە هاوڕێیە یان ترسناکە یان سامناك و دژمنکارانەیە، مرۆڤ لە نوێژ -و لە خواپەرستیدا- ئەم لێکدژییە دەسڕێتەوە و بەرەو هوشیاری بە یەکبوون لەگەڵ کرۆکەکەی یان ماهییەتەکەی بەرزدەبێتەوە. واتە بەرەو هەستکردن و باوەڕهێنان بە بەخشندەیی خوا

الكبير، من المقدمة)، به ((المنهج الجدلي عند الهيجل)) المجلد الاول من الدراسات المكتبة الهجيلية، الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة، عام ۱۹۹٦، ص ۱٥٤. (المترجم).

[11] بیرکردنەوەی وێناکارانە یان تەمسیلی pictorial thinking ئەو بیرکردنەوەیە کە ((بیرۆکەی سەراپاگیر)) پەردەپۆش دەکات، یان بیرۆکەی عەقڵیە بە چوارچێوەیەکی هەستەکییەوە، یان وێنەو نواندنی هەستەکیانە پێشکەش دەکات و دواتریش لە بیرکردنەوەی فەلسەفی پوخت جیاوازە. (المترجم).



بەرزدەبێتەوە. ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی ڕاستەقینە -هەروەك چۆن بەو شێوەیە کە یۆنانییەکان دەیانکرد- ئەم ماهییەتە لە زەینیدا ئامادە بکات، وەك ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە abinitd بەشێوەیەکی ڕەها هاوڕێیە، ئەوا ئەم خواپەرستییە دەبێتە گوزارشتکردن لە چێژکردن لەم یەکبوونە. بێ هیچ ئەم سەر و ئەو سەرکردنێك ئەم ماهییەتە عەقڵێکی ڕەهایە یان کرۆکێکی عەینی هەمەکییە، یان ئەو گیانەیە کە -بابەتیانە لەگەڵ خۆیدایە- و بناغەکەشی لەناو هۆشیاریدایە، هەر ئەمەش لەبارەی ئەم بناغەیەوە بیرۆکەیەکمان پێدەبەخشێت، بیرۆکەیەك کە تەنها عەقڵانییەتی بەو شێوەیە تیانییە کە ئاوایە. بەڵکو عەقڵانییەتێکی هەمەکی ناکۆتای تیایە. (ئێمە پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد کە یەکەمجار هەر نابێت لە فەلسەفە تێبگەین، بەڵکو دەبێت لە ئایینیش تێبگەین، واتە هەر دەبێت لە ڕووی عەقڵییەوە لە ئایین تێبگەین و بیزانین و شارەزایی بین، زۆرجار ئەوە ئەرکی عەقڵ بووە کە لە کارە عەقڵییە باڵاکەی خۆیدا خۆی ئاشکرابکات. لێرەدا کۆمەڵە بیرو ڕایەکی ناعەقڵانی و بێهودە Absurd هەن، کە دەڵێن کاهینەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئایینەکانیان خۆڵقاندووە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە خەڵکی پێ لە خشتەبەرن، هەروەها ئەو بیر و باوەڕانەش کە دەڵێن ئایین مەسەلەیەکە بۆ هەواو ئارەزوو خەڵەتاندن دەگەڕێتەوە (ئەم بیروڕایانە) بەو ڕادەیەی کە بەدوو خراپن ئەوەندەش روکەشانە و سادەن، ڕاستە خەڵکی زۆرجار ئایین بە خراپی بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمە لەوانەیە بەرئەنجامی باروودۆخی دەرەکی بوونی زەمەنی ئایین بێت، بەڵام ئایین بەوەی کە ئایینە، لەوانەیە لێرەو لەوێ توانیبێتی لە بەردەم ئەو پەیوەندییە دەرەکییانەوە بە جێگیری ڕاوەستابێ، ئایین لە بناغەدا توانای ئەوەی هەیە، زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ئامانجە کۆتادارەکان و ئاڵۆزییەکانیان ببێتەوە و بۆ خۆی ناوچەیەکی باڵاو بڵند دروستبکات، کە بکەوێتەوە سەرووی ئەم کاروبارە کۆتادارانە و بەسەریاندا سەرکەوێت. ئا ئەمەیە ناوچەی گیان، دروستر ئەمەیە میحرابی خودی حەقیقەت، ئەمەیە ئەو میحرابەی کە لەبەردەمیدا هەموو خەڵەتاندنێکی جیهانی هەستەکی و بیرە کۆتادارەکان و ئامانجە دیاریکراوەکان و بواری ڕاو ئارەزووەکان دەڕەوێتەوە. ڕاستە ئێمە لەسەر ئەوە ڕاهاتووین کە جیاکاری لە نێوان (أ) باوەڕی ئایینی و یاسا (ب) لەگەڵ کۆکردنەوەی کەرەستەو داهێنانی مرۆڤدا بکەین، بەو واتایەی کە هەرشتێك لە زەینی مرۆییەوە دەرچێت وەك زیرەکی و ویستی مرۆڤ، هەموویان بخرێنە ژێر ئەم ناوەوە، ئەمانە هەمووشیان لەگەڵ مەعریفەی خواو کاروبارە خواییەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەم

رووبەڕبوونەوەیەوە تائێستاش ریسواکردنی بەهای مەعریفەی مرۆیی بەرەوپێشەوە پاڵی پێوەدەنێت و لە ئەنجامیشدا بەرەو سەرسوڕمان لە حیکمەتی خوای دەبات: ((گەر درەخت لە جوانی و نازکی خۆیەوە هەواڵبدات، بەرئەنجامەکانی هەر ئەوەن کە خوا دروستی کردووین...[12])) هەروەك چۆن گۆڕانی باڵندەکان و هێزی گیانداران و گیاندارەماڵییەکان و ئابوورییان ستایشی دروستکاری خودادەکەن. تەنانەت لە کاروبارە مرۆییەکاندا حیکەمەتی خواو خێرخوازی و دادوەری ئەوەمان یاددێتەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە رێکخستنە مرۆییەکان و یاساکان و کردارەکان و کارەکان و رەوتی جیهان بەو شێوەیەی کە لە بناغەدا لەوەدا کە پەیوستە بە چارەنووسی مرۆییەوە ئێمە ئەنجامی دەدەین واتە ئەوەی کە پەیوەستە بەوەی کە دەکەوێتە دەرەوەی مەعریفەی مرۆیی و ئازادی مرۆڤ و ئیرادەی ئازادەوە ئەوەش -لە بەرامبەر ئەمەدا- وابەستەیە بە کاروبارە راگوزەرەکانەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر بەیادکردنەوەی خوا هەڵسین.

بەم شێوەیە ئەوەی کە خوا تیایدا بەشدارە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە دەرەکی و راگوزەرینە، لە کاتێکدا گەر وا بڕوانین لەو لایەنە کرۆکییەی، کە ریشەکانی خۆی لەویست و ویژدانی مرۆڤدا داکوتاوە و دروستکراوی ویستی مرۆیی و بەشدار بوونیەتی. ئەوا لێرەدا شتێکی باڵاتر هەیە، کە بە هارمۆنیەتی نێوان ئامانجە مرۆییەکان بەشێوەیەکی گشتی و کاروبار و رووداو و بارودۆخە دەرەکییەکانەوە گرێداوە، بەڵام باڵاتر نابێت گەروا سەیری ئەو هارمۆنیەتە نەکرابێت، کە بە ئامانجە مرۆییەکانەوە پەیوەستە، نەك بە ئامانجەکانی سروشتەوە، هەروەك ئەو بارەی کە باڵندەیەکی تیایەو خواردنی خۆی لە کێڵگەکاندا دەدۆزێتەوە... هتد هەر ئەوەشە وتراوە ئەم هارمۆنیەتە لەناویدا هەیە. بەڵام گەر ئێمە ئەوەمان ئاشکراکرد کە مەزنی و پایەداری لەو راستەدایە کە خوا سەروەری سروشتەو بەسەریدا زاڵە، لەم حاڵەتەدا لە بارەی ویستی ئازادەوە چی دەڵێین؟ ئایا لەم بارەشەدا هەر خوا سەروەری ئەو کاروبارە گیانییانە نییە کە بەسەریدا زاڵە؟ ئایا ئەو -بەوەی کە خۆی گیانە- لەم بوارەدا دەسەڵاتدار و سەروەر نییە؟ ئایا ئەوەی کە

[12] بەیتی چوارەمی یەکێك لە قەسیدەکانی شاعیری ئەڵمانی کریستیان جلیرتە ...Ch. Gellert (١٧١٥-١٧٦٩) -کە لە سەکسۆنیا لەدایکبووە و زۆرێك لە رۆمان و چیرۆکی کۆمیدی نووسیووە، بەڵام بە گۆرانی و حیکایەتە خورافییەکانی ناوبانگی دەرکردووە. (المترجم).



بەسەر -شیاو ترین- بواری گیانییەوە سەروەربێت، باڵاتر نییە لەوەی کە بەسەر -شیاوترین- بواری سروشتدا سەروەرە؟ ئایا سەرسامبوونمان بە خوا لە سروشتدا، لە دارو درەخت و گیانلەبەراندا لە جیاتی کاروبارە مرۆییەکان سەر سام بوونمانە بەخوا بەو شێوەیەی کە هەیە - ئەمانە هەمووی وامان لێناکەن کە لە ئایینی میسرییە کۆنەکان دوورنەکەوینەوە، کە ئایا خاوەنی هۆشیاریەکی پیرۆز بوون لە باڵندەکاندا بۆ نموونە: لەئەبومەنجەل Ibis و (ئەبوقردان) و پشیلە و سەگ؟ یان ئەو داماوییەی هیندەکان -کۆن و نوێکانیان- کە تائێستاش وەکو شتێکی پیرۆز گاو مەیمونەکان بە پیرۆز رادەگرن و پارێزگاریکردن و خۆراك پێدانیان دەگرنە ئەستۆ، لەو لاشەوە دەستبەرداری ئەو مرۆڤانە دەبن کە لە برسانا دەمرن، ئەوان لە لایان کوفرە گەر بەهۆی سەربڕینی ئاژەڵێکەوە ئەو مرۆڤانە لە مردن رزگاربکەن و بیکەن بە خواردن بۆیان، یان ئالفی ئەم ئاژەڵانەیان وەك خۆراکێك بدەنێ و لە مردن رزگاریان بکەن؟ بەڵام مەسیح لەم مەسەلانەدا شتێکی تر دەبینێ و رایەکی تری هەیە و دەڵێت: ((سەیری باڵندەکانی ئاسمان بکەن (ئەبوومەنجەل و کوکیلاش دەگرێتەوە)[13] -نە دەچێنن و نەدروێنەدەکەن و لە کۆگاشدا (زەخیرە) هەڵناگرن، باوکە ئاسمانییەکەتان خواردنیان پێدەدات. ئایا ئێوە لەوان شایەنترنین... ئایا ئەو گژگیایەی کە ئەمڕۆ هەیە و سبەینێ فرێدەدرێتە ناو تەنوورەوە، خودا ئاوا بەرگی نەپۆشیوە ئایا پۆشتەکردنی ئێوە لای ئەو لەوان باشترنییە...؟ تایبەتمەند کردنی مرۆڤ و سەرەوەری بەسەر هەموو گیانلەبەر و رووەکەکانی تر بەوەی کە وێنەی خوایە، بێگومان تایبەتمەندییەکی رێپێدراو و سەلمێنراوە. بەڵام گەر وەك ئەوانەی کەوا سەیری خوا دەکەن سروشتە -ئێمەش پرسیمان ئایا ئەم توخم خواییە لە مرۆڤدا چۆن بدۆزینەوە و لە کوێ بۆی بگەڕێین و چۆن ببینین، ئەوا لەم کاتەدا ئاماژە بەوە ناکەین کە لە مرۆڤدا تایبەتمەندو ناوازەیە، بەڵکو ئاماژە بەوە دەدەین کە هیچ و کەم بەهایە. بە گوێرەی ناسینی خواش هەرهەمان شتە، میسرییەکان زۆر لە مەسیح جیاوازنەبوون کە ناسینی خوا و ئیمان بە خوایان لەسەر سەرسامبوون بە گیانلەبەران و بوونەوەرە سروشتیەکان دامەزراندو، تەنانەت لەسەر ئەو سەرسامبوونەش دایانئەمەزراند کە سەرسامبوونە بەو هێزەی کە زاڵە لەسەریان، بەڵام مەسیح ئەمەی والێکرد کە پشت بە شایەتیدانی گیان ببەستێ.

[13] الکوکیلا Kokila: باڵندەیەکی گەورەیە لە هیند و ملایۆ.... هتد، شاعیرە هیندییەکان ستایش دەکەن و بە باڵایدا هەڵدەدەن، هەروەك چۆن ئێمە باڵای بولبولدا هەڵدەدەین (من تعلیقات نوکس) ص ١٣٠. (المتجم).

توخمی عەقڵی، کرۆکی ماهییەتیانەی ئایینە، لەوانەیە وادیاربێت کە بکرێت پوختەی بکەین، جەختی لەسەر بکەینەوە و وەك زنجیرەیەکی مێژوو لە کێشە فەلسەفییەکانی بیخەینەڕوو. بەڵام بە هۆی ئەو شێوەیەی کە لە فەلسەفەدا لەسەری دامەزراوە مێژووی فەلسەفە جیاواز بێت لە مێژووی ئایین، گەر وابێت کە -فەلسەفە و ئایین- بە پەیوەستبوونێکی پتەوی ئاوا پێکەوە پەیوەست بەو بن، ئەوا لە فەلسەفەدا خویەکی کۆن هەیە و دەتوانین بۆ ئەمەش ئاماژە بە فەلسەفەی فارسی و هیندی .... هتد بدەین و بیانکەین بە بەڵگە. کە ئەمە خۆی خوویەکە کە تائێستاش -تا رادەیەك- لە مێژووی کامڵی فەلسەفەدا کاری پێ دەکرێت. جگە لەمەش ریوایەتێك هەیە کە بەشێوەیەکی سەراپاگیر بڵاوبووەتەوە و دەڵێت فیساگۆرس فەلسەفەکەی خۆی لە میسرییەکان و هیندییەکان هەڵگرتووە[14]. ئەم گەلانە لە حیکمەتدا ناوباگێکی دێرینیان هەیە و وا لەم حیکمەتەش تێگەیشتوون کە فەلسەفەش بگرێتەوە.لەگەڵ ئەمەشدا باس لەوەدەکرێت ئەو بیر و بۆچوون و دەستەواژە رۆژهەڵاتیانەی کە لە رۆژئاوا لە زەمەنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا هەبوون، ناوی فەلسەفەی رۆژهەڵاتیان لێنراوە، گەر لە دنیای مەسیحییەتدا وادانراوە کە ئایینە مەسیحییەکان و فەلسەفە لێکدابڕاون، بەڵام ئەمە لە مێژووی رۆژهەڵاتدا بەم شێوەیە نییە و جیاوازە، لەم مێژووەدا فەلسەفە و ئایین بە دوو شتی یەکگرتووی وادەزانرێت کە جیابوونەوە هەڵنەگرن ئەگەر ناوەڕۆکیش شێوەی فەلسەفە وەرگیرێت بە لەبەر چاوگرتنی بڵاوی ئەم بیرۆکانە و بۆ ئەوەش پێناسەیەکی زۆر دیاریکەرانی پەیوەندی

[14] فیساگۆرس لە دەورووبەری ٥٣٠ پ.ز لە دەستی ستەمکاری دوورگەی بولیکراتر هەڵدێت و درووگەی ساموس، کە شوێنی خۆیەتی جێ دەهێڵێ. یەکەمجار دەچێت بۆ مەڵتیە و تالێس دەبینێ، دوای ئەمەش سەردانی فینقیا دەکات و پاش ئەمە روودەکاتەوە میسر، نزیکەی بیست و دووساڵ تیایدا نیشەجێ دەبێت و هەر لەوێ ئەندازەو گەردووناسی و عەقیدەی میسرییە کۆنەکان دەخوێنێ، تا پاشا قەمبیز وڵاتەکە توشی قەهربکات، شوێنی دەکەوێت بەرەو بابل، دوانزە ساڵ تیایدا دەمێنێتەوە و ماتماتیك و مۆسیقا و نهێنییەکانی مەجوس دەخوێنێ. دواتریش دەگەڕێتەوە بۆ ساموس لەم کاتەدا لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتدا سوراوەتەوە، هیرۆدۆت هەر خۆی باسی سەردانەکەی ئەو بۆ میسر دەکات، دیوجینزی لایرتی دەڵێت: ((فیساگۆرس میسری کۆن فێربووە و نهێنییەکانی عەقیدەی میسری و ئەوەش کە پەیوەندی بە خواکانیانەوە هەیە زانیوە. ((حیاة مشاهیر الفلاسفة)) الجزء الثانی ص ٣٢٣ من ترجمة هیکسر. لەوانەشە رێبازەکەی خۆی لە دۆنای دۆنی گیانەکانی لە عەقیدەی هیندی کۆنی وەرگرتبێ. (المترجم).



نێوان مێژووی فەلسەفە و بیرۆکە ئایینییەکان پێشکەش بکەین، گەر بەشێوەیەکی درێژتر کۆمەڵە تێبینییەك لەبارەی ئەو شێوەیەوە بدین کە بیرۆکە ئایینییەکان لە کێشە فەلسەفییەکان جیادەکاتەوە، کارێکی بە سوود ئەنجامدەدەین.

لە کاتێکدا ئەو شێوەی کە ناوەڕۆکی هەمەکی تیایدا بەشێوەیەکی رەهایە، شێوەیەکە تەنها سەر بە فەلسەفەیە، ئەم شێوەیەش شێوەی بیرکردنەوەیە و خودی شێوە هەمەکییەکەیە. بەڵام ئەم توخمە لە ئاییندا دەبەخشرێت بە روانینی راستەوخۆ بۆ شتە دەرەکییەکان (لە رێگەی هونەرەوە)، دوای ئەمەش بۆ بیرکردنەوەی وەسفی (بە وێنەکێشانە وێنە) پاشان بۆ هەست. ئەو واتایەش کە مەبەستە دواندنی دڵێکی لێوڕێژە لە بیر، شایەتیدانە بۆ ئەو گیانەی کە لەم جۆرە ناوەڕۆکە تێدەگات. هەر دەبێت باسیشی بکەم، ئائەم بابەتە زیاتر روونبێتەوە دەبێت باس لەتە بکرێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەمانە لە یەکتر جیابکەنەوە: (أ) ئەوەی کە دەبین و ئەوەی کە دەبینە خاوەنی (ب) ئەو رێگایەی کە ئەمەی پێ دەزانین، واتە ئەو زانینەی کە وەك بابەتێك بۆ هۆشیاریمان هەمانە. ئەم جیاکارییەش بابەتێکی بێ ئەندازەی هەیە، تەنیا هەر ئەم جیاوازیەشە کە پێویستە لە کەلتووری گەلان و تاکە کاندا هەڵسین بە چارەسەرکردنی. هەر ئەوەشە کە پێشتر بەوە باسمانکرد کە جیاوازی نێوان گەل و تاکەکانە لە پەرەسەندنی خۆیاندا، ئێمە مرۆڤین و داوای عەقڵین، ئەوەش کە مرۆییە، ئەوەش کە بەوەی وایە مەعقوولە سەدایەك لە هەست و دڵ و زەین و سەراپای ژیانی کەسیمان وەدی دەکات، ئەم جووڵە جۆریەشە کە لەناویدا بە هۆیەوە ناوەڕۆکی ئەوەی کە هەیە بۆمان دەگەڕێتەوەو دەبێت بە موڵکمان و وەك موڵکی ئێمەش وەدیدێت. ئەو هۆکارانەی کە گەڕانەوەی ئەم سەدایەیان لێ پێکدێت زۆرن و لە ژیانی رۆژانەماندا چڕدەبنەوە وون دەبن، ئەمە جووڵێنەرێکی شاراوەیە بۆ گیان لە خۆیدا و بۆ کرۆکی هەمەکیانەی ئێمە. لە کاتێکدا گیان بەوەی کە بەو شێوەیە، هەر خۆی لە بناغەدا هوشیاریشە. ئەوەی کە لێرەدا ناوەندەو ئەوەی کە لە خودە سادەکەی خۆیدا داخراوە، پێویستە ببێتە بابەت بۆ خۆی و ببێت بەو شتەی کە دەیزانین. ئالێرەدا واتە لە رێگەی ئەم بابەتەوە، هەروەها لە رێگەی هوشیار بەم بابەتەوە، هەموو جیاکاریەکە دەشاردرێتەوە. ئەم رێگایەش لە گوزارشتکردنێکی سادە و هەستێکێ کاڵوکرچەوە دەست پێدەکات و بەرەو گوزارشتکردنێکی بابەتانەتری ناوەڕۆك دەڕوات لە مەزنترین وێنە بابەتیە راستەوخۆ و ئاشکراکەیدا کە ئەویش وێنەی بیرکردنەوەیە، ئەم بابەتیەتە زۆر سادە و رەوان و وێنەییە، گوزارشتە لەم شعورەو

ناوکەشیەتی و گوزارشتە لەو وێنەیەی کە لەگەڵیدا جووتە، واتە وشەگەلێکی وەك «خواپەرستی» و «نوێژ.... هتد» (بانوێژبکەین، باخواپەرستی بکەین» دەنگدانەوەیەکی سادەی ئەم شعورەن، بەڵام کاتێك کە دەڵێین «بابیر لە خوا بکەینەوە» ئەمەیان داڕشتەیەکە یەکسەر گوزارشت لە شتێکی دوورتر دەکات، چونکە گوزارشت لە ناوەڕۆکێکی ڕەهای سەراپاگیری ئەم هەڵچوونە کرۆکییە دەکات و هەروەها گوزارشتیش لە بابەتێك دەکات کە جیاوازە لە شعور، ئەمەش بەوەی کە جووڵەیەکی خودیانەو و هۆشیارانەیە بە خۆی، یان ناوەڕۆکێکی جیاوازە لە شێوە، واتە شێوەی ئەم جووڵەیە. ئەم بابەتە گەر سەراپای ناوەڕۆکە کرۆکییەکەی چێوە گیرکردبێت، ئەو خۆی هێشتا هەر کاڵ و کرچە و بە تەواوەتی دیارینەکراوە، بەڵام پەرەدان بەم ناوەڕۆکە و تێگەیشتنی و گوزارشتکردن لێی و خستنەڕووی ئەو پەیوەندییانەی کە لەبەردەم هۆشیاریدا لە خۆی دەیانگرێت -بنەچەی ئایین و سەرهەڵدان و دابەزینیەتی. ئەو شێوەیەش کە لەسەرەتادا ئەم ناوەڕۆکە بابەتییەی تیادا دەستدەخات، شێوەی بە بیرهاتنی خرایی ڕاستەوخۆیە، یان شێوەی پەیبردنی هەستەکییە، یان شێوەی بیرێکی تایبەتی ڕۆنراوە لە دیاردە سروشتییە فیزیکییەکان یان دیاردەگیانییەکان.

هونەر ئەم هوشیارییە بەوە ناوەندگیردەکات کە جێگیری و بەردەوامی بدات بەو ڕواڵەتە، زوو بەسەرچووەی، کە لەو کاتەدا دەڕێژێتە ناو هەستەوە کە بابەتخوازی وەدەستی دەهێنێ. بەردی پیرۆزکە هیچ شێوەیەکی نییە[15]. یان شوێنی پوخت، یان هەرشتێك کە پێویستییەکی بابەتی وابکات کە پێیەوە ببەسترێتەوە، شێوەیەکی خۆی و سیماو مۆرکە دیاریکراوەکەی لە هونەرەوە وەردەگرێت. زۆر بە دیاریکراوی دەکرێت بناسرێت و لە ئێستا بە دواشەوە وای لیدێت کەوەك بابەتێك لەبەردەم هوشیاریدا ئامادەبێت. بەم شێوەیە هونەر دەبێتە مامۆستای مرۆڤایەتی. بۆ نموونە هیرۆدۆت پێمان رادەگەیەنێ[16]، کە ((هومیرۆس و هزیۆد بوون، خوای گریکەکانیان بۆ گریکەکان خۆڵقاند، بەوەی کە وێنەی جۆری و بیرە تایبەتەکان، یان بواری بیرە تەمومژاوییەکان و ئەو خوو ڕەوشتە ئاڵۆزانەی کە دەستیان کەوتوون و پێیان گەیشتوون (ئیتر گرنگ نییە کەی و

[15] وەك خوای زەوی و خوای دایکی ڕێگا Cybels، کە پەیکەرەکەی لە ئاسیای بچووکەوە بۆ ڕۆما لە ساڵی ٢٠٤ پ.ز دەگوازرێتەوە. قارن ((معجم دیانات و اساطیر العالم)). د. امام عبدالفتاح امام، الناشر مكتبة مدبولي.

[16] هیرۆدۆت: الكتاب الثاني ٥٣٠.



لە کوێ)، و هەموو ئەمانەیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ گیانی گەلی یۆناندا هەمئاهەنگ دەبێتەوە مەزندەکردووە ئەوە هونەر نییە کە ناوەڕۆکی ئایینێکی تەواو کامڵ لە رووی بیر و بۆچوون و وشەکانەوە دەخاتە ناو بەردو قوماش و هەروەك ئەوەی کە هونەری سەردەمە نوێکانی لە کاتی چارەسەرکردنی بابەتی ئاییندا یان بە لایەنی کەمەوە کەرستەی مێژووییدا پێی هەڵدەستێت. هونەر لەو حاڵەتەی سەرەوەدا بناغەکەی خۆی لەو بیر و راوبۆچوونانە وەردەگرێت، کە بەشێوەیەکی راستەقینە هەن و بە گوزارشتکردنێکی تەواویش بەشێوازی خۆی گوزارشتیان لێدەکات، بەڵام ئێستا بە ڕێگایەکی زۆر جیاواز گوزارشتی لێدەکات.

هۆشیاری بەم ئایینە بەرئەنجامی ئەندێشەیەکی هزرییە، یان بەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە، کە لە ڕێگەی ئەندامی خەیاڵەوە نەبێت بە تێگەیشتنێکی سەراپاگیرانە تێناگات و ئەویش لە ڕێگەی شێوە جۆرا و جۆرەکانە گوزارشت لە خۆی دەکات. ئێستاش سەرەڕای ئەوەی کە بیرکردنەوەی کۆتادار و گیانی ڕەها بە خۆی لە ئایینێکی هەقدا ئاشکرا دەبێت و دەدرەوشێتەوە، ئەو دەفرەش کە تیایدا دەدرەوشێتەوە دڵە و بیرکردنەوەیە بە وێنەکێشانی وێنەو پەیبردنی عەقڵێکی ناکۆتادار. ئایین بەشێوەیەکی گشتی گوتاری خۆی ئاراستەی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی کەلتوور (وەك ئەوەی کە هەیە) ناکات «.... هەژارەکان بە ئینجیل مزگێن دەدەن»[17] بەڵام وەکو ئایین ئەوەی بەسەردا دەسەپێ کە رووبکاتە دڵ و دەروون و بچێتە ناو بواری ژیانی خودییەوە، هەروەها بچێتە ناو ئەو ڕێگا کۆتادارەوە کە ئێمە شتەکانی پێ وێنا دەکەین. لە پەیبردنی هەستەکی ئێمەدا لە وێنەدانەوەی هۆشیاریمان لەو شتانەدا کە لەبەر دەستماندان و ئەوەش کە سروشتێکی تیۆری بۆ ڕەها وەردەگرێت -تەنها کەرەستە کۆتادارەکان لە تێگەیشتنی سروشتی ناکۆتادار و پەیبردنی سروشتەکەی و گوزارشتکردن لێی ئیتر چ بەواتا حەرفییەکەی بێت یان بە مانا خوازەیی یان رەمزییەکەی بێت، سوودمان پێدەگەیەنن.

لە ئاییندا بەوەی کە یەکەم درەوشانەوەی ڕاستەوخۆی خوایە، بە تەنها نە شێوەی بیرکردنەوەی وێناکاری و نەبیرکردنەوەی کۆتاداری وێنە دەروانە نابن بەو شێوە پێدراوەی بوونی، لە هۆشیاری ئێمەدا، بەڵام پێویستە ئەم شێوەیە ئەو شێوەیە نەبێت کە تیایدا دەردەکەوێت، چونکە تەنها ئەم شێوەیە هەیە کە هۆشیاری ئایینی دەتوانێت لێی تێبگات، بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەیەش لەمە

[17] إنجيل لوقا: الاصحاح السابع: ٢٢ (من تعليقات نوكس ص ٣٣). المترجم).

زیاتر روونبکەینەوە، ئەوا هەردەبێت ئەو شتەی بڵێین کە زاراوەی ((تێگەیشتن)) دەیگەیێنێ. -وەکو پێشتر ئاماژەما پێدا- لەو رووەوە کە سەر بە بناغەکە خۆیەتی، بەشێوەیەکی خۆبەخۆی نادیار دەبێت، چونکە -بەوەی کە کرۆکی و ناکۆتادار و چالاکییەکی تایبەتە- لە رووبەڕووبوونەوەی هۆشیاری (نێوان خود و بابەتدا) وەرناگیرێت، بەڵام کاری دووەم پەیوەستە بە بوونی ناوەڕۆکەوە، واتە بوونی لەناو هوشیایماندا، ئەگەر چی لە شتێك تێبگەین یان تێنەگەین، ئەگەر چی ئاشکرا بەوە وەرگیرێت کە ناوەڕۆکێکی هەیە و خۆی بدۆزێتەوە و لەوەشدا بیناسێت کە بابەتێکە لە پێناوی خۆیدا، ئەوا هەموو ئەمانە پشت بەوە دەبەستن لە وێنەیەکی میتافیزیکی ئاساییدا بگەڕێنەوە بەردەم هۆشیاریمان، ئەو پەیوەندیانەش کە گوزارشت لە تورێك دەکەن کە هەموو بەرچاو روونیەکان و بیرە بەشەکییەکانمان جڵەو گیردەکات، ناکرێت بیناسین ئەو کات نەبێت کە لەناو تۆڕەکەدا دەست بە هەموویەوە دەگرین، ئەمەش ئۆرگانێکی گیانییە کە عەقڵمان بە بابەتێکەوە سەرقاڵ دەکات و ئەو مانایەیە کە شتێك وەریدەگرێت و لەبەردەم گیاندا مەغزایەکی دەبێت، ئەگەر هاتوو بۆ هەموو شتێك تێگەیشتن و پەیبردنێکی سەراپاگیر هەبێت -وەکو هەندێك کە دەڵێن- ئەوا هەردەبێت بە هۆیەوە بگەڕێینەوە بۆ میتافیزیکای کەسەکە (واتە ئەو کەسەی کە دەیەوێت لێی تێبگات)، بگەڕێیەوە بۆ دەزگا گیانییەکەی، تا لەگەڵ هەستکردنیدا هەمئاهەنگ بێت و تێگەیشتن و هەستکردن پێکەوە گوزارشت لەو رووە دووسەرە بکەن کە پێشتر تێبینیمان کرد: تێگەیشتن لە مرۆڤێك یان شتێك یان تەنانەت تێگەیشتن لە ماناکەی، تێگەیشتنە لە بەها بابەتییەکەی و ناوەڕۆکەکەی. بەڵام ئەو تێگەیشتن و پەیبردنەی کە من لەسەر شتێك هەمە یان ماناکەی بە گوێرەی من (راستە کە من تێگەیشتنم لەبارەی شتێکەوە هەیە و ئەو شتە بە گوێرەی من مانایەك هەڵدەگرێت) مەسەلەیەکە پەیوەستە بەو شێوەیەوە کە لە بەردەمماندا دەیبینینەوە، یان پەیوەستە بەو میتافیزیکایەوە کە دەیپۆشێت و بەوەشەوە کە ئەم میتافیزیکایە، میتافیزیکای بیرەکانی منە یان نا. ئابەم شێوەیە شتێك وای لێدێت کەلێی تێبگەین، ئەمەش لەوانەیە لە رێگەی نموونەیەکەوە بێت کە لە دەوروبەرە ژیانییە ئاساییەکە سەرچاوەی گرتبێ، یان لە رێگەی عەینییەتێکەوە وەرگیرابێت کە لە رووی بنەماوە لەو شتە بچێت کە مەبەستمانە لێی تێبگەین، تەنانەت ئەو بارەی کە بۆ یارمەتیدان بە کاردەهێنرێت دەبێت بەرەمز یان نموونە و پەند. بەشێوەیەکی گشتی ((ئەوەی کە لێی تێدەگەین)) یان تێگەیشتنی ئاسانە، زۆر بەسادەیی



ئەوە دەگەیەنێ کە پێشتر پێی ئاشناین. بۆ نموونە ئێمە لە خەڵکانێك دەبیستین لەبارەی کاهینێکەوە یان قەشەیەکەوە دەڵێت ئەو رێگایەی کە لە ئامۆژگاریکردندا هەیەتی زۆر تێگەیشتنی ئاسانە. ئەمەش ئەو کاتەیە کە ئامۆژگارینامەکەی لە کۆمەڵە دەقێکی زانراو و باو ئەو زانیارییە باوانە پێکهاتبێ کە لە کتێبە ئایینیەکاندا هەن، لە راسیتدا تێگەیشتنی ئاسان پشت بە خۆ خەریکردنێکی وشك و برنگ دەبەستێ بەشتێکەوە بەبێ پشت بەستن بە میتافیزیکا، نەك هەر ئەمە بەڵکو پشت بە رێگایەکی تایبەت دەبەستێ لە تێگەیشتنی شتەکاندا، کە پێشتر ئەوە گریمانە دەکات (کە تێگەیشتن لێی ئاسانە)، ئەمەش سەرچاوە لە حاڵەتێکی عەینییەوە دەگرێت کە هەموو رۆژێ هۆشیاری هەستەکیمان پەی پێدەبات، بەڵام بۆ نموونە لە مێژووی پراگماتیکدا پەرەسەندووترین میتافیزیکا دەبینین[18]. کە هەوڵدەدات رووداوەکان لە زنجیرەیەك هۆکارو ئەنجام و بنچینە و بە دواییەکهاتندا کۆبکاتەوە، هۆکارەکان و بنچینەکان و مەرجەکان و ئەو بارودۆخەی کە لێرەدا دروستدەبێت، وادەکات تێگەیشتن لە رووداوەکە ئاسان بێت. بەڵام ئێمە واچاوەڕێدەکەین گەر وامان دانا لەشتێك تێگەیشتووین، ئەوا دەبێت لە مێژووەکەی تێگەیشتبین، واتە ئێمە کاتێك لە شتێك تێدەگەین، ئەوە بزانین کە لە رابردوو لەسەر چ تەرزێك بووە لەوە و پێش چۆن بووە و ئەوەشمان سەر لەنوێ زانی کە لە پێشیەوە بووە... هتد، هەروەك ئەوەی کە پارێزەران چاوەڕێی ئەوە دەکەن، کە وابزانین قووڵای تێگەیشتن لە شتێك ئەوەیە کە تێبگەین لەو فتوایەی لەسەر ئەو شتە دەیدەن واتە زانینی ئەوەی کە پێشتر ئەو شتە ئاواو ئاوابوو لێرەدا تێڕوانینێك لەسەر ئایین هەیە کە بە تەواوەتی نزیك دەبێتەوە لەو میتافیزیکا سادەیەی بۆ ماوەیەکی درێژ توانای ئەوەی هەبووە هەموو شتی وایلێبکات بە ئاسانی لێی تێبگەین. لەبەر ئەوەی لێرەدا کۆمەڵە پەتییەکی گشتی یەکەمی وەك: یەکبوون، خۆشەویستی خەڵك، یاساکانی سروشت و کۆمەڵە بیرێکی ئایینی هاوشێوەی

[18] وشەی (براجماتی) لە زاراوەکانی هیگڵدا ((سوود یان کەڵك)) دەگەیەنێ. مێژووی زانستی یان براگماتی لە بنچینەدا گرنگی بە پوختەکردنی کەڵك لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا دەدات، کە خۆی لە پەند و عیبرەت و بنەماکان و بەهاکان و وانە ئاکاریەکان لە رووداوەکانی رابردوودا دەبینێتەوە، ئەو لەبەر ئەوە لە مێژوو ناکۆڵێتەوە کە لەسەر ئەو هۆکارانە بوەستێت کە فەرمانرەوایی رەوتی رووداوەکان دەکەن، دوا جار ئامانجی بنچینە لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا ئەوە دەبێت کە ئەو وانانەی مێژوو پوختە بکات کە دەکرێت بۆ سەردەمی ئێستا سوودیان لێوەرگرێت. قارن مایقوله هیجل في كتابه ((محاضرات في فلسفة التأريخ)) (المرجم).

ئەمانەمان هەیە، کە بڕیار لەسەر ساختەییان دراوە. ئێمە دەتوانین دەرکەوتن و ئاڵگۆرکی پێکردنیان لە نێوان خەڵکیدا، بە هۆی ئەو ڕێگایەوە ڕاڤەکەین، کە هەر تاکێك باسی ئەوەی پێیدەکات کە چۆن خەڵك فێری ئەو بیرۆکە ساختەیە دەبێت، واتە لە ڕێگەی: درۆ و شەهوەتی دەسەڵات و سنوورە ناوەندییەکانی Medli Termini تریش، چونکە ئایین واڕاڤەدەکرێت کە کردارێکە لە کردارەکانی هەوەس ئارەزوو و خەڵەتاندن کە کاهینەکان و پیاوانی ئایینی پێی هەڵدەستن، ئەوا -بەم ئاراستەیە- تێگەیشتن لەم مەسەلەیە وای لێدێت کە ئاسان و بەجێ بێت.

ئەم ناوەند مەرجی تێگەیشتنمانە لە ڕەها، یان بە گوزارشتێکی تر: هەر ئەوە کە بوونی بابەتیانەی ڕەها شێوەگیر دەکات -هەر ئەویشە کە ڕەها بە هۆشیاری خودی ئێمەوە پەیوەست دەکات. ئەو ناوەندەش کە ڕەها لە ئاییندا وەریدەگرێت، هەر ئەوە ئەوەیە کە فەلسەفە لە ئایین جیادەکاتەوە. عەقڵی هەتا هەتایش بەوە لۆگۆسە Logos کە خۆی ئاشکرا دەکات و خۆی نیشاندەدات و گوزارشت لە خۆی دەکات و -خۆی ئاشکرادەکات- لە دەروون و بیرکردنەوەکاندا، هەر لەبەر ئەو هۆیەش خۆی بۆ دەروون و بیرەکانمان و ئەو هۆشیارییەیان ئاشکرادەکات، کە -بە سادەیی- هەستدەکات و لەوەڕادەمینێت کە پێشوازی لێدەکات. ئەم عەقڵیە دەست بە تێڕامانێکی زۆرپەتی دەکات بەسەیرکردنی تەرزی ئەم بیرکردنەوەیە و شێوەکەی، کە وەك پەردەیەك حەقیقەت لە پشتی دەشارێتەوە و هەوڵیش دەدات ئەم پەردە تەنکە کە پۆشیویەتی دایماڵێت تا حەقیقەت بە ڕووتی بێتەدەرەوە و پاك و پوختەبێت بەو شێوەیەی کە لە واقیعدا هەیە. بیرکردنەوەی ڕامانانە وادەبینێت کە کۆتادارە بە زوو بە بیرهاتنی هەستەکی و نواندنێکی ناتەواو و باوەڕنا ئاوەرە بە مادە هەمەکییە ناکۆتادارەکەی کە لە بەردەستماندایە، بۆ خۆیشی بەو کاتیگۆریانەی کە لەم شێوانەدان باڵاترین بیرۆکە سازدەکات، ئەم بیرکردنەوە ئەوە دەبینێ و —یەکەبینەری ئەوەشە- کە خواستخوازی لێکچوواندنانە Anthropomorphism[19] لەگەڵ ئەو بیرۆکەدا لێکدژ دەبێتەوە کە بۆ خۆی

---

[19] زاراوەی Anthrpomophism لە دوو برگەی یۆنانی پێکدێت، یەکەمیان: Anthropos واتە مرۆڤ یان بوونەوەری مرۆیی. دووەم: Morphos واتە شێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت، مەبەست لەم زاراوەش ئەوەیە کە سیفەتە مرۆییەکان بدرێن بە بوونەوەری نامرۆیی جۆرا و جۆر، دەکرێت ئەم بوونەوەرانە سروشتی بن وەك ڕەوەك و شاخ و دەریاکان -دەشکرێت ئەم بوونەوەرانە ئاسمانی بن وەك گیانەکان و خواوەندەکانی، وادەرکەوێت کە ئەم مەیلخوازییە هۆکارێك بێت لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پەرستشی سروشت، ئەمە ئەگەر هاتوو



سازاندوویەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ڕووبەڕووبوونەوەی فەلسەفە ململانێی فەلسەفە لەگەڵ ئەو بیرە میللیانەدا کە باڵیان بەسەر میتۆلۆجیادا کێشاوە دیاردەیەکی کۆنە. بۆ نموونە زینۆفان Xenophanus[20] بۆ ئەوە چووە، گەر شێر و مشکیش وەك مرۆڤ دارای هێزو توانا بوونایە و وەك مرۆڤیش بیانویستایە وێنەبکێشن و بەکاری هونەری هەڵسن، ئەوا خواوەندەکانیان لەسەر شێوەی خۆیان بەرجەستەدەکردن و وێنەیان دەکێشان و هەمان شکڵ و شێوەی خۆیانیشیان پێدەدان[21]. ئەو ئاوەهای کردووە کە ئەفلاتوون لە دوای ئەو بەشێوەیەکی گشتی موساو پێغەمبەرەکانیش پێش ئەو لە ڕێگەی پشتبەستن بە ئایینێکی قووڵ، کردیان. ئەفلاتوون لە دژی هۆمیرۆس و هزیۆد ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ئەمانە دوو شاعیرن هەموو سیفەتەکانی مرۆڤیان داوەتە پاڵ خواو تەنانەت ئەو شتانەشیان داوەتە پاڵ خوا کە لەناو مرۆڤدا

---

مەیلخوازی لێکچواندنانە لێرەدا جەخت لەسەر چواندنی خواکان بکات بە مرۆڤ بەوەی: کە بەرێگا دەڕۆن و دەخۆنەوە و ژندەهێنن و زاوزێ و خیانەت دەکەن و دڵخۆش دەبن و توڕە دەبن... (المترجم).

[20] زەینوفان: فەیلەسوفێکی یۆنانییە و لە دەوروبەری ٥٣٠ پ.زدا دەرکەوت. لەشاری قۆلۆن کە شارێکە لە شارەکانی ئەیونیا گەورەدەبێت و پێدەگات، لە تەمەن درێژەکانە و تاتەمەنی نەوەدو یەك ساڵی دەژی. (المترجم).

[21] زەینوفان لێکدژی لە نێوان عەقڵ و میتۆلۆژیادا دروستدەکات، یان دەڵێن وێنەی ئەفسانەی خواوەندەکانی تێکشاندووە، باوەڕی وابووە فرەیی خواکانی، فرەیی شارەکانی یۆنان دەگەیەنێ، هەر شارێك بەپێی ڕەفتار و خۆی جل و بەرگ و شێوە وێنای خواکەی کردووە: ((حەبەشییەکان پێستی خواییەکانیان ڕەشکردووەو کە پوویان فش، ئەهلی تراقیاش دەڵێن خواکانیان چاویان شینە و پرچیان سوورە، خەڵکی خواکانیان لەسەر شێوەی خۆیان دروستدەکەن، نەك هەر ئەمە بەڵکو لەمەش زیاتر: ((گەر چێڵ و ئەسپ و شێرەکان دەستی ئەوەیان هەبووایە وێنەی پێ بکێشن و شوێنەواری هونەری وەك مرۆڤ دروستبکەن، ئەوا ئەسپەکانی خواکانی خۆیان بە ئەسپ دەنەخشاندو، چێڵیش هەمان کاری دەکردوو جەستەی ئەوانیان لە وێنەیەکدا دەنواند کە فرە جۆر و هەمەڕەنگە)) لە کۆتایی هەموو ئەمانەوە زەینەفون دەگات بەوەی کە ((خوای تاك و تەنها، گەورەترین خوای مرۆڤەکانە، لە بچم و عەقڵیشیدا لە هیچ مرۆڤێك ناچێت)). ئێمە دەبینین لەم دەقەدا زینەفوون سیفاتەکان لە خوادا دەماڵێ و خوا وانیشان دەدات کە بێ چوون و وێنەیە. (راجع في ذلك (فجر الفلسفة اليونانية قيل سقراط) للدكتور احمد فؤاد الاهواني، عيسى البابى الحليي بالقاهرة عام ١٩٥٤ ص ٩٥-٩٦. (المترجم).

به داوێن پیسی و کاری ناشیرین و بەد و ریسوایی دادەنرێت: ((وەك دزی و زینا و غەشی هەندێکیان لە هەندێکی تریان))[22].

بەڵام ئەوەی کە شێر و مشکەکان ناتوانن بیکەن، مرۆڤ کردی، بۆ نموونە هیندییەکان و میسرییەکان لە گیانلەبەراندا هۆشیاری پیرۆزی خۆیان دەدۆزنەوە، سەرەڕای ئەمەش ئەم هۆشیارییەیان خستۆتە ناو خۆر و ئەستێرەکانیشەوە، تەنانەت دەیخەنە ناوشتانێکی زۆر پووچ و بێ ماناوە (ئەمەیان بەشێوەیەکی تایبەت هیندەکانی پێ جیادەکرێتەوە) ئەوانی دەیخەنە ناوشتانێکی بچمسەمەرەو ئەو بەرهەمانەی کە جێی داخن و خەیاڵێکی سەیر و سەمەرە و بەدسروشت دایهێناون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم خۆشخوازیە لێکچواندنانە یەکسەر لەگەڵ خۆیدا پێوانەیەکی دیاریکراو هەڵدەگرێت. —بەو شێوەیەی کە دیارە- بەرهەمەکەی گێلیەکی رووت دیاریدەکات، ئائەمەش وامان لێدەکات کە بگەینە دواڕادەی پووچی و بێمانایی.

ئێمە لەسەردەمی نوێدا بە زەروورەت خۆمان داوەتە دەست بینینی هەڵە و ساختەیی لە نموونەکانی مێتۆلۆژیادا و ئەو لایانانەش -لە ئایینەکاندا- کە پەیوەستە بە تەرزی بیرکردنەوەی تەمسیلیەوە. هێزی باوڕمان بە عەقڵ پاڵپشتە، تاوامان لێبکات بڕوامان وابێت لەبەر ئەوەی لێرەدا مرۆڤ و میللەتەکان پەیبردنەکان و هوشیاری خودایی خۆیان لە بەروبووم و ئەو جۆرە بیرانەدا داناوە کە کەمێك پێشتر لێیان دواین -ئەوا هەر دەبێت شتێکی- ئیجابی تێدابێت، یان ناکرێت ئەو ناوەڕۆکەی هەیەتی تەنها ناوەڕۆکێکی سەلبی پوخت بێت. بەم شێوەیە ئەوەی کە کۆتاداره و ئەوەش کە سەیر و سەمەرەیە و سروشتی نادیاریکراوی ئەم مادەیەش -هەر لە ماوە بەراییەکانەوە- لە بری توێژاڵێکی ناسك دانراوە، کە لە پشتییەوە شتێکی راستەقینە شاراوەتەوە و ئەم توێژاڵە لە ئێمەی پەردەپۆش کردووە. لەم گۆشەیەوەیە ئەوە بێ بایەخ دەبێت، وابیربکەینەوەی کە ئەم توێژاڵە کاهینەکان و پیاوانی ئایین بەئەنقەست بەکاریان هێناوەو مەبەستێك لە پشت دانانی ئەم بەرگە داپۆشەرەوە هەیە. بەهەر حاڵ ئەم لێکۆڵینەوەی کە ئێمە پێی هەڵدەسین دواتر دەبێتە هێڵێکی مێژوویی. بەڵام گەر لێکۆڵەر بە درێژایی ئەم هێڵە مێژووییە، توانی مێژوویەك بۆ هەندێك حاڵەتی کەم بخاتەڕوو کە تەرزێکی ئاشکراکەری ئەو

(22) لە گوتەکانی زەینوفان، شذرة رقم ١١ من ترقيم بيرنت في كتابه (فجر الفلسفة اليونانية) عام ١٩٤٥ ص ١١٩. من تعليقات نوكس ص ٣٦. (المترجم).



دەمامکانەی تیایە کە بەئەنقەست دانراون - ئەوا سروشتی شتەکەش- بەشێوەیەکی گشتی (کە ئەمە دوورترین شتە لە بەڵگەی مێژووییەوە) هەر ئاوادەبێت کە پێشتر روونمان کردەوە، واتە ئەو حەقیقەتەی کە ئاشکرا دەکرێت، یەکەمجار بە تەنها لە ناوەندێك لە وێناکردنەکان و نواندنەکان.... هتد هەڵدەقوڵێ و سەرچاوەدەگرێت.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە باڵاترین توخم کە توخمی بیرکردنەوەیە لەسەر کارەکەی خۆی چیتر بەردەوام نابێت. زەمینەکە بۆ ئەمە سازاو نییە و زەویەکی شایستە نییە کە ئەم توخمە بگرێتە خۆی. نەخێر، ئەوە لە خاسیەتەکانی ئایین نییە بەوەی کە ئاوەهایە، توخمێکی ئاوای هەبێت تایبکاتە زمینەیەك بۆ ئەوەی بیرو باوڕەکانی خۆی لێوە بخاتەڕوو.

لە راستیدا لێرەدا فەیلەسووفەکانیش بەهەمان شێوە وێنەی میتۆلۆجیان بەکارهێناوە تا لە رێگەی وێنەکارییەوە وا لە بەڵگە فەلسەفییەکان بکەن روون و ئاشکراتربن و هەروەها وایان لێبکەن کە لە هەست و خەیاڵمان نزیکترببنەوە، زۆرجار لە بارەی رێز و خۆشەویستی ئەفلاتوونەوە بۆ ئەفسانەکان شتمان بیستووە، وەکو ئەوەی کە ئەم بەکارهێنانە بلیمەتی ئەوی زیاتر کردبێت، یان وەکو ئەوەی کە شتێکی گەورەی ئەنجامدابێت کە فەیلەسووفەکانی تر نەیانتوانیبێ پێی هەڵسن، نەك هەر ئەمە بەڵکو وەکو ئەوەی کە ئەفلاتوون خۆی لە کارەکانی تریدا ئەمەی تێنەپەراندبێت وەکو ئەوەی کە لە گفتوگۆسازییە وشك و برنگ رووتەکەیدا ((گفتوگۆسازی پارامینوس))[23] ئەمەی کردووە. ئێمە بەوە سەرسام نابین کە خەڵکی ئەفلاتوونی خوشویستووە لەبەر ئەوی کە ئەفسانەکانی بەشێوەیەکی تایبەت بەکارهێناوە، چونکە ئەم شێوەیەی لەبەر چاوخستن، وادەکات کە ئاسان بێت پەی بە بیرۆکە گشتییەکە بەرین، کاتێك ئەم بیرۆکە گشتییە دەخرێتە ناو دەمامکێکی ئاواوە، ئەم دەمامکە وای لێدەکات کە شتێکی زانراو ئاسایی بێت. بەڵام هەرگیز ئەفلاتوون بەڵگەی بۆ ئەوە نەهێناوەتەوە کە لە رێگەی ئەم ئەفسانانەوە فەیلەسووفە، کاتێك کە بیر بەهێز دەبێت و پشتیوانی لێدەکرێت و بوونێکی بابەتی

(23) ئەفلاتوون لە زۆربەی گفتوگۆسازییەکانیدا پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی ((ئەفسانە)) وەك نموونەیەك ئەو بیرۆکەیەی پێئاشکرادەکات کە دەیەوێت بیخاتەڕوو، تەنانەت دەڵێن ئەفسانەی ئەشکەوت ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سروشتی مەعریفەیەك کە تەنها بەوەی کە مرۆڤ دەیبینێت وەدەست نایێت... هتد. قارن د. فؤاد زكريا ترجمة و دراسة لجمهورية أفلاطون. (المترجم).

لە توخمێکی گونجاو و شیاودا بۆ خۆی دروستدەکات، تاوای لێدێت شێوەی ئەفسانەیی دەبێتە شتێکی سەربارو پێویست نەبوو، یان دەبێتە تەنها رازاندنەوە و نەخشاندن، ئەو کات دەکرێت بە دڵنیاییەوە پێشوازی لێبکرێت، لە لایەکی تریشەوە فەلسەفە بەم رێگایە پەرەناسێنێ، فەلسەفە بایەخ بەو تایبەتمەندییە دەرەکیانە نادا جگە لەوەی کە ئەم شێوە ئەفسانەییە ئەم کەسە یان ئەو کەسە رابکێشنە ناو بواری فەلسەفەکارییەوە، لە لایەکی تریشەوە -لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم تایبەتمەندییە داواکراوەدا- زەرەرمەندییەك لە بەرامبەرییەوە ئامادە دەبێت. دوای ئەمەش ئێمە دەتوانین ئەم تەرزە ئەفسانەیەی فەلسەفەکاری بەوە پەسەنکەین کە سەردەکێشێت بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئەفسانەکان فەلسەفەن، کاتێکیش ئێمە ناوەڕۆکە داواکراوەکە لە شێوەی بیردا دەخەینەڕوو (کە تاکە شێوەیەکە بۆ فەلسەفە) وادەکات کە بکرێت ئەو بێ دەسەڵاتی و ناتواناییەی کە خەوشیان دروستکردوو بشاردرێتەوە، دوای ئەمەش وامان لێبکات خۆمان بەوە هەڵکێشین کە ناوەڕۆکەکە بە دیاریکردنێکی دروست دیاریکراوە.

لە کاتێکدا لە زووەوە ئەفلاتوون لە وێنەیەکی فەلسەفیدا گوزارشتی لەو بەڵگانە کردووە کە لە زەینیدابوون و هەوڵیشی نەداوە لە شێوە ئەفسانەییەکەیدا بیانشارێتەوە و هیچ ئامانجێکی تریشی نەبووە جگە لەوەی کە ئەم بەڵگانە زیاتر روون و ئاشکرا بکات، زیاتر بە کەڵکی تێگەیشتن بێت. ئەو بیرۆکەیەکی شێتانەیە وا لە بارەی ئەفسانەوە رەمزەکانەوە بدوێین کە دەمامکێکن و حەقیقەت لە پشتیانەوە دەشارێتەوە، زۆر لە راستیەوە دوورەکە بڵێین -بەپێچەوانەوە- حەقیقەت لەناو ئەفسانەکان و هێما و بیرەکان و کار و بارە کۆتادارەکان بە گشتی گوزارشت لە خۆی دەکات، واتە لە رێگەیانەوە خۆی ئاشکرادەکات. بێگومان دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵە حاڵەتێکی تاك و تەرا بکەین کە تیایدا هێما و ئەوەی کە لە هێما دەچێت بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی تەلیسمێك و وشەکانی والێکردوون کە نهێنییەك بن بە ئاسانی نەکرێتەوە. دەتوانین -بۆ نموونە- بڵێین مەبەستێکی ئاوا لە پشت ئەفسانەو هێماکانی «ماسۆنیەت»[24]ەوە پەنهانە، بەڵام ئەوە ناهێنی کە لەم بوارەدا بەنارەوا تۆماتباری بکەین،

[24] Freemaonary ماسۆنیەت: واتا وشەییەکەی واتە: بنەماکانی بیناسازە ئازادەکان و دامەزراوەو تەقسەکانیان، ماسۆنیەت رێکخراوێکی جیهانی نهێنی تایبەت بە پیاوانە، لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە لایەن برایانی بیناسازەوە لە ئینگلتەرا و ئەسکۆتلندا سەری هەڵداو لەسەدەی هەژدەهەمیش زۆر بەخێرایی بڵاوبووەوە. ئیمانی بەوە هەیە کە گەردوون رێکخەر و ئەندازیارێکی گەورەی هەیە، بە تەقسە تایبەتییەکانی



ئەگەر چی ئێمە بڕوامان وابێت هەر لەسەرەتاوە هیچ زانینێکی تایبەتی نییە، دوای ئەمەش شتێکی وای نییە کە بیشارێتەوە، لە کاتێکدا گوتنی ئەوەی کە ماسۆنیەت هیچ حیکمەتێکی تایبەتی لانییە و خاوەنی مەعریفەیەکی تایبەت بە خۆشی نییە و لە راستیدا، هیچ حەقیقەتێکیشی لە باردانییە، خاوەنی هیچ حەقیقەتێکیش نییە نە بۆ تاکە مرۆڤێك و نەبۆ هەموو مرۆڤەکان. دەکرێت ئەمە زۆر بە ئاسانی وامان لێبکات باوەڕبهێنین، ئەگەر هاتوو سەیری ئەو کتێبانەمان کرد کە راستەوخۆ لە لایەن ئەوانەوە دەرچوون یان ئەو کتێبانەی کە مورید و دەروێشەکانی بەرهەمیان هێناون، لەمانە هەمووی شتێکی ئەو تۆ بەدی ناکەین جگە لەوەی کە کەلتووری میللی ئێمە و رووداوە باوەکانی دەیخەنەوە، گەر گومانبارێك گومانی ئەوەی کرد، گەیشتووە بە شتێك لە حیکمەت، هەروەك ئەوە کە بتوانێت شتێك بخاتە گیرفانییەوە و لە گیرفانیدا بیپارێزی و بەوەش لێی ببەخشێت کە قسەو راو بۆچوونی خۆیەتی لەبارەی ژیانی گشتی خەڵکەوە، یان لەبارەی کارە زانستییە باوەکانەوە لە گیرفانی دەربهێنێ و ببەخشێتەوە. لە راستیدا دەبێت لەم کاتەدا ئەم کەسە هیچ شتێك لە بارەی سروشتی بەڵگەی فەلسەفی و حەقیقەتی هەمەکی و تەرزی هەمەکی لە بیرکردنەوەو زانیندا نەزانێت، لێرەدا کارەکە بەڕووداو و راستییە مێژووییەکان پەیوەست نییە، یان بە هیچ یەکێك لەو جۆرە رووداوانەی شتە تاکەکەسیەکانەوە پەیوەست نییە، چونکە دەکرێت ژمارەیەکی بی شومار لەم جۆرە رووداوانە هەین کە نهێنیان تیایە و بە رێژەی بایەخ دانمان بە زانینیشیان ئەم نهێنییە کەم و زیاد بکات، یان فەرامۆش بکرێت و بەبایەخەوە سەیر نەکرێت. لە راستیدا ئیمان بەو تواناداریییە و بە گریمانەکردنی ئەوەی کە کۆمەڵە هۆکارێك هەن بۆ پارێزگاری لە بڕیارە هەمەکییەکان لە خۆیدا (کەسێك دەتوانێت ببێتە خاوەنیان، بەڵام ئەمانە هەمەکین لەوەوە کە لەسەر بناغەی بایەخدانی پێیان دەستی بەسەرداگرتوون) و جیان لە هەموو گوتەکانی ناو ژیانی

جیادەکرێتەوە و بانگهێشتی برایەتی نێوان مرۆڤەکان و هاوکاری ئالۆگۆڕکراوی نێوان هەموو ئەو ئەندامە جیاوازانەی خۆی دەکات. ماسۆنیەت بە گەورەترین کۆمەڵەی نهێنی دادەنرێت لە رووی بڵاوبوونەوەیەوە. ئەندامەکانی ژێر ئاڵاکەی بەشەش ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، کە چوار ملیۆنیان لە ئەمریکان و ملیۆنێکیش لە دوورگەکانی بەریتانیا، لقی lodges ی کە لە وڵاتەکانی تردا زۆرە. کەنیسەی کاسۆلیکی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە دژایەتی کردووە، هەروەك چۆن وادیارە لەبەر چالاکییە نهێنیەکانی دژایەتیان کردووە. (المترجم).

و له بوونی عەقڵی و عەینیانەی خۆی. ئەوا ئەم ئیمانە دەبێتە جۆرێك لەسەر لێشێوان و بێهودەیی Absurd هەروەك گریمانەکردنی ئەوەی کە هەندێك هۆکار و ئامێر هەن بۆ جیاکردنەوەی، رووناکی لە تیشك، یان گریمانەکردنی ئەوەی تۆ دەتوانین خاوەنی ئاگرێك بیت کە گەرمی تیانەبێت و بێ گەرمی بێت.

ئێمە بە هەمان شێوە هۆشیارین بەوەی کە ئەم جۆرە گەرمییە شاردراوە قبوولەی تایبەت بە حیکمەت و زانینی تایبەت، زۆرجار دەدرێتە پاڵ نهێنییەکانی یۆنان[25]. ئەوە یاسایەکی باوبووە کە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی ئەسینا لە ریزی ئەوانەنەن کە بەشداری لە نهێنییەکانی ئیلیۆسیس دەکەن، بەڵام سوکرات لە ریزی ئەواندا وەرنەگیراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین چۆن لەناو هاووڵاتیاندا خاوەنی رێز و قەدری خۆیەتی و چۆن بە بەردەوامی کۆمەڵێك لە قوتابییەکانی شتی نوێ لێی فێر دەبن بە مەعریفەیەکی بەنرخی دەزانین و بەوەی دەزانن کە ژیانیان بە برشت و دەوڵەمەندتر دەکات، بە تایبەتی ئەوەی کە لەوەوە وەدەستی دەهێنن.

ئەو شێوەیەی کە حەقیقەت بەشێوەیەکی گشتی لە میتۆلۆجیاو ئاییندا وەریدەگرێت، وێنەی دەمامکێکی رووت نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەردەبێت ئەو شێوەیە ناوەڕۆکەکەی ئاشکرابکات، لێرەشەوەیە کە ئەو قسە پەتەڕیانە لە جێگەی خۆیاندا نین، بەڵام لە رۆژانی ئێمەدا باو و بڵاون و بۆ ئەوە دەچن کە جیهان وەك تەلیسمێك لە بەردەم مرۆڤدا راوەستاوە، ئەمەش دوایین پەیوەندی ئێمەیە بەوەوە، بەڵام خوا خۆی لە سروشتدا نیشاندەدات و دەبێت بە مانا بۆ سروشت و ئەمەش کردنەوەی ئەم تەلیسمەیە، هەر بە هەمان شێوەیەش لە جیهانی باڵاتر لە جیهانی سروشت، کە جیهانی گیان و عەقڵە دەدرەوشێتەوە، چونکە ئەو وێناکردنە وردەی کە بۆ ئەو گونجاوە جیهانی گیانە. دوای ئەمەش -بەشێوەیەکی گشتی- زمانی متیۆلۆژیا و ئایین زمانێکی وێنەکێشانەیەو هەمەکییەت دایناپۆشێ، بەڵکو بەوەی کە گیانێکی درەوەشاوەیە پەردەی لەسەر لادەدات و ئاشکرای دەکات. بەڵام زوو بە بیرداهاتنی هەستەکی لە واقیعدا، بەوەی کەنواندنەوەی ئەو کاروبارە کۆتادارانەیە کە دەکرێت پەییان

(25) مەبەست لە نهێنییەکانی ئیلۆسیسە کە پێش کەمێك باسکرا، ئێمە پێشتر لە داهێنەری ئەم نهێنییانە دواین، کە چۆن ئەمانە کۆمەڵە تەقسێکن بۆ خواوەندی زەوی دەسازێنرێن، لەوانەیە لێرەدا ئاماژە بەسوڕی وەرزەکانی بدات. (المترجم).



پێببرێت، یان نواندنەوەی سروشتی رەمزی بەشێوە گشتییەکەی، ئەوا لە هەمانکاتدا لە بیرۆکەی ناکۆتادارردا وێك- نایبێتەوە، دوای ئەمەش بیرۆکە لەوە دادەپۆشرێت کە ئاشکرابێ دەکات و پەردەی لەسەر لادەدات، ماهییەتێکە بوون دەبێتە دەرکەوتنی، یان بە گوزارشتێکی وردتر: ئەوەی کە لە روڵەتیدا دەدرەوشێتەوە ماهییەتە، بەڵام رەواڵەتی لە هەمانکاتدا تەنها رواڵەتییە، سروشتە بنەڕەتییەکەشی بوونە نەك بوونی ماهییەت، لەو دوو بەرەکیەش کە لە نێوان ئەفسانە و ماناکەیدا نامانەوە و لە گوتنی ئەوەشدا کە خستنەڕووی ئەفسانەیی (واتە خستەڕووی بیرۆکە لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی سروشتی بە وێنەکێشانی وێنە) بە پەردە پۆشی ئەم بیرۆکەیە دادەنرێت، خۆ بەدەستەوە دانێکی ناڕاستەخۆ هەیە، بەوەی کە مانا ئەوەیە کە نرخێکی هەیە، ئەو نرخەش خۆی دەمامکە راستەقینەکەیەتی گەر چوار چێوە هەستەکیەکەی و پەیوەندییە کۆتادارەکانی نەمان و بۆ ئاستێکی هزری بەرزبوویەوە، چیتر لە بیردا دووبەرەکی لە نێوان بیرەکان یان وێنەکان و ماناکەیانیدا نییە، بیر مانای تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەش کە لە خۆیدایە یان ناڕاستەوخۆیە، لەناو بوونیەتی. سەرەڕای ئەوەش کە میتۆلۆژیاو بیرە ئایینیەکان بەشێوەیەکی گشتی، لەوەوە جگە لە کۆمەڵێك بیرێك شتێکی تر نین، کە بەشێوەیەکی راستەقینە حەقیقەت و ناوەڕۆکی بیرۆکە ئاشکرا دەکەن و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵن -بەڵام گەر بیر ئەوەبێت کە لەگەڵ خۆیدا گونجاوە، ئەوا لەم خۆ ئاشکراکردنەدا سیمایەك هەیە کە لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکەدا ناگونجێت.

بەم شێوەیەیە، دەبینین میتۆلۆجیاو ئەوەش کەوا سەیردەکرێت لەگەڵ تەرزی نائەفسانەیی وێنەکێشاندا ناگونجێت -پێویستی بە روونکردنەوە هەیە، ئەم روونکردنەوەیەش جگە لە وەرگێڕانی وێنە هەستەکییە رەسەنەکە و ناوەڕۆکە کۆتادارەکەی بۆ کۆمەڵە زاراوەیەکی گیانی و زاراوەکانی بیر، هیچی تر نییە، ئێستا پەیوەندییە سروشتییە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکان دەردەکەون، وەك ویست و سروشت و دەروون، هەروەها بابەتە راستەوخۆکان لە سروشتدا و ئەوەش کە پەیوەستە بە هەست و سۆز و ئارەزووە گیانییەکانمان، لە شێوە راستەوخۆکەیان رزگاریان بووە و بوون بە بیرێکی پەتی، بەڵام ئێستا پەیوەندیەکان و ناوەڕۆکەکەی کە لە سروشتی هەمەکین لەوەوە کە بوونەتە بابەت بۆ بیر، بەرەو پێشەوە دەڕۆن و پێشدەکەون.

(بەڵام گەر ئەم بیرۆکانە بەرەو پێشچوونی ئەو زەمەنە بێت کە مەبەستە، ئەوا وادەرناکەوێت کە ئێمە لە گۆشەی کۆتاداری ناوەڕۆکە مادییەکانەوە دەستمان بەشتێك لەم ئاڵوگۆڕە شێوەییە ڕاگەیشتبێ، چونکە ئەم پەیوەندییانە کۆتادارن و باقی ئەم ناوەڕۆکەش نەگۆڕاوە بۆ ناکۆتادارێکی هاوشێوە. تەنها مەبەست لە هاوشێوەیەی نییە لە نێوان بیر و ناوەڕۆکی ئەفسانەکان و نێوان ناوەڕۆك و تۆخمە نەگونجاوەکانی ترو، نێوان بیرەکاندا، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم بیرانە سەراپای ناوەڕۆکەکەن لە دیاریکردنە سادەکەیدا، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە کرۆکییەیان ئەم بناغە کرۆکییە (لە ئەفسانەکان... هتد) کۆتادارە، ئەوا ئەمە بۆ ڕاڤەکردنیش ڕاستدەکەوێتە، چونکە ئەم ڕاڤەکردنەش هیچ نییە جگە لە پوختەکردنی ئەم شتە کرۆکییە بەوەی کە کرۆکییە، بەڵام ناوەڕۆکی کاردانا هەر خۆی ئەوەیە، شتێکی کاردانا دەردەکەوێت، هەر خۆیشی شایستەی ئەوەیە کە دیاریکردن یان کاتیگۆری بێت بۆ ناکۆتادار، گەر هاتوو واسەیری خواییمان نەکرد کە پەتی و ناکۆتاداری سەلبییە، ئەوا نابێت هەرگیز هیچ تەرزێکی لە ناوەڕۆکی جۆری تایبەت لێیەوە سەرچاوە بگرێت).

دوای ئەمەش هەستکردنی تایبەت بە تووڕەیی یان پەیوەندی ئەندامی وەك زاوزێکردن یان ئەوەی وەردەگێڕێتەسەر کاتیگۆرییەکی هەمەکی و گیانی وەك دادپەروەری، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خراپەدا، یان بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی گشتی یان ((بوون بەوەی کە هۆبێت))، چیتر واسەیر ناکرێت کە وابێت شایستەی ئەوە نەبێت. کە ببێتە خاسیەتێك یان پەیوەندییەك لەگەڵ ڕەهادا. لەم شێوانە بەرەو سەرەوە: ئۆزوریس و ئیزیس و ئیفۆن[26]، و لە ڕێگەی ئەو ڕیوایەتە ئەفسانەییانەوەکە لە ژمارە نایەن، پێویستییەکی توند لەسەردەمە جیاجیاکاندا بۆ ئەوە هەیە کە ئەم شێوانە لە جێگەی گوزارشتکردن بن لە بابەتەکانی سروشت و ئەستێرەکان و ڕێڕەوەکانیان و ڕووباری نیل و هەڵبەزو دابەزەکانی. دوای ئەمەش گوزارشتکردن بن لە گۆڕانکارییەکان لە شێوازی ژیانی سروشتی سیاسی. ئەمانە دەکرێت بەم

[26] ئیزیس لە ئەفسانەی میسرییە کۆنەکاندا خواوەندی دایکی مەزنە، ژنی بەوەفای ئۆزوریسنی خوای نیلە کە خوشکە دڕندەکەی ست خوای وشکی لەت و پەتی دەکات و جەستەکەشی بە هەر چوارلای زەویدا پەرش و بڵاودەکاتەوە. بەڵام تیفون دێوێکی خورافی ناو ئەفسانە یۆنانییەکانە کوڕی خوا ((جیا))یەی خوای زەوییە، ئەرتاروسیش سەرێکی پێوەیە کە سەدەها دووپشکی پێوەیە و هەریەکەشیان ئاگر لە دەمیەوە دەردەچێت. (المترجم).



ڕێگایە ڕاڤەبکرێن و بخرێنەڕوو و مانایان لێ هەڵبهێنجرێت. ئامانجی ئەم جۆرە ڕاڤەکردنەش ئەوەیە کە وابکات تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت: ئێمە نازانین چۆن میسرییەکان مردنی ئۆزوریسیان... هتد، بەوە داناوە کە شتێکی پیرۆز بنوێنی و دواتریش وێناکردنی ((تێگەیشتنی ئاسان)) گۆڕدراووە و هەڵگەڕاوەتەوە.

ئەم هەستخوازیەی کە مەیلدارییەکی لێکچوواندنانەی دانپیانراوی لەگەڵدایە، ئەمەیە کە بەوە دادەنرێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پێویستیە بۆ ڕاڤەکردن ((لێی تێناگەین))، لێرەدا بیرۆکەیەکی جیاواز لەبارەی ((خوا))وە هەیە، کە بەپێی ئەم بیرۆکەیە هاندەدرێین تا -لەم دیاردانەدا- بیرۆکەیەکی گیانی تر و هزری تر و هەمەکی تر بدۆزینەوە. هەر بەم شێوەیەش لە خوا تێدەگەین یان وێنای خوا دەکەین، یان بێ پێچ و پەنا ئێمە تێگەیشتنی ئاسان لە شتێکدا بەدی ناکەین، گەر لەوەدا نەبێت کە ئەوشتە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە لە بارەیەوە هەیە هەمئاهەنگ بێت و لە کاتی قەسەکردنیشیاندا لەبارەی خواوە بەڕەواو بەجێی بی بینین. کاتێك ئێمە لەبارەی ئەوەوە دەدوێین کەوا دانراوە خوا ئەندامی زاوزێکردنی مرۆیی نییە و ئێمە ئەمە بگۆڕین بە ئەندامی زاوزێ کردنی مەڕ، ئێمە ناتوانین لەوە تێبگەین کە خوا چۆن فەرمانی داوە بە ئیبراهیم کوڕەکەی خۆی سەربڕێت. یۆنانییەکان بۆ یەکەمجار لە سەردەمی خۆیاندا لەوەدا ڕاوەستان کە لەوە تێبگەن ئەم سیفەتانەی کە پێشتر لێیان دواین وەك دزی و زینا... هتد، چۆن دراونەتە پاڵ خواکانیان.

یان دەبێت بڵێین شتانێکی لەم جۆرە تەنها کۆمەڵە هەڵەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکران، دوای ئەمەش ئێمە ئیتر لەم حاڵەتەدا واپەسەنیان ناکەین کە لێیان تێناگەین، یان ئەوەیە کەوا ڕاڤەیان بکەین کە دەکرێت لێیان تێبگەین، یان ئێمە پێویستیمان بەوەیە کەوا بیان بینین کە لێیان تێدەگەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەردەبێت شتێکیان تیابدۆزینەوە تاوایان لێبکەین کە بن بە مۆڵکی ئێمە، دەکرێت ئەم شتەش مانا دروستەکەیانبێت یان بەلایەنی کەمەوە یەکێك لە مانا وێنەییەکانیان بێت کە بە مانایەکی تریانەوە چەسپاوە.

تائێستا بناغەیەکی گشتیم لەبارەی ئەوەوە خستۆتە ڕوو کە لە زەمەندا پەرە دەستێنێ و ڕووبەڕووی ئەمانەش بوومەتەوە.

(أ) بیرۆکەی کەماڵی فەلسەفە بەوەی کە دیدێکی پوختە یان بیرۆکەیە یان مەعریفەیەکی پوختە، بەڵام ئەم کەماڵەش:

(ب) هەردەبێت بکەوێتە دەرەوەی زەمەن و لەناو مێژوودا نەبێت.

(ج) بەڵام ئەمە ناکرێت دژ بە سروشتی گیان و سروشتی مەعریفە بێت.

ئەو یەکبوونە ڕەسەنە سادەیە -تائاستێك- لەگەڵ سروشتدا هەیە، هیچ نییە جگە لە زوو بە بیراهاتنێکی گرنگ، یان هۆشیارییەکی چڕو پڕە و بەم هۆیەش پەتییە و لە خۆیدا ئۆرگانی نییە. لە ڕاستیدا -لە واقیعدا- دەبێت، خواو ژیان عەینی بن و لەناو هەستماندا بن، بەڵام لەناو هەستدا شتێك بەناوی جیاکاری نییە. مانای هەمەکی خواو بیرۆکەی هەمەکی لەبارەی خواییەوە دەکرێت لەسەر هەموو شتێك بچەسپێت، بەڵام ئەو بابەتە گرنگەی کە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین، ئەوەیە کە بە برشتی و دەوڵەمەندی ناکۆتادار. لە سەیر کردنماندا بۆ جیهان دابڕاو دەبێت، لەوەوە کە پێویستە هەڵوێستی خۆم یەکلاکەمەوە و بڵێم من لە جیاتی ئەم دەوڵەمەندییە، یەك بیرۆکە بە کارناهێنم کە هەر خۆی لە هەموو شوێنێکدا هەبێت. -بۆ نموونە ئێمە لە کتێبی پیرۆزدا- لە هەردوو عەهدی کۆن و نوێدا دەگەین بە دیدێکی ئیماندارانە و خۆپارێزانە -ئێمە لە عەهدی کۆندا ئەم دیدە لە پەرستشی هەمەکیانەی خوا لە هەموو دیاردە سروشتییەکاندا دەبینیەوە -هەروەك ئەوەی کە لە سەفەری ئەیوبدا هەیە-، لە هەورە گرمە و بروسکەدا، لە ڕووناکی ڕۆژ و شەوی گردەکاندا، لە دەرەختی (ألآرز)ی لونبانی و لە باڵندەی سەر چڵەکاندا و لە گیانلەبەرانی کێوی و لە شێر و حوت و خشۆکەکاندا...هتد، ئەم دیدە بۆ پەرستشی هەمەکیانەی خوا دەدۆزینەوە، هەروەها لەو نیعمەتە خواییە سەراپاگیرەشدا بە دیدەکرێت، کە فەرمانڕەوایی کاروبار و هەڵوێستەکانی مرۆڤ دەکات، بەڵام ئەم تێڕوانینە یان دیدە ئایینداره خۆپارێزەی دەروونی ئیماندار بۆ خوا بە تەواوەتی جیاوازە لەو تێڕوانینە عەقڵییە تیژەی سروشتی گیان، بابەتی ئەم تێڕوانینە خۆپارێزە نە بە فەلسەفەوە پەیوەستە و نە بە هزری دیدەوە و نەبەو بوونە ناسراوەی خواوە، چونکە بە -شێوەیەکی زۆر ورد بە دیدی ڕاستەوخۆ یان هەست یان ئیمان ناودەبەرێت، یان بە هەر شتێك خۆت دەتەوێت ناوی بەری و تیایدا خودی بیرکردنەوە جیادەکرێتەوە، ئەوەش کە مەبەستە پێشکەوتنە بەرەو دەرچوون لەم ڕاستەوخۆیەتیەو لەوەش کە تەنها دیدێکی گشتی سادەیە یان هەستێکی پوختە، بیرکردنەوە



گیانێکە بۆ لای خۆی دەگەڕێتەوە، دوای ئەمەش ئەو بەوەی کە پەیبەرە، ئاماژەمان پێدا مەرجی یەکەمەو کارای یەکەمە بۆ هۆشیاری خودی. هەر لەناو ئەم کۆبوونەوە خودییەدا بەوەی کە بیرکردنەوەیە لە ئازدیدا، دەکرێت فەلسەفە ڕێگای خۆی بگرێتەبەر، واتە دەکرێت پەرەسەندنی گەردوونی لە ڕێگەی بیرەوە ڕێگە گرێتە بەر. بە تەواوەتیش هەر ئەمەیە کە کوششی ئەو گیانە کۆڵندەرە شێوەگیردەکات لە ئاستێکدا ڕانەوەستێ، کاتێك کە گیان لە بوونی ڕاستەوخۆی خۆی پاشەکشێ دەکات و لە ژیانی سروشتی ئاسوودەیی خۆیەوە بەرەو شەوەزەنگی هۆشیاری خودی و تەنیاییەکەی و تەرکییەکەی دەڕواتەوە، تا بە توندی هوشیاری خودی سەر لە نوێ هەڵسێ بە بیناکردنی واقع لە بیردا، هەروەها هەڵسێ بە بیناکردنی ئەو دیدەی کە لە بیر دابڕاوە، لەم حاڵەتەشدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ژیانی سروشتی ڕاستەوخۆ دژێکی  تەواوی فەلسەفەیە و هەڵوشێنەرەوەی مەملەکەتی عەقڵە، کە وا لە سروشت دەکات لەبەردەم بیردا ڕوون و ئاشکرابێت. گیان بەم شێوە سادەیە بەرچاو ڕوونییەکان بەرهەم ناهێنێ. فەلسەفە جۆرێك لە ڕۆیشتن نییە بە دەم خەوەوە Somnambulism، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆشیاری لەو پەڕی حاڵەتی بێدارییدایە و پلە یەك لە دوا یەکەکانی بێداییەکانیشی بە وردی، بەرزکردنەوەی خۆیەتی بەسەر هەموو هەڵوێستەکانی یەکبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشتدا، بەرزکردنەوە و کوششیش گوزارشتن لە جیاکردنەوەی پلە بە پلەی خۆی لە خۆی، تابتوانێت لە ڕێگەی چالاکی بیرەوە سەر لە نوێ یەکبوونەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە، لەسەر ئەمە کەوتنی لە زەمەندا بینادەکرێت کە تاماوەکی دووردرێژ تیایدا بەردەوام دەبێت. ئەمەش لەگەڵ ئەو بنەمایانە لێکدژ دێتەوە کە بە هۆی بیناکردن لەسەری ئەم حاڵەتە سروشتیەی فەلسەفەکاری ڕەخنە دەکرێت.

(ب) بەڵێ لێرەدا ماوەیەکی دووردرێژ لە زەمەن هەیە، کە دووردرێژییەکەی سەرسامان دەکات، بەڵام ئەم گیانە پێویستی پێیەتی تا فەلسەفە بەرهەمی بهێنێ، من لەسەرەتادا وتم ئەو فەلسەفەیەی کە ئێستا ئێمە هەمانە بەرئەنجامی کاری نەوەکان و سەدە پێشینەکانە. ئەگەر درێژی ماوەکەش سەرسامان بکات، ئەوا هەر دەبێت ئێمە بەرچاوڕوونین لەوەی کە ئەم زەمەنە لە بە دەستهێنانی ئەم بۆچوونە نوێیانەدا تەواوبووە و ناشکرێت لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی باشتر ڕوویدا بێت. هەر دەبێت ئێمە بەردەوام لەوە. بپێچینەوە کە باری گشتی یان باری نەتەوەیی -باری گەلێك- لەسەر وێناکردنی خۆی بۆ خۆی دەوەستێتەوە، واتە پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێ کە لەبارەی خۆیەوە دروستیدەکات. لەناو مەملەکەتی گیاندا مشەخۆری نییەو گەشەکردنیش بۆ

ئەو رووەکانە نییە کە لەیەك شەودا دەڕوێن. درێژی ئەو مانەوە زەمەنییەی کە تێپەڕیوە، کەسێك سەرسام دەکات کە هیچ شتێك لەسەر سروشتی فەلسەفە و گرنگیەکەی نەزانێت، دوای ئەمەش لەو تێبینەیدا سەرکەوتوو نابێت کە گرنگیپێدانەکەی دروستدەکات هەروەك چۆن گرنگیدانی بە کارەکەی دروستدەکات. دواتر لە پەیوەندی فەلسەفە بە زانستەکانی تر و هونەرەکان و شێوەکانی چالاکی سیاسی دەکۆڵێنەوە، بەڵام گەر کەسێك سەری لەمەودا زەمەنییەکەی سوور بمێنێتەوە و قسە لەسەر زەمەنێکی درێژ بکات، ئەوا هەر دەبێت باس لەوە بکەین کە درێژی کارەکە جێی سەرسامبوونی نییە، تەنها لە بیرکردنەوەی یەکەمەوە نەبێت کە لەسەرەتاوە تۆشی بیرکردنەوەو رامان دێت، هەروەك ئەوەی کە زۆریی گەورەیی و فراوانی ئەو فەزایەی کە زانستی گەردووناسی وەسفی دەکات سەرسامی دەکات.

بەڵام بەگوێرەی هێواشی گیانی جیهان، هەردەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە پێویستناکات پەلە بکات، چونکە کاتێکی پێویستی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ((بەگوێرەی ئەو هەزار ساڵ وەك یەك رۆژوایە....))[27]، ئەم گیانە ئەوەندە کاتی هەیە کە بەشیبکات، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنەوە و خۆی هەتاهەتاییە. ئەوشتەی کە زوو بەسەر دەچێت، کاتێکی پێویستی بۆ شتێکی مەزن و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە زۆرەکانی نابێت، ئەگەر پێش گەیشتنی بە ئامانجەکانیشی نەمرێت! گیان تەنها کاتێکی پێویستی نییە، بەڵکو کاتی نییە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە چەمکێك یان بۆچوونێکی پێ بە دەبەست بهێنێ، ئەمەش زۆری تێدەچێت: رەگەزە مرۆییە زۆرەکان و نەوە مرۆییە جۆراو جۆرەکان، ئەوەی کە بە کاریان هێناوە زۆرکەم هەوڵیانداوە کە لە رێگەی ئەو کۆششەدا بەکاری بهێنین کە بۆ گەیشتن بە خودی مەعریفە دەدرێت. ئەم گیانە هەوڵێکی زۆری لە رێگەی دەرکەوتن و ونبووندا بەکارهێناوە، چونکە لە دەوڵەمەندییەوە ئەوە ببینێ ئەوەی لایەتی بەشی ئەوە دەکات لەم بابەتەدا بەکاری بهێنێ و بەفلچە گەورەکانی دەست بە وێنەکێشان بکات، ئەم گیانە تاکەکەس و میللەتانێکی زۆری لایە کە دەتوانێت لێیان ببەخشێت، لێرەدا گوتەیەکی ساکار هەیە دەڵێت ((سروشت بە کورتترین رێگا دەگات بە ئامانجەکانی)). ئەمە راستە: بەڵام رێگای گیان پێچاوپێچە و ناوندگیری تیایە، دوای ئەمەش

---

[27] بەراودیکە بە مەزامیرەکانی داود: ((چونکە سەد ساڵ لەچاو تۆدا وەك رۆژی سبەینێ وایە دوای ئەوەی کە تەواو دەبێت و وەك بەشێکی شەو وایە)) المزمور التسعون: ٤.



کاتیگۆرییەکانی وەك: زەمەن، ماندووبوون، بەخشین -کۆمەڵە کاتیگۆرییەکن لە ژیانی کۆتادارەەوە وەرگیراون و لێرەدا بە کەڵکی بەکارهێنان نایەن.

بەڵام هەر دەبێت بەخێرایی چاوێك بەسەر لایەنێکی تری هێواشیی گیان لە بەرەوپێشچونیدا بخشێنم، ئەویش ئەو سروشتە عەینییەی گیانە کە بیرکردنەوەی گیان. لە خۆیدا لەگەڵ باقی دەوڵەمەندی گیان لە رووی بوون و پەیوەندیەکانییەوە، بەپێی وێکدێنەوە و پێکەوە دەبەسترێنەوە. پێکهاتنی چەمکی گیان واتە بیرۆکەکەی لەسەر خۆی لە هەمانکاتدا پێکهاتنی بوارەکە و سەراپاگیریە عەینیەکەیەتی لە مێژوودا.

ئەو بیرۆکەیەی کە رێبازێکی فەلسەفی لە ماوەیەکدا گوزارشتی لێدەکات، بە پێکهاتنی گیانەوە بەستراوەتەوە، بەو مانایەی کە ئەم بیرۆکەیە کرۆکی گیانی جیهان و بوونی هەمەکی و سەرهەڵدانیەتی، ژیانی مەعریفە لە بیرکردنەوەیەکدا خولقێنەری خود هۆشیارییەکی سادەیە، بەڵام گیان هەرئەمە نییە، بەڵکو -وەك پێشتر وتم- پەرەسەندنی فرە لایەنی بوونیشیەتی، ئەو قۆناغەی خود هۆشیاری کە گیان پێی گەیشتووە، دەبێتە ئەو بنەمایەی کە لە پەیوەندییەکانی بەم بوونەوە لەناو مێژوودا ئاشکرای دەکات و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ. گیان بە هەموو ئەو دەوڵەمەندیەی کە لە بوونیدا هەیە ئەم بنەمایە دەپۆشێت و ئەو شێوەیەش کە لە بوونیدا وەریدەگرێت، ئەو گەلەیە کە لە ئاکار و دەستوور و ژیانی گشتی شارستانی و خێزانیدا لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێت. بەڵام ئەم وێنە عەینییە تایبەتەی کە بۆ مێژوو وەك هەمووێك هەیە، لە هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی دەرەکی گەلدا مۆرکدەبێت. ئەمەش ئەو کەرەستەیەیە کە پێویستە بنەمای گەل لە رێگەیەوە کاربکات. ئەمەش کەرەستەی کاری یەك رۆژ نییە، بەڵکو بەپیچەوانەوە ئەوەی کە پێویستە پێکبهێنرێت، ئەوەیە کە پێویستییەکانی و توانادارییەکان و پەیوەندییەکان و یاساکان و دەستوورەکان و هونەرەکان و زانستەکان داوای دەکەن، ئەو دەبێت ئەم مادەیە لەسەر بناغەی ئەم بنەمایە پەرە بەم پێکهێنراوە بسنێ و گەشەی پێبکات. ئەمەش بەرەو پێشچوون نییە لەناو زەمەنێکی بۆشدا، هەروەها بەڵکو بەرەو پێشچوونی بۆچوونەکانی بیرێکی پوخت و پەتی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەم مادەو کەرەستەیە تەنها لە بیرکردنەوەیەکی پوختی وادایپێشدەکەوێت کە لە سەراپای ژیانی عەینی خۆیدا لەگەڵ بەرەو پێشچوونەکەیدا هاوکاتە Paripassu، ئەمەش پێویستی بە بەرەو پێشچوونی گەل و بەرزبوونەوە بۆ قۆناغێك هەیە کە

دەكرێت لە ژیانی ئەم گەلەوە فەلسەفە هەڵقوڵێت. هیواشی لە گیانی جیهاندا لە ڕێگەی ئەو پاشگەز بوونەوە و ڕەنگدانەوە روونانەی سەردەمە بەربەریەكاندا زیاد دەكات.

(ج) ئێستا كاتی ئەوە هاتووە كە بەشێوەیەكی درێژتر لەو جیاوازییە گشتییانە بدوێین كە سروشتی پەرەسەندن لەسەریان راوەستاوە، لێرەدا كۆمەڵە جیاوازییەك هەیە كە پێویستە لەم دەروازیەدا سەرنجیان بدەین، ئەم جیاوازییانەش تەنها سەر بۆ ئەو لادانە رواڵەتیانە دەكشێن كە لە وێناكردنی گشتی پەرەسەندندا هەن. مەعریفەی ئەو كاتیگۆرییانەی كە لێرەدا هەن زیاتر لەو دەكەونە بەر رۆشنایی كە لە فەلسەفە بەشەكییەكان چاوەڕێدەكرێت، یان لەو وێناكردنە تایبەتەی بۆ بارودۆخی جۆراو جۆریەتی فەلسەفەكان هەیە، چاوەڕێدەكرێت بۆ ئەو بارودۆخە هەیە بە جۆرا و جۆری فەلسەفەكانەوە پەیوەستە.

یەكەم:- لە پلەی یەكەمدا- پێشتر تێبینی ئەوەم كرد كە ناكرێت لە پێناسەكردنی پەرەسەندنی گیانیدا، تەنها رەوتێكی خامۆش و ناچالاك هەبێت، بەو شێوەیەی كە لە رەوتی خۆر و مانگ... هتد خەیاڵی لێدەكرێتەوە، واتە تەنها جوولەیەكی رووت بێت لەناو زەمەن و شوێندا بێ بوونی بەرگرییەك. پەرەسەندنی گیانی بەپێچەوانەی ئەمەوە كۆشش و چالاكییەكە بەرەو شتێكی تایبەت ئاراستە وەردەگرێت و سەر لە نوێ هەڵدەسێت بە دروستكردنەوەی. گیانیش بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی، تا بابەتە تایبەتەكەی (بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ) بۆ خۆی دروستبكات، بیركردنەوەمان كە بابەتێك ئاراستەدەكات، شێوەی ناوەند و سروشتی بیردەدات بەم بابەتە، گیانیش لەم وێناكردنەدا پەی بەخۆی دەبات كە بەو شێوەیە بێت كە ئاوایە، ئەویش: گەشەكردن و بوونیەتی، بەڵام دەگەڕێتەوە و سەر لە نوێ لەم گەشەكردن و بوونە دادەبڕێت و خۆی دەكاتە بابەت بۆ خۆی و چالاكیەكانیشی بۆ ئەم شتە نوێیە تەرخان دەكات، لە راستیدا ئەم چالاكییەش سەر بۆ شێوەیەكی نوێ دەكێشێت كە پێشتر شێوەگیر نەبووە، ئەم شێوەیە باشتر دیاریدەكات و وردتر پێناسەی دەكات، لە رووی ناوەڕۆكیشەوە قووڵتر و پەرەسەندووتر دەبێت.هەموو سەردەمێك لە پێشیەوە سەردەمێكی تر هەیە، كە ئەم سەردەم پوختەكراویەتی، هەر لەبەر ئەمەش ئەم سەردەمە گوزارشت لە قۆناغێكی كەلتووری باڵاتر دەكات.



## چوارەم: دەرئەنجامەكانی ئەم دیدە و بە گشتی لێكۆڵینەوەی فەلسەفە

لەم زەروورەتەوە ئەوە دەردەكەوێت، كە (سەرەتا)، كەمتر شێوەگیر و كەمتر دیاریكراوە و لە خۆیدا پەرەسەندووە، بەڵام -لە لایەكی ترەوە- زۆر هەژارە و زۆریش پەتییە، هەروەك ئەوەی كە سپێدەی فەلسەفە بیری هەمەكی بە نادیاریكراوی تیایدا دەدروشێتەوە. فەلسەفەی بەرایی سادەتر، لە كاتێكدا فەلسەفەی پاشكەوتوو زیاتر عەینییە و زۆرتریش قووڵە. هەردەبێت ئەمە بزانرێت، تا لە پشت فەلسەفەی كۆنەوە پشكنینێكی زیاتر نەكەین لەوەی كە تیایدا هەیە و بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەو تێركردنی پێویستیە گیانییەكاندا كە لەودا بوونیان نییە نەگەڕێیسن، چونكە ئەم فەلسەفەیە سەر بەسەردەمێكی دوورەدەستتر و پەرەسەندێكی دواكەتووترە. لە بەرامبەر ئەمەشەوە ئەم بەرچاو روونییە رێگەی ئەوەمان لێدەگرێت كە لەسەر ئەو بۆچوونانە لۆمەی بكەین كە لە ژیارەكەیدا هەرگیز بوونیان نییە، بە هەمان شێوە رێگەی ئەوەشمان لێدەگرێت كە بەڵگە و گوتەگەلێكی وابخەینە ئەستۆی كە بەزاریدا نەهاتوون نەیدوون و هەرگیزیش بیری لێنەكردووەتەوە، ئەگەرچی بشكرێت ئەم گوتانە بەشێوەیەكی دروست لە بنەمای ئەم فەلسەفە ناكامە یان لە بیرەكەی هەڵبهێنجێنرێت.

بەم شێوەیە دەبینین لە مێژووی فەلسەفەدا، فەلسەفە كۆنەكان تادوا رادە بێ بڕشت و هەژارن - هەروەك هەژاری منداڵ- لە راو بۆچوونی تایبەتی خۆیدا، لە لای ئەم فەلسەفانە كۆمەڵە رایەكی سادە دەبینەوە كە پێویستە بیانپشكنین و بزانین كە ئەمانە كۆمەڵە بیرێكی ساویلكانەن و سروشتی ئەو گوتانەیان هەڵنەگرتووە كە رووبەڕووی گوتەی كردبنەوە، بۆ نموونە پرسیارێكی لەو شێوەیە دەپرسرێت، كە ئایا بەشێوەیەكی زۆر ورد فەلسەفەی تالێس فەلسەفەیەكی خواگەرە Theism یان فەلسەفەیەكی ناخواگەرە Atheism؟ یان ئایا تالێس پێی لەسەر ئەوە داگرتووە كە خوا كەسە، یان تەنها پێی لەسەر ئەوە داگرتووە كە بوونێكی ناكەسییە و بوونێكی هەمەكییە؟ یان بەمانایەكی تر، ئایا ئەو بەو شێوەیە بڕوای بەبوونی خوا هەیە كە ئەم گوتراوەی بۆ بەكاردەهێنین، یاوەكو هەرگیز هەستكردنێكی ئاوای بەرامبەر بەم خوایە نەبووە؟ بۆچوونی خودیانە بۆ بیرۆكەی باڵا -واتە ئەوەی كە كەسایەتی بدرێتە پاڵ خوا- بۆچوونێكی زۆر دوورە لەمەوە و زۆریش دەوڵەمەند و بە برشتەو سەنجدانێكی توندتر و چڕ تریشە، دوای ئەمەش ئەمە بۆچوونێكە زۆر لە دوای ئەوەوە دێت، كە لە لای یۆنانییەكان هەبووە، لای گریكەكان، بە رێگەیەكی خەیاڵگەرانەو وێنەكارانە خوا كەسیەتییەك بووە، هەر وەك خوای تاك و تەنها لە ئایینی یەهودیدا، بەڵام بیرە خەیاڵ لێكراوەكان و وێنەكراوەكان تەواو جیاوازن لە تێگەیشتنی

سەراپاگیرانە لە خوا لە ڕێگەی بیری پوخت و بیرۆکەی سەراپاگیرەوە. پێویستە لەسەر فەلسەفە بەوە دەستپێدەکات کە مومارەسەی کارێکی سەربەخۆ بکات بەوەی بیرکردنەوە لە بیروباوڕی باو دوورخاتەوە و بۆ خۆی بوارێکی تەواو جیاواز وەرگرێت. بە درێژایی ئەم بوارەش جیهانی نواندنکاری و وێنەکاری هەیە، بەشێوەیەك ئەم دوو عالەمە یەك لە پاڵی ئەوەی تردایە لەناو هێمنی و ئاشتیدایە، نەك هەر ئەمە بەڵکو تێڕامان چیتر بەخستنەڕوویانەوە سەرقاڵ نابێت، بە هەمان شێوەش هیچ بیرۆکەیەکی پێشکەوتن هەوڵی ئەوە نادات گونجان لە نێوانیاندا دروستبکات بۆ ئەوەی ئەوە روونبکاتەوە کە بیروباوەڕی میللی شێوەیەکی دەرەکی تەواو جیاوازی لە بیرۆکەی سەراپاگیر هەڵگرتووە. هیچ هەوڵێکیش بە ئاراستەی باسکردن و پاساو هێنانەوەوە بۆ ئەم بیروباوڕانە نەدراوە و هەروەك چۆن هیچ هەوڵێکیش نییە بۆ گوزارشتکردن لە چەمکە بێ سوودەکانی بیرکردنەوەی ئازاد لەسەر ڕێڕەوی ئایینی میللیدا، ئەمە دوایی دەبیتە سەرقاڵی و هەڵوێست و دواتر تەرزێکی کەشخە لە بیرکردنەوە لە فەلسەفەدا لە ئەفلاتوونییە نوێکان پێی هەڵدەسێت. هەر بە هەمان شێوەش بازنەی بیرە میللییە وێنە کارییەکان و بواری بیری رووت هەردووکیان لە پاڵ یەکەوە لە ئاشتیدان.

ئەمە لەو ماوە کەلتوورییە پەرەسەندووەدا لە لای فەیلەسووفانی یۆنانیش بە دیدەکرێت، ئەمەش لەو کاتەدایە کە چالاکییە تیۆرییەکانیان لەگەڵ مومارەسەی تەقسەکانی پەرستش و پاڕانەوە خۆپارێزە ئاراستەکراوەکان بۆ خواوەندەکان و پێشکەشکردنی قوربانیەکان... هتد، لەگەڵ یەکەدا یەك لە پەنای ئەوی تریاندا بێ کاریگەری هیچ دوو ڕووییەك بە پاکی بووینان هەیە و ئامادەن. بۆ نموونە ئەو قسەیەی سوکرات کە لە پێش مردنیەوە بۆ هاوڕێکانی دەیکات ئەوەیە کە پێویستە کەڵەشێرێکی بۆ بکەنە قوربانی بۆ خوای ئیسکۆبیوس Asculepius[28]، چونکە قەرزارە و ئەم قوربانییەی لە ئەستۆدایە. ئەمە وەسیەتێکە کە لۆژیکیانە بوونی لەگەڵ ئەو بیرە پێگەیشتوانەدا وێك نایێتەوە، کە لەبارەی بوونی خواوە هەیە، بە تایبەتی بیرە ئاکارییەکان. ئەمە هەروایە گەر دیدی ئێمە بۆ ئەم لێکدژییە لۆژیکییە شتێکی تەواو جیاوازیش بێت.

[28] سوکرات -پێش نۆشینی ژەهرەکە- دوا وشەی بۆ ئەکریتۆن ئەمە بوو ((ئەی ئەکریتۆن من بە کەڵەشێرێك قەرزاری ئەسکلۆبیوسم Asculipius. ئایا تۆ بیرت ناچێت ئەم قەرزە بدەیتەوە؟ ئەکریتۆن وەڵامدەداتەوە، کە ئەو قەرزە دەگەینێتەجێ)). گفتوگۆسازی فیدون ١١٨. (المترجم).



## پێنجەم: چارەسەرکردنی فەلسەفە کۆنەکان

-لەبەر ئەوەی ئەمە ئەو جیاکارییەیە کە لە نێوان ئەوەدا هەیە کە لەناو بیرکردنەوە دایە، لەگەڵ ئەوەی لێرەدا بەشێوەیەکی راستەقینە دەردەکەوێت- بۆیە گونجاوە لێرەدا بڵێین ئەمە توانای ئەوەمان پێدەدات کە لە مێژووەکانی فەلسەفەدا فەیلەسووفێك ببینینەوە کە بە کۆمەڵە مەسەلەیەکی میتافیزیکی گەورە بەڵگەی هێناوەتەوە و ئەم بەڵگانەش پشتگیری لەو گوتە مێژووییانەی دەکاتەوە کە جەختیان لەسەردەکاتەوە، سەرەڕای ئەمەش هەر چۆنێك بێت وشەیەکی وا نادۆزێتەوەکە ناسراو بێت و کەمترین کاریگەری لە مێژوودا هەبێت، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە لە کتێبەکەی برۆکەر Bruker[29] دا دەیبینینەوە، کە کۆمەڵە بەڵگەیەکی زۆر لە تالیس و فەیلەسووفەکانی تر دەهێنێتەوە بە زنجیرە سی، یان چل، یان سەد مەسەلەی فەلسەفی دەبن، بەڵام لە رووی مێژووییەوە لە دەمی ئەم فەیلەسووفانە و هیچ شتێك باسناکات. ئێمە دەتوانین بە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ هەڵسین لە بارەی ئەو مەسەلە و راوێژکاریانەی کە لە لای ئەم جۆرە بیرمەند و هاوڕێیانە هەیە. -بۆ نموونە- ڕێگاکەی برۆکەر سەرکەوتوو بووە و مەسەلەی فەلسەفی سادەی وای بۆ فەیلەسووفێکی یۆنانی دیاریکراو هەڵبەستووە لەگەڵ کۆمەڵە دەرئەنجام و پێشەکییەك کە بەپێی دیدی میتافیزیکی ڤۆلف Wolff[30] دەبێت ئەم دەرئەنجام و پێشەکیە لە هەر بەدوا داچوونێکی مەسەلەکانی فەلسەفەی یۆنانیدا لە پێشەوە یان لە دوایانەوە هەبێت، دوای ئەمەش ئەم دانەپاڵە پوختە رووتە لە ڕێگایەك دەخاتەڕوو، وەکو وابێت بەرەو پێشچوونی پەرەسەندن و جیاوازی نێوان مێژووییەکان و ژیارو فەلسەفە دەکات،

[29] یەعقوب بروکەر (١٦٩٦-١٧٧٠) فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، دانەری کتێبی ((مێژووی رەخنەیی فەلسەفە))یە. کە لە پێنج بەرگدا لە لیبزج لە ساڵی ١٧٤٢ هەتا ساڵی ١٧٦٨ دەرکەوت. لە لای کانت و ئەنسکلۆپیدیستە فەرنسییەکان -لە مێژووی فەلسەفەدا سەرچاوەیەکی باوڕپێکراو-. ئەم کتێبە ((ولیم ئەنفلید)) بە ناونیشانی ((مێژووی فەلسەفە)) وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە لەندن ساڵی ١٧٩١ بڵاودەکرێتەوە، لە ئینگلتەراش بە لایەنی کەمەوە بە درێژایی سی ساڵ وەك سەرچاوەیەکی گرنگ دەمێنێتەوە. (المترجم).

[30] بارون کریستیان ڤون ڤولف (١٦٧٩-١٧٥٤) Christian Von Wolff: فەیلەسووفێکی ئەڵمانی و زانایەکی ماتماتیکە، گەشەی بە فەلسەفەی لایبتز داوە و وایلێکردووە زیاترین جەماوەری هەبێت، بۆ خۆشی ڕێبازێکی عەقڵی هەڵهێنجانکاری لە فەلسەفەدا دامەزرێنی، لە هەموو لقەکانی فەلسەفەدا بە ئەڵمانی و لاتینی کۆمەڵە کتێبێکی زۆری نوسیووە. (المترجم).

ئەوەیە کە ئایا ئەم تێڕامانە یان ئەم کاتیگۆرییانەی بیرو پەیوەندییەکانی بیرۆکەی سەراپاگیر چوونەتە ناو هۆشیارییەوە یان ناء. بەشێوەیەکی دیاریکراو جیاوازی تەنها لەناو ئەو بیرانەدا پەنهانە، کە بەشێوەیەکی راستەقینە لە ناوەوەن و هێشتا گوزارشتیان لێنەکراوە، واتە هێشتا لە دەرەوە دەرنەکەوتوون. ئالێرەدا بیر شتێکی کرۆکییە، ئەوە جۆری چەمکەکان نییە کە حوکمی ژیانیان دەکات. هەردەبێت بیرەکانی لەم بۆچوونانە دەربهێنین و جەختیان لەسەر بکەینەوە، هەر دەبێت مێژوونوسی فەلسەفە زۆر بە وردی دەست بەو وشە هەقانەوە بگرێت، بەوەی کە رێگە بە پوختەکردنی دەرئەنجامەکان نەدات دوای ئەمەش لێیەوە بگات بەشێکی جیاواز، هەر بەم شێوەیەش ریتەر Ritter[31] لە کتێبەکەیدا ((مێژووی فەلسەفەی ئەیۆنی)) لاپەڕە ٥١٣ دا دەڵێت:

((تاڵیس باوڕی وابوو، کە جیهان لە گیانلەبەرێکی زیندوو دەچێت کە هەموو شتێك دەگرێتەوە و لە تاکە تۆوێکیشەوە پەرەی بەخۆی داوە (یان خۆی خولّقاندووە). -بەرامبەر ئەمەش تۆوی هەموو شتەکان مەسەلەکانە- هەروەك هەموو گیانلەبەران. بەم شێوەیە لە لای تاڵیس بەرچاوڕوونی بنەڕەتی ئەوەیە کە جیهان هەمووێکی زیندووە و لە تۆوێکەوە پەرەی سەندووە و هەروەك گیانلەبەرانیش بەهۆی خۆراکی گۆنجاو لەگەڵ بوونە رەسەنەکەی، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

چەمکی پەرەسەندن راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بەم بەڵگەکارییەوە:- واتە وتنی ئەوەی کە کۆنترینی فەلسەفەکان زیاتر پەتین و کەمتر بیرۆکەش تیایاندا دیاریدەکەوێت -بەڵگە هێنانەوەیەکی تر هەیە کە بەم بەڵگە هێنانەوەیەوە پەیوەستە، بەم شێوەیە: لەبەر ئەوەی رەوتی پەرەسەندنی واتای دیاریکردنێکی دوورتر دەگەێنێ (لەم قووڵبوونەوە و تێگەیشتنە سەراپاگیرەی خودی بیرۆکەدا- فەلسەفەی لە دوو هاتووی رووداوە دواییەکان فەلسەفەییەکی

[31] هنرخ ریتەر Heinrich Ritter (١٧٩١-١٧٦٩): فەیلەسووفێکی ئەڵمانیە و کتێبێکی گەورەی بەناونیشانی ((مێژووی فەلسەفە)) لە دوانزە بەرگدا لە ساڵی ١٨٢٩ تاساڵی ١٨٥٣ نوسیوە، هەورەها لەگەڵ برلەر Preller دا بەشداری کتێبەکەی ((مێژووی فەلسەفەی یۆنانی-رۆمانی)) و (ئیسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفەییەکان))ی کردووە، کە لە سێ بەرگدا لەساڵی ١٨٦٢ تاساڵی ١٨٦٤ نوسراوە و بڵاوکراوتەوە، هەروەها کتێبێکی تری لە لۆژیك میتافیزیك و ئاکاردا هەیە. (المترجم).



قووڵتر و دەوڵمەند تر و پەرەسەندوو ترە، دوای ئەمەش هەر دەبێت سەرەتا -بەوەی کە سەرەتایە- زۆرپەتی بێت و چیتر هەنگاوێك بەرەوپێش نەنێت، بەڵام دوایین وێنە شوێنکەوتەی ئەم رەوتەیە، بەوەی کە رەوتێکی پێشکەوتووخوازی سەرکەتووە لە دیاریکردنەکان و دوایش عەیینی ترە. یەکەم شت کە دەبێت ئێمە لێرەدا تێبینی بکەین، ئەوەیە کە شتێکی لەو جۆرە لەمەدا نییە کە فەلسەفە وەك خستنەڕوویەك چاوەڕێی دەکات، چونکە گیانی ئەم خستنەڕووە هەمووی ئەوەیە، کە پێشکەوتووترین فەلسەفەی سەردەمێکی پاشکەوتوو، بە زەرورەت دەرئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانەی پێشووە، کە گیانی بیرکەرەوە داویەتی. دوای ئەمەش بە هۆی دەستکەوتەکان و هەڵوێستە بەرایییەکانەوە بە خورتی داواکراوە، لە ژێر زەویدا بە لاتەریك و سەربەخۆ نەڕواوە، کاری دووەم کە پێویستیە تێبینی بکەین ئەوەیە، کە ئێمە نابێت لە گوتنی ئەوەدا دوورە پەرێزبین -کە ئەوەی لە سروشت شتێکدا هەیە- بەوەش کە وەك ئەوەی بیرۆکە پەی دەبات و تازەترین فەلسەفە دەیخاتەڕوو قووڵترین فەلسەفەو پەرەسەندو ترینیان و دەوڵەمەند ترینیانە. من بەمە یادتان دەهێنمەوە، چونکە تازترین و نوێترین و تەواو تازترین فەلسەفە- بووەتە نازناوێکی بڵاو. ئەوانەی کە باوەڕیان وایە بەم ناوە شتێکی گرنگیان هێناوە، ئەوا بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر لەمە لە توانایاندا هەیە، کە فەلسەفە جۆراو جۆرەکان بکوژن یان پیرۆزیان کەن. ئەوا هەر جارێك کە ئارەزووی دەکەن نەك هەتاو بە ئەستێرە و تەنانەت نیازەکەیش دانانێن، بەڵکو بە تروسکەی مۆمێکیشی نازانن یان گاڵتەجاڕی و پیاهەڵدان گەورە دەکەن و بە فەلسەفەی دادەنێن، ئەو بەڵگەیەش هەیانە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری فەلسەفە هەیە، هەموو رۆژێ دەبینین هەر فەلسەفەیەکی تر لە رەگوڕیشەوە هەڵدەکێشێت، بەم رێگایە کاتیگۆرییەکی وایان دەستکەوتووە کە توانای ئەوەیان دادەنێ کە هەر فەلسەفەیەك کە مانای وەرگرتبێ بیخەینە لاوە و هەریەکسەر خۆیانی لێ رزگاربکەن، ئەوان ئەمەیان ناوەناوە فەلسەفە بە مۆدە لە هیچ و پوچییەوەیە ئەو خەباتەی کە گیانی مرۆیی بەشێوەیەکی راستەقینە دەیدات و پەرەسەندنی شتێکی نوێ بە مۆدە ناوببرێت.

پێشتر من باسی ئەوەم کرد کە فەلسەفە لە سەردەمێکدا لەبەئەنجامی سەردەمەکانی پێش خۆیەوە گەشەدەکات. پەرەسەندنیش هەر هەمان مۆرك و بنچینەییەکانی بیر هەڵدەگرێت، جگە لەیەك حەقیقەت هیچ شتێکی تر لە پشت فەلسەفەیەکەوە پەنهانی بنچینەییەکانی نییە. هەموو فەلسەفەیەکی پاشینە هەڵگری کۆمەڵە خاسیەتێکی جۆرەکی فەلسەفە پێشینەکەیە،

ئەمە ئەو دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە، کە سەیرکردنمان بۆ مێژووی فەلسەفە هیچ پەیوەندییەکی بە رابردووەوە نییە و سەرەڕای ئەوەش کە مێژووە، بەڵام هەر مامەڵەی لەگەڵدا ناکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێکهێنەرەکانی ئەم مێژووە بەرهەمی پرۆسەیەکی عەقڵانییە، ئەم بەر هەمانەش لەو شتانە نییە کە دەشێت لەناوچن و ون بن، ئەوەی کە لەم بوارەدا وەدیهێناوە حەقیقەتە، حەقیقەتیش هەتاهەتاییە و ئەوە نییە کە لە سەردەمێکدا هەبێت و لە سەردەمێکی تر بزربێت. راستە کە لەشی ئەم گیانانە، کە پاڵەوانانی ئەم مێژووەن و ژیانی کاتییانەی لەناو چوونی ئەوان بەسەرچووە، بەڵام کارەکانیان بەسەر نەچوون، چونکە ئەوەی کە کارەکانی ئەوان لە خۆی دەگرێت، توخمێکی عەقڵییە. ئەوان بیریان لەم عەقڵانییەتە نەکردووەتەوە یان خەونیان پێوەنەبینیوەو گریمانەشیان نەکردووە، -بەسوك و ئاسان- لەبەر ئەوەی کە ئەوان وەدەستیان هێناوە دەرخستنی توخم عەقڵییەکەیە کە پێشتر پەنهان بووە، دەرهێنانیشیەتی لە قووڵاییەکانی گیاندا (کەوا دەردەکەوێت کرۆکێکی پوخت یان ماهییەتێکی ناوەکی پوخت بێت)- بۆ ژێر رووناکی رۆژ. ئا بەم شێوەیە ئەوان بەم شێوەیە یارمەتییان داوە لە بەرەو پێشچوون و دەرخستنی بۆ هوشیاری و مەعریفە. دوای ئەمەش ئەم کارانەیان تەنها وەك بارتمەیەك لە پەرستگای یا دەوریدا وەك کۆمەڵە وێنەیەکی سەردمە بەسەرچووەکان دانەنراون، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەم کارانە لە ئێستاشدا هەن و تائێستاش ئامادە و زیندوون و هەروەك ساتی دەرکەوتنیشیان زۆر چوست و چالاکن. ئەمانە کۆمەڵە دەرئەنجام و کارێکن کە ئەوانەی کە لە دوای ئەوانەوە هاتوون نایانڕوخێنن و نایانسڕنەوە. ئەو توخمەش کە ئەم کارانە تیایدا پارێزراون نە کوتاڵە و نە مەڕمەڕە و نە وەرەقەیە، بیری سیاسی و یادەوەریش نییە، چونکە دەکرێت ئەم توخمانە لەناوچن و نەمێنن، ئەمانە هەموویان رواڵەتین و نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەمانە بنەڕەتی لەناو چوون و ئەمانەن. نەخێر! ئەو توخمەی کە مۆرانە نییە و دزەکانیش هەڵناکۆڵن و نادزن))[32]. دەستەکەوتەکانی بیر هەر لەناو بیردا بونیاد دەنرێن لەو ساتەوە کە هەڵدەسن بە شێوە گیرکردنی خودی بوونی گیان. هەر لەبەر ئەمەش دەسکەوتەکانی مەعریفە قبووڵبوونەوە و رۆچوون نییە بەناو زانستدا و خۆخەریککردن نییە بەوەوە کە مردووە و نێژراوە

[32] ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە دەستەواژەیەکی مەسیح ((لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، کاتێك کە ژەنگ و مۆرانە دەیڕزێنێ و کاتێك کە دزەکان هەڵیدەکۆڵن و دەیدزن))



و ئێسکۆپروسکی نەماوە، چونکە مێژووی فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا دەکات کە پیرنابێت، بەڵکو لەگەڵ ئامادەو حازرێکی زیندوودا دەکات کە هەرگیز ناگۆڕێت.

هەروەك چۆن لەناو کۆیی لۆژیکی بیردا دەبینین هەر کاتیگۆرییەك شوێنی خۆی لەناو ناکۆییەکەدا دەدۆزێتەوەو تەنها هەر خۆیشی دەبێت بە پڕۆژەکەی، دوای ئەمەش دەتوانێت بەرە و قۆناغێکی باڵاتر بڕوات، بەوەی کە خۆی دابەزێنێ تاببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەری لاوەکی -بەهەمان شێوەش هەموو فەلسەفەیەك ساتێکی بەشەکییە لە ساتەکانی پەرەسەندنی رەوتەکە هەمووی و تیایشیدا شوێنگەیەکی تایبەتی هەیە کە بەهاو مانا راستەقینەکەی خۆی لێیەوە پێ سەرچاوە دەگرێت[33].

[33] رەوتی دیالیکتیکی کاتیگۆرییە لۆژیکییەکان گوزارشتێکی راستگۆیانەیە لە مێژووی فەلسەفە و لە پەرەسەندنی پوختی بیری مرۆیی، هەر کاتیگۆرییەکیش لە کاتیگۆرییەکان بە خۆی رێبازێکی فەلسەفی دەنوێنێ. ئالێرەوەیە کە بە بۆچوونی هیگڵ لۆژیك لەوێوە دەست پێدەکات کە مێژووی راستەقینەی فەلسەفە دەستپێدەکات، مێژووی فەلسەفە بە قوتابخانەی ئیلییە دەستپێدەکات کە جەخت لەسەر کاتیگۆری بوون دەکاتەوە، کە یەکەم کاتیگۆری زنجیرەی کاتیگۆرییە هیگڵییەکانە، دوای ئەمەش بووزیەت گوزارشت لە کاتیگۆری دووەم دەکات کە کاتیگۆرییەی عەدەمە، هیراقیلیتسیش یەکەم کەس بووە کە گوزارشتی لە یەکەم بیرۆکەی عەینی کردووە، کە لە هەناویدا دوو کاتیگۆری هەڵگرتووە، بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفە تێدەپەڕێت و گوزارشت لە زنجیرەیەك کاتیگۆری لە وێنەی ئەو رێبازە فەلسەفییانەدا دەکات، کە تۆێکڵە دەرەکییەکەیان لەناوچووە و بنەماکەیان ماوەتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە توخمێکی پێکهێنەری کاتیگۆرییەکی باڵاتر، تا ئەم زنجیرەیە بگاتە لوتکەکەی خۆی لە کاتیگۆری بیرۆکەی رەهادا، کە بیرۆکەیەکە رێبازەکەی هیگڵ گوزارشتی لێکردووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە رێبازی دیالێکتیکی شتێکی نوێ زیادناکات، چونکە بە گوێرەی مێژووی فەلسەفە -بایەخەکەی لەوەدایە کە ئەوەی سەردەمەکانی پێشوو لەبارەی بیرەوە وتوویانە بیخاتەڕوو. راجع في ذلك كله د. امام عبدالفتاح امام ((المنهج الجدلي عند هيجل، فقرة ١٣٧ -الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة ص ١٥٨. (المترجم).

## شەشەم: فەلسەفە سەر بە زەمەنی خۆیەتی

دوای ئەم پێشەکەشکردنە، ڕێگای گونجاو بۆ ناسینی فەلسەفەیەك ئەوەیە بزانین شوێنەکەی کامەیە، دوای ئەمە جاهەقی خۆی بدەینێ، دوای ئەمە پێویستە لەوە زیاتری لێداوانەکەین، یان لەوە زیاتری لێ چاوەڕێ نەکەین کە کردوویەتی، نابێت لەناویدا لە دووری تێر بوون و ڕازی بوونێك بگەڕێین کە جگە لە مەعریفەیەکی تەواو پەرەسەندوو نەبێت نەتوانێت پێشەکەشی بکات، هەموو فەلسەفەیەك بە هۆی ئەوەوە کە خستنەڕووی قۆناغێکی بەشەکیی دیاریکراوی قۆناغەکانی پەرەسەندنە، سەر بە زەمانەکەی خۆیەتی و لەناو سنووری سەردەمەکەی خۆیدا گەمارۆدارەوە، تاکیش کوڕی گەلەکەی خۆی و کوڕی دنیای خۆیەتی[34]، توانای ئەوەشی هەیە کە چۆنی دەوێت ڕای خۆی ئاشکراکات، بەڵام ناتوانێت سەردەمەکەی خۆی تێپەڕێنێت، مادام سەر بەیەك گیانی هەمەکییە کە کرۆك و ماهییەتی، ئەو چۆن دەتوانێت لەمە هەڵبێت..؟ ئەم گیانە هەمەکییەش هەر خۆیەتی کە لە ڕێگەی فەلسەفەوە پەی بە بیر دەبات، فەلسەفەش گیانی بیر خۆیەتی، دوای ئەمەش ناوەڕۆکێکی کرۆکیانە و جۆریانە یان دیاریکراوانەیە.

بەڵام -لەبەر ئەمە کاتێك گیان کە چالاکی و زیندوویەتی بە قووڵترین شێوە لە بیرۆکەی سەراپاگیردا زیندوو دەکاتەوە، ئەوا ناکرێت هیچ فەلسەفەیەك لە فەلسەفە کۆن و بەراییەکان ڕازی بکات یان تێری بکات، چونکە ئەوەی کە گیان لەم فەلسەفەیەدا دەیدۆزێتەوە، ئەو بیرۆکە سەراپاگیرەیە کە پێشتر وەك بابەتێك بۆ بیری خۆی پەی پێ بردووە و هەر ئەویشە کە ماهییەتەکەی دیاریکراوە و ڕەگ و ڕیشەی ناوەکی بوونیەتی، گیانیش بۆ ئەمەیە هەوڵدەدات خۆی بناسێت، بەڵام ئەم دیاریکردنە جۆرییە تائێستاش لە فەلسەفەی کۆن یان بەراییدا ڕێگەی پێنەدراوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ... هتد بە بەردەوامی زیندوون و بە بەردەوامی ئامادەن. ئەم دیاریکردنە بوونی نییە نە لە وێنە و نە لە ئاستی

[34] ئەمە بەراورد بکە بەوەی کە هیگڵ لە (أصول فلسفة الحق)دا دەیڵێت ((گەر ئێمە لە دیدی تاکەوە سەیری مەسەلە کە بکەین، ئەوا دەبینین قسەکانمان منالی سەردەمەکەی خۆی و پەروەردەی زەمەنەکەی خۆیانن، بە هەمان شێوە دەتوانین بڵێین سەردەمی فەلسەفە لە بیردا کورتدەبێتەوە. هەروەها لە گێلیەوە گەر وابزانین کە تاك لە توانایدا هەیە زەمەنەکەی خۆی تێپەڕێنێ، ئەوەش لە گێلیەوەیە کە وابزانین فەلسەفە دەتوانێت زەمەنە پوختەکەی خۆی تێپەڕێنێ)). ترجمة د.امام عبدالفتاح امام، المجلد الاول من المؤلفات الهيجلية الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة ص ١١٦. (المترجم).



ئەوەدا کە فەلسەفەی ئەفلاتوونی Platonism و فەلسەفەی ئەرستۆ Aristotwlianism تیایەتی. پاشانیش ناکرێت لە مرۆدا نە ئەفلاتوونی و نە ئەرستۆیی و نە ئەپیقوریمان هەبێت. لافلێدانی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی ئەم فەلسەفانە بەوەی کە ئەو گیانەیان بۆ بگەڕێنینەوە کە لە پشتیانەوە وێناکاری کردووە، هەروەها ئارەزووکردنی بۆچوونی بەناو کون و کە لەبەرەکانیاندا بووەتە کارێکی مەحاڵ و هەروەك مەحاڵی ئەوەی کە پیاوێك هەوڵی ئەوە بدات سەر لە نوێ گەنج ببێتەوە، یان هەمان شێوەی ئەو گێلیەتییەیە کە گەنجێك بیەوێت جارێکی تر منال ببێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پیاو و گەنج و منال خودی یەك کەسن، سەردەمی ڕێنسانس Renaissance -کە ماوەیەکی نوێیە لە سەدەکانی پانزەو شانزەدا- هەر بەوە دەستیپێنەکرد کە فەلسەفەی یۆنانی بژێنێتەوە، بەڵکو بە تازەکردنەوە و کارکردن لەسەریشی دەستیپێکرد. مارسلیۆس فشینۆس Marsilias Ficinus[35] ئەفلاتوونی بوو. هەروەها کوزمودی مدیتشی Cosmode Medici[36] ئەکادیمیای ئەفلاتوونی دامەزراند و فشینوس Ficiniusی کرد بە بەڕێوەبەری. بە هەمان شێوە ((بومباناتزی)) ئەرستۆیەکی بێ گەرد بوو[37]. دوای ئەمەش ((جاستری))[38] لە فەلسەفەی سروشتدا ئەپیقۆری بوو، (لبسۆس)[39]یش حەزیدەکرد ببێتە ئەپیقۆری.

[35] مارسیلوس فشینۆس (١٤٣٣-١٤٩٩): فەیلەسووفێکی ئیتالییە و، هەر لەسەرەتاوە بە ئەفلاتوونی ناسراوە، کۆزمۆدی مدیتشی (بڕوانە پەراوێزی دوای ئەم پەڕاوێزە) کردی بە سەرۆك، تا ئەو ئەکادیمیایەی کە لەسەر شێوەی ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوونی دروستکردبوو بەڕێوە ببات، هەروەها داواشی لێکردبوو کە هەڵسی بە وەرگێڕانی کارەکانی ئەفلاتوون بۆ زمانی لاتینی و وەرگێڕانی کۆمەڵە کارێکی هەمەرەنگی فەیلەسووفە ئەفلاتوونییە نوێکان. (المترجم).

[36] کوزمۆدی مدیتشی (١٣٨٩-١٣٦٤) مەسرەفییەکی فلۆرەنسی بوو، کوڕی جیوفانی Giovani دی مدتیشی بوو. فەرەمانڕەوایی کۆماری فلۆرەنسابوو، پشتیوانی ئەدەبیات و هونەرەکان بوو. دەرگای کۆشکەکەی بۆ ئەو زانا یۆنانییانە خستبووە سەرپشت کە دوای داگیرکردنی قوستەنتینیە لە لایەنی عوسمانییەکانەوە (لە ساڵی ١٤٥٣)دا پەنایان هێنابوو بۆ ئەوێ ئەم پیاوە بە ئەرشەد ThElder ناسراوبوو (المترجم).

[37] بترۆپۆپۆناتزی Pietropoponazzi (١٤٦٢-١٥٢٥): فەیلەسوفێکی ئیتالیە و بە دژایەتیکردنی تۆماویەت ناسراوە. ساڵی ١٥١٦ کتێبی. (نەمری دەروون)ی داناوە، ئەم کتێبە گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان= تۆماوییەکان و روشدییەکاندا (شوێنکەوتەکانی ئیبن روشد) و پشتیوانەکانی ئەفرودیسی دروستدەکات. (المترجم).

بەم شێوەیە لێرەدا تێڕوانینێکی گشتی هەیە کە لە نێوان فەلسەفە و مەسیحییەتدا دووبەرەکی دەبێنێتەوە. بەڵام فەلسەفەیەك کە شایەنی ئەم ناوەبێت ناتوانێت لەم دووبەرەکییە بێتە دەرەوە. خەڵکی لە جیهانی مەسیحییەتدا بە گوێرەی فەلسەفە توانایان بەسەر ئەوەدا نەشکاوە کە لە فەلسەفەیەك لە فەلسەفەکانی یۆنان جارێکی تر بەناوی ئەم دووبەرەکییەوە بونیاد بینێتەوە. چونکە «مومیاکان» کە دەچنە ناو دنیایەکی زنیدووەوە، ناتوانن لەناو ئەو بارودۆخەدا کە پەیوەندی بەم دنیایەوە هەیە خۆیان راگرن و بمێننەوە. گیان هەر لە زووەوە بۆ خۆی بووەتە خاوەنی ژیانێکی زۆر قووڵ و زۆر کرۆکی، بۆ ماوەیەکی درێژیش بەرەو بۆچوونێکی زۆر قووڵ لەبارەی خۆی بۆ خۆی رۆشتووە. دوای ئەمەش بیر پێویستی بە پاڵنەرێکی قووڵترەو ئەم جۆرە فەلسەفانە دادی نادەن. دوای ئەمەش پێویستناکات بەم شێوەیە لە زیندووکردنەوەی ئەو فەلسەفە بڕوانین، کە لە شێوەکانی تری پێشوودا دیاریکراوتر بوون و بوونەتە شتێکی ئاسایی، یان واسەیر بکرێن کە ئامادەگییە بۆ ئەو قۆناغە کەلتوورییە پێویستانەی کە بڕیویەتی. لە کاتێکدا ئەم هەواڵە دوورانە و دووبارەبوونەوەی دوورخایەنی ئەو بنەمایانەی کە لە گیانی نامۆبوونەتەوە، لەناو ئەم مێژووەدا دەردەکەون، بەڵام بەشتێکی سەر پێی و روکەشانە دادەنرێن، کە بە زمانێکی مردوو پۆشرابن، ئەوەی کە لەبەر دەماندا دەیبنییینەوە جگە لە کۆمەڵە وەرگێڕانێك شتێکی ترنین، واتە شتێکی رەسەنی نین، گیان رازیبوون و تێربوونی خۆی تەنها لە زانستی سروشتە پوخت و رەسەنەکەی خۆیدا دەبینێتەوە. کاتێك کە سەردەمە نوێکانی بانگەوازی ئەوەیان کرد سەر لە نوێ بۆ هەڵوێستی فەلسەفەی یۆنانی بگەڕێنەوە، کاتێك کە هەندێك کەس ئەوەیان راسپارد، کە بەشێوەیەکی تایبەت ئەفلاتوونیەت بکرێتە هۆکارێك بۆ رزگاربوون و دەرچوون لەو سەردەمە پێشوانەی کە ماوە پێشینەکانی هەموویان

(38) بیری جاسندی Pierre Gassendi (١٥٩٢- ١٦٥٥): فەیلەسووف و زانای گەردووناسی و بیرکاری فەرەنسیە، بە دیارین بیرکاری ئازادیخوازە لە سەدەی حەڤدەهەمدا، بیرکاری لە کۆلێژی پاشایەتی لە فەرەنسە خوێندووە، هێرشی کردووەتە سەر میتافیزیکای فەیلەسووفە ئەسکۆلائییەکانی سەدەی ناوەڕاست و فەلسەفەی دیکارتی نوێ و هەوڵی زیندوکردنەوەی فەلسەفەی ئەپیقۆری گەردی کۆنی داوە. (المترجم).

(39) جوستولبسوس Justus Lipisius (١٥٤٧-١٦٠٦): زاناو لێکۆڵەرێکی فلمنکی (بەلجیکی)یە، چەند چاپێکی لە کتێبەکەی مێژوونووسی ئیتالی تاسیتوس Tacitus لە ساڵی ١٥٧٤ بڵاکردوەتەوە، هەروەها کارە فەلسەفییەکانی لانکایشی بڵاوکردووەتەوە. (المترجم).



دروستیان کردبووە، ئەوا ئەم گەڕانەوەیە دیاردەیەکی سادە و ساکاری لەو جۆرە نەبوو کە لە گەڕانەوە پێشینەکەدا هەبووە بۆ دووبارەکردنەوەی فێربوونی بنەڕەتەکە. نەخێر! بەڵکو سەرچاوەکەی ئامۆژگاریکردنە بە لە خۆبوردەییەك کە -وەك چاوەڕێدەکەین- ئەو سەرچاویەکە بانگهێشتی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات بگەڕێتەوە بۆ وەحشیگەری جەنگەڵەکانی ئەمریکای باکورو بۆ خوڕەوشت و بیر و باوڕ و ئاکاری ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییەی ئەوێ، یان ئەوەیە کە ئەو راسپاردەیەی لێوەدەرچووە کە جارێك فیشتە Fichte بەزاریدا هاتووە[40] لەو کاتە کە بە ئایینی ((پاشای راستگۆ Melchisidech))[41] بەوەی کە ئاینێکی سادەتر و پوختەترە ئامۆژگاریەکانی خۆی دەکات و ئاماژەی بۆ دەکات و پێمان دەڵێت پێویستە بۆی بگەڕێتەوە و پێویستە گەڕانەوە بۆ دواوە بە کەم نەزانین بەبێ بەها سەیری نەکەین، چونکە تامەزرۆیی و سۆزە بۆ ئەوەی سەرەتایەکی نوێمان دەستکەوێت و بگەین بە خاڵی سەرەتا. لە کاتێکدا ئەم سەرەتایە پێویستە لە بیرو خودی بیردا بۆی بگەڕێین، نەك لە شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەڵاتدا، لە لایەکی تریشەوە گەڕانەوەی ئەم گیانە -کە پەرەی سەندووە و دەوڵەمەندبووە- بۆ ئەم جۆرە سادەیی و ساکاریە، واتای گەڕانەوە بۆ پەتیەتی یان بۆ هەڵوێستی پەتی یان بۆ بیر دەگەیەنێ، دەکرێت سەیری بکەین کە پەناگەی پەککەوتەیی و کەم تەرخەمییە- پەککەوتەییەکە کە هەست بەکەم توانایی خۆی دەکات کە هەقی خۆی بدات بەو مادە پەرەسەندووەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە. یان هەست بەوە دەکات توانای ئەوەی نییە لە قووڵاییەکانی تێبگات، ئەمە مادەیەکە دەخوازێت لە رێگەی بیر و تێگەیشتنی سەراپاگیرانەی ئەم قووڵاییەوە بەسەریدا زاڵببین، واتە پەککەوتەییەکە بە شوێن کۆمەکدا دەگەڕێت، ئەمەش لە رێگەی هەڵهاتن لەم مادەیە و کەوتن لەناو هەژاریدا (لە بری دەوڵەمەندی مادەکە).

(40) في كتابه (ملامح العصر الحاضر) الذي اصدره في برلين عام ١٨٠٦ ص (٢١١-٢١٢) (حاشية هوفميستر- نقلاً عن نوكس ص ٥. (المترجم).

(41) کەسایەتییەکە لە کەسایەتییەکانی کتێبی پیرۆز (العهد القديم)، ناوی پاشا شالیم (Salem)ە، (واتە پاشای ئاشتی) ((پاشای راستگۆم پاشا سالیم نان و شەرابی دەرهێنا، کاهینێك بوو بۆ خوای باڵا)) -تكوين ١١٤-١٨. ئیبراهیم بە پێشوازییەکی باش پێشوازی لێکردو لەهەر شتێك دە شتی پێدا. جارجار وەك رەمزێك بۆ هێزی خودی داهێنەر بەکاردەهێنرێت ((بێ دایك و بێ باب و بێ بەرەبابە و لە کوڕی خوائەچێ.. هتد)). الرسالة الي العبرانين ٧: ١-٥. (المترجم).

ئەوەی کە پێشتر باسمانکرد ئەوە روونده‌کاتەوە کە بۆچی خەڵکێکی زۆر خۆیان تەرخاندەکەن تا لە چاوگەی فەلسەفەی کۆن بە گشتی تینوویەتی خۆیان بشکێنن، ئیتر چ بە دەستێکی بەشەکی دیاریکراو (وەك وسیەتەکەی فیشتە) هاندرابن، یان ناوبانگی ئەفلاتوون و فەلسەفەی یۆنانی بەشێوەیەکی گشتی سەرنجی راکێشابن. بەڵام دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە لێکۆڵینەوەیەکی وەك ئەم لێکۆڵینەوەیە تێریان ناکات و ئەوانیش پشتی لێهەڵدەکەن و بەبێ هیچ پاساوێك جێی دەهێڵن، هەردەبێت ئەوە بزانین کە پێویستە لە لای فەیلەسووفانی یۆنان یان لە فەلسەفەی سەردەمێکی دیاریکراودا بە شوێن چیدا بگەڕێین، یان -بەلایەنی کەمەوە- ئەوە بزانین ئێمە رووبەڕووی فەلسەفەی چ سەردەمێك دەبێنەوە و لە چ پلەیەکی دیاریکراوی بیردایە، ئێمە لەگەڵ ئەم سەردەمە تەنها بەو شێوانەی پێویستیەکانی گیان دەگەین، کەدەکەونە ناو سنووری ئەم سەردەمەوە لە گیانی سەردەمە نوێکاندا کۆمەڵە بیرێکی زۆر قووڵ لەبارەی وەنەوزداندا متبوون. بۆ ئەوەی بێداری بکەینەوە، ئەمە پێویستی بە ژینگە و ژیانێکی هەنوکەیی جیاواز هەیە لەو ژینگە و ژیانە پەتی و ئالۆزە و ئەو تێڕامانانەی کە هیچ رەنگێکیان نییە و لە جیهانی کۆنیشدا بوونیان هەیە. -بۆ نموونە- ئەو پرسیارەی کە لە سەردەمی ئەفلاتووندا لەبارەی سروشتی ئازاد و سەرچاوەی شەڕی سروشتی و ئاکاری و لەبارەی «پشتیوانی خوایی».... و لەم شێوەیە دەکرا -چارەسەری فەلسەفییان بۆ نەدۆزرایەوە. ئێمە دەتوانین راو بۆچوونی میللی و ئایینی لە کتێبە جوانەکانی ئەودا لەبارەی ئەم بابەتانە دەربهێنین، یان بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەم جۆرە مەسەلانە لە گۆشە نیگای فەلسەفییەوە بخەینە لاوە، یان شەڕو ئازادی بە کۆمەڵە شتێکی تەواو سەلبی بزانین. بەڵام گیان لەکاتی پرسیارکردن لەبارەی ئەم بابەتانە باوەڕ بەم لە جیاتی دانانە ناهێنێ، کاتێك کە لێکدژی هۆشیاری خودی گەیشتبێتە ئەو پەڕی هێز لەناو گیاندا،ئەوا پرسیار لەبارەی ئەم بابەتانەوە پێشنیار دەکرێت.

بۆ ئەو جیاکارییەی کە ئێستا لێی دوام بە گوێرەی رێگای لێکۆڵینەوەی فەلسەفەکان و چارەسەرکردنیان لە خستنەڕووە مێژووییەکەیدا دەرئەنجامێکی دوورتر هەیە[42].

---

[42] ئالێرەدا دەروازەی وانەکانی بەرلینی ساڵی ۱۸۲ تەواو دەبن، ئەمانەش لە دەستنووسەکانی هیگڵ خۆی وەرگیراون، بەڵام ئەوەی کە لە دوای ئەمەوە دێت دەروازەیەکە بۆ وانەکانی ساڵی ۱۸۲۳ و ساڵی ۱۸۲۵ و ساڵی ۱۸۲۷، لەگەڵ شتێك لە دووبارە بوونەوە، ئەم وانانەش لە تێبینی ئەو قوتابیانە وەرگیراون کە گوێیان لێگرتووە. من تعليقات نوكس ص ۵۲. (المترجم).



## بەشی سێهەم

# دەروازەیەك بۆ وانەکانی ساڵی ۱۸۲۲ و ۱۸۲۵ و ۱۸۲۸

ئەم وانانە بۆ مێژووی فەلسەفە تەرخانکراون، دەکرێت وا ((مێژووی فەلسەفە)) بخوێنرێتەوە، کە پێشەکییەکەیان دەروازیەکە بۆ فەلسەفە خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بنەچەی فەلسەفە دەخاتەڕوو. ئامانجی فەلسەفەش هەر دەبێت مەعریفەبێت بەو چونیەتییە کە فەلسەفە لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکدا لەناو زەمەندا پێی دەرکەوتووە.

ئەوەی کە دەکرێت لەم دەروازەیەدا لەبارەی ئامانجی مێژووی فەلسەفە و ڕێبازەکەی و وێناکردن و پێناسەکردنەکەی و ڕێگەی چارەسەرکردنە بیلێین، تەواو سەر بەم مێژوووە خۆیەتی و بە تەواوەتیش خستنەڕوویەکی تەواوی ئەم مێژوویە، سەرەڕای ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەین سەراپاگیرانە بۆ ئەم بەرچاوخستنە و -بەشێوەیەکی تایبەتیش- بۆ ئەوە باس لەو گۆشەنیگایە بکەین کە پێویستە لێیەوە بڕوانییە مێژووی فەلسەفە، پێویستە لێرەدا وەك ڕێخۆشکەریەك هەندێك لە تێبینی لەبارەی ئامانج و واتا و ڕێباز و... هتد بە هەند وەرگرین، ئێمە گەر لەبارەی ئامانجەوە پرسیار لە خۆمان بکەین، ئەوا ئەوەی کە دەمانەوێت بیزانین هەمەکییە (یان بیرۆکەی سەراپاگیرە) و ئەمەش بەوەی کە زۆرێك لە توخمەکان پێکەوە وابەستەدەکات، بە خۆی دەبێت بە پەیوەستکەرێك. هەر لە هەمانکاتیشدا بە هەمان شێوەیە دەمانەوێت ئەم بیرۆکە هەمەکییە بەشتێکی جیاواز لە ناوەڕۆکی جۆرا و جۆر و جۆرەیەتی بزانین. لەبەر ئەوەی مێژووی فەلسەفە پەیوەستە بە بوارەکانی ترەوە و لە پەیوندیشدایە لەگەڵ زانستگەلێکی زۆردا، ئێمە بەبێ پێشەکی ناتوانین دەست بەکارەکەمان بکەین، لە سەرەوی ئەمەشەوە بەگشتی بیرەکانمان و عەقڵمان داوای ئەوەمان لێدەکەن کە دیدێکی هەمەکییانەی گشتیمان هەبێت، پێش چوونە ناو درێژە پێدانەکانیشەوە لە ئامانجە هەمەکییەکە تێبگەین. ئێمە دەمانەوێت بەشەکان لەو کاتەدا ببینین کە لەگەڵ هەمەکییەکەدا لەناو پەیوەندییەکی کرۆکیدان، ئەمەش بۆ ئەوەیە (هەمەکی) بە هاو واتاکەی خۆی لەناو ئەم پەیوەندیەدا دەستکەوێت. لێرەدا بیرۆکەیەك لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە هەیە، دەڵێت: سەلماندنی پەیوەندی تاك بە هەمیکیەوە شتێکی پێویست نییە و ئێمە توانای ئەوەمان هەیە ئەوە گریمانە بکەین کە مێژووی فەلسەفە -لەبەر ئەوەی مێژووە- بەواتا وردەکەی وشەی مێژوو، وادەکات بە هیچ جۆرێك نەتوانێت ببێتە زانست، چونکە مێژوو یەکڕاست لە

بەردەمماندا وەك زنجیرە رووداوێكی لابەلای دەركەوتە بەشەكییەكان خۆی نیشاندەدات، واخۆی دەخاتەڕوو كە پەیوەندی نێوان رووداوەكانە و لەناو ئەم پەیوەندییەشدا هەر رووداوێك بۆ خۆی لاتەریك دوورە پەرێز لە رووداوێكی تر وەستاوە، ئەمە لە كاتێكیشدا پەیوەندی هەر رووداوێك بەوی ترە پەیوەندیەكی كاتییە، واتە پەیوەندیەكە لەسەر بناغەی ئەوەی كە لە پێشیەتی یان لە پاشیەتی یان لەگەڵیدایە. —تەناتەت ئێمە لە مێژووی سیاسیدا- داوای پەیوەندییەكی پێویستی لەو جۆرە دەكەین، كە بە هۆیەوە بارودۆخی تاك بارێكی كرۆكی پەیوەندییەكانی خۆی بە ئامانج و كۆتاییەوە بە دەستبهێنێ. لە دوای ئەمەش واتا هەمەكییە گشتگیرەكەی دەستدەكەوێت، چونكە واتا -بەو شێوەیەی كە هەیە- گوزارشتە لە بەندبوون یان پەیوەستبوون بە بیرۆكەی هەكییەوە. من دەمەوێت لە گۆشەنیگایەوە لایەنی لاوەكیانەی هەمەكیەتی مێژووی فەلسەفە وەسفبكەم.

ئەوەی كە من دەمەوێت لێرەدا بە چارەسەركردنی هەڵسم، مێژووە، وێنەی مێژووش پشت بەوە دەبەستێت كەوا لە رابردوو بكات لە رووداوگەل و كارانێكی یەك لە دوو یەكدا بەبەر زەینماندا تێپەڕێت، بەڵام ئایا كارەكان لە مێژوو و فەلسەفەدا چین و كامانەن؟ كارەكان كارگەی بیرێكی ئازادی ناوابەستەن و مێژووەكەشیان، مێژووی چۆنیەتی دروستبوونی جیهانی عەقڵی و بەرهەمەكانی و رێرەوەكەیەتی. پاشان ئەوەی كە پێویستە لێی بكۆڵینەوە مێژووی بیرە.

لێرەدا گوتەیەكی باو هەیە كە دەڵێت: بیر ئەوەیە كە مرۆڤ لە گیانلەبەران جیادەكاتەوە، ئەم گوتە پاشان خۆمانی پێوەدەبەستینەوە. ئەوەی كەوادەكات لە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر شەرەفمەندتر بێت، مرۆڤ بە بیركردنەوە بە دەستی دەهێنێ و دەبێتەخاوەنی. ئەوەش كەوا لە شتێك دەكات مرۆڤانەبێت. لە رێگەی ئەوەوە دەبێت بەشتێكی مرۆڤانە كە عەقڵ توانیبێتی دزە بكاتە ناوی. هەرشتێك كە وا دەردەكەوێت مرۆڤانەیە، لەوێوە مرۆڤانەیە، كە بیركردنەوە وای لێكردووە مرۆڤانەبێت، ئەمە تاكە شتێكە كە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیادەكاتەوە.

كاتێك بیر دەبێتە لایەنی بنەڕەتی و چیەتیانە و چالاك لە مرۆڤدا، ئەو كات بایەخ بە فرەیی و جۆراو جۆریەتی رووداو گەلێك دەدات كە لە ژمارە نایێن. بەڵام لەو كاتەدا دەگاتە دوا رادەی خۆی كە خۆی بە باشترین شتێكەوە سەرقاڵدەكات، كە مرۆڤ هەیەتی، ئەویش خودی بیرخۆیەتی، ئەمەش لەوەوەیە، كە لەم حاڵەتەدا جگە لە خۆی شتێكی تری ناوێت و



بەخۆشییەوە نەبێت خۆی بەهیچ شتێكی ترەوە سەرقاڵ ناكات. بیر تەنها لەو ساتەدا كارا و چالاك دەبێت كە خۆی بەرهەم دەهێنێ، ئەو بە چالاكی و كارایی تایبەتی خۆی، خۆی بەرهەم دەهێنێ و هەر ئەوەندەش نییە كە لێرەدا ئامادەبێت و هیچی تر، چونكە بەبێ بەرهەمهێنانی خۆی بوونی نابێت، ئەوەش كە بیر بەم شێوەیە بەرهەمی دەهێنێ فەلسەفەیە، ئەوەی كە پێویستە ئێمە لێی بكۆڵینەوە زنجیرەیەكە لەم بەرهەمانە و هەوڵێكی زیاترە لەو هەوڵە ئاساییە كە بیری خۆی تێدا بەرهەم دەهێنی و ئەو گەشتە پشكێنەرانەیە كە بیر پلانی بۆ دادەنێت تاپێی هەڵسێت، ئەم گەشتەش جگە لە گەشتی دۆزینەوەیەكی خودی شتێكی تر نییە، بیرێكە كە دەیەوێت خۆی بدۆزێتەوە. ئەمەش راپۆرتێكی گشتییە لەسەر ئەو بابەتەی كە دەمانەوێت لێی بكۆڵینەوە، ئەمە زۆر گرنگە تا ئەو رادەیەی كە من پێویستم بە قسەكردنێكی زۆر وردە لە بارەی ئامانج و دەستكەوتەكانییەوە.

لەم پرۆژەیەماندا دووكار هەیە پێویستە لە یەكتریان جیابكەینەوە: كاری یەكەم: ئەوەیە، كە مێژووی فەلسەفە بیر بۆ ئێمە دەخاتەڕوو، بیریش لە كرۆكدا هەریەكە و پەرەسەندنەكانیشی تەنها شێوەی جیاواز جیاوازی یەك شتن و بۆ هەمان شتیشن. بیر كرۆكی هەمەكیانەی گیانە، هەر لەوێشەوە هەموو شتێ پەرەدەستێنێ و گەشەدەكات. ئەوەش كە لە هەموو شتێكی مرۆڤدا چالاك و كارایە بیر یان بیركردنەوەیە، گیانلەبەریش وەك مرۆڤ دەژی و لە پێویستییەكان و هەست و سۆزەكانی.... هتد هاوبەشی دەكات. بەڵام گەر ویستمان مرۆڤ بە جیاواز بگرین لە گیانلەبەران، ئەوا دەبێت مرۆڤ هەست و سۆزەكانی مرۆڤانەبێت نەك گیانلەبەرانە، واتە هەر دەبێت لەناویاندا بیر پەنهان بێت. گیانلەبەر خاوەنی هەست و سۆز و ئارەزووە جەستەییەكانە.... هتد، بەڵام خاوەنی ئایین و زانست و هونەر و خەیاڵ نییە، ئەمەش هۆكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەمانە هەمووی بیركردنەوە رۆچووەتە ناویانەوە.

كەواتە ئەو كارەی گرنگە روونیبكەینەوە ئەوەیە كە دیدی مرۆیی و ویست و هەست... هتد هەموو ئەمانە ریشەی خۆیان لەناو بیردا داكۆتاوە. ئێمە خاوەنی دیدو ویست... هتدین و ئەمانەش لە بەرامبەر بیركردنەوەدا رادەگرین، بەڵام بیركردنەوە تەنها بیركردنەوە ناگەیەنێت و بەس، بەڵكو بیركردنەوە ویستیش سنووربەند دەكات. گەر ئێمە لە نزیكترەوە تەماشا بكەین،

دەگەین بەوەی کە بزانین بیرکردنەوە شتێکی بەشەکی یان هێزێکی جۆرەکی تایبەت نییە، بەڵکو ئەو تۆخمە هەمەکییە چییەتییەیە کە هەموو شتێك لە ڕێگەی ئەوەوە بەرهەم دێت.

لەسەر ئەم بناغەیە ئەنجامەکانی فەلسەفە، مێژووی فەلسەفەن، بە هەمان شێوەش دەوڵەت و ئایین و زانستەکان و هونەرەکان... هتد هەموویان بەرهەمهاتووەکان یاوەکو ئەنجامەکانی بیرن لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانە لە فەلسەفە نین و لەویش نەکەتوونەتەوە. پاشان ئێمە هەر دەبێت جیاکاریەکی نوێ و بۆ شێوەی بیر دابنێین و بڵێین مێژووی فەلسەفە مێژووی تۆخمێکی کرۆکیانەی هەمەکیانەیە لە بیرکردنەوەدا، هەر لەم مێژووەشدا رواڵەتی دەرەکی و مانای بیر سنوردار دەکرێن. شتێك بە ناوی بیرۆکەی دەرەکەی و بیرۆکەی ناوەکی بوونی نییە، -گەر گوزارشتەکەمان راستبێت- هەرخۆی بیر گەورەترین شتی کەشیانەیە (جَوّاني). لە زانستەکانی تردا شێوە و ناوەڕۆك لە یەکتر دادەبڕێن، بەڵام لە فەلسەفەدا بیر هەر خودی بابەتەکەشە، بیرکردنەوە لێرەدا بە خۆیەوە سەرقاڵە و خۆی سنووردارو دیاری دەکات. ئەو خۆی بەوە وەدی دەهێنێ، کە خۆی خۆی دیارییبکات یان بە خۆی دیارییبکرێت. بیر خۆی بەرهەم دەهێنی و هەر لەناو ئەم بەرهەمی خۆیشیدا ئامادە دەبێت و دەبینرێت و هەر لەمەشدا پەیامەکەی خۆی شاردووەتەوە. بیرکردنەوە رێرەوێکی ناوەویانە (باطنی)ی چالاکە و کاراو زیندووە، لەناو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵە پەیوەندییەکی هەمەرەنگە و بەخۆیشی خۆی جیادەکاتەوە. زۆر بە سادەیی بیرکردنەوە لە فەلسەفەدا ئەوەیە کە بەرەوپێشەوە دەست بە بزاوتن بکات....

**یەکەم:** ئەو رێگایەی کە لە بەرهەمەکانی گیانی مرۆییدا خۆی پێ دەخاتە روو نموونەی ئەمەش ئەو دۆخەیە کە لە هونەردا هەیە. فەلسەفە بە تەنها خۆی بیرێکی ئازادی پوختی بێ کۆتایە، پێویستە بیر لە بەرهەمەکانی تری گیانی مرۆییدا بە کۆگەلێکی دیاریکراو کەرەستەیەکی سنوردارەوە گرێدرابێت. تا لەبەر بەرەدەمماندا وەك بیرێکی وا ئامادەبێت کە ئاسۆکانی دیاریکراو و سنورداربن.

**دووەم:** ئێمە دەبینین کە بابەتێك -ئیتر هەر بابەتێك بێت- بە ئێمە دەرێت، ئێمە لە پەیبردنی هەستەکی خۆماندا بە کۆتاییەکی دیاریکراو رووبەڕووی دەبینەوە، ئەمەش بابەتێکی دیاریکراو و سنوردارە. کاتێك کە: زەوی و خۆر و... هتد رووبەڕوومان دەبنەوە. ئێمە هەروەك چۆن باوەڕ بە دسەڵاتی هەستەکانمان دەهێنین ئاواش باوەڕ بەوان دەهێنین و دەیانناسین. زۆر جار بابەتێك



پێدراوە، بەڵام بیرو خود هۆشیاری من ئازاد نابن، ئەمانە شتانێکی تری جیان لە بابەت، بابەتیش خودنییە، دوای ئەمەش من کە لە ماڵەکەی خۆماندانیم، بۆ خۆم نیم، واتە من ئازادنیم، فەلسەفە فێرماندەکات بیربکەینەوە، فێرماندەکات پێویستە چۆن لە کاتی بیرکردنەوەدا رێبەرایەتی خۆمان بکەین، فەلسەفە بە جۆرێکی تایبەتی لەگەڵ بابەتەکاندا مامەڵە دەکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە بابەتەکەی ماهییەتی شتەکانە، بابەتەکەی نەدیاردیە و نەشتێکی ناپەرەسەندووە و نەبیرۆکەی ئێمەیە لەسەر شت. فەلسەفە لە بیرۆکەیەکی لەم جۆرە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە ماهییەتی بابەتەکە دەکۆڵینەوە، ئەم ماهییەتەش بیر خۆیەتی. بەم شێوەیە فەلسەفە هەر خودی بیر دەکات بەبابەتی تایبەتی خۆی، پێویستە لەسەر بیر لەسەرقاڵ بوونی بە خۆیەوە ئازادبێت و لە مامەڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدابێت.

-وەك پێشتر لێی دواین- ماهییەت سەرەڕای ئەمەش جگە لە بیرشتێکی تر نییە، ئەوەش بەرهەڵستی ماهییەت دەکات رواڵەت و گۆڕانکارییە... هتد. پاشان ماهییەت هەرخۆی هەمەکییە، ئەو هەتاهەتاییەیە کە بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە، ئێمە بە رێگای جۆرا و جۆر و شێوەی جیاواز جیاواز خواوەند دەنوێنین، بەڵام ماهیەتەکەی ئەو هەمەکییەیە کە دەچێتە ناو هەموو شێوە و سەردەمە جیاوازەکانەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك قبوولبکات. بەڵام ماهیەتی سروشت یاساکانیەتی (تەنانەت گەر واسەیری یاسا خواییەکان کرا کە چییەتی سروشت دەنوێنن، ئەوا هەر دەبن بە یاسای دەرەکی و لەگەڵ یاسا هەمەکییەکاندا رووبەڕوو دەبنەوە).

هەمەکی بەرهەمی بیرە و لەبەر ئەمەشە دەبینین هەمەکی بوونی لە ئارەزوو و شتی تری جگە لە ئارەزوودا هەیە، بەڵام لەم حاڵەتەدا لەگەڵ زۆرێك لە کاروبارە هەستەکییەکاندا تێکەڵ دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی بیرکردنەوەدا پێویستە تەنها مامەڵە لەگەڵ هەمەکیدا بکەین. ئەگەر هاتوو شتێك بووە بابەتی بیرکردنەوە، مانای ئەوەیە ئەو شتە لە هەمەکی رۆنراوە، لەم کاتەشدا بەرهەمی بیرکردنەوەمان دەبێت، واتە بیرۆکەیەکەمان دەبێت. هەموو مرۆڤێك ئەوە دەسەلمێنی، گەر هاتوو ئێمە ویستمان ماهییەتی خوابزانین، ئەوا هەردەبێت پەنابەرینە بەر بیرکردنەوەی تێڕامانانە، جابەر ئەنجامی تێڕامانەکە دەبێت بە بیرۆکە. کاتێك ئێمە «بیرۆکە» وەك گۆکراوێك بەکاردەهێنین، ئەوە بە خەیاڵماندا دێت «بیرۆکە» شتێکی خودییە، ئەو کات وادەبینرێت کە ئێمە دەڵێین «بەپێی» شتێك بیردەکەینەوە و لە «لەبارەی» شتێکیشەوە بیرو

رامان هەیە، لەم ساتەشدا بیرەکان نابنەوە بەهەمان شت، بەڵکو بەسەر ئەو شتەدا بەرزدەبنەوە، بەڵام ئەم بیر و رایانە بیر و رای راست و دروست نین[43]، بەڵکو راو بۆچوونێکی خودین و پاشانیش رواڵەتی و سەرزارەکین. حەقیقەت هەمەکیە و چیەتی شتیشە، کاتێکیش کە بیر دەبێت بە هەمەکی، ئەوا دەبێتە بابەتی و ناکرێت ئێستا شتێك بێت و پاشان شتێکی تر بێت، بیر شتێکی جێگیرەو ناگۆڕ درێت. هەر ئاواشە کە فەلسەفە هەمەکی دەکات بە بابەت بۆ خۆی، بەو رێژیەش کە ئێمە بیردەکەینەوە، ئێمە خۆمان دەکەین بە توخمێکی هەمەکی. هەر لەبەر ئەمەشە تەنها ئەوە فەلسەفەیە ئازادە، چونکە ئێمە هەر چییەك بین لە ماڵەکەی خۆماندا لەگەڵ خۆماندایین و پشت بە هیچ شتێکی تر نابەستن. بەڵام پێ پێچ و پەنا نەبوونی ئازادی ئەوە دەگەیەنێ کە بوونمان ئاوێزانی شتێکی تر بووە و چیتر لە مامەڵەکەی خۆیدا نییەو لەگەڵ خۆیشیدا نییە، بیرمەندەکان لە ماڵەکەی خۆیاندان و لەگەڵ خۆیاندان، کەواتە ئەوان ئازادن، لەبەر ئەوەی فەلسەفەش هەمەکی دەکاتە بابەت بۆ خۆی، کەواتە ئەویش ئازادە و لە گۆڕانکارییەکانی خود دەربازبووە، دەکرێت مرۆڤ بیر و بۆچوونی لە بارەی ماهییەتەوە هەبێت، ئەم شتە یان ئەو شتە لە بارەی حەقیقەتەوە بزانێت، بەڵام بیر و بۆچوون و مەعریفەی لەم جۆرە فەلسەفە نییە.

ئەو تێبینییە گشتیانەی کە لێیان دوایین هەلێکی باشترمان بۆ دەسازێنن، یاخود دەمانگەیەنن بە بیرکردنەوەیەکی نوێ، ئەوە لە خاسیەتەکانی رێگای فەلسەفەیە کە لە لێکۆڵینەوەدا یەکسەر لەوەی پێشتر رامێنێ، ئەمە گەر پێشتر بیرمان لێکردبێتەوە، رازیشی نەبێت بەوەی کە بووە بەو شێوەیەی کە بووە. پێشتر من ئەوەم وت کە بابەتەکەمان زنجیرەیەکە لە بەرهەمەکانی بیرکردنەوەی ئازاد و مێژووی جیهانی عەقڵیشە، ئەم کارە سانایە بەڵام وادەردەکەوێت کە

---

[43] هیگڵ لەئنسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکاندا ئەم بیر و رایانە دەخاتەڕوو و دەڵێت: ((لێکدانەوەی ئێمە بۆ بیر دەشێت زۆر نزم بێت یان زۆر بەرز و باڵابێت، لە روویەکەوە خەڵکی دەڵێن ((ئەمە تەنها بیرۆکەیەکەو بەس)) لەمەوە لە تێڕوانینی ئەواندا بیری خودی بیرێکی رواڵەتیانەی بێ سەروبەرە و شتێکە لەشتە واقیعی و راستەقینەکە جیایە. بەڵام دەشێت بیر روویەکی تریشی هەبێت و وەك شتێکی بەرز و مەزن سەیر بکرێت. بۆ نموونە ئەوە بیر تەنها خۆیەتی کە دەتوانێت لە شتەکان بگات بە هەموو لایەنەکان. ئەمەش وەك سروشتی خوا کە هەستەکان ناتوانن لە باریەوە هیچ شتێکمان بدەنێ)) بەراورد بکە ((الموسوعة علوم فلسفية)) وەرگێڕانی د. امام عبدالفتاح امام -الناشر مکتبە مدبولي بالقاهره فقره ١٩. (پاشبەند).



لێکدژیەکی لە خۆ گرتبێ، ئەو بیرەی کە لەسەر بنچینەی رەسەنایەتی بیرە، -لە خۆیدایە و بۆ خۆشیەتی- و هەتاهەتایشە، حەقیقەت بوونی نییە تەنها لە بیردا نەبێت، ئەمە بۆ ئەمرۆ و سبەینێ دروست نییە، ئەمە بۆ ئەبەد دروستە و لە دابڕاندایە لەگەڵ زەمەندا، ئالێرەدایە کە یەکسەر لێکدژییەکە خۆی قوت دەکاتەوە، واتە ئەم خۆ قوتکردنەوەیە لە گریمانکردنی ئەوەدایە کە بیر مێژووی هەبێت و لە کاتێکیشدا مێژوو تەنها ئەوە دەخاتەڕوو کە گۆڕداروە و ئەوەیە کە روویداوە و تێپەڕیوە و بووەتەوە رابردوو و بەناو شەوەزەنگی رابردوودا پەرش و بڵاو بووەتەوە و چیتر بوونی نییە، بەڵام بیر (بیری هەق و زەروری، هەر تەنیا ئەوە کە لێرەدا پێی نیازمەندین)، ئەم بیرەشایستەی ئەوە نییە کە هیچ گۆڕان و ئاڵوگۆڕێك بە خۆیەوە ببینێ، شتێك نییە کە بەسەر چووبێت و نەی بێت شتێکە لێرەدا بوونی هەیە. دوا بەدوای ئەمە ئەم پرسیارە هەیە: ئایا لێرەدا شتێك هەیە کە شایستەی گۆڕان نەبێت و دواتر بشکەوێتە دەرەوەی مێژووی و لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی هەبێت؟

ئەو بیرۆکە سادەیەی کە خەڵکی لەسەر مێژووی فەلسەفە دروستیانکردووە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە فرە جۆری فەلسەفەکانیان زانیوە و لەوێوە کە هەریەکەیان پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە حەقیقەتی دۆزیوەتەوە و بووەتە خاوەنی، شانازیش بەمەوە دەکات، وتراوە فەلسەفە جۆرا و جۆرەکان هەندێکیان دژی هەندێکی تریانن و لە راستیشدا لەناو ئەو فەلسەفانەدا شتێك بەناو فەلسەفەیەکی دروستەوە بوونی نییە، گەر بوونیشی هەبێت و یەکێك لەو فەلسەفانە دروست بێت، ئەو ئێمە هەر ناتوانین لە رێبازە فەلسەفییەکانی تری جیابکەینەوە. وا لەم گوتەیە دەڕوانرایێت، کە بەڵگەیەك بێت لەسەر هەڵگەرووداگەروو نادانی رێبازە فەلسەفییەکانی و ئەزموونێك خستبێتبەر دەست. کەچی بڕوا هێنان بەوەی کە گیانی مرۆیی توانای وەدەستهێنانی مەعریفەی هەیە، واسەیر دەکرێت کە ئەمە جۆرێکە لەوەی کە مێشك ببێتە گامێشێك. دوای ئەمەش رێگریەکی تر لێرەدا هەیە وای بۆ دەچێت عەقڵی بیرکەروەمان خلیسك دەباتە ناو لێکدژیەکانەوە، ئەو هەڵەیەش کە هەموو رێبازەکان تێی کەوتوون بەسووك و ئاسان لە گوتنی ئەوەدا پەنهانە کە عەقڵی بیرکەرەوەمان لە رێگای تێگەیشتنی ناکۆتاداردا کۆشش دەکات، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی کە جگە لە کاتیگۆرییە

کۆتادارەکان ناتوانی هیچی تر بەکاربهێنیٚ، بەمە وادەکات کە ناکۆتاداربکات بە کۆتادار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە ئەوە جگە لە کۆتادار نەیتوانیوە پەی بە هیچ شتێکی تر بەرێت[44].

ئەوەی کە پەیوەندی بەم ((بەڵگە))وە هەیە، ئەوەیە کە ئەم بەڵگە جگە لە داماڵینێکی بە تاڵ هیچی تر نییە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە لە کەوتنە ناو لێکدژیەکان هەڵبێت. بەڵام ئەوە لە بایەخی شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لێکدژی بە تەنها لە فەلسەفەدا نییە، بەڵکو لێکدژی دەکەوێتە ناو هەموو شوێنێکەوە، مەترسییەکانی مرۆڤ لێوڕێژ لەم لێکدژیانە، بەڵام بارگرانی ناکات، چونکە هۆشیاری بەمە هەرخۆی لە سەرەتاوە لەو لێکدژییەدا نەبێت کە بیر بەرهەمی دەهێنیٚ گەشە ناکات و هەر بیریش ئەم لێکدژییە دەرەوێنێتەوە و رای دەماڵیٚ.

بەم شێوەیە ئەو بەڵگەی ئەزموونە دەردەکەوێت، کە دەڵێت فەلسەفە جیاوازەکان هەندێکیان دژی هەندێکی تریانن. ئەم وێنەی فەلسەفە لێکدژە جۆراو جۆرەکان بڵاوترینی ئەو بیرانە و رووکە شترینیشیانە کە لە بارەی مێژووی فەلسەفەوە دەوترێن. زۆر بە گێلییەوە ئەم جیاوازییە بەکاردەهێنرێت بۆ ناشیرنکردنی ناوبانگی فەلسەفە، کاتێك مرۆڤ دوورتر لەوە ناڕوات کە بڵێت کۆمەڵە فەلسەفەیەکی جیاواز هەیەو لەگەڵ ئەمەشدا لافی ئەوەش لێدەدات کە تاکە فەلسەفەیەك هەیە کە حەقیقەتمان پیٚ بڵێت، دوای ئەمەش بەردەوام بێت و بڵێت راستییەکانی فەلسەفە جگە لە کۆمەڵە رایەك هیچی تر نین، ((راش)) واتە بیرۆکەیەکی رۆتین و راگوزەر، دەکرێت سیفەتی ((راگوزەری)) لەو گوتەیە کە رای من یان مۆڵکی منە، ئەمە بیرۆکەیەکی تایبەت بە منە، هەر لەبەر ئەمەش هەمەکی نییە.

ئاسانترین و نزیکترین بیرۆکە لە مێژووی فەلسەفەدا ئەوەیە کە ئەو بیر و چەمکانە بگێردرێتەوە کە گەلەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە بارەی خواو جیهانەوە هەیانبووە، گەر ئەم بیرۆکەیەمان قبوولکرد، ئیتر نابێت ئەوە رەتبکەینەوە کە مێژووی فەلسەفە لە کۆمەڵە بیر و بۆچوونێك پێکهاتووە لە بارەی خواو جیهان و شتەکان و ئەم مێژووەش هەڵدەستیٚ بە ئامادەکردنی ئەم بیرانە لەبەردەم ئێمەدا لە شێوەگەلێکی زۆر و جیاوازدا. بەڵام واتای دوورتری ئەم بیرۆکەیە ئەوەش دەگەیەنیٚ کە مێژووی فەلسەفە جگە لە کۆمەڵە راو بۆچوونێك هیچ

[44] ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کانت. بەراوردیکە بە: ((المنهج الجدلي)) ص ١١٨ مكتبة مدبولي بالقاهرة، ((موسوعة العلوم الفلسفية)) فقرة ٤٠ ومابعدها (المترجم).



شتێکی تر ناخاتە بەر دەستمان و جگە لەم رایانەش بە هیچ شتێکی تر ئاشنامان ناکات. ئەو شتەش کە رووبەڕووی رای راستەوخۆ دەبێتەوە، حەقیقەتە، لە کاتی رووبەڕووبوونەوەشدا پەرش و بڵاودەبێتەوە و نامێنیٚ. بەڵام حەقیقەت روویان لیٚ وەردەگێڕیٚ. ئەوانەی کە لە مێژووی فەلسەفەدا تەنها لە راو بۆچوون دەگەڕێن و پێیان وایە لەم مێژووەدا جگە لە کۆمەڵە رایەك هیچی ترنییە. ئالێرەدایە ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی فەلسەفەکە رووبەڕووی دوو نەیاربێتەوە:

یەکەم: لە رابردوودا خود پارێزی ((التقوى)) بوو کە بانگەێشتی ناتەوانایی عەقڵ یان بیری کردووە، ئەوەشی راگەیاند کە عەقڵ توانای زانینی حەقیقەتی نییە. زۆر جار ئەوە راگەیەنراوە، ئێمە بۆ ئەوەی بگەین بە حەقیقەت دەبێت سەرکۆنەی عەقڵ بکەین و عەقڵ هەردەبێت ملکەچ بێت بۆ دەسەڵاتی ئیمان. چونکە گەر وازیان لە عەقڵ هێنا هەر خۆی بەتەنیا بێت. هەروەها بیرکردنەوەی راستەوخۆش، ئەوا خەڵکی بەرەو گومڕایی رێبەری دەکات و هەڵیاندەداتە ناو گومی گومانەوە. دواتر ئێمە لە پەیوەندی فەلسەفە و مێژووەکەی بە ئایینەوە دەکۆڵینەوە.

دووەم: بەڵام نەیاری دووەم ئەو گوتەیە کە دەڵێت عەقڵ دژی ئیمان و دژی بیرە ئایینییەکان و ئەو بیرانەش کەماونەتەوە. هەوڵی ئەوەش دەدات کە مەسیحییەت وا لێبکات کە عەقڵی بێت. خۆیشی لە پلەیەکدا داناوە کە لەو بالاترە، دوای ئەمەش لافی ئەوە لێدەدات کە تەنها بەرچاوڕوونی و بڕوا هێنانی مرۆڤ دەتوانن هەموو جۆر پابەستبوونێکی لەسەر لادەن کەوای لێبکات دان بەهەر شتێکدا بێنێت کە هەقە، لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر مافەکانی عەقڵ بەوە سەرەو ژێر دەبێتەوە کە دەگەین بەو ئەنجامەی دەڵێت عەقڵ بیٚ دەسەڵاتە لەوەی کە بزانێت حەقیقەت چییە. ئەم عەقڵە -بەناوی عەقڵی بیرکەرەوە بەو زەبرەی کە هەیەتی- جەنگێکی وێرانکەرانە دژی ئایین بەرپادەکات، دوای ئەمەش لە خۆی هەڵدەگەڕێتەوە و لەو کاتەشەوە دەبێتە دوژمنی عەقڵ کە وادەزانێت هەست و شعوور و بڕواهێنانی کەسی —واتە ئەم توخمە خودیانە- ئەو پێوانەیەن کە بۆ خێری مرۆڤایەتی دەشێن. لە کاتێکدا ئەم مەیلخوازییە خودییە لەوە زیاتر نابێت کە کۆمەڵە رایەك بێت. بەم شێوەیە دەبینین ئەم عەقڵە وا لە راو بۆچوون دەکات کە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤەوە، بڕوای خودپارێزی لە لای خۆیەوە پێیوایە کە ناکرێت عەقڵ بگات بە حەقیقەت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمەشی بۆ زیاد دەکات کە مەحاڵە ئێمە بە حەقیقەت بگەین.

ئێمە -یەکسەر- لەگەڵ ئەم تێڕوانینانە تووشی تەنگ و چەڵەمە دەبین، کەلتووری گشتی سەردەمەکەمان ئەو مەسەلە بنەڕەتییەی سەلماندووە کە پوختەکەی ئەمەیە، ناکرێت حەقیقەت

بزانرێت. ئێمە دەبێت وا لەم بۆچوونە بڕوانین کە سیمایەکە لە سیما دیارەکانی سەردەم. دوای ئەمەش خەڵکی -تەنانەت لە تیۆلۆجیاشدا Theology- لەناو بیرو باوڕو لەناو داننان بە ئیماندا بە شوێن حەقیقەتدا ناگەرێن و چیتر لەناو هەموو ئەم بوارانەدا گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا نابێتە بناغە و بنچینە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر کەسێك دەڕوات و بیر و باوەڕ و کەنیسە و ئیمانێك بەپێی باوڕی کەسی خۆی دادەنێت، داخوازیٚ لە زانستە تیۆلۆژییەکاندا تەنها لە گۆشەنیگایەکی مێژووییەوە نەبووە و بەس، بەڵکو داخوازییەکە لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی کورتکراوەتەوە، وەکو ئەوەی شتێکی تر نەبێت پێی هەڵسێت جگە لە زانینی را جیاوازەکان، چونکە لێکۆڵینەوە لە حەقیقەت چیتر پێشنیارنەکراوە و ئەمە جگە لە کۆمەڵە گفتوگۆیەکی خودی شتێکی تر نییە. تەنانەت بیر و باوەڕی مەسیحی وای لێهات کەوا سەیر بکرێت تەنها کۆمەڵە رایەکە و ئیتر حەقیقەت چیتر ئامانج نییە.

راستە فەلسەفە -لە گۆشەیەکی خودیانەی کرۆکیانەی رەهاوە- بە باڵای بڕوا هێنانێکی کەسیدا هەڵدەدات وەك دواچارەسەر، بەڵام جیاکاری لە نێوان ئەوەدا هەیە کە باوەڕهێنان جگە لە بناغەیەکی خودی تایبەتی وەك هەستەکان و شعوورەکان و بە بیرهاتنی خێرا... هتد واتە لایەنی کەسی بەشەکی مرۆڤ پشت بەشتێکی تر نەبەستێت، لەگەڵ ئەوەدا گەر هاتوو بڕواهێنان سەرچاوەی لەبەر چاوڕوونی بە سروشتی شتێك و مەعریفە بەو بابەتەی کە لێی دەکۆڵێتەوە سەرچاوەگرت، ئەوا لە هەردوو بارەکەدا بڕواهێنانی تاکەکەسی بەشەکی مرۆڤ جگە لە راو بۆچوون هیچی ترنییە، ئەمە لەوەوەیە کە چیتر حەقیقەت ئامانجی نییە.

بەم شێوەیە ئەو لێکدژیەی نێوان حەقیقەت و را کە لەم سەردەمەی ئێمەدا باو و بڵاو و تەواو دیارە، بەڕوونی دەردەکەوێت، هەر ئەمەشە کە لە مێژووی فەلسەفەدا بە ئاشکرا دەیخەینە بەر چاو و دەیبینین، بۆ نموونە لەو ماوەیە بەرابیانەی وەك سەردەمی سوکرات و ئەفلاتوون کە لە ژیانی یۆنانیدا سەردەمی خراپە و بەدی بووە، دەبینین ئەفلاتوون ((را)) لە ((مەعریفە)) جیادەکاتەوە. ئەمەش هەمان لێکدژییە کە لە رمانی کۆماری رۆمانی و روخانی ژیانی سیاسی و گشتی لە سەردەمی ئۆگسدا Augustas[45] دەیبینین. هەروەها ئەو ئەنجامەش کە لەسەری دروستبوون وەك

[45] ئۆگستۆس Augustus (٦٣پ.ز-١٤ ز): یەکەم ئەباترەی رۆمانیە (٢٧ پ.ز-١٤ ز)، ناوەڕاستەقینەکەی ئەکتافیوسە، ئۆگستۆس نازناویەتی و ساڵی ٢٧ پ.ز بەسەریدا براوە. سەردەمەکەشی سەردەمی گواستنەوە بوو لە کۆماریەتەوە بۆ ئیمپراتۆریەت. (المترجم).



سەرهەڵدانی رێبازی ئەپیقۆری Epicureanism [46]وەك جۆرێك لە گویٚ نەدان و فەرامۆشکردنی فەلسەفە. دەتوانین هەمان شت لە بارەی ئەوەشەوە بڵێین کە مەسیح وتوویەتی ((بۆ ئەوە هاتووم بۆ جیهان تاشایەتی لەسەر هەق بدەم، هەر چیش هەق بێت دەنگی من دەبیستیٚ))[47] بیلاتسیش لێی دەپرسێت ((هەق چییە؟))[48] بیلاتس ئەم دەستەواژەیەی بە لووتبەرزی و جۆرێك لە قووڵییەوە وت، کە ئەوەی دەگەیاند بیرۆکەی هەق کاتی بەسەرچووە و دەستمان لیٚ شوشتووە و تێمان پەراندووە، چیتر شایستەی بایەخ پێدان و بە دواداچوون و پرسیار نییە و چیتر زانینی حەقیقەت و گفتوگۆکردنی هیچ کەڵکێکی نییە.

ئێستا گەر لەو دیدەوە سەیری فەلسەفەمان کرد کە گریمانەی ئەوە دەکات ناکرێت حەقیقەت بزانرێت و عەقڵی بیرکەرەوەی ئێمەش هیچ شتێکی تر جگە لە راو بۆچوون بەرهەم ناهێنیٚ -مانای ئەمەش ئەوەیە کە ئەم مێژووە بیٚ ئەندازە سادە دەبێتەوە: خۆ خەریککردن بە زانینێکی رووتی راکانەوە، واتە خۆ خەریکردن بە شتە تایبەتەکانی خەڵکانی ترەوە. را شتێکی تایبەتە بە من و موڵکی منە و موڵکی کەسێکی تر نییە، هەموو کەسێکیش رای تایبەت بە خۆی هەیە، دوای ئەمەش را تایبەتمەندییەکی گەردەنگیر دەنوێنیٚ، بەڵام تایبەتمەندییەکانی خەڵکی تر بە من نامۆن و لە دەرەوەی مندان، ئەمەش مادەیەکی مێژووی پوختە یان مادەیەکی مردووە. لەم حاڵەتەشدا مێژووی

[46] ئەپیقۆریەت Epicureanism: رێبازێکە و فەیلەسووفی یۆنانی ئەپیقۆر (٣٤١-٢٧٠ پ.ز) دایمەزراندووە. وتوویەتی چێژ (یان خۆشبەختی) ئامانجی ژیانی مرۆییە، هەروەها باوەڕیشی بە مەیلخوازی هەستەکی لە مەعریفەدا هەبووە، هەروەها مەیلخوازی مادی لە سروشتدا و ئەوەش کە کۆتایی بە بەتاڵ بوونەوە لە خەم و خەفەت دێت و دەگاتە حاڵەتی ((الاترکسا Ataraxia)) ئەم فەیلەسووفە دوای ئەوەی ئەوەی دنیابینییەکی دروستی بۆ شتەکان دەستدەکەوێت، دەگاتە بەم حاڵەتە، هەروەها ئەو قسەشی لەسەر ئەوە کردووە کە لێکدژی دروستی لەسەر ئەو ترس و بیمە هەیە کە دڵ و دەروونی مرۆیی پڕدەکات لە دڵەراوکێی بەردەوام لەسەر ئەم هەموو ترسەشەوە: ترس لە مردن هەیە. لەوانەیە لێرەدا هیگڵ ئاماژە بە لۆکرێتۆس Lucretius بدات کە قوتابی ئەپیقۆرە (٩٩پ٠ز- ٥٥ پ.ز) و شاعیر و فەیلەسووفێکی لاتینییە کە فەلسەفەکەی خۆی لە قەسیدەیەکی درێژدا بە ناویشانی ((لەبارەی سروشتی شتەکانەوە)) نوسیووە و ئامانجیشی ئەوە بوو کە خەڵك لە خورافات و لە بیرۆکەی خۆ هەڵقورتاندنی خوا لە کار و بارە مرۆییەکاندا رزگار بکات. (المترجم).

[47] انجیل یوحنا، الاصحاح الثامن عشر: ٣٧. (المترجم).

[48] انجیل یوحنا، الاصحاح الثامن عشر: ٣٨. (المترجم).

فەلسەفە دەبێت شتێکی رووکارانە و بێزاکەرو بێ تاقەتکەر، دەبێتە شتێکی زیادە و خاڵی لە چێژ یان سوود، کەسیش جگە لە لێکۆڵەرەکان بایەخی پێنادات، چونکە من هیچی تیاشك نابەم بارستەیە لە درێژدادڕی بێ مانانەبێت و بابەتێکی بەتاڵ نەبێت، کە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە و منیش هیچ پەیوەندیەکم بەوەوە نییە. هەر کەسێکیش بە مادەیەکی لەم جۆرەوە سەرقاڵ بێت و بەم بێ مانابیە تێربێت و رازی بێت، خۆیشی جگە لە کەسایەتیەکی بێ مانا شتێکی تر نییە.

گەر و اسەیری مێژوومان کرد جگە لە کۆمەڵە راو بۆچوونێکی رواڵەتانە زیاتر هیچی تر نییە، ئەوا پێویستمان پێی نابێت و هیچ سودێکیشی نییە و کەسیش گرنگی پێنادات، جگە لەو زاناو لێکۆڵەرانە نەبێت کە لەناو زانستدا مەلەدەکەن و قووڵدەبنەوە، مەلەکردن و قووڵبوونەوەو فرەزانیش واتە زانینی شتانێکی سەیر و سەمەرە، زانینی پاشماوەکانیش بە بەرزترین پلەی فرەزانی و قووڵبوونەوە دادەنرێت، سەر قاڵبوون بە بۆچوونی خەڵکانی ترەوە هیچ سوودێك بە گیان ناگەیەنێ و هیچ پەیوەندییەکیشی بە لێکۆڵینەوەی حەقیقەتەوە نییە، کە پێویست بوو ئێمە فەلسەفە جیاواز و هەمەرەنگەکان بە کۆمەڵە راو بۆچوونێك بزانین، ئەوا لەناویدا چیتر نەچێژێکی راستەقینە دەکەین و نەبایەخدانێکی راستەقینەشمان دەبێت.

گەر ئێمە بەم شێوە مێژووی فەلسەفەمان وێناکرد، ئەوا گریمانەی سوودێکی دوور دەستی تیادەکرێت و ئەوەش کە لێی دەکەوێتەوە شتێکی تر دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە ئێمە وادابنێین کە لێیەوە ئاماژە بەوە دەدەین کە کۆششێکی بێ هوودەیە و هیچ شتێکی لەو جۆرەی لە بارەدا نییە کە ئێمە هەوڵبدەین لە رێگەی بیرەوە پەی بە حەقیقەت بەرین. ئائەمەیە کە شیشرۆن Cicero[49] لە مێژووە نارێك و پێکەکەیدا بۆ بیرە فەلسەفییەکان لە بارەی خواوە دەیلێت -راستە

[49] شیشرۆن Cicero فەیلەسووف و گوتاربێژ و سیاسییەکی رۆمانیە ساڵی ١٠٣ پ.ز لە دایکبووە و لە دیسەمبەری ساڵی ٤٣ پ.ز مردووە (لە بە جیاوازی سیاسی سەربازەکانی ئەنتۆنیوس دەیکوژن). راو بۆچوونی فەلسەفی رەسەنی نییە و خاوەنی رێبازێکی داهێنراویش نییە، گرنگیەیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ توانای خستنەڕووی بیرو راو رێبازە فەلسەفییە یۆنانییەکانی بۆ خوێنەری رۆمانی، بەشێوازێکی سەرنجراکێشەرە و پرشنگدار. (المترجم).



ئەو ئەمە دەخاتە سەر زمانی کەسێکی ئەپیقۆری[50]، بەڵام خویشی شتێکی باشتر لەمەی نییە کە لە بارەی بابەتەکەوە بیلێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خۆی خاوەنی رایەکی جیاواز نییە. ئەپیقۆرییەکە دەڵێت: ((مەحاڵە بگەین بە بۆچوونێکی دیاریکراو لە بارەی ئەوەوە کە خواییە، هەر لەبەر ئەمەش ئەو هەوڵەی کە فەلسەفە دەیدات هەوڵێکی بێ هودەیە و هیچ ئاکامێکیشی نییە)) ئەو دەرئەنجامەش کە لە کۆتاییدا مێژووی فەلسەفە پێیدەگات روون و ئاشکرایە و ((هەمەڕەنگیی فەلسەفەکان و فرەیی بیر و بۆچوونەکان کە هەریەکەیان دژی ئەوی تر هەڵدەگەڕێتەوە و لە رووبەڕووبوونەوە و رەتکردنەوەیدایە، ئەمە واقیعێکەو ناکرێت ئینکاری بکەین، هەر ئەمەش وەك بناغەیەك بەشێوەیەکی زۆر بڵاو وەکو حەقیقەتێك بۆ بەڵگەکاری لەسەر ئەوە بەکاردەبرێت، کە مێژووی فەلسەفە زرو نەزۆرکە و هیچ ئاکامێکیش لە خودی فەلسەفەدا نییە)). ئەمە وا دەردەکەوێت کە پاساو بێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو هاندەریش بێت بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەکەی مەسیح ((شوێنم کەون و واز لە مردووان بهێنن تامردووەکانیان بنێژن...))[51]. بەم شێوەیە سەراپای مێژووی فەلسەفە وادەردەکەوێت کە مەملەکەتێکە نەك هەر بۆ ئەو کەسانەی کە بە جەستە مردوون و نەماون، بەڵکو بۆ ئەو خەڵکەش کە بە گیان مردوون و نێژراون. لەم حاڵەتەدا پێویستە دەستەواژەی ((شوێن خۆت بکەوە)) بخەینە شوێنی ((شوێنمکەوە)). ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە لەسەر باوەڕی کەسی خۆت سووربە و بە رای خۆتەوە پابەستبە، چونکە کەسێکی تر لەوە زیاتر نەرۆشتووە کە تۆ رۆشتووی. بە تەواوەتی ئەمە مانای دژی بانگەوازەکەی مەسیحە بۆ بایەخ نەدان بە مردووەکان، بەڵام گەڕان بە شوێن مەملەکەتی خوادا لەناو خۆتایە، بەوەی کە خۆت بڵاوێنیتەوە و لەناو دڵتدا بگەڕێیت[52]. مەسیح دەڵێت: ((گەر کەسێك ویستی لەدوامەوە بێت، ئەوا دەبێت

[50] شیشرۆن ئەم دەستەواژە لەکتێبەکەیدا باسدەکات، بەناوی ((لەبارەی سروشتی خواکانەوە Natura Dearum)) کتێبی یەکەم، بڕگەی ١. هوفیمستر -من تعلیقات نوکس حاشیه رقم ١ ص ٦١. (المترجم).

[51] انجیل متی: الاصحاح الثامن: ٢٢ -من دەستەواژەیە مەسیح بۆ یەکێك لە قوتابییەکانی باسدەکات و کاتێك کە دەڵێت: ((گەورەم، رێگام پێبدە تابڕۆم یەکەمجار باوکم بنێژم))... (٢٢)، لێرەدا مانایەکی دووسەرە لە گوزارشتەکەی مەسیحیدا بۆ وشەی ((مردووەکان)) هەیە، ئەو مەبەستی ئەوەیە واز لەو مردووان ((کە بە گیان مردوون)) بهێنێ تا ئەو مردووە جەستەییە بێژن جاشوێنم کەوە. (المترجم).

[52] ((کاتێك فریسیۆنەکان لێی دەپرسن: کەی مەلکوتی خوا دەگات، ئەو وەڵامیان دەداتەوە: مەڵێن ئا ئەوەتا، چونکە مەلەکوتی خوا لەناوتدایە)) انجیل لوقا الاصحاح السابع عشر: ٢١. (المترجم).

خۆی ببوغزێنیٚ...))[53]. هەر کەسیش خۆی بوغزاند یان دەستی لە خۆی بەردا ئەوە دەستی لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بەرداوە و دەستی لە راو بۆچوونی کەسی خۆی بەرداوە.

راستە کاتێك کە فەلسەفەیەك دروستدەبێت دەڵێت خەڵکی رێیان نەبردووەتەوە سەر حەقیقەت، فەلسەفە تەنها ئەوە ناخوازێت کە لە کۆتاییدا تاکە فەلسەفەیەکی هەقە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەستدەدات کە لە فەلسەفە نوێکاندا هەیە. یان بەوشەکانی پۆڵسی پەیامبەر بۆ حەنانیا[54] ((بڕوانە ئەو پێیانەی کە تۆیان هەڵگرتووە لە دەرەوەی دەرگاکەن....))[55] واتە ئەو فەلسەفەیەی کە جێت پیٚ چۆڵ دەکات و شوێنەکەت دەگرێت، زۆر دواناکەوێت.

گەرمانەوێت زیاتر لە تێگەیشتنی ئەم دیدە لە بارەی فەلسەفە جیاوازەکان نزیك ببینەوە، نابێت لەمە زیاتر بە دوای جیاوازی نێوان فەلسەفەکان و ئەو لێکدژیەدا بڕۆیین کە لە نێوان یەکبوونی حەقیقەت و عەقڵدا هەیە. لە کاتێکدا کە عەقڵ یەکەو حەقیقەتیش یەکە زانینی حەقیقەتیش یەکەو عەقڵی بیرکەرەوەش یەکە، بە هەمان شێوە فەلسەفەش یەکە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فەلسەفەی هەمەڕەنگ و جیاوازیش هەیە. من دەمەوێت تیشکێك بخەمە سەر فرەیی و هەمەڕەنگی

[53] انجیل لوقا الاصحاح التاسع:٢٣.

[54] نۆکس ئاماژەی بەوەدەدات کە هیگڵ بە بەزمەکەی خۆی زۆر لە وەرگرتەکاندا ورد نییە و زۆر جار پشت بە یادەوەری دەبەستیٚ: ئەم دەقە نە لە وشەکانی پۆڵسی پەیامبەرە، نەهی حنانیایە بەڵکو گوزارشتێکە کە بوترس بۆ ((نیردراو))ی ژنەکەی حنانیا باسی دەکات! (المترجم).

[55] ئەم دەستەواژەیە زۆر ورد نییە، چیرۆکەکە ئەمەیە، کە بوترسی پەیامبەر خێر بۆ ئەو مەسیحییانە کۆدەکاتەوە کە لە ململانێیاندا لەگەڵ رۆمانەکان شەهیدبوون، لەگەڵ حەنانیا لەسەر ئەوە رێك دەکەوێت، کە پارەی ئەو کێڵگەیەی بداتیٚ کە فرۆشتبیوویەتی: ((بوترس بە حەنانیا دەڵێت، ئەی حەنانیا بۆ شەیتان لە دڵتا هێلانەی کردووەو درۆ لەگەڵ گیانی پیرۆزدا دەکەیت و فرت و فێل لە پارەی کێڵگەکەدا دەکەیت؟ دەکەوێت و دەمرێت، شوێنکەوتەکانی بوترس هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی بینێژن: ((دوای سیٚ سەعات وادەبێت کە ژنەکەی بێتەوە ماڵ و ئاگاداری ئەوە نەبێت کە روویداوە، ئایا بەم نرخە کێڵگەکەتان فرۆشتووە؟ دەڵێت: بەڵیٚ بەو نرخە)). ئالێرەدایە بوترس ئەو دەستەواژەیە دەڵێت کە هیگڵ لە یادەورەی خۆی وەریدەگرێت. لە دەقەکەشدا بەم شێوەیە هاتووە ((ئەوەتان ئەو پیاوانەی کە پیاوەکەتیان ناشت و تۆش بەرەو دەرەوە راپێچ دەکەن، ژنەکە یەکسەر لەبەر پێیدا دەکەوێت و دەمرێت.... هتد)) اعمال الرسل الاصحاح الخامس :٣-١٠، ئەمە لە رووبەڕبوونەوەی فەلسەفەیەکی = نوێدا وتراوە، تا لەو لە خۆبایی بوون و شانزیکردنەی بەوە کە تاکە فەلسەفەیەکی راستە کەم بکاتەوە. هەروەك چۆن فەلسەفەکانی تر جێیان لەقکرا، بەهەمان شێوە ئەم فەلسەفەیەش جێگەی لەقدەکرێت. (المترجم).



فەلسەفەکان و وا لە و لێکدژییە بکەم کە ئاشکراو روون بێت. هەر لەبەر ئەمەش من دەروازیەك یان پێشەکییەك بۆ توێژینەوەی پەیوەندی فەلسەفە جۆر بەجۆرەکان لەگەڵ تاکە فەلسەفەیەکدا دەهێنمەوە. دواتر ئەمە لە هەموو حاڵەتە جیاوازەکانی نێوان مێژووی فەلسەفەو فەلسەفە خۆیدا رووندەبێتەوە. بەم رێگایە دەبینین فرە جۆری فەلسەفەکان زەرەر بە فەلسەفە و توانای فەلسەفە ناگەیەنیٚ، بەڵکو شتێکە بۆ بوونی فەلسەفە زۆر پێویستە. گەر ئەمەمان زانی ئەوا پێویستە لەو گوتەیەوە دەستپێبکەین کە دەڵێت ئامانجی فەلسەفە زانینی حەقیقەتە، یان ئەوەیە بە تێگەیشتنێکی سەراپاگیر لە رێگەی بیرەوە لێی تێبگات. بەم شێوەیە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە راو بۆچوونی کەسیەوە نابێت، ئێمە لە فەلسەفەدا -کە لەم مێژووەشدا هەمان حاڵەتە- بایەخ بەوە نادەیین کە تێپەڕیووە و بەسەر چووە، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ بیرە فەلسفیەکاندا دەکەین، لەم بیرانەشدا تائێستاش هەر گیانمان ئامادەیە.

هەر دەبێت پێشتر گریمانەی ئەوە بکەین و خۆمان بدینە دەست ئەوەی کە بابەتی فەلسەفە (یان ئەوەی کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە) لە هەموو شتەکانی تر هەمەکیترە، یان خۆی هەمەکییە هەر چەندە لە رواڵەتدا وادەردەکەوێت کە بەشەکییە. بابەتی فەلسەفە بە شێوەیەکی رەها هەمەکی و هەتاهەتاییە و بوونێکی خودایانەیە لە خۆیدا و بۆ خۆی. ئێمە دەتوانین سەر ژمێری ئەو بابەتانە بکەین کە فەلسەفە لێیان دەکۆڵێتەوە لەوانە: خوا، جیهان، گیان، دەروون، مرۆڤ. بەڵام گەر ویستمان لەمەدا وردبین ئەوا دەڵێین بابەتی فەلسەفە تەنها خوایە، یان ئامانجەکەی ئەوەیە کە خوا بناسێت، ئەمە بابەتێکە لەگەڵ ئاییندا پێکەوە هاوبەشی تیادەکەن بەڵام لەگەڵ یەك جیاوازیدا، ئەویش ئەوەیە: کە ئایین بەشێوەیەکی نواندنکارانە ئەم بابەتە چارەسەردەکات لە کاتێکدا فەلسەفە دەیکاتە بابەت بۆ بیری خۆی و هەوڵدەدات بە تێگەیشتنێکی سەراپاگیر لێی تێبگات.

ئەوەی کە مێژووی فەلسەفە دەیخاتە پێش چاوی ئێمە دەستکەوتەکانی عەقڵێکە کە بیردەکاتەوە. بەڵام مێژووی جیهانی سیاسی بەو شێوەیەی کە دەیەوێت لە دەستکەوتەکانی عەقڵ دەکۆڵێتەوە. یان لەوە دەکۆڵێتەوە کە دەوڵەتە گەورەکان و پیاوە مەزنەکان پێی هەڵساون، ئەمەش ئێمە تەنها ئەوەندەی لێوە فێردەبین کە عەقڵ چۆن لە دامەزراندن و گەشەکردن و دارِمانی دەوڵەتدا خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام مێژووی هونەر لێکۆڵینەوە لەو شێوانەی خەیاڵ دەکات کە بیرەکان دەیهێننە بەردەم پەیبردنی هەستەکی، بەڵام مێژووی فەلسەفە لە شێوەی بیرکردنەوەدا لە بیرەکان دەکۆڵینەوە، ئەم مێژووە بیرکردنەوەیەکی هوشیارانە نمایشدەکات، پاڵەوانەکانی بیر-بیری پوخت- دەهێنێتە

بەردەممان تا لە دەستکەوتەکانیان رامێنین ئەم دەستکەوتانەش چەند کەمتر مۆرکی بەشەکیی کەسیی نوسەرەکە -کە کارەکەی پێ مۆرکدەکات- پێیەوە دیار بێت، ئەوەندە چاکتر و بەپێزتر دەبێت، پێویستە بەشەکی لە فەلسەفەدا بزربێت، چونکە بەشەکیی (چالاکی تایبەتی فەیلەسووف) وادەکات کە هیچ بوارێك بۆ بیری پوخت نەمێنێتەوە. بۆت هەیە ئەم بوارە بە بوارەکانی تر بەراورد بکەیت، دواتر دەبینیت پێویستە واسەیری بکەیت کە لەوانیتر خانەدان تر و چاکترو ناوازە ترە. بیرکردنەوە ئەو چالاکییەیە کە مرۆڤ جیادەکاتەوە چالاکیی هزری مرۆڤ لە هەموو شتێکدایە، بەڵام بۆ نموونە لە هەست و سۆزەکاندا: لە پەیبردنی هەستەکی ویست و خەیاڵکردندا بە بیرکردنەوەیەکی پوخت بیرناکاتەوە، چونکە بیرکردنەوەی پوخت لە فەلسەفەدا نەبێت سەرناگرێت، ئالێرەدایە کە بیرکردنەوە ئازاد و خۆ رزگارکەرە لە هەموو دیاریکردنە سروشتییەکان و لە هەموو تایبەتمەندییەکان و شتە لاوەکییەکان. ئا ئەمەیە ئەو شتە بنچینەییەی کە دەمانەوێت لە حیکمەتەکەی خۆیدا هەڵیسورێنێ.

بینا لەسەر ئەمە دەستەکەوتەکانی عەقڵێك کە بیردەکاتەوە جەربەزەکاری نین، نەك هەر ئەمە بەڵکو مێژووی جیهانیش لە چیرۆکی جەربەزەییەکان ناچێت و کۆمەڵە کار و رووداوێکی رووکەشانەنیە و رووکەشکاریش فەرەمانرەوای ناکات و رێککەوتیش بەسەریدا زاڵ نییە. کۆمەڵە رووداوێکیش نییە کە کۆمەڵە جەربەزییەکی تیابێت و سوارە گەڕیدەکان پێی هەڵسابن[56] کاری ئەو پیاوانەش نییە کە شەڕە بێهودەکان هەڵدەگیرسێنن و هەرچی توانای خۆیانە بە فیرۆی دەدەن و خۆیان دەکەنە قوربانی لە پێناو کۆمەڵە کارێکی بێ مانادا، ئەم حاڵە هەمان حاڵی مێژووی فەلسەفەشە، بەوەی کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ راو بۆچوونی کەسی و بۆ خەو و خەیاڵ... هتد، کە هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی و بەپێی بیری تایبەتی خۆی دایدەهێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە پێویستە لێی بکۆڵێتەوە چالاکی پوخت و زەرووری گیانە. چار نییە هەر دەبێت بۆ هەموو جووڵەیەك لە بیرکردنەوەی گیان زنجیرەیەکی زەرووری و کرۆکی هەبێت. بەم ئیمانە بە گیانی جیهان پێویستە دەست بە لێکۆڵینەوەی مێژوو بکەین بە تایبەتیش مێژووی فەلسەفە.

دەبێت دوای ئەمە لە خەیاڵکردنەکان و بەرهەمەکانی تری گیان رامێنین. پێشتر لەوە دوام کە مرۆڤ بیردەکاتەوە، بیرکردنەوەش بەپێی ئەو سروشتەی کە هەیەتی شتێکی کرۆکییە. سەرەڕای ئەوەش کە

(56) Knights-errant: کۆمەڵە سوارێك بوون بۆ جەربەزەیی و سوار چاکی و پاڵەوانیەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە وڵاتدا دەگەڕان. (المترجم).



بیر دوا ئەنجامی فەلسەفەیە، بەڵام بیر هەردەبێت مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێکی تردا بکات کە ئەوانیش بەرهەمەکانی و دەستکەوتەکانیەتی. ئایین و هونەرو دەستور و یاساکان... هتد. بەهەمان شێوە بەرهەمی گیانی بیرکەرەوەن، بەڵام دەبێت بیانخەینە دەروەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان. پاشان ئەو پرسیارەی خۆی لە بەردەمماندا راست دەکاتەوە ئەمەیە: ئەوە چییە کە بابەتەکان لە بەرهەمەکان جیادەکاتەوە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان دروستدەکات؟ چەند پەیوەندیەکی مێژووی لە نێوان فەلسەفەی سەردەمێك و ئایین و سیاسەت.... هتد لە هەمان سەردەمدا هەیە؟

دواتر لە دەروازەکەدا ئەم دوو خاڵە باس دەکەین، تاوەکو بزانین دەبێت چۆن لەم وانانەدا لە مێژووی فەلسەفە بچینە پێشی. ئەم دوو خاڵەش رەگ و ریشاڵی خاڵێکی جێگیری تایبەت بە دابەشکردنی بابەتەکە و شوێنەواری گشتی رووی مێژووە وەك هەمەکییەك. من خۆم بەم تێرامانە دەرەکیانەوە خەریك ناکەم کە لەبارەی مێژووی فەلسەفە و کەڵك و رێگا جیاوازەکانی توێژینەوەی ئەم مێژووەوە هەن، دواتر هەر بە خۆی کەڵکەکەی دەردەکەوێت.

لە کۆتایشدا زۆر بە خێرایی چاوێك بەسەرچاوەکانی ئەم مێژووەدا دەخشێنم، چونکە عورف و عادەت بەم رێڕەوەدا دەمانبات. دەروازەکەش تەنها یەك مەبەستی هەیە، ئەویش ئەوەیە بیرۆکەیەکی لە بارەی ئەو مەبەستەوە کە بۆی دەڕۆین بە خوێنەر بدات. ئەو بیرۆکەش کە پێویستە لێرەدا پەرەی پێبدەین هەر خودی بیرۆکەی سەراپاگیر خۆیەتی. لێرەدا ناتوانین بەڵگە بۆ ئەم بیرۆکە سەراپاگیر بهێنینەوە، (لەبەر ئەوەی لە خۆیدایە و بۆ خۆیەتی) بۆیە لە فەلسەفەدا نەبێت (واتە لە لۆژیکدا نەبێت) بەڵگەی لەسەر دروستناکرێت، هەروەها دەتوانین بەشێوەیەکی باش و بەجێ بخەینەبەر دەست، بەڵام دەبێت بەو بیرانەوە گرێی بدەین کە خەڵکی رۆشنبیری پێیان ئاشنایە و دەیانزانێت، بەڵام ئەمە فەلسەفە نییە، بەڵکو ئەمە تەنها بەشداری کردنە لە روونکردنەوەدا.

دوا ئەمەش ئەوەی کە بە پلەی یەکەم دێت چەمکی مێژووی فەلسەفە و ئامانجەکەیەتی، بەڵام پەیوەندی فەلسەفە بە بەرهەمەکانی تری گیانەوە، وەك هونەر و ئایین و رێکخراوە سیاسییەکان... هتد بە تایبەتیش پەیوەندی لەگەڵ مێژوودا دەکەوێتە پلەی دووەمەوە.

## یەکەم: چەمکی مێژووی فەلسەفە

ئەوەی کە لێرەدا لێی دەکۆڵینەوە زنجیرەیەکە لەو شێوانەی کە (بیر) وەریان دەگرێت، ئەمەش یەکەم رێگایە و روکەش ترین رێگاشە کە فەلسەفەی مێژوو تیایدا دەردەکەوێت و یەکسەریش پێویستی بە زانینی ئەو ئامانجەیە کە پێیەوە گرێدەدرێت، لەگەڵ زانینی ئەو هەمەکییەی کە بە بەندکەرێکی توند و شێوە جۆراو جۆرە لەناو ئەم زنجیرەیەدا ئەو ئامانجە بەند دەکات، ئەم هەمە جۆرییەش لەناو خۆیدا بە یەکبوونێکەوە یان بە یەکیەتییەکەوە پەیوەستە، کە وایلێدەکات لەیەك هەمەکی یان یەك سەراپاگیری هەمەکیدا Totality شێوەگیربێت. لەسەرەتاشدا هەر ئەم شێوەیەیە کە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەماندا ئامانج و مەبەستەکە دروستدەکات، مەبەستیش لەمە بیرۆکە سەراپاگیرەکەیە. کەواتە، ئێمە هەقمانە پێش ئەوەی بچینە ناو درێژەی بابەتەکەمانەوە، ئامانج و بیرۆکە سەراپاگیرەکە لە زەینماندا دابنێین و ئامادەی کەین. هەروەك ئەوەی کە یەکەمجار دەبێت بە گشتی سەیری جەنگەڵێك بکەین پێش ئەوەی یەك بەیەکی درەختەکان بناسین. هەر کەسیش بیەوێت بە پشکنینی درەختەکان دەستپێبکات، پێیانەوە گیرۆدە دەبێت و لە پاکسازی کردنی جەنگەڵەکەدا سەرکەوتونابێت و دواتر رێگەکەی خۆیشی بزردەکات و لەناویدا لەناودەچێت هەمان شتیش بۆ فەلسەفە جیاوازەکان دروستە گەر ئێمە ویستمان لەسەرەتادا یەك یەك دوای ئەوە بەرە ئەوەیان بەرێت کە بیانکات بە پەنگ بیانبینین، ئەوا لەوانەیە درەختەکان هەر خۆیان بن بە کۆسپ لە بەردەم بینینی جەنگەڵەکەشدا، ئەمە بە هەمان شێوە لە فەلسەفەی مێژوودا روودەدات، ژمارەیەکی زۆر لە فەلسەفەکان زۆرجار مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبەن کە لە پەیبردن بە خودی فەلسەفە سەرکەوتوونەبێت و دوای ئەمەش بەرەو شوێنێکی دەبەن کەتیایدا ببێت بە پەنگ.

ئەمە ئەو بناغەیەیە کە ئەم بەڵگە رووکەشە پشتی پێدەبەستێت و بە زمانێکی زانایانەو لێزانانەوە دەدوێت و دەڵێت: مێژووی فەلسەفە نەزۆك و بێ بەرەو ناگات بە هیچ، چونکە هەر فەلسەفەیەك لەگەڵ فەلسەفەکانی تردا دژ دەبێتەوە. کۆی فەلسەفە جیاوازەکان هەر خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چوونە ناو جیهانی فەلسەفەوە کارێکی بێهودە و بێ ئەنجامە. هەر ئەمەشە ئەنجامگیریە باو و بڵاوەکەی و هەر ئەمەش بەرچاو روونی بیرێکی لاواز و پەککەتە کە خۆی وا پیشاندەدات ساغ و سەلامەتە، ئێمە لە شارەزایی رۆژانەی خۆماندا باویەتی ئەو گوتە بازاڕییە دەزانین کە ئەو بیرە نەخۆش وپەککەوتەیە دەڵێت. هەروەك چۆن دەزانین کاتێك کە



((بە رۆژوو دەبین)) دەمودەست یان پاش تۆزێك هەست بە برسێتی دەکەین. بەڵام بیری پەککەوتە خاوەنی بەهرەو لێزانینێکی وایە کە وایلێدەکات لە بەرۆژووبوونەوە بەرەو برسیەتی یان ئارەزووکردنی خواردن نەڕوات، بەڵکو هەر لە جێی خۆیەوە تێربێت. دوای ئەمەش ئەو بیرکردنەوەی بەو جۆرە دەدەوێت خۆی بەوە ریسوادەکات کە کارێکە لە کارەکانی تێگەیشتنێکی مردوو. ئەوە تەنها مردووەکانن کە لە بارەی تێریەتیدا دەمێننەوە گەرچی بە رۆژووش بن! بەڵام ژیانی جەستەیی هەروەك ژیانی گیانە و لەگەڵ بە رۆژووبووندا هەر برسی نابێت. ئەمەش ئەو نەقیزەیە کە دەیخاتە جووڵە و تینویەتییەوە بەرەو حەقیقەت و مەعریفەی حەقیقەت دەبیات و زۆری لێدەکات تائەم برسیەتییەی تێر بکات و ئەوە رەتبکاتەوە کە گەدەی بە ئەنجامگیری پوچ پڕبێتەوە و خۆی تێرکات.

ئەو بابەتە سەرەکییەی کە لەم دەروازەیەدا لێیدەکۆڵینەوە بەم پرسیارەوە گرێدراوە: چۆن دەتوانین ئەو لێکدژییەی کە لە نێوان بوونی حەقیقەت و فرە جۆری فەلسەفەکاندا هەیە راڤەبکەین؟ سەرئەنجامی هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەی کە گیانی مرۆیی داویەتی چییە و چۆن لێتێبگەین؟ بەچ مانایەك پیویستە مێژووی فەلسەفە چارەسەر بکەین؟:

مێژووی فەلسەفە مێژووی بیرێکی عەینی ئازادە، یان مێژووی عەقڵە، بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرە تەنها بە خۆیەوە پەیوەستە و جگە لە خۆیشی بایەخ بە هیچی ترنادات، هەر شتێکی عەقڵانی هەبێت ئەوە دەرئەنجامی بیرکردنەوەیە. بەڵام ئەو بیرکردنەوە رووتە نا کە بیرکردنەوەی تێگەیشتنە بەڵکو ئەو بیرکردنەوە عەینییەی کە بیرکردنەوەی عەقڵە، دوای ئەمەش ئەو پرسیارەی کە پێشتر کردمان پێویستە بە رێگایەکی وردتر پێشنیار بکرێت، واتە بەم شێوەیە: بەچ مانایەك پێویستە چارەسەری عەقڵی بیرکەرەوە بکەین، واتە کامەیە ئەو مەغزایەی کە دەیدەینە پاڵی؟ دەتوانین بەو گوتەیەمان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ناتوانین بە هیچ مانایەك و بە هیچ مەغزایەك بیخەینەڕوو تەنها مانای بیر خۆی نەبێت. یان لەوانەیە بڵێین پرسیارەکە خۆی بە رێگایەکی زۆرخراپ کراوە. ئێمە دەتوانین لە مانای هەرشتێك لە شتەکان بپرسین: لە هونەردا پرسیار لە هەمەکی دەکەین و لە زماندا پرسیار لە مانای وشەیەك لە وشەکان دەکەین، یان لە ئاییندا پرسیار لە خواپەرستی دەکەین یان لە بیرە وێنەکارییەکانی دەپرسین، یان لە بەهای ئاکاری جۆرێك لە هەڵسوکەوت...هتد دەپرسین. لە کاتێکدا مانا لێرەدا (لەم بابەتەی ئێستاماندا) شتێکی تر نییە جگە لەو توخمە کرۆکییە یان چییەتییە یان

هەمەکییەی شتێك، کرۆکی شتێکیش ئەو بیرە عەینییە ناویەتی. بەردەوام لێرەدا خۆمان لەبەردەم دووشتدا دەبینینەوە: یەکەم دەرەکی و دووەم ناوەکی، بە رواڵەت دەرەکی دەکرێت بەشێوەیەکی هەستەکی ببینرێت یان پەی پێببرێت. دوای ئەمەش دروست مانا هەر خۆی بیرە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا بابەتەکەمان خودی بیر خۆیەتی، ئەم دوو شتە لەیەکتری جیاوازنین، چونکە لە راستیدا بیر ماناو مەغزایە بۆ خۆی.

بابەتەکەشمان هەمەکیەتە، هەر لەبەر ئەمەش پرسیارێکمان لە بارەی مانایەکی دابڕاوەوە نییە یان پرسیار لە بارەی مانایەکی واوە نییە کە لە بەبابەتەکەمان دابڕێت. هەر لەبەر ئەمەش مێژووی فەلسەفە مانایەکی تری نییە. هەروەها خاسیەتێکی تر و سروشتێکی تریشی نییە جگە لە بیر خۆی نەبێت. بیر قووڵتر، لەوەی کە دەبێت، باڵاترینی تۆخمەکان و بەرزترینیانە، هەر لەبەر ئەمەش ئێمە ناتوانین دڵنیابین لە دروستی بیرۆکەیەك کە لە بارەیەوە هەیە. ئێمە لە کارێك لە کارە هونەرەییەکاندا دەتوانین رامێنین و بپرسین ئایا شێوە لەگەڵ مانادا هەمئاهەنگە —دوای ئەمەش دەتوانین هەڵوێستێکی باڵاتر لەو وەرگرین، بەڵام مێژووی بیری ئازاد ناکرێت مانایەکی تری هەبێت، یان مەغزایەکی تری هەبێت جگە لە دوان لە بارەی خودی بیرخۆیەوە.

سەرباری ئەمەش، هەر دەبێت کۆمەڵە خاڵێکی دیاریکراومان لە بارەی درێژەدان –بە لایەنێکی زۆر گرنگی– سروشتی بیر هەبن.

هەر دەبێت لێرەدا زنجیرەیەك لە پێناسەکان بێنینەوە، هەندێك لەو بۆچوونە هەمەکی و رووتانە بخرێتەبەر دەست –کە دواتر دەگەڕێینەوە بۆیان. ئەم بۆچوونانەش پراکتیزەی بکەین، تا بیرۆکەیەکی زیندوومان لە بارەی چەمکی مێژووی فەلسفەوە بدەنێ. بەڵام هەموو ئەم چەمکانە لێرەدا جگە لە کۆمەڵە گریمانەیەکی پێشینە شتێکی ترنین، واتە ئێمە بەڵگە لەسەریان ناهێنینەوە و لێرەشدا لە رووی لۆژیکی یان لە رووی فەلسەفیی تیۆری-یەوە چارەسەریان ناکەین– دەبێت ئێمە لێرەدا لە بارەی ئەم بابەتەوە تەنها بە ئاماژەدانێکی مێژوویی رێخۆشکەرانە بەم چەمکانە رازی بین.



## دووەم: کاتیگۆرییە ریخۆشکەرەکان

ئەم کاتیگۆرییانە ئەمانەن: بیر، وێناکردن (بیرۆکەی سەراپاگیری)، بیرۆکە یان عەقڵ، لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم کاتیگۆرییانە

ئەم کاتیگۆرییانەش دیاریکردن بۆ پەرەسەندن و بۆ ئەوەش کە عەینییە. بەرهەمی بیرکردنەوە –و بیر بەو شێوەیەی کە هەیە– چەمکی بابەتی فەلسەفەن. سەرەتا فەلسەفە بۆ ئێمە وادەردەکەوێت کە شێوەیی وێنەییە formal، بە هەمان شێوە (بیرۆکەی سەرپاگیریش) وەکو بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەردەکەوێت، بیرۆکە Idea بیرە لە سەراپاگیری خۆیدا، بیری دیاریکراویش لە خۆیدایە و بۆ خۆیەتی، بیرۆکەش بێ هیچ ئەم سەرو ئەو سەرێك، حەقیقەتە و تەنها حەقیقەت. سروشتی بیرۆکەش لە خودی پەرەسەندندا مت و پەنهانە.

١- بیر

کەواتە کاتیگۆری یەکەم، بیرە

فەلسەفە بیرە –پێشتر گفتوگۆمان لەسەر ئەمە کردووە– بیر قووڵترین قووڵایی هەموو شتەکانە. سەرداریێکی زاڵە، بیری فەلسەفیش بیرکردنەوەیەکی هەمەکییە و بەرهەمی بیرکردنەوەش بیرە، دەکرێت ئەم بیرە خودی یان بابەتی بێت، گەر لە رووە بابەتەکەیەوە سەیری بکەین، ئەوا ئەو بیرانە دەبینینەوە کە بە بیرە هەمەکییەکان ناودەبرێن، نۆس Nousیش لە لای ئەنکساجۆراس Anaxagoras هەر ئەم هەمەکییەیە. بەڵام ئێمە دەزانین ئەم جۆرە هەمەکییە شتێکی پەتییە و جیاوازە لە بەشەکی. هەمەکی لەم حاڵەتەدا هیچ نییە جگە لە شێوە یان وێنەیەك کە وەك ناوەڕۆك یان ناوکرۆکی بەشەکی ئاراستە دەکات. گەر دەست بە بیرەوە بگرین وەك ئەوەی کە هەمەکییە، ئەوا بڕواپێکەر نییە، هەر لێرەشەوە ئەم گوزارشتە هاتوو: ((ئەمە هیچ نییە جگە لە کۆمەڵە بیرێك و بەس))، بەڵام فەلسەفە گرنگی بەهەمەکی دەدات کە خۆی لە خۆیدا ناوەڕۆکە. بەڵام لە سەرەتاوە جگە لە هەمەکی بەو شێوەی کە هەیە شتێکی تر لەبەردەماندا نییە، هەمەکیش لەم حاڵەتەدا پەتییە، راستە بیرە، بەڵام بیرێکی پوخت یان پەتیەتییەکی بێ خەوشە، دەکرێت بڵێین کاتیگۆرییەکانی: بوون، ماهییەتی، یەك، نموونەی ئەم جۆرە بیرە رووتە تەواو پەتیەن.

**۲- بیرۆکەی سەراپاگیر:**

بیر شتێکی بەتاڵ یان پەتی نییە، بەڵکو لە راستیدا دیاریکراوە، هەر ئەوەییشە کە خۆی دیاریدەکات. بە گوزارشتێکی تر: بیر بەزەروورەت عەینییە و بیری عەینیش ئەوەیە کە بە بیرۆکەی سەراپاگیر ناوی دەبەین. هەر دەبێت بیر بەرەو بیرۆکەی سەراپاگیر وەرچەرخێت، هەرچەندە پەتیەییش لەسەری رەنگبداتەوە و دەرکەوێت، هەر دەبێت لە خۆیدا عەینی بێت. یان بە گوزارشتێکی تر: دەبێت بیر فەلسەفی بێت تا ببێتە عەینی.

لە روویەکەوە دەبینین ئەو گوتە راستە کە دەڵێت فەلسەفە خۆی بە پەتیەکانەوە خەریك دەکات، بابەتەکەشی هەر ئەو بیرانە بووە کە لەوە داماڵراون پێی دەوترێت جیهانی ((عەینی))ی، یان جیهانی پەیبردنی هەستەکی، بەڵام دەبینین تەواو هەڵەین گەر ئەمە بڵێین، چونکە پەتییەکان گونجاون بۆ تێگەیشتن (یان بیری وێنەدەرەوەی تێڕامانکاریانەن) و بۆ فەلسەفە گونجاونین. ئەوانەی کە ئەم تۆمەتە (تۆمەتی پەتیەتی) ئاراستەی فەلسەفە دەکەن، هەر ئەوانن کە زۆر بەقووڵی بەناو کاتیگۆرییەکانی تێگەیشتندا رۆدەچن و قووڵ دەبنەوە، (یان بەناو بیرکردنەوەی وێنەی دەرەوەدا) رۆدەچن، کە چی لە هەمانکاتیشدا پێیان وایە بەناو کۆمەڵە بابەتێکی عەینیدا رۆچوون. گەر ئێمە لەم بابەتە رامێنین، ئەوا دەبینین ئەو بیرانەی کە هەیانە کۆمەڵە بیرێکی تەواو خودی و پوختەکراون لە پەیبردنە هەستەکییەکان واتە پەتین.

بەڵام بیرۆکەی سەراپاگیر جیاوازە لەو بیرە پوختەی (کە لە ژیانی رۆژانە لە بیرۆکەیەکی جۆری تایبەت زیاتر هیچی تر ناگەیەنێ)، بیرۆکەی سەراپاگیر مەعریفەیەکی رەسەنە، لەوەشەوە بیر نییە کە هەمەکی پوختە. -بەڵکو بەپێچەوانەوە- بیرۆکەی سەراپاگیر بیرێکی بە خۆ دیاریکراوە، بیرە لە زیندوویەتی و چالاکی خۆیدا، یان ئەو بیرەیە کە ناوەڕۆکێك بەسەر خۆیدا دەدات. بە گوزارشتێکی تر: بیرۆکەی سەراپاگیر ئەو هەمەکییەتەیە کە خۆی بەشەکی دەکاتەوە (نموونە: گیانلەبەر بەوەی کە «شیردەرە» دیاریکردنێکی دەرەکی دەخاتە سەر گۆکراوی گیانلەبەری هەمەکی). بیرۆکەی سەراپاگیر ئەو بیرەیە کە ئیجابی و چالاك بووەتەوە و بۆ ئەوەوە دەشێت کە خۆی بە خۆی دیاری بکات، ئەو بەمە خۆی دەخولقێنێ و شوێنی خۆی دەکەوێت، بە تەنها شێوە نییە بۆ ناوەڕۆکێك، بەڵکو ئەو خۆیەتی کە شێوە دیاریدەکات، ئەو هەر خۆیەتی کە ناوەڕۆك بە خۆی دەبەخشێ (دوایش هەر لە مێژووی فەلسەفە خۆیدا



مۆرکێکی دیاریکراو بۆ ناوەڕۆك دەردەکەوێت) و ئێمە لەو رووداوە تێدەگەین کە بیر چیتر پەتی نییە بەڵکو دیاریکراوە و هەرخۆشیەتی کە خۆی دیاریدەکات، بە بەکارهێنانمان بۆ زاراوەی «عەینی» ئەو ناوەڕۆکێك بە خۆی دەدات و دەبێتە عەینی. واتە لەوێوە کە دیاریکردنە هەمە جۆرەکان پێکەوە گەشەدەکەن و ناکرێت یەکێکیان لەوی تریان دابڕین. دوو دیاریکردنە پەتییەکەش ئەوانەن کە یەك هەمەکی شێوەگیردەکەن، کە ئەوانیش هەمەکی و بەشەکین. بینا لەسەر ئەمەش هەموو ئەوەی کە زیندوو و هەق شتێکە کە پێکەوە ئاشکرادەبێت و لەناو خۆیشیدا کۆمەڵە دیاریکردنێکی بەم مانایە دەبێتە عەینی و هەمەکیش دەبێتە پەتیەتی بیرۆکەی سەراپاگیر، هەر ئەویشە کە بە خۆی خۆی دیاریدەکات و خۆیشی بەشەکی دەکاتەوە.

**۳- بیرۆکە The Idea**

کاتێك کە بیری عەینی بە گوزارشتێکی زۆر ورد گوزارشتی لێدەکرێت، ئەوە دەبێتە بیرۆکەی سەراپاگیر. کاتێکیش کە دیاریکردنەکەی زیاد دەبێت، دەبێت بە بیرۆکە Idea. بیرۆکە وەدیهاتنێکی خودییە بۆ بیرۆکەی سەراپاگیر، تاخۆیشی وەدی بهێنێ، ئەوا هەر دەبێت خۆی دیاری بکات، سروشتە دیاریکراوەکەشی جگە لە خۆی شتێکی ترنییە. بەم شێوەیەش ناوەڕۆکەکەی دەبێت بە خودی خۆی و پەیوەندییە ناکۆتادارەکانیشی بە خۆیەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە بە سەرچاوە تایبەتەکانی خۆی تەواو دیاریدەکرێت.

بیرۆکە یان عەقڵ، بە هەمان شێوە بیرۆکەی سەراپاگیرە. بەڵام هەروەك چۆن بیر بەو سیفەتە دیاریدەکرێت، کە بیرۆکەی سەرپاگیرە، عەقڵیش وەك بیرێکی خودی دیاریدەکرێت. ئێمە کاتێك کە لە بارەی بیرۆکەی سەراپاگیرەوە دەڵێین: دیاریدەکرێت یان خۆی دیاریدەکات، ئەمە مانای ئەوەیە کە هێشتا پەتییە. بیرۆکەش لەوەوە بیرۆکەی سەراپاگیرە کە بە خۆی لە خۆی لێوڕێژ و پڕە، عەقڵ یان بیرۆکە: ئازادە، دەوڵەمەندە، لە خۆیدا عەینییە، بیرۆکەی سەراپاگیرە کە وا دەکات خۆی عەینی بکاتەوەو خۆی وا بەواقیعەت رەنگ بکات کە من بتوانم بڵێم: ((بیرۆکەی سەراپاگیر لەسەر شتێك)) و لە واقعیی کارەکیدا لە حەقیقەتبوونی خۆیدایە. عەقڵیش بیرۆکەی سەراپاگیرە، بە واقیعەت خۆی رەنگ کردووە، واتە عەقڵ لە بیرۆکەی سەراپاگیر و واقیع پێکەوە پێکدێت. دەروونیش کاتێك بیرۆکەی سەراپاگیرە کە واقیعێکی کارەکی لە بەدەندا بە خۆی دەبەخشێت. کاتێك کە بیرۆکەی سەراپاگیرو واقیع لێکدادەبڕێن، مرۆڤ دەمرێت و نابێت

واسەیری ئەم یەکبوونەش بکەین کە تەنها یەکبوونە بە سیفەتەگشتییەکەی، چونکە عەقڵ لە کرۆکی خۆیدا زیندوو و چالاکە. چالاکییە کرۆکییەکەشی پشت بەو راستییە دەبەستێ کە بیرۆکەی سەراپاگیر خۆی بەرهەم دەهێنێ و خۆی دەکاتە ناوەڕۆك، بەڵام ئەوەی کە بەرهەم دەهێنێت -لە هەموو حاڵەتێکدا- بە بەردەوامی لەگەڵ بیرۆکەی سەراپاگیر هەمئاهەنگە، واقیعش بەشێوەیەکی بەردەوام پشت بە بیرۆکە دەبەستێت و لەسەری دەوەستێت و هەرگیزیش سەربەخۆ نییە. وا دەردەکەوێت کە بیرۆکەیەکی تری سەراپاگیر و ناوەڕۆکێکی تر هەیە، بەڵام ئەمە دروستنییە، کارەکە ئاوانییە. ئەگەر بێت و جیاوازییەك لە نێوان بابەتێك و بیرۆکەی سەراپاگیر هەبێت، ئەوا ئەم جیاوازییە لە شێوەی لێدەرچوون Exteinality دا مت و شاراوە دەبێت، واقیعیش بەوە بینا دەکرێت، کە لەیەك شوناسدا لەگەڵ بیرۆکەی سەراپاگیردا یەکگرتوو بێت.

بیرۆکە ئەوەیە کە ناومان ناوە حەقیقەت، ئەم وشەیە وشەیەکی گەورە و مەزنە و بەرامبەر بەزەینی مرۆڤ هەر ئاوا دەمێنێتەوە و دڵێشی وا لێدەکات بە شانازی تێربێت. خەڵکی لە سەردەمە نوێکاندا گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەڵێت: ناکرێت حەقیقەت بزانرێت. بەڵام بابەتی فەلسەفە بیری عەینییە، کە لە دوورترین دیاریکردنیدا دروست بیرۆکەیە یان حەقیقەتە، ئەو گوتەیەش کە دەڵێت ناکرێت حەقیقەت بزانرێت بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لە خودی مێژووی فەلسەفەدا دەردەکەوێت، ئێمە دواتر لێرەدا درێژە بەوە دەدەین. ئەوەندە بەسە کە لێرەدا ئەوە باسکەین کە مێژووناسانی فەلسەفە خۆیان دروستی ئەم بیرۆکە دژێوەیان سەلماندووە. بۆ نموونە تینمان (١) -کە بیرمەندێکی کانتییە- دەڵێت: «لە بێهودەیییەوەیە گەر هەوڵبدەین بۆ زانینی حەقیقەت، هەر ئەمەشە کە مێژووی فەلسەفە بەڵگەی لەسەر دەهێنێنەوە». لە راستیدا ناتوانین لەوە تێبگەین کە چۆن مرۆڤ دەتوانێت لە بابەتێکدا هەوڵی خۆی بدات و خۆی بپەشۆکێنێ و کەچی پێیی وابێت هیچ مەبەستێك لە پشتیەوە نییە.... -بەپێی ئەم تێڕوانینە- مێژووی فەلسەفە جگە لە ریوایەتکردنی کۆمەڵە رایەکی هەمە جۆر هیچی تر نییە و هەریەك لەو رایانە لافێکی بەتاڵ لێدەدات بەوەی کە خۆی حەقیقەتە. لەو چەمکە دژێوانەی تر ئەوەیە کە دەڵێت بەڵێ ئێمە دەتوانین حەقیقەت بزانین، بەڵام لە رێگەی بیری وێنەی دەرەوەوە، هەروەها ئەوەش کە دەڵێت ناکرێت لە رێگەی پەیبردنی هەستەکی و خێرا بە بیرهاتنی راستەوخۆ حەقیقەت بزانرێت و حەقیقەت نە لە حاڵەتی هەستکردنی دەرەکی و نەلەو حاڵەتەدا کە بەخێرا بە بیراهاتنی عەقڵی ناودەبرێت، نابزانرێت، چونکە هەموو خێرا بە



بیرهاتنێك -بەوەی کە ئاوایە- هەستەکییە. من لایەك بە لای ئەم را دژێوەدا دەکەمەوە، لە راستیدا زانینی حەقیقەت شتێکە و توانای زانینی حەقیقەت شتێکی تر، بەڵام من تەنها لەو رێگەوە کە حەقیقەت دەگێرێتەوە دەتوانم ئەوە راگەینم کە چۆن شتەکان لەسەر حەقیقەتی خۆیان هەن پاشان:

(أ) ئێمە لە تواناماندا نییە حەقیقەت بزانین.

(ب) ئێمە حەقیقەت تەنها لە رێگەی ئەوە دەزانین کە دەگێڕدرێتەوە.

لە رێگەی گفتوگۆکردنێکی درێژ لەسەر ئەم دوو خاڵە لە وێنەکێشانی وێنەی بابەتەکەمان نزیك دەبینەوە.

خاڵی یەکەم کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەمەیە: بیری عەینی، ئەوەش کە عەینییە حەقیقەتە، بە تەنها بیر خۆیشی حەقیقەت بەرهەمدەهێنێ، بەڵام خاڵی دووەم ئەوەیە: کە گیان لە خودی تایبەتی خۆیدا پەرەدەستێنێ.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە بیرکردنەوە -مەبەستمان لە بیرکردنەوەی ئازادە- لە رووی کرۆکەکەیەوە- لە خۆیدا عەینییە، لەمەشدا ئەوە پێیەوە پەیوەست دەبێت، کە بیرێکی زیندووە و خاوەنی جووڵەیەکی خودییە و لە خۆشییەوە دەکەوێتە جووڵە و دەجووڵێتەوە. سروشتی ناکۆتاداری گیانیش ئەو رێڕەوە ناوەکییەیەتی کە لەسەر نەوەستان و بەرهەمهێنانی پێویست و بوون، بە هۆی ئەم بەرهەمەوە دامەزراوە. کاتێك کە ئێمە وا سەیری ئەم جووڵەیە دەکەین کە پەرەسەندنە، ئەوا زیاتر لێی نزیك دەبینەوە، عەینیش لەو سیفەتەی کە ئیجابی و چالاکە لە رووی کرۆکەوە پەرەسەندنێکی خودییە. ئەم رێرەوەش روودانی جیاکارییەکان لە خۆدەگرێت. زیاتر لە نزیکەوە سەیرکردنی مۆرکی ئەو جیاکارییانە دەردەکەون -و لە کاتی ئەم رێڕۆشتنەدا شتێکی جیاواز سەرهەڵدەدات- ئەو کات دەتوانین وا جووڵەکە وێنابکەین کە پەرەسەندنە. گەرچی ئێمە ئەو بیرۆکە باو و بڵاوەش هەر لە زەینماندا بهێڵینەوە، ئەم جیاکارییانە هەر دێنە ئاراوە.

## سێهەم: بیرۆکە بەوەی کە پەرەسەندنە

کەواتە کارە گرنگەکە ئەوەیە، لەم بیرۆکەی پەرەسەندنە رامێنین.

پێویستە لە سەرەتاوە بپرسین: پەرەسەندن چییە؟ خەڵکی وا سەیری پەرەسەندن دەکەن کە بیرۆکەیەکی ئاساییە، هەر لەبەر ئەمەش پێیان وایە پێویست ناکات باسکرێت و راڤەبکرێت، چونکە ئەوان لەوە گەورەترن. بەڵام ئەرکی ئەو حەقیقەتەی کە لەگەڵ فەلسەفەدا گونجاوە، دروست ئەوەیە بەوەدا بچێتەوە کە خەڵکی پێشتر بە زانراو و ئاساییان داناوە. ئەوەش کە هەموو مرۆڤێك وادەزانی بەشێوەیەکی راستەقینە دەیزانێت و ئەوەش کە خەڵکی بەبێ تێڕامان و هەڵبژاردن بەکاری دەهێنن چونکە لە ژیانی رۆژانەدا پێویستیان پێیەتی، فەلسەفە هەوڵدەدات راستییەکەی بسەلمێنێ و بیپشکنێ و هەروەها راڤەیبکات و باسیبکات، چونکە ئەو شتەی کە لە رێگەی خۆپێوەگرتن زانراوە، بە گوێرەی کەسانێك کە خاوەنی رۆشنبیرییەکی فەلسەفەیی نین، نەزانراوە. هەر لەبەر ئەمەش، تا بەڵگەکەی داهاتوو سووك و ئاسان بکەین، دەبێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە تاکانە بکەینەوە کە لە رەوتی پەرەسەندندا دەرکەوتوون. سەرەڕای ئەوەش کە لێرەدا بوارێك بۆ پرسیارکردن لە بارەی ئەوەوە نامێنێتەوە، کە تێگەیشتنێکی تەواومان لە بارەی ئەم بۆچوونەوە بداتێ، ئەمەش وادەکات باسکردنێکی زیاتربخوازێت و وادەردەکەوێت کە ئەم خاڵانە شتێکی زۆرمان نادەنێ، بەڵام جگە لە لێکۆڵینەوە سەرتاسەری فەلسەفە، هیچی تر ناتەواوی ئەمە ناسەلمێنێ.

رێگە بە بیرنادرێت، لەوێوە کە پەرەسەندنە، یەکەمجار خۆی بەو شێوەیە دانێ کە لەسەری بوونی هەیە. لە دیدی تێگەیشتنەوە ئەمە وەك لێکدژیەك دەردەکەوێت، بەڵام ماهییەتی فەلسەفە زۆر بەوردی لەسەر لێکدژیەکانی تێگەیشتن دەوەستێتەوە.

هەر دەبێت لە پەرەسەندندا بەو شێوەیەی کەوایە دوو شت یان دوو هەڵوێست گەر گوزارشتەکەمان دروست بێت جیابکەینەوە، یەکەم: تواناداریە یان بوونە بەهێز Potentialit یان ئەوەیە لە خۆیدا، دووەمیش: بوونەبەکردە Actuality، یان بوونە بۆ خۆی یان ئەوەیە کە بۆ خۆیەتی.



### ١- بوون لە خۆیدا یان بەهێز.... Potentiality

ئەوەی کە یەکسەر لە پرۆسەی پەرەسەندندا رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە کە هەر دەبێت شتێك هەبێت پەرەبستێنێ و شتێکیش هەبێت وەك تۆ و یان تواناداری یان توانا شاراوە بێت، ئەوەیە کە ئەرستۆ بە بوون بەهێز یان توانا ناوی بردووە (مەبەستیش لە توانایەکی راستەقینەیە نەك جۆرێك لە توانای رواڵەتی)[1]. یان ئەوەیە کە بەبوون لە خۆیدا ناودەبرێت یان ئەوەیە کە لە خۆیدایە، لە سەرەتادا هەر ئاوادەبێت.

شتێکی رۆشتووە، کە ئەو مانا باڵایەی ((حەقیقەت)) بدرێت بەبوون لە خۆیدا یان ئەوەی کە ((لە خۆیدایە)). گەیشتن بە ناسینی خواو جیهانیش واتای گەیشتن بێت بە هەردووکیان لە خۆیاندا. بەڵام ئەوەی کە لە خۆیدایە چیترنابێت بە حەقیقەت، چونکە شتێکی پەتییە و، تۆوی حەقیقەتە، یان تواناداری و توانای گەیشتنە بە حەقیقەت و شتێکی سادەیە و لە کۆمەڵە سیفەتێکی جۆراوجۆر پێکهاتووە، بەڵام ناوەڕۆك لە وێنەی سادەیدا هێشتا هەر بزرە.

تۆو نموونەیەکە لەسەر ئەمە، تۆو سادەیە، زۆر جار هەر بەقەدەر خاڵێکە، جگە لە کەمێکی ناکرێت ئەوەی تری وەربگرێت، تەنانەت لە ژێر میکرۆسکۆبیشدا هەر ئەوەندەی دەبینرێ، بەڵام ئەم تۆوە سکی بە هەموو سیفەت و چۆنیەتیەکانی درەختەکە پڕە، درەختەکەش هەمووی لەناو تۆوێکدایە: قەد و لق و گەڵاو رەنگ و بۆنی و چێژ ... هتد، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو شتە سادەیە تۆوە، بەڵام هەر تەنها درەخت نییە، سیفەتە جۆرا و جۆرەکانی درەختیشە کە هێشتا وەدی نەهاتوون. گرنگە لێرەدا ئێمە ئەوە بزانین شتێکی سادە هەیە و لەناو خۆیدا لەسەر فرەیی پێکهاتووە، بەڵام هێشتا بە ئاشکرا دەرنەکەوتووە. لێرەدا نموونەیەکی مەزنترمان لەسەر ئەمە

---

(1) ((کاتێك کە دەڵێین دەشێت سبەینێ باران ببارێت، ئەمە توانای راستەقنەیە، بەڵام کاتێك کە دەڵێین ((دەشێت بەراز بفڕێت)) ئەمەیان توانایەکی رۆاڵەتییە و هیچ مانایەکی نییە، واتە توانایەکی واقیعی یان راستەقینە نییە، هیگل نموونەیەکیش لەسەر توانای بەتاڵ دەهێنێتەوە و دەڵێت: (دەشێت سوڵتان ببێت بە پاپا). (من تعلیقات نوکس ص ٧٢). وشەی سوڵتان لێرەدا واتای فەرمانڕەوای موسڵمان دەگەیەنێ، واتە فەرمانڕەوای موسڵمان دەکرێت ببێت بە مەسیحی و تیۆریانە-بگۆڕێت بە پاپا ... هتد، ئەمە نموونەیەکە لەسەر توانای رواڵەتی یان بەتاڵ یان هیچ. (وەرگێڕ).

هەیە، ئەویش گۆکراوی (من)ە. کاتێك کە دەڵێم (من) ئەم گۆکراوە بە تەواوەتی سادەیە، هەمەکییەکی پەیتییە و لای هەموو مرۆڤێك ئاساییە، هەموو مرۆڤێکیش دەتوانێت بڵێت (من). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم (من)ە هەڵگری سەروەت و سامانێکی زۆرە لە بیر و پاڵنەر و ئارەوزووەکان و حەز و یادەوەرییەکان .... هتد لەسەر هەموو ئەم تونانە ئەو خاڵە سادەیە پێکدێت کە (من)ە. ئەم (من)ە هێزێکە یان بیرۆکەیەکی سەراپاگیرە (یان حەقیقەتێکی بنەڕەتییە) بۆ هەموو ئەوەی کە مرۆڤ لەناو خۆیدا پەرەی پێدەدات، دەتوانین بڵێین لای ئەرستۆ شتی سادە هەموو ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە یان (لە خۆیدایە) یان بەهێز Potentiality هەیە، یان توانایە — دواتر لەناو خۆیدا پەرەی پێدەدات. هیچ شتێك لە ڕەوتی پەرەسەندندا دەرناکەوێت، ئەگەر هاتوو پێشتر لە تۆوێکدا یان (لە خۆیدا) نەبوو بێت.

تۆو بیرۆکەی سەراپاگیر (یان حەقیقەتی بنەرەتی)ی رووەکەکان، گەر هاتوو ئێمە باسمانکرد ئەوا تەنها خاڵی سەرەتای لێ بەدیدەکەین کە درەختەکە لێیەوە گەشەدەکات، تۆو چالاك و کارایە، چالاکییەکەشی لە بەرهەمی رووەکدا بەرجەستە دەبێت، لە راستیشدا روەك جگە ژیانی چالاکی شتێکی تر نییە. ئەوەش کە بەبێ ژیان و جووڵە دەمێنێتەوە، تەختەیە یان دەبێت بە تەختە، ئەختەش مردنە. بەڵام رووەك لەوەوە کە رووەکە بەرهەمێکی بەردەوامە، یان بەرهەمێکی خودییە، ئەو کات رەوتی ژیانی خۆی تەواو دەکات کە دەتوانێت تۆوێکی نوێ بخاتەوە. ئەم تۆوە نوێیەش هەموو پێکهاتەکانی رووەکی پێدراوە، بەرهەم و بوون بە خاوەنی هێزی بەرهەمهێنەر، هەر دووکیان یەك شتن، هیچ شتێك نایەتە درێ گەر پێشتر بوونی نەبووبێت. ئەو خاڵە گرنگەی کە لێرەدا پێویستە بیهێنینە پێش چاومان، یەکبوونی خاڵی سەرەتایەکە، پاڵنەری دەرچوونە لەگەڵ ئەوەی کە دەکەوێتەوە و بەرهەم دێت.



### ٢- بوونی کارەکەی Existence[2]

خاڵی دووەم ئەوەیە، ئەوەی سادەیە و ئەوەی بە هێز هەیە و شاراوەیە، پەرەدەستێنێ و خۆی ئاشکرا دەکات و بوخچەنەکراوەکانی خۆی بەلێشاو پەخشدەکاتەوە، پەرەسەندنی خودیش ئەوەیە کە خۆی بسەلمێنی و بچێتە ناو مەیدانی بوونی کارکییەوە و ببێتە شتێکی جیاواز و ناوازە، لەسەرەتادا ئەوەی کە بەهێز هەیە لەناو خۆیدا نەبێت ناوازە نابێتەوە، لەم سادەیی یان بێ لایەنیەدا نەبێت بوونی نابێت، هەروەك ئەوەی کەوا دەردەکەوێت ئاو روون و بێگەردە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا لە ناوەوەی خۆیدا (لە خۆیدا) زۆرێك لە ماددەی کیمیاوی و فیزیاوی لەوانەشە تواناداری ژیانی ئۆرگانیشی لە خۆی گرتبێ، بەبینا لەسەر ئەمە ئەوەی کە لە دوای ئەمەوە ((واتە لە دوای ئەم سەرەتایەوە))، روودەدات، ئەوەیە کە شتی پەرەسەندوو سیفەت و خاسیەتەکانی خۆی لە پەیوەندیدای بەشتەکانی ترەوە دەستدەخات و دەبێتە بوونێکی جیاواز و ناوازە لە شتەکان. شتی پەرەسەندوو هەریەك شتە، یان بەشێوەیەکی روونتر گەر لە خۆیدا ((شاراوەبێت)) یاوەکو دوای ئەوەش کە خۆی ئاشکرا دەکات یان خۆی پەخش بڵاوە و دەکاتەوە و لە دوای ئەم پەخشبوونەشەوە وەدێدێت، ناوەڕۆکەکەی هەریەك ناوەڕۆکە، ئەمەش هیچ نییە جگە لە جیاوازی لە شێوە و وێنەدا و هیچی تر، بەڵام هەموو شتێکێش پشت بەم جیاوازیە دەبەستێ.

لێرەدا سەرنجی روویەکی تری یەکبوون دەدەین، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە. ئەوەش ئەوەیە لەبەر ئەوەی پەرەسەندن واتای چوون لە تۆوێکەوە (لە سەرەتادا) بۆ تۆوێکی تر دەگەێنێ (کە درەختێك لە کۆتاییدا بەرهەمی دەهێنێ). ئاستی ناوەند دەکەوێتە نێوان خاڵی سەرەتا و خاڵی کۆتاییەوە. ئەو ئاستی ناوەندەش بوونی کارەکییە: کە ئەویش دابڕان و پەرەسەندن و داڕژانی

---

[2] ئەم کاتیگۆریەمانی بە (بوونی کارەکی) وەرگێڕاوە، نەك تەنها بە بوون Being، چونکە مەبەستی لێی هاتنە دەرەوەی ئەوەیە کە لە شتێکدا شاراوەیە بۆ ئاشکرایی و راستەوخۆی، هەروەك ئەو توانایانەی کەتۆوێك هەڵیگرتووە و گەشە دەکات بۆ ئەوەی بگۆڕێت بۆ بوونێکی کارەکی لە وێنەی رووەك و قەد و گەڵا .. هتد. خودی وشەی بوونی کارەکی *Existeve* لە وشەی لاتینی گەردانکراوە، کە واتای دەرچوون لە شتێك دەگەێنی، ئەویش لە EX گەردانکراوە کە واتای بۆ دەرەوە دەگەیەنێ، یان مانای دەرچوون لەو دۆخە دەگەێنی کە لە سەرەتادا شتێك لەناویەتی بۆ ئەوەی خۆی بخاتە Sistere بارێکەوە کە پێشتر لەسەری نەبووە، لە فەلسەفەی بوونخوازیشدا هەر ئەمە ماناکەیەتی. (وەرگێڕ).

ئەوەیە کە لە تۆوێکی سادەدا جارێکی تر کۆببنەوە. ئەوەی کە بەرهەمدێت واتە رووەکە کە، هەمووی، بەشێوەیەکی راستەقینە لەناو هێزی تۆوەکەدا هەبووە، شێوەی بەشەکانی هەمووە تاکەکە و هەموو ئەو تایبەتمەندیە جیاوازییە شاراوانەی ناو پێکهاتنی تۆوەکەن، کە دارژان و هاتنەدەر بۆ بوونی کارەکی بەرهەم دەهێنن. هەر ئەمەشە کە دەبێت هەمیشە لە پێش چاومان بێت. هەر هەمان شتیش لە بارەی دەروونی مرۆڤەوە دەوترێت، لەناو گیانی مرۆییدا جیهانێکی تەواو لە بیرەکان شاراوەتەوە، ئەم جیهانە لەناو (من)ی سادەدا شاراوەتەوە، (من)یش جگە تۆو هیچی تر ناگەیێنێ. بەڵام ئەم هەموو بیرە لە (من)ەوە پەرەیان سەندووە و دوای ئەمەش سەر لە نوێ هەر بۆ ئەو دەگەڕێنەوە. ئا ئەمەیە جووڵەی بیرۆکەو جووڵەی عەقڵانیەتی. چالاکییەکانی گیانیشمان هەموو هەوڵیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم بارستەیە لە بیرەکان بگەڕێنەوە بۆ یەکبوون. هەردەبێت لەم نموونەیە و عەقڵانییەت بەشێوەیەکی گشتی تێبگەین، ئەویش بەپێی سروشتە بنەڕەتییەکەی وەك دوو لانەییەکی بیرۆکەی سەراپاگیر، واتە سەر لە نوێ گەڕانەوەی بۆ سادەیی خۆی و دڵنیابوون لێی. ئەوەی کە ئێمە بە ئەزموون یان ((بوون لێرەدا))[3] ناویدەبەین، باسکردن و درێژەدانە بە بیرۆکەی سەراپاگیر و بە تۆو و بە من. بوونی کارەکی لە سروشتدا شتێکی دەرەکی یان دابڕاو دەبێت، هەر خاسیەتێکیش لە خاسیەتەکانی وەکو ئەوەی لێکدابڕاوبن و سەربەخۆبن لەیەك، دەردەکەون، ئێمە لە هۆشیاریماندا یان لە عەقڵماندا بوونی کارەکی ((بە مەعریفە)) یان بیرۆکەی سەراپاگیری بیرکەرەوە ناودەبەین. بەم شێوە گیان لەوەدا پەنهان و متبووە کە بەخۆی خۆی بەرەو بوونی کارەکی یان هۆشیاری ببات. من لە هۆشیارییدا بەوەی کەوایە (واتە بەو شێوەی کە هۆشیارییە) دەبمە بابەت، من دەبم بە خۆم و دەبم بەشێك لە رووبەڕووبوونەوەی خۆمدا، بەڵام کاتێك کە من دەبمە بابەت بۆ بیر، ئەوا گیان لە بەرهەمێهێنانی خۆی و لە بەباتەکردنی خۆی و ناسینی خۆیدا پەنهان دەبێت. لێرەدا جیاکارییەکی گەورە هەیە: مرۆڤ ئەوە دەزانێت کە لەسەریەتی و ئەو کاتەش بەشێوەیەکی کارەکی هەیە، بەبێ ئەمە عەقڵ و ئازادی: هیچ نییە. مرۆڤ لە رووی کرۆکەوە عەقڵە، ئیتر ئەم مرۆڤە پیاو بێت یان منداڵ: مرۆڤێکی رۆشنبیربێت یان ناڕۆشنبیر. یان بە گوزارشتێکی تر

[3] بوون لێرە یان لێرەدا یەکێکە لە کاتیگۆرییە بە ناوبانگەکانی هیگڵ، واتای بوونی دیاریکراو دەگەیەنێ، یەکەم شتیشە کە لە رەوتی لێکتکدا لە کاتیگۆری خۆگۆرکیۆە دەردەچێت. راجع کتابنا (المنهج الجدلی عند هیجل)-فقرات ١٦٧،١٦٨،١٦٦،١٦٥ الناشر مکتبة مدبولی بالقاهرة. (وەرگێڕ)



دەتوانین بڵێین توانای عەقڵ بە هەریەك لە ئێمە دراوە و لە ناوماندا هەیە، بەڵام منداڵ سوود لەم عەقڵە وەرناگرێت، هەروەك چۆن مرۆڤی ناڕۆشنبیریش سوودی لێوەرناگرێت و تەنها وەك توانایەك هەیە، راستە ئەم توانایەش توانایەکی بەتاڵ نییە و بەڵکو توانایەکی واقعی و راستەقینەیە، توانایەکە پاڵ بە خۆیەوە دەنێت (بەرەو وە دیهاتنێکی کارەکی). تەنها مرۆڤی پێگەیشتوو و ئەو مرۆڤەی کە گەیشتووەتە تەمەنی پێگەیشتن هەروەها مرۆڤی رۆشنبیر لە رێگەی پەروەردەوە دەزانێت هەڵگری عەقڵە و بوونەوەرێکی عاقڵە، تاکە جیاوازییەکیش کە هەیە تەنها ئەوەیە کە عەقڵ لە منداڵدا وەك توانا ئامادەیە، بەڵام لە مرۆڤی پێگەیشتوو و تێگەیشتوودا بەشێوەیەکی ئاشکرا و راستەوخۆ هەیە لە حاڵەتی تواناوە گواستوویەتیەوە بۆ بوونی کارەکی.

بەم شێوەیە ئێمە لە بارەی مرۆڤەوە دەڵێین بوونەوەرێکی عاقڵە و زۆر بە ئاسانیش جیاوازی دەکەین لە نێوان مرۆڤ لە ساتەوەختی لە دایکبوونی و ئەو مرۆڤەی کە بە عەقڵێکی پەرەسەندوو رووبەڕوومان دەبێتەوە. دەکرێت بەشێوەیەکی تر گوزارشت لەم بیرۆکەیە بکەین و بڵێین: ئەوە کە لە ناویدا ناراستەوخۆ شاراوەیە، هەر دەبێت لە بەردەمیدا ببێتە بابەت، واتە هەر دەبێت بگات بە هۆشیاری خۆی، لەم کاتەشدا لە پێناوی خۆیدا دەبێت، بەم شێوەیەش بە خۆی هۆشیار دەبێت و بۆخۆیشی راستەوخۆ دەبێت، بەم رێگایە مرۆڤ دوو جەمسەر دەبێت، یەکەمجار ئەو: عەقڵ و بیرە بەڵام ناڕاستەوخۆیە و هیچی تر، دووەمجاریش: دەبینین ئەم خودە ناراستەوخۆیە دەکاتە بابەت بۆ بیرکردنەوەی خۆی. ئالێرەدا دەبینین بیرکردنەوە خۆی بابەتە و بابەتیشە بۆ خۆی، بەم شێوەیە مرۆڤ ئاشکرا و راستەوخۆ دەبێت بۆ خۆی. عەقڵانییەتیش شتێکی عاقڵ بەرهەم دەهێنێ، بیرکردنەوەش بیرەکان، ئەوەش کە بە هێز potentia هەیە، دەبێتە دیار بە کردە Acta. لەگەڵ کەمێك لە تێڕاماندا دەتوانین ببینین ئەو مرۆڤەی کە بوونەوەرێکە بە توانا عاقڵە و ئەوەی کە ئێستا ئەم عەقڵانییەتە دەکاتە بابەتی بیرکردنەوەی، ئەو سەرەتایەی کەلێیەوە دەستیپێکردووە، تێی نەپەڕاندووە، ئەوەش کە مرۆڤ لە بەردەم عەقڵیدا دەیخاتە روو ئەویە کە بە هێز هەبووە. بەم شێوەیەش ئەم هێزە potentia جێگر دەبێت و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ناوەرۆکیش بەو شێوەیەی کە هەیە (واتە ئەوەی کە بووە بەو) شتێکی نوێ نییە، وادەردەکەوێت ئەم دووجەمسەرییە، سەرەڕای ئەو جیاکارییە گەورەیەی کە لە نێوان هێز Potentia و کردە Acta دا هەیە، هیچ سوودێکی نییە. زانین و فێربوون و

بەرچاوڕوونی (بینایی) و زانست و تەنانەت هەموو ڕەفتارێك هیچ لە باریاندا نییە جگە لەوەی کە ئەوەی بە هێز هەیە یان لە ناوەوەیاندا هەیە بیخەنەڕوو و بیکەن بە شتێکی دەرەکی و بابەتی و ڕووداوێك لە دەرەوە. بۆ ئەوەی ئەمەش زیاتر ڕوونبکەینەوە دەکرێت کۆمەڵە نموونەیەك لە شتەکانی ناو سروشت بۆ ئێوە دیاری بکەم.

لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە، کە هەموو جیاکارییەکە لە مێژووی جیهاندا لەم جیاوازییەوە سەرهەڵدەدات و پشتیش هەر بەمە دەبەستێت. خەڵکی هەمووی عاقڵن، لایەنی وێنەی ئەم عەقڵانییەتەش ئەوەیە کە مرۆڤ ئازادە، تا ئەمەشە سروشتی مرۆڤ و خاسیەتێکیشە کە بە ماهییەتییەوە گرێدراوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێ حاڵەتدا و تا ئاستێك لێرەدا لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا سیستەمی کۆیلایەتی هەرماوە، خەڵکی بەمە ڕازین و باوەریشیان پێی هەیە، خەڵکی ئەم وڵاتانە لەم بارودۆخە نابن. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەر ئازادنین. ئەوان هوشیارییان بە ئازادی نییە، چونکە هەموویان بۆ سیستەمێکی ستەمکارانە سەریان دانەواندووە، ئیتر گرنگ نییە ئەم سیستەمە سیاسیە یان ئایینی[4]. هەموو جیاوازییەکی نێوان گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەو گەلانەی کە سیستەمی کۆیلایەتی لەناویاندا بڵاونەبووەتەوە، ئەوەیە، ئەمانەی دواییان دەزانن کە ئازادن و هوشیارییان بەمە هەیە.

---

[4] ئەمە تێروانێکی هیگڵە لە بارەی جیهانی ڕۆژهەڵاتییەوە و بەدرێژیش لە کتێبەکەیدا: وانەکان لە بارەی فەلسەفەی مێژووەوە دەیخاتە ڕوو (بگەڕێڕەوە بۆ وەرگێرانە عەرەبیەکەی ئەم کتێبە لەلای ئێمە) بە بۆچوونی من بۆچوونێکە هەڵگری تۆخمێکی ڕەگەزپەرستانە نییە، ئەو ناڵێت ڕۆژهەڵاتییەکان بە سروشت (کویلەن) وەکو ئەوەی کە ئەرستۆ وتبووی ((زۆرداری بە مانا وردەکەی لە زۆرداری ڕۆژهەڵاتیدا خۆی دەنوێنێ لەوێوە کە لە لای ئاسیاییەکان سروشتی کوێلە دەبینین لە لای ئەوروپییەکان نایینین و هەر لەبەر ئەمەش دەتوانێت بچیتە ژێر باری فەرمانڕەوایی ئەم زۆردارییە بەبێ هیچ گلەیی و گازەندیەك ١٠٠٠)) سلسله عالم المعریفه، عدد ١٨٣ ص ١٢٨ و لاپەڕەکانی دوایی. ئاشکرایە کە هیگڵ کۆیلایەتی ڕۆژهەڵات ناگەڕێنێتەوە بۆ لای (سروشت) گەلەکان پیایدا تێپەڕیوون و وەك ئەوەی کە لای ئەرستۆ هەیە، بەڵکو دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و ئایینایەی لە کاتی پیایدا تێپەڕبوونی و هەروەها بۆ نەبوونی هۆشیاری سیاسی لە لایان بە گرنگی ئازادی و بەهاکەس، ڕۆژی ڕوون دیارە کە زۆر دارەکان لە ڕۆژهەڵات بە هۆی چییەوە بازدەدەنە سەرکورسی دەسەڵات، تەنات لە دوای دەرکەوتنی زەمەنی لیبرالیش خەڵکی هەر پێشوازی لەم زۆردارانە دەکردووە تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیش تا ئێستا هەر بەشان و باڵیاندا هەڵدەدەن، هەشیانە ڕزگاری خۆی لە ژێر دەستی ئەو دادەبینێ و هیگڵیش بەڕەگەز پەرستی و لایەنگری... هتد تۆمەتبار دەکات (المترجم).



ڕۆژهەڵاتییەکانیش ئازادن، بەڵام بە ناراستەوخۆ بە هێز ئازادن، بەڵام لە واقعیدا یان بەکردە ئازادنین. جیاوازی گەورەی نێوان ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین و ئەو باردۆخەی کە لە مێژووی جیهاندا هەیە، ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین یان ئەوەیە خەڵکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان تەنها بە هێز ئازادن، یان ئەوەیە کە دەزانن ئەم ئازادییە ماهییەت و ڕاستییە بنەڕەتییەکەی ئەوانە واتە سروشتییانە، و پەپامیشییان لە ژیاندا ئەەوەیە، کە وەك تاکە کەسانێکی ئازاد بژین.

چەمکی ئازادی گرنگییەکی زۆری گەورەی هەیە. یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان هیچ شتێکیان لە بارەی ئەم چەمکەوە نەزانیوە، ئەوە ئاسیاییەکان هەر باس مەکە-ئەوان نەیانزانیوە مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤە بەئازادی لە دایك دەبێت و ئازادە، ئەرستۆ و ئەفلاتوون و شیشرون و فوقەهای ڕۆمان هیچ مەعریفەیەکەیان لە بارەی ئەم چەمکەوە[5] لە لانەبووە- ئەوە گەلی یۆنانی و ڕۆمانی هەر باسناکرێن- لەگەڵ ئەمەشدا هەر ئەم چەمەکەش سەرچاوەی یاسا و شەریعەتیان بووە. ئەوان چاك زانیوویانە- ئەوەندەی کە پێویستە. هاوڵاتی ئەسینی یا ڕۆمانی بە هۆی شوێنی لە دایکبوونیەوە Inegenus ئازادە و هاوڵاتی ئازاد و کویلەش هەن. بەڵام ئەمە ئەوە دەگەێنێ ئەوان نەیانزانیوە مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤە ئازادە و مرۆڤ بەو شێوەیەی کە هەیە، مرۆڤە بەوەی کە هەمەکییە، واتە مرۆڤە بە پەیپێراوی لە بیرداو بەو شێوەیەش کە لە بیردا پەی بە خۆی دەبات. دیانەتی مەسیحی بیروباوەڕێکی خستەڕوو کە دەڵێت هەموو مرۆڤەکان لە بەردەم خوادا ئازادن ومەسیحیش مرۆڤایەتی ئازاد کردووە و وای لە مرۆڤەکان کردووە کە لە بەردەم خوادا یەکسان بن، ئەوە هەر ئەوە ئازادی پێداون، ئەمەش ئازادی مەسیحییەتە[6]. ئەم

---

[5] ئەمە ڕەخنەیەکی ئاشکراو ڕوونە بۆ بیرۆکە ڕەگەز پەرستانەکەی ئەرستۆ، کە وتبووی ڕۆژهەڵاتییەکانی بە کۆیلەیی لە دایکدەبن و بە سروشتیش کۆیلەن، نەك بە هۆی ئەو باردۆخەی کە پیایدا تێپەڕبوون (وەرگێر)

[6] لەو لێکدژیانەی کە هیگڵ هەیەتی ئەوەیە کە بیری چووەتەوە مەسیحییەت ئایینێکی ((ڕۆژهەڵاتییە)) زۆرجار واسەیر دەکات وەکو ئەوەی ((ئەوروپی)) بووبێت، لە تێڕوانینی ئەو دا ئەو بنەمایە کە دەڵێت مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤ ئازادە و ماهییەتی مرۆڤ ئازادییە بنەمایەکی مەسیحییە و تەنها لە ژیاری ڕۆژئاوایشدا دەرکەوتووە یان بە مانایەکی وردتر لە ژیاری جەرمەندا دەرکەوتووە، بڕوانە ڕەخنەکەی ئێمە لەم بیرۆکەیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەش دووەمی فەلسەفەی مێژوو هیگڵ لە بارەی ((جیهانی ڕۆژهەڵاتی)) نووسیومانە (المترجم).

راسپاردانە وادەکەن کە ئازادی لە شوێنی لە دایکبوون و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن سەربەخۆ بێت. ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورە دەنوێنی ئەگەر چی هێشتا کەمتەرخەمە لەوەی کە مرۆڤ وا وێنابکات کە ئازادە، ئاماژەش بۆ ئەم وێناکردنە ئەو هێزە فشار دروستکەرەیە کە بە درێژای هەزارەها ساڵ هەبووە، هەروەها روودانی ئەو راپەڕین و لە رزینە گەورانەشە. بەڵام بیرۆکە یان ئەو بیرۆکە سەراپاگیرەی کە دەڵێ مرۆڤ لە ژیانی سروشتی خۆیدا بە سروشت ئازادە، مەبەستی لە سروشت لێرەدا سروشتێکی کرۆکییە یان بیرۆکەی سەراپاگیرە (یان ماهیەتە). ئەم مەعریفەیە یان ئەم مەعریفە خودییە زۆر کۆن نییە، بەڵکو لای ئێمەش وەك گریمانەیەکی پێشینە و وەك شتێك کە خۆی راڤەبکات هەیە.

ناکرێت مرۆڤ کۆیلە بێت، تا ئێستاش بە خەیاڵی هیچ گەلێکدا نەهاتووە کە شەڕێك هەڵگیرسێنێ و کۆتایەکەی بە لە ژێردەستهێنانی کۆمەڵە کۆیلەیەك بێت. تەنها لە رێگەی ئەم زانینەوەیە ئازادی رەوادەبێت، ئەمە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە نییە کە لە رێگەی زەبرەوە یان لە رێگەی هێز یان زەرووڕەت .... هتد وەدیهاتبێ. بەڵکو هەقێکی رەهایە یان بیرۆکەیەکە و لەگەڵ خودی ژیاندا لەیەك شوناسدا دەبنەوە بەیەك.

ئەورووپییەك مەعریفەی بە خۆی هەیە و خۆی دەکاتە بابەت بۆ خۆی، ئەو مۆرکەش کە ئەم کەسایەتییە خۆی تیادەبینێتەوە ئازادییە، ئەو دەزانێت کە ئازادە، ئازادیش کرۆکی بوونیەتی. کاتێك خەڵکانێك بە خراپی باسی مەعریفە دەکەن، ئەوانە نازانن چیدەکەن. راستە مەعریفەی خودی، واتە ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بکاتە بابەت بۆ مەعریفە، کارێکە خەڵکانێکی کەم نەبێت کەسی تر پێی هەڵناسێت، بەڵام مرۆڤ تاخۆی نەناسێ ئازاد نابێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ گەرچی تۆ بە خراپیش لە بارەی مەعریفە —بەشێوەیەکی گشتی- بدوێت و بەهەر رێگایەکیش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر ئەم مەعریفەیە واتلێدەکات ئازادبێت. گیان لە مەعریفەی خودیدا نەبێت بوونی نییە و هەر لێرەوە بوونی هەیە.

کەواتە خاڵی دووەم ئەم جیاوازییەیە لە بووندا و ئەم تایبەتمەندکردنە خودییەیە. من بە هێز یان ناراستەوخۆ ئازادم. بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکراو بەکردووە ئازادم، من ناتوانم بەم شێوەیە بم بە رێژەی ئەوە نەبێت کە بوونم ئازادبێت.



### ٣- بوون بۆ خۆی یان بەکردە Actu

خاڵی سێهەم ئەوەیە: کە ئەوەی (أ) توانایە یان لە خۆیدایە و ئەوەش (ب) کە بەکردە هەیە (بۆخۆی) هەمان شت و یەك شتن. دروست هەر ئەمەشە کە بە ((پەرەسەندن)) ناو دەبرێت. ئەگەر هاتوو توانا چیتر توانا نەبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێت بەشتێکی جیاواز و گۆڕان و ئاڵوگۆڕ روودەدات. هەر دەبێت ئەم گۆڕانکارییە لەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕەی دۆخی پەرەسەندندا هەڵگری مۆرکێکی وابێت و ئەو شتە جیاوازەی کە رێی بڕیوە لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرەتادا بووە لەیەك شوناسدا لەگەڵ یەکدا بیانکاتەوە بەیەك، تاوەکو سەرەتا سادەکە یان ئەوەی کە بەهێز هەیە بە تەواوەتی لەناو نەچن. ئەو شتەی کە بەرچاوە، بووەتە شتێکی جیاواز، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە یەکبوونە رەسەنەکە و لە هێزە پێشینەکە پێکهاتووە، تۆو بەم رێگایە پەرەدەسێنێ، ئەم تۆوە ئاڵوگۆڕ ناکات، چونکە گەر ئاڵوگۆڕی کردو لەناو چوو و نەما، چیتر ناتوانێت پەرەبستێنێ و گەشەبکات، چونکە ئەوەی کە بۆ پەرەسەندن کرۆکییە هەر خۆی هەیە (و تا ئێستاش لە بووندایە)، ئەوەی بە هێز هەیە و یەکبوونی شتە جیاوازەکان یان تۆو پەرەسەندنەکەی کە بیرۆکەی سەراپاگیرن بۆ فەلسەفەی تیۆری: دووشتن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەریەك شتن.

ئەمە بیرۆکەی سەرپاگیرە لە بارەی عەقڵەوە، هەموو پەسنەکانی تریش بۆ وێناکردن سەر بەم تێگەیشتنن، بەڵام تێگەیشتنی رووت، ناکرێت پەی بە هیچ شتێ بەرێت و تەنها دەستی بە جیاوازییەکانەوە گرتووە، چونکە جگە لە پەیتەکان ناتوانێت پەی بە هیچ شتێکی تر بەرێت. ئەمانەش عەینی نین —واتە: بیرۆکەی سەراپاگیرنین.

بە هەمان شێوە لێرەدا ناوندگیری لە هەمانکاتدا لە باری پەرەسەندندایە، یەك لە پەیوەندیدا بەوی ترەوە نەبێت بوونی نییە. ئەوەش کە بە هێز هەیە، پاڵنەرێکی بۆ پەرەسەندن و بوونی هەیە، واتە دەگۆڕێت بۆ وێنەی بوونێکی کارەکی. بوونی کارەکیش لە رێگەی هێز (توانا)وە نەبێت ناوەندگیر نابێت، بەڵام ئەوەی کە راستەوخۆیە، ناوەندگیر نییە و ئەوەش نییە کە بەکردە هەیە.

لە سەردەمە نوێکاندا هەرایەکی زۆر لە بارەی مەعریفەی راستەوخۆ و بە بیراهاتن ... هتد هاتە ئاراوە، لە کاتێکدا ئەم جۆرە لە مەعریفە جگە لە تاکلایەنی و پەتیەتییەکی ساختە شتێکی تر نییە، لە راستیدا فەلسەفە گرنگی بە بوون بەکردە و بە بیرە سەراپاگیرەکان دەدات، بەڵام ئەوەی کە راستەوخۆیە ناواقعی و ناڕاستەقینەیە. لە هەموو ئەوەدا کە ناومان ناوە

((مەعریفەی راستەوخۆ))... هتد ناوەندگیر هەیە، زۆر ئاسانە ئەمە روون ببێتەوە، هەر تەنها بەوەی کە شتێك دروستببێت، ناوەندگیری تیادا دەبێت، هەر بەهەمان شێوەش ناوەندگیری —گەر تەنها پەتی نەبێت و بەس، ئەوا لە هەناویدا راستەوخۆیی لە خۆی دەگرێت.

ئەو جوولە پێکهێنەرەی کە بۆ بوون بەکردە هەیە، گواستنەوەیە لە خودگەراییەوە بۆ بابەت گەرایی، سەرەڕای ئەمەش -لە لایەکی ترەوە- سادە نییە بەڵکو بە کۆمەڵە قوناغێکی جیاواز دەگاتە ئەنجام. بڕوانە ئەو جوولە دووسەرەیەی کە لە رووەکدا هەیە: واتە لە تۆودا[7]. نزمترین جۆری روەك، وەك قەوزە و کەروو .... هتد هەر گواستنەوەیە لە تۆوێکەوە بۆ تۆوێکی تر و لە شێوەیەکەوە و بۆ شێوەیەکی تر، یان گواستنەوەیە لە رەگێکی پیازییەوە بۆ رەگێکی تر، ئەمەش بەشێوەیەکیراستەوخۆ دەبێت. بەڵام رێگای دووسەرەکە لە تۆوێکی رووەکیەوە بەرەو تۆوێکی تری نوێ دەڕوات، رێگایەکی ناوەندگیرە. لە قۆناغە ناوەندییەکانیشدا ئەمانە هەن: رەگەکان، قەد، گەڵا و لقەکان و گوڵەکان ....هتد. ئەم رەوتە پێشکەوتووخوازە پەرەسەندوو و ناوەندییە. هەر هەمان شتیش لە جیهانی گیاندا هەیە، هەندێك شتی راستەوخۆی وەك خێرابە بیراهاتن، و پەیبردنی هەستەکی و ئیمان، هەن، بەڵام شتەکانی تر بیر ناوەندگیریان دەکات، ئێستا سەرنجبدە، لە رێڕەوی ئەم پەرسەندنەدا بە دوایەکهاتن هەیە، هەندێك شت بە دوای هەندێکی تردا دێن: رەگەکان و قەد و لقەکان و گەڵا و گوڵەکان ... هتد هەموویان کۆمەڵە قۆناغێکن هەندێکیان لە هەندێکی تریان جیاوازن، لە نێوان ئەم قۆناغانەشدا قۆناغێك نییە کە لە بارەیەوە بڵێین ئەم قۆناغە قۆناغی بوونی کارەکی و راستەقینەی روەکە (ئەگەر ئەمە رووبدات ئەوا شتەکان دەردەکەون و بزر دەبن) —لەبەر ئەوەی راگوزەرە، ئەوا بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە. هەر قۆناغێکیش لەگەڵ قۆناغەکەی پێش خۆیدا لێکدژە[8]. بوونی کارەکی رووەك بە هۆی سیمایەکی ترەوە لە وێنەیەکی دیاریکراودایە، بەڵام پێویستە ئەو لە خەیاڵماندا

---

(7) مەبەست لە تۆوی یەکەم: یەکەم بارە کە رووەك لێیەوە گەشەکردنی خۆی دەستپێدەکات، بەڵام تۆوی دووەم دەرئەنجامی کۆتایی گەشەکردنی و درەختەکەیە کە دەگاتە لوتکە و تۆوی نوێمان دەداتێ. (المترجم).

(8) سەرنج بدە هیگڵ زۆرجار زاراوەی لێکهەڵوەشاندن بەمانای لێکدژ بە کاردەهێنێ جاروباریش بە مانای جیاوازی بە کاری دەهێنێ، هەروەك ئەوەی کە لەم نموونەیەدا هەیە، لە راستیدا هەر قوناغێك لە قۆناغەکانی رووەك جیاوازە لەوانی تر، بەڵام هەڵوەشێنەرەوەیان نییە -بڕوانە رەخنەکەی ئێمە بۆ بە کارهێنانی هیگڵییەکەی بیرۆکەی لێکهەڵوەشاندن لە - کتێبەکەمان ((المنهج الجدلی هیجل)) فقرة ٤١٠ و مابعدها ص ٤٣٢. الناشر مکتبة مدبولی بالقاهرة (المترجم)



دەرنەچێت کە لەهەمانکاتدا سەرنجی ئەو یەك ژیانییە بە دەمەوەیەکدراوەی رووەك بکەین، ئەم تاکە سەرەتا سادەیە لەناو هەموو جۆرەکانی گۆڕاندا وەك خۆی دەمێنتەوە. هەموو ئەم سیما جۆرییە تایبەتانە بە پێویستییەکی رەها پێویستن و ئامانجیشیان ئەو بەرەیە کە دەرئەنجامی هەموو ئەم ساتانەیە و دوای ئەمەش ئامانجیان تۆویەکی نوێیە.

کورتەکەی ئەوەیە لێردا یەك ژیان هەیە کە لە سەرەتادا شاراوەیە پاشان بەرەو بوونی کارەکی دەڕوات و لە تایبەتمەندییە دابڕاوەکانیشدا فرەرەنگ دەبێت. ئەم تایبەتمەندییانەش بەزەرورەت کۆمەڵە قۆناغێکی جیاوازن و دوایش پێکەوە سەر لە نوێ یەك ناو کۆی دروستدەکەنەوە. ئەم بیرۆکەیەش وێنەیەکمان لە مێژووی فەلسەفە بۆ دەکێشێت.

یەکەمجار لە سەرەتادا: ئەو بوون بە هێزەمان هەیە کە دەگۆڕێت بۆ بوون بە کردە، مەبەست لەمەش تۆوەکەیە. دووەمجاریش: ئەوەمان هەیە کە دەردەچێت، واتە بوونی کارەکی. دوای ئەمەش لە سێهەمجاردا: شوناسی هەردووکیان دەبێت، واتە بەری پەرەسەندن و بەرئەنجامی سەراپای ئەم جوولەیە، هەر ئەمەشە کە بەزاروە پەتیەکانی بە ((بوون بۆ خۆی)) ناوی دەبەین، ئەمە رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا، یان خود هۆشیارییە بە گیان. بەو زاراوانەی کە پەیوەندییان بە هۆشیارییەوە هەیە، روەك بوون بۆ خۆی نییە. تەنها گیان خاوەنی هۆشیارییە بە خۆی یان لە پێناو خۆی یان لە شوناسدایە لەگەڵ خۆی.

تۆو سادەیە و هیچ شێوەیەکی نییە، تۆ ناتوانیت شتانێکی زۆری تیاوەدی بکەیت. بەڵام مەیلخوازیەکی بۆ پەرەسەند هەیە و توانای ئەوەی نییە لە حاڵەتی ((هێز)) یان ئەوەدا بمێنێتەوە کە بە خۆیەتی. ئەم مەیلخوازییە لەگەڵ بوونی ناراستەوخۆدا لێکدژدێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەگەڵ ئارەزووکردنی ئەوەدا لێکدژ دەبێتەوە کە بەو شێوەیە نەبێت و لە بارە دانەبێت، ئەم لێکدژییە بوون بە هێز بەرەو دابڕان و کەرتبوون هاندەدات و پاڵ بە تۆوەکەوە دەنێت بەرەو دەرەوە و بەرهەمهێنەری شێوە جیاوازەکانی بوونی کارەکیشە. بەڵام ئەوەی کە دەردەچێت، واتە هەمە جۆر و فرەرەنگەکە، شتێکی تر نییە جگە لەوەی کە لە سادەیی تۆوەکەدا ناڕاستەوخۆیە، هەموو شتی پێشتر لە تۆوەکەدا هەیە. هەر چەند شاراوەشە و بەشێوەیەکی ئایدیاییش نادیاریکراو و جیاوازە. گومانی تیا نییە کە لێرەدا لەناو تۆودا دیاریکردن هەیە، هەر ئەوەشە کە دواتر گوڵەکە لە شێوە و رەنگ و بۆنیدا هەڵیدەگرێت، بەم شێوەیە تۆوەکە پەرەدەسێنێ و بەرەو پێشەوە دەڕوات، تەواوکردنی ئەم بزاوتە دەرەکییە زیاتر

لەوەی کە پێشتر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەسەری بووە و پێشتر بوون لە خۆیدا لە سەری بووە، ناڕوات و هەنگاو نانێت. ئەم بزاوتە ئامانجێکی هەیە، کە پێشتر پێی دیاریکراوە و هەڵگری ئامانجێکیشە، بەڵام لە پێشتر دیاریکردن ئامانجێکی روکەشانە نییە، بەڵکو بەرەکە خۆیەتی. کاری کرۆکی و چییەتییانە بە گوێرەی بەرەکە ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ تۆوەکە. کەواتە تۆو ئامانجێکی هەیە ئەویش راهاتنە لەسەر بەرهەمهێنانەوەی خۆی، کاتێك کە تۆوەکە تووشی شەقبوون دێت، ئەوەی کە ناڕاستەوخۆ و شاراوەیە، بە تەواوەتی خۆی دیاریدەکات. بەڵام لە کۆتاییدا سەر لە نوێ بۆیەکبوون دەگەڕێتەوە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوونی رەسەن.

راستە کە شتەکان لە سروشتدا (أ) بەشێوەیەکی خودی دەستپێدەکەن و دوایی بەشێوەیەکی بابەتی وەدیدێن. (ب) ئەوەش کە ئامانج و کۆتاییەکەی دیاریدەکات، واتە کۆتایی تۆوەکە بەوەی کە تۆوە، کەرتبوونییەتی بۆ دووتاك. تۆو جیایە لەبەر، واتە جیایە لە تۆوە نوێیەکە. بەم شێوە دەبینین دەرئەنجامی دووسەرەیی لە سروشتدا شتێکی تاکانەیە، یان لە رواڵەتدا بەدابەشبوونی بۆ دووتاك کۆتایی پێدێت، چونکە لە رووی ناوەڕۆکەوە یەك شت و هەمان شتە. ئەمە لە ئاستی گیانلەبەریشدا هەر راستە، مندالآن کۆمەڵە تاکێکی جیاوازن لە کەس و کاریان. سەرەڕای ئەوەش هەموویان لەیەك سروشتن. بەڵام ئەمە لە ژیانی گیانلەبەراندا بەتەواوەتی جیاوازە، ئەمەش بەوردی لەبەر ئەوەیە کە گیان ئازادە و تیایدا سەرەتا و کۆتایی یەکدەگرن، تۆو بەرەو جیاکاری دەڕوات و پاشان بۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ یەکبوون، نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەم یەکبوونە دروست بۆ ئەو روونادات، لەناو گیانیشدا دووسەرەیی هەیە، بەڵام بە گوێرەی ئەو ئەوی کە بەهێز هەیە بەکردەش هەیە و کۆتاییەکەی بۆ سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە. ئەو لێرەدا تەنها لە پێناوی سەرەتادا ئامادەیە نەك شتێکی تر. بەم شێوەیە گیان بە خۆی یان بەبوونی کارەکی خۆی هوشیار دەبێت. بەر لەوەی کە تۆوە، لە پێناوی تۆوی یەکەمدا ئامادەنییە، بەڵکو تەنها لە پێناوی ئێمەدا بوونی هەیە، واتە لە پێناوی ئەوانەدا کە تێبینی دەکەن و دەبینن بەرو تۆوە رەسەنەکە  هەردووکیان لە رووی ماهییەتەوە هەریەك شتن. بەر لێرەدا لە پێناوی ئەم  تۆوەدا ئامادە نییە. تۆو لەسەر ئەوەنییە  کە بەخۆی هۆشیار بێت، تەنها لە جیاتی گیاندا بۆ بوون لە پێناوی ئەوی تردا بوون بۆ خۆ هەیە و بوونی بە هێزی خۆی والێدەکات کە ببێت بە بابەتێك بۆ خۆی، ئەواو بابەتەکەی هەریەك شتن. بەم شێوەیە بە تەنها گیان لە بابەتەکەی و لەگەڵ ئەویترەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەبێت. ئەوەش کە بەرهەمی دێنێ -واتە بابەتەکەی- هەر خۆیەتی و لە کۆتایشدا هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. پەرەسەندنی گیانیش



چوونە دەرەوە و بڵاوبوونەوەیەتی و جیاکاریەکی خودییە و لە هەمانکاتیشدا گەڕانەوەیەتی بۆ ماڵەکەی خۆی.

ئەم بۆچوونە بۆ پەرەسەندن (یان سروشتەکەی) بۆچوونێکی تەواو هەمەکییە، ژیان و بزاوتنە بەو شێوەیەی کە هەیە، ژیانی گیان لە خۆیدا و ژیانی هەمەکی لە سروشت و گیاندا، ژیانی هەموو شتێك: نەویتر و باڵاتر —ئەمەیە مایە مانای پەرەسەندن. پەرەسەندن جیاکاری خودییە و خستنەڕووی خودە بۆ بوونی کارەکی، بۆ بوون لە پێناو ئەویتردا، لەم پرۆسەیەشدا هەر بە یەکگرتوویی لە یەك شوناسدا دەمێنێتەوە. خولڤاندنێکی هەتاهەتاییە، جیهانە لە وێنەیەکی تری جیاواز لە وێنەی نەوەی کوڕ. گەڕانەوەیەکی هەتاهەتایشە بۆ گیان خۆی —جووڵەیەکی رەهایەو لە هەمانکاتیشدا وەستانێکی رەهاشە، موناجاتی هەتاهەتایی خودە. ئەمە بیرۆکەی بوونە لەگەڵ خۆی و تواناداریەکەی لە گەڕانەوەیدا بۆ خۆی و یەکبوون لەگەڵ ئەویتریدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەناو ئەویتردا هەر لە ماڵەکەی خۆیدایە و لەگەڵ خۆیشیدایە. ئەم تواناداریيە و ئەم هێزە، ئازادی مرۆڤیشە، چونکە لەگەڵ نەفیکردنی خودیشدا هەر لە حاڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیەتی.

ئەم بوون لەگەڵ خودە و ئەم گەڕانەوەی بیرۆکەیە بۆ خۆی دەکرێت بە: ئەو پەڕی ئامانجی گیان ناوببرێت. هەرچیش لە ئاسمان یان لە ئەرز روودەدات، تەنها بۆ گەیشتن بەم ئامانجە روودەدات، ئەمە بۆ خوا ژیانێکی هەتاهەتاییە تاخۆی بەدیبکات و بە خۆی هوشیاربێت و لەگەڵ خۆیدا یەکبگرێت. لەم بەرزبوونەوەیەشدا جۆرێك لە نامۆبوون و دابەشبوون هەیە. بەڵام ئەمە خۆی سروشتی گیانە یان سروشتی بیرۆکەیە، کە لە خۆی نامۆببێت و جارێکی تر خۆی وەدیبکاتەوە. ئەم جووڵەیەش بەشێوەیەکیدیاریکراو جووڵەیە، چونکە گەر ئێمە لە دەرەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: مرۆڤ گەر پشت بە کەسێکی تر نەبەستێ و لە ژێر سایەی کەسێکی تردانەبێت و تووشی غەم نەهاتبێت و هەست بە قوورسی بەرانبەرەکەی نەکات، ئازاد دەبێت. گیانیش بە گەڕانەوەی بۆ خۆی ئازادی وەدیدەهێنی. ئەمەش ئامانجە رەها ئەو پەڕینەکەیەتی، بەم وێنەیەش بەشێوەیەکیڕاستەقینە دەبێت بە موڵکی خۆی. ئەمەش مانای ئەوەیە گیان لە توخمی بیردا نەبێت بە ئامانجی خۆی ناگات و زەفەر بە ئازادی نابات، لە پەی بردنی هەستەکیدا بە بەردەوام شتێکی ترم لەگەڵدایە کۆمەڵە بابەتێك هەیە، کە دەسەڵاتیان بەسەر داگرتووم، بە هەمان شێوەش لە حاڵەتی هەستکردندا خۆم لەوەدا دەبینمەوەکە بەسەر کۆمەڵە بابەتێکدا زاڵ بووم، ئەو کاتە من ئازادنیم و من قوربانی ئەم

هەستەم. من خۆم وام لە خۆم نەکردووە کە هەستبکەم، تەنانەت لەو کاتەشدا کەمن هوشیاریم بەم هەستکردنە هەیە، من هیچ نازانم جگە لەوەی کە هەست بەشتێك دەکەم و ناچارکراوم کە هەستی پێبکەم. تەنانەت لە حاڵەتی ویستیشدا زۆر بەسووك و ئاسانی من خۆم نابینمەوە، لەگەڵ خۆمدا لە ماڵەکەی خۆمدابم . من کۆمەڵە ویست و ئارەزووێکی دیاریکراوم هەیە —کە بەڕاستی ویست و ئارەزووی تایبەتن- بەڵام بە بەردەوامی شتێك لە خۆدەگرن کە لە رووم دەوەستێتەوە، شتێکی ترە بە بەردەوام بە گوێرەی من ئەویترە و بە هۆشییەوە من بەشێوەیەکی سروشتی دیاریدەکرێم (بۆ نموونە من لە رێگەی هاندەرەکان و ئارەزووەکانەوە .... هتد دیاریدەکرێم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشدا من هەرگیز لە ماڵەکەمدا لەگەڵ خۆمدا نیم. بەڵام بیرکردنەوە تاکە شتێکە. کە هەموو شتێکی نامۆ لەناویدا نامێنێ و گیان بەشێوەیەکی رەها تیایدا ئازاد دەبێت، بە هەمان شێوەش فەلسەفە لە پێناویدایە.

ئالێرەدایە زۆر لە وێنەی پەرەسەندن نزیك دەبینەوە، ئەگەر هاتوو واسەیری پەرەسەندنی رەها و ژیانی خواو گیان نەکرێت کە یەك رەوتن و تەنها یەك جووڵەن، ئەوا ئەمە ئەوە دەگەێنێ کە بە سەیر کردنێکی پەتیانە و پوخت سەیریان دەکرێت. بەڵام ئەم جووڵە هەمەکییە، وەك شتێکی عەینی زنجیرەیەکە لە پێکهاتنەکانی گیان و ناکرێت واش لەم زنجیرەیە بڕوانرێت کە هێڵێکی راستە، بەڵکو دەبێت واسەیر بکرێت کە بازنەیەکە و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، چێوەی ئەم بازنەیەش لە کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆر لە بازنە پێکهاتووە. پەرەسەندنی تاکانەش جووڵەیەکە و لە رێگەیەوە کۆمەڵە پەرەسەندێك روودەدات: کۆی ئەم زنجیرەیەش بەدوایەکهاتنی ئەو پەرەسەندنانەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ خۆیان، هەموو پەرەسەندێکی بەشەکیش لەو زنجیرەیەدا قۆناغێکە لەناو هەمووداد، لە پەرەسەندندا بەرەو پێشچوون هەیە، بەڵام بەرەو کۆتاداربیەکی پەتی ناڕوات، بەڵکو بەبێ پسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

هەردەبێت گیان خۆی بناسێت و بێتەدەرەوە و خۆی بکاتە بابەت، تا ئەوە بزانێت کە لەسەریەتی، بەم رێگایەش، دەبینین هەموو تواناکانی خۆی وەدی دەهێنێ تا بەتەواوەتی ببێتە بابەتێك بۆ خۆی و خۆی بە تەواوەتی بێنێتە ئاراوە و دابەزێتە ناو قووڵاییەکانی خۆی تا بە کون و کە لەبەرەکانیدا رۆبچێت. هەر جارێك کە پەرەسەندنی گیان بۆ باڵا بەرزدەبێتەوە، قووڵاییەکەی زیاد دەکات، هەر لەم کاتەشدا بەشێوەیەکی راستەقینە قووڵدەبێتەوە و لە خۆیشدا شاراوە نییە، چونکە کاتێك کە لە خۆیدا شاراوە دەبێت، قووڵ و باڵانابێت، - بەشێوەیەکی دیاریکراو- پەرەسەندن قووڵبوونەوەی خودیی گیانە. بەم رێگایەش وای لێدەکات



قووڵاییەکانی خۆی بەرەو هۆشیاری راکێشی. بەم رێگایە ئامانجی گیان ئەوەیە کە بە تێگەیشتنێکی سەراپاگیر لە خۆی تێبگات، تاوەکو دوای ئەمە لە خۆی شاراوە نەبێتەوە. بەڵام رێگاکەی بۆ وەدیهاتنی ئەمە، پەرەسەندنەکەیەتی و لەگەڵ ئەو زنجیرە پەرەسەندنانەی کە قۆناغی ئەم پەرەسەندنەن.

ئەگەر هاتوو لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندندا دەرئەنجامێك دەرکەوت، ئەوا جارێکی تر دەبێتەوە بە خاڵێکی سەرەتا بۆ پەرەسەندنێکی نوێی دوورتر. کۆتایی هەر قۆناغێکیش — لە هەمانکاتدا- هەمیشە سەرەتاییە بۆ قۆناغەکەی دواتر. ئالێرەوەیە کە گۆتە Geothe لە شوێنکدا راستی وتووە کە دەڵێت ((ئەوەی کە پێکدێت هەمیشە سەر لەنوێ دەبێتەوە بە مادەو کەرەستە))[9]. ئەو ماددەیەی کە پێکهاتووە و شێوەیەکی هەیە بۆ جارێکی تر شێوەیەکی نوێی دەبێت. گیان دادەبەزێتە سەر خۆی و خۆی دەکاتە بابەت، ئاراستەی بیرکردنەوەشی لەم بابەتە، شێوەی بیر و سروشتتەکەی دەدات بە بابەتەکە. ئەو وێناکردنەش کە گیان بە پەیبردنێکی سەراپاگیر تیایدا پەی بە خۆی دەبات و ئەوەی کە لەسەریەتی دەیزانێ، ئەو پێکهاتن و بوونەی گیانە کە جارێکی تر لە گیان دادەبڕێت و گیانیش جارێکی تر دەیکاتەوە بەو بابەتەی کە سەر لە نوێ مومارەسەی چالاکییەکانی خۆی تیادا بکاتەوە، بەم شێوەیە چالاکی شێوەیەکی نوێتر لەوە دەپۆشێت کە پێشتر شێوە گیربووە، هەروەها مۆرێکی وایشی پێدەدات کە زیاتر لە خۆیدا دیاریبکرێت و ئەگەری زیاتریش لە پەرەسەندنیا هەبێت و زیاتر قووڵ ببێتەوە.

قۆناغەکانی پەرەسەندن جیاوازن و هەموو قۆناغێکی دواتر دیاریکراوترە لە قۆناغەکەی پێش خۆی، بەڵام قۆناغی خوارین زۆر پەتیترە، دوای ئەمەش منداڵەکان لە بواری گیاندا لە ئاستێکی گەورەی پەتیەتیدان: ئەوان لە رووی پەیبردنە هەستەکییەکانەوە دەوڵەمەندن و لە رووی بیرەکانەوە هەژارن، ئێمە لەسەرەتایی ئەم وانانەدا بە مادەیەکی هەستەکی زۆر دەگەین، بەڵام ئەم ماددەیە لە رووی بیرەکانەوە زۆر هەژار و لاوازە، چونکە بیرەکانی سەرەتامان کۆمەڵە دیاریکردنێکی زۆر پەتی ترن لە بیرکردنەوەمان، لەو بیرانەی کە دواتر دێن. بۆ نموونە ئێمە سەرەتا بەوە دەستپێدەکەین کە ((شتێکمان)) وەك بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەستکەوێت، بەڵام

[9] هوفمیستر دەڵێت: راستتر ئەوەیە کە هیگڵ ئاماژەی بە گۆتە نەدابێت، بەڵکو ئاماژەی بە دێڕە شیعرێکی شیلەر لە ((خشتەی قوربانییەکان)) بەناوی ((لاساییکەرەوە)) دابێت، تەنانەت ئەوەی شێوەگیر دەبێت هیچ نییە جگە لە مادەیەك لە بەردەم ئەو گیانەدا، کە شێوەگیری دەکات. من تعليقات نوكس، ص ٨١. (مترجمە)

((شتێك لێرەدا بوونی نییە))، بەڵكو هەموو ئەوەی كە هەیە تەنها بیرۆكەیەكە، دوای ئەمەش سەرەتا لە بیركردنەوەماندا جگە لەم جۆرە دیاریكردنە پەیتانە شتێكی تر دەرناكەوێت و پەتییەتییەكەش سادە و ئاسانە و قۆناغەكەی دواتریش عەینیترە، پێشتر گریمانەی ئەو خاسیەتانەی قۆناغەكانی پێش خۆی كردووە، دوای ئەمەش بەشێوەیەكی دوورمەوداتر پەردەسێنێ و بەم شێوەیەش هەموو قۆناغێكی دواتری قۆناغەكانی پەرەسەندن دەوڵەمەندترە و بە كۆمەكی ئەم تایبەتمەندیانە زیاددەكات و دواتر عەینیتر دەبێتەوە، دوای ئەمەش شتێك بە ناوی بیرەوە نییە كە لە پەرەسەندنی خۆیدا بەرەوپێش نەڕوات.

گەر لە پەرەسەندن رامایین ئەوا دەتوانین بپرسین: پەرەسەندن چییە؟ ئەوەی كە پەردەسێنێ چییە؟ ئەوە چییە كە بەڕاستی لە بنەوەیەو پەرەشدەستێنی؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە بیرۆكەیەكی باو هەیە دەڵێت: پەرەسەندن، وەك چالاكییەك، تەواو وێنەییە، یان شێوەیە بە شێوە پوختەكەی و پێویستی بە ماددەیەك یان پێگەیەكی باوڕپێكراو هەیە، بەڵام چالاكی دیاریكردنێكی تری نییە و جگە لە كردە و كردەوەكان خاسیەتی تری نییە دوای ئەمەش ئەوەی كە پەرەدەستێنێ خۆی شتێكی تر نییە جگە لە پەرەسەندن بەم شێوەیەش یەكسەر سروشتی گشتی بابەتەكە جێگیر دەبێت و شوێنی خۆی دەگرێت. ئێمە لە پەرەسەندندا دەبێت جیاكاری لە نێوان دوو سیمای جیاوازدا بكەین: ئەوەی كە بە هێز هەیە و ئەوەی كە بەكردە هەیە، كردە لە هەناوی خۆیدا ئەم سات و سیما جیاوازانە دەگرێتەوە، ئەمەش بەوەی كە هەموو ئەم سیمایانە بەزەرورەت ناو دەنێین عەینی. لەوانەشە ئەوە بخەینەسەری، كە كردە خۆی بە تەنها عەینی نییە، بەڵكو ئەوەشە كە بە هێز هەیە و ئەو خودەشە كە بە چالاكی هەڵدەستێت، واتە ئەوەی كە پەرەسەندن دەستپێدەكات و بۆ پێشەوە پالێدەنێت. بیرۆكەش لە خۆیدا یان بە هێز بەهەمان شێوە عەینییە. ئەوەش كە لەبارەیەوە دەیلێین جگە لە پەرەسەندن شتێكی تر نییە، ئەویش بە هەمان شێوە ناوەڕۆكی پەرەسەندنە. بەم شێوەیە عەینی دەبێتە یەك شت: واتە بوون بە هێز و ئەوەش كە وەك شتێكی تر هەیە، واتە چالاكی تێدەرچوونی ئەم هێزە عەینییە، ئەم دوو ساتە لە ناو یەكداهەن، ئەم یەكەش ساتی سێهەمە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ یەك لەوی تردا لە ماڵەكەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدایە، واتە ئەویتر بە گوێرەی ئەو شتێكی دەرەكی نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە: لەوی تردا یەكەكە روو وەردەگێرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

بیرۆكەش: بەزەروورەت عەینییە، چونكە حەقیقەت پەتی نییە، پەتیش ئەوە نییە كە راستەقینەیە. لە راستیدا فەلسەفە لە ناوچەكانی بیری پوختدا دەجوولێتەوە. بەڵام هەر دەبێت



واسەیری ناوەڕۆكەكەی بكرێت كە عەینییە. لەوانەیە زۆرگران بێت پەی بەوە بەرین كە چۆن ئەم تایبەتمەندیە جیاوازە لێكدژو ناوازانە یەكدەگرن، بەڵام ئەمە تەنها لە بەردەم تێگەیشتندا گرانە، چونكە تێگەیشتن لەگەڵ عەینیدا لێكدژن و هەوڵی ئەوەدەدەن رواڵەتیانەی بكەونەوە و هەموو قووڵایەكی لێداماڵن. تەنها ئەوە بیركردنەوەی تێگەیشتنە كە پەتییەكان و ێناكردنە بەتاڵەكان بەرهەم دەهێنێ و لە رووبەڕووبوونەوەشی لەگەڵ حەقیقەتدا دەستیان لێبەرنادات. بەڵام هەستی ساغ وسەلامەتی مرۆڤ داوای عەینی دەكات. لە راستیدا بیرۆكە لەوەوە كە بیركردنەوەیەكی پوختە، پەتییە، بەڵام لە خۆیدا بەشێوەیەكیرەها عەینییە. فەلسەفەش —لەناو هەموو مەعریفەكاندا- توندترین نەیاری پەتییەكان و پەتیەتییە.[10] بەشێوەیەكی زۆر ورد لەگەڵ ئەم پەتیەتییەدا دەجەنگێت و شەڕێكی نەپساوەش لە دژی بیركردنەوەی تێگەیشتن بەرپادەكات[11].

كاتێك تایبەتمەندیەكانی پەرەسەندن و عەینی پێكەوە دادەنێین، ئەو كات عەینیەكمان دەبێت كە لە حاڵەتی جووڵەدایە (واتە جووڵەی عەینی بۆ بەرهەمهێنانی خۆی و و گواستنەوە لە بوون بەهێزەوە بۆ بوون بەكردە)، هەر بەهەمان شێوەش پەرەسەندنێكی تری وەك عەینی سەربار خراومان هەیە، ئەوەی كە بەهێز هەیە لە خۆیدا عەینییە، پەرەسەندنی هەر خۆی دەركەوتنی ئەوەیەكە بە هێز هەیە، دوای ئەمەش شتێكی نوێ یان نامۆ ناخرێتەسەر رەوتی پەرەسەندن.

---

[10] مانای هیگڵییەكەی ئەم گۆكراوە، واتە لاتەربككردنی بیرەكان و داماڵیان لەناو كۆییەكەیان، یان ئەوەیەكە بیرۆكەكە خام بێت و لە هەناوی خۆیشیدا بیرۆكەیەكی هەڵنەگرتبێ. بەڵام عەینی هەستپێكراوی بەرهەستە نییە، بەڵكو بیرۆكەیەكی پاراو هەیە كە لەناو خۆیدا بیرۆكەی تری هەڵگرتووە، پێكهاتەی هیگڵی، بەردەوام پێكهاتەیەكی عەینییە، ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەمەدا، هەردەبێت خوێنەر بەبەدەوامی ئەمە لە زەیندا رایگرێ، گەروانەكات پاشان زۆر سەخت دەبێت لە فەلسەفەی هیگڵ تێبگات گەر لە دیدێكی ئەرستۆ بیانەوە لێی بڕوانێت.

[11] مەلەكەی تێگەیشتن- وەك بەشێك لە تواناداری عەقڵی مرۆیی- ئەوەیە كە بیرەكان دەبڕێت و تەریكیان دەكات، هەر لەبەر ئەمەش ئێمە لە بنەڕەتدا بە پڕۆسەی ئەزموونكردن هەڵدەستین، هەروەك چۆن هەڵدەستین بەرەخساندنی تایبەتمەندییەكان و دیاریكردنیان و جیاكردنەوەی هەندێكیان لە هەندێكی تریان هەر لەبەر ئەمەش دەیبینین هەموو پەتیەتییەك وەكو وابێت سەربەخۆبێت و لەسەر پێی خۆی راوەستابێت چارەسەردەكات. ((موسوعة العلوم الفلسفية لهيجل)) فقرة ٨٠ و مابعدها ترجمة د. عبدالفتاح امام — الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة. (المترجم)

تاکە شتێك هەیە ئەوەیە کە ئامادە و شاراوەیە لە باری وەستاندایە و ئێستاش دەردەکەوێت و جیادەبێتەوە، پەرەسەندن ئەم توخمە دەخاتە باری دەرکەوتنەوە، تەنها ئەو لایەنە عەینییەی کە لەناو ئەم توخمەدایە دێتە دەرەوە، لە ڕێگەی ئەم پەرەسەندنەشەوە، ئەم عەینییە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دەبێتەوە و بۆ پێشەوە خۆی بەرەو ئەم ڕاستەوخۆیی و ڕوونییەپاڵدەنێ.

عەینی لە خۆیدا جیاواز دەبێتەوە، بەڵام لەسەرەتادا تەنها ڕاستەوخۆیە و بە هێز و بە توانا هەیە تواناداری پەرەسەندنی هەیە —بەڵام جیاوازییەکان لەناو یەکبووندا نوقمن و چیتر شتێکی جیاواز دانەنراون. لێرەدا عەینی خودیانە جیاواز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سادەشە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خودیانە لەگەڵ خۆیدا لێکدژ دەبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەم لێکدژییەوە هاندەدرێت تالەم توانایە و لەم بوونە ناوەکییەوە بچێتە دەرەوە بەرەو دوالیزمەتی و بەرەو جیاوازی، بەم شێوەیە یەکبوون بەرزدەبێتەوە ، هەربەمەش جیاوازی لە بووندا هەقی خۆی وەردەگرێت، بەم شێوەیە یەکبوونی ئەو جیاوازیانەی کە چیتر وەك کۆمەڵە جیاوازییەك دەرنەکەوتوون، بەرەو هەڵوەشانەوەو شیبوونەوە پاڵدەنرێن. بەم ڕێگایەش جیاوازییەکان بۆ بوون دەردەکەون و وایان لێدێت لێرەدا هەبن، بەڵام یەکبوون بەو ڕۆڵەی هەیەتی لە بووندا بە هەقی خۆی دەگات، چونکە ئەو جیاوازییەی کە لێرەدا دەردەکەوێت، ئەو بەو ڕۆڵەی هەیەتی هەڵیدەگرێت و نایهێڵێت، چونکە پێویستە لەسەری بۆ یەکبوون بگەڕێتەوە، حەقیقەتی جیاکاریش بوونیەتی لەم یەکبووندا. یەکبوونیش لە ڕێگەی ئەم جووڵەیەوە نەبێت عەینی نابێتەوە.

ئەمە ژیانە بەو شێوەی کە ئاوایە، ئیتر ئەم ژیانە ژیانێکی سروشتی بێت یان ژیانێکی گیانی، ئەمە ژیانی بیرەو بیرۆکەیەکی مردوو نییە و ماهییەتێکی پەتیش نییە، لەبەر ئەمە ئەوە شتێکی نابەجێ و هەڵەشە و نەك هەر ئەمە بەڵکو خراپترین شتە، لە کاتێکدا کە خوا خۆ ناکرێت پەتی بێت و ئێمە بەم جۆرە لە سیفەتی پەتی پەسنی بدەینەوە، وەکو ئەوەی بڵێین بوونێکی باڵایەو ئیتر ناکرێت زیاتر لەمە لە بارەیە بوترێت. خوا وەك وێناکردن و بۆچوون بەرئەنجامی تێگەیشتنێکی مردووە و هیچ ژیانی تیانییە.

لە جووڵەدا، ئێمە دەبێت یەکەمجار لەوە بکۆڵینەوە و جیای بکەینەوە: کە دەرچوونە لە یەکبوونەوە بەرەو دوالیزمە، دووەمجاریش: بچینە سەر گەڕانەوە بۆ یەکبوون، هەردەبێت سەرنجی خۆمان بدەین بەو ڕاستییەی، کە ئەو جیاوازییەی هەیە، تێپەڕ و ئایدیالییە، لەوەشەوە کە



جیاوازییە، هەر دەبێت هەڵگیرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەیەوە کە ئاشکرا دەبێت، جیاوازی یەکبوونێکی عەینی پڕە، نەك ئەو یەکبوونە بە تاڵەی کە تێگەیشتن دەیبینێ.

ئەمە ئەو قۆناغە جیاواز و تایبەتییەی پەرەسەندنی عەینییە. بەڵام بۆ ئەوەی بە ئاسانی پەی پێبەرین بەڕوونیش لە زەینمان نزیکتری بکەینەوە، بە کۆمەڵە نموونەیەك لە بارەی عەینییەوە بەڵگە دەهێنینەوە، کە -بە پلەی یەکەم- لەو شتانەی وەرگیراون کە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە پەیمان پێبردوون.

شتە سروشتییەکان لەبەردەمماندا خۆیان وانیشاندەدەن کە عەینین، بۆ نموونە گوڵ (هەڵاڵە) چەند سیفەتێکی جیاوازی: وەك ڕەنگ و تام و بۆن و شێوەیە .... هتد بەڵام هەموویان لەناو یەك شتدا بوونیان هەیە، ناشبێت یەکێکیان لێ بزربکات ... کۆمەڵە سیفەتێکن بەو شێوەیە پەرش و بڵاونین کە یەکێکیان لێرەبێت و ئەوی تریان لەوێ: بۆن لێرەدا بێت و ڕەنگ لەوێدا. بەڵکو بەپێچەوانەوە: ڕەنگ و بۆن و سیفەتەکانی تریش شتانێکن هەریەکەیان بەوی تریانەوە گرێدراوە و لەناو یەك شتیشدا شانیان بەشانی یەکەوەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی جیاوازن و ناکرێت پێکەوە کۆبکرێنەوە و بەشێوەیەکی ئامێری لێکبدرێن. هەمان شتیش لە بارەی گەڵای درەختەوە دەوترێت، ئەویش لە خۆیدا عەینییە، هەر بەشێك لە بەشەکانی گەڵاکە هەڵگری هەموو ئەو سیفەتانەیە کە درەختەکە هەڵگریەتی. بەهەمان شێوەش دەبینین زێڕ لە هەر بەشێك لە بەشەکانیدا بێدابەشبوون و بێدابڕان خاوەنی هەموو سیفەتەکانی خۆیەتی، لەوەوە کە ڕەنگی زەردە، بە هەمان شێوەش خاوەنی کێشێکی جۆریە. زێڕ لە خاڵێکدا ڕەنگەکەی زەرد نییە و لە خاڵێکی تردا خاوەنی بارستایی و کشێکی جۆری بێت. ئێمە لە باری بابەتە سروشتییەکاندا بەبێ هاتو هاوارێکی زۆر ڕێگە بەم عەینییەتە دەدین. بەڵام لە بواری گیان و بواری بیردا، گرەنگە وا جیاوازییەکان وێنا بکەین کە هەندێکیان دژی هەندێکی تریان بن. ئێمە لێکدژی و شێوان لەوەدا نابینینەوە کە بۆنی گوڵ شتێکی جیاوازە لە ڕەنگەکەی، بۆنکردن و ڕەنگ سەرەڕای ئەوەش یەك لەگەڵ ئەویتریاندا لە یەکبووندان. بەڵام لەبەر ئەم هۆیە یەکێکیان لەوی تریان جیاوازە، ئێمە بەم جیاوازییە ناگەینە پلەی لێکدژی و دژایەتی.

بەڵام تێگەیشتن و تەرزی بیرکردنەوە ئەوە دیاری دەکەن کە تا چ مەودایەك شتەکان یەك لەگەڵ ئەوی تریان لێکدژن، ئەو ڕێگایەش کە پێی لەمە تێدەگەین بە هۆی نەبوونی جیاوازی یەکیانە لەگەڵ ئەوی تریاندا. بۆ نموونە گەر قسە لەسەر ماددە و شوێن بکەین. ئەوا دەزانین ماددە

پێکهاتەییە و شوێنیش بەدەمەویەکەوەدراو ونەپچڕاوە. دەتوانم بە ڕێگای جۆراو جۆر شوێن پڕبکەمەوە بەڵام ناتوانم بەدەمەویەکەوە بوونەکەی بپچڕێنم. لە ڕوویەکی ترە دەتوانم لە هەموو شوێنێکەوە خاڵی لەسەر دانێم و وای لێبکەم لە کۆمەڵە خاڵێك پێکبێت، هەمان شت بۆ مادەش ڕاستە، مادده لە هەموو شوێنێکدا لێکدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە هەموو شوێنێکەوە شایەنی دابەشبوونە تادەگاتە گەردەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر تەواو بەدەم یەکەوەیەو لەناو خۆیدا بەدەمییەکەوە بوون هەیە، (هەموو گەردێکیش هێشتا هەرشایەنی دابەشبوونێکی لەمە زیاترە) بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێمە هەر لە گەردەکان دەدوێین. ئەمەش ئەوە دەگەێنیێ ئێمە لە حاڵەتی ماددەدا خاسیەتێکی دوو سەرەمان هەیە: بەدەمەوەیەکبوون و دابەشبوون پێکەوە لەناو یەك حاڵەتدا. با تێگەیشتن هەر بەرێگەیەکی جیاوازتر لەمە بیربکاتەوە و پێی وابێت مادده یان بەدەمییەکەوەیە یان گەردییە Atomisitic[12]. تێگەیشتن ئەم دوو سیفەتە هاوسێیە دەخاتە ناو لێکدژبوونی یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تریاندا، ئەو وادەزانێت گەردەکان بە دوورن لە بەدەمەوەیەکبوون. بەڵام لە ڕاستیدا مادده بەتەواوەتی یەکێك لەم دوو سیفەتە نییە، عەقڵ لێکدژی نێوانیان ڕەتدەکاتەوە و بۆ ئەوە دەچێت هەموو بەدەمەوە یەکبووێك گەردە، هەموو گەردێکیش بە هەمان شێوە بەدەمەوە یەکەوەبوونە.

با نموونەیەك لە بوارێکی باڵادا وەرگرین: ئێمە دەڵێین مرۆڤ ئازادە، یان خاوەنی ئازادەییە کە سیفەتێکە و دژی زەرورەتە. ((ئەگەر هاتوو گیان ئازاد بوو ئەوا سەر بۆ زەرورەت دانانەوێنیێ)) دوای ئەمەش دژەکەی ئەمەیە ((کە بڵێین ویست و بیرکردنەوەمان لەگەڵ زەرورەتدا بووەتەوە بەیەك و ئیتر ئازاد نییە)) و یەکێکیان لەوی تریان دوور کەوتووەتەوە، نموونەی ئەم جۆرە ڕایانە بەوە دەناسرێتەوە کە هەندێکیان جێگا بە هەندێکی تریان لەق دەکەن و یەکیان لەوی تریان دوور دەکەوێتەوە و هەمەکییەکی عەینی شێوەگیر ناکەن. بەڵام حەقیقەت یەکبوونی دژەکانە و ئێمەش پێویستە بڵێین، گیان لە زەرورەتی خۆیدا ئازاد دەبێت و تەنها لە ڕێگەی ئەم زەرورەتەی خۆشییەوە دەگاتە ئازادی خۆی. بەم شێوەیە جیاوازییەکانی لە یەك یەکبووندا دەبنەوە بەیەك، ڕاستە لە گەیشتن بەم یەکبوونەدا بارگرانییەکە زیاتر دەبێت، چونکە تێگەیشتن نەدەتوانیێ وەدی بهێنێت و نەدەتوانی پێی بگات، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە کۆشش

---

[12] گەردی Atomistic: پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە توخمێك کە هیچیان پەیوەندی بەوانی تریانەوە نییە. (المترجم).



بکەین و هەوڵی خۆمان بخەینەگەڕ تاوەدەستی بهێنین. زۆر ئاسانەگەر لە بری خۆ بەستنەوە بە خۆڕاگری عەینییەوە بڵێین زەرورەت ئازادی دەردەکات و دووری دەخاتەوە، بەپێچەوانەشەوە. لە ڕاستیدا لێرەدا شتانێك هەن —شتانێك لە سروشتدا کە بەزەرورەتێکی پوخت زەرورین و بۆ زەرورەت ملکەچن، واتە سەر بە بواریێ زەرورەتن بە ڕێگایەکی تاك ڕەهەندانە سەر بە بواری زەرورەتن. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم شتانە بوونەوەرانێکی ڕاستەقینە و ڕەسەن نین و ئەمەش ئەوە ناگەیەنیێ بڵێین هەر نین و ناشبن. بەڵکو ئەمانە تەنها ئەوەیە کە لەناو خۆیاندا نابنە خاوەنی حەقیقەت، دوای ئەمەش سروشت پەتییەتییە و ناگاتە بوونی ڕاستەقینە و ڕەسەن، بەڵام گیان نابێت تاك ڕەهەند بێت. کاتێك کە ئێمە وا وێنای دەکەین کە تەنها ئازادییە بەبیێ زەرورەت، تەنها لەم حاڵەتەدا ئازادی دەبێتە ئازادییەکی پەتی و وێنەیی و کە بۆشە و تەنها هەواو ئارەزووە .....

کاتێك بۆ سروشتی پەرەسەندن و عەینییەت بە جێگیری و خۆڕاگرییەوە دەست بەم تایبەتمەندیانەوە دەگرین، ئەوا —یەکسەر- فرەیی ڕێبازە فەلسەفییەکان مانایەکی تر وەدەگرێت، چونکە چیتر دوای ئەمە فرەیی بەو شێوەیە دەرناکەوێت کە لە تێگەیشتنی باودا هەیە، واتە ئەوەی کە شتێکی جێگیر هەبێت و لە کۆمەڵە شتێکی بیێ لایەن لەگەڵ یەکتریدا پێکهاتبیێ و کە هەریەکەیان بۆ خۆی سەربەخۆ بێت ... هتد. بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە فرەیی بەو شێوەیە وێناکەین، کە لەناو جووڵە دەنەخشێنرێت، ئەمەش جووڵەیەکە کە هەموو جیاوازییە، جێگیرەکان شی و شیتاڵ دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاروساتە گوزەراوەکان.

بەم شێوەیە بەیەك لێدان کۆتایی بەو چەنەبازییە دێت کە لە بارەی فرە جۆری فەلسەفەکانەوە هەیە، وەکو ئەوەی ئەم فرە جۆرییە شتێکی جێگیر و بەستەڵەك بێت و نەجووڵێتەوە، توخمەکانیشی هەربە دابڕاوی بمێنێتەوە —بەم ڕێگایە لەگەڵ ئەم چەند بازنەیەدا دەکەوینە ململانیێ یان دەیخەینەوە ناو پێویستی خۆی و دەیگەڕێنینەوە بۆ شوێنەکەی خۆی. ئەمە چەنەبازییەکە پێیوایە بە هەڵوێستە زاڵەکەی خۆی لەسەر فەلسەفە، دەبێتە خاوەنی چەکێك کە تێکناشکێنرێت، بە هۆی شانازیکردنیشیەوە بەو کاتیگۆرەییە هیوا بڕاوانەی خۆی، هێشتا هەر، کە لەخۆبایی بوون و بە خۆدانازینێکی درۆزنانەیە- لە هەمانکاتدا بە بیێ ئاگایەکی تەواو

بێ ئاگایە لەو توانادارییەکەمەی کە  هەیەتی و لێیەوە گریمانەی ئەو جۆرە لە فرە جۆری و جیاوازی لەم حاڵەتەدا دەکات، کە دەیزانێت، لەگەڵ ئەوشدا ئێمە لێرەدا کاتیگۆرییەك دەبینینەوە کە هەریەك لە ئێمە لێی تێدەگات، کەسیش بەمە دڵی پرکینە و قین نابێت. هەموو کەسێك لە ئێمە ئاشنای دەبێت و وادادەنێت کە دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات و واش بەکاریبهێنێ کە بەتێگەیشتنێکی تەواو لێی تێگەیشتبێت. زانینی ئەوەش کە ئەو کاتیگۆرییە چییە؟ کارێکە تەواو بووە و دەستمان لێ هەڵگرتووە. بەڵام ئەوانەی وا لە فرەجۆری دەکەن کە بەشێوەیەکی رەها مردوو و جێگیربێت، هیچ شتێك لە بارەی سروشتە دیالێکتیکییەکەیەوە نازانن.

ئەمە ئەو کاتیگۆریانەن کەویستم بیانخەمە بەردەستتان، من هیچ بەڵگەیەکم بۆ نەهێناونەتەوە بەڵکو بەخستنەڕوویەکی رێکوپێك خستوومنەتە بەرچاو، هەروەها هەوڵمداوە بەپێی رێگەی بیرکردنەوەمان ئاسان و رەوان بیبن.

بەڵام ئێستا پێویستە لە کاری پراکتیزەکردنی ئەم کاتیگۆریانە بڕوانین و دەرئەنجامە ئاشکراکانیان روونبکەینەوە، هەر لەبەر ئەمەشە لێرەدا باسم کردوون، دوای ئەمە بەرەو درێژەپێدانێکی زیاتر دەڕۆین بۆ خستنەڕووی بابەتی مێژوو یان بەشێوەیەکی وردتر: مەبەستمان خستنەڕووی مێژووی فەلسەفەیە.



## چوارەم: پراکتیزەکردنی ئەم کاتیگۆرییانە لەسەر مێژووی فەلسەفە

### ١- *فەلسەفەی گوزارشتە لە سیستەم:*

بەپێی ئەم کاتیگۆرییە —فەلسەفە بیرۆکەیەکە خۆی بەرەو هۆشیاری پەلکێشدەکات، بیرێکە بەخۆیەوە سەرقاڵە، وا لە خۆیشی دەکات ببێت بە بابەت بۆ خۆی و لە خۆیشیدا بیر لە هەنگاوە جۆریەکان و قۆناغە جیاوازەکان دەکاتەوە. بەم شێوەیەش دەبینین فەلسەفە وەك — زانست- پەرەسەندنی بیرێکی ئازادە، یان روونتر کۆی ئەم پەرەسەندنەیە، بازنەیەکە بێ پسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و بەتەواوتی لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەمێنێتەوە، فەلسەفە بە هەموویەوە خۆیەتی، لە توانایدا نییە هیچ بکات جگە لە گەڕانەوە بۆ خۆی، ئێمە کاتێك کە بایەخ بە کارە هەستەکییەکان دەدەین، لە ماڵەکەماندا لەگەڵ خۆماندا نین، بەڵکو لەگەڵ شتێکی تر داین. بەڵام کاتێك کە بەبیرەوە سەرقاڵ دەبین، شتێکی جیاواز، چونکە تەنها ئەوە بیرە کە لە ماڵەکەیدا دەبێت و لەگەڵ خۆیدا دەبێت، بەم شێوەیە فەلسەفە دەبێت بە پەرەسەندنی ئەو بیرەی کە هیچ شتێك تەگەرە ناخاتە بەردەم چالاکییەکانی، دوای ئەمەش فەلسەفە سیستەمە (رێبازە System). لە سەردەمە نوێکاندا وشەی ((سیستەم)) وای لێهات کە بەخراپی بە کاربهێنرێت، وادەزانرا واتای دەستگرتن بە بنەمایەکی تاك رەهەندەوە دەگەیەنێ. بەڵام مانای راستەقینەی ((سیستەم)) سەراپاگیرییەکی هەمەکییە Totality، بە تەنها هەر ئەمەشە سیستەمی هەق، کە سەراپاگیرییەکە بە ساکارترین توخم دەستپێدەکات، دوای ئەمەش هەر جارێ کە پەرەدەستێنێ زیاتر عەینی دەبێتەوە.

### ٢- *مێژووی فەلسەفە ئەم سیستەمەیە:*

مێژووی فەلسەفە بەشێوەیەکی رەها ئەم سیستەمەیەو شتێکی تر نییە. لە فەلسەفەدا بەو شێوەیەی کە ئاوایە و لەتازەترین فەلسەفەکاندا، یان لە فەلسەفەی ئەمڕۆدا ئەوە دەبینین کە سیستەم هەموو شتێکی لە خۆی گرتووە و هەموو ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە بە درێژای هەزارەها ساڵ دراون، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناویاندا بەرهەم هاتووە، ئەمەش بەرهەمی هەموو

ئەوەیە کە لە رابردوودا روویداوە و دەرئەنجامی ئەوەیە کە لە پێشییەوە هاتووە. ئەم پەرەسەندنەی گیان —کە بەشێوەیەکیمێژوویی سەیر دەکرێت- مێژووی فەلسەفەیە، مێژووی هەموو پەرەسەندنێکی خودی گیانە و خستنەڕووی ئەو سات و قۆناغە یەکلاکەرەوانەیە کە بەو شێوەیەن لە زەمەندا یەکیان بە دووی ئەوی تریاندا بێت. فەلسەفەی خستنەڕووی پەرەسەندنی بیرە وەك ئەوەی کە لە خۆیدا هەیە، بەبێ هیچ خستنە سەرێك، مێژووی فەلسەفە ئەم پەرەسەندنەیە لەناو زەمەندا، دوای ئەمەش مێژووی فەلسەفە لەگەڵ سیستەمی فەلسەفەدا لەیەك شوناسدا یەکدەگرن، لێرەشدا تەنها شوناسی هەر دووکیان بڕیاری لەسەر دەدرێت. لەم خاڵەوە ناتوانین بەڵگەیەکی تیۆری روونی لەسەر بهێنینەوە، چونکە ئەم بەڵگەیە پەیوەندی بە سروشتی عەقڵ و بیرکردنەوەوە هەیە، ئەم مەسەلانەش خودی فەلسەفە خۆی چارەسەریان دەکات. بەڵام بەڵگە ئەزموونییەکە مێژووی فەلسەفە پێشکەشی دەکات، ئەم بەڵگەیەش ئەوەی لە ئەستۆدایە کە ئەوە روونبکاتەوە رێڕەوەکەی سیستەمی بیر خۆیەتی، هەر لەو کاتەشدا کە فەلسەفەی تیایدا دەخرێتەوە روو مێژووی فەلسەفە ئەم بەڵگەیە دەهێنینەوە، بەڵام لەگەڵ زیادکردنی زەمەن و بارودۆخی مێژووی تایبەت بە هەر شارێك و تاکە کەسە جیاوازەکان و ئەوەی بۆ ئەمانەیە و ئەو ساتەی کە تیایدا فەلسەفە دەرکەوێت یان هەرکاتێك کە فەلسەفە زەمەندا دەرکەوت، خاڵێکی ترەکە دواتر لە بەشی دووەمی ئەم دەروازیەدا لێی دەکۆڵینەوە.

گیان، لە خۆیدایە و بۆ خۆیەتی، بە تەواوەتیش لە ئەلفەوە بۆ پێ عەینییە، کاریشدەکات، دوای ئەمەش تەنها شێوەی خود لە بیرکردنەوەدا وەرناگرێت و بەس، بەڵکو لەو سەراپاگیریەشدا کە سەر بە پێکهاتنی خۆیەتی دەدروەشێتەوە، ئەم پێکهاتنەش شتێکی تر نییە جگە لەوەی کە شێوەیەکە لە شێوەکانی مێژووی جیهان. کاتێك لە گیانی دێتە پێشی، لە سەراپاگیریەتی خۆیدا دێتە پێشێ، کاتێکیش کە پێشکەشی دەکات، لە زەمەندا روو دەدات، هەروەها سەراپای پەرەسەندیش لە زەمەندا روودەدات. بنەمای هەموو سەردەمێك و بیرەکەی، ئەو گیانەیە کە رۆدەچێتە ناو هەموو شتێکەوە، پێویستە گیان لە هۆشیاری خۆی بە خۆی بەرەو پێش بچێت، ئەو بەرەو پێشچوونەش پەرەسەندنی سەراپای بارستەکەیە، واتە ئەو سەراپاگیرییە عەینییەیە کە دێتەدەرەوە و دوایش دەکەوێتە ناوزەمەنەوە.



مێژووی فەلسەفە بایەخ بە بیری پوخت دەدات، دوای ئەمەش هەربەخۆی زانستە، واتە کۆمایەك لەو رووداوانە نییە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان رێکوپێککراون، بەڵکو پەرەسەندنی بیرە — بەشێوەیەکی رەهاش پەرەسەندنێکی زەرورییە، بەڵام ئەم مێژووە هەردەبێت رەچاوی ئەو زەروورەتە بکات کەوا لە بیردەکات لە زەمەندا رووبدات، ئەمەش وانەکانی مێژوون. دوای ئەمەش هەر دەبێت ئێمە بەشێوەیەکی مێژوویی هەنگاو بنێین و رێ یکەین، واتە پێویستە لە پێکهاتنی ئەم بیرە بچێتەپێشێ، بەو شێوەیەی کە لە زەمەندا یەکێکیان دەکەوێتە دووی ئەوی تریبان ئەمە وادەردەکەوێت کە لەو جۆرەی دەرکەوتندا، کە هەریەکەیان لە ناویدا دەرەکی دابڕاو دەبێت لەوی تریان رووکەش بێت هەردەبێت ئێمە پێویستی ئەم دەرکەوتنە بەشێوەیەکی روون بخەینەڕوو.

ئەمەش مەغزاو مانای مێژووی فەلسەفەیە، فەلسەفەش پەرەدەستێنی و بنەچەکەی خۆی لە مێژووی فەلسەفەوە درێژ دەکاتەوە، پێچەوانەی ئەمەش هەر راستە. فەلسەفە و مێژووەکەی هەریەکەیان ئاوێتەیە بەوەی تریان. لێکۆڵینەوەش لە مێژووی فەلسەفە هەر خۆی لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەو نەك هەر ئەمەش بەڵکو پێش هەموو شتێك لێکۆڵینەوەیە لە لۆژیکیش. دواتر لە بارەی عەینییەوە دەدوین، راستە من بۆ ئەوەی توانام بەسەر تێگەیشتنی مێژووی فەلسەفەدا بشکێت و بەشێوەیەکی سەراپاگیری تێبگەم، هەردەبێت یەکەم جار بزانم فەلسەفە و مێژووەکەی چین، بەڵام پێویست ناکات بە رۆشتنێکی یەکەمیانەی پێشیانە Apriori رێکەیت و مێژووی فەلسەفە لەسەر بنچینەی یەك فەلسەفە ساغکەیتەوە. هۆشیاری بیر بە رێگای بەرەو پێشچوونی، بە روونی و بەشێوەیەکی پوخت لە رەوتی مێژوودا دەدرەوشێتەوە.

## ٣- دەرکەوتنی فەلسەفە لە زەمەندا

چۆن پەرەسەندنی فەلسەفە لە زەمەندا بەشێوەیەکی زۆر ورد دەردەکەوێت ....؟ من پێشتر وتم لە حاڵەتی بیردا: ناکرێت پرسیار لە بارەی مانای بیرەوە پێشنیار بکرێت، چونکە بیر خودی مانا خۆیەتی و شتێك لە پشتییەوە نییە، سەرەڕای ئەمەش بە کارهێنانی گوزارشتکردنێکی پێچەوانەی ئەم گوزارشتکردنە لە شوێنێکی تردا دەیبینییەوە، چونکە بیر و دواشتەو قووڵتریشیانە و شتێکی تر لە پشتیەوە نییە، بە تەواوەتی هەر ئەوە خۆیەتی کە هەیە، بەڵام بیریش خاوەنی درەوشانەوەیە، بە رێژەی جیابوونەوەی ئەم درەوشانەوەیە لە بیر، دەتوانین لە

بارەی مانای بیرەوە بدوێین. یەکێك لە درەوشانەوەکانی بیر، ئەو بیرۆکەیە کە لەبارەیەوە هەمانە، یەکێکی تر لە درەوشانەوەکانی بیر درەوشانەوەی مێژووییە.

روالّەتی یەکەمی بیر، بیرکردنەوەیە یان ئەو بیرۆکەیە کە وەك شتێکی بەشەکی دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو راستییەی کە ئێمە بیردەکەینەوە و لەبەر ئەوەی کە لێرەدا بیرەکان هەن، کەواتە هەر لێرەدا پەیبردنە هەستەکییەکان و غەریزەو مەیل و کردەوەکانی ویست هتد. هەن و بەم شێوەیەشە کە دەبینیین لێرەدا کۆمەڵە مەلەکەیەکی تر و چالاکی تری دەروون هەن، کە هەمان ئەو هەقەیان هەیە کە بیرکردنەوە هەیەتی. بەم شێوەیە بیر شتێکی بەشەکی دەبێت لە پاڵ کۆمەڵە شتێکی بەشەکی تردا. بەڵام هەردەبێت ئێمە لە فەلسەفەدا بیرۆکەیەکی تەواو جیاواز لە بیر و بیرکردنەوە بدۆزینەوە، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە چالاکییەکی هەمەکییە و ئەم چالاکییەش بە رێژەی ئەوەی کە لە پاڵیدا  چالاکییەکانی تر هەن بەشەکی دەبێتەوە. بەڵام سروشتی راستەقینەی خۆی ئەوەیە، کە کار بکات بۆ ئەوەی هەموو چالاکییەکانی تر لە ژێر ئالاّی خۆیدا کۆبکاتەوە. مرۆڤ بە هۆی بیرکردنەوەوە لە گیانلەبەرەکانی تر جیادەکرێتەوە. بەڵام هەست و سۆز و غەریزەکان و شتانێکی لەم جۆرە، لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تردا هاوبەش و بلاّون. بالێرەشدا کۆمەڵە هەستێکی بەشەکی تایبەتی وەك هەستی ئایینی و ئاکاری و هەستکردن بە هەق و دادوەری هەبن و تەنها سەر بە مرۆڤیش بن، هەستەکان بەو شێوەیەی کەوان —لە خۆیاندا- ئەوەندە گران بەها و بە بەهانین و ئەوەی لە ناویدا راستەقینەیە حەقیقەت نییە، واتە بۆ نموونە حەقیقەتی ئەو هەستکردنەی کە مۆرکێکی ئایینی هەیە، تەنها لە بیرەوە سەرچاوەی گرتووە. گیانلەبەران شعور و شعوریان هەیە بەڵام ئەم هەست و و هەستە ئایینی نییە، ئەوە تەنها مرۆڤە ئایینی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بیرکەرەوەیە. بیرکردنەوە بەو شێوەیەی کە ئاوایە هەمەکییە، بیرکردنەوەیەکی عەینی بەشکراوە لە خۆیدا، بەشەکیش جگە لە لایەکی پەتی (هەمەکی) شتێکی تر نییە.

یەکێك لەو روالّەتانەی بیرکردنەوە کە وەکو ئەو دەردەکەوێت شتێکی خودی بێت، بەمەوە گرێدەدرێتەوە. راستە کە بیرکردنەوە تەنها سەر بە مرۆڤە سەر بەو مرۆڤەش نییە کە وەك تاکێکی تەریك وتاکبووەوە یان خودێکی تاکبووەوە پەسەندبکرێت، بۆیە هەر دەبێت ئێمە بیر لە رووی —کرۆکەوە-وەرگرین، واتە لەسەر ئەو بناغەی کە مانای ئەوەیە شتێکی بابەتییە، بیر



بەو شێوەیەی کە هەیە هەمەکییە. تەنانەت لە سروشتیشدا بیرە ئامادەکان وەك جۆرەکانی یاساکان دەبینینەوە، بەم شێوەیە دەبینیین تەنها لە وێنەی هوشیاریدانین و بەس، بەڵکو بەشێوەیەکی رەها هەن و دواتریش بەشێوەیەکی بابەتی، هەروەها عەقڵی جیهانیش عەقڵێکی خودی نییە، بیریش ئەوەیە کە  هەق و کرۆکییە، ئەمە ئەگەر هاتوو بەوە بەراوردکرا کە تاکانەو کاتیی و تێپەڕو لەناو چووە، مەعریفەو راوەستانیش لەسەر سروشتی بیر، شێوازی خودی لە دەرکەوتنیا رادەماڵێ. ئەمەش مانای ئەوەیە، لەم کاتەدا بیر بەتەنها شتێکی بەشەکیانەی خودیانە نییە کە سەر بە هۆشیاری ئێمە بێت و بەس، بەڵکو بەشێوەیەکی رەها هەمەکی و بابەتییە.

بەڵام روالّەتی دووەمی بیر ئەوەیە کە پێشتر بە بیر ناومان برد، واتە دەرکەوتنی لە مێژوودا یان ئەو بیرە دیاریکراوانەی کە لەم ماوە زەمەنیەدا و لەم ناوچەیەدا و لە لای ئەم تاکە کەسە یان ئەو تاکە کەسە هەڵقولاّون و سەرچاوەیان گرتووە، ئەویش لەوێوەوەیە کە سەرهەڵدانە کە وادەردەکەوێت وەك ئەوەی بە دوایەکهاتنێکی رووکەشانە بێت، پێشتر باسی ئەوەم کرد کە چۆن ئەم پێشکەوتنە دەردەکەوێت و راستەڕێ دەگرێت، ئێمە لە روویەکی مێژووییەوە لە بیرەکان دەچینە پیشیێ، دروست هەروەك ئەوەی کە لە لای ئەم کەسە یان ئەو کەسە دەرکەوتوون. بەڵام ئەم پەرەسەندنە لە زەمەندا بە پێی زەرورەتی ناوەکی لە بیرۆکەی سەراپاگیردا رێدەکات.

ئەمەش تاکە دیدێکە بۆ مێژووی فەلسەفەی کە شایەنی رێز لێنانە، بە گوزارشتێکی تر: ئەوەی کە بەراستی لەم مێژووەدا گرنگە، ئەوەیە کە هەموو ئەوەی لە جیهانی عەقڵیدا روودەدات ئاشکرای دەکات. یان ئەوەی کە دەکەوێتە ناو مێژووەوە، بە پێی عەقڵ دەکەوێتە ناو مێژووەوە. لێرەدا بۆ ماوەیەکی درێژ کۆمەڵە هێزێك پەسەند دەکرێت، کارەکە بەم شێوەیەیە، مێژووی فەلسەفەش پەرەسەندنە بۆ بیرکردنەوەی عەقڵی، دوای ئەمەش ئەوەی کە لەم پەرەسەندنەدا روودەدات لە زۆربەی زۆریدا بە شێوەیەکی گشتی بە هەمان شێوە عەقڵییە، پەرستگای عەقڵێکی هۆشیارە بۆ خودی بالاّی خۆی و زۆریش بەرز و  مەزنە، لە هەیکەلەکەی سلێمان و هەموو ئەو پەرستگایانەی کە مرۆڤ دروستکردووە مەزنترە، وابوونیادنراوە کە

بینایەکی عەقڵی بێت. بەڵام هەرگیز بەو شێوەیە نا کە جوولەکەکان و ماسۆنییەکان پەرستگاکانیان لەسەر شێوازی هەیکەلی سلێمان بوونیاد دەنێن[13].

دەتوانین باوەڕ بەوە بهێنین کە ئەم پەرەسەندنە پەرەسەندنێکی عەقڵانییە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ —کە بە ڕێگایەکی تر- ئیمانت بە نیعمەتی خوایی هەبێت Providence[14]، بەوەی کە لە تواناادا نییە ئەم پەرەسەندنە لەوە باشتر بێت کە هەبووە گەر ئەوەی بیر بەرهەمی دەهێنێ و وەدی دەهێنێ لە جیهاندا باشتر شێوە نەبێت، دوای ئەمەش لێرەدا عەقڵێك لە سروشتدا هەبێت کەچی شتێك بەناوی عەقڵەوە لە مێژووداو لە مەملەکەتی گیاندا.... هتد نەبێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیمان بە خوا، هیچ مانایەکی نییە. گریمانە کردنی ئەوەی کە پشتیوانییەکی خوایی هەیە فەرمانڕەوایی جیهانی دەکات و —لەگەڵ ئەمەش- گوتنی ئەوەی —کە ڕووداوەکانی جیهانی گیان- لەوانەش ئەم ڕێبازە فەلسەفییانە- شتانێکی رووکەش و ڕواڵەتین، گوتەیەکە خۆبەخۆ لێکدژە، ڕاستیش ئەوەیەکە ئەم گوتەیە ئیمان بە پشتیوانی خوایی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وەرنەگرتووە، بەڵکو تەنها پرت و بۆڵەیەکی بێ مانایە و هیچی تر، ئەوەش کە ڕوودەدات بەپێی بیرۆکەی پشتیوانی خوایی و لە ڕێگەی ئەویشەوە ڕوودەدات.

---

[13] هەیکەلی سلێمانی پەرستگایەکی بەردینە کە سلێمانی حکیم لە ئۆرشەلیم (قورش)، لەساڵی ٩٦٧ و ٩٦٠ پێش زاین دروستیکردووە و درێژییەکەی نزیکەی ٣٠مەتر بووە پانییەکەشی نزیکەی ١١ مەتربووە بەزرییەکەشی نزیکەی ١٥ مەتربووە، نەبوو خوزنەسری پاشای بابل ئەم هەیکەلەی لە ٥٨٦پ.م رووخاندووە و لە ساڵی ٥٢٠پ.م بوونیادنراوەتەوە و تاساڵی خەفتای پێش زایین بە تەواوەتی و بۆ دواجار خاپووریان کردەوە. (وەرگێڕ)

[14] پشتیوانی خوایی Providence هەندێك جار پێناسە دەکرێت بەوەی کە زانستی خوایە بەوەی کە پێوستە بوون لەسەری بێت تاوەکو لەسەر باشترین سیستەم و کامڵترینیان بێت. بەڵام ئەم پێناسەیە تەواو نییە، چونکە لە بنچنەدا پشتیوانی خوایی کاریگەری خوایە لەسەر جیهانی و ئاراستەکردنییەتی بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکان وەکو ئەوەی کە باوە بەمە دەوترێت پشتیوانی گشتی، بەڵام پشتیوانی تایبەتی سەرخستنی بەندەیە لە لایەن خواوە لە کارکردووەکانیدا و لە ژیانشدا ئاراستەکردنی بۆ ڕێگای ڕاست. (المترجم).



# بەشی چوارەم

# دەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەوەی پێشوو

## ١ - فەلسەفە گرنگی بەڕا (كەس)یەكان نادات:

یەكەم ئەنجام كە لە گفتوگۆكەی پێشوو پوختەی دەكەین ئەوەیە، ئێمە لە مێژووی فەلسەفەدا بە هیچ شێوەیەك كارمان بەسەر راكەسیەكانەوە Opinion نییە، ئێمە لە ژیانی رۆژانەی گشتیماندا رای كەسیمان هەیە، واتە ئێمە بیروڕامان لەسەر شتەكانی دەوربەرمان هەیە، ئەم كەسە بە رێگایەكی دیاریكراو باوڕی بە كۆمەڵە رایەك هەیە و ئەو كەسەش بە رێگایەكی تر باوەڕی بە كۆمەڵە رایەك هەیە. بەڵام گیانی جیهان بە راستی سەرقاڵە بە كۆمەڵە جۆرێكی تر لە كاروبارەوە، ئەوا بایەخ بە مەسەلە هەمەكییەكان دەدات، واتە بە گاتیگۆریە هەمەكییەكانی گیان، بەڵام تۆ پرسیارێكی تیا نادۆزیتەوە لە بارەی رای فلانەكەس یان فیسار كەسەوە. گیانی هەمەكی لەناو خۆیدا و بەپێی زەروورەتێكی تایبەت پەرە بەخۆی دەدات، -بە سووك و ئاسانیش- دەتوانین بڵێین: رای ئەو حەقیقەتە.

## ٢- هەمە جۆری فەلسەفەكان

دووەم ئەنجامیش كە لە گفتوگۆكەی پێشوو پوختە دەكرێت، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە: چی لە بارەی هەمە جۆری فەلسەفەكانەوە هەیە، لە كاتێكدا ئەوەی كە خەڵك دەیڵێت وەكو ئەوە وایە بەڵگەیەك بێت دژی خودی فەلسەفە، واتە دژی حەقیقەت؟ ئێمە هەر دەبێت یەكەجار ئەوە بڵێین كە جگە لە یەك فەلسەفە شتێكی ترمان نییە[1]. بێ گومان ئەم گوتەیەش، مانایەكی

---

[1] دەكرێت ئەمە بەو شێوەیە باس بكەین كە ولیەم ولاس Williem Wallace (١٨٤٤-١٨٩٧). دەیڵێت، كە فەیلەفسووفێكی ئەسكوتلەندییە و راڤەكەرێكی هیگڵی ناسراوە. ئەوش لەوەوە كە دەڵێت: ((ئەوەی كە هیگڵ دەیەوێت بیڵێت نوێ نییە و رێبازێكی تایبەتیش نییە، بەڵكو فەلسەفەیەكی هەمەكی گشتگیرە Universal كە نەوە دوای نەوە ئاڵگۆڕیان پێكردووە، جارێك بە شێوەیەكی فراوان و جارێكیش بە شێوەیەكی بەرتەسك، بەڵام كرۆكەكەی چۆن بووە هەر ئاوایە و نەگۆڕاوە و هەر هۆشیاریشە بەو درێژەدان و مانەوەی و شانازی بەوەوە دەكات لەگەڵ فەلسەفەی ئەرستۆ و ئەفلاتوندا لە یەكبووندایە.

W.Wallace: Hegel's Philosophy of Mind p.g . واتە لێرەدا لە تێڕوانینی هیگڵدا شەپۆلێكی فەلسەفەی بە دەمەوەیەكدراوی و دەرچوو هەیە كە گوزارشت لەوە دەكات، دەكرێت بە فەلسەفەی هەمەكی گشتی ناوی ببەین، رێبازە فەلسەفەكانیش جگە لە وێنەیەكی ئەم فەلسەفەیە شتێكی ترنین. (المترجم).

وێنەی هەیە، چونکە هەموو فەلسەفەیەك بەلایەنی کەمەوە هەر فەلسەفەیە، (بە مەرجێك بە راستی فەلسەفە بێت —چونکە زۆر جار ئێمە وشەی فەلسەفە بەرامبەر بە شتێك بەکاردەهێنین کە (لە راستیدا لەبەردەمماندا شتێکی تر) نییە جگە لە پرت و بۆڵە یان بیروڕای بێ سەروبەر ... هتد). هەروەکو چۆن هەموو جۆرەکانی میوە هەر بە ((میوە)) ناودەبرێت، لەسەر بناغەی هەمان بنەماش دەبێت سەیری پەیوەندی فەلسەفەکان بە تاکە فەلسەفەیەکەوە بکەین. بە مانایەکی وردتر: ئێمە دەتوانین لە بارەی (کۆمەڵە فەلسەفەیەکی زۆر و هەمەڕەنگەوە)) بدوێین، ئەگەر هاتوو وا سەیرمانکردن کە کۆمەڵە قۆناغێکی زەرووریی پەرەسەندنی  یەك فەلسەفەن، یان کۆمەڵە پلەیەکی زەرووری و پێویستن لە گەشەکردنی ئەو عەقڵەدا کە وایلێهاتووە هۆشیاربێت بە خۆی. (ئەمە بابەتێکە پێشتر خستمانە روو و لە قۆناغەکەی پێشوودا تر دلێی تێگەیشتین) بەم شێوەیە ئەم بە دوایەکهاتنە دەبێتە شتێکی زەرووری و پێویست. دوای ئەمەش هیچ فەلسەفەیەك پێش ساتەوەختی خۆی یان دوای ساتەوەختی خۆی ناکرێت لەسەر شانۆدا دەرکەوێت.

عەقڵ تەنها یەکە و تاکیشە و شتێکیشمان بە ناوی عەقڵی دووەم نییە، عەقڵ بەسەر عەقڵی مرۆیدا بالا دەستە و عەقڵ لەناو مرۆڤدا توخمێکی خواییە، فەلسەفەش ئەو عەقڵەیەکە لە بیردا دەرکی بە خۆی کردووە. ئەمەش ئەو عەقڵەیە کە خۆی دەگەیێنێ بە هۆشیاری تا ببێتە بابەت بۆ خۆی و خۆی لەناو وێنەی بیردا دەناسێتەوە، ئەم بەرهەمی مەعریفە خودییەش بەهەمان شێوە، بەشێوەیەکی پوخت یەکە. دوای ئەمەش جگە لە بیرێك شتێکی ترمان نییە و ئەویش هەر خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەبێ سەر ئێشە جگە لەیەك فەلسەفە هیچی ترمان نییە، راستە لێرەدا زۆر شتمان هەیە کە نازناوی ((فەلسەفە)) هەڵگرتووە کە چی هیچ پەیوەندییەکیشی بە فەلسەفەوە نییە. لێرەدا رووبەڕووی درێژەپێدانی تایبەتی نابینەوە، چونکە فەلسەفە ئەو گیانە بیرکەرەوەیە کە لە مێژووی جیهاندا هەیە. گیان ئازادە و بەتەواویش بێ بەرییە لەگچکەگەل و بەشەکییە بێ ماناکان، گیانی بیرکەرەوە یان عەقڵی بیرکەرەوە هیچ پەیوەندییەکی بەژاوەژاوەکانی زانست و حیکمەتەکانی دنیای میللییەوە نییە، چونکە گیانی بیرکەروە تەنها بە خۆیەوە سەرقاڵ دەبێت و بەس. زۆرن ئەوانەی کە بەم ژاوەژاوەوە سەرقاڵ بوون



و مێژوو لە بیری کردوون، جگە لە سەدەها ناوێك لەناوی ئەو خەڵکانە شتێکی تر نەماوە ئەوە، یادەوەری و ئموزینی Mememosyne مێژووی جیهان ناو و ناوبانگی خۆی نادات بە کەسانێك کە شایەتی ئەم ناو بانگیەنەبن، گەلانیشدا تەنها بە کاری پاڵەوانەکان ئاشنایە، ئاوا لە مێژووی فەلسەفەشدا تەنها ئاشنایی لەگەڵ پاڵەوانانی عەقڵی بیرکەرەوەدا هەیە، هەر ئەم کارانەشن کە ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە، ئیتر هیچ قسەکردنێك لە بارەی رای کەسی و رواڵەتکارییەکان نییە، بەڵکو بایەخدان بە عەقڵی بیرکەرەوە و گیانی بیرکەرەوەی جیهان هەیە، کە لەناو ئەم کردەوانەدا دەدرەوشێتەوە و خۆی ئاشکرا دەکات و پەردە لەسەر خۆی لادەدات. لە راستیدا بە دوایەکهاتنی ئەم کردەوانە یەك زنجیرە دروستدەکەن، ئەوەی کە بەرهەم هاتووەو لێبووتەوە جگە لە یەك کار شتێکی تر نییە، ئالێرەوەیە کە مێژووی فەلسەفە تەنها تاکە فەلسەفەیەك ساغدەکاتەوە، لە راستیشدا تاکە فەلسەفەیەکە، سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشی بەسەر کۆمەڵە قۆناغێکی جیاوازیشدا دابەش دەبێت. هەر لە ئەزلەوە —لە وزەمەنەوە کە سنووری یادەوری تێدەپەڕێنی-جگە لەم فەلسەفەیەك شتێکی تر نەبووە، ئەم فەلسەفەیەش مەعریفەی گیانەبە خۆی، بەم شێوەیە دەبینین ئەم تاکە فەلسەفەیە، ئەو بیرەیە کە خۆی وەك شتێکی هەمەکی دەناسێ، ئەگەر چی هێشتا لە خۆیشیدا عەینی نەبووبێتەوە. بەڵام هێشتا بیری ئەم بیرە، بە تەنها وێنەیی و شێوەییە، ئەوەی کە بیر (فەلسەفەکان) بەرهەمی دەهێنن کۆمەڵە بەرهەمێکی فرە چەشن و جیاوازن و هەمووشیان دەکەونە ژێر یەك هەمەکییەوە. ئەو فەلسەفەی کە مرۆڤ پێیدەگات هەر جۆرێك بێت، ئەوا هەر جۆرێکە لەو فەلسەفانەی کە پێی گەیشتووە_ دوای ئەمەش هیچ پاساوێك بۆ وتنی ئەوە نامێنێتەوە کە بڵێین: ((لە راستیدا من لە پێناو وەدەستهێنانی فەلسەفەیەکدا هەوڵدەدەم، بەڵام من بە تەواوەتی  نازانم کام لەو فەلسەفانەیە؟)). گێلاس و قۆخ جۆرێکن لە جۆرەکانی میوە، بە هەمان شێوەش فەلسەفەکان جۆرێکن لە فەلسەفە.

فەلسەفە ئەو بیرەیە کە بە تێگەیشتنێکی سەراپاگیرانە لە خۆی تێدەگات، ئەم بیرەش عەینییە، دوای ئەمەش ئەو عەقڵەیە کە بە پەیبردنێکی سەراپاگیرانەی پەی بەخۆی دەبات، ئەم تێگەیشتنە خودیەش، پەرسەندنێکی خودیی سەراپاگیرە و یەکەم رووگەی عەقڵە و یەکەم رووگەی بوونی بیرە، هەر لە تۆو دەچێت، تا ئەو پەڕی سادەیی سادەییە. بەڵام ئەم بارە سادەییەی بوون، ئەو پاڵنەرەیە، کە زۆری لێدەکات تا دیاریکردنێکی زیاتر بە خۆی ببەخشێ.

تێگەیشتنی خودی سەراپاگیرانەی گیان، ئەو هەمەکییەیە و ئەو پەتییەیە، بەڵام عەقڵ لە خۆیدا عەینییە. ئەم عەینییە کە خودییەش ناوەکییە و هەردەبێت بۆ هۆشیاری بخرێتەڕوو، ئەمەش ناکرێت رووبدات، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە بەشە تاکەکان یەك لە دوای ئەوی تریان دەرکەوێت. هەموو خاسیەتێك لە دوای ئەوەی پێش خۆیەوە دێت، هەروەك ئەوەی کە لە رووەکدا روودەدات. بەڵام هەر دەبێت بەشێوەیەکی تایبەت تێبینی ئەوە بکەین، ئەم بە دوایی یەکهاتنەی چەمکەکان —کە هەندێکیان دابڕوان لە هەندێکی تریان- لە هەمانکاتدا لەگەڵ مەعریفەی رێبازە تاکە کەسییەکە یەکدەگرێت. وێناکردنە عەینییەکانی عەقڵ بەرەوپێشدەچن. بەڵام چەمکە پێشینەکان لە سیستەمی عەقڵی بۆچوونەکان یان چەمکە دواییینەکاندا بزرنابن، مێژوو لە پەرەسەندنی مرۆڤێکی تاك دەچێت، کاتێك کە هەنگاو بە هەنگاو فێردەبێت. بەڵام توانایی نووسین گەورەترین شتە لای ئێمە چونکە ئێمە کە منالێن ئەم توانایەمان لایە و کاتێکیش کە دەبین بە پیاوە گەورە دەبین هەر لە لامان دەمێنێتەوە. بەڵام مۆرکی بنەمایی قۆناغی یەکەم لەگەڵ ئەوەی کە لە دوای ئەوە لە سەراپای پرۆسەی پەروەردەدا دێت، یەکدەگرێت. هەر هەمان شتێش لە مێژووی فەلسەفەدا هەیە، ئەوەیش بەوەی کە بەرەو پێشەوە دەچێت و هەروەك خۆی بە پاکڕاگیراوی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی شتێکی لێ لابرێت.

دواتر لە پرۆسەی بەرەو پێشچوونی مێژووی فەلسەفە دەگەین بە مەعریفەی درێژەپێدانێکی روونتر. بەڵام لە سەرەتاوە هەر دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین ئەم بەرەو پێشچوونە بەرەوتێکی عەقڵی دەڕوات بەرێوە، نیعمەتی خوایش Providence باڵی بەسەردا دەکێشێ و سەرپەرشتی دەکات. هەر دەبێت لە فەلسەفەی مێژوودا پێشتر گریمانە ئەمە بکەین. لە باری یەکەمدا ئەوە هەیە کە چەند زەرورییە پێشتر لە رەوتی فەلسەفە و پەرەسەندنەکەیدا گریمانەی بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ((پیرۆزێکە لە پیرۆزەکان)) یان قووڵترین قووڵایی گیان دەنوێنێ !.

بەم رێگایە ئەو بیرۆکەیە بزردەبێت کە دەڵێت ئەوە رێککەوتە وا لە کەسێك دەکات لێرەدا رایەکی هەبێت و وا لە کەسێکی تر دەکات ئالێرەدا رایەکی تری هەبێت، ئالێرەوە بوار نییە بۆ گفتوگۆی رای تاکە کەسەکان. سەرەڕای ئەمەش بێگومان کە کارەکە بە مەعریفەیەکی رووکەشانەوە پەیوەست دەبێت، ئەو کات پێویستە تێبینی ئەم فەلسەفەیە بکەین.



بەرەو پێشچوونی فەلسەفە پرۆسەیەکی زەرورییە، هەردەبێت هەموو فەلسەفەیەك دەرکەوتنی خۆی لەو قۆناغەدا بخاتەڕوو کەتیادا دەردەکەوێت. دوای ئەمەش هەموو فەلسەفەیەك لە کاتی گونجاوی خۆیدا دەردەکەوێت، فەلسەفەی وامان نییە کە زەمەنەکەی خۆی تێپەڕێنێ، هەریەکەشیان لە بیردا پەی بە گیانی سەردەمەکەی دەبات، دوای ئەمەش دەبینین بیرە ئایینییەکان و گاتیگۆریەکانی بیر و ناوەڕۆکی یاساو فەلسەفە .... هتد هەر هەموویان یەك گیان بە خۆی دەنوێنێن. فەلسەفەکان لە بەردەم ئەو هۆشیارییەدا دەخرێنەڕوو کە لە هەر سەر دەمێکێدا لە بارەی ئایین و لە بارەی دەوڵەتەوە ... هتد هەیە. دوای ئەمەش ئەوە راست نییە وابزانین کە فەلسەفە پێشینەکان دووبارەدەبنەوە، یان فەلسەفەیەکی کۆن دووبارە دەبێتەوە، بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی زۆر قووڵتر لەم خاڵە بکۆڵینەوە:-

یەکەم دەرئەنجام لەوەی کە پێشتر وتمان ئەوەیە مێژووی فەلسەفە وەك هەموویێك، بە خۆی پێشکەوتنێکی زەروری و یەکلاکەرەوە دەنوێنێ. لە خۆیشیدا بەرەو پێشەوەچوونێکی عەقڵی ئازادە لە خۆیدا، بە خۆیشی دیاریکراوە، واتە بە هۆی بیرۆکەوە دیاریکراوە. بەڵام رێککەوت — وەك ئەوەی هەر بیرۆکەیەك بڵێت ئەم شتە یان ئەو شتە دەکرێت رووبدات- بە یەکجاری لەمە دوور خراوەتەوە، هەر بەوەی کە دەچینە ناو لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفەوە، یەکسەر دەخرێتە لاوە. هەروەك چۆن لە فەلسەفەدا پەرەسەندنی کاتێگۆریەکان بە رەوتێکی زەروری دەچێت بەرێوە، هەر ئەمەش بۆ مێژووەکەی راست و دروستە. ئەم بەرەو پێشچوونە بەوەی کە لەسەر بناغەی لێکدژی یان بەرامبەری نێوان شێوەو ناوەڕۆك دەڕوات، بەرەوپێشچوونێکی زۆر وردە. ئەوەی کە پەرەسەندن بەرەو پێشەوە ئاراستە دەکات، ئەو دیالێکتیکە ناوەکییەی پێکهاتەکانی بیرە. واتە ئەوەی کە شێوەگیر دەبێت شتێکی دیاریکراوەو هەردەبێت مۆرکێکی تایبەتیشی هەبێت، دەرکەوتنی دیاریکردن بۆ بوون پێویستە، بەڵام گەر ئەمە راست بێت ئەوا شتێکی کۆتادارە، بەڵام کۆتادار حەقیقەت نییە، ئەوەش نییە کە پێویستە ببێت، ئەو لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا لێکدژە، واتە لەگەڵ بیرۆکەدا لێکدژە، دوای ئەمەش هەردەبێت بزر ببێت و نەمێنێت. بەڵام لە روویەکی ترەوە بێگومان بوونی گرەنتی ئەوە دەکات کە لەناو خۆیدا بیرۆکە بگرێتە خۆی. بەڵام کاتێك کە دیاریکراوبێت شێوەکەی هەر کۆتادار دەبێت و بوونیشی تاکلایەن و دیاریکراو دەبێت. بەڵام بەوەی کە بیرۆکە قووڵایەکانی بوونی دەنوێنی ئەوا هەردەبێت ئەم شێوەیە تێکبشکێنێ و بوونی تاکلایەنانە وێران بکات تا ئەو شێوە رەهایەی بە سەردابدات کە لەگەڵ

ناوەڕۆکدا لەناویەك شوناسدا یەکدەگرن. ئەوەش کە پەرەسەندن ئاراستە دەکات لەو بوارەدا پەنهانە کە تایبەتە بە ناکۆتاوە و هەروەها ئەو بوارەش، بەو بیرۆکەیەوە بەستراوەتەوە کە لە شێوە تاکلایەنەکەیدا هەیە، هەر دەبێت ئەم تاکلایەنییە بسڕێتەوە و نەیهێڵێت، یان ئەم شێوە بەشەکییەی بوون دووربخاتەوە. ئەمەش یەکەم هێڵی دیاریکراوە کە لە فەلسەفەی مێژوودا دەبێت بە ڕێ نیشاندەرمان، پێشکەوتن وەك هەموویێك، پێویستە. هەر ئەمەشە کە لەسەر سروشتی بیرۆکە دادەمەزرێت. پێویستە مێژووی فەلسەفە زۆر بە ئاسانی ئەو پێشینیەتە Apriori وەرگرێت، کە لە سروشتی بیرۆکەدا وەکو دڵ وایە و تەنها نموونەیەکیشە بۆ ئەم سروشتە.

زۆر بە دیاریکراوی خاڵی دووەم ئەوەیە، کە هەموو فەلسەفەیەکی تاك، گەر بە خۆی وەرمان گرت، ئەوا تائێستاش زەروورییە و هیچیشی تیانییە کە لەناو چووبێت و شاردرابێتەوە، بەڵکو هەمووی هێشتا هەر پارێزراوە. فەلسەفەکان زەروورین و ناکرێت توخمەکانیش لەو هەمووەدا بزربن کە بیرۆکەکەیە، بەم شێوەیە نەك هەر لە یادەوریدا پارێزراو دەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ئیجابیانەش پارێزراوە، کاتێك کە ئەمە وا بکەوێتەوە، پێویستە جیاکاری لە نێوان بنەمای تایبەت بە فەلسەفە لە خۆیدا و جێ بەجێ بوونی ئەم بنەمایە یان پراکتیزەکردنی لە جیهاندا بکەین، بنەماکان خۆیان هەر بە پارێزراوی دەمێننەوە، چونکە زەروورین و بەشێوەیەکیهەتا هەتاییی لە بیرۆکەدا هەن.

فەلسەفە جیاوازەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا لێکدژنابنەوە و بەس، بەڵکو یەکیان جێگەش بەوی تریان چۆڵ دەکات. دوای ئەمەش خوێنەر هەقیەتی ئەم پرسیارە پێشنیار بکات: ئەم جێ پێ چۆڵکردنە ئاڵوگۆڕکراوەی نێوان ڕێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە ناو ئەوەوە کە پێشتر وتمان، شتێك نییە کە جێ پێ چوڵکردن قبووڵکات جگە لەوەی کە ڕوویەك یان شێوەیەکی عەینی دیاریکراوی بیرۆکەیەك لێرەدا لە بری شتێکی باڵای وا دابنرێت کە بۆ هەموو سەردەمێك دەست بدات. ڕاستە ئەم شێوەیە لە سەردەمی خۆیدا شێوەیەکی باڵایە. بەڵام لەبەر ئەوەی چالاکی گیانمان بەوە وێناکردووە کە پەرەسەندنێکی خودییە، ئەوا ئەم شێوەیە دەبێت دەست لەوە هەڵگرێت کە باڵاتر بێت. ئەم شێوە چیتر بە شێوەیە نابینرێت کە ئاوایە، بەڵکو دوای ئەمە گەر گوزارشتەکەمان ڕاستە بێت-نزم دەبێتەوە بۆ ئاستێکی ئاوا کە تەنها هۆکارێك لە هۆکارەکانی قۆناغەکەی دوای خۆی بێت. بەڵام



ناوەڕۆکەکەی جێی پێ چۆڵناکرێت، یەکێك لە دیاریکردنەکانی ناوەڕۆکەکە جێی پێ چۆڵدەکرێت و دەکرێت بە هۆکارێکی پشتیوانکەر. بەم شێوەیە هیچ بنەمایەك لە بنەماکانی فەلسەفە بە فیڕۆناچێت، کۆکردنەوەی ئەم بنەمایانەش لە قۆناغەکانی تردا پارێزراوە. ئەم قۆناغانە هیچ شتێك ناکەن جگە لەوەی کە چاکسازییەك لەو شوێنگەیەدا بکەن کە ئەم بنەمایانە دەیخەنەگەڕ.

جێپێ چۆڵکردنی لەم جۆرە لە هەموو پەرەسەندنێکدا هەیە، بۆ نموونە لە گەشەی درەختیشدا کە بە تۆوێك دەستپێدەکات هەیە: گوڵ جێ پێ چوڵکردنی گەڵاکانە و وا دەردەکەوێت کە بوونی باڵاو ڕاستەقینەی درەختەکەبێت. بەڵام گوڵیش جێیە بەر چوڵ دەکات، ئەم بەرەش لە کۆتاییدا وادەردەکەوێت، کە هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی لە خۆیدا هەڵگرتبێ، واتە هەڵگری هەموو ئەو هێزانەبێت کە پێشتر پەرەیان سەندووە. بەشێوەیەکی ڕاستەقینەش وەدی نایێت گەر هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی لە پێشیەوە نەبێن[2].

لە حاڵەتی بونەوەرە سروشتییەکاندا ئەم قۆناغانە بەشێوەیەکی دابڕاو لە یەکتری هەن، چونکە سروشت بەوەی کە ئاوایە بیرۆکەیەکە لە وێنەی لێدەرچوون و دابڕان و گۆشەگیریدا. ئەم بە دوایەکهاتن و جێ پێ چۆڵکرنە لە جیهانی گیانیشدا هەیە. بەڵام بە شێوەك هەیە کە وا لە

---

[2] هیگڵ لەوەوە ئەم بیرۆکەیە لە ((دەرکەوتەکانی گیان))دا، دەخاتەڕوو، کە نەنگییە، لە راو بۆچوونی باودا سەیری لێکدژی ئەوە دەکات کە راستەقینەیە لەگەڵ ئەوەی کە ناڕاستەقینەیە، وەك لێکدژیەکی مردووی جێگیر: ((ئەمە پەی بەوە نابات کە ڕێبازە فەلسەفییەکانی رژانێکی پێ بەپێی حەقیقەتن، لەم جیاوازیەشدا جگە لە ئاماژەی لیکدژی شتێکی ترنابێنێ. چەند گوڵ لە کاتی کرانەوەی گوڵی تردا بزر بوون و بە خەیاڵتا هاتووە کە نێوان چەند و گوڵدا لێکدژی هەیە یان ئەمەی دواییان ئەوەی تریانی پوچەڵ کردووتەوە. پاشان بەرێکی تر هاتوو، تا بە بوونی خۆی ئەوە ئاشکرا بکات کە گوڵ شتێك نییە جگە لە وێنەیەکی ساختە لە وێنەکانی گوڵـ بەم شێوەیەش حەقیقەتی هەریەکەیان چووەتە شوێنی حەقیقەتی ئەوەی تریان، ئەمە وێنەیەك نییە کە هەندێکی لە هەندێکی ناوازەبێت و هیچی تر، بەڵکو یەکیان لەوی تریان هەڵدێ بەوەی کە دژیەتی. بەڵام سروشتە (ڕێچکە بەستووەکەی) هەموو بە ناویدا دەڕوات و لەویش ساتگەلێك لە یەکبوونێکی ئۆرگانی هاوڕێیانە دەسازێنێ، کە هیچیان دژی دەرکەوتەکانی تر نابێتەوە. فقرة رقم ٢ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام – یصدر قریبا عن الناشر مدبولی بالقاهرة. (المترجم)

قۆناغە پێشووەکان دەکات هەر بەیەکگرتوویی بمێننەوە، دواین فەلسەفە، یان نوێترینیان، هەر دەبێت لەناو خۆندا وەرچەرخان بەسەر هەموو بنەماکانی پێش خۆیدا بهێنێ، دوای ئەمەش باڵاترینی. ئەم فەلسەفانەیە[3].

لەسەر ئەم بناغەیەش، رەتکردنەوەی شتێك ئاسانترە لەوەی کە پاساوی بۆ بهێننەوە، هەوڵبدین واتە توخمێکی ئیجابی ناو ئەوشتە بزانین کە پێی لەسەر دادەگرین. مێژووی فەلسەفەش ئەمانە دەخاتەڕوو:

(أ) دیاریکردنی توخمی سەلبکراو لە توخمەکانی رابردوودا.

(ب) هەروەها خستنەڕووی ئەو توخمەی کە پێویستە جەختی لەسەر بکاتەوە.

لە دەرخستنی توخمی سەلبی ئاسانتر نییە، ئێمە ویژدانمان رازی دەکەین و ویژدانمان تێردەکەین کاتێك کە ئێمە لە ئاستێکی باڵاو باشتردا راوەستاوین لە ئاستی ئەو شتەی کە دەمانەوێت توخمە سەلبییەکەی بناسین و بڕیاری لەسەر بدەین، ئەمەش لە خۆبایبوونمان دادەمرکێنێتەوە. رەتکردنەوەی شتێك (و لادانی)، ئەوە دەگەیەنێ ئێمە لەو باڵاترین، کاتێکیش لەو شتە زیاتر باڵاتر دەبین و بەرەو بەرزتر دەڕۆین، ئێمە لەم حاڵەتدا رێگای خۆمان بەرەو قووڵایەکانی ئەو نەبڕیوە و تیایدا قووڵ نەبووینەتەوە. بەڵام دۆزینەوەی لایەنی ئیجابی، کارێکە ئەوە دەخوازێت

(3) لێرەدا رەخنە لە هیگڵ دەگرێت لەسەر بنچینەی ئەوەی کە مەبەستی لەمە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی فەلسەفەکەی دواین فەلسەفەیە، باڵاترینیشیانە، ئەوا وا سەیری فەلسەفەکانی پێش خۆی دەکات کە کۆمەڵە پیاوێك بوون و ململانێیان لەگەڵ کۆمەڵە کێشەیەکی راستەقینەدا کردووە، بەڵام ئەوان بەبێ ئەوەی هەستبکەن بەرەو هیگڵییەت هەنگاویان ناوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە شێواندنی پرۆسەکانی مێژوو. ئەم رەخنەیە نزیکە لەو رەخنەیەی کە لە فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی مێژوودا ئاراستەی هیگڵ دەکرێت، لەو شوێنەدا کە ((دۆخی ئێستادا)) رادەوەستێت و بە دۆخێکی باڵاتر لە دۆخی قۆناغەکەی پێشتر لە قەڵەمی دەدات، گوتراوە ئەمە جارێك شکۆدارکردنی ئەڵمانیایە و جارێکیش بەرز راگرتنی دەوڵەتی پروسییە، لە راستیدا ئەم جۆرە رەخنانە راست دەبوون گەر هیگڵ پێوابوایە رێبازەکەی یان دەوڵەتی ئەڵمانی کۆتایی مێژوو دەنوێنێ، یان چیتر فەلسەفەی تر و دەوڵەتی تری نوێمان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لۆجیکی دیالێکتیکی هیگڵی ئەم بیرۆکەیە رەتدەکاتەوە بوار بۆ پەرەسەرندنی نوێ دەکاتەوە و کاتێکش کە رێگا کراوەبێت، رەخنە کە هەڵە دەردەچێت. (المترجم).



کە کار لەناو شتەکەدا بکەین و تیایدا قووڵببینەوە و پاساوی بۆ بهێنینەوە، ئەمەش لە رەتکردنەوەی زۆر قورسترە. کەواتە لە بری ئەوەدا کە ئەوەندەی کە ئەوە روون بکەینەوە فەلسەفەکان چۆن رەتکراونەتەوە، پێویستە خۆمان بەوەوە ببەستینەوە کە فەلسەفەکان چۆن پارێزراون.

سەرەڕای ئەمەش پێویستە تێبینی ئەو سیاقەش بکەین، لێرەدا تەنها یەك فەلسەفەنییە کە رەتکرابێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو فەلسەفەکان رەتکراونەتەوە، بەڵام ئەوەی کە رەتدەکرێتەوە بنەمایەك نییە کە فەلسەفەیەك پێی لەسەر داگرتبێ، بەڵکو ئەوە لافێکە کە ئەم بنەمایە دواین بنەمایەو بنەمایەکی رەهایە وئەوەش لافە کە پێی وایە ئەم بنەمایە دروستییەکی رەهای هەیە. رەتکردنەوەی بنەمایەکی دیاریکراو واتە گەڕانەوەی بۆ ئەوەی ببێت بە هۆکارێکی یارمەتیدەر لە هەمووددا.

بەم شێوەیە بنەما بەو شێوەیەی کە ئاوایە وننابێت، بەڵکو ئەوەی کە وندەبێت تەنها شێوەکەیە، و ئەو شێوەیە کە پێی وایە بنەمایەکی رەهایە و دوابنەمایە. ئا ئەمەیە مانای رەتکردنەوە لە فەلسەفەدا. بۆ نموونە بنەمای گەردی ئەوە دەگەیەنێ کە گەرد رەهایە و یەکەو شایەنی دابەشبوون نییە، یان گەر زیاتر دیارییبکەین گەرد تاکە، گەر زیاتریش لەمە بڕۆین ئەوا وەك خۆم دەیبینم منیش یەکم و تاکم، هەروەها خودیشم و بەهەمان شێوەش گیانم. بەڵام گەرد بەتەواوی سەربەخۆییەکی پەتییە و یەکبوونێکی پوختە، رێبازی گەردی Atomism بە هەوڵدانی بۆ پەیبردن بە رەها لەسەر بناغەی خاسیەتە پەتییەکەی بەوەی کە یەکە[4] و بە پێی پێناسەکەی بۆ ئەوە چووە کە گەرد زۆرێکە لە —یەك-ەکان یان کۆمەڵە-یەك-ێکی زۆرە کە

(4) گەر پارامیندس واسەیری رەهای کردبێت کە بوونێکی پوختە و هیراکلیسیش وای ببینبێ خۆگۆڕکێیە، ئەوا ئێمە وادەبینین کە رێبازی گەردی کۆن: رێبازی دیموکراتیش وا وێنای رەهای کردووە کە بوونی گەردەکانە. ئەمەش لەوەوەیە کە بۆ ئەوە چووە گەردەکان یەکەی سادەن و قبوولّی دابەشبوون ناکەن و پشت بەشتێکی تر نابەستن، ئەمانە بوونن لە پێناو خۆیاندا، واتە لە بەشەکان پێکنەهاتوون. ئەمانە یەکی پوختن و زۆر جۆرهەن تیکەڵیان دەبنەوە، جگە لەوەی کە پەیوەندیان بە خۆیانەوە هەیە پەیوەندیان بە هیچ شتێکی ترەوە نییە، هیجل ((موسوعة العلوم الفلسفة)). ترجم د. امام عبدالفتاح امام فقرة ٩٨ (اضافة). الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة، (المترجم)

کۆتاییان نییە. بەڵام ئێمە چیتر گەرد خوازنین، بنەمای گەردیش ڕەتکراوەتەوە، ڕاستە کە گیانیش هەریەکە، بەڵام لە پەتییەتی خۆیدا یەك نییە، چونکە (پوخت) پەسنێکی هەژار و لاوازە و پێناسەیەکی زۆر کاڵ و کرچی گیانە بە شێوەیەك کە ناتوانین لیێ تێبگەین و قبوڵی کەین. دوای ئەمەش یەك یان یەکبوون گوزارشت لە ڕەهاناکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا هەر ئەم بنەمایە پارێزراوە (تا ئێستاش لە چەمکی منی فیشتەدا بەردەوامی بە خۆی دەدات، سەرەڕای ئەمەش پەسنێکی کامڵ و تەواوی ڕەهانییە. دوای ئەمەش نەفەلسەفەیەکمان هەیە نە بنەما فەلسەفەیەك کە ڕەتکرابێتەوە، بەڵکو هەموو بنەماکان پارێزراون و ناتوانین لە هیچ یەکێکیان بێ نیازبین، دوای ئەمەش لە فەلسەفەیەکی هەقدا هەموو بنەماکان پارێزراوبن.

هەروەها لێرەدا لە پەیوەندیماندا بە هەر بنەمایەکەوە و لە هەر فەلسەفەیەکدا دوولایەن هەیە: لایەنێکی ئیجابی و لایەنێکی سەلبی. بەڵام ئەو لایەنە سەلبییە کە —یەك-ە بە چاوێکی تیژەوە دەبینرێت، ئەم بنەمایە هۆکارێکە لە هۆکارە زەرورییەکانی بیرۆکە.

ئێمە گەر ئەم دوو لایەنەمان ڕەچاو کرد، ئەوا بڕیارێکی دروست و دادوەرانە لەسەر هەر فەلسەفەیەك لە فەلسەفەکانی دەدەین. هەموو بڕیارێکیش هەر دەبێت ئەم دوو لایەنە لە خۆی بگرێت و هەر دەبێت لە هەموو فەلسەفەیەکدا دان بەو کەم و کوڕیانە دابنرێت کە لە حەقیقەتی خۆیدا دیانگرێتەوە. ئێمە ئەوە بە کارێکی ئاسان دەبینین کە کەم و کورتی بینینەوە و لایەنە لاوازەکان ئاشکرا کەین، بەڵام دۆزینەوەی لایەنە بە هێزەکان و ئاشکراکردنی ئەوەی کە باشە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە و پێویستی بە سەردەمێکی پێگەیشتوویش هەیە.

هێشتا خاڵێکی دوور مەوداتر لە بابەتی ڕەتکردنەوەی فەلسەفەیەك بۆ فەلسەفەیەکی تر ماوە، ئەو کاتە کە لە مێژووی فەلسەفە خۆیدا دێتەوە ڕێمان لەبارەیەوە و قسەدەکەین و دوایش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە فەلسەفەکان لە پەیوەندی هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە هەڵیانگرتووە، هەروەها ئەوشمان بۆ ئاشکرادەکات کە تاچ ئاستێك گۆڕان لە بنەماکان و پلە و پایەی بنەماکانیدا هەیە، ڕەتکردنە-وەك پێشتربینیمان- لە خۆیدا سەلب دەگرێتەوە. سەلبیش پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ کە ڕێبازێك لە ڕێبازە فەلسەفییەکان، کە گەلێك باوڕی پێی بووە، چیتر شتێك نییە پاساو بێت بۆ مانەوەی. ئەم سەلبەش شێوەیەکی دووسەرەی هەیە، شێوەی



یەکەمی: ئەوەیە: کاتێك کە فەلسەفەیەك لە ڕووی فەلسەفەکانی پێش خۆی دەوەستێتەوە و کاتێك جەختدەکاتەوە لەسەر بنەمای دوایین فەلسەفە، ئەوا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە دوایین ڕێباز توانای خۆ ڕانەگرتنی ڕێبازەکەی پێش خۆیەتی، هەموو بنەمایەکیش لە بنەماکانی تێگەیشتن لە لای خۆیەوە تاکلایەنە. ئەم تاکلایەنەیەش کاتێك دەردەکەوێت کە دەبینین بنەمایەك لەگەڵ بنەمایەکی تر ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام ئەمەی دوایشیان هەر تاکلایەنە. ئالێرەدا سەراپاگیری هەمەکی Totality وا دەرناکەوێت گوزارشت بێت لە یەکبوونێك کە ئەم دوو بنەمایەیەك بگرێتەوە. ئەم سەراپاگیرییە هەمەکییە بوونێکی تەواو و کامڵی نییە تەنها لە ڕێڕەوی پەرەسەندندا نەبێت. بۆ نموونە ڕێبازی ئەپیقۆری Epicureanism ، ڕێبازی ڕەواقی Stoicism [5]ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کرۆکیش Substance لای سپینۆزا بەوەی کە یەکبوونێکی ڕەهایە، یەکبوونی مۆنادە Monad [6]لای لیبنتیز ڕووبەڕووی دەبێتەوە یاوەکو تاکییەکی عەینی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەو گیانەی کە پەرە بەخۆی دەدات لەیەك بنەمادا تاکلایەنی تەواو دەکات، بۆ ئەوەی وا لە لایەنێکی تربکات دەرکەوێت.

بەڵام شێوەی دووەمی سەلب —کە شێوە باڵاکەیەتی-یەکبوونی فەلسەفە جیاوازەکانە لەیەك هەمەکیدا. بەشێوەیەك کە فەلسەفەیەك بەسەر بەخۆی نەمێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموو فەلسەفەکان وەك لایەنەکانی یەك فەلسەفە دەرکەون و بنەماکانیان ببنەوە بە یەك و

---

[5] جۆن باسمۆر Jhon Passmore ئاگادارمان دەکاتەوە، ئەو هەڵەیەی هیگڵ لەوانەکانی فەلسەفەی مێژوودا تێکەوتووە ئەوەیە کە لە ڕێباز فەلسەفییەکاندا ئەو پاڵفتەدەکات کە جەخت لە دیدی ئەو دەکەنەوە، زۆر لەسەر ئەو فەیلەسوفانە رادەوستێت کە لەگەڵ ئەو نەخشەیەی خۆیدا دەگونجێن: ئەپیقۆریەت و ڕەواقیەت دوو قوتابخانەی گەورەن کە لەسەردەمی هیلینستی دا دەرکەوتوون و لەسەر هەڵدانە سەرەتاییەکانی خۆشیاندا هاوسەردەمن (المترجم).

[6] مۆناد Monad: دەماوردێکی بە ڕەچەڵەك یۆنانییە و مانای یەکبوونی (یان کرۆکی تاك) دەگەیەنێ: ئەفلاتوون بە (ئایدیا) ناوی دەبات و هەندێك لە مەسیحییەکان بۆ ماناگەیاندنی ئەو کرۆکە گیانیانە بە کاریان هێناوە کە جیهانیان لێدروستبووە. پاشان لایسبێنتز بە کاری هێنا بۆ هەموو کرۆکێکی سادە کە جیهانی لێدروستبووە. ئەمانە کرۆك گەلێکی گیانین هەمووشیان پەی دەبەن و تامەزرۆن و تامەزرۆیین، بە خۆیان دەجولێن و هەموو گۆڕانکارییەکانیشیان لەناوەوەیانن. قارن المعجم الفلسي الذى اصدرة مجمع اللغة العربية بالقاهرة. عام ١٩٧٩ الهية العامة للمطابع الاميرية. (المترجم).

بەوەی بگەڕێنەوە بۆ توخمەکانی ناویەك بیرۆکە. یان جگە لە کۆمەڵە هۆکارێك یان تایبەتمەندییەك شتێکی تر نەبن، یان لایەنەکانی یەك بیرۆکەبن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئەوە بێت کە هۆکارەکانی تر لە خۆدا هەبن و یەك یەکبوون لەم هۆکارانە پێکبهێنێ.

هەر دەبێت جیاکاری لە نێوان ئەم یەکبوونە عەینییە و هەڵاوێردەکاری Eclectism[7] بکرێت، واتە کۆکردنەوەیەکی رووتی راجیاوازەکان و بنەما جیاوازەکانی، هەروەك ئەو رایانە تەنها کۆمەڵە پارچە و پەڕۆپیتاڵی جلکێکی کۆنبووبن و لەمانەش جلێکی نوێ دروستبکەین. لە راستیدا عەینی شوناسێکی رەهاو دروستی هەموو ئەم جیاوازیانەیە نەك لێکئاخنینێکی دەرکیانەیان بێت. ئەمەش هەروەك دەروونی مرۆیی وایە کە یەکبوونێکی عەینییە بۆ کۆکردنەوە هەموو دەروونەکان بەشێوەیەکی گشتی[8]. چونکە دەروونی رووەکی لەناو دەروونی ئاژەڵیدایە و هەردووکیشیان پێکەوە لەناو دەروونی مرۆییدان.

دوای ئەمە لە مێژوو فەلسەفەدا تووشی لەم جۆرە لە لێکدراوەکان Amalgamatiom دەبین، بە شێوەیەك کە فەلسەفە بەشەکییەکان لەناویەك فەلسەفەدا دەبنەوە بەیەك، فەلسەفەی ئەفلاتوون گوزراشت لە لێکدراوێك لەم لێکدراوانە دەکات. ئەگەر هاتو ئێمە گفتوگۆ سازییەکانی ئەفلاتوونمان وەرگرت ئەوا دەبینین هەندێکیان هەڵگری مۆرکی فەلسەفەی ئیلین و هەندێکی تریان هەڵگری مۆرکی فەلسەفەی فیساگۆرسین و هەندێکی تریان مۆرکی فەلسەفەی هیراقلیسیان هەڵگرتووە، بەڵام فەلسەفەی ئەفلاتوون لەناو خۆیدا و لە ناویەك لێکدراوگەدا هەموو ئەم فەلسەفانەی کردووەتەوە بەیەك. بەم شێوەیە لە وێنە کەم و کورتەکەی دەریهێناون وایلێکردوون کە باشتربن، فەلسەفەی ئەفلاتوون هەرگیز هەڵاوێردکەر نییە، بەڵکو رۆچوونێکی

[7] زاراوەیەکە فەیلەسووفی فەرەنسی فکتۆر کۆزان Victor Cousim (١٧٩٢-١٨٦٧) وەك ناوێك بۆ رێبازەکەی خۆی بەکاری دەهێنێ، هەوڵی پاڵفتەکردنی هەموو ئەوە دەدات کە لە رێبازێکدا هەقە، هەموو رێبازێك لای ئەو بە شێوەیەکی رەها هەق نییە. کۆزان گرنگی بە فەلسەفەی هیگڵ دەدا و چوو بۆ بەرلینیش چاوی بە فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانیا کەوت و ئەمە لە هەمانکاتدا بووە کە هیگڵ وانەکانی فەلسەفەی مێژووی دەوتەوە، لە زانکۆی بەرلین. هەروەها چاویشی بە یاکوبی و شلنجیش کەوت! (المترجم).

[8] ئاشکرایە کە هیگڵ لێرەدا مەبەستی ئەو سێ دەروونەیە کە ئەرستۆ باسیان دەکات! دەروونی تیاچووی ناو روەك، دەروونی هەستەوەری کە لە گیانلەبەردا هەیە، دەروونی عاقڵ کە لە مرۆڤدا هەیە. (المترجم).



رەهاو قووڵە بەناو هەموو ئەم فەلسەفانەداو بە یەککردنیانە. لێرەدا نموونەیەکمان هەیە بۆ لێکدراوگەیەکی تر کە ئەویش فەلسەفەی ئەسکەندرییەیە کە بە (ئەفلاتوونیەتی نوێ Neo-Platomic) و ئەرستۆیەتی نوێ Neo-Arst ... هتد ناودەبرێت، لە رستیدا هەموو لێکدراوگەیەك هەڵساوە بە یەککردنی ئەم دژانە لە ناوخۆیدا.

فەلسەفەکان کۆمەڵە شێوەیەکن لەیەك فەلسەفە، بێگومان وا بۆ ئێمە دەردەکەون کە هەندێکیان لە هەندێکی تریان جیاوازبن. بەڵام حەقیقەت لەناویاندا ((ئاراستەکەری یەکەمە))یان ئەویەکەیە بەناو هەموویانن بەناویدا دەڕوات[10]. ئەگەر هاتو زیاتر چاومان گێڕا ئەوا لێرەدا بەرەو پێشچوونێك لە بنەماکانیدا دەبینینەوە، تەنانەت تۆ فەلسەفەکەی دواتر بە دیاریکردنێکی زیاتر و دوورتری فەلسەفەکەی پێشووی دەبینێت، تەنها لێرەشەوەیە کە دەکرێت جیاوازی نێوانیان ببینیتەوە. بەڵام بنەماکان وادەردەکەون کە هەندێکیان رووبەڕووی هەندێکی تریان دەبنەوە. لە راستییدا ئەم لێکدژی و رووبەڕووبوونەوەیە ئەو کات ئاشکرا تر دەردەکەوێت، کە بیری وێنەدەرەوە دەگاتە خالێك کە تیایدا بە پەرەسەندنێکی باڵا پەردەستێنێ، ئەمە هەمان حاڵی بنەماکانی رێبازی رەواقی و رێبازی ئەپیقۆرییە، رێبازی رەواقی بیر دەکاتە بنەمایەك بۆ خۆی بەو شێوەیەی کە هەیە، زۆر بەوردی ئەوەی کەپێی هەڵدەستێت دژێکی راستەوخۆی ئەوەیە کە ئەپیقۆریەت لەسەری جێگیربووە واتە: هەست یان تاك. رێبازی یەکەم وا لە مرۆڤ دەکات کە بیربکاتەوە، بەڵام رێبازی دووەم مرۆڤ دەکاتە هەست و سۆزو ویژدان، کۆبوونەوەی هەردوو رێبازەکەش بیرۆکەی سەراپاگیر پێکدەهێنێ. مرۆڤ لە هەردوولایەنەکە پێکهاتووە: هەمەکی و بەشەکی، بیر و هەست، کۆبوونەوەی هەردووکیشیان حەقیقەتە، بەڵام یەك لە دووی ئەوی تریان دەردەکەوێت و یەك لەگەڵ ئەوی تریان لێکدژ دەبێتەوە و هەردووکیشیان بە دوای یەکدا دێن. دواتریش لە رێبازی گوماندا Scepticism توخمێکی سەلبی لە دژی ئەم دوو رێبازەدا دەردەکەوێت. بەڵام بە هەڵدادەچێت گەر پێی وابێت هەڵساوە بە ڕوخاندنیان. چونکە هەردووکیان زەروورین. دوای ئەمەش ماهییەتی مێژووی

[10] مەبەست ئەوەیە کە ((حەقیقەت)) ئەو هێڵە رێکخراوەیە کە نێوانی رێبازە فەلسەفییەکان پێکەوە گرێدەدات و هەموویان رێکدرەخات و هەر لەسەرەتای فەلسەفەوە تا ئێستا بە ناویدا دێت و دەچێت، یان ئەو (یەکە) یەکخەری نێوان هەموویانە. (المترجم).

فەلسەفە پشت بەوە دەبەستێ کە بنەماکان بنەمای تاکلایەنن، ئەم ماهییەتە دەگۆڕێت بۆ ساتەکان و هۆکارەکان و توخمە عەینییەکان، ئەمانەش لەیەك لێکدانگەدا —گەر گوزارشتەکە راستبێت- دەپارێزرێن. ئەو بنەمایەش کە دواین فەلسەفە پێی لەسەر دادەگرێت، بنەمایەکی بالآیە، یان بە گوزارشتێکی تر دەتوانین بڵێین بنەمایەکی قووڵترە.

بەم شێوەیە دەبینین یەکەم کاری کرۆکی ئەوەیە کە یەکەمجار بزانین: کامەیە بنەماکانی ئەو فەلسەفەیەی کە بەشێوەیەکی راستەقینە دەرکەوتووە، دوای ئەمەش دووەمجار دەبێت لەوە بکۆڵینەوە: کە هەر دەبێت دان بە هەموو بنەمایەکدابنێین بەوەی کە زەروورییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە هەموو بنەمایەکی زەرووری لە کاتی خۆیدا لەسەردەمەکەیدا بنەمای بالآیە. کاتێکیش کە بابەتەکان بەرەوپێشەوە هەنگاو دەنێن ئەوا بنەماکەی پێشوو هیچ نابێت جگە لەوەی کە دەبێتە هۆکارێکی پێکهێنەر لە بنەمایەکی دیاریکراو تر و نوێتردا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناسڕێتەوە. بەم رێگایە هەموو بنەماکان دەپارێزرێن. بۆ نموونە، یەك، یان یەکبوون بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام لەناو عەقڵدا Reason بنچینەیە بۆ هەموو و لە یەکبوونی عەقڵ خۆیشیدا بەرەو پێشدەچێت، ئێمە ناتوانین دەسبەرداری کاتیگۆری یەکبوون ببین، ئەگەر چی فەلسەفەی دیوکریتسیش Democritas[11] بنەمای یەکبوونی کردبێت بە بنەمایەکی بالآو —لە ناوەڕۆکەکەشی بە تاڵی کردبێتەوە و وایکردبێت کە لە پێش چاوی ئێمەدا بنەمایەکی بەتاڵ بێت.

[11] دیموکریتس (٤٦٠-٣٦٠ پ.ز) فەیلەسووفێکی یۆنانییە و سەر بە فەلسەفەی گەرد بووە، هاووڵاتییەکی شاری ئەیدیرابوو  کە شارێکە دەکەوێتە ناو هەرێمی تراکیاوە. نزیکەی سەد ساڵ ژیاوە، کاریگەری هەندێك لە راو بۆچوونەکانی ئەفلاتوونی لەسەر بووە بە تایبەتی ئەوانی کە لە گفتوگۆ سازی تیاوس داهەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی ئەفلاتوونی نەهێناوە. زۆربەی نوسراوەکانی بزربوون. جگە لە هەندێ وەرگرتە کە لە بارەی ئاکارەوەن و هیچمان لێنەمانەوەتە. (المترجم).



## ٣- گرنگیپێدانەکانمان لەسەر مێژوو بە شێوە گشتییەکەی ناوەستنەوە بەڵکو لەسەر مێژووی بیر دەوەستنەوە:

لەسەر ئەوەی کە پێشتر وتمان دەرئەنجامی سێهەم دادەمەزرێت، ئەوەیش ئەوەیە بابەتەکەی ئێمە رابردوو نییە، بەڵکو بابەتەکەمان بیرە، گیانە، گیانی ئێمەیە. دوای ئەمەش ئەوەی جێی گرنگی ئێمەیە مێژوو نییە بە شێوە گشتییەکەی بەڵکو مێژووی بیرە، لە راستیدا مێژووە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مێژوو نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بیر و بنەمایانەی کە رووبەڕوومان دەبنەوە شتێکی ئامادە و هەنووکەیین، نەك هەر ئەمە بەڵکو تایبەتی جۆرین بۆ گیانمان. ماددەی -مێژووی بەوەی کە وایە ماددەکەی رابردووە- و چیتر بوونی نییە و مردووە. لەم رۆژانەی ئێمە مەیلخوازییەکی مێژوویی پەتی هەیە، گرنگی بە کۆمەڵە بابەتێك دەدات کە هیچ ژیانێکیان تیا نییە و بۆ خۆی دەستی بەسەر زەوییەکی فراواندا گرتووە. ئەوە دڵێکی مردووە کە تێربوونی خۆی لەسەر قاڵبوون بە لاشەی مردووەکان و بایەخدانی بە مردووەکاندا دەبینێتەوە، گیانی حەقیقەت و گیانی ژیان لە شتێکی هەنووکەییدا نەبێت ناژین. هەر لەبەر ئەمەشە گیانی زیندوو دەڵێت: ((شوێنم کەوەو واز لە مردووەکان بهێنینە تا مردووەکانیان بنێژن))... ئەگەر هاتوو من جگە لە مەعریفەیەکی مێژوویی لە بیرەکان و راستییەکان و رووداوەکانی دەرەوەی خۆم، واتە ئەوانەی کە بە گوێرەیی من مردوون، شتێکی ترم لانە بوو، بیرو گیانیشم لەناویدا شاراوە نەبوون و بیرم تیایاندا ئامادەنەبوو، ئەوە قووڵترینی قووڵایەکانی بوونیشمی بە هەمان شێوە تێدا نییە. بێ لایەنی رووداوە مێژووییە پوختەکان لەو بێ لایەنییە یاسایەی شتەکان دەچێت کە نازانم چی لێبکەم. کاتێك کە مرۆڤێك لە ئاستی مەعریفەیەکی پوختدا راوەستاو بەوەش رازی بوو کە فلانەکەس یان فیسار کەس باوەڕی پییەتی یان ئەوەی کە تاکەکان وەك کەلتوورێك وەریانگرتووە و نەوەکان گواستویانەتەوە، تیرێ کرد، ئەو کات ئەم مرۆڤە دەبێت دەست لەخۆی هەڵگرێت و خۆی لەوە بێ بەری بکات کە وایلێکردووە مرۆڤ بێت، واتە دەستبەرداری بیرببێت. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ بە بیری ئەوانیتر و گیانی ئەوانی ترەوە نەبێت خۆی سەرقاڵ ناکات، ئەوەشی کە لێی دەکۆڵێتەوە هەرئەمەیە کە بە گوێرەی ئەوانی تر راستەقینەیە، بەڵام پێویستە ئەو بۆ خۆی بیربکاتەوە. ئەگەر هاتوو تۆ بە تەنها لە گۆشەیەکی مێژوویی رووت و لەوەوە کە لە کۆبوونەوەکانی کەنیسەوە فێردەبێت و لەوەش کە هراتقەکان و کەسانی جگە لەوانە دەیڵێن گرنگی بە (زانستی لاهوت Theology) بدەیت، ئەوا لەم حاڵەتەدا

به كۆمەڵە بیرێكی پەندادەرانە دەگەیت و گیانی راستەقینەی شتەكانت لە دەست دەردەچێت. بۆ ئەوەی ئەم گیانەش بە دەستبهێنیٚ، تۆ پێویستت بە فێربوونی لاهوت نییە، كاتێك لە مەیلخوازییەكی مێژوویی لە سەردەمێك لە سەردەمەكاندا دەسەڵاتدار و زاڵ دەبێت، ئەو كات دەتوانین بڵێین گیان كە لێی كەوتووەو بووەتەنێچیری نائومێدی یان هەر مردووە و دەستی لە تێركردنی خۆی هەڵگرتووە، گەر وانەبێت ئەوا گیان هەرگیز خۆی بەو كەرەستانەوە خەریكناكات كە بەگوێرەی ئەو مردوون.

ئێمە لە مێژووی بیردا هەر دەبێت مامەڵە لەگەڵ بیرەكاندا بكەین، هەر دەشبێت بزانین گیان چۆن بە كون و قوشبنەكانیدا رۆدەچێت و دەچیتە ناو قووڵاییە تایبەتییەكانییەوە، تابگات بە هۆشیاری بە خۆی، هەروەها دەبێت ئەوە بزانین مرۆڤ چۆن دەگات بە هۆشیاری بە گیانی خۆی، ئەو بۆ ئەوەی بتوانێت بەم كارە هەڵستێت ئەوا هەر دەبێت بە گیانی تایبەتی خۆیەوە لەناو ئەم پرۆسەیەدا ئامادەبێت. بەڵام من لە رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستی مێژووی پوختدا نەبێت هیچ ناڵێم. مەبەستی ئەو شتەی كە من وتم بەسووك سەیركردنی لێكۆڵینەوەی مێژووی نییە، ئێمە خۆمان لێرەدا حەز لە لێكۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفە دەكەین. بەڵام كاتێك سەردەمێك لە سەردەمەكانی بە چارەسەرێكی مێژوویی هەموو شتێكمان بۆ چارەسەر دەكات، ئەوا بە بەردەوامی بە هیچەوە سەرقاڵ نییە جگە لە جیهانێك كە بوونی نییە و تەنها بەوەش وازدەهێنیٚ كە بەدەوری گۆرستانەكاندا بسوڕێتەوە، لەم كاتەشدا گیان واز لەو پاسەوانییە تایبەتەی خۆی دەهێنیٚ كە لەسەر بیركردنەوە لە خۆی دامەزراوە.

هەموو شتی پارێزراوە. پێشتر ئەوەمان بینی كە مێژووی فەلسەفە گرنگی بەڕابردوو دەدات، بەڵام بەهەمان پلەش گرنگی بە هەنووكەش دەدات. واتە گرنگی بەو كارانە دەدات كە بۆ زەرورەتی گیانی بیركەرەوەمان گرنگن، ئەمە هەر لەوەدەچێت كە لە مێژووی سیاسەتدا دەبێت لە كاتی لێكۆڵینەوە لە پیاوە گەورەكان لێی بكۆڵینەوە. ئەو شتە مرۆییانەی وەك هەق چییە و راستگۆیی كامەیە؟ راماندەكێشن و هەست و سۆزمان دەجولێینن. ئەوەی كە تووشمان دەبێت شتێكی مێژوویی رووت نییە و ئێمە ناتوانین بایەخ بەوە بدەین كە بەسەر چووە و مردووە، ئەم بابەتە كەس گرنگی پێنادات جگە لە زاناو لێكۆڵەرەوەكان و ئەو خەڵكانەی كەسەریان كای تیایە.



بەم پێیە مامۆستای فەلسەفە كاتێك كە لە مێژووی پوخت دەكۆڵێتەوە نابێت لایەنگربێت، بەڵكو دەبێت بیٚ لایەن بێت. بێلایەنی —بەشێوەیەكی گشتی هیچ ناگەیەنیٚ جگە لەوەی ئەو لە كاتی خستنەڕوو فەلسەفەكان هەڵویستی كەسێكی مردووە وەرگرێت. ئەو پێویستە وابیخاتە روو وەكو ئەوەی شتێك بێت پەیوەندی لەگەڵ گیانیدا بچرابێت، بە گوێرەی ئەو دروست وەك ئەوەوایە شتێك بێت لە دەرەوەی ئەوەوە. بەم شێوەیە پێویستە بە رێگایەك پێیەوە سەرقاڵ بێت، كە بە تەواوەتی لە هەموو بیرێك بە تاڵ بووبێتەوە. نموونەش بۆ ئەمە ئەوەی (تنمان)ە Temnemanm [12]سەرەڕای ئەوەی لافی بێلایەنی لێدەدات بەڵام كەزۆر لە نزیكەوە سەیری بكەین، دەبینین بە تەواوەتی خۆی لەناو فەلسەفەی كانت Kantدا گیركردووە و مەسەلە سەرەكییەكەی خۆی كردووە بەوەی، ناكرێت حەقیقەت بزانرێت. بەڵام لە حاڵەتێكی ئاوادا مێژووی فەلسەفە هیچ نییە جگە لە لێكۆڵینەوەیەكی نائومێدكەرانە، ئەمەش ئەو كاتە دەردەكەوێت كە نووسەر پێشتر دەزانێت كۆمەڵە لێكۆڵینەوەو توێژینەوەیەكی بەسەرچوو و سەرنەكەوتووی وەرگرتووە و نەشی گەیاندووە بە هیچ شتێك. ((تنمان)) ستایشی زۆربەی فەیلەسووفە جیاوازەكان دەكات و لێیان دەكۆڵێتەوە و ستایشی، كۆڵنەدان و بلیمەتیان ... هتد دەكات. بەڵام لەسەر ئەوەش لۆمەیان دەكات كە ئەوانە نەیانتوانیووە بگەن بە گۆشە نگاو تێڕوانینی ((كانت)) یان بە گوزارشتێكی تر لەسەر ئەوە لۆمەیان دەكات كە فەلسەفەیان لێداوە! گەر ئەمە وابێت، دەبێت ئێمە بە لای گیانی بیركەرەوەدا بابدەینەوە. بەڵام گەر پێویست بێت بەو جۆرە لە مێژووی فەلسەفە بكۆڵێتەوە كە پێویستە، یان بە رێگایەك لێیبكۆڵینەوە كە شایەنی رێز بێت، ئەوا لایەنگریمان لەسەر وێراننەكردنی راو بۆچوون و وێناكردنی ئەوانی تر دەوستێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەبێت ئێمە لایەنگیری فەلسەفەبین، گەر وانەكەین ئەوا خۆمان لەناو زانینی بیری ئەوانی تردا گیرۆدەدەكەین و بەمەڕازی دەبین و هەر لێرەشدا راوەدەستین، حەقیقەت تەنها ئەو كاتە دەزانرێت كە ئێمە بە گیانی تایبەتی خۆمانەوە تیایدا ئامادەدەبین، مەعریفەی پوختیش هەرگیز بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی كە ئێمە بەشێوەیەكیراستەقینە لەناویدا دەژین.

---

[12] پێشتر لە دەروازەی ئەم وەرگێڕانەدا لەوە دوایین كە جوتلیب تینمان، لە ژێر كاریگەری بۆچوونەكانی راینهولد دابووە و دوای بووە بە كانتی —ئەمەش لە كتێبەكەیدا دەردەكەوێت كە لە بارەی (مێژووی فەلسەفە لە دووبەرگدا) نووسیوەتی (المترجم).

# بەشی پێنجەم

# بەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەوەی پێشوو

هەر لەسەرەتاوە و لە ئێستاشدا ئەوە ئاشکرایە، کە بڕگەی وەرزی خوێندنەکە بە گوێرەی من زۆر کورتە، واتە کورتە بۆ ئەوەی کە من بەشێوەیەکی تەواو مێژووی فەلسەفە بخەمەڕوو، هەر بۆ ئەم کارەی کە گیان پێی هەڵساوە، چەند هەزار ساڵێکی بردووە. بە دوای ئەمەش، هەردەبێت ئەو بوارەی کە لێی دەکۆڵینەوە سنوور بەندکرابێت.

بە پێی ئەوەی کە پێشتر وتمان، لە بارەی جۆری ئەو مێژووەی کەلێی دووایین دووکار دێنە ئاراوە، کە پەیوەندیان بەم بوارە هەیە، ئەوانیش ئەمانەن:

١- *کاری یەکەم*: ئەویش تەنها بەستراوە بە بنەمای فەلسەفەکان و پەرەسەندنیانەوە.

ئێمە هەر لە بناغەوە گرنگی بە بنەماکانی فەلسەفەکان و پەرەسەندنی ئەم بنەمایانە دەدەین. بە -شێوەیەکی تایبەت- ئەمە ئەو حاڵەیە، کە فەلسەفە نوێکان هەیانە، نەك بە هۆی کەمی کاتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی جگە لە بنەماکان هیچی تر نابێتە جێگەی بایەخ پێدانمان، ئەم بنەمایانە زۆر پەتین و زۆریش سادەن، زۆریش تەمومژاوین، یان دەتوانین بڵێین لەو جۆرەن کە لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری هەموو کاتیگۆڕییەکانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە تۆ شتێکی وای تیابەدی ناکەی کە بوو بێتە شتێکی راستەوخۆ و ئاشکرا. ئەم بنەما پەتیانە تائاستێکی دیاریکراو بڕەکەن، هەروەها لە گرنگی پێدانی خۆیاندا دەگەنە خاڵێکی دیاریکراو، بەڵام پەرەسەندن هێشتا تەواو نەبووە. دوای ئەمەش هێشتا سروشتەکەی بەشەکییە، واتە پراکتیزە کردنەکەی سنوورێکی دیاریکراو دەگرێتەوە. گەر نموونەی بنەمای میکانیکییەت Mechanism وەرگرین[1]، ئەوا دەبینین ئێمە لێی رازین، بە تایبەتی گەر بمانەوێت پراکتیزە بکەین —هەروەك ئەوەی کە دیکارت Descartes- ئەمە لە سەر مەملەکەتی گیانلەبەران پراکتیزە دەکات. دووای

---

[1] میکانیکیەت یەکێکە لەو کاتیگۆریانەی کە رەوتی دیالێکتیکی لێی پەیدادەبێت، هەر لەبەر ئەمەش لەسەر بابەتەکانی جیهانی سروشت و بێ کەم و زیاد لەسەر جیهانی گیانیش پراکتیزە دەبێت، بەڵام لە جیهانی گیاندا رۆڵێکی بێ مانای هەیە و هیچ بە هایەکی نییە. هەروەها دەبێت ئێمەش زیادە رووەی نەکەین لە بوونی رۆڵیدا لە جیهانی سروشتدا، تا لەو هەڵانە دووورکەوینەوە کە زانستی نوێ لە کاتی جێبەجێکردنی لەو بوارانە واتێی دەکەوێت، کە کاتیگۆریەکی باڵاتر لە کاتیگۆری میکانیکی دەخوازێت، بەمەش دەرگا لە بەردەم زانینێکی تەواو کاملْ بۆ سروشت دادەخات. دەکرێت بڵێین تەنها پەیوەندیە پەتییەکانی نێوان مادە لە بارستە مردووکەیدا دەچنە ژێر باری یاساکانی میکانیکییەت. هیجل ((موسوعة العلوم الفلسفية))، فقرە رقم ١٩٥- (اضافة) ترجمة د. امام عبدالفتاح امام —الناشر مكتية مدبولي بالقاهرة. (المترجم).

ئەمەش بۆچوونێکی تەواو بۆ سروشتی ئەم مەملەکەتە، پێویستی بە بنەمایەکی عەینتیرە. ئالێرەشەوەیە کە ئێمە بە لێکدانەوە و راڤەکردنی تایبەت بە سروشتی مەملکەت رووەکی و گیانلەبەریی رازی نابین ئەگەر هاتو لەسەر بنەمای میکانیکی بێت. لە جیهانی واقیعدا پراکتیزە کردنێکی گونجاو لەگەڵ بنەمایەکی پەتیدا هەیە، نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە جیهانی نائەندامی (نائۆرگانی)دا بنەمای میکانیکی شیاوی پراکتیزە کردنە، مەبەستمان ئەوەیە لە بواری بوونی پەتیدا شیاوی پراکتیزە کردنە (ئەمەش لەبەر ئەوەیە ژیان عەینییە، بەڵام نائۆرگانی پەتییە، بەڵام ئەم بنامایە لەمە زیاتر بە کەڵکی ئەوە نایێت کە لە بواری سروشتی نائۆرگانیدا پراکتیزە بکرێت، هەروەها ئەم بنەمایە چیتر بە کەڵکی ئەوەش نایبێت کە لە بوارە باڵاکاندا پراکتیزە بکرێت. بۆ نموونە، فەلسەفە دێرینە پەتییەکان لەسەر بناغەی بنەمای رێبازی گەردی Atomism گەردوونیان راڤەکردووە، بەڵام بنەمایەکی لەم شێوە لە فەلسەفەیەکی باڵادا چیتر جێی باوەڕنییە، واتە لە فەلسەفەیەک بۆ ژیان یان فەلسەفەیەک بۆ گیان چیتر جێی باوەڕنییە. دوای ئەمەش پەیوەندی لێکۆڵینەوە بە ژیانی و بە گیان بە گوێرەی ئێمە چ کەڵکێکی نییە، لەم دیدەوەیە خودی گرنگیدان بە فەلسەفە ناچارامان دەکات کە لێرەدا جگە لە بنەماکانی فەلسەفە لە شتێکی تر نە کۆڵینەوە.

### ٢- درێژەدانی تایبەت بە مێژوو و ژیاننامەی خودی لاپێشینەکان بۆ ئێمە گرنگ نییە

ئەنجامەکە ئەوەیە کە لە سپێدەی فەلسەفەی یۆنانی دەکۆڵینەوە، بایەخ بەوە دەدەین کە فەلسەفییە نەك بەوەی کە تایبەتە بە مێژوو یان بە ژیاننامەی خودی یان بەرەخنەوە ....هتد

ئێمە بایەخ بەوە نادەین کە لە بارەیەوە نوسراوە، یان خراوەتە سەری یان بە گوێرەی ئەو سەربارە. هەر شتێك کە بە خەیاڵی تۆ دادێت لە مێژووی فەلسەفەدا باسکراوە، ژمارەیەکی زۆر لە درێژدادڕی تیایدا کۆکراوەتەوە. لەوانەش بۆ نموونە وەکو ئەوەی دەڵێت تالیس پێشبینی خۆرگیرانی کردووە، یان دیکارت و لایبنتز لە شیکردنەوەی ماتماتیکدا زۆر لێهاتووبوون و لە



پلەیەکی بەرزی لێهاتوویدا بوون. شتانێکی تری لەم جۆرە. بەڵام ئێمە هەموو ئەم درێژدادڕیانە لەسەر شانی خۆمان لادەدین[2].

هەروەها لێرەدا ئێمە خۆمان بە مەودای بڵاوبوونەوەی رێبازە فەلسەفییەکان ماندووناکەین، بابەتەکەی ئێمە لە دەوری ناوەڕۆکی ئەم رێبازانەدا دەسوڕێتەوە، نەك لە دەوری مێژووی دەرکیان. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین باسی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی رەواقیەت بکەین کە لە سەردەمی خۆیاندا لەمەوایە فراواندا کاریگەریان هەبووە و تەنانەت لە هەندێك درێژە پێداندا هەڵساون بە گەشەپێدانی رەواقیەت. بەڵام ئێمە ئەم درێژەپێدانانە فەرامۆشدەکەین و هیچ لە بارەی ئەم مامۆستایانەوە ناڵێین. مێژووی فەلسەفە لە ئاست ئەو مامۆستایانەدا بێدەنگە، کە تەنها وەك مامۆستا ناوبانگیان هەبووە.

ئەو فەلسەفانەی کە شاندادەدەنە سەر بنەماکانیان یان پشت بە دیدە لاوەکییەکان دەبەستن، هاوڕێك نابنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەم فەلسەفانە کۆمەڵە تێڕوانینێکی قووڵیان لە بارەی حەقیقەتەوە هەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینانە دەکەونە دەرەوەی سنووری پراکتیزەکردنی بنەماکانیانەوە. بۆ نموونە دەکرێت وەك فەلسەفەیەکی سروشتی سەیری گفتوگۆسازی ((تیماوس Timaeus))ی ئەفلاتوون بکرێت، ئەمەش وادەکات بچێتە ناو بواری ئەزموونییەوە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە لە رووی پەرەسەندنیەوە، بە تایبەتی لە فسیۆلۆجیادا زۆر جێگەی باوەڕنییە. بنەماکەشی بۆ تێگەیشتن لە سروشت بەوەی کە گیانە (بەوەی کە سروشت وەك هەمووێك بگرێتەوە) بەس نییە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە درێژەپێدانەکانیدا کۆمەڵە بەرچاو روونییەکی قووڵ هەیە، ئەمە ئەگەر هاتوو بەرچاو روونییەکان بە هیچ شێوەیەك قەرزارباری بنەماکان نەبووین. بەڵکو لە نارێکوپێکی ئەودا دەرکەتن و لەناو سەربەخۆییەکی تەواودابن، وەك بیرە خۆشەکان. لەم ناوکۆییەدا پێویستە تێبینی خاڵێکی تر بکەین، کە پەیوەندیەکی راستەخۆی بەوێناکردنی پەرەسەندن و عەینییەوە هەیە ....

ئێمە پێشتر لەوە دواین کە قۆناغی یەکەم قوناغێکی پەیتترە و لە تایبەتمەندییەکانیدا (یان دیارکردنەکانیدا) هەژارتر و لاوازترە، لە کاتێکدا دواین قۆناغ بە بڕشتتر و دەوڵەمەند ترە.

[2] نوکس دەڵێت هیگڵ خۆی بەو نییەتەوە نابەستێتەوەکە کە پەیمانمان لەسەری پێدەدا، راجع حاشیة (ص ١٠٢. المترجم).

ئەمەش یەکسەر دەمانباتەوە سەر پەیوەندی دروستی نێوان قۆناغە جیاوازەکان. راستە لەوانەیە ئەمە لەگەڵ بیرە ئاساییەکانمان لێکدژبێتەوە، چونکە ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین کە قۆناغی یەکەم قۆناغێکی عەینییە. گوتراوە منداڵ لە هەمەکیەتی رەسەنی سروشتی خۆیدا وەدیدێت و لە پەیوەندییەکی بە هێزیشیدایە لەگەڵ جیهاندا وەك هەمووێك، بەڵام مرۆڤێکی پێگەیشتوو ئەم سەراپاگیرییە هەمەکییە Totality نانوێنێ، بەڵکو بۆ خۆی کۆمەڵە کۆت و بەندێك دادەنێت و خۆی تیایاندا گەمارۆدەدات و جگە لە لایەنێکی دیاریکراوی ئەم هەمووە نەبێت هیچی ترناداتە پاڵ خۆی و خۆیشی تەنها بۆ یەك وەگەڕخەر یان یەك بایەخدان یەك لادەکاتەوە. دوای ئەمەش بە ژیانێکی پەتی دەژی. دەشکرێت بەڵگەیەکی هاوشێوەی ئەمە بەسەر قۆناغەکانی عەقڵ و مەعریفەشدا پراکتیزە بکرێت: ئەمە ئەگەر هاتوو وامان دانا کە لەسەرەتاوە هەست و بەبیراهاتنی خێرا، قۆناغێکی تەواو عەینی دەنوێنن، بەڵام بیرکردنەوە لە قۆناغی دواتردا دێت چونکە چالاکییەکە بە پرۆسەیەکی پەتی هەڵدەستێت. بەڵام بە گوێرەی بابەتەکەی ئێمە بە تەواوەتی پێچەوانەکەی راستە و هەردەشێت بە تەواوەتی ئەو زەوییەی کە لەسەری راوەستاوین بیخەینە پێش چاومان، ئێمە لە مێژووی فەلسەفەدا لەسەر زەوی بیر راوەستاوین. ئەگەر هاتوو لە نێوان ((هەست)) و ((بیر))دا بەراوردێکمان کرد، ئەوا —لە هەر دیدێکەوەبێت- ئەوە روونەبێتەوە کە هەست، نموونەکەی هەروەك نموونەی پەیبردنی هەستەکییە، ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکیگشتی وەرگیرا، ئەوا بەبێ یەك و دوو زۆر عەینییە، بەڵام ئەگەر هاتوو لە گۆشەی بیرەوە سەیرکرا ئەوا زۆر هەژارە[3]. دوای ئەمەش هەردەبێت ئێمە عەینییەتی سروشتی و عەینییەتی بیر لە یەکتر جیابکەینەوە. یەکەمیان لە بەرامبەر بە

[3] هیگڵ تیۆری مەعریفە بەوە دەستپێدەکات کە پێی دەوترێت هۆشیاری هەستەکی یان یەقینی هەستەکی، ئەم مەعریفەیە واخۆی نیشاندەدات کە بە پێزترین جۆرەکانی مەعریفەیە و باوڕی وایە کە مەعریفەکەی دەوڵەمەندە و دەوڵەمەندیەکەشی لە رادەبەدەرە، چونکە لە بەردەمیدا بابەتێك لە تەواوی و کاملی لە هەمەکیەتی سروشتی خۆیدا ئامادەیە و هیچیشی لێوەلاناخرێت. بەڵام لەگەڵ کەمێك لە شیکردنەوەدا، دەردەکەوێت کە پە تیترین و هەژارترین جۆری مەعریفەیە، بەم شێوەیەش بە بەردەوامی ئەوە دەردەکەوێت کە قۆناغە سەرەتاییەکان هەژار و پەتین و ئەو قۆناغانەش کە بەدوایننددا دێن دەوڵەمەندتر و عەینیترن، ئەمەش لە رەوتی دیالیکتیکیدا لە قۆناغە نزمەکانەوە بۆ قۆناغە باڵاکان ئاشکرا دەبێت. بۆ درێژەی ئەمە بگەرێرەوە بۆ کتێبەکەمان ((المنهج الجدلی عند هیجل: دراستة المنطلق هیجل)) في المجلد الاول من مجموعة الدراسات في مكتبة الهيجلية —الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة ص ٢٢ (وما بعدها. (المترجم).



سادەیی بیر هەمە جۆر و جیاوازە. ئەگەر هاتوو هەمە جۆری پەیبردنی هەستەکیمان لەگەڵ هۆشیاری پێگەیشتوودا بەراوردکرد، ئەوا ئەوەی دواییان زۆر هەژار دەبێت، بەڵام لە گۆشەنیگای بیرکردنەوە دەبینین منداڵ زۆر هەژار و پێنەگەیشتووە و زیاتریش عەینییە، چونکە لە بیرەکاندا زۆر دەوڵەمەندتر و بەبڕشترە. ئێمە لە لێکۆڵینەوەی بابەتەکەماندا گرنگی بە عەینییەتی بیردەدەین. ئالێرەوەیە کە دەبینین بیرکردنەوەی زانستی بە بەراوردکردنی بە پەیبردنی هەستەکی عەینیترە.

ئابەم شێوەیە گیان لە سەرەتاکەی خۆیدا زۆر هەژارە و لە قۆناغە پاشینەکانیشدا زۆر دەوڵەمەندە، ئەگەر هاتوو ئەم بنەمایەمان لەسەر رێبازە فەلسەفییە جیاوازەکان پراکتیزەکرد، ئەوا یەکسەر ئەمانەی لێدەکەوێتەوە، یەکەم: لە رووی ناوەڕۆکەوە فەلسەفە بەراییەکان زۆر هەژارن، بیرۆکەش نزمترین قۆناغەکانی دیاریکردنیانە، ئەم فەلسەفانە بە تەواوی لە گشتگیریدا دەمێنێتەوە، ئەم گشتگیرانەش هەر بە بەتاڵی دەمێننەوە). هەر دەبێت زۆر بە جوانی ئەمە روونبکەینەوە، تا دوای ئەو ناوەڕۆکە دیاریکراوانە لە فەلسەفە کۆنەکان نەکەین، کە جگە لەو هۆشیارییەی کە دواتردێت هیچی تر ناتوانێت ئەم ناوەڕۆکانەمان بداتێ، بۆ نموونە گەر ئێمە پرسیمان فەلسەفەی تالێس لە رێبازە خوا گەرەکان Theism یان ناء، ئەوا ئەم پرسیارەی ئێمە لەسەر بنچینەی بۆچوونی خۆمان بۆ خوا دامەزراوە. بەڵام بۆچوونێکی ئاوا لە شێوەی ئەو بۆچوونە زۆر قووڵەی ئێمە لە لای فەیلەسووفە یۆنانییەکانی قۆناغی بەرایدا، واتە لە سپێدەی فەلسەفەی یۆنانییدا نەبووە. دواتریش ئێمە —لە روویەکی ترەوە- لەسەر هەقین ئەگەر هاتوو فەلسەفەی تالێسمان خستەڕیزی رێبازە ناخوا گەرەکانەوە Atheim. بەڵام ئەمە لە روویەکی ترەوە زوڵمێکی گەورەیە و لە فەلسەفەی تالێس دەکرێت، چونکە بیری تالێس —بیرێکە لە سەرەتای خۆیدا- لە توانایدا نییە لەم سەردەمەدا بگاتە ئەو قووڵی و پەرەسەندنەی کە ئێمە پێی گەیشتووین. قووڵایی لەو رووەوە کە چڕییە، وادەردەکەوێت کە لەگەڵ کشان و درێژ بوونەوەدا لێکدژبێت، بەڵام هەر کاتێك کە چڕی گیان گەورە و زۆر بوو، ئەوا لە هەمانکاتدا بڵاوبوونەوەی فراوان دەبێت و دەوڵەمەندی و بڕشتییەکەشی زیاد دەکات. چڕی راستەقینەی گیانیش، ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە گەیشتووینەتە هێزی لێکدژی و دابڕان و دابەشبوون. بڵاوبووەنەوەش هەر خۆی ئەو هێزەیە کەوامان لێدەکات ئەم لێکدژییە تێپەڕێنین و بەسەر دابەشبوونیشدا زاڵ بین. ئالێرەشەوە بەهەمان شێوە لە سەردەمەنوێکاندا ئەو پرسیارە

دەردەکەوێت کە ئایا تالێس جەختی لەسەر خوایەکی کەسی کردووەتەوە، یان تەنها باسی بوونێکی هەمەکی ناکەسی لەسەر شێوە پوختەکەی کردووە. لێرەدا مەسەلە گرنگەکە ڕێژەی خودیەتی و بۆچوونی کەسییە. بەڵام خودیەتی —بەو شێوەیەی کە ئێمە لێتێدەگەین- بۆچوونێکی زۆر دەوڵەمەندە، زۆر دووریشە لەوەی کە لە زەینی تالێسدا هەیە و پێویستیش ناکات بە هیچ شێوەیەك لە لای یەکەمین فەیلەسووفانی یۆناندا بۆی بگەڕێین.

لێرەدا دەرئەنجامی دووەم هەیە کە لەوە دەکەوێتەوە پێشتر باسمانکرد، ئەمەش —جارێکی تر- بە ڕێگای لێکۆڵینەوەی فەیلەسووفە دێرینەکانەوە گرێدراوە، کاتێك کە لەم فەیلەسووفە دێرینانە دەکۆڵێتەوە هەر دەبێت بەشێوەیەکیمێژووی ورد ڕێگا بگرینەبەر، ناشێت هیچ شتێك بدەینەپاڵیان جگە لەوەی کە بەشێوەیەکیڕاستەوخۆ و مێژوویی پێمان گەیشتووە. ئێمە لە زۆربەی مێژووەکانی فەلسەفەدا —لە ڕاستیدا لە زۆربەی زۆریدا- ڕێژەیەکی زۆر لە هەڵە لە بارەی ئەم فەیلەسووفانەوە بەدی دەکەین. زۆر جار دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لە مەسەلە میتافیزیکییەکانێ دراونەتە پاڵ ئەم فەیلەسووفە یان ئەو فەیلەسووفانە، کە یەك وشەش لە بارەیانەوە نازانێت. ڕاستە زۆر ئاسانە بەڵگەیەك بدۆزینەوە و بەپێی ئاستی بیرکردنەوەی خۆمان هەڵیگرینەوە. بەڵام ئەو کارەی کە لە مێژووی فەلسەفەدا هێجگار گرنگە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی ورد بزانین ئایا مەسەلەیەکی لەم جۆرە پەرەی سەندووە یان نا، چونکە پێشکەوتنی فەلسەفە لەسەر ئەم پەرەسەندنە ڕاوەستاوە، بۆ ئەوەش لە زەرووڕەتی خۆیدا پەی بەم پێشکەوتنە بەرین، ئەوا هەر دەبێت هەموو قۆناغێك لە خۆیدا و بۆ خۆی لیبکۆڵینە، واتە هەر دەبێت بەشێوەیەکیدیاریکراو لەسەر دیدی ئەو فەیلەسووفە هەڵوێستە بکەین کە لێی دەکۆڵینەوە. لە هەموو مەسەلەیەك و لە هەموو بیرۆکەیەکی نوێدا، لە ڕاستیدا کۆمەڵە مەسەلەیەکی تر لەناویدا هەن کە زۆر تایبەتمەند ترن، و لۆژیکیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام کارەکە بە تەواوەتی جیاواز دەبێت، گەر بزانین بووەتە شتێکی ئاشکراو ڕوون یان ناء، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان فەلسەفە جیاوازەکانی ناو مێژووی فەلسەفەدا هەن وەك جیاوازی نێوان بیرێکی ناڕاستەوخۆ و ئەو بیرەوایە کە ئاشکراو ڕوون بووەتەوە. دوای ئەمەش ناتوانین بە دیقەتێکی زیاتر لە خۆی خۆمان بە مێژوو و بە وشەی ڕاستەقینەی خودی فەیلەسووفەکان ببەستینەوە، چونکە گەر وابکەین زۆر ئاسانە کە کۆمەڵە کارتیگۆریەکی تر



بێنە ناوەوە، کە زۆر لە خەیاڵی خۆیانەوە دوورن، ئەرستۆ[4] بۆ ئەوە چووە کە تالێس وتوویەتی ((ئاو ئەو بنەمایەیە ((ئەستەقس)) کە هەموو شتەکانی تر لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە....)). لە کاتێکدا وەك مێژوو ئەوە یەکلابووەتەوە کە ئەنکسمندەر یەکەم کەس بووە وشەی (ئەستەقس)ی بە مانای (بنەما) بە کارهێناوە، لە وانەشە ئەم وشەیە لە سەردەمی تالێسدا زانراو بووبێت، لەوانەشە واتای (سەرەتای لەزەمەندا) گەیاند بێت، بەڵام بەو شێوە نەبووە، کە مانای ئەوە بگەیەنێ بنچینەی هەمەکی هەموو شتێك بێت، چونکە ئەم کاتیگۆرییە سەر بە پەرەسەندنێکی عەقڵی درەنگوەخترە.

بەم شێوەیە دەبینین ئێمە ناتوانین —لەم سەردەمە بەراییەدا- کاتیگۆری هۆ، یان بنەما بدەینە پاڵ تالێس، جیاوازی ڕۆشنبیریش لەسەر شتێکی تر ناوەستێتەوە جگە لە جیاوازی ئەو کاتیگۆریانەی کە لە هەمووسەردەمێکدا هۆشیاری دەیانخاتەڕوو. گەر بمانەوێت نموونەی زیاتر بهێنینەوە، ئەوا دەتوانین لەگەڵ برۆکەر Brucker دا بڵێین، تالێس بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەبەنی ئەو مەسەلەیەی کردووە کە دەڵێت ((هیچ شتێك لە ناشت وەدی نایێت Ex Nihilo, Nihil Eit[5]، چونکە ئەو ئاوە وەك توخمێکی هەتاهەتایەی ساغ کردووەتەوە، واتە وەك شتێك کە هەبێت. گەر ئەمە دروست بێت، لێرەدا تالیس لە ریزی ئەو فەیلەسوفانەدا دادەنرێت کە خولقانیان لە عەدەمەوە ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ناکرێت ئەم دەرئەنجامە بدرێتەپاڵ خودی تالێس خۆی. چونکە لە ڕووی مێژووییەوە، ئەمەشتێکی پەرەسەندترە و ئەو هەرگیز هیچی لە بارەوە نەزانیووە.

دەتوانین هەمان شتیش لە بارەی مامۆستا ریتەرەوە Ritterبڵێین، کە زۆر بە بایەخەوە کتێبەکەی خۆی ((مێژووی فەلسەفەی ئەیۆنی)) نووسیوە و سووریش بووە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەرەستەیەکی بێگانە نەچێتە ناو کتێبەکەیەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەوانە شتکانێکی زۆر لەوە زیاتری وتبێ کە مێژوو وەدەستی هێناون، ئەو دەڵێت ((..... دوای ئەمەش دەتوانین

[4] لە کتێبەکەیدا میتافیزیکا ٩٨٣ ب. (المترجم)

[5] یعقوب بروکیر (١٦٩٦-١٧٧٠) J. Brucker: فەیلەسووفە و مێژوونوسی فەلسەفەیە و خاوەنی کتێبێکە بە ناوی ((التاریخ النقدی للفلسفة= فی لنینزج في عام ١٧٤٢ حتى عام ١٧٤٧ في خمس مجلدات في التاريخ الفلسفة في المانيا)). نۆکس دەڵێت هیگڵ ئاماژە بە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە دەدات لاپەرەکانی ٤٦٥-٤٧٨. (المترجم).

واسەیری لێکۆڵینەوەی سروشت لای تالّس بکەین، لێکۆڵینەوەیە یەکە لە ئەلفەوە بۆیێ لێکۆڵینەوەیەکی دینامیکییە)). ئەمەش بە تەواوەتی جیاوازە لەوەی کە ئەرستۆ وتوویەتی، نەك هەر ئەمە بەڵکو هیچ نوسەرێك لە نوسەرە کۆنەکان شتێکی لەم جۆرەی لە بارەی تالّسەوە نەوتووە، ئەم ئەنجامگیزییە لێرەدا رێی پێدەدرێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکیمێژوویی پاساوی بۆ بهێنینەوە، بۆ ئێمەش دروست نییە کە پشت بە دەرئەنجامی لەم جۆرە ببەستین و وا لە فەلسەفەی یۆنانی بەرایی بکەین کە شتێکی جیاواز بێت لەوەی کە لە بنچینەدا لەسەری بووە.

لێرەوە ئەنجامی سێهەممان هەیە، ئەویش ئەوەیە رێگەنادرێت بیر لەوە بکەینەوە کە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی خۆمان لای یەکەمین فەیلەسوفان بدۆزینەوە، کە خەیاڵمان پێشنیاری دەکات و یان سەر چاوەیان لە بایەخەکانی خۆمانەوە گرتووە، چونکە پرسیارگەلیکی ئاوا پێشتر گریمانەی پەرەسەندنێکی گەورەو دیقەتێکی قوڵتری بیر دەکات بە شێوەیەك لەوە زیاتر بێت کە بۆ یۆنانییەکانی سەرەتا لواوە، بۆ ئەوانەی کە بیرکردنەوەیانی خاڵییە لە چڕی بیری ئێمە. هەموو فەلسەفەیەك فەلسەفەی سەردەمەکەی خۆیەتی و هەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی تەواوی پەرەسەندنی گیانی، پاشانیش ئێمە ناتوانین هیچ شتێك لە خۆمان رازی بکەین جگە لەو بایەخدانەی کە لەگەڵ سەر دەمەکەیاندا دەگونجێن.

وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد، هەموو فەلسەفەکان بەپێی بنەماکان دەژین، ئەو قۆناغانەش کە تیایدا ژیاون لە فەلسەفەکانی ئێمەشدا هەرهەمان قۆناغن. فەلسەفەکانی ئێمە ئەم قۆناغانەیان تێپەڕاندوون و پاشانیش لە تواناد نییە کە فەلسەفە بەراییەکان زیندوو بکرێنەوە، ناکرێت ((ئەفلاتوونیەت)) یان ((ئەرستۆییەت)) زیندوو بکرێتەوە، چونکە چیتر چەمکەکانی و شێوەکانیان لەگەڵ عەقڵی ئێمەدا ناگونجێن. لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵە هەوڵێك پێش چاودەکەون، کە لە پێناوی ئەم زیندووکردنەوەدا دراون، بۆ نموونە وارێککەوتووە، کە لە هەردوو سەدەی پانزە و شانزەدا قوتابخانەی ئەفلاتوونیەت و ئەرستۆییەت و ئەپیقۆریەت و رەواقیەت دامەزرێت. بەڵام مەحاڵە کە ئەم جۆرە قوتابخانانە ببنەوە بە هەمان قوتابخانە کۆنەکان، یان بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە سەردەمە کۆنەکاندا قوتابخانەکان لەسەری بوون. بۆ ئەمەش هۆیەکی سەرەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە، باوڕێکی ئاوا بڵاوبووەتەوە و رۆشتووە، کە مەسیحییەت سنووری بۆ هەموو فەلسەفەیەك داناوە، ئەگەر هاتوو لێرەدا کەسێکی واهەبێت هێشتا ئارەزووی گەڕانی هەبێت بە شوێن دەستکەوتنی فەلسەفەدا، ئەوا بۆ ئەو باشترە کە



یەکێك لە فەلسەفە کۆنەکان هەڵبژێرێت. بەڵام گەڕانەوە بۆ دواوە جگە لە هەڵسان بە گەڕان بەناو قۆناغەکانی پێشوودا هیچی تر نییە.

ئەمەش گەڕانێکە هەموو کەسێك لە رێگەی پەرەوەردەکردنەوە دەتوانێت پێی هەڵستێت. ئەمەش لە هەمانکاتدا ئەوەمان بۆ راڤە دەکات کە بۆچی ئەوانەی کە بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفە کۆنەکان هەڵساون لەم لێکۆڵینەوانە دەگشێنەوە و بە تووڕەییەوە دەگەڕێنەوە. ئەمەش جگە لە پلەیەکی دیاریکراوی لێڕازی بوون شتێکی تری تیانادۆزینەوە: ئێمە دەتوانین لە فەلسەفەی ئەفلاتوون یان فەلسەفەی ئەرستۆ تێبگەین، بەڵام ئەم فەلسەفانە ناتوانن وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە بدەنەوە، ئەوان داواکاری جیاواز و پێویستی تریان هەیە، هەر لەمەشەوەیە کە ئەفلاتوون بۆ نموونە وەڵامی پرسیاری تایبەت بە سروشتی ئازادی ناداتەوە، یان وەڵامی پرسیار لەسەر بنەچەی خراپەی سروشتی یان ئاکاری نادەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی زۆر ورد سەرقاڵی کردووین. دەتوانین هەمان شت بە گوێرەی ئەو پرسیارە بڵێین کە لە بارەی سروشتی مەعریفەوە و لێکدژی نێوان خودی و بابەتییەوە هەیە ... هتد. پێویستی ناکۆتاداریش بۆ خودگەرایی و سەربەخۆیی: سەربەخۆی گیان لە خۆیدا —هەموو ئەمانە کۆمەڵە بابەتێکی نامۆن بە ئەسینییەکان. لەم سەردەمەدا مرۆڤ بۆ خۆی ناگەڕێتەوە، وەکو ئەوەی کە لە مرۆدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. راستە ئەو خودێکە، بەڵام خۆی لەسەر ئەوە بینانە کردووە کە ئاوایە. (واتە لەسەر ئەوەی کە خودە). ئەو ناتوانێ خۆی بونیادبنێ تەنها لە یەکبوونی ئاکاری بنچینەیی خۆی لەگەڵ ژینگەکەی و لە ئەرکەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتدا نەبێت. پیاوێکی ئەسینیایی یان رۆمانی زانیویەتی ماهیەتی لەوەدایە کە ئەو هاوڵاتییەکی ئازادە، بەڵام وتنی ئەوەی کە مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤە ئازادە، حەقیقەتێکە کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ نەیانزانیووە (ئەمەش هەر لە بناغەوە نەزانراوە، لەو بنەمایەی مەسیحییەتدا نەبێت، کە گیانی کەسی تاك بەهایەتی ناکۆتادار و رەهای هەیە). کاتێك کە دەگەینە ئەم کێشانە ئەفلاتوون و ئەرستۆ تینوویەتیمان ناشکێنن.

بەزەروورەت فەلسەفە یەکەمییەکانی سادە و پەتین و بە تەواوەتیش گشتین، ئێمە تەنها لە سەردەمێکی پاشینەدا دەتوانین هۆشیاری خودیمان بە تێگەیشتوویی ببینینەوە و مەعریفەی خودی بە گیان و بیرێك لە خۆیدا و کۆمەڵە کاتیگۆرییەکی زۆری چڕبووەوە لەناو یەك کاتیگۆریدا وەدی بکەین. ئێمە لەسەرەتادا خۆمان لەبەردەم جیاوازییەکاندا نابنینەوە، بەڵکو

خۆمان لەبەردەم سادەترین و پەتیتریندا دەدۆزینەوە. بەڵام کاتێك کە بەشێوەیەکی باشتر کار لەسەر ئەم سەرەتایە دەکەین، ئەوا دەبێتە بابەتێك بۆ ئەو گیانەی کە شێوەیەکی نوێ بەسەرماندا دەچەسپێنێ. عەینییەت یەك شێوە یان هی تر و زیاتریش لەمە دەگرێتەوە خۆی. بەڵام عەینی لە رێگەی سەرباركردنی کاتیگۆری نوێ بۆ بنەما پێشینەکان پێ بە پێ و بەرەبەرە نەبێت شێوە گیرنابێت. هەردەبێت ئەمە بخەینە زەینمانەوە کاتێك بریارێك لەسەر فەلسەفە کۆنەکان دەردەکەین، تا ئەوە بزانین کە پێویستە لەناویدا بە شوێنیدا بگەرێین و بۆ نموونە تا ئەوەی لێ چاوەرێ نەکەین، کە ئەوەی لە سەردەمەکەی خۆماندا بۆی دەگەرێین لە فەلسەفەی ئەفلاتونیدا بیدۆزینەوە، ئێمە بەو ئاستە بەرز و ناوازەیەی کە فەلسەفەی کۆن هەیەتی ناتوانین بە تەواوەتی لێی رازی بین. بەم شێوەیە دەبینین ئێمە ناتوانین فەلسەفەی کۆن دامەزرێنین بلێین ئەمە تاکە فەلسەفەیەکی شیاو و رێپێدراوە. ئێمە سەر بە گیانی سەردەمێکی پێگەیشتووترین کە دەوڵەمەندی هەموو فەلسەفەکانی لە خۆی گرتووە و —لە خۆیشیدا- بەشێوەیەکیعەینی دەستیشی بەسەر هەموویاندا گرتووە. ئەم بنەمایە زۆر قووڵە و لەناویشماندا بەبێ هۆشیاری دەژی. گیان کۆمەڵە ئەرکێك بۆ خۆی پێشیناری دەکات، کە خۆی ئەرکێك نییە کە بە هۆیەوە فەلسەفەی کۆن راپەرێت، بۆ نموونە وەك لێکدژی نێوان چاکە و خراپە و نێوان ئازادی و زەروورەت. فەلسەفەی یۆنانی لەم کێشانەی نەکۆڵیوەتەوە نەگەیشتووە بە چارەسەرکردنیان، گونجاو نییە بچینە ناو ئەوەوە کە سەر لە نوێ فەلسەفە والێ بکەینەوە شیاو و رێپێدراوبێت. راستە کە لە سەردەمی راپەریندا سەر لە نوێ ئاشنابوون بە ئەفلاتوون و ئەفلاتوونیەت پێویست بوو، بەڵام ناتوانین بەم فەلسەفانەوە ببەسترێینەوە و لە ئاستیاندا بوەستین. لە تازترین رێبازی فەلسەفیدا بنەمای فەلسەفە پێشینەکان بە یەکگرتووی دەبینینەوە. ئەم فەلسەفەیە تازترینیانە ئەوا بەزەروورەت رێبازێکی زیاتر پەرەسەندووە و وەك کۆمەڵە ئەندامێکی ناو کۆمەڵەکەی خۆی هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی لە خۆی دەگرێت. زۆرجار ئەم تازترین فەلسەفانە بە یەکبوونی بوون (سەراپاگیریەتی خواییانە) Eleaticsim یان بە ئیلیەت Pantheism ... هتد وەسفدەکرێن. لە راستیشدا ئەم زاراوانە —بەم شێوەیە- کەس بەکاریان ناهێنی جگە لەوانەی کە خاوەنی عەقڵێکی رووکەشانەن. ئەم هەڵوێستە کۆن و سەرەتاییانە بەشێوەیەکیقووڵتر دوورتر دیاریکردنەکانیان جێبەجێ دەبن و پاشانیش هەموو تاك و پەتییەکیان تیادەسڕدرێتەوە.



ئەوەی کە تائێستا وتراوە، وێناکردنی مێژووی فەلسەفە و ماناکەی دەگرێتەوە، پێویستە بە تاك تاك سەیری فەلسەفەکان بکەین، بە شێوەیەك کە کۆمەڵە قۆناغێکن لە پەرەسەندنی یەك بیرۆکەدا، هەموو فەلسەفەیەکی خۆی نیشاندەدات کە دیاریکردنێکی بیرییانەی زەروورییە یان کاتیگۆرییەکە لە کاتیگۆریەکانی بیرۆکە Idea ، شتێکی هەرەمەکی و لەخۆوە لە بەدوایەکهاتنی فەلسەفەکاندانییە، ئەو زنجیرەیەش کە فەلسەفەکان تیایدا دەردەکەون زەروورەت فەرمانرەوایی دەکات. دواتر کە مێژووی فەلسەفە دەخەینەروو ئەمە دەردەکەوێت و درێژکردنەوەکانیشی زیاتر دیاریدەکرێن. هەموو ساتێك لە گشت (هەموو)دا لە وێنەیەکی تاکلایەندا بیرۆکەیەکی سەراپاگیر دەگرێتەخۆی. هەر بە هۆی ئەوەشەوە کە ئەم تاکلایەنییەی تیایە خۆی دەسرێتەوە. بەمەش ئەو لافانەی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە کە پێوایە خۆی دواهەمینە و لەگەڵ ئەوەش یەکدەگرێت کە ناتەواوی دەکات، واتە دیاریکردنە دژانەکەی، بەمەش قووڵتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. ئەمەش دیالێکتیکی ئەو کاتیگۆرییە جۆرییە تایبەتانەیە، بەڵام ئەم جووڵەیە کۆتایی بە شتێك نایێت، چونکە ئەو کاتیگۆرییانەی کە سڕاونەتەوە هەر خۆیان خاوەنی مۆرکێکی ئیجابین، بەم مانایەش دواتر مێژووی فەلسەفە چارەسەر دەکەین.

بەم شێوەیە دەبینین مێژووی فەلسەفە زانستە، فەلسەفە لە پەرەسەندنە نامێژووییەکەیدا هەر خۆی مێژووە، لە فەلسەفەدا دەبێت بەو بۆچوونانە دەستپێبکرێت کە زۆرسادەن. دوایی پێ بەپێ بەرو بۆچوونە زیاتر عەینییەکان بچین. ئەمە ئەو حاڵەیە کە مێژووی فەلسەفەی تیایە، لە فەلسەفە و مێژووەکەیدا پێکەوە بەرەوپێشچوونێکی زەروورەی دەبینین کە لە هەردووکیاندا یەکە. دوای ئەمەش ئەوەی کە لە مێژووی فەلسەفەدا بە چێژوو بایەخە ئەو بیرەیە کە لە پێشکەوتنە زانستییە وردەکەیدا خۆی دیاریدەکات.

مێژووی فەلسەفە ئاوێنەی فەلسەفە خۆیەتی، ئەمە جگە لەوەی کە پەرەسەندنێکی تەواوی فەلسەفەیە لە زەمەندا، واتە لە مەملەکەتی رواڵەت و لێدەرچووندا. لە راستیشدا ئەم پەرەسەندنە لەسەر بیرۆکەیەکی لۆژیکی و پەرەسەندنەکەی دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین لە ئەلفەوە بۆیی لەسەر بنچینەیەکی وردی لۆژیکی بابەتەکەمان بخەینەڕوو. ئەمە ئەگەر هاتو بەلایەنی کەمەوە ئاماژەدان لە ئەستۆی ئێمەدابوو.

خاڵی دووەم کە پێویستە لەم دەروازەیەدا لێی بدوێین پەیوەندی فەلسەفەیە بە دەرەوەشانەوەکانی تری گیانەوە و هەروەها پەیوەندی مێژووی فەلسەفە بە مێژووی بابەتەکانی ترەوە.

## بەشی شەشەم

# پەیوەندی مێژووی فەلسەفە
# بە درەوشانەوەکانی تری گیانەوە

ئێمە دەزانین کە مێژووی فەلسەفە بە خۆی پچڕاو نییە، بەڵکو لە پەیوەندیدایە لەگەڵ مێژوو بەشێوەیەکی‌گشتی و بە مێژووی کاروبارە دەرەکییەکانیشەوە، هەروەکو چۆن وابەستەیە بە مێژووی ئایینیشەوە .... هتد. بە گوێرەی ئێمە ئاساییە لە مێژووی سیاسیدا باس لە سیما سەرەکییەکان بکەین: تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکە و ژیانی هەموو ئەو خەڵکەی کە فەلسەفە لە ئامێزیاندا سەری هەڵداوە، ئەوەش دەچێتە سەر ئەمە ئەوەیە، کە ئەم پەیوەستییە ناوەکییە و کرۆکی و پێویستیشە، ئەم پەیوەندییە تەنها پەیوەندیەکی دەرەکی یان هاوکاتی نییە (هاوکاتی بە هیچ جۆرێك پەیوەندی یان پەیوەست نییە).

لەسەر ئێمەیە لێرەدا دووکار بە هەند وەربگرین:

**یەکەم:** لایەنی مێژوویی پەتی ئەم پەیوەندییە:

**دووەم:** پەیوەندی بابەتەکە، واتە خۆ گونجاندنی فەلسەفە لەگەڵ ئایین لەگەڵ ئەو چالاکییە عەقڵییانەی تر کە پێیەوە پەیوەستەن.

هەر دەبێت بەشێوەیەکی‌درێژ تر لەم دووکارە بکۆڵینەوە تا بە دیقەتتەوە وێناکردنی فەلسەفە و مۆرکە جۆرییەکەی روونبکەینەوە[1].

---

[1] هاووەختی یان هاوساتی Simultaneiy: پێکەوە روودانی شتەکانە لە یەك کاتدا یان لە یەك وەختدا. (وەرگێڕ)

## یەکەم: باری مێژوویی فەلسەفە

یەکەم خاڵ کە پێویستە ئێمە تێبینی بکەین، پەیوەندی گشتی فەلسەفەیە، لە سەردەمێکی دیاریکراو بە باقی تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکەو سیماکانیەوە.

(أ) خوگیرانە دەوترێت: هەر دەبێت لە لێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفەدا ئاگاداری بارودۆخی رامیاری و مەسەلە ئاینییەکان و میتۆلۆژیا ... هتد بین، چونکە ئەم کارە خاوەنی کاریگەرییەکی زۆرە لەسەر سەردەمەکەی، هەروەها پێچەوانەی ئەمەش دروستە. بەڵام گەرتۆ بە کۆمەڵە کاتیگۆرییەکی وەك ((کاریگەری زۆر)) و ((کاریگەری ئاڵوگۆڕکراو)) ....هتد خۆت کێشایەوە، ئەوا تۆ لەم حاڵەتەدا هیچ ناکەی، جگە لە ئاماژەدان بە پەیوەندییەکی دەرەکی، واتە تۆ وادەست بە سەیرکردنی دوو فەلسەفەی دیاریکراو دەکەیت کە لە خۆیاندا لاتەریك و گۆشەگیربن و یەك لەوی تر سەربەخۆبێت. بەڵام لێرەدا هەر دەبێت لە گۆشەیەکی تەواو جیاوازەوە لەم پەیوەندییە بڕوانین: کاتیگۆری بنچینەیی، کاتیگۆری یەکبوونە، واتە وابەستەبوونی ناوەکی لە نێوان هەموو ئەم درەوشانەوە جیاوازانەدا. ئالێرەشدا هەردەبێت دەست بەو هێزە دیارەوەربگرین، کە دەڵێ جگە لە یەك گیان و یەك بنەما هیچ شتێکی تر نییە، ئەم گیانەش بە مۆرکی خۆی هەڵوێستی سیاسی مۆرکدەکات، ئاواش لە ئاین و هونەر و ژیانی ئاکاری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و پیشەسازی، دەردرەوشێتەوە، ئەمەش لەوەوەیە، کە ئەم هەموو شێوە جیاوازانە وادەبینێت کە هیچ نەبن جگە لە لقەکانی یەك قەدی سەرەکی. ئەمە تێڕوانینە بنچینەییەکەیە: گیان یەکە و تەنها یەك. هیچ شتێکی تر جگە لە گیان نییە کە لە بری کرۆکی ماوەیەك، یان گەلێك یان سەردەمێك بێت، گیان بە رێگای جیاجیا شێوەگیردەبێت و دەدرەوشێتەوە. ئەم دەروشانەوە جیاوازانە ئەو ساتانەن، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردن. پاشان پێویستە وا لە سیاسەت و دەستوورەکان و ئایینەکان ...هتد نەڕوانین، کە ریشەی فەلسەفەن یان هۆکاری فەلسەفەن، یا بەپێچەوانەوە، وا لە فەلسەفە بڕوانین کەبناغەی ئەم بابەتانەیە، هەموو ئەم ساتانە یەك سیمان و لە ریشەکانیدا پەنهانن و هەمووشیان لە ناویدا لە رەودان. فرەیی ئەم شتە جیاوازانە هەمووی، هەر جۆرێك بێت، نابێتە هۆی ئەوەی شتێك بە ناوی لێکدژییە و لە نێوانیاندا هەبێت، نابینین توخمێك لە توخمەکانی، شتێکی وای لە خۆگرتبێ کە لە رووی جۆرەوە جیاوازبێت لە بناغەکەی، بە چاوپۆشی لەوەی: کەوا دیارە



هەندێکیان لێکدژن لەگەڵ هەندێکی تریاندا. هەموویان کۆمەڵە لقێکن لە یەك ریشە بوونەتەوە و یەك فەلسەفەش، لەم لقلێبوونەوانەوە هەیە.

ئێمە پێشتر دەبێت وادابنێین ئەمە هەموو بە یەك پەیوەستی پێویست وابەستەن، پاشانیش ئەمە جگە لەم فەلسەفەیە شتێکی ترنییە، دەشێت ئایینش لە تەك ئەم دەستورە سیاسییە و ئەو قوناغەوە بێت، کە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی زانست. جگە لەیەك گیان شتێکی ترنییە، پەرەسەندنی ئەم گیانەش گوزارشت لە یەك بەرەوپێشچوون و یەك بنەما یەك بیرۆکە و سیمایەکی بنچینەیی دەکات، کە لە شێوەی جۆراوجۆر و هەمەرەنگدا دەدرەوشێتەوە. ئەمەیە کە ناوی گیانی سەردەمی لێدەنێین، دواتریش شتێکی رووکەشی تیانییە، یان شتێکی وای تیانییە، کە لە دەرەوە دیاریبکرێت، زانینیش هەردەبێت سەرچاوە لە شێوە گەورەکانی لە جیهاندابگرێت، نەك لە کاروبارە دەرکییە بێ ماناکان. فەلەسەفەش یەکێکە لەم شێوە گەورانە، هاوسەردەمی ئایینییەکی دیاریکراو و دەستوورێکی سیاسی دەستنشانکراو و جۆرێك لە جۆرەکانی هونەر و ئاکار و زانستە....هتد.

واتای ئەمەش ئەوەیە، کە شێوەی مێژووی فەلسەفە بە پەیوەندییەکی پێویست وابەستەیە بە مێژووی سیاسەتەوە، پێش ئەوەی کە فەلسەفەیەك دروستبێت، لێرەدا بەشێوەیەکی رەها فەلسەفەیەك هەبێت، هەر دەبێت گەل گەیشتبێت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە نەشونمای عەقڵی. یەکەمجار هەر دەبێت ئەم گەلە لە پێویستییەکانی ژیان[2] تێربووبێت و هەردەبێت کۆتایی بە ئارەزووەکان و ئازارەکانی هاتبێت و لە خەمە کۆتادارە مرۆییەکان تێربووبێت، هەر ئاواش دەبێت عەقڵیان لە گرنگیدانی بە کارە هەمەکییەکان[3] بەرەوپێشچووبێت. فەلسەفە چالاکییەکی ئازادە (لێرەو پێویستی بە فەلسەفە سەرهەڵدەدات). هەر لەبەر ئەمەشە دەکریت بە جۆرێك لە خۆشگوزەرانی بزانرێت، چونکە خۆشگوزەرانی تێربوونێکە سەرچاوە لەو کار و

---

[2] بەراوردکە: ارسطو المتافیزیکیا ٩٨٢ ب. من تعلیقات نوکس ص ١٠٠. (المترجم).

[3] بەراوردیکە لەگەڵ ئەم قسەی هیگڵدا: ((سەرما و گەرمای ناوچە پەڕگیرەکان وایان کردووە کە گیان نەتوانی جیهانێك بۆ خۆی دروستبکات، لە کۆتایشدا ئەرستۆ وتویەتی: ((کاتێك کە پێویستیەکان تێردەبن مرۆڤ بەرەو ئەو داخوازیانە سەردەکەوێت، کە کاروبارێکی زۆر مەزن و خاوەنی سروشتێکی تایبەتن))...هتد هیجل محاضرات في فلسفة التأریخ ((العقل في التأریخ)) ترجمة امام عبدالفتاح امام، الناشر مکتبة مدبولی بالقاهرة. (المترجم).

بارانەوە دەگرێت، کە بەشێوەیەکیڕاستەوخۆ پێویست نین، هەر لەم گۆشەیەوەیە کە ناکرێت دەسبەرداری فەلسەفە ببین، ئەمە ئەگەر هاتوو پشتی بەوە بەسبتێ کە بە پێویستی ناوی دەبەین. لە گۆشەنیگای گیانێکی بیرکەرەوەوە، هەر دەبێت وا لە فەلسەفە بڕوانرێت کە مەزنترین شتی ناوشتەکانە کە پێویست بێت ...

لێرەوەیە کە فەلسەفە بەوەی کە ئاوایە لە ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیارێکدا وەك گشتێك نەبێت، دەرناکەوێت. بەڵام لەم کاتەدا وەك فەلسەفە بە شێوە گشتییەکەی دەرناکەوێت، بەڵکو وادەردەکەوێت کە فەلسەفەیەکی دیاریکراوە، ئەمەش تایبەتمەندی بیریکی هوشیارە، کە بناغەی هەموو شتێکی تر پێکدەهێنێ، هەروەها هەموو لایەنەکانی مێژووش شێوەگیردەکات. یاساو ئاکارو هەڵوسوکەوت و ژیانی کۆمەڵایەتی گەلەکان لە پەیوەندییەکی توکمە و توندان لەگەڵ ئەم مۆرکە جۆرییە پوختەدا. گرنگە لێرەدا زۆرباش هوشیاربین بەوەی، کە گیان دەگاتە قۆناغێکی دیاریکراو، ئەم بنەمایە لە هەموو برشتی و بەپێزییەکانی جیهانی خۆیدا دادەمەزرێنێ و لە لایەنە جۆر بە جۆرەکانی بوونیدا دەری دەخات، بە شێوەیەك کە هەموو تایبەتمەندییە جۆرییەکانی تری ئەم جیهانە لەسەر ئەم دیاریکردنە بنچینەییە رادەوەستن. نەفەلسەفەی سەردەمی ئێمە و نەهیچ فەلسەفەیەکی تر ناکرێت لەناو جیهانی مەسیحیدا پێویست و گرنگ بێت و بشکرێت لەناو رۆمای وەسەنیدا دەرکەوێت، چونکە هەموو لایەنەکانی ژیار وەك هەمووێك و هەموو لقەکانی و هەڵوێستەکان و پەیوەندییەکان گوزارشت لەیەك بیرۆکە دەکەن و گوزارشت لە مۆرکێکی جۆری پوخت دەکەن کە فەلسەفە بە ناوی بیری پوختەوە بانگەوازی بۆ دەکات. پاشان ئێمە ناتوانین بڵێین مێژووی سیاسی هۆکاری فەلسەفەیە، هەرگیز لق ناتوانێت ببێتە هۆکار بۆ سەراپای درەختەکە، بەڵکو بۆ هەریەك لە قەد و گەڵاکان سەرچاوەیەکی هاوبەش هەیە، فەلسەفە و سیاسەتیش هەر هەمان سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە.... کە ئەویش گیانی سەردەمەکەیە، واتە قۆناغێکی جۆریی تایبەت لە پەرەسەندنی گیان لە زەمەندا، کە هۆ نزیکەکەی (یان بنچینەکەی) لە قۆناغە پێشووەکەدا پەنهاندەبێت، بەڵام بەشێوەیەکیگشتی لە شێوەیە لە شێوەکانی بیرۆکەدا پەنهانە. بەڵگە هێنانەوەش لەسەر ئەم یەکبوونە و لەسەر نمایشکردنی ئەو نەشونمایە وەك هەمووێك و تێگەیشتن لەوەی کە لە یەك سەرچاوە و هەڵدەقوولێن، ئەمە ئەو کارەیە کە فەلسەفەی مێژوو ئەنجامدانەکەی دەخاتە سەرشانی خۆی. بەڵام هەر دەبێت لێرەدا ئەمە وەلانیین، ئێمە لێرەدا تەنها گرنگی بە یەك لق



دەدەین، ئەویش بیری پوختی ئەم لایەن و هەڵوێستانەیە... هتد، واتە گرنگی بە هۆشیاری فەلسەفی هەر سەردەمێك لە سەردەمەکان دەدەین. بەڵام بەلایەنیکەمەوە هەر دەبێت ئاماژە بەو پەیوەسەتە بدەین کە نێوانی بنەمای فەلسەفە و بنەمای شێوەکانی تری مێژوو پێکەوە وابەستەدەکات.

(ب) فەلسەفە لایەنێکی سەراپای پێکهاتنەکەیە، یان یەك لایەنە لە لایەنەکانی درەوشانەوەی گیان —کە هوشیارییە بە گیان و سەرهەڵدانی باڵای گیانە- ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کوششی بۆ ئەوەیە بگات بە زانینی ئەوەی کە گیان لەسەری ئەبێت. ڕێزی مرۆڤ بەشێوەیەکیگشتی ئەوەیە کە ئەوەی لە سەرەیەتی بیزانێت، و ئەمەش بە رێگایەکی عەقڵی پوخت بزانێت، واتە بەرزببێتەوە بۆ ئەو بیرەی کە لەسەریەتی. دەکرێت لەمەوە بەڵگەکاری بۆ باری فەلسەفە لە نێوان شێوەکانی تری گیاندابکرێت. فەلسەفە لەگەڵ گیانی ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەردەکەوێت، پێکەوە لە یەك شوناسدا دەردەکەون، بەسەر زەمەنی خۆیدا باڵا نواڕنابێت، بەڵکو تەنها بە کرۆکی سەردەمەکەو زەمەنەکەی خۆی هۆشیار دەبێت، یان زانینی هزریانەی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا هەیە، هەروەك چۆن تاکە کەس ناتوانێ زەمەنی خۆی تێپەڕبکات، چونکە کوڕی زەمەنەکەی خۆیەتی و کرۆکی ئەم سەردەمەش ماهیەتی ئەو تاکەیە کە لە وێنەیەکی بەشەکی تایبەت گوزارشت لەو سەردەمە دەکات، لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نییە لە کرۆکی سەردەمەکەی خۆی هەڵێت، هەروەك چۆن ناتوانێت لە پێستی خۆی بچێتەدەرەوە -گەو لەمەو بەقووڵیەوە بڕوانین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ فەلسەفەیەك توانای ئەوەی نییە زەمەنی خۆی تێپەڕێنێ[4].

[4] بەراوردێبکە بەم گوتەیەی هیگڵ: ((ئەرکی فەلسەفە لە وێناکردنی ئەوەدا کورت دەبێتەوە کە بوونەوەرە، چونکە ئەوەی بوونەوەرە هیچ نییە جگە لە عەقڵ خۆی، ئەگەر هاتوو ئێمە لە دیدی تاکەکەسەوە سەیری ئەمەمان کرد، ئەوا دەبینین قسەکانمان منداڵی سەردەمەکەی خۆیانن و پەرەوەردەکراوی زەمەنی خۆیانن. بەهەمان شێوەش دەتوانین لە بارەی فەلسەفە بڵێین کە سەردەمەکەی لە بیردا پوختکراوەتەوە، هەروەك چۆن گێلییە وابزانین دەکرێت تاکەکەس زەمەنەکەی خۆی تێپەڕێنێ، هەروەها گێلییە گەروا بزانین فەلسەفە دەتوانێت زەمەنە پوختەکەی خۆی تێپەڕێنێ، یان تاکەکەس دەتوانێت زەمەنی خۆی ببەزێنێ...)) اصول فلسفة الحق ترجمة د.امام عبدالفتاح —المجلد الاول من المكتبة الهيجلية (المؤلفات) ص ١١٦ —الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم).

(ت) لە لایەکی ترەوە –فەلسەفە لە سەرووی زەمەنی خۆی رادەوەستێ، واتە وای لێدەکات کە ببێتە بابەتێك، کە لە بەرامبەر خودیدا راوەستێ، راستە کە ناوەڕۆکەکەی هەر هەمان ناوەڕۆکی سەردەمەکەیەتی، بەڵام فەلسەفە بەوەی کە زانینە بەم ناوەڕۆکە، ئەوا دەبێت لە دوورا سەیری بکرێت، واتە لە سەرووییەوە راوەستێ، بەڵام ئەمە تەنها لە لایەنە رواڵەتییەکەیەوە وایە، لە راستیدا فەلسەفە خاوەنی هیچ ناوەڕۆکێك نییە ناوەڕۆکی ئەو سەردەمە نەبێت.

هەر ئەم زانینە خۆی واقعی کارەکی گیانە، ئەوە من خۆمم تا ئەو ئاستەی کە ئەوەی دەیزانم ئەوەیەکە، من کێم، گیان ئەوەیە کە خۆی دەناسێ. دواجاریش جیاوازی وێنە یان شێوە هەر خۆی جیاوازییەکی راستەقینە و واقعی و کارەکییە. کەواتە ئەمە هەر ئەو زانینەیە کە لە پەرەسەندنی گیاندا بەشێوەیەکی‌نوێ خۆی دەپۆشێت. لەم بوارەشدا پەرەسەندنەکانی بە تەنها رێگایەکن بۆ زانین، گیان بەم زانینە خودییە خۆی لەوە جیادەکاتەوە کە بەشێوەیەکی‌کارەکیانە لە سەریەتی، بەم رێگایەش پێکهاتنێکی نوێ بۆ گیان سەر دەردێنێ و شێوە نوێکەی دەردەکەوێت. ئاوەها فەلسەفە لە خۆیدا دەبێتە تایبەتمەندکردنێکی دوورتر بۆ گیان وسیمایەکی نوێ بۆ گیان. ئەوە شوێنی لە دایکبوونێکی ناوەکییە، ئەو گیانە تێیدا لە دایکدەبێت، کە دواتر وەك واقیعێکی کارەکی دەردەکەوێت. لە مەشەوە مۆرکە بەرچاوەکەی لە خودی مێژووی فەلسەفەدا دەدرەوشێتەوە. لەسەر ئەم بناغەیە دوایی دەبینین ئەوەی کە فەلسەفەی یۆنانی لەسەری بووە، هاتووە بۆ ناو جیهانی مەسیحی و تیایدا وەدی هاتووە.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە، کە فەلسەفە لە سەرەتادا بیرکردنەوەیە لەوەی کە لەسەر دەمەکەیدا کرۆکییە و ئاسان نییە، واتە ئاسان ناتوانێ بیر لە کەرەستە کرۆکییەکەی زەمەنی خۆی بکاتەوە. فەلسەفە سەردەمەکەی خۆی تێناپەڕێنێ، بەڵکو تەنها ناوەڕۆکی خۆی لە بیردا دەردەخات.

بەڵام خاڵی سێهەم کە پێویستە لەم حاڵەتەدا تێبینی بکەین، ئەوەیە کە وابەستەیە بە پەیوەندی فەلسەفە و مێژووەوە، ئەمەش تایبەتە بەو وادەیەوە کە بە بەراوردکردنی فەلسەفە لەگەڵ شێوەکارییەکانی تری گیان لەم سەردەمەدا، فەلسەفە تیایدا دەردەکەوێت، فەلسەفە لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت، و لەگەڵ شێوە کارییەکانی تری گیاندا هاوسەردەم نییە.



گیانی سەردەمێك لە سەردەمەکان ژیانێکی کرۆکییە بۆ ئەو سەردەمە. ئەم ژیانەش گیانێکی کارەکی ئازادی راستەوخۆیە، ئێمە گیانی یونانیمان لەو ساتە وەختەدا بۆ روونده‌بێتەوە کە ژیانی یۆنانی گەشەکردوو لاو و بەرچاو و بە هێزە، هێشتا خراپی و وێرانکاری رووی تێنەکردووە، یان گیانی رۆمانی لە سەردەمی کۆماریدا دەبینین... و بەم شێوەیە. بەمەش گیانی سەردەم ئەو رێگایەیە کە گیانێکی جۆریی تایبەت تیایدا دەدرەوشێتەوە و وەك ژیانێکی کارەکی ئامادە دەبێت. کاتێك کە فەلسەفە بیری ئەم گیانەیە، هەرچەندە بیر بەوە پەسەند بکرێت کە پێشییە Apriori لە بنچینەدا هەر دەرئەنجام و دەستهاوردەی گیانە، لەبەر ئەوەی گیان ژیانە و ئەو چالاکییەیە کە خۆی بەرهەم دەهێنێ. رێرەوەکەشی بەوەی کە ئەنجامە، بەرهەمی خۆیەتی یان دەستهاوردەیەتی، واتە وەك دەرئەنجامێك دەردەکەوێت. ئەم چالاکییەش سەلبێك وەك توخمێکی بنچینەیی و کارایەکی کرۆکی لەخۆدەگرێت. گەر شتێك هەر بیەوێت بەرهەم بێت، ئەوا هەر دەبێت لە شتێکی تر بەرهەم بێت، ئەم شتەی تریش لەم بارەدا هەر دەبێت سەلب بکرێتەوە، -بەشێوەیەکی وردتر- ئەوەیەکە لێیەوە دەڕوات. بەم شێوەیە بیر دەبێتە سەلبێك بۆ باری سروشتی ژیان، -بۆ نموونە- منالێ وەك بوونێکی مرۆیە دێتە ئاراوە، بەڵام بەشێوەیەکی راستەوخۆ هێشتا لە بارێکی سروشتیدایە، دوای پەروەردەکرن دێت بۆ ئەوەی ببێتە سەلبێك بۆ ئەم بارە سروشتییە، ئەمە رژێمێکە گیان بە سەربەخۆیدا دەیسەپێنێ، بەڵام بەسەر راستەوخۆییەکەیدا بەرزدەبێتەوە. بە هەمان شێوەش گیانی بیرکەرەوە –لە سەرەتای بزاوتنیەوە- لە بچمێکی سروشتیدایە، بەڵام کاتێك دەبێت بە بیرکەرەوەیەکی تێڕامێنەر سەردەکەوێتە سەر ئەو شێوە سروشتییە، واتە سەلبی دەکات یان رەتی دەکاتەوە، لە کۆتایشدا کە بە تێنگەیشتنێکی سەراپاگیر لە خۆی تێدەگات دێتەدی.

کاتێك بیر دەچێتە ناوەوە و دەبێت بە واقعێکی کارەکی، ئەو کات لەسەر ئەم بناغەیە، لەو سەردەمەدا رەتکردنەوەی ئەو جیهانەی کە هەیە و ئەو گیانەش کە لە ئاکارەکان و لە هێزی ژیاندایە، دروستدەبێت. بیر، ئەوە حاڵەتێکی کرۆکیانەی گیانە لە بوونێکی کارەکیدا هێرش دەباتە سەر ئاکارە ساویلکەکان و ئاینە سادە و ساکارەکان و لاوازیان دەکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو دەشیانهێنێتە لەرزە. بەمەش رێگە بە زەمەنێك لە بەدی دەدات. لەمەشەوە هەنگاوی دواتر ئەوەیە، کە بیر بە دەوری خۆیدا چەق ببەستێ و ببێتە بەرچاو، لێرەشەوە بۆ خۆی جیهانێکی نموونەیی بەرهەمبهێنێ و لەبەرامبەر جیهانە واقیعیەکەدا رایبگرێ بۆ ئەوەی

فەلسەفە لە لای گەلێك دەركەوێت و سەر هەڵبدات هەر دەبێت یەكەمجار لێرەدا شەقبوونێك یان دابڕانێك لەگەڵ جیهانی واقیعدا هەبێت، لەم خاڵەوە فەلسەفە دەبێت چاكسازی ئەو بەدی و خراپییەی كە لە ڕێگەی بیرەوە كەوتووەتەوە، بكات. ئەم ئاشبوونەوەیە كاتێك لە جیهانی نموونەیی، واتە جیهانی گیاندا ڕوودەدات كە چیتر خەڵكی جیهانی زەمینی ڕازی نابن و بەرە و ئەم جیهانە هەڵبێن، فەلسەفەش لەم كاتەدا دەستدەكات بە وێرانكردن و ڕۆخاندنی جیهانی واقعی. كاتێك كە دەردەكەوێت پەتیەتیاكانی خۆی بڵاودەكاتەوە ((و گەڤاڵە خۆڵەمیشییەكەی وێنەدەكات بەوەی كە ڕوانگەیەكی خۆڵەمێشی دەخاتە سەر ڕەنگێكی خۆڵەمێشی تر)) لەم كاتەدا بەشێوەیەكیڕاستەقینە ڕەونەقی ڕەنگی گەنجی و ژیان بەسەر دەچێت[5].

لەم بارەدا ئەوەی كە فەلسەفە لەگەڵ خۆی ڕایدەكێشێ ئەو ئاشتبوونەوەیە، بەڵام ئاشتبوونەوە لە جیهانی عەقڵیدا نەبێت نابێت. ئەم ئاشتبوونەوەیە لە جیهانی زەمەنیدا نییە، ئاوەها ئێمە دەبینین یۆنانییەكان كە دەستیان بە بیركردنەوە كرد، لە ژیانی سیاسی كشانەوە، ئەوان ئەوكات دەستیان بە بیركردنەوە كرد. كە لە جیهانی دەرەكیدا —لە كاتی شەڕی بلبوینز- هەموو شتێ بە قووڕسی بەباچوو، لەم كاتەدا فەیلەسووفەكان لە جیهانی گیانی خۆیان پاشەكشێیان كردوو و —وەكو ئەوەی كە خەڵك ناویان دەبات- پەكیان كەوت و لە كەڵككەوتن، ئەمە لە لای هەموو

[5] بەراوردكە لەگەڵ گوتەی هیگڵ ((وادەردەكەوێت درەنگ گەیشتنی ... فەلسەفە بەوەی (بیرۆكەی) جیهانە دەرناكەوێت لەو كاتە نەبێت كە واقعی ڕاستەقینە وادەكات و كۆتایی بە پڕۆسەی پەرەسەندنەكەی دەهێنێت. ئەو وانەیەش كە بیرۆكەی سەراپاگیر فێرمان دەكات، بە هەمان شێوە وانەیەكە وامێژوو ئاشكرا دەكات كە زەروورەیەو تەنها نابەسترێتەوە —ئەویش ئەوەیە (كاتێك جیهانی واقیعی كارەكی ئاشكرا دەبێت، تەنها بنەمای ئایدیالی باڵا دەست بە دەركەوتن دەكات، تابەربەرەكانی جیهانی واقیع بكات و لەوێنەیەكشدا مەملەكەتێكی عەقڵی بونیاد بنێ، ئەم جیهانە واقیعە خۆی لە بوونی كرۆكی خۆیدا پەی پێبراوە، كاتێك كە فەلسەفە وێنە خۆڵەمێشەكەی دەكێشێت، ئەوا ڕەنگێكی خۆڵەمێشی لەسەر ڕەنگێكی تری خۆڵەمێشی دادەنێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە وێنەك لە وێنەكانی ژیان پتر بوو (یان شێوەیەك لە شێوەكانی ژیان كۆن بوو). بەڵام ئەوەی كە فەلسەفە ڕەنگی خۆڵەمێشی لەسەر ڕەنگی خۆڵەمێشی دادەنێت ناتوانێت لاویەتی ژیان تازە بكاتەوە، بەڵكو تەنها لێی تێدەگات. كوننەپەپووی فیرڤا دەست بە فڕین ناكات ئەو كات نەبێت كە شەو باڵەكانی خۆی رادەخات.

هیجل: اصول فلسفة الحقة، (من التصدیر) المجلد الاول من مكتبة الهجلیة (المؤلفات) ترجمة د.امام عبدالفتاح امام —الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة ص ١١٩-١٢٠



گەلەكان هەر هەمان حاڵەتە، فەلسەفە دەرناكەوێت، تائەو كاتەی كە ژیانی ئاسایی و گشتی چیتر جێی هیواو باوەڕنابێت، ئەو كاتەی كە ژیان لە ورووژاندنی خەمەكانی خەڵك دەستهەڵدەگرێت، ئەو كاتەی كە هیچ هاوڵاتییەك هەڵناسێ بە بەشداریكردن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەو كاتە فەلسەفە دەردەكەوێت و سەرهەڵدەدات.

ئەمە خاڵێكی كرۆكییە و دواتر مێژووی فەلسەفە خۆی بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، فەلسەفەی ئەیۆنی لەگەڵ داڕمانی دەوڵەت لە ئەیۆنیادا و ئەو كاتەی كە چیتر گیان بە جیهانی دەرەكی ڕازی نابێت، سەرهەڵدەدات. بە هەمان شێوەش ڕۆمانەكان لەگەڵ كەوتنی كۆمارەكەیان دەستیان بە فەلسەفە كاریكرد، ئەمەش ئەو كاتەبوو كە دیماگۆجییەكان Demagogues [6]دەستیان بەسەر دەسەڵاتداگرت و دەست و هەمووشتێك لە هەڵوەشاندنەوە و كۆت و بەند و ململانێ لەپێناوی شتێكی نوێدا لەناوچوو، ئەزموونی فەلسەفە یۆنانییە كۆنەكان لە پەرسەندنی بەرز و باڵایاندا دەستپێناكات و لە ڕێگەی ((ئەفلاتوونییەتی نوێوە)) یا قوتابخانەی ئەسكەندەرییەوە ناگاتە ترۆپكی خۆی، بەڵكو لەگەڵ لێژبوونەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا دەگاتە ئەم ئاستە نەبێت —گەرچی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەناو خۆیا مردبوو لەگەڵ ئەمەشدا- ئیمپراتۆریەتێك بوو گەیشتبووە گەورەیی پرشنگداری خۆی.

دوای ئەوەی ژیانی ئایینی و ئاكاری و سیاسی هاتە لەرزین، دوای ئەوەی لە سەدەكانی ناوەڕاستدا ژیانی ئەڵمانی شێوەیەكی نوێی وەرگرت، كاتێك كە چیتر گیانی گەل تێریی خۆی لەوەدا نەبینییەوە كە پێشتر تیایدا دەبینین. لە ماوەیەكی بەرزتر لەم ماوەیە، سیاسەت هێشتا لەگەڵ ئاییندا یەككگرتوو بوو، كەنیسە سەرەڕای دژایەتی كردنیشی لە لایەن دەوڵەتەوە هەر دەسەڵاتدار و زاڵبوو، بەڵام ئێمە سەر لە نوێ لە سەدەی پانزە و شانزەدا و هەر لەو ساتەدا دەگەینە ئەوەی كە گەل دەست بە فەلسەفەكاری بكات، گەرچی ئەمە لە سەرەتادا لە شێوەی فێربوونی فەلسەفەی یۆنانی و ژیاندنەوەی بوو، بەڵام لە كاتێكی درەنگتردا فەلسەفە دەستیكرد بەوەرگرتنی وێنەیەكی بیركردنەوەیی سەربەخۆ.

[6] دهماء: زارەوەیەكی بەبنچینە یۆنانییە و واتا حەرفییەكی سەركردەی گەل یان سەركردەی جەماوەر دەگەیەنێ و مەبەستی لێی فەرانڕەوایی جەماوەرە یا فەرمانڕەوایی موشەربهە ئەمەش لە سەردەمی داڕمان و فەوزاو هەڵوەشاندنەوە. (المترجم).

## دووەم: ڕەچاوکردنە زیاتر درێژکراوەکان لە بارەی پەیوەندی نێوان فەلسەفەو پێکهاتەکان یا درەوشانەوەکانی تری گیان

خاڵی دووەم وابەستەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی تۆکمە تر و وردتر بۆ ئەو پەیوەستەی کە فەلسەفە و پێکهاتەکانی تری گیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئێمە لێرەدا دەگەین بە زانستەکان و هونەرەکان و میتۆلۆجیا و ئایین و سیاسەت .... هتد. پێشتر پەیوەندی ئەمانەمان بە فەلسەفەوە باسکرد، بەڵام لێرەدا نیازم وایە کە لە جیاوازی نێوان فەلسەفەو ئەم پێکهاتانانە بکۆڵمەوە، چونکە من نیازم وایە کە وێناکردنێك بۆ فەلسەفە دەستنیشان بکەم و پێداگرم لەسەر ئەو سیمایانەی کە بە گوێرەی ئێمە گرنگن و لەگەڵ پراکتیزەکردنیان لەسەر بابەتەکەمان، کە ئەویش مێژووی فەلسەفەیە، تاوەکو بتوانین ئەوەی کە ناکەوێتە ناو سنووری ئەم مێژووە وە لاینێین و دووری بخەینەوە. زۆر ئاسانە بڵێین، لە مێژووی فەلسەفەدا ئەوەی لە ئەستۆمانە لێیبکۆڵینەوە تەنها بەرەوپێشچوونی تایبەت بە فەلسەفەیەو هەموو شتێکی تری وەك ئایین و ..... هتد دەتوانین بخەینیەلاوە، ئەمە بەشێوەیەکیگشتی بە تەواوەتی ڕەوایە. بەڵام من ئەم پرسیارە پێشنیار دەکەم: فەلسەفە چییە؟ من شتانێکی زۆرم خستووتە ناو ئەمەوە، لەسەرمە کە لە سنوورەکەی دووریانخەمەوە، بەڵام گەر تەنها خۆم بە ناوەکەیەوە بەستەوە، دەبێت کاری جۆرا و جۆری وابخزێنمە ناوی کە هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتی ڕاستەقینەی فەلسەفە یان بە بیرۆکە سەراپاگیرەکەوە نییە. لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانین بەشێوەیەکیگشتی بڵێین پێویستە لەسەرمان کە ئایین بخینەلا. بەڵام زۆرجار لە ڕێگەی مێژووەوە، ئایین و فەلسەفە دەبنە هاوبەشی یەکتریان دەبنە نەیاری یەکتر، ئەمە لە سەردەمی یۆنان و زەمانی ڕۆمانەکاندا هەرهەمان شتە، لە مێژووی فەلسەفەشدا سیمایەکی گرنگ هەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، تەنها خۆ هەڵکێشان و لافلێدانە گەر بوترێت فەلسەفە ئایینی فەرامۆشکردووە، لە ڕاستیدا فەلسەفە تەنها لە ڕواڵەتدا ئایینی فەرامۆشکردووە، لە مێژوودا هەرگیز شتێکی واڕووینەداوە کە یەکێکیان واز لەوەی تربهێنێ، ئێمە بەو ڕۆڵەی کە هەمانە نابێت بەم شێوەیە دەستبەردار ببین.



ئەوەی کە دەمەوێت لەم چوارچێوەدا لێبکۆڵمەوە، زانستەکان یارۆشنبیری زانستیتە، بەشێوە گشتییەکەی، بابەتی دووەمیش ئایینە، سەرەڕای ئەو پەیوەندییە وردەی کە فەلسەفە و ئایین پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر دەبێت بەشێوەیەکیئاشکراو ڕاستەوخۆ و پاك لەم پەیوەندییە رامێنین، نابێت وانیشاندەین کە ئارەزووی ئەوە ناکەین ئایین وەرگرین، یان ئارەزوویەکی وانیشانبدەین کە نابێت دەست لە ئایین وەردەین، لەوانەیە ئەمە ئاماژە بە ئاوزوێك بدات کە ڕاستی خۆی دەشارێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە فەلسەفە دژی ئایینییە، یان کودەتای بەسەرداکردووە. ئایین –لە لای زانایانی خواشوناسی- وەك بێئاگایی لە فەلسەفە نیشانیدەدرێت، بەڵام ئەمە تەنها لەبەر ئەوەیە کە لەو بەسەر خۆداشکانەوەیە دوورکەونەوە کە وابەستەیە بە بەڵگە هەرەمەکییەکانیانەوە.

کاری دووەم کە دەبێت لێیبکۆڵینەوە، جیاکردنەوەی فەلسەفەیە لەو بوارانەی کە پێوەی لکاوە. بەشێوەیەکیتایبەت مەبەستمان لەمە ئەوەیە ئەو جیازازییانەی کە لە نێوان فەلسەفە و ئەو لقانەی کە لەو لێکۆڵینەوەدا هەن و بە وابەستە بوونێکی توند پێیەوە وابەستەن دەستنیشان بکەین، کە دواجار دەشێت تێکەڵی لە نێوان ئەوان و فەلسەفەدا ڕوودات، بەشێوەیەکیدیاریکراو دەشێت کاتێك ئێمە خۆمان بە مێژووی فەلسەفەوە خەریکدەین، ئەم پەیوەندییە توشی سەرلێشێوانمان بکات، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە تاسەر ئێسقان پتەو و تۆکمەیە، هەر دەبێت گرنگییەکی گەورە ئاراستە بکرێت تائەوەی کە مەبەستمانە (واتە فەلسەفە) دەستنیشان بکەین. دەکرێت ئێمە بەشێوەیەکیگشتی خۆمان بە ڕۆشنبیری زانستەوە سەرقاڵ بکەین و بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش خۆمان بە دەستکەوتەکانی ڕۆشنبیرییەوە خەریککەین، چونکە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەو و فەلسەفەدا هەیە، واتە وێنەی بیری هەمەکی، لە کاتێکدا ئایین بە شێوە تایبەتەکەی و هەروەها میتۆلۆجیا، لە پەیوەستییەکی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ فەلسەفەدا، وتراوە کە ئەفسانە میللییەکان کێشەی فەلسەفی دەگرنە خۆیان. هەر لەبەر ئەمەش سەر بە فەلسەفەن. سەرەڕای ئەمەش لەناو ئایینەکاندا بیرمان هەیە، لە زانستدا ئەمانە کۆمەڵە بیرکن کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون وەك بیر گوزارشتیان لێکراوە، لە کۆتایشدا لە مەسیحییەتدا بیری تیۆری بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوتووە. ئەگەر هاتو ویستمان خۆمان بەم هەموو تەرزی بیرکردنەوەیەوە خەریك بکەین، ئەوا سنوورێك بۆ ئەو کەرەستە پێشنیارکراوەی بەردەممان نامێنێتەوە، گەر ئێمە ئەم هەموو شتانەشمان وەلانا،

ئەو كات لە رووی مێژووی پوختەوە بەرەو پێشدەچین و تەنها لەسەرناوە رووتەکەی (فەلسەفە) نامێنینەوە. گەر ئێمە وانەکەین ئەوا هەموو ئەم کەرستانە: ئەفسانەکان، فەلسەفەی میللی .... هتد سەر بە فەلسەفە دەبن.

لێرەدا سێ خاڵی سەرەکی هەیە دەشێت سەرقاڵمانکەن بەوەوە کە وابەستەیە بە دابڕان لە نێوان فەلسەفە و ڕێکخراوەکانی تردا:-

خاڵی یەکەم: ئەوەی کە —بە شێوەیەکی گشتی- بە ڕۆشنبیری زانستی دادەنرێت، لەوێوە کە سەرەتاکانی بیرکردنەوەی عەقڵی لە سروشت و گیاندایە، بەڵام ئەم سەرەتایانە چیتر فەلسەفە نین.

خاڵی دووەم: بواری دووەم بواری ئایینییە، بوارێکە بەشێوەیەکیتایبەت لێرەدا جێی گرنگی پێدانی ئێمەیە، چونکە فەلسەفە لە پەیوەندییەکی کرۆکیدایە لە لایەکەوە لەگەڵ مێتۆلۆجیادا و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ ئاییندا —هەرچەند ئەم پەیوەندییە زۆرجار پەیوەندییەکی دوژمنانەیە-

خاڵی سێیەم: بواری سێهەم گرنگی بە بەڵگەکاری فەلسەفی دەدات، بە زۆری و بە گشتی ئەوە دەگرێتەوە کە بە میتافیزیکایان تێگەیشتن ناوی دەبەن.

لە لێکۆڵینەوەمان لەم سێ خاڵە ئەو تایبەتمەندی و سیمایانە ئاشکرا دەکەین کە پەسنی ئەو بیرکردنەوەیە دەدات لە فەلسەفە ناودەبرێت.

## سێهەم: پەیوەندی فەلسەفە بە کەلتووری زانستی بەشێوەیەکی گشتی

خاڵی یەکەم کەلتووری زانستییە بە شێوە گشتییەکەی. ئەوەش کە بەشێوەیەکیتایبەت جێی بایەخدانی ئێمەیە ئەو زانستە ئەزموونیانەن کە لەسەر تێبینی کردن و ئەزموون و بەڵگەکاری دامەزراون. لە ڕاستیدا دەبێت سەرنجی ئەو هۆیە بدەین کە وای کردووە ئەم زانستانە بە زانستی فەلسەفی ناوببرێن، ئەو هۆیەی کە لە نێوان ئەم زانستانە و فەلسەفەدا هەیە، بیرە، ڕاستە ئەم زانستانە لەسەر توخمی تێبینی کردن دامەزراون، بەڵام کاتێکیش هەوڵدەدەین ئەوە بدۆزینەوە کە لە ئەزموونداا هەمەکییە، پشت بە بیرکردنەوە دەبەستین. دواجاریش لە نێوان ئەم زانستانە و



فەلسەفەدا کارایەکی هاوبەشی وێنەیی یان شێوەیی هەیە. بەڵام —لە لایەکی ترەوە- ئایین لەگەڵ فەلسەفەدا لە شتێکی کرۆکیدا هاوبەشن ئەویش، خواو و گیان و ڕەهاییە، بنچینە هاوبەشەکەشی لەگەڵ فەلسەفەدا مەعریفەی ماهیەتی جیهان و مەعریفەی حەقیقەت و مەعریفەی بیرۆکەی ڕەهایە.

بەڵام ئەو کەرەستە هاوبەشەی کە لە نێوان کەلتووری زانستی و فەلسەفەدا هەیە لەم چەند خاڵەدا کۆدەبێتەوە:

(أ) ئەو بنەمایانەی کە بەکردارەوە Action پەیوەستن وەك ڕاسپاردەکان و ئەرکەکان.

(ب) مەعریفەی یاساکانی سروشت و تواناکانی و جۆرەکانی و هۆکاری شتەکان.

بەم شێوەیە دەبینین فەلسەفە هەموو ئەوانە لە خۆی دەگرێت کە لە سروشتدا گوزارشت لە تواناکان و هۆکارەکان دەکەن، هەروەها ئەوەش لە خۆی دەگرێت کە کرۆکییە و جولێنەرە و لە جیهانی گیانی و ئاکاری و کۆمەڵایەتیدا کاریگەری دروستدەکات. هۆکاری هاوبەشی نێوان ئەم بابەتانە و فەلسەفە، بیرە. ناوی ((فەلسەفە)) بەسەر هەموو شتێکدا بڕاوە کە لەو جۆرە بابەتانەدا بیرێکی هەڵگرتبێ.

لە سەردەمە نوێکاندا لەگەڵ دەست پێکردنماندا دەگەین بە کۆمەڵە خاڵێك کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی دیاردە سروشتییەکان داوە. ئەمەش —بەشێوەیەکیتایبەت- لەو ماوەیەدا روویداوە کە بەدوای فەلسەفەی ئیسکولائیدا (یان مەدرەسی)دا هاتوو، خەڵکی لەم ماوەیەدا دەست لە بەڵگەکاری پێشینەیی ئایینی و میتافیزیکای دیاردە سروشتییەکان دەهێنن و دەستدەکەن بە گەڕانەوە بۆ خودی سروشت خۆی و هەروەها بۆ تێبینی کردنی ئەم دیاردانە و هەوڵدان بۆ زانینی یاساکان و تواناکانیان. بە هەمان ڕێگاش لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلە ئاکارییەکان و یاسای دەستووری و ..... هتد بەڕێوە چووە. ئەمانە هەموو ناوبراون بە ((فەلسەفە))، بۆ نموونە خەڵکی لەبارەی ((فەلسەفەی نیوتن))ەوە دەدوێن، لە کاتێکدا کە نیوتن خۆی بە پلەی یەکەم بایەخی تەنها بە دیاردە سروشتییەکان داوە، بەشێوەیەکیگشتی ئێستا ئەوە بووە بەشتێکی ئاسایی کە بنەما گشتییەکان لە ئەزموونەوە: ئەزموونی سروشتی و

یاساو ئایینی و دەوڵەت ..... هتد سەرچاوە پێبگرین و بە ڕێگایەکی وێنەیی پوخت و بە کۆمەڵە گۆکراوێکی گوزارشت لەم بنەمایانەش بکەین[7].

وتراوە فەلسەفە لە هۆکارە گشتییەکان و بنچینەی کۆتایی شتەکان دەکۆڵێتەوە. لێرەدا لە زانستەکاندا قسەکردن لە بارەی هۆکارە گشتییەکان و لە بارەی بینچینە کرۆکییەکان و بنەماکانەوە هەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە قسەکردنێکی هاوبەش لە نێوان ئەم زانستانە و فەلسەفەدا هەیە، قسەکردن هەیە لە بارەی هەمەکییەتەوە، بەشێوەیەکی وردتر قسەکردن لەبارەی ئەوەوە هەیە کە ئەم بنەماو بنچینانە لە ئەزموون و هەستی ناوەکی ئێمەوە ڕۆنراون. بەو ڕێژەیەش کە وادیارە ئەم ڕۆنانەی دوایی لەگەڵ بنەمای فەلسەفەدا دژدێتەوە، ئەوا لەگەڵ ئەمەشدا هەموو فەلسەفەیەك بەڕادەی ئەوەی کە من لە ڕێگەی هەستەوەرەکان و هەستە ناوەکییەکانی خۆمەوە دەستی دەخەم، پێکدێت. واتە لە ڕێگەی ئەزموونی منەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش کە من بە گوێرەی خۆم بە دروستی دەزانم. ئەم شێوەیەش لە شێوەکانی خۆنواندن، هەر تەنها لە دژی ئاییندا دەرناکەوێت، بەڵکو بە هەمان شێوە پەیوەندی سەلبی لەگەڵ فەلسەفەکانی تریشدا دروستکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ناونراوە ((فەلسەفە)) چونکە لەگەڵ هەموو شتێکی دانراو و دەستکرد یا دەسەڵاتخوازدا دژدێتەوە. هیچ شتێکی تر جگە لەوەی کە ئێستا بە فەلسەفەی سروشتی ناوی دەبەن، لە ناو فەلسەفەی نیوتندا نییە. ئەمەش زانستێکە لەسەر بنچینەی ئەزموونی کارەگەیی و پەیبردنی هەستەکی دامەزراوە، هەروەها ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە لە بارەی یاساکانی سروشت و تواناکانی و تایبەتمەندییە گشتییەکانی هەیە.

ئەو ماوە مێژووییە مەزنە کە بنەمای ئەزموونی تیادەرکەوتووە و کاتێك کە مرۆڤ دەستی بەوەکردووە کە خۆی ببینێتەوە و هەستبکات و چێژبکات، ئەو کاتەیە کە مرۆڤ تیایدا

[7] بەراودێبکە لەگەڵ ئەوەی کە هیگڵ دەڵێت: ((ئەو زانستانەی کە بە ناوی فەلسەفەوە ناونراون ئێستا ئێمە بە زانستە ئەزموونییەکان ناویان دەبەین، چونکە ئەزموونیان کردووەتە خاڵی دەستپێکردن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ئەنجامانەی کە ئەم زانستانە بە ڕاست دیانگێڕن ئەمانەن: یاساکان، مەسەلە گشتییەکان و تیۆر، واتە ئەو بیرانەی کە پەیوەستن بەوەوە ئێمە بەوەی دەزانین هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە نیوتن Newton زانستی سروشتی بە فەلسەفەی سروشتی ... هتد ناودەبات: هیجل ((موسوعة العلوم الفلسفية)) فقرة رقم ٧ ترجمة د. امام عبدالفتاح- المجلد الثانى من المكتبة (المؤلفات) الناشر مكتبة مدبولى. (المترجم)



دەستبەگوتنی ئەوە دەکات: کە سروشت شایستەی لێکۆڵینەوەیە، شایەتی هەستەکانیش شتێکی بایەخدارو دڵێناکەرە و نابێت چیتر هیچ شتێك بە دروست دانێین تەنها ئەوە نەبێت کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە دەیناسین[8]. ئەم بڕاواکردنە ڕاستەوخۆو دڵنیاکەرەوەیەتی، کە لەم هەستەوەرانە ڕۆنراوە، ئەو بنەڕەتەیەکە ئەم ((فەلسەفە)) بانگهێشتکراوە لەسەری چربووەتەوە. —بەشێوەیەکیزۆر ڕوون- زانستە سروشتییەکانی لەشایەتی ئەم هەستەوەرانەوە سەریان هەڵداوە، ئەم شایەتیدانەی لەش ئەوەیە کە لە لێکۆڵینەوەی سروشتدا دژی ڕێگاکەی پێشووی بووتەوە لە ڕابردوودا سەرەتا لە بنەما میتافیزیکییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. ئێستا سەرەتا وای لێهاتووە لە پەیبردنی هەستەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەمەش لەگەڵ ئایین و دەوڵەتدا تووشی پێکدادان دەبێت، بەڵام بە تەنها شایەتی هەستەوەرەکان لەگەڵ میتافیزیکای تێگەیشتندا لێکدژنەبووەتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، شایەتییەکی تر هەیە کە بەهاکەی زۆر بەرزبووەتەوە. ئەمەش گوتنی ئەوەیە کە حەقیقەت تاکانەیەو دەکرێت ئەمەش بە شایەتی دڵ و ئەوە دابنرێت کە لە تێگەیشتندا هەیە، بینا لەسەر ئەم تێگەیشتنە و هەستی کەسی، خەڵکی وایان لێدێت کە زیاتر دژی ئەو توخمە ئیجابییە ببنەوە کە لە ئایین و بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتی ئەو سەردەمەدا هەیە، مرۆڤ فێری ئەوە بووە، کە بۆ خۆی تێبینی بکات و بیر لە خۆی بکاتەوە و بیرە تایبەتەکانی خۆیشی لە دژی ڕاستییە دامەزراوەکان شێوەگیر بکات و لە دژایەتی بیر و باوەڕی کەنیسە، هەروەها یاسای گشتی باودابێت و یان بە لایەنی کەمەوە لە گەڕاندابێت بە دوای بنەمای نوێدا بۆ ئەم یاسا کۆنە تا لە ژێر ڕووناکی ئەم بنەمایانەدا چاکسازی تیابکات، -بەشێوەیەکی دیاریکراو- لەم گۆشەیەوەیەکە ئایین تیایدا ئیجابییە و ئەو بنەمایانەشی کە پەیوەندیان بە گوێرایەڵی ڕەعیەتەوە هەیە بۆ دەسەڵاتی میرەکان، دەبنە بنەمای شەرعیەت پێدراو.

[8] بەراوردیکە بەوەی کە هیگڵ دەڵێت: ((لە ڕێبازی ئەزموونگەریدا ئەو بنەما مەزنە هەیە کە دەڵێت هەموو ئەوەی کە بە ڕاست و هەق پەسەنددەکرێت، هەر دەبێت لە جیهانی واقیعی ڕاستەقینەدا هەبێت و هەردەبێت لە بەردەم هەستەکاندا ئامادەبێت، ئەمە بنەمایەکە هەڵوەشێنەرەوەی ئەوەیە کە پێویستە ببێت .... هتد)) هیجل ((موسوعة العلوم الفلسفية)) فقرة رقم ٣٨ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام —المجلد الثانى من المكتبة هيجلبة و المؤلفات)) الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم)

ئەم بنەمایانەش شەرعیەتی خۆیان لە دەسەڵاتی خواییەوە وەرگرتووە، زۆرجاریش وتراوە خوا فرمانی پێداون. بناغەی ئەم بنەمایانە لە شەریعەتی جولەکەدا ئەوەیە کە بۆ ئەوە چوون خوا پاشاکانی بە روون هەڵسویوە[9]. (شەریعەتی موسەوی لە رووی پەیوەندی خۆیەوە بە ژنهێنان مەشروعیەتێکی تایبەتی هەبووە). عەقڵی تاکە کەسی و زیرەکی کەسی مرۆڤ و ئازادی بیرکردنەوە لای تاك —لە دژی هەموو ئەم فرمانە ئیجابییانە و لە رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەوەی کە دەسەڵات چووبوویە ناوی- راپەڕی. لە ناو ئەو بیرمەندە یاخیانەشدا هەردەبێت باس لە هوگۆ جروتیۆس Hugo Grotius بکەین، کە بنەمای هەق بۆ گەلی Gentium لەسەر بناغەی یەکڕای میللەتان Conseusus Gentium (یان هەڵوێستی خەڵکی بە درێژایی مێژوو) دارشتن. ئەمەش یاسایەك بوو واسەیردەکرا کە بۆ هەموو خەڵکی شیاوە. بەمەش ئامانجی دەوڵەت وایلێهات کە زیاتر پشت بە ئامانجی تاك ببەستێ، پشت بەوە ببەستێ کە لە مرۆڤدا ناوەکییە، ئا ئەوەی پشت بە فرمانە خواییەکان ببەستێ. لەسەر ئەم بناغەیەش شەرعیەتی یاسا لەوەوە گەردانکرا کە دەکرێت لەسەر بناغەی دانپیانانی مرۆیی سەیربکرێت (واتە بناغەکەی لە لای خەڵکی قبوڵ بێت)، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر هەموو شتێك دەسەڵاتێکی مرۆڤکرد ئاراستەی کردووە. بە ئاڵوگۆڕکردنی ئەم بناغەیەش بەو شێوە، لە بری دەسەڵات ناوی ((فەلسەفەکاری)) لێنرا. هەر لەم سەرتاگەیەوە بوو خودی فەلسەفەشیان بە ناوی ((حیکمەتی دنیایی))[10] ناودەبرد، زۆرچاریش بابەتی ئەم فەلسەفەکارییە جیهان بووە، یان سروشتی دەرەکی و مافی سروشتی مرۆیی بووە و بڕیارەکانی خۆیشی لە بارەی ئەو بابەتانەوە لە رێگای مومارەسەکردنی تێگەیشتنی مرۆیی و تێگەیشتنی دنیایی و عەقڵی دنیاییەوە بووە، هەر لەبەر ئەمەشە کە هەقی خۆمانە ناوی حیکمەتی دنیا یان حیکمەتی دنیایی لێ بنێن. راستە فەلسەفە خۆی لەناو ئەو شتانەی زەینی ئێمەدا گیرنادات. بەڵکو چالاکییەکانی خۆی بەناو هەموو شتەکانی دنیای

[9] هەڵسوین بەزەیت پەیوەندییەکی رەمزی بووە بە دانانی پاشا پێش چوونە سەر عەرشەکەی. (المترجم)

[10] لەسەر بەرگی ئەو نامیلکەیەی کە هیگڵ لە ساڵی ١٨٠١ لە ڤییەننا بڵاوی کردەوە، بە ناوی (جیاوازی نێوان هەر دوو فەلسەفەی فشتە و شلنبج) هیگڵ لێرەدا وەك ((پزیشکی حیکمەتی دنیایی)) باسی خۆی دەکات، بڕوانە ((هیجل .... سەردەمەکەی، تالیف د. امام عبدالفتاح امام —الناشر مکتبة مدبولی بالقاهرة (المترجم).



دەرەکیدا دەکاتەوە. دوای ئەمەش خۆی بەشتە زەمینییە کۆتادارەکانەوە سەرقاڵ دەکات، لە رووپەکی تریشەوە خۆی لە کاروبار و دنیاییەکاندا گیرنادات، فەلسەفە هەمان ئامانجی ئایینی هەیە. بەمەش بابەتی دنیایی هەروەك دیاریکردنێکی بیرۆکەی خوایی دەمێنێتەوە. شلیجل Schtegel[11] ویستی چێشتە کۆنەکە گەرمبکاتەوە، ئەویش بەوەی کە ناوی فەلسەفە بە ((حیکمەتی دنیایی)) بهێنێ، بەڵام ئەمەش تەنها وەك ((ناتۆرەیەکی))ی فەلسەفە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەبێت فەلسەفە خۆی لە گفتوگۆی کاروبارە باڵاکانی وەك مەسەلە ئایینییەکان .... هتد لابدات. لەمەشدا مورید و شوێنکەوتەی زۆری هەبوون، لە ئینگلتەرەشدا زانستی سروشتی دەخرایە ژێر ناوی فەلسەفەوە. هەر بەهەمان رێگاشە کە ئێمە گۆڤارێکی خولی (وەك گۆڤاری هرمشتاد Hermostds)[12] دەبینین ناوی گۆڤارێکی خولی ((فەلسەفی)) لێنراوە، کەچی لە کشتوکاڵ (بەپیتکردنی زەوی بە پەین) و ئابووری ناوماڵ و پیشەسازی و کیمیا .... هتد دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەواڵی ئەو دۆزینەوانەشی تیا بڵاو دەبێتەوە، کە لەم بوارانەدا هەن، بە هەمان شێوەش هەواڵی ئامێرەکانی بینایی و بارۆمەتر و تەرمۆمەتر .... هتد بڵاودەکاتەوە، لە ئینگلتەرە بەم ئامێرانە دەوترێت ((ئامێری فەلسەفی))[13] ...، هەر بەهەمان شێوەش لە ئینگلتەرە تیۆرەکان بە ((فەلسەفە)) ناودەبرێت،

[11] فرورش شلیگڵ (١٧٧٢-١٨٢٩): شاعرێکی رۆمانسی ئەڵمانیایە، لە ساڵی (١٨٠٢-١٨٢٩) زمانە رۆژ هەڵاتییەکانی خوێندووە و لە ساڵی (١٨٠٣-١٨٠٤) بووە بە کاسولیکییەکی رۆمانی و لە ساڵی ١٨٠٣ کۆمەڵە قەسیدەیەکی رۆمانسی نوسیووە، لەگەڵ نوسینی رۆمانەکەی لە ساڵی ١٧٩٩ بە ناوی (لوسند Lucinde). هەروەها کتێبێکی بە ناوی (فەلسەفەی مێژوو) لە دوو بەرگدا لە ساڵی ١٨٢٩ نوسیووە .... هتد. ئەو گوێ لە وانەکانی هیگڵ بووە کە لەییەننا بەناوی (فەلسەفەی ترنسندنتالیەت) وتونەیتەوە. (المترجم).

[12] گۆڤارێك بوو لە نێوان ساڵانی (١٨١٦-١٨٢٥) لە بەرلین دەردەچوو، گرنگی بە رێنمایی جووتیارەکانی دەداو هەندێك زانیاری پێدەدان کە سەرچاوەیان لە کۆمەڵە ئەزمونێکی تایبەت وەردەگرت، هەورەك چۆن گرنگیشی بە گرنگترین پێویستە ئابوورییە ناوماڵییەکان دەدا. (المترجم).

[13] ئەو چاپکراوە ناوبەناو بوو کە هیگڵ لە (ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان) باسی دەکات و دەڵێت ((ئەو گۆڤارەی کە تومسۆن Thomson سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد بە ناوی ((ناو بەناوی فەلسەفی)) ناونراو بوو، یان بە گۆڤارێکی کیمیاو کانزاناسی و مێژووی سروشتی و کشتوکاڵ و هونەرەکان ... هتد ناودەبرا. ئێمە دەتوانین لە ناونیشانی بابەتەکانەوە ئەوە هەڵهێنجین کە لێرەدا وشەی فەلسەفە بایەخی

بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە بڕی ئەوەی سەرچاوە لە بیرۆکەی سەراپاگیر و کاتیگۆرییەکانی هەق وەرگرن سەرچاوەیان لە ئەزموون و شارەزایی و هەست و سۆزی دڵی مرۆییەوە گرتووە[14]. هەر لەم رووەشەوە دەبێت لەو فەیلەسووفە ئوسکوتلەندیانەی ئاکاریش بدوێین کە بە هەمان رێگای شیشرون Gicero بیردەکردنەوە و بە پاڵنەر و مەیل و یەقییە راستەوخۆکان دەستپێدەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەوێوە دەستیانپێکردووە کە شیشرون بە(Insitum Natura سروشتی رەسەن) ناوی دەبات. هەر بەهەمان شێوە تیۆرییە ئینگلیزییە (ئوسکوتلەندی)یە نوێکانی ئابووری سیاسی وەك تیۆرەکانی ئادەم سمیس و تیۆری ئەو زانایانەش کە لە ژێر کاریگەری ئەو دابوون —هەر بە((فەلسەفە)) دادەنرێن[15]. بەم رێگایەش ناوی ((فەلسەفە)) —بە تایبەتی لە ئینگلتەرا- رێزێکی زیاتری لێنرا، چونکە ئەوان ناوی فەلسەفەیان لە هەر شتێك دەنا لە بنەما گشتییەکان رۆنرابێت، یان لە ئەزموونی بکرێت بەرەو بنەما تایبەتەکان وەرچەرخێت. ماوەیەك لەمەوپێش ئێوارە خوانێك لە بۆ رێزلێنان لە کانتج Canning[16] سازدرا، لە گوتاری

---

پێدەدات)). تۆماس تومسۆن Thomas Thomson (١٧٧٣-١٨٥٤) کە هیگڵ ئاماژەی پێدەدات- مامۆستای کیمیا بووە لە جلاسجۆ Glasgow، زانایەکی پاساو هێنەر بووە لەو کیمیایەی کە لە قۆناغەی بەرایییەکانی زانستیدا هەبووە، بەڵام ناوبەناو فەلسەفییەکەی کە دەری دەکرد لەساڵی ١٨١٣تا١٨٢٦ بەردەوام بوو. (المترجم).

[14] ئەمە لەگەڵ ئەوەدا بەراوردیکە کە هیگڵ لە ئینسکلۆپیدیاکەیدا دەڵێت: ((هێشتا هەر درێژە بە نزمکردنەوەی ناوی فەلسەفە دەدرا، تاگەیشتە کەمترین نرخ کە دروستکەری ئامێرەکان دایاندەنا: هەموو ئەو ئامێرانەی کە وەك ترۆمەتر (پێوانەی گەرمی) و پارومەتر (پێوانەی پاڵهێنەری کەش) نەدەکەونە ریزی ئامێرە کارەبایی موگناتیسییەکانەوە، بە ئامێری فەلسەفەی ناودەبران. موسوعة علوم الفلسفية فقرة رقم ٧ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، الجلد الثانى من المكتبة الهيجلية (المؤلفات) الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم).

[15] ئادەم سمیس Adam Smith (١٧٢٣-١٧٩٠): فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی و زانایەکی ئابووری ئوسکۆتلەندییە، بە دامەزرێنەری زانستی ئابووری کلاسیك دادەنرێت بانگەوازی بۆ پێداگرتن لە بنەما تاکە کەسییەکان و ئازادی بازرگانی کردووە، وەك باشترین هۆکارێك بۆ وەدیهێنانی زۆرترین رادەی سامان و خۆشبەختی. گرنگترین کتێبەکانی کتێبی (لێکۆڵینەوە لە سروشتی سامانی گەلان و هۆکارەکانی)) ساڵی ١٧٧٦، بە کورتیش بە ناوی (سامانی گەلان) ناوبانگی دەرکردووە. (المترجم).

[16] شەوانە خوانێك بۆ رێزلێنان لە وەزیری دەوڵەت کانبخ (١٧٧٠-١٨٢٧) لە ١٢ فبرایەری ساڵی ١٨٥٢ سازدرا، لودلیفربولی وەزیریش تیایدا ئامادەبوو، کانبخ لە وەڵامی ئەو دەستەبژێرەی کە لەسەر شەرەفی ئەو



سوپاسگوزارییەکەدا (کە گوتارێك بوو بۆ ئەوانەی دەوربەری خۆی) هاتوو، کە پیرۆزبایی لە ئینگلتەرا دەکات لەوەدا کە دەستکراوە بە پراکتیزەکردنی بنەما فەلسەفییەکان لە بەڕێوبەرایەتی وڵاتدا، بەم شێوەیە لە ئینگلتەرا ناوی ((فەلسەفە)) بەلایەنی کەمەوە ((ناتۆرەیەك)) یان نازناوێك نییە لە ((نازناوەکانی ریسواکردن)).

بەڵام لە رووی فەلسەفە و رۆشنبیری زانستی بە شێوەگشتییەکەی، ئێمە لە مرۆدا بە لایەنی کەمەوە لە ئەڵمانیا کەمتر لێیان بێزار و وەڕسین، چونکە زۆر بە کەمی زانستە ئەزموونییەکان بە بەشێکی لە فەلسەفە دادەنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تائێستا شوێنەوار و پاشماوە یان هەرماوە. نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە تائێستاش لە نێوان کۆلیژە زانکۆییەکانی ئەڵمانیادا کۆلیژ هەیە ((بە کۆلیژی فەلسەفە)) ناودەبرێت و کۆمەڵە زانستێکی زۆر دەگرێتەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە فەلسەفەوە نییە، ئەمانە هیچ نین جگە لە کۆمەڵە زانستێك کە بۆ ئامادەکردن و رێگە خۆشکردنی خزمەتگوزاری شارستانی (لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا) دەخوێنران.

ئەگەر هاتو لە سەرەتای ژیارێکدا کە دابڕان لە نێوان فەلسەفە بەمانا وردەکەی و نێوان بیرو جۆرەکانی تری بیرکردنەوەدا هەیە، رێککەوتنی تێکەڵاوی نێوان فەلسەفە و زانست بکەین، یان دەمەوێت بڵێم ئەگەر هاتو لە —ژیانی گەلێك لە گەلەکاندا- کاتی ئەوە هاتبوو بیرکردنەوە تیایدا لەسەر ئەو بابەتانە دامەزرێت کە کۆمەڵە بایەخێکی گشتییان هەیە، ئەگەر هاتو کاروبارە سروشتی و گیانیەکان پێکەوە بخرێنە ناو پەیوەندییەکی تایبەتەوە لە ئاستی تێگەیشتندا، ئەو کات ئەو گەلە دەستی بە فەلسەفەکاری کردووە. هەروەك چۆن دەکرێت

---

دەیانخواردەوە وتی: ((سەردەمێك دەستی پێکردووە، کە تیایدا وەزیرەکان خاوەنی تواناداییەکی وان کە بەڕێوەبەریەکەیان لەم ماوەیەدا بۆ خزمەتکردنێکی فەلسەفەیەکی قووڵ بە کاربهێنن)) ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرە کەببینین لەسەر زاری حکومەتی ئینگلیزی بەرێزەوە ناوی فەلسەفە بەکاردەهێنرێت. ((زۆرجاریش ناوی فەلسەفە بە دەمی سیاسیە ئینگلیزییەکاندا دێت، تەنانەت لە گوتارە گشتییەکاندا لەوەدا ناوی فەلسەفە دەبەن کە بە بنەماکانی ئابووری سیاسییەوە پەیوەستە. هیجل ((موسوعة العلوم الفلسفية)) فقرة رقم٧ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، المجلد الثاني المؤلفات الهيجلية، (المكتبة الهيجلية)، الناشر مدبولى بالقاهرة. (المترجم).

گوێمان لەوە بێت کە یەکێك بڵێت فەلسەفە بیرێکە کە هۆکارەکانی شتەکان دەزانێت. عیللەت و مەعلول پەیوەندییەکە لە ئاستی تێگەیشتندا، چونکە هەریەکیان بە سەربەخۆ لەوی تریان سەیردەکرێت هەر لەبەر ئەوەش گەڕان بە شوێن هۆکارو عیللەتەکاندا بە «فەلسەفە» ناودەبرێت، کاتێك ئەم گەڕانە –لە بواری گیان یان مەسەلە ئاکارایەکانیشدا- گەڕان بێت و پەیوەندی بە بنەما گشتییەکانەوە بێت هەر بە «فەلسەفە» ناودەبرێت، ئەوانەش کە گوزارشتی لێدەکەن بە «حەکیمەکان» یان «فەیلسووفەکان» ناودەبرێن. هەر بەهەمان شێوەشە، لە سەرەتای ژیاری یۆنانیدا یەکسەر تووشی حەوت حەکیمەکەو فەیلەسووفانی قوتابخانەی ئەیۆنی دەبینەوە، ئەوانەی کە لێیانەوە کۆمەڵە بیر و دۆزینەوەیەك باسدەکرێت و وەك کۆمەڵە مەسەلەیەکی فەلسەفی باسدەکرێن بۆ نموونە لەباری تاڵیسەوە گوتراوە کە ئەو یەکەم کەس بووە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە خۆرگیران و مانگ گیران بە هۆی تێپەڕینی مانگە بە نێوان خۆر و زەویدا و تێپەڕینی زەوییە بە نێوان خۆر و مانگدا، دۆزینەوەکە ڕاستە بەڵام بەشێك نییە لە فەلسەفە. هەر بەهەمان شێوە فیساگۆرس ئەو بنەمایەی دۆزییەوە کە هارمۆنیەتی نێوان نەغمەکان دەسازێنێ و ناوی «فەلسەفە»ش لەم دۆزینەوە نراوە. هەر بەهەمان شێوە کۆمەڵە بیرمەندێکی تر هەن، کە جۆرەها بیرو بۆچوونیان لە بارەی ئەستێرەکانەوە هەیە، بۆ نموونە یەکێك لەو بیر و بۆچوونانە ئەوەیە کە گومبەتی شین، یان گومبەت ئاسمان لە کۆمەڵە کانزایەك پێکدێت کە کون و کەلێنی وای تیایە، لە دەکرێتت لێیەوە ئاسمانی باڵا (ناوچەی نوری بێگەرد) ببینرێ، هەروەك چۆن دەتوانین ئاگری هەتاهەتایش ببینین، بەشێوەیەکیئاسایی ئەم جۆرە بیر و بۆچوون و مەسەلانە کەوتوونەتە ناو مێژووی فەلسەفەوە. لە ڕاستیدا ئەمە بەرهەمی بیر و زانستە و مەعریفەی هەستەکی و ئەوەشی تێپەڕاندوو کە هەستکردن لەسەری ڕاهاتووە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەفسانەکانەوە بەرهەمی خەیاڵ نین،هەر لە دەرئەنجامی ئەمەشەوە بووە کە ئاسمان و زەوی لە خواوەندەکان بەتاڵ کراونەتەوە و تێگەیشتن جێگەی وێناکردنەکان و نەنگییەکانی خەیاڵ و هرومژی هەست و سۆزەکان و دانانی یاسا گشتییەکانی گرتووەتەوە، بەمەش دژی ئەو یەکبوونە ڕاستەوخۆیەی نێوان سروشت و گیان بووەتەوە، واتە تایبەتمەند کردنی سروشتی دەرەکی پوختی گیان. لە کاتێکدا ئەم جۆرە بیر و ڕایانە بە گوێرەی تێگەیشتنی سەراپاگیر لە ماهیەتی شتەکان بەس نییە و جێی باوەڕیش نییە. لەم ماوە مێژووەییەشدا، ئێمە ڕێککەوتی



کۆمەڵە ڕێسایەکی گشتی لە بارەی مرۆڤ و پەیوەندییەکان و ئەرکەکانی... هتد دەکەین، هەروەها دەگەین بەوەیش کە بەشێوەیەکی هەمەکی لە سروشتدا ڕوودەدات.

-لەم ڕووەوە- دەتوانین لابەلای ماوەیەکی تایبەتدا بکەینەوە، کە دەروازەکەی ئەو سەردەمەیە کە تیایدا ژیانەوەی زانستەکان ڕوودەدات، سیمایەك دەچێتەناو ئەو سەردەمەوە کەسەر بە ماهییەتی فەلسەفەیە، بێ ئەوەی جێبەجێی بکات، ئەوەی کە لێرەدا دەردەرکەوێت بیرکردنەوەیە لە سروشت و یاساو ئاکار و دەوڵەت ....هتد. بەڵام کاتێك کە سەیری کتێبەکانی فەیلسووفەکانی ئەم سەردەمە دەکەین، بۆ نموونە کتێبەکانی تۆماس هۆبز و دیکارت، دەبینین لێکۆڵینەوەیان لە سەر زۆرێك لە بابەت تێدایە کە بەو شێوەیەی ئێمە لە فەلسەفە دەدوێین هیچ پەیوەندییەکیان بە فەلسەفەوە نییە، ڕێبازی دیکارت بە بیرە گشتییەکان و بە میتافیزیکا دەستپێدەکات، بەڵام بە دوای ئەمەشدا ڕێژەیەکی زۆر لە کەرستەی ئەزموونی دێت کە بە «فەلسەفەی سروشتی» ناودەبرێت، ئەمەش هەر ئەوەیە کە لە مڕۆدا — بەشێوەیەکی زۆر ورد- بە زانستی سروشت ناودەبرێت، کتێبی «ئاکار Ehics»ی سپینۆزانس هەر سەر بەم ماوەیەیە، ئەم کتێبە وادەردەکەوێت کە تەنها جەخت لەسەر لایەنی ئاکاری بکاتەوە، بەڵام بیرە گشتییەکان و ناسینی خوا و ناسینی سروشتیش .... هتد دەگرێتە خۆی.

ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە دەبێت لەم سەردەمی ژیاندنەوەی زانستەدا تێبینی بکرێت، ئەوەیە، کە لە ڕێگای ناسینی شتەکاندا جیاوازییەکی گشتی دەرکەوتووە.

(١) لێرەدا شتانێك هەن کە سەر بە ئایینی مەسیحین و سەر بە کاروبارانێکن کە دەسەڵاتی کەنیسە یەکلایان دەکاتەوە، هەروەك چۆن لێرەدا بە هەمان شێوە شتانێکی ترمان هەیە کە پەیوەندییان بە یاسای شارستانییەوە هەیە، بەشێوەیەکیگشتیش ئەو شتانەی کە ئایین یەکلایان دەکاتەوە و بەپێی ئەو بنەما بنەڕەتیەش کە دەڵێت پاشاکان و دەسەڵاتداری خۆیان لە خواوە هێناوە، بڕیاریان لەسەر دەدات، لۆژیکی ئەمەش شەریعەتی موسایی و بەڕۆن هەڵسوینی پاشاکانە (ئەمەش ئاماژەیە لەسەر دانانیان). لەسەر ئەم بناغەیەش لاهووت و فقە بوون بە زانستی مرۆڤکرد و دانراو.

دواین شت ئەوەیە کە جۆری سێهەمی ئەو بابەتانەی کە دەچنە ناو چوارچێوەی سروشتەوە، کەنیسەی بە حاڵی خۆیە دەستبەرداری بووە. بۆ نموونە پزیشکی –لە ڕوویەکەوە- گوزارشت لە

ئەزموونگەریەکی تۆخ یان پراکتیزەکراو دەکات، یان گوزارشتە کۆمەڵە رووداو درێژە پێدانێك، هەروەك چۆن —لە رووبەکی تریشەوە- تێکەڵەیەکە لە زانستی ئەستێرەناسی Astrology [17]. زانستی سیمیا Alchemy [18]و سیۆسۆفی Theosophy [19](حیکمەتی خوایی)، زانستی موعجیزەکان Thoumatugy .... هتد[20] —لە نێوان شتانێکی تردا-دەوترێت چاکبوونەوەی نەخۆش پشت بە کاریگەری ئەستێرەکان دەبەستێ، هەروەك چۆن ئەوەش باوبووە کە ئێسك و پروسکی مردووان دەبێتە هۆی نەخۆشییەکان.

(٢) لە بەرامبەر ئەم رێگایە رێگاکانی توێژینەوە و مەعریفە، تێبینی کردنی سروشت بەوەی کە ئاوایە دێتە ناوەوە. ئەمەش شێوازێکە لە لێکۆڵینەوە لە بابەتە سروشتییەکاندا، ئەم لێکۆڵینەوانەش لەوێوە بابەتەکان وەردەگرن کە بە رێگایەکی راستەوخۆ بوونیان لەسەری هەیە، لەم خاڵەوەکە لێکۆڵینەوەیە لەوەی کە تیایدا هەمەکییە، کارەکە بەردەوامی خۆی وەردەگرێت. بە هەمان رێگاش هەوڵدراوە لەسەرچاوە جۆرا و جۆرەکانەوە ئەو شتانە گەردان بکرێن کە پەیوەندییان بە دەوڵەت و یاساوە هەیە. بەڵام لێرەدا هەوڵدانێکی تر هەیە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تر کە بشێت ئەمانیان لێوە گەردانبکرێت. دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی دەوڵەت و یاساوە بڵێین، دیاریکردنی ئەمەش لە رێگەیەکی پەتیەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەوەی کە لە نێوان گەلە جۆراوجۆرەکاندا بە یاسا دادەنرێت دەکرێت تەواوترین هەمە جۆری بێت. هەر بەهەمان شێوەش لێرەدا هەوڵدان هەیە بۆ گەڕان بە شوێن بناغەیەکی تری جگە لە دەسەڵاتی خوا، بۆ

[17] ئەسترۆلۆجیا: زۆرجار ئەستێرەناسیشی یان زانستی حکومەکانی ئەستێرەکانیشی پێدەوترێت. ئەمەش زانستێکە لەوێوە لە حاڵەتەکانی خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی تر دەکۆڵێتەوە کە دەکرێت بارودۆخی جیهانیان لێوە بزانرێت، ئەمەش سەرەتا بەراییە —نازانستیەکان-ی گەردووناسیە. (المترجم).

[18] سیمیا، زۆرجار هاوواتای هورمسیەتر، چونکە یۆنانییەکان پێیان وابوو کە خواوەند هورمس مامۆستای یەکەمی کیمیای کۆنە، کە تێکەڵەیەکە لە سیحر و سەنعەت و ئەستێرە و روحانیات...هتد (المترجم).

[19] تیۆریکە لەسەر سەرپەرشتیکردن و پەیوەندیکردن بە خواوە دادەمەزرێت لە رێگەی ئەمەوە هێزە نائاساییەکان لە خوا وەردەگیرێت لەناو بانگترینی ئەوەی کە لە بنچینەوە ئەم کەم و کورتییە تەواودەکات (مجمع اللغة العربیة) القاهرە ١٩٧٩ ص ٧٥. (المترجم).

[20] ئەو زانستەیەکە لە چۆنیەتی دروستکردنی موعجیزەکان دەکۆڵێتەوە و هەڵدەست بە لێکۆڵینەوەش لەبارەی سیحر و کارە نائاساییەکان و رێگەی روودانیان. (المترجم).



ئەوەی دەسەڵاتی میرەکان شاندابداتە سەری. مەبەستم لە ئامانجی دەوڵەت و خێری گەل و خۆشگوزەرانییەکەیەتی بنەمای ئازادی مرۆڤ و ئازادی کردەوەی مرۆیی پێشنیار کرابوو، بۆ ئەوەی ببێتە بنەما و بناغە و ئامانجێك بۆ کۆمەڵگای مرۆیی. هەر بەهەمان شێوەش حیکمەتی جیاواز و سەرچاوەی نوێی تەواو جیاواز بۆ حەقیقەت و حیکمەتی تەواو دژ —بە حەقیقەتی پێدراو- یان حەقیقەتی نازڵکراو دەرکەوتن.

بەم شێوەیە ئەم مەعریفیە نوێیە، بوو بە مەعریفەی شتە کۆتادارەکان و جیهانیش بوو بە ناوەڕۆکی ئەم مەعریفەیە. لە هەمانکاتیشدا ئەم مەعریفەیە سەرچاوەی لە عەقڵی مرۆییەوە دەگرت. لەم ساتەوەختەشدا خەڵکی توانیان خۆیان ببیننەوە، نەك لەو بیرە ئایینییە پێدارونانەوە، بەڵکو خەڵکی لێرە بەدواوە سەیری دەستی خۆیان دەکرد و لە ئیشێکی راستەوخۆوە دەستیان پێدەکرد و لە رێگەی ئەو هەوڵانەشەوە کە دەیاندا بوو بوونە کەسانێکی ئیجابی و چالاك، سەرەڕای ئەوەی کە لەسەرێکەوە رێزی دەسەڵاتیان دەگرت، بە هەمان پلەش لە سەرێکی ترەوە رێزی بینینەوەی خۆیان و بیرکردنەوەیان و لە بارەی خۆیانەوە دەگرت. ئێستاش وای لێهات کە ئەم مەعریفەیە ناو بنرێت حیکمەتی مرۆیی یان «حیکمەتی دنیای». هەر ئەم حیکمەتەشە کە جیهانی کرد بە بابەت و ناوەڕۆك بۆ خۆی و هەر ئەمیشە کە لە جیهانەوە دێت و لەویشەوە دێتە دەرەوە. بە گوێرەی فەلسەفە ئەمەیە ژیاندنەوەی زانستەکان یان راپەڕینی زانستەکان.

ئەگەر هاتو هەموو ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە هەڵگری ناوی ((فەلسەفە))ش بن، ئەوا هەر دەبێت لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە دوور بخرێنەوە، ئەمە ئەگەرچی لەناو هەموشیاندا بنەمایەکی ناڕاستەوخۆی هاوبەش هەیە لە نێوان ئەوان فەلسەفەدا. مەبەستمان لەو بنەمایەش ئەو گوتەیە کە دەڵێت: مرۆڤ هەیە و بە خۆی لە حاڵەتی جیهانبینی و هەست و بیرکردنەوەدا لەسەر پێی، خۆی راوەستاوە. ئەم بنەمایە مەزنە و رووبەڕووی هەموو دەسەڵاتێك دەبێتەوە، ئیتر لە هەر بوارێکدابێت، هەروەها لە پەیبردنی هەستەکیدا کە من بە پەیبردنی هەستەکی دەتوانم پەیبەرم، هەر هەمان گوتەش بۆ هەست و تێگەیشتن و بیرکردنەوەش دروستە[21]. بەڵام ئەو

[21] بەراوردی بکە لەگەڵ ئەوەی کە هیگڵ لە ئینسکلۆ پیدیاکەیدا دەڵێت (( ... من لە هەمانکاتدا: لەناو هەموو هەستکردنەکان و بۆچوونەکان و حاڵات و هۆشیارییەکانی خۆمدا ئامادەم، کاتێك بیریش ئامادەدەبێت

دەستەواژەیەی کە دەڵێت ((ئەوە لە بیرکردنەوەی خۆیدا تایبەتە)) زیادەڕەوییە لە قسەکردندا و هیچ مانایەکی نییە، چونکە هەموو مرۆڤێك دەبێت بۆ خۆی بیربکاتەوە و کەسیش ناتوانێت بیری بۆبکاتەوە، هەروەك چۆن کەس ناتوانێت بۆ کەسێکی تربخوا و بخواتەوە[22]. ئەم هۆکارە خودییە، هەروەها ئەو شێوەیەی کە بیر ئاراستە دەکات، شێوەی یاسا و بنەما هەمەکییەکان و کاتیگۆرییە بنەڕەتییەکانن. لەسەر ئەم بناغەیە خود و شێوەی هەمەکی ئەو دوانەن کە فەلسەفە و ئەو زانستانە تیایاندا هاوبەش دەبن کە پێشتر لێیان دواین، واتە بیرەکان و بەرچاو روونییە فەلسەفییەکان .... هتد هەر ئەمەشە کە ناوی ((فەلسەفە))ی بەسەردا براوە.

ئەوا دواهەمینە لەناو ئەم حاڵەتانەدا، کاتیگۆریەکە کە بە ناو هەموو ئەم دیاریکردنانەدا بڵاودەبێتەوە، ((هیجل)). موسوعة الفلسفية فقرة رقم ٢٠ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام من المجلد الثانى من المكتبة الهجلية المؤلفات)) الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم).

[22] بەراوردی بکە لەگەڵ ئەوەی کە هیگڵ لە ئینسکلۆپیدیاکەیدا دەڵێت ((زۆرجار خەڵکی دەستەواژەی ((بیر لە خۆ بکەرەوە)) وەك ئەوەی کە مەغزایەکی تایبەتی هەبێت، بەکار دەهێنن، لە راستیدا هیچ مرۆڤێك نییە، بیر بۆ غەیری خۆی بکاتەوە، بە رادەی ئەوە نەبێت کە بتوانێت بۆی بخوات یان بخواتەوە. هەر لەمەشەوەیە کە ئەم دەستەواژە قسەیەکی بەتاڵە. لە راستیدا کاتێك کە تۆ بیردەکەیتەوە یەکسەر ئەوە دەگەیەنێ تۆ ئازادیت، چونکە بیر بەوەی کە چالاکییەکی هەمەکییە، پەیوەندیگرتنێکی پەتییە لە نێوان خود و خۆیدا ئەویش بەوەی کە خود هەست بکات لە ماڵەکەی خۆیدایە...)) موسوعة العلوم الفلسفية فقرة رقم ٢٣ ترجمة د. امام عبدالفتاح امام من المجلد الثانى من المكتبة الهجلية (المؤلفات) ٢- الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم).



## چوارەم: پەیوەندی فەلسەفە بە ئایینەوە

لە کاتێکدا بواری یەکەم (واتە رۆشنبیری زانستی)، بە فەلسەفەوە پەیوەستە، بە هۆی ئەو بیرکردنەوە سەربەخۆیەی کە هەیەتی، واتە لە رێگەی شێوەوە پێیەوە پەیوەستە، ئەوا بواری دووەم کە ئایینە بە هۆی ئەو ناوەڕۆکەی کە هەیەتی بە فەلسەفەوە پەیوەستە، بەم شێوەیە ئایین دژی راستەقینەی رۆشنبیری زانستییە بەو شێوەیەی کە ئاوایە. شێوەیەکی بۆ بیر نییە و ناوەڕۆکێکی هاوبەشیشی لەگەڵ ئەم رۆشنبیریەدایە. ناوەڕۆکی ئایین ناوەڕۆکێکی دنیایی نییە، بەڵکو ئایین خۆی رووبەڕووی ناکۆتادار دەبێتەوە.

بواری دووەمی پێکهاتنەکانی گیان کە زۆر لە فەلسەفەوە نزیکە بواری بیرە ئایینییەکانە بە شێوە گشتییەکەی. ئەم بوارەش ئەمانە دەگرێتەوە یەکەم: ئایین، دووەم: ئەفسانەکان (میتۆلۆجیا) سێهەم: پەنهانەکان، تەنانەت تا ئاستێکیش شیعر. لە کاتێکدا بواری یەکەم لەگەڵ فەلسەفەدا لە شێوەدا هاوبەشن، واتە خود و شێوە هەمەکییەکەی، ئێمە لێرەدا توخمێکی تری هاوبەش دەبینین واتە ناوەڕۆك یان ئەوەی کە کرۆکییە.

گەلەکان بیرەکانی خۆیان لەبارەی بوونی عالەمەوە خستۆتە ناو ئایین، هەروەها ئەمانەشیان خستۆتە ناو ئایینەوە، رەها و ئەوەی کە لە خۆیدایەوە بۆ خۆیەتی، ئەوەی کە لەبارەی عیللەت و کرۆك و بوون و کرۆکی سروشتەوە وێنایان کردووە، دواشیش کە خستویانەتە ناو ئایین، بۆچوونی تایبەتی خۆیانە لەبارەی چۆنیەتی و ئەوەی کە گیان مرۆیی یان سروشتی مرۆیی بەم کارانە بە خواو بە حەقیقەتەوە دەبەستێتەوە.

ئێمە یەکسەر لە ئاییندا دوو سیمای بنچینەی تێبینی دەکەین:

سیمای یەکەم: ئەو رێگایەیە کە مرۆڤ لە رێگەیەوە هۆشیاری بە خودا پەیدا دەکات، ئەم هۆشیارییە خەیاڵییە، وێنەیەکی بابەتییە، ئەو سروشتەی بیرە کە مرۆڤ بە هۆیەوە خوا لە رووبەڕووی خۆیدا رادەگرێت. خودا لەبەردەم مرۆڤدا وەك یەکێکی تری جگە لە خۆی ئامادە دەکات یەکێك کە مامۆیە و لە ماوەرایە (ئەوەی کە لە پشتەوە).

سیمای دووەم: ملکەچی و پەرستن: مانای گۆڕانکاری شێوەی لێکدژی دەگەیەنن، کە تیایدا مرۆڤ خۆی بەرەو لای خوا و بەرە و پلەیەکی باڵای هۆشیاری بە یەکبوونی لەگەڵ بوونی خواییدا

بەرزدەکاتەوە. ئەمەش مانای پەرستشە لە هەموو ئایینەکاندا، لە لای یۆنانییە پێشینەکان پەرستن مرۆڤی بەرە و چێژکردنی ئەم یەکبوونە بەرزکردبووەوە، چونکە بوونی خوا لای ئەوان بوونێکی ((ناڕاستەخۆ))یان بە هێزبوو، شتێك بوو کە لە ماوەرادا هەبێت.

هەر لەبەر ئەمەش فەلسەفە و ئایین یەك بابەتی هاوبەشیان هەیە، مەبەستیش لەمە هەقە لە شێوە ڕەهاکەیدا، واتە خوا لەوێوە کە لە خۆیدا و بۆ خۆی ڕەهایە، مرۆڤیش لەوێوەیە کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەیە، خەڵکی لە ئایینەکانی خۆیاندا لە هۆشیاری خۆیان بە بوونێکی باڵا بووراون، ئابەم ئاستە ئایینەکان دەستهاوردی باڵان بۆ عەقڵ، ئەوەش لە بەد گومانییەوەیە کە کاهینەکان ئایینیان داهێناوە تا خەڵکی پێ لە خشتە بەرن و بیخەڵەتێنن —هەروەك ئەوەی وابێت خەڵکی ڕێگە بە هەمووشتی بدەن کە لە پەیوەندیاندا بەبوونی باڵاو ڕەهاوە ناچاریان بکات.

فەلسەفەش هەمان بابەتی هەیە، مەبەستمان لە کرۆکی ڕەهاو عەقڵی هەمەکیی و ناڕاستەوخۆو ئاشکرایە. لە فەلسەفەدا بەهەمان شێوە گیان ئارەزووی ئەوە دەکات کە ئەم بابەتە بکات بە مۆڵکی خۆی. بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە ئایین ئەم سوڵحاندنە لە ڕێگەی ملکەچی و پەستشەوە دەخاتە بەردەست، واتە لە ڕێگەی هەست و ویژدانەوە، فەلسەفەش دەیەوێت لە ڕێگەی بیرەوە بگات بەم دەرئەنجامە. ملکەچی هەستکردنە بە یەکبوونی نێوان خواو مرۆڤ، بەڵام هەستکردنی جوانە، لەناو وشەی ((ملکەچی))دا بیرکردنەوە هەیە، چونکە ملکەچی پاڵنەرێکە بانگهێشت بۆ بیردەکات و بۆ بیریش دەناسرێتەوە، هەر ئاواش بیر بۆ ملکەچی دەناسرێتەوە و دەیەوێت بگات بەم یەکبوونە، ئەمە چوار چێوەیەکە بۆ بیر کە ئەم یەکبوونە بونیاد دەنێ. بەڵام ئەو شێوەیەی کە فەلسەفە وەریدەگرێت بیرێکی پوختە، مەعریفە و زانستە، هەر لەم خاڵەشەوە جیاوازی لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا پەیدادەبێت.

هەر بەم شێوەیەش دەبینین ئەم بوارە (واتە فەلسەفە و ئایین) لە ناوەڕۆك و ئامانجدا یەکدەگرن، بەڵام تەنها لە ڕووی شێوەوە جیاواز دەبن، بەڵام ئەم پەیوەندییە هێشتا هەر پەیوەندییەکی نزیکە، فەلسەفە بەبابەتەکەیەوە پەیوەستە، واتە لەوێنەی بیرکردنەوەیەکی هوشیارەوە بە ڕەهاوە گرێدراوە، بەڵام ئەمە ڕێگای ئایین نییە، نابێت بەشێوەیەکیپەتی پەیوەندی نێوان ئەم دوو بوارە وێنا بکەین، بۆ نموونە وای دانیین کە لە ئاییندا بیر بوونی نییە، هەروەها ئایین کۆمەڵە بیر و بۆچوونێکی گشتی دەگرێتەوە، ئەم بیر و بۆچوونانەش تەنها



بەشێوەیەکیناڕاستەوخۆ بوونیان نییە، واتە وەك ناوەڕۆکێکی ناوەکی ئاوەها کە پێویست بێت، بوونیان نییە، وەك ئەو بیروبۆچوونانەی لە ئەفسانەکاندا هەیە کە دەتوانین لە پێش هەموو شتێکەوە هەڵیان گۆزین، ئەم بیرانەش بیری خەیاڵئاوەرن، تەنانەت وەك ئەو بارەش نین، کە بە گوێرەی ڕاستیە مێژووییە بابەتییەکانی ئایینەوە هەیە، بەڵکو —بە پێچەوانەوە- ئایین لە کۆمەڵە بیرێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ لە شێوەی وێنەی بیردا پێکهاتووە. ئایینی فارسی و هیندی-گەر وەك نموونە وەریانگرین —لەناو خۆیاندا لە بیر و بۆچوونەکان پێکهاتوون، بە هۆی ئەم بیرو بۆچوونانەشەوە —تا ئاستێك- گوزارشتیان لە بیرە تیۆری قووڵ و درەوشاوە ئاشکراکان کردووە، کە لەسەرەتادا ئەم بیر و بۆچوونانە هیچ پێویستەکیان بە ڕوونکردنەوە نییە. هەر بەم شێوەیەش دەگەین بەو بیرانەی کە بەو شێوەن کە ئاوان. سەرەڕای ئەمەش ئێمە لەناو ئاییندا دەگەین بە کۆمەڵە فەلسەفەیەك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشتیان لە خۆیان کردووە، هەروەك ئەوەی کە لە فەلسەفەی باوانەکان و ئەسکولائییەکاندا دەیبینینەوە. —لە ڕووی کرۆکەوە- فەلسەفەی ئەسکولائی لاهووتە. ئێمە لێرەدا یەکبوونی نێوان فەلسەفە و ئایین و تێکەڵەیەك لە هەردووکیان تووشی پشێوویمان دەکات.

فەلسەفە و ئایین یەك بەبابەتیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆرێك لە جیاوازی لە نێوانیاندا سەریهەڵداوە..........

ئەو پرسیارە پێشنیارکراوەی کە دوای ئەمە دێت ئەوەیە:
(١) ئێستاش فەلسەفە لە زانستی لاهووت و ئایین بە شێوە گشتیەکەی جیادەکرێتەوە؟
(٢) پرسیاری دووەمیش ئەوەیە، تا چ ئاستێك لە مێژووی فەلسەفەدا پێویستە هۆکاری ئایینی لەبەرچاو بگیرێت؟

هەر دەبێت ڕوونکردنەوەیەکی درێژتر لەبارەی ئەم دوو لایەنەی ئەم دوو بوارە و جیاوازی نێوانیان بدەین. لایەنی یەکەم لایەنی ئەفسانەیی و مێژووی ئایینە لەوەوە کە پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەیە. لە کاتێکدا لایەنی دووەم فەلسەفەیە بەو شێوەیەی کە ئایین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێدەکات (واتە فەلسەفەیەك کە لە ئاییندا دەیدۆزینەوە)، هەروەها وەك ئەوەش کە ئەو بیرە تیورییە پەرش و بلاوانەی کە لە ئاییندا هەن، گوزارشتی لێدەکەن.

## پێنجەم: شێوە جیاوازەکانی فەلسەفە و ئایین

ئەوەی کە ئایینە و لەماوە بەراییەکاندا پێیدەگەین، یان پێشینەترین شێوەیە لە شێوەکانی ئایین، ئەفسانە یان خۆ نواندنە لە شێوەی وێنەدا، ئالێرەدایە کە لەبەردەمماندا حەقیقەت بەو شێوەیە دەبینییەوە کە گیان بۆخۆی لەسەر شێوەیەکی خەیاڵی خۆی پێدەنوێنێ، ئەمەش خۆنواندنی ناوەرۆکە لە شێوە هەستەکییە کەیدا، کەواتە ئەفسانەکان ئەو کۆمەڵە داهێنراوە بێ سەرو بەرانەنین کە کاهینەکان بۆ خەڵەتاندنی خەڵك دایانهێناون، بەڵکو بەرهەمی بیرکردنەوەن، بەڵام بیرکردنەوەیەکی پوخت نا، چونکە ئەو ئامێرەی کە بەکاری دەهێنێت خەیاڵە، فەلسەفە و ئایین یەك بابەتیان هەیە، وادیارە کە پێویستە لێرەدا ئەو شێوەی یەکەمجار چارەسەر بکەین کە ئایین لەسەری دەرکەتووە، ئەو شێوەیەش ئەفسانەیە. لە راستیدا چارەسەری ئەفسانەکان کراوە بەڵام وەکو ئەوەی کە ناوەرۆکەکەیان گوزارشت لەمەسەلە فەلسەفییەکان بکات، -لەم حاڵەتەشدا- هەر دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ئەفسانەکان یاریەکن لە یاریەکانی خەیاڵ، بەڵام هەر دەبێت بەبێ گفتوگۆ خۆمان بدەینە دەست ئەو راستییە هەمەکییانەی لێیان پێکهاتوون. هەندێك رەخنەیان لە کرۆز Crenzer گرتوو، چونکە بۆ ئەوە چووە کە لە ئەفسانەکاندا کرۆکی شتەکان حەقیقەتیان لە خۆدا هەڵگرتووە[23]. بەڵام لەراستیدا گومان لەوەدانییە کە ئەمە راستە، لە ئەفسانە کرۆکی شتەکان لەسەر شێوەی وێنەکان گوزارشتی لێکراوە و بەشێوەیەکی خەیاڵیش لە خۆ نواندایە و بەمەش مەملەکەتی گیان ئاشکرا دەبێت و بە هۆی خەیاڵەوە دەدرەوشێتەوە. لە هەناوی ئەفسانەکاندا گەڕان بە شوێن بیرەکاندا، کارێکە ئەو تێبینی کەرە یان ئەو چاودێرە پێی هەڵدەستێت کە ئەم بیرانەی بەسەرێدا دەدات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەوە دەرکات کە ئەم ئەفسانانە لەناو خۆیان هەڵیانگرتووە. بەڵام پێویستە فەلسەفە لەو دەوربەرەدا بە شوێن حەقیقەتدا نەگەڕێت، ئەرکی ئەو نییە کە ناوەرۆك لە شێوەیەکی خەیاڵی پوخنە بکات و بیگۆڕێت بۆ بیرەکان، چونکە فەلسەفە لە شێوەی بیرێکی راستەقینەدا

[23] فردورش کروزر (١٧٧١-١٨٥٨) Friedrich Creazer : بیرمەندێکی ئەڵمانییە و زانایە لە فیلۆلۆژیادا، لە ماربورج Marburg لە ساڵی ١٨٠٢ پاشان لە هایدلێرج لە ساڵی (١٨٠٧-١٨٤٥) مامۆستا بووە، خاوەنی کتێبی (تیۆلۆژیا و رەمز)ە، کە لە (١٨١٠-١٨٢٣) دەرچووە. هیگڵ پێشتر لە کتێبەکەیدا (وانەکانی ئیستاتیکا) باسیدەکات، وەرگێڕانی م.نۆکس ص٣١٠-٣١١. (المترجم)



نەبێت لە بیر ناکۆڵێتەوە، دوای ئەمەش ئێمە خۆمان بەو مەسەلە فەلسەفییانەوە سەرقاڵ ناکەین کە لەناو ئەفسانەکاندا شاراوەن.

یەکڕاست لایەنێکی گەورە لە ئەفسانەکان شێوەی کارە بەشەکییەکان وەردەگرێت، لەم کاتەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەرکی میتۆلۆژیا ئەوەیە کە لێرەدا شتێکی هەمەکی هەیە یان نا.لێرەدا کۆمەڵە لایەنێکی تر لە میتۆلۆژیا هەن، ئەویش وەك: ((تیۆچینیا Theogony[24]، کۆسمۆچینیا Cosmogony[25])) کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بە راستیە هەمەکییەکان دەدەن، دوای ئەمەش وتراوە هەردەبێت شتێکی لە پشتی دوانزە کارەکەی کە هرقل[26] پێی هەڵساوە، هەبێت. ئەویش بە بەراوردکردنی هرقل، بە خۆر، دوازدە کارەکەش بە بورجی خولگەکانی، بەهەمان شێوەش، سەرەڕای ئەوەی کە ئەفسانەی کەوتنی ئادەم و حەوا بە شێوەیەك دەگێردرێتەوە کە رووداوێکی سروشتی و مێژووی لە خۆیدا هەڵگرتبێ و هیچی تر، بەڵام بەهەمان شێوەش مادەیەکی گیانیش دەخاتەڕوو، مەبەستمان لەمەش گواستنەوەی مرۆڤە لە فیردەوسەوە بۆ هۆشیاری، بۆ زانینی چاکە و و خراپە. بە شێوەیەك کە ئەم رێوایەتە ببێتە مێژوویەکی هەتاهەتایی و سروشتێکی زیندوو بۆ خودی گیان. ئەم لێکدژییەش —کە زانینی چاکەیە، کە پێشتر گریمانەی زانینی خراپە دەکات. ژیانی گیانە.

بە هەمان شێوەش دەکرێت پێشتر خۆمان وا بە ((کۆسمۆجینیا))وە سەرقاڵکەین، کە دەرکەوتنی کۆمەڵە شێوەیەکی لێکدابڕاوی سەربەخۆیە لە هەمووێکی نالێکدا بڕاو ناجیاواز هەر چەندە

[24] تیۆلۆجیا Theogony: زانستی زنجیرەی خواوەندەکان، یان مەعریفەی تایبەت بە سیستەمی خواوەندەکان و زنجیرەکردنیانە لە لای یۆنانییەکان، یەکەم کۆمەڵە شیعر کە باس لە نەسەبی خواوەندەکان دەکات کتێبەکەی هزیودە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین بە ناوی (زنجیرەی خواوەندەکان) یان (نەسەبی خواوەندەکان)، کە تیایدا بنەچەی خواوەندەکان یان سیستەمی بنەماڵەی خواوەندەکانی باسدەکات، پاشانیش ناونیشانی کتێبێکی فیۆرباجە کە ساڵی ١٨٧٥ بە رێگایەکی رەخنەگرانە نووسراوە. (المترجم).

[25] کۆسمۆجیناCosmogony: زانستی دروستبوونی گەردوونییە، زانستێکە کە لە بنچینەی جیهان و پێکهاتن و دروستبوون.... دەکۆڵێنەوە زۆرجار سروشتێکی ئەفسانەیی هەیە، (المترجم)

[26] هرقل Hercales (مانا حەرفییەکەی شکۆمەندی خواوەند هیرایە). پاڵەوانێکی ناو ئەفسانە یۆنانییەکان و رۆمانیەکانە و بە هێز و ئاساییەکەی ناوبانگی رۆیشتووە، کوڕی خواوەندی گەورە زیۆسە، لە ئەلکامینا خواوەند هیرا Hereی (ژنی زیوس) زۆری لێکرد کە بە دوانزەکارەکە هەڵسێ.

لێرەدا گەر ئاماژەیەکیش بەوە هەبێت کەشتێك لەسەر رێی ئەوەیە دەرکەوێت، ئەوا ئێمە هێشتا هەر نەگەیشتووین بە شێوەی بیر. ئێمە لە مێژووی فەلسەفەدا تەنها ئەو بیرانە وەردەگرین، کە لە شێوەی جۆرێکی تایبەت لە شێوەکانی بیر گوزارشتی لێدەکرێت.

راستمان وتووە گەر بڵێین لێرەدا ژمارەیەك لە مێژوو نوسانی فەلسەفە بۆ ئەوە دەچن بواری ئایینی لە میتۆلۆجیا پوختەکراوە.

هەربەهەمان شێوە ئاین کۆمەڵە بیروباوەڕێکی لەخۆی گرتووە، کەوا دەردەکەون کە بیرو بۆچوونێکی زیاترن لەوانی تر، یان دەتوانین بڵێین بەوەی کە تیایدا بیرەکان بە وێناکارییە خەیاڵییەکان تێکەڵاو دەبن و لەوانەش: بیرو باوڕ لە بارەی خواو خوڵقاندنی جیهان و ئاکار....هتد.

وتراوە ئەم بیروباوڕانەش خاوەنی مەیلخوازییەکی لێکچوونخوازن Amtropomorphic [27]، واتە نابێت حەرفییانە وەرگیرێن، واتە بەو شێوەیەی لە سەریەتی، بەڵکو دەبێت واوەرگیرێن کە کۆمەڵە وێناکاریەکی خەیاڵئامێزن. ئەگەر هاتو ئایینی یۆنانی خاوەنی مەیلخوازییەکی لێکچوونخواز بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکیپێویست هەر دوو ئایینی مەسیحی و یەهوودی لێکچوونخواز نین، ئەگەر هاتو ئێمە مەیلخوازییەکی لێکچوونخوازی بە هێزی بۆ نموونە وەك ئەوەی تیابینین کە کتێبی پیرۆز لە غەزەبی خوا دەدوێت، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە غەزەب یا توڕەیی هەستێکی مرۆییە، بەڵام لێرەدا دراوەتە پاڵ خوا. لە روویەکی ترەوە ئەم مەیلخوازییە لێکچوونخوازە لایەنێکی باشی لایەنەکانی ئایینە، چونکە جیهانی گیانی لە رێگەیەوە لە بیرە سروشتییەکان نزیکتر دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا قورسە هێڵێك لە نێوان ئەوەدا بکێشین کە سەر بە هەست و خەیاڵە و بەس، لەگەڵ ئەوەی کە هەمئاهەنگە لەگەڵ ئەوەی کە خواییە، چونکە لەم مەیلخوازییە لێکچوونخوازییەوە تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو بیرانە داناکەین کە یەکسەر دەزانرێت، کە بە هەست و خەیاڵەوە بە ستراون، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ بیرە

[27] واتە شوبهاندنی بە مرۆڤ: ئەوەیە کە سیفەتی مرۆڤانە بدرێت بە خودا، دەوترێت کە خودا دەرکەگرێت و دەبەخشێت، دەخوات و دەخواتەوە ژن دەهێنێت و خۆشەویستی و رکەبەرایەتی دەکات .... هتد. هەروەك ئەوە سیفەتانەی کە خواوەندەکان لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا هەیانە، هەمان ئەم سیفەتانەش دەدرێتە پاڵ شتی بێ گیان یان گیاندارن ...هتد (المترجم).



عەقڵییەکانیشدا دەکەین. ئەم قوورسیەش لە دۆزینەوەی بیرە کۆتادارەکاندایە، پوختەکردنی ئەو بیرانەی کە لە گیانی مرۆییەوە نەبێت سەرچاوەناگرن. (لە بارەی تێڕامانمان لە بوونی خوایەك پێویستمان بە بنچینەیەکی زەروری و کۆمەڵە کاتیگۆرییەکی تر یان وێنەیەك لە وێنەکانی بیر هەیە).

دواجار ئاین کۆمەڵە مەسەلەیەك دەگرێتەوە کە بەتەواوەتی چارەسەری شتە هەمەکییەکانی دەکەن، وەك ئەو مەسەلەیەی کە دەڵێت خوا هەموو شتێکی پێدەکرێت. هەر لێرەشەوەیە کە خوا واسەیر دەکرێت خوڵقێنەر و عیللەتیشە. ئەم بیرانەش راستەوخۆ سەر بە مێژووی فەلسەفەن، چونکە بابەتی ئایین و ناوەڕۆکەکەی هەر هەمان بابەت و ناوەڕۆکی فەلسەفەیە - هەروەك لە پێشتردا لێیدواین- جیاوازی نێوانیشیان لە شێوازی چارەسەرکردنەکە دایە. ئەوەی کە لە لایەنی ئەفسانەیی و لایەنی مێژوویی ئاییندا جێی گرنگی ئێمەیە، پەیوەندی ئەمانەیە بە فەلسەفەوە و بە گوێرەگرتنی ناوەرۆکەکەیانە بە ناوەڕۆکی فەلسەفە، لەوانەشە ئەو جیاوازییەی کە لە وێنەدا هەیە و ئەو ناوەرۆکەی لەم دوو بوارەدا بۆ دەخرێتەڕوو زیاتر جێی گرنگیدانی ئێمە بێت. ئەو لێکدژییەی کە لە وێنە یان شێوەدایە، تەنها لە ناو ئێمەدا کە تێبینی دەکەین، بوونی نییە، بەڵکو ئەو لێکدژییە خۆی لێکدژیەکی مێژووییە و دەکەوێتە ناو مێژووەوە. شتی وا لە مێژوودا روویداوە کە فەلسەفە لەگەڵ ئاییندا لێکدژ بێتەوە و بە پێچەوانەشەوە روویداوە کە ئاین بوویێتە دوژمنی فەلسەفە، نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆرجار سەرکۆنەشی کردووە. هەر لەبەر ئەمەش لە فەلسەفە چاوەڕوان دەکرێت کە خۆی پاساوی سەرەتاکانی خۆی بداتەوە. هەر لە زووەوە لە وڵاتی یۆناندا، ئەوە روویداوە کە فەلسەفە بکەوێتە ناو ململانێوە لەگەڵ ئایینی میللیدا، ژمارەیەکی زۆریش لە فەیلسووفان دوورخراونەتەوە و نەفی کراون، نەك هەر ئەمە بەڵکو کوشتوشیانن، چونکە ئەوان شتێکی تریان فێری خەڵکی دەکرد، کە ئایینی میللی فێری نەئەکردن. کاتێك کەنیسەی مەسیحی گوزارشتی لەم لێکدژیە کرد، ئەم لێکدژیە زۆر بەتینتربوو.

ئەوە لەسەر ئەمە دامەزرێنرا، کە ئایین وانیشانبدات، داوا لە مرۆڤ دەکات دەستبەرداری فەلسەفەو بیرکردنەوە و عەقڵ ببێت، چونکە جگە لە حیکمەتی دنیایی شتێکی تری لێناکەوێتەوە، بەمەش کردەی مرۆیی و مەعریفەی مرۆیی بەشێوەیەکیپوخت لە دژیاتیکردنی

مەعریفەی خوایی و عەقڵی مرۆییدایە، ئەوان پێیان وابوو کە بەرهەمی عەقڵی مرۆیی جگە لە کاروبارێکی مرۆییانە شتێکی تر نییە، کە کارەکانی خوای پێ بەرامبەر دەکەنەوە. ئەم لافە هەروەك چۆن لە سەردەمە پێشینەکاندا هەبووە، لە سەردەمی ئێمەشدا بە هەمان شێوە هەیە، ئەم جیاکاریەش نزمکردنەوەی کردەوە مرۆییەکانە لە بەرامبەر کردەوە خواییەکاندا. سەرەڕای ئەمەش —ئەوەی کە لەسەر ئەم نزم راگرتنە دادەمەزرێت- ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی بگەین بە بینینی حیکمەتی خوایی و مەعریفەی ئەم حیکمەتە، هەر دەبێت رووبکەینە سروشت. ئەم رێگایە وانیشاندەدات کە کارەکانی سروشت دەستهاوردی خوایین. بەڵام بەرهەمی مرۆیی هەر جۆرێك بێت، بەشێوەیەکیتایبەتیش، بەرهەمی عەقڵی مرۆیی هەر جۆرێك بێت، ئەوا هەردەبێت واسەیری بکرێت کە مرۆییە و هیچی تر. دوای ئەمەش پێویستە بە بەراوردی کارە مرۆییەکان لەگەڵ کارەکانی سروشتدا، واسەیری کاری مرۆییەکان بکرێت کە خوایی نین. بەڵام ئەم بیرۆکەیە پوچ بە تاڵە، بەڵکو ئێمە دەتوانین مەزنی و تەوانایی و بەها بدەینە پاڵ کارەکانی عەقڵی مرۆیی، نەك هەر ئەمە بەڵکو -بە لایەنی کەمەوە- دەتوانین هەمان سیمای خودایی کە دراوتە پاڵ سروشت، بیدەینە پاڵی، کاتێك کە ئێمە بە یەك چاوسەیری هەر دووکیان دەکەین، ئەوا زیاتر لە بەهای خۆی کارەکانی عەقڵی مرۆیمان نزمکردووەتەوە. چونکە گەر لەناو شتەکانی ناو سروشت و ژیانی گیانلەبەردا ئەوە گریمانە بکرێت، کە کۆمەڵە شتانێکن و دەدرێنە پاڵ ئەوەی کە خواییە، ئەوا دەبێت باشتر لەمە سەیری چالاکییە مرۆییەکان بکرێت، چونکە چالاکی مرۆیی بە مانایەکی باڵاتر لە کارەکانی سروشت، چالاکی خواییە و ئەم چالاکییە کاری گیانە. ئالێرەوە هەر دەبێت بێ ئەم سەر و ئەو سەر دان بە باڵایی بیردا، واتە بیری مرۆییدا بنێین و دانیش بەوەدا بنێین کە مەزنترە لەوەی کە لە سروشتدا هەیە. گەر هاتوو ئەم لێکدژیە وا راڤەکرا کە بەرزییە بۆ سروشت، ئەوا یەکڕاست دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو جیاکارییە بە هەڵە بەکاردەهێنرێت، چونکە جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر زۆر ئاشکرایە، ئەگەر هاتوو کەسێك پرسیاری کرد: پێویستە لە کوێدا بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین کە خواییە؟ ئەوا تاکە وەڵامێك گەر هەبێت ئەوەیە بەشێوەیەکیسەرەکی ئەوەی کە خوداییە لەوەدایە کە مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێ.

دوای ئەمەش دەتوانین بڵێین لە ئاییندا، بە تایبەتی لە ئایینی مەسیحیدا —ناوەڕۆکی باڵاتر لەو بیرە هەیە کە عەقڵ بەرهەمی دەهێنێ، دوای ئەمەش ناکرێت عەقڵ ئەم ناوەڕۆکە بینابکات



تەنها وەك شتێکی پێدراو نەبێت. ئێمە پێشتر لە بارەی پەیوەندی بیرکردنەوەی عەقڵی واتە فەلسەفە و پەیوەندی ئایینەوە دوایین. پێویستە فەلسەفە ئامانجەکانی خۆی بخاتەڕوو بە تایبەتی ئەو ئامانجانەی کە لە دژایەتیدان لەگەڵ ئاییندا. سنوورێك بۆ عەقڵی مرۆیی دوانراوەو وتراوە: توانای ناسینی خوای نییە، بۆ ئەوەش خوا بناسیت، دەبێت عەقڵ وەرگەڕێنێتە سەر سروشت. بەڵام گیان لە سروشت باڵاترە. مەسیح دەڵێت: ((مەترسن، ئێوە لە باڵندەکان باشترن....))[28]. مانای ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ بە خۆی بە شێوەیەکی باشتر دەتوانێت خوابناسێت، لەوەی لە رێگەی سروشتەوە بیناسێت، ئەوەی کە بەزەینی خۆی بەرهەمی دەهێنێ هەر ئەوە کە خوایی دەردەخات و وای لێدەکات بەشێوەیەکیباشتر لەوەی کە سروشت دەیکات بیدرەوشێنیتەوە. ئەمە لایەنێکی بەڵگەکەیە، ئەو دەرئەنجامەش کە لەسەری دادەمەزرێت ئەوەیە کە عەقڵ وەحییەکە لە خواوە هاتووە. هەر بەمەش پلەیەکی باڵاتر لە پلەی سروشت دەنوێنێ. بەڵام لایەنەکەی تر ئەوە کە ئایین وەحییەکە لە لایەن خواوە کە بە هۆیەوە حەقیقەت بە مرۆڤ دەبەخشرێت و وای لێدێت کە بدرێت بەو، واتە بەو عەقڵە مرۆییەی کە بێدەسەڵاتە لە ئاست پوختەکردنی ئەم حەقیقەتە لە سەرچاوەکانی تر، هەر لەبەر ئەمەش پێویست ملکەچ بێت بەلێبوردەییەکی تەواوە رێ بگرێتەبەر[29].

پێویستە ئێستاکە گفتوگۆی بەڵگەی دووەم بکەین، تا بەشێوەیەکی ئازادانە لە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین تێبگەین و ئەم مەسەلە گرنگە لەناو تاریکیەکی گەورەدا جێنەهێڵین، وەك ئەوەی کە مەسەلەیەکی تەواو وردبێت و وەك ئەوەی کە لە تواناماندا نەبێت بە دەنگێکی بەرز گفتوگۆی بکەین.

هەڵویستی ئایین بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

---

[28] انجیل متی: الاصاح العاشر: ٣١. (المترجم)

[29] بەراوردی بکە بەوەی کە پۆڵس پێغەمبەر دەڵێت: ((چەکی دژایەتی کردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە هۆی خواوە توانای روخاندنی شوورەکانی هەیە، ئەوانەی گومان دەروخێنن، هەموو بەرزێکیش کە دژی مەعریفەتی خوایە لەناوی دەبەن، رسالة پولس الرسول الثانیة الی اهل کورنتوس الاصحاح العاشر: ٤-٥. (المترجم)

ئەو حەقیقەتەی کە لە ڕێگەی ئایینەوە دەگات بە ئێمە، شتێکە لە دەرەوەی ئێمەوە بە ئێمە دەبەخشرێت، ئێمە خۆمان لە بەردەمیدا دەبینینەوە. ئەم هەڵوێستەش —کەم تازۆرێك- بۆ ئایینە وەسەنییەکان دروستە، کە کەس نازانێت لە کوێوە هاتوون. ئەم خاسیەتە بەشێوەیەکیزۆر ورد لە ئایینی مەسیحیدا ڕەچاوکراوە،ناوەڕۆکە پێدراوەکەشی، شتێکە کە عەقڵی تێپەڕاندووە و کەوتۆتەوە پشتی، یان بە گوزارشتێکی تر ناوەڕۆکێکی دانراوە (ناسروشتییە)، بەشێوەیەکی گشتی وتراوە حەقیقەت ئەوەیە کە یەکێك لە پێغەمبەرەکان یان نێردراوێك لە ئاسمانەوە لەناو ئایینێدا ئاشکرای کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرای کردووە کێیە، ئەمە مەسەلەیەکە لە ڕووی ناوەڕۆکی ئایینەوە هیچ گرنگییەکی نییە. گەلەکان هەموویان قەدروو ڕێز و پێزانین و خۆشەویستی خۆیان بۆ مامۆستاکانیان نیشانداوە: موسا و موحەمەد و زەردەشت. بەڵام ئەم مەسەلانە هەمووگوزارشتن لە شتی دەرەکی، واتە تەنها مێژووە و هیچی تر. ئەو تاکە کەسانەی کە مامۆستایانی گەلەکانیانن هەرگیز بەشێك نەبوون لەناوەڕۆکی بیرو باوەڕ (عەقیدە) و لەناوەڕۆکی ڕەهاو، حەقیقەتی هەتاهەتایی ڕەها، تاکەکەس تاکێك نییە کەوتبێتە ناو بیروباوەڕەوە، «کەس» ناوەڕۆکی بیر و باوەڕنییە. ئیمان بە کەسێکی ئاوا ئەوە ناگەیەنێ کە ئیمانە بە ئایین، مەعریفەی ئەوەی کێ مامۆستایە شتێکی پەتییە و بیرو باوەڕ نییە و زانیستێکیش نییە کە پەیوەندی بە بیر و باوەڕەوە هەبێت. بەڵام بە گوێرەی ئایینی مەسیحی ئەمە شتێکی ترە، کەسایەتی مەسیح بە خۆی دیاریکردنی سروشتی خواییە، بەم مانایەش مەسیح کەسێکی مێژوویی نییە. ئەگەر هاتوو هەروەك کەسایەتییەکی مێژوویی یان مامۆستایەکی، وەك فیساگۆرس و سوکرات و کۆڵمبوس سەیرمان کرد، ئەوا هیچ گرنگییەکی نامێنێ، ئەگەر هاتو کارەکە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی ڕێنماییەکانییەوە هەبێت، لەوانەیە زۆر بێ ئەرزش بێت. بەڵام ئەم کەسە —واتە مەسیح خۆی- لە ئایینی مەسیحییەتدا بە هۆی ئەو کەسایەتییەی کە هەیەتی کوڕی خوایە و ئینجا بە سروشت خوا خۆیەتی، ئەگەر هاتو وەحی، خودی سروشتی خوای ڕۆشن نەکردەوە، ئەوا وەحی شتێکی هەمەکی یان خوایی لە خۆی نەگرتووە. ئەوەش گرنگ نییە ئەوە کێیە کە وەحی دەکات، بەڵکو ئەوە گرنگە بەچی وەحی کردووە، هەر ئەمەشە کە ئێمە بایەخی پێدەدەین.

گوتراوە ئەوەی کە وەحی پیکراوە شتێکە لە توانای عەقڵی مرۆییدا نیە، کە بە هەوڵی تایبەتی خۆی پێبگات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە حەقیقەت —واتە



مەعریفەی سروشتی خوا- یەکەمجار لە دەرەوە را بۆ خەڵکی هاتووە و هۆشیاریش بە حەقیقەت وەك بابەتی شتێك دەکەوێتە دەرەوەی ئێمە و دەکرێت بەشێوەیەکیهەستەکی پەی پێبرێت، ئەمەش یەکەم شێوەی هۆشیارییە بە هەر شتێك، بۆ نموونە دەبینین موسا تیلە گرتنی خوایە لە چڵ و پۆپی ئاگرێکی هەڵگیرساو[30]، هەروەك ئەوەی کە یۆنانییەکان خواوەندەکانی خۆیان لە پەیکەرە مەڕمەڕییەکان یا لە وێنەی تری وەك ئەو وێنانەی کە شاعیرەکانی بە خەیاڵ دروستیان دەکەن. بۆ خۆیان، دەیانوێننین. سەرەتای هۆشیاری لە لای ئێمە بەم ڕێگە دەرەکییە. ئا ئەو ئاستەیە، ئەو ناوەڕۆکەی کە مەبەستمانە لە سەرەتادا وەك پێدراوێك لە ڕێگەی بیستن و بینین و ... هتد خۆی نیشاندەدات لە دەرەوە دەدرێت بە عەقڵمان. بەڵام هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە لە ئاست ئەم حاڵەتە دەرەکییەدا ڕاوەستین، ئەمەش نە بەگوێرەی ئایین و نە بەگوێرەی فەلسەفە. پێویست ناکات پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو شێوە خەیاڵکردانە یان ئەو دەستهاودرە مێژووییانە هەروەك پەیوەندییەکی دەرەکی بمێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێت ئەم پەیوەندییە بە گوێرەی خۆی ببێتە شتێکی گیانی بۆ گیان و ڕاوەستێت لەوەی کە ببێتە شتێکی دەرەکی، مەبەستم ئەوەیە —کە بەشێوەیەکی ورد- لەوەدا بزر نەبێت کە گیانی نییە (گیان و عەقڵ یەك شتن، ئێمە لە ڕاستیدا بیر لە عەقڵێکی پەتی دەکەینەوە، بەڵام عەقڵی عارفی ئیجابی چالاك، گیانە). پێوستە لە گیان و حەقیقەتدا خوا بناسین[31]. بەم شێوەیە دەبینین ناوەڕۆکی ئایین خوایە

---

[30] لە نووسینە گەنجانە لاهووتییەکانیدا بە تایبەتی ((ژیانی مەسیح)) هیگڵ سەیری مەسیح دەکات وەك مامۆستایەکی ئاکار کە بانگهێشت بۆ ئاکاری کانتی بکات، هەروەها بەراوردێك لە نێوان سوکرات و ئەو دەکات و فەیلسووفەکەی ئەسینا بە باشتر دەزانێت. قارن: د. امام عبدالفتاح امام ((هیجل ... و عصره)) الناشر مکتبة مدبولی بالقاهره. (المترجم).

٢- لێرەدا باسکردنی کۆڵۆمبۆس جێگای سەرسوورمانە، بەڵام بڕوانە ئەوەی کە هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا دەڵێت دۆزینەوەی ئەمریکا ڕووداوێك بوو لە چوار چێوەی کەنیسەدا، ئامانجی کۆڵۆمبۆسیش، بە شێوەیەکی گشتی ئامانجێکی ئایینی بوو... هتد من تعلیقات نوکس ص ١٢٩ حاشیة٢. (المترجم).

٣- ((فریشتەکانی یەزدان بە بڵێسەی ئاگرێکەوە کە لە ناوەندی حەقەڵێیەکەدایە دەردەکەوتن، گەر مەقەڵێیەکە بە ئاگر هەڵگیرسێت، ئەوا خۆی ئاگر ناگرێت .... هتد سفر الخروج. الاصحاح الثالث: ٣. (المترجم)

[31] بەراوردکە: ((خوا گیانە، ئەوانیش کە کڕنۆشی بۆ دەبن دەبێت بە گیان و بەهەق کڕنۆشی بۆ بەرن)) انجیل یوحنا الاصحاح الرابع:٢٤. (المترجم).

بەوەی کە گیانە. گەر پرسیارمان کرد: خوا کێیە؟ ئەوا هەر دەبێت وەڵام بدەینەوە: خوا گیانی هەمەکییە، گیانی ڕەها و چیەتیانەیە. لە لێکۆڵینەوەشمان بۆ پەیوەندی نێوان گیانی مرۆیی و گیانی خواییدا، هەموو شتێك لەسەر تێڕوانینی ئێمە ڕادەوستێ بۆ ئەوەی کە گیان لە سەری دەبێت.

کەواتە پرسیاری یەکەم ئەوەیە: ئەوەی کە فەلسەفە لە ئایین جیا دەکاتەوە چییە؟ یان لایەنی جیاوازی نێوانیان کامەیە؟ سەبارەت بەم بابەتەش هەندێك خاڵی گرنگ دەهێنینەوە، دوایش —بەپێی توانا- هەوڵدەدەین لەسەر یان بدوێین.

گیانی خوایی و گیانی مرۆیی هەر دووکیان لەوەدا بەشدارن کە لە خۆیاندان و بۆ خۆیانن، واتە گیانی هەمەکی ڕەها. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە هەمانکاتدا—گیانە، لە خۆیدا سروشتیش دەگرێتەوە خۆی، بەڵام بەو مانا رووکەشەی کە بێ لایەنێکی کیمیاوی دەیڵێت، لەیەك شوناسدا لەگەڵ سروشتدا یەکدەگرێت. شوناسیشی لەگەڵ سروشتدا مانای ئەوە دەگەیەنێ کە سروشت لایەنە سەلبییەکەیەتی و ئەوەش کە واقیعییە دەبێتە ئایدالی و هیچی تر. هەر ئەمەشە ئایدیالیەتی گیان ئەو گیانە هەمەکییەیە کە لەیەك کاتدا ئایین و فەلسەفە پێیەوە پەیوەستن، ئەمەش هەمەکییەتی ڕەهایە و هەمەکیەتی دەرەکی نییە، واتە ئەو هەمەکییەیە کە دەچێتە ناو هەموو شتێك و لەناو هەموو شتێکدا ئامادەیە. پێویستە واگیان بۆ خۆمان بنوێنین کە گیانێکی ئازادە، ئازادی گیانیش واتە ئەو بە خۆیەتی، بە پەیبردنێکی سەراپاگیریش پەی بە خۆی دەبات، سروشتیشی لەناو بەناویەکدا چوونە لەگەڵ ئەوی تردا و لەناو ئەوە دایە کە بتوانێت خۆی تیایدا وەدی بکات و خۆی بە خۆی وەدی بهێنێت و چێژ لە خۆی بکات.

ئالێرەدا پەیوەندی گیان بە گیانی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو قەدەرش هیچ کرنگییەکی نییە، کە بە هۆیەوە تاك یەکگرتوو و ڕەقەو نەرم نابێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەردەبێت خۆمان لەم گەردخوازیە Atomism دوورخەینەوە. هەر دەبێت گوزارشت لە جیاوازی نێوان تاکی و هەمەکی بەو شێوە بکەین، کە هەمەکییەکە ئەوەندە بێت کە گیانی خوایی لەناو هەموو مرۆڤێکدا یان لەناو هەموو خودێکی مرۆییدا دەدرەوشێتەوە، لەم کاتەدا ئەو گیانەی کە لە گیانی ڕەها تێگەیشتووە، گیانی خودییە.



هەردەبێت ببینە خاوەنی ئایینێك و سەر بە ئایینێك بین، کەواتە بنچینەی باوەڕی ئێمە چییە؟ بنچینە ئەو شەهادەیە کە گیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئایین پێشکەشی دەکات، لە ئایینی مەسیحیدا بە ڕێگایەکی جۆرا و جۆر گوزارشتی لێکراوە، مەسیح خۆی بە توندی سەر زەنشتی فەریسییەکان[32] دەکات لەسەر ئەوەی کە ئیمانیان بە هێزی موعجیزە هەیە، ئەوەی کەوا دەکات ئیمان ئیمانێکی ڕەسەن بێت تەنها شایەتی گیانە. ئەگەر ویستمان پێناسەی ((شایەتی گیان)) زۆری بەدیقەتەوە بکەین، ئەوا هەر دەبێت بڵێین: تەنها گیان دەتوانێت پەی بە گیان بەرێت، گیان شتێکی ترە جگە لە سروشت، یان دابڕانێکە لە ڕەوتی سروشتدا، بەڵام گیان هەر خۆی پیاهەڵشاخانێکی ڕەهایە بۆ سروشت، هەر خۆیشی موعجیزەی ڕاستەقینەیە دژی ڕەوتی سروشت، توخمی ئیجابی ڕاستەقینەشە لە دژایەتی کردن و ڕووبەڕووبوونەوەی سروشتدا، بەم شێوەیە بە تەنها گیان دەتوانێت پەی بە خۆی بەرێت و بەشێوەیەکیسەراپاگیریش لە خۆی تێبگات، خواش گیانی هەمەکییە، دوای ئەمەش لە باتی گۆکراوی «خوا» دەتوانین بڵێین «گیانی خوایی هەمەکی» پێویستە بەو سادەییە هەمەکییەتی گیان ڕاڤەنەکرێت کە بێ لایەنییە بۆ خاسییەتێکی هاوبەش، بەڵکو دەبێت وا ڕاڤە بکرێت، کە دەست بەسەراگرتنێکی گشتگیرە، واتە ئەو یەکبوونەیە کە تیایدا خۆی دەبێت و ئەوەی تریش دەبێت. ئەمەیە حەقیقەتی هەمەکی. گیانی هەمەکی (أ) هەمەکییە، (ب) بۆ خۆی بابەتییە. بەم شێوەیە بە خۆی دیاریدەکرێت و دوایش دەبێت بە گیانێکی بەشەکی. بەم شێوەیە هەمەکییەتی حەقیقەت —گەر بمانەوێت بە مانای باو بەکاریبهێنین- لە دوو توخم پێکهاتووە: هەمەکی خۆی و ئینجا بەشەکی. هەمەکیەت تەنها لە یەکێکیاندا پەنهان نییە کە لە لێکدژیدایە لەگەڵ ئەوی تریاندا، بەڵکو لە کۆکردنەوەی هەر دووکیاندا پەنهانە، ئەگەر هاتو ئەم کۆکردنەوەیە وای لە یەکێکیان

---

[32] فەریسییەکان Pharises: تایفەیەکی جوولەکەی سەدەی دووەمی پێش زاین بوون، بەوە ناسرابوون، کە بە شێوەیەکی ساختە خۆیان بەتە قسەکان و خود پارێزییەوە پابەند دەکەن (المترجم)

بەراوردکە: ((لەم کاتەدا کۆمەڵێك لە کتێبنووس و فەریسییەکان وتیان: ئەی مامۆستا ئێمە دەمانەوێت بەڵگەیەك لەسەر دەستی تۆ ببینین، وەڵامی دانەوە و پێی وتن: وەچەیەکی شەڕخواز و دووڕوو بەڵگە داوادەکەن، جگە لە بەڵگەکەی یۆنان پێغمبەر شتێکی تریان پێ نەدرا)) متى الاصحاح العاشر ٣٨-٣٩ یەسوع وتی: ((باوەڕ باهێنن گەر بەڵگە و شتە سەر سوڕهێنەرەکان نەبینن)). يوحنا الاصحاح الرابع: ٤٨. (المترجم).

کرد کە لەگەڵ ئەوی تریاندا تێکئاڵێت و بچێتە ناوییەوە، ئەوا لەناویدا دەگات بە خۆی، ئەویتر ئەویتری خۆیەتی، ئەم ئەویترە و خۆی هەریەك شتن. لەناو ئەم پەیبردنە خوایە سەراپاگیرەدا دوالیزمیەت هەیە، گیان واپەی بە خۆی دەبات کە لەیەك کاتدا پەیبەر و پەیپێبراوە، بەڵام تەنها بەم شێوەیە یەکبوونی ئەوەی کە پەیبەرە لەگەڵ ئەوەی کە پەیبراوە، ئەنجامدەدرێت. گیانی خوایی پەی پەی پێبراو گیانێکی بابەتییە، بەڵام پەیبەر گیانی خودییە. بەڵام گیانی خوایی بە تەنها ئەو لایەنە نییە کە وەردەگرێت بۆ ئەوەی پەییبراو بێت، ئەم وەرگرتنە لە جووڵەی خۆیدا ناکرێت هەبێت تەنها وەك کاتی و راگوزەر نەبێت، بۆ یەك سات لەم جووڵەیەدا بەردەوام دەبێت. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە بری تێپەڕاندنی ئەم جیاکارییەی نێوان گیانی خودی ئیجابی و گیانی بابەتی وەرگر، گیانی خوای هەر خۆی کرۆکییە، هەرخۆیشی ئەو چالاکییەی تێگەیشتنە یان ئەو چالاکییەی پەیبردنی خودی سەراپاگیرە. ئەو گیانە خودییەی کە پەی بە گیانی خوایی دەبات هەر خۆی گیانی خواییە. ئەمەش خاسیەتێکی بنچینەیی راستە بۆ پەیوەندی خودی گیان خۆی.

-هەر لەم خاڵەشەوە- پێویستە درێژە بە رێگاکەمان بدەین و بەرەو شێوە جیاوازەکانی ئەم ((پەیبردنە سەراپاگیرە)) بڕۆین، ئەوەش کە ناوی دەنێین ئیمان، ئەو گیانە خواییەیە بە رێگایەکی هەمەکی و کرۆکی پەی پێبراوە، بەڵام گیانی خوایی بەدەرە لە ئیمان و بەو شێوەیە نابێت کە بەپێی بیرو باوەڕی کەنیسە هەیە. گیانی خوایی بوونێکی ناڕاستەخۆ نییە، بەڵکو لە گیانی مرۆڤدا و لە گیانی ئەوانەی کەسەر بە کۆمەڵگاکەی ئەون، ئامادەیە، لەم ساتەوەختدا گیانی تاکانە پەی بە گیانی خوایی دەبات، مەبەست لە ماهیەتی گیانی تایبەتی ئەوە و ماهیەتی تایبەتی و کرۆکەکەیەتی. بەشێوەیەکی زۆر وردیش ئەم ماهیەتە ئەو هەمەکییە بەردەوامەیە کە لە خۆیدا بۆ خۆی دەمێنێتەوە. ئەمەش ئیمانی کەنیسەی ئینجلییە، ئەم ئیمانە ئیمانێکی مێژووییانە نییە، واتە ئیمان بە مەسەلە مێژووییەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم ئیمانە لوسەرییە ئیمانە بە گیان خۆی یان هۆشیارییە بە کرۆکی گیان. بەپێی تیۆری نوێی ئیمان[33] گەل دەڵێت: من ئیمان دەهێنم، من یەکڕاست دەزانم کە جەستەیەکم هەیە. بەم

[33] لەوانەیە ئەم گوزارشتە لێدان بێت لە تیۆرەکەی (شلیر ماخەر) لە بارەی ئیمانەوە، کە هاوڕێ و دوژمنی هیگڵ بوو لە زانکۆی برلین — من تعلقات نوکس ص١٣٣ حاشیە (المترجم)



شێوەیە ئەوەی کە پێی دەوترێت ئیمان لێرەدا شتێکی دیاریکراوە و ناوەڕۆکێکە یان ناوەڕۆکێکی تر. کە بەشێوەیەکیڕاستەوخۆ لەناویدا ئامادەیە و هەیە و خراوەتە بەردەم هۆشیاری راستەوخۆی ئێمە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئیمان بەواتا دەرکییەکەی وەرگیراوە. بەڵام واتا ناوەکییەکەی ئیمان بەشێوەیەکی زۆر ورد مەعریفەیە بە گیانی رەها. ئەم مەعریفەیەش لە شێوە یەکەمیەکانی خۆیدا کە لەناو گیانی مرۆیدا دەبێت، بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەیە، دوای ئەمەش دەستەواژەکە لە بارەی یەقینی راستەخۆیە. ئەمەش جگە لە شایەتیدان بۆ گیانی مرۆیی شتێکی تر نییە، ئەمەش بەشێوەیەکیگشتی رەگێکی دێرینی شوناسی گیانە. گیان لە دایکدەبێت و دەدرەوشێتەوە و خۆی دەردەخات، بە هەمان شێوەش شایەتی لەسەر خۆی دەدات و شایەتی لەسەر یەکبوونی لەگەڵ خۆیدا دەدات، هەروەها بە خۆیشی هۆشیار دەبێت و بە یەکبوونی لەگەڵ بابەتەکەشیدا هۆشیار دەبێت، چونکە هەر خۆی بابەتەکەیە. کاتێك کە هۆشیاری بەم بابەتە رێچکە دەگرێت و گەشە دەکات و شێوەیەك وەردەگرێت، ئەوا ئەم ناوەڕۆکە لەوانەیە لە بری پێدراوێك بۆ هەستکردن و لە بری وێناکردنێك بۆ هەست دەرکەوێت، ئەو کات وەکو ئەوە دەبێت کە لە دەرەوە دێت، هەروەك ئەوەی کە لە میتۆلۆژیادا هەیە. ریشەکانیشی لە دیدێکی مێژووییانەوە سەیرکراون. ئەمەش شێوازی دەرەکی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام ئەوەی داوای شایەتی گیان دەکات، دەشکرێت ئەم ناوەڕۆکە لە دەرەوەدا بێت و بدرێت و وەربگیرێت، بەڵام ئیمان هەر دەبێت گیان شایەتی لەسەر بدات. پەیبردنی خودی سەراپاگیری گیان ناو دەنێین ((ئیمان))، بەڵام ئیمانێکی نائۆمێد و مێژوویی و پوخت نا، بەڵکو ئیمانێکی لەو جۆرە کە لە پێش چاکسازی ئایینەوە لە کەنیسەدا هەبووە، ئیمانی ئێمە، ئیمانێکی لۆسەرییە (من هەر لۆسەریم و لۆسەریش دەبم) و ئەمەش باشترین ئیمانە.

پەیوەندی گیان بە خۆیەوە یەکبوونێکی پەتیانەی بەراییانەیە وەك کرۆکەکەی سپینۆزاییە، هەروەها کرۆکێکی بابەتیانەش نییە، بەڵکو کرۆکێکی مەعریفی تاکە کەسییە، ئەو هوشیارییە خودییەیە کە خۆی لەناو گیانی خواییدا دەناسێت، لەناویشیدا وەك ناکۆتادارێك ئامادەیە. هەر ئەم خاڵەشە کە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی گیان بە خۆیەوە لە بواری ئاییندا، دەبێت بە بناغەی دابنرێت. بەڵام ئەوەی کە بە لە خۆبوردەییەوە باسدەکرێت، مەبەست لەو کەموکورتییەیە کە لەو بێ دەسەڵاتییە (پێی زانراوە)ی مرۆڤ لە بەرامبەر ناسینی خوادا دەردەکەوێت، دەبێت بە تەواوەتی دووری بخەینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناسینی خوا بەڕاشکاوانە تاکە ئامانجێکی

ئایینە دوایین ئامانجیشیەتی، ئەگەر بێتوو ئەوە پێویست بێت ئێمە خاوەنی ئایینێك ببین، ئەوا ئەو ئایینە هەر دەبێت لەناو گیاندا بێت، مەبەستم ئەوەیە لەناو مەعریفەدا بێت، مرۆڤی سروشتی ئایینی نییە و هیچیش لەبارەی ئایینەوە نازانێت ((چونکە مرۆڤی سروشتی لە گیانی خواوە هیچ شتێك وەرناگرێت...))[34].

ئێمە دەزانین —گەر بە دیقەتێکی زیاترەوە لەبارەی ئایینی مەسیحییەوە بدوێین. ئەوا مەسیح. لە دەوروبەری دوو هەزار ساڵەوە هاتە ناو دنیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەڵێت ((ئەوەتا من تا تەواو بوونی گەردوون، لە هەموو روەکاندا لەگەڵتام ....))[35] هەروەها دەڵێت ((لەبەر ئەوەی گەردوویان سێ کەس بەناوی منەوە کۆبوونەوە ئەوا من لەناوەندیاندام ... ))[36] ئەو ئامادەیە بەڵام نەك لەوێنەی ئەو کەسەدا، ئەو ئامادەیە بەڵام بەو شێوەیەن کە ببینێرێت و ببیسترێت، سەرەڕای ئەمەش گەر ئەو نەگەڕایەوە بۆ ناوتان ((... ئەوا گیان بەرەو هەموو حەقیقەتێك ڕێنمایتان دەکات ...))[37]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندی لێدەرچوون دووربخرێتەوە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە حەقیقەتەوە نییە، ئەوەی کە پێشتر لێی دوایین ئەم وەرگرتانە روونی دەکەنەوە، ئێمە لە لایەکەوە هۆشیارییەکی خەیاڵیمان هەیە، ئەو بابەتەی هۆشیاری پێ پەیدا دەکات لە دەرەوەی ئێمەیەو لە ئێمە دابڕاوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە لێرەدا، پەرستش و پەرستشکاری و هەستکردن بە یەکبوون هەیە لەگەڵ ئەم بابەتەدا. لەگەڵ ئەمەشدا پەسەندکردن دەردەکەوێت، جارێك لێدەرچوون بە هێز تردەبێت و جارێکی تر پەرستش بەهێز دەبێت، جارو بار سەر لە نوێ مەسیح دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو حاڵەی کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەوەو پێش لە فەلەستیندا هەبووە. ئەو لەم شارە (دوورەدا) یان لەم ژینگەیەدا جگە لە کەسایەتیەکی

[34] بەراودیکە بەم دەستەواژەیەی قدیس پۆڵس: ((بەڵام مرۆڤی سروشتی ئەوەی کە لە گیانی خواوەیەوە وەرناگرێت، چونکە خاوەنی نەفامییە و بۆشی نالوێ کە بیناسێت، چونکە گەر لە گیانەوە حوکمی بکرێت ....)) رسالة ثولس الرسول الاولى الى اهل كورتنوس الاصحاح الثانى: ١٤ (الترجم).

[35] انجيل متى: الاصحاح الثامن و العشرون: ٢٠ (المترجم).

[36] انجيل متى: الاصحاح الثانى عشر: ٢٠. (المترجم).

[37] انجيل متى: الاصحاح الثاني عشر: ٢٠. (المترجم).

بگەڕێوە بۆ ئینجیل یوحەننا: ((بەڵام هەر کاتێك ئەم گیانی هەقە هات، بۆ هەموو هەقێك ڕێنوێنیان دەکات، چونکە لە خۆیەوە قسە ناکات .....)) الاصحاح السادس عشر ١٣. (المترجم).



مێژووی هیچی تر نییە، بەڵام جاری واش هەیە تای پەرستش و پەستشکاری لاسەنگ دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی هەستکردن بە ئامادە بوونییەوە دەبێت. بەمەش ئێمە هێشتا هەر لێکدژیەکی بەردەوام لێرەدا دەبینین، واتە لە ئاییندا.

لەم بارەیەوە، هەردەبێت، تێبینی دوو لایەن بکەین:

لایەنی یەکەم: پەرستش و پەرستشکاری (تەقسەکان)ی وەك شێوانی رەبانی یان پیرۆزکردن[38] کە مەسیح بە ئامادە بوونێکی راستەوخۆ ئامادە دەبێت، ئەمەش جۆرێکە لە پەیبردنی گشتگیری گیانی خوایی، کە بە خۆی و واقعی عەقڵی خۆی لەناو کۆمەڵەکەدا هوشیار دەبێت.

لایەنی دووەم: ئەو هۆشیارییە پەرەسەندووەیە تا ئەو ئاستە کە ئەم ناوەڕۆکە بابەتی دەبێتەوە. ئەوەش کە لەم خاڵەدا روودەدات. ئەوەیە کە مەسیح دەنێردرێتەوە بۆ دواوە بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش و بۆ قوژبنێکی بچووك لە فەلەستیندا دەبێتە کەسێکی ناسراو لە کات و شوێنێکدا. بە شێوەیەك دەتوانین وەك کەسایەتییەکی مێژووی بە یادی بهێنینەوە، بەڵام کەسایەتیەکی دوور لە ئێمە نییە. بەرامبەر ئەمەش لە ئایینی یۆنانیدا ئەوە هەیە کە ئەو خوایەی هەیانە لە قۆناغی پەرستش و هەستەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغی پەیکەرێك لە مەڕمەر و تەختە. ئەم خستنەڕووە دەرکییە هەروا دەبێت، ئیتر نانی قوربانیش ((Host)) بەو شێوەیەی کە ئاوایە، بە گوێرەی ئێمە لە خۆیدا پیرۆز نییە، بەپێی بیرو باروەڕی لۆسەری، شەراب و نان لە رووی بوونیانەوە وەك بابەتێکی دەرەکی شتانێکی پیرۆز (یان خوایی)نین،

[38] شێوانی رەبانی یان پیرۆزکردن، یان ئیفخارسنا (ناوە یۆنانییەکەی):- یەکێکە لە تەقسە مەسیحییەکانی کە تیایدا وێنەی دوایین شێوان دەگەڕێنرێتەوە، کە مەسیح لەگەڵ قوتابییەکانیدا دانیشتووە: ((نان و سوپاسگوزاری و پارچە نانی وەرگرت و پییێدان و گوتی: ئا ئەمە ئەو جەستەی منە کە لە پێناوی ئێوەدایە، هەروەها دوای شێوانیش بۆ جامەکەش دەڵێت: تا ئەمەش پەیمانێکی‌نوێنەر بە خوێنی خۆم کە لە ئێوەوە درژێت)). ((ئنجیل لوقا ٢٢: ١٩-٢٠)) ئەم تەقسە گوزارشتە لە گیانی خوشەویستی نێوان کۆمەڵی مەسیحییەکان، یان یەکبوونی کەنیسەیە لەگەڵ مەسیح و مەسیحیدا، ئەمەش بەراستگێڕانی گوتەکەی مەسیحییە ((هەرکەس لە جەستەم بخوات و لە خوێنم بخواتەوە، لەناومدا جێگیر دەبێت و منیش لەناویدام)) انجيل يوحنا الاصحاح السادس: ٥٦. (المترجم).

بەڵکو تەنها لە رووی ئیمان و چێژەوە پیرۆزن، بە گوێرەی ئێمە وێنەی قەدیسێك شتێکی ترە و ئەو پارچە بەردو و قوماشە نییە...هتد.

((هەر کەس وشەیەك لەسەر کوڕی مرۆڤ بڵێت لێ دەبووردرێت. بەڵام گەر وشەیەك لەسەر (الروح القدس) بڵێت لێی نابووردرێت، نە لەم جیهانە و نە لەو جیهانەی کە دێت ...))[39]. درۆکردن لەگەڵ گیاندا، بە تەواوەتی ئەوە دەگەیەنێ کە بڵێین گیان نەهەمەکییە و نەپیرۆزە، واتە مەسیح دابڕاو و تەرککراوە لە ئێمە،شتێکی ترە جگە لەو کەسە، تەنها کەسێکە و جارێك لەناو یەهوودیەتدا Judeu[40] دەرکەتووە، یان تائێستاش هەر ماوە بەڵام لە بەرزاییەکاندایە، لە ئاسمان، هەر خوا خۆی دەزانێ لە کوێیە، بەڵام بەشێوەیەکی راستەقینە لە کۆمەڵدا نییە. هەر کەسێك کە لەبارەی عەقڵی مرۆیی ناکۆتادار بە شێوە پوختەکەی درۆ بکات، یان کەسێك هیچ نەڵێت جگە لە کەموکورتییەکانی ئەم عەقڵە، ئەوە درۆی لەگەڵ گیاندا کردووە، چونکە گیان لەوەوە کە پەیبردنێکیخودی سەراپاگیرە، هەمەکی و کۆتادارە، خۆ لەناو وشەدا و لەناو سنوور بەندکردنەکان و کەم و کورتییەکاندا و بەشێوەیەکی گشتی لەناو کۆتادا نابینێتەوە، ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەم شتانەوە نییە، ئەو لە خۆیدا نەبێت پەی بە خۆی نابات، واتە لەناو ناکۆتاداریدا نەبێت پەی بەخۆی نابات. ئەو شێوەیەی کە فەلسەفە دەیگرێت، هەمان شێوە نییە کە ئایین دەیگرێت، پێویستە ئێمە بە دیقەتێکی زیاترەوە لەمە بڕوانین، پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین هەر خۆی سروشتی گیانە.

(أ) هەردەبێت لە مەسەلەکانی گیاندا سەرتاکە ئەوە بێت، کە لەم راستیەوە دەستپێکرێت: ئەوە هەیە، چونکە دەدرەوشێتەوە لە راستیدا ئەو، ئەو تاکە شوناسە کرۆکییەیە، بەڵام کاتێك کە دەدرەوشێتەوە لە هەمانکاتدا جیاواز دەبێت، یان لەناو خۆیدا خۆی جیادەکاتەوە. ئەمە ئەو ساتەیە کە هۆشیاری خودی کۆتادار دەچێتە ناوی (هەر شتێك لە کۆتاییدا سنوورێکی هەبێت، سنوورێك ئەویتر لێیەوە دەستپێبکات، ئەوە کۆتادارە، ئەمەش بەو سادەییە نابێت بەڵکو لە کاتێکدا دەبێت کە جیاوازی و دیاریکردن هەبێت)، بەڵام کاتێك گیان دەدرەوشێتەوە، بە خۆی

[39] انجيل متى: الاصحاح الثانى عشر:٣٢. (المترجم).

[40] ناوێك بووە کە لە کۆندا بە باکووری فەلەستین وتراوە، لەو کاتەدا کە لە ژێر فەرمانڕەوایی روماندا بووە. (المترجم).



ئازاد دەبێت، تا هیچ جیاوازییەك بێزاری نەکات و نەنگی لە جیاوازییەکاندا کاری لێنەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جیاوازییەکان لەبەردەم گیاندا روون و بێگەرد و ئاشکران. یان بە گوزارشتێکی تر: لەبەردەم گیاندا هیچ شتێك دیاریکراو نییە و شتێك بە ناوی دیاریکردنەوە بوونی نییە، دوای ئەمەش جیاوازی بوونی نییە، چونکە هەموو دیاریکردنێك جیاوازییە. کاتێك کە خەڵکی لەبارەی کەم و کورتی یان سنووری گیان یان عەقڵی مرۆیی دەدوێن، لەسەرێکەوە راستە، مرۆڤ دیاریکراو و کۆتادارە، تەنها ئەو لایەنەی نەبێت کە گیانی تیایە، کۆتاداری کار لە لایەنەکانی تری بوونی دەکات. مرۆڤ گیانە، بەڵام گەر ئەم گیانە رێگایەکی ناگیانی لەناو ئەودا گرتەبەر، یان مرۆڤ بەبێ گیان هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا هەڵسوکەوت و رەفتاری لەگەڵ شتە دەرکییەکاندایە، بەڵام کاتێك کە مرۆڤ وەك گیان بەوەی کە گیانە هەڵسوکەتی کرد، ئەوا لەم کاتەدا سنووری بۆ نابێت. ئەو سنوورانەش کە بەسەر عەقڵدا سەپێنراون کۆمەڵە سنوورێکی داسەپێنراون بەسەر ئەم مرۆڤەدا. بەڵام کاتێك کە مرۆڤ بەشێوەیەکیعەقڵی رێگا دەگرێتەبەر، ئەوا ناکۆتادار و بێسنوور دەبێت. (بێگومان نابێت لێرەدا وشەی ((ناکۆتاداری بە شێوە پەتییەکەی وەرگیرێت و بە کاتیگۆرییەك لە کاتیگۆرییەکانی تێگەیشتن بزانرێت...)). گیان هەر ناکۆتاداربووە، لە هەموو پەیوەندی و درەوشانەوە و شێوە و وێنەکانیدا هەروەك گیان دەمێنێتەوە. جیاوازی نێوان گیانی هەمەکی، کرۆکی، و نێوان گیانی خودی، جیاوازییە، ئەم جیاوازییەش تەنها لە بەردەم گیاندا بوونی هەیە. گیان وەك بابەت، پێویستە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا بە گیانی خودییەوە ببەسترێتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەم شێوەیە نابێت، گەر گیانی نەبێت، نەك بە رێگایەکی سروشتی یان راستەوخۆ. ئەمەیە ئەو هەڵوێستە بنەڕەتییەی مەسیحییەت کە تیایدا مرۆڤ رێنوێنی دەکرێت و بە نیعمەتی خوایی... Grace و بە (روح القدس) (واتە بە گیانی ماهییەتیانە) رووناك دەبێتەوە. ئەو کات (القُدس) بە مرۆڤەوە وابەستە دەبێت و ئەمەش بە تەواوەتی گیانە. ئەم گیانە زنیدووەی مرۆڤ وەك گەوهەرێکی بریسکاوە (فسفۆڕی) وایە، زوو گڕ دەگرێت و توانای گڕگرتنی تیایە، دەکرێت لە دەریشەوە و لەناویشەوە ئاگری تێبەربدرێت، بۆ نموونە، کاتێك کە مرۆڤ ناوەڕۆکی بیر و باوەڕی ئایینی دەزانێت و کاتێك کە خەیاڵ و هەستی بە هۆیەوە دادەگیرسێت، یان کاتێك کە بیروباوەڕەکانی دەسەڵات وەردەگرێت، دەکرێت ئاگر لەناوەوە هەڵگیرسێت، بەڵام کاتێك کە وەك گیان رێگا دەگرێت، ئەوا ئاگر لەناو خودی خۆیدا هەڵدەستێت، چونکە لەناو خۆیدا بە شوێن

ئاییندا دەگەڕێت، هەروەها بە شێوەیەك نیشانیدەدات وەکو وابێت لە خودی خۆیەوە هاتبێتە ئاراوە و دەرچوو بێت. لەم کاتەشدا ئەم مرۆڤە خودی هەرە نزیکی خۆیەتی لە مەزنترین وێنەیدا.

بابەتی ئایین بوونێکی ڕەهایە، بە هەمان شێوەش ناو لە فەلسەفە دەنرێت بۆ ئەوەی ئەم بوونە (یان ماهیەتە) بزانرێت. بەم شێوەیە هەر دەبێت یەکەم شێوەی داواکراوی مەعریفە بۆ خۆمان روون بکەینەوە.

ئەگەر هاتو وتمان فەلسەفە ماهییەت دەناسێتەوە، دوای ئەمە خاڵێکی گرنگ بەدیدەکەین ئەویش ئەوەیە ئەم ماهییەتە بە گوێرەی ئەو شتەی کە ماهییەتەکەی هەیە دەرەکی نابێتەوە. ئەگەر هاتو من وتم ((ماهییەتی گیانم)) ئەوا بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم ماهییەتە لەناو گیانمدایە و لە دەرەوەی گیانمدا نییە، گەر من پرسیارم لە بارەی ناوەڕۆکی ماهییەتیانەی کتێبکەوە کرد، ئەوا من: بەرگ و پەڕەکان و مەرەکەبی چاپکردنەکە و پیتەکان .... هتد، خستوونەتە لاوە، هەروەها ڕێژیەکی زۆری دەستەواژە و لاپەرەکانیشم فەرامۆشکردووە و هیچشم لێ پوختە نەکردووە جگە لە ناوەڕۆکە سادەکەی، یان من هەموو ناوەڕۆکە جۆرا و جۆرەکانم گەڕاندووەتە بۆ سادەییەکی بنچینەیی. ئێستاش: ناتوانین لە بارەی ئەم ناوەڕۆکە کرۆکییەوە بڵێین: دەکەوێتە دەرەوەی کتێبەکە ئەم ناوەڕۆکە شتێك نییە جگە لەوەی کە لە کتێبەکە خۆیدا هەیە، بە هەمان شێوەش یاسا ناکەوێتە دەرەوەی مرۆڤی سروشتییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێکهێنەری بوونی ماهیەتییانەی ڕاستەقینەی ئەوە. ماهییەتی گیانیشی ناکەوێتە دەرەوەی خۆی، بەڵکو کرۆکی ناوەکییەتی و بوونی هەنوکەیی و کارەکی ئەوە.

لەمەوە ئەوە بینادەکرێت کە هەر دەبێت بەسەر ئەو بەد تێگەیشتنە سەرکەوین کە لەوەدا خۆی دەنوێنی، ماهییەت وا لێبکات بابەتێکی دەرەکی مردوو بێت، واتە تەنها پەتیەتی بێت و هیچی تر. ماهییەت شێوەیە، ئەوەیە کە لە خۆیدا ناوەڕۆکێکی ماهیەتیانەیە، یان ناوەڕۆکێکە بەشێوەیەکیوایە کە لە بنەڕەتەوە شتێك بێت بە خۆی دیاریکرا بێت و ئەوەش کە ناوەڕۆکی نییە نادیارکراوە. هەروەك ئەوەی کە لە بارەی کتێبێکدا هەیە کە کۆمەڵە شتێکی زۆری تیایە و دوورن لە ناوەڕۆکی بنەڕەتی کتێبەکەوە، یان هەروەك ئەوەی کە لە گیانی تاکیدا هەیە، لێرەدا ڕێژەیەکی زۆر لە مەسەلەکان و جۆرەکانی تری هۆشیاری هەن کە تەنیا سەر بە



درەوشانەوەکانی گیانن و سەر بە ماهییەتە و ئەو گیانەنین، تاکەکەس —لە ئاییندا- لە بارێکدا دەبێت کە ڕێگای پێبدرێت ئەو ماهییەتە و ئەو بوونە بناسێت و پەی بە یەکبوون و شوناسیەتی خۆی لەگەڵ ئەم ماهییەتە دابەرێت. بەڵام ئەم شوناسیەتییەی تاك لەگەڵ ماهییەتەکەیدا پەتی نییە، بەڵکو ڕاشکاوانە تر گوزەر و گواستنەوی تاکە —وەك بوونەوەرێکی سروشتی- بۆ هۆشیاریی پوخت و گیانی، لەبەر ئەمەش هەر دەبێت لەناو تاکدا پەرتبوونێك لە نێوان بوون و ماهییەتیدا هەبێت. ماهییەت وەك بوون و لەناو بوونیشدا مەودایەکی لە سەربارە ناماهییەتییەکان هەیە، بەم شێوەیە شتە ماهییەتییەکە لەوەدا کە ڕواڵەتیانە دیارە، نوقم دەبێت، هەموو شتێك پشت بەم خاڵانە دەبەستێ بەڵام لێرەدا بەڵگەی لەسەر ناهێنینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە هەڵوێستی تیۆریدا نەبێت، بەڵگە ناتوانێت هەبێت. بەڵام لێرەدا ئەوەی پێویستە تەنها پێشکەشکردنی بیرۆکەیەکە لەسەر ئەم خاڵانە و هیچی تر.

(ب) خاڵێکی تر ئەوەیە چۆن گیان بۆ خۆی بابەتی دەبێتەوە؟ چۆن بە خۆیەوە پەیوەست دەبێت کاتێك کە بە خۆی دەگات بە هۆشیاری؟ لە ڕاستیدا لەم قۆناغەدا شێوەکەی جیاواز دەبێت و پاشانیش دەکرێت بە ڕێگای جۆرا و جۆریش شێوە گیر ببێت و شێوەی جیاوازیش لە شێوەکانی گیان وەردەگرێت، ئالێرەشەوەیە کە جیاوازی لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا دێتە ئاراوە.

- لە بواری ئاییندا- گیان شێوەیەکی تایبەت دەپۆشێت و دەشکرێت بە پەیبردنێکی هەستەکی پەی پێببرێت، هەروەك ئەو حاڵەی کە لە شێوەکانی هونەردا هەیە (مەبەستم لە پەیکەرسازی وێنەکێشان و وێنەگرتنە)، لە هونەردا زۆرجار خواوەندیەتی وێنە دەکێشرێت هەروەها لەو شیعرەشدا وێنە دەکێشرێت کە خستنەڕوو هەستەکییەکی ماهییەتی دەنوێنی. —بەشێوەیەکیگشتی- دەتوانین بڵێین ئەم شێوازەی پێکهاتنی گیان خەیاڵە (بیرکردنەوەیە لە ڕێگەی وێنەکانەوە). —تائاستێکیش- هەر بە هەمان شێوە بیرکردنەوە سەر بە بیرە ئایینییەکانە (یان وێناکارییەکانە). بەڵام لەگەڵ ناوەڕۆکە دەرەکییە ئاساییەکەدا تێکەڵاو دەبێتەوە، نەك ئەمە تەنانەت یاسا و ئاکاریش وان و لە بارەشیانەوە وادەوترێت کە:

* لەسەرووی پەیبردنی هەستەکییەوەن، بەڵام بیرۆکەی من لە بارەیانەوە لە دستەواژە و فرمانە یاساییەکانی و هەستەوە سەرچاوەدەگرن. فەلسەفەش بەوە جیاوازە و لەوێشەوە جیاواز دەبێتەوە

کە لە لایەن ئەوەوە هەمان ناوەڕۆك لە ڕێگەی وێنەی بیرەوە پەی پێدە برێت. بەڵام لە ئاییندا دوو هۆکار هەن:

(١) وێنەی بابەتانە یان جۆری بابەتی هۆشیاری (لەوێوە کە خاڵە کرۆکییەکە —کە ڕەهایە- تیایدا دەردەکەوێت هەروەك ئەوەی لە دەرەوەی گیانی خۆم بێت، دوای ئەمەش هەروەکو ئەوەی خۆی نیشاندەدات کە بابەت بێت). وا وێنای گیانی دەکات کە لەسەر شێوە مێژووەکەیەتی یان لە شێوەیەك لە شێوەکانی هونەردا لەو پەڕی کات و شوێندایە.

(٢) تایپی ملکەچی و سۆزی هەڵگیرساو. لێرەدا دەبینین دووری هەڵخزاوە و دابڕانیش هەڵگیراوە، ئالێرەدا گیان لەگەڵ بابەت دەبنەوە یەك، تاکیش لێو ڕێزە لە گیان. فەلسەفە و ئایین هەمان بابەتیان هەیە و خاوەنی هەمان ناوەڕۆك و هەمان ئامانجیشن. بەڵام ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە لە ئاییندا دوو قۆناغ یان دوو ڕووی بابەتیەت وەدی دەکەین:

أ- هونەر و ئیمان

ب- ملکەچی

- ئەم دوو ڕووە لە فەلسەفەدا دەبنەوەبەیەك، چونکە دەبێت بیر:

أ- لەسەر تایپەکەی یەکەمجار بابەتی بێت و شێوەی بابەتێکیش وەرگرێت.

ب- شێوە بابەتیەتی خۆی لەدەست دەدات، زۆر جاریش ناوەڕۆك و شێوە لە بیردا یەکدەگرن.

ئەو مەودایەی من بیری تیادەکەمەوە، دەبێتە ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی من لە وێنەی بیرۆکەیەکیدا، کە چیتر لەبەردەمدا یان لە ڕووبەڕووبوونەوە و دژبوونەوەمدا پێشنیارناکرێت.

کەواتە، لێرەوەیە کە لە ئایین و فەلسەفەدا یەك ناوەڕۆکی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە، تەنها ڕێگای شێوەگیربوونی ئەم بابەتەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دوو شێوەیە لە جیاوازی خۆیاندا وادەردەکەون، کە یەکێکیان دژی ئەوی تریان بێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو لەوانەیە یەکێکیان ئەوی تریان هەڵوەشێنێتەوە، زۆر جار ناوەڕۆك لەسەر ئەو بناغەیە دەخرێتەڕوو کە بە گرێدانێکی کرۆکیانە بە شێوەوە گرێدراوە. بەڵام ئەو ساغکراوەتەوە کە



لەناو ئایین خۆیشیدا ئەم ڕێگا جیاوازەی کە لە شێوە گرتندا هەیە، نابێت بە شێوە ڕووکەشی و حەرفییەکەی وەرگیرێت، بۆ نموونە وتراوە:

خوا کوڕێکی خستۆتەوە، ئالێرەدا دەبینین مەعریفەی خودی، یان ڕوونکردنەوەی خودی گیانی خوایی (کوڕێکی خستۆتەوە)، بەوە ناودەبات کە باوك خۆی لە کوڕدا دەناسێتەوە، چونکە سروشتی کوڕ هەر خۆی سروشتی باوکە، بەڵام ئەم پەیوەندییەی نێوان باوك و کوڕ لە ژیانی سروشتییەوە سەرچاوەی گرتووە: لە سروشتێکی زیندووەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە گیانەوە لێرەدا لە وێنەیەکی نوێنراوەوە لە بەرامبەر بیرکردنەوە بە وێنەکێشانی وێنەی گوزارشتی لێکراوە. ڕاست گوتراوە. کە نابێت ئەم پەیوەندییە بەمانا حەرفیەکەی وەرگیرێت بەڵکو دەبێت لەم ئاستەدا ڕاوەستن، ئەمەش لەبەر ئەوەی مانای دورست شێوەی بیر دەبێت. دەتوانین هەمان شتیش لە بارەی ئەوەوە بڵێین کە متیۆلۆژیا لە بارەی شەڕی نێوان خواوەندەکان و ئەو شەڕانەوە دەیڵێیت کە لە نێوان خواوەندەکاندا ڕوودەدات، ئێمە یەکسەر بەئاسانی خۆمان دەدەین بە دەستەوە، ئەمە لە لایەکەوە بەهێزی گیانەوە گرێیداوە و لەلایەکی تریشەوە بەهێزی سروشتەوە گرێیداوە، هەریەك لەمانەش دژی زەوین، ئەم لێکدژیەش لەوێنەیەکی خەیاڵکراودا دەخرێتەڕوو.....

(ج) بە گوێرەی ئەم شێوەیە جیاوازە ناجۆرانە، شتێکی ئاساییە کە لەکاتی یەکەم دەرکەوتنی دیاریکراوی خۆیاندا، لەگەڵ هۆشیاریش بەم جیاوازیە، ئەوان لە حاڵەتی دژایەتی کردنی یەکتردابن. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە پێویست و گرنگە چونکە، یەکەم دەرکەوتنی بیر پەتییە، مەبەستم ئەوەیە کە هێشتا لە وێنەکەی خۆیدا تەواو نەبووە، ئەمە ئەو حاڵەیەکە لەگەڵ ئاییندا هەیە، زۆر جار هۆشیاری یەکەمی ڕاستەوخۆی ئایین —سەرەڕای ئەوەش هۆشیارییە بە گیان- هۆشیارییە بەبوونی ڕەها. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، لەگەڵ پێکهاتنی هەستەکی و سەربارە هەستەکییەکاندا تێکەڵاو دەبێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بە هەمان شێوە: پەتییە. دواتر ئێمە لە شێوە زۆر عەینییەکەی بیرکردنەوە تێدەگەین، کە لەناو خۆیدا زۆر بە قووڵی لە بەرامبەر هوشیاریدا چاڵ هەڵدەکەنێ و بیرۆکەی سەراپاگیری گیان بەو شێوەیەی کە ئاوایە دێنێتە دەرەوە، کاتێك کە بەم ڕێگایە پەی بە خۆی دەبات، چیتر ناکەوێتە ناو پەتیەتییەوە وێناکردنی گیانی عەینیش، پەی بە خۆی دەبات، ئەو ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە لە بنەڕەتدا ئەو هەر

له خۆی تێگەیشتووە له خۆیدا بووەته خاوەنی سروشتی جۆری خۆی (که سروشتێکه به تێگەیشتنی دادەنێین و به ماهییەتی رواڵەتی دەزانین). تێگەیشتنی پەتی هەموو دیاریکردنێکی ناوەکی رەتدەکاتەوە، دوای ئەمەش هەموو ئەوەی که لەبارەی خواوە دەیزانێت، ئەوەیه که بوونێکی باڵاو پەتییه. له بەرامبەر ئەمەشەوە لێرەدا شتێکی هاوبەشمان نییه له نێوان بیرۆکەی عەینی سەراپاگیر و لوتکەی پەتیەتییەکی مردوودا Caput Mortunm [41]، بەڵکو شتێکی هاوبەش له نێوان ئەم بیرۆکەیه و گیانی عەینیدا هەیه، مەبەستم لەو گیانەکارا، چالاکەیه که به خۆی دیاریکراوە. دوای ئەمەش —وەك له دوایدا دەزانین- گیانی عەینی له ئاییندا ئەوە دەناسێتەوە که عەینییه —واته ئەوەی که بەشێوەیەکیگشتی دیاریکراوە- نەك ئەوەی که هەستەکییه، بەڵکو ئەوەی که کرۆکییه. بەم شێوەیەشه که خوای یەهوودی له رووی پەتیەتییەوە خوای باوکه. دواتریش به هۆی گیانەوە ماهییەتی پەتیەتی دەناسینەوە. بەڵام ئەوەی که عەینییه هەر تەنها خوا نییه، بەڵکو له راستیدا ئەوەشه که خۆی رووندەکاتەوە و دیاریدەکرێت، ئەویترەکەی خۆیشی به خۆی پێشنیاری دەکات، له کاتێکدا هەر به گیانیش دەمێنێتەوە و وەك ئەوی تریش دەستبەرداری ئەویتر نابێت. بەڵام لەناو ئەویتردا له ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدایه.

هەر ئەمەش خۆی گیانی خواییه، بەڵام له ئاییندا ناکرێت عەینی بناسرێتەوە و دانی پیابنرێت تەنها له رێگەی بیرۆکەی سەراپاگیرەوە نەبێت که له خۆیدا عەینییه. ئالێرەیه که توانایی ئاشتەوایی له نێوان ئایین و فەلسەفه شاراوەتەوە، ئەمەش له کاتێکدا که تێگەیشتنی پەتی هێرش دەکاته سەر ئایین و دەکەوێته شەڕ لەگەڵیدا.

کاتێك که گیانی عەینی دەبێتەوە پەی به لایەنه سەلبیەکەی خۆی دەبات و لەناو خۆیدا دەیگەڕێنێتەوە و دەزانێت که بەشێکه له خۆی و ناکردنەکەی خۆشەیەتی، بەم شێوەیەش دەبێت به ئیجابی. نموونەش بۆ ئەمه ئەوەیه که ئێمه له تەمەنی گەنجیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڵویستی  سەلبی بەرامبەر به جیهان وەردەگرین، بەڵام که دەگەینه تەمەنی پێگەیشتن و

[41] زاراوەیەکی لاتینییه له دوو وشه پێکهاتووە: یەکەم: Caput واته سەر، دووەم: Mortunm واته مردوو، واتای حەرفی ئەم دەستەواژەیه ((سەری مردوو))ە، بەو پاشماوانه دەوترێت که له دوای شیکردنەوە و کیمیاوییەوە دەمێنێتەوە، یان بەو پاشماوانه دەوترێت که هیچ به هایەکیان نییه. (المترجم).



پێدەگەین، دەگەین به هەڵوێستێکی لێبوردەیی وا که وامان لێدەکات دان بەو توخمه ئیجابییەدا بنێین که پێشتر به سەلبیمان داناوە و فەرامۆشمان کردووە و لێی هەڵهاتووین. بەڵام ئەمەش سەختتره لەگەیشتنمان به قۆناغی پەیبردنی لێکدژی.

جووڵەی مێژوویی ئەم لێکدژیەش —بەشێوەیەکی نزیکەیی- بەم شێوەیەی خوارەوەیه:

یەکەمجار بیرکردنەوە لەناو وێناکردنی هەستەکی ئاییندا دەردەکەوێت، دوایش له پاڵ ئەم وێناکردنانەوە، به شێوەیەك دەدرەوشێتەوە که چیتر ناگات به هۆشیاری بەم لێکدژییه، بەڵام دوای ئەوەی بیرکردنەوە پێگەیشتووتر دەبێت و پشت ئەستوورتر دەبێت به خۆی، ئەوە ئاشکرا دەکات که دژی شێوەی ئایینه و بیره سەراپاگیرەکەی خۆی لەناو ئەم هەمەکییەته نادۆزێتەوە و ئیتر به دوای خۆیدا نەبێت، به دوای هیچ شتێکی تردا ناگەڕێت. له جیهانی یۆنانیدا و لەماوە بەراییەکەیدا ئەم جۆره ململانێ یه دژی شێوەی ئایین روودەدات، ئێمه هەر لەم ماوە بەراییەدا دەبینین زینوفان Xenophanes[42] زۆربەتوندی هێرشدەکاته سەر بیر و باوەڕەکانی ئایینی میللی یۆنانییەکان، دواتریش دەبینین ئەم لێکدژییه به هێزتر دەبێت، کاتێك که کۆمەڵه فەیلەسووفێك دروستدەبن که خواوەندەکان رەتدەکەنەوە هەروەها ئەوەش که له ئایینه میللییەکاندا هەیه هەر به هەمان شێوە رەتی دەکەنەوە. سوکرات بەوە تۆمەتبارکراوە که خواوەندی نوێی هێناوەته ناوەوە، راسته که ((رەمزی خوایی)) ئەو و بنەمای سەراپای رێبازەکەی لەگەڵ ئایینی میللیدا له لێکدژیدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خۆیشی به ئاکار و رەوشت و دروشمه ئایینیەکان بەستووەتەوە و بەشداری له بۆنه ئایینییەکانیشدا کردووە، ئێمه دەزانین که ئەو —لەکاتی سەره مەرگا- وەسیەت دەکات له جیاتی ئەو کەڵەبابێك بۆ خوا ((ئیکلۆبیوس Aesculeplus [43]....

[42] فەیلەسوفێکی یۆنانییه له دەوروبەری ٣٥٠ پ.ز دەردەکەوێت، هێرشی گەورەش دەکاته سەر ئەو مەیلخوازیه لێکچواندنانەی که له ئەفسانه یۆنانییەکاندا هەیه، وای دەبینی که خەڵکی خواکان دەخەنه سەر شکڵ وشێوەی خۆیان، پێشتر لەبارەیەوە دواوین. (المترجم).

[43] هیگڵ دەنوسێت: ئەو له تەمەنی پانزهساڵیدا بووە، کاتێك له قوتابخانه دواناوەندییەکەی شتوتجارت دەبێت، له وانەیەکی رۆژی یەکشەمه ٢ یولیو ١٧٨٥ دا مامۆستاکەی که له کۆڕسێکی وانەکاندا پرسیار له مانای ئەوە دەکات که لەسەر زمانی سوکراتەوە له دواهەمین هەناسەکانی ژیانی خۆیدا دەوترێت ((ئەی ئەکرتیۆن من قەرزارباری ئەسکلۆبیۆسم، ئایا تۆ بیرت ناچێت ئەم قەرزه بدەیتەوە، ئەکریتۆن دەڵێت بیرم ناچێت...)) (گفتوگۆسازی فیدون ١١٨). بۆچوونی مامۆستاکه ئەوەیه که سوکرات له ژێرکاریگەری ئەو

بکوژنەوە و بیکەن بە قوربانی .... بە ماوەیەکی درێژی دوای ئەمەش ئەفلاتوونییەکان پێیان وابوو کە ناوەڕۆکێکی هەمەکی لە ئایینی میللیدا هەیە، فەیلەسووفەکانیش یان ئەوەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا هێرشیان کردووەتە سەر ئەم ناوەرۆکە یان ئەوەیە فەرامۆشیان کردووە. ئێمە دەبینین ئەوان تەنها وێنەکانی ئەفسانەیان نە گۆڕیوەتە سەر بیر و بەس، بەڵکو ئەمانە ئەم وێنانەشیان وەك گوزارشتێکی مەجازی لە رێبازە تایبەتییەکانی خۆیاندا بەکار هێناوە. لە سەرەتای ژیانی یۆنانییەوە —فەلسەفە پەیوەستبوو بە ئایینی میللییەوە، یا وەکو بە بازنەی ئایینی میللی گەمارۆ درابوو، دوایش خۆی لەم بازنەیە رزگارکردوو هەڵوێستێکی دژی بەرامبەر بەم ئایینە میللییە وەرگرت، تا پەی بە ناوەڕۆکی ناوەکی ئەم ئایینە بردو و خۆی لەناو ئەم ناوەڕۆکەدا دۆزییەوە، ئەفلاتوون لە گفتوگۆسازی ((کۆمار))دا دژی ئەفسانەی شاعیرەکان راوەستاو ویستی ئەوە ببینێ کە ریوایەتەکان ((هزیۆد)) و ((هۆمیروس)) لە بارەی خواوەندەکانەوە لە پەروەرەدا لابرێن و نەمێنن.

سەرهەڵدانی پێکدادان لەگەڵ ئایینی مەسیحدا هەر بە هەمان شێوەیە، لە سەرەتاوە بیرکردنەوە ئازاد و سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بە شێوەی ئایینەوە پەیوەست بووە، ئەمە هەمان حالە لەگەڵ باوکانی کەنیسەشدا، بە کارەکانی ئەوان بیر پەرەی بە توخمەکانی بیروباوەڕی مەسیحیەتدا بەشێوەیەکیتایبەتیش لە سەردەمی لۆسەردا پەرەسەندنی ئەم ئیمانە بە تەواوەتی کامڵ دەبێت بەڵام لەوانەیە دوای ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی زیاتر و زیاتر تەواو کرابێت. لێرەدا ئارەزوویێك

ژەهرەدا کە دەرخواردی دەدرێت، وەرێنە دەکات و ئەم قسە بێ مانایانە لە دەمی پیاوێکی عاقڵی وەك ئەو دەبیسترێن. بەڵام هیگڵ لەم بارەیەوە دەڵێت ((من بە هۆکارێکی تری دەزانم .... ئەویش ئەوەیە مادام ئەمە عادەت بووە سوکرات، نایەوێت ئەم عادەتە بچووکە فەرامۆشبکات تا لەگەڵ هەستی ئایینی عامەی خەڵکدا تووشی شوك و پێکدادانێکی توند نەبێت...)) دوای ئەمە بە ساڵێك هیگڵ تەفسیرێکی تر لە لای ئەدیبی فەرەنسی ((راسین)) دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو گوزارشتەی سوکرات کە قەرزارە بەوەی کەڵەشێرێك بکاتە قوربانی بۆ خواوەندی چاکبوونەوە لە لای یۆنانییەکانی. هیچ نییە جگە لە گوزارشتێکی گاڵتە جاڕی و هەرمەکی کە هەڵگری هیچ پابەند بوونێك نییە بە ئایینەوە)). لە راستیدا کەسایەتی سوکرات لەسەردەمی رۆشنگەریدا کەسایەتییەکی زۆرگرنگ بووە لە ئاستی بیرو هونەردا، لەوانەشە لە ئاستی میلیشدا هەروا بوو بێت....)) راجع في ذلك كلة ((هيجل ... و عصرة)) ئأليف د.امام عبدالفتاح امام —الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم).



هەیە بۆ گەڕانەوەی ئایینی مەسیحی بۆ دواوە بەڵام لە شێوە رەسەنەکەیدا ئەمە لەو رووەوە تەواو راستە، بەو رێژەیەی کە کۆکردنەوەی توخمە رەسەنەکان و راستەقینەکانی بیر و باوەڕی مەسیحی بگەێنێت، ئەمە بەشێوەیەکیتایبەت لە سەردەمی چاکسازی ئاییندا پێویست بووە، بەڵام ئەمە بە هەمان شێوەش بیرۆکەیەکی پێچەوانەی پیس دەگرێتەوە خۆی کە دەڵێت پێویست ناکات ئەم توخمانە پەرەبستێنن). هەر بەم شێوەیە دەبینین —لە بنەڕەتدا- ئەو بیرە کە پەرە بە بیروباوڕی مەسیحییەت دەدات و وایلێدەکات کە ناوکۆیی بێت، لەم کاتەشدا بیرو باوەڕکە وای لێهات کە دامەزراوبێت و بە گوێرەی بیریش بووە گریمانەیەکی پێشینەی رەها. دوای ئەمەش گەر خاڵی یەکەم پەرەسەندنی عەقیدە بێت ئەوا خاڵی دووەم دامەزراندنیەتی بەشێوەیەکیدامەزراو پتەو، لێکدژی نێوان ئیمان و بیر و نێوان وەرگرتنی راستەوخۆی بیروباوڕ و دانانی بەشتێکی راست لەگەڵ ئەوەی کە (بە عەقڵ Reason)[44] ناو دەبرێت، لە ماوەکانی دوایدا دەردەکەوێت، لێرەشدا بیر لەسەر پێی خۆی رادەوستێت و پشت بە خۆی دەبەستێت هەڵۆی عەقڵ وەك تەیرێکی بریندار بەرە و خۆری حەقیقەت دەدات لە شەقەی باڵ و هێرش دەکاتە سەر ئایین. بەڵام —دوای ئەمە- بەرامبەر بە ناوەڕۆکی ئایین بەویژدان دەبێت، ئەمەش لەو کاتەدایە کە بیرکردنەوە کامڵ دەبێت، واتە ئەو کاتەی کە دەگات بە بیرۆکەیەکی سەراپاگیری عەینی لە بارەی گیانەوە و وەك نەیارێکی هێرشکەری تێگەیشتنی پەتی دەردەکەوێت.

بەم شێوەیە ئایین و فەلسەفە لەیەك ناوەڕۆکدا بەشدار دەبن و ئایین تەنها لە شێوەدا لە فەلسەفە جیاواز دەبێت. تاك کە خاڵێکی گرنگ بە گوێرەی فەلسەفە ئەوەیە کە شێوەی بیری سەراپاگیر بەم شێوەیە کامڵ ببێت، تاوەکو بتوانێت لە ناوەڕۆکی ئایین تێبگات. لە بنەڕەتدا ئەم ناوەڕۆکە ئەوەیە کە بە ((نهێنییەکانی ئایین)) ناوبراوە، واتە لایەنی تیۆری ئایین، یەکەمجار فەلسەفە لە گوتەکانەوە لە شتێکی نهێنی تێدەگات، ئەم شتەش پێویستە هەر بە نهێنی بمێنێتەوە پێویست

[44] ((عەقڵ)) لە سەردەمی رۆشنگەریدا ئەوەیە کە هیگڵ بە ((تێگەیشتن)) ناوی دەبات، کە مەلەکەیەکی عەقڵی بێگیانە و دابڕان و بچڕان دەخاتە نێوان بیرەکانەوە، بنەمای شوناس (أ هەر أ)ە واتە جیایە لە جیاوازی. هەر ئەمەشە لێرەدا، لەو گوزارشتەدا کە بە ((عەقڵ)) ناودەبرێت ئاماژەی پێدەدات، بڕوانە لەدوو بەرەیی لە نێوان ((تێگەیشتن)) و عەقڵدا، ((موسوعة العلوم الفلسفية، ترجمة د. امام عبدالفتاح امام —المكتبة الهيجلية الناشر مكتبة مدبولى- هەروەها بڕوانە المجلد الاول من الدراسات فى المكتبة الهيجلية و لاسيما ((المنهج الجدلى عند هيجل)) فقرة ١٠٧ و مابعدها =الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة ص ١٣٥. (المترجم).

ناکات ئەم دەست و ئەو دەست بکات و بگوازرێتەوە گومانی تیانییە کە نهێنییە بمێنێتەوە بەپێی ئەو سروشتەی هەیەتی و دروست بەپێی ئەوەش کە کارێکی تیۆرییە، بە گوێرەی تێگەیشتن نهێنییەکی تەلیسماوییە، بەڵام بە گوێرەی عەقڵ وانییە و دروست ئەوەیە کە عەقڵییە، بەو واتایەی کە هەر خۆی تیۆرییە، واتە مانای بیرۆکەی سەراپاگیری عەینییە. فەلسەفە دژی (( ڕێبازی عەقڵی Rationalism)) ڕادەوستێت، بەتایبەتی لە لاهووتی نوێدا، لە ڕاستیشدا ((ڕێبازی عەقڵی Rationalism)) بە بەردەوامی وشەی ((عەقڵ)) Reason، لەسەر زاریەتی، بەڵام ئەم وشەیە جگە لە تێگەیشتن Understanding ێکی وشکی رووت شتێکی تر ناگەیەنێ. لە توانای ئێمەدا نییە شتێك لە ((عەقڵ)) لە ((ڕێبازی عەقڵ))یدا بدۆزینەوە جگە لەیەك خاسیەت و سیما نەبێت ئەویش: ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی بیرکاتەوە (بیرکردنەوەی سەربەخۆ)، بەڵام ئەم سیمایە بە تەواوەتی بیرکردنەوەیەکی رووتە. ئەم ((ڕێباز عەقڵییە)) لە رووی ناوەڕۆك و شێوەوە دژی فەلسەفە ڕادەوستێت[45]. لە رووی ناوەڕۆکەوە ئاسمان والێدەکات کە ((بەتاڵ)) بێت و خواش دەگەڕێنێتەوە بۆ لوتکەی پەتیەتییەکی مردوو Caput Mortunm، هەر بەهەمان شێوەش هەموو شتەکانی تریش دەگەڕێنێتەوە بۆ شتانێکی کۆتاداری ناو کات (زەمەن) و شوێن.

هەروەها لە رووی شێوەشەوە دژی فەلسەفە ڕادەوستێ، چونکە شێوەی ((ڕێبازی عەقڵی)) فەرمانداری کردنی عەقڵ یان بیری لۆژیکییە Rationcination بەڵام فەرمانداریکردنی عەقڵێکی نائازادە. ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لە روو فەلسەفەدا بوەستێت بە تایبەتیش دژایەتی بکات، بەڵام توانای ئەوەشی هەیە تا ئەبەد درێژە بە فەرماندریکردنی عەقڵ بدات. بەڵام ئەمە فەلسەفە نییە و دیدی بیرۆکەی سەراپاگیرەوە بیرکردنەوەش نییە، ((ڕێبازی عەقڵی)) لەناو ئاییندا دژی ئیمان بەوشتانە دەبێتەوە کە سروشت تێدەپەڕێنن.ئەم لە ئیمانە لەوێوە کە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەیە، لە فەلسەفە دەچێت و لەگەڵێشدا هەمئاهەنگە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە رووی شێوەوە لە فەلسەفە جیایە، چونکە ئەم ئیمانە بەوەی کە سروشت

[45] مەبەست لە ڕێبازی عەقڵی لێرەدا ئەوەیە کە بەگوێرەی لاهووت گرنگی پێدەدات، واتە باوەڕهێنان بەوەی کە ئەوە عەقڵی مرۆییە نەك وەحی خوایی- هۆکارێکی ڕاستەقینەیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و ڕێکخستن هەڵسوکەوت. (المترجم).



تێدەپەڕێنێت، بەتەواوەتی بێ گیان دەبێت و دەبێت بە بەرد و تەختە، بۆ دروستی خۆی و پاساو دانەوەی خۆی جگە لە دەسەڵاتێکی وەزعی رووت هیچ شتێکی تر قبووڵناکات. بە پێچەوانەی ئەمەوە فێرگەییەکان ئەوانە نین کە بەم شێوەیە ئیمان بە سەروو سروشت دەهێنن، چونکە ئەوان لە بیردا لە بیروباوەڕی کەنیسە تێگەیشتوون.

لەو رووەوەکە فەلسەفە بیرکردنەوەیە لە چوار چێوەی بیرۆکەی سەراپاگیر و پەیبردنی ئەم ناوەڕۆکەیە لە بیردا، بە وێنەکێشانی وێنەیەکی تایبەت بە ئایین لە بیرکردنەوە جیادەبێتەوە، ئەمەش بەوەی کە پێکەوە لە هەردوو لایەنەکە تێدەگات، چونکە لەسەرێکەوە لە ئایین تێدەگات و هەقی خۆی پێدەدات، بە هەمان شێوە لە سەرێکی تریشەوە لە ((ڕێبازی عەقڵی)) و ئەو تێڕوانینەش تێدەگات کە سروشت تێدەپەڕێنێ، هەروەها پەی بە خۆیشی دەبات. بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاست نییە، ئایین بەوەی کە ئایینە، کاتێك دیدێکی بیرکردنەوە بە وێنەکێشانی وێنە وەردەگرێت، لەم جۆرە بیرکردنەوەدا تەنها خۆی دەناسێت و خۆی لە فەلسەفەدا، واتە لە وێناکردنەکاندا ناناسێت و خۆی لە کاتێگۆرییە هەمەکییەکانی بیریشدا ناناسێت. زۆر جار ستەم نییە فەلسەفە بەوە تۆمەتباربکرێت کە ڕەخنە لە ئایین دەگرێت و دژی ڕادەوستێت، بەڵام زۆرکات ستەم لێکراوە کە لە لایەن ئایینەوە تۆمەتی دەدرێتە پاڵ. ئەمەش زۆر بەوردی لەبەر ئەوەیە ئایین لە فەلسەفە تێناگات.

کەواتە فەلسەفە دژ بە ئایین ناوەستێت، بەڵکو ئایین دەگرێتەوە و بەتێگەیشتنی سەراپاگیریش لێی تێدەگات، بەڵام بە گوێرەی بیرۆکەی ڕەهاو بەگوێرەی گیانی ڕەها شێوەی ئایین کرۆکییە، چونکە ئایین ئەو شێوەیەیە لە هۆشیاری بە حەقیقەت، کە بۆ هەموو خەڵکی لواوە. پەرەسەندنی ئەم شێوەیەش ئەمەیە:

(١) پەیبردنی هەستەکی

(٢) تێکەڵاوکردنی ئەم شێوەیە لەگەڵ هەمەکیدا، واتە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ بیر و تێڕاماندا، بەڵام هێشتا بیر هەر پەتییە و هێشتا هەر زۆرێك لە شتە دەرەکییەکان دەگرێتە خۆی، -دوای ئەمەش- مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ پەرەسەندنی عەینی بیرۆکە، دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەی تیۆری لە حەقیقەت، بۆ هۆشیاری بە حەقیقەت لە وێنە دروستەکەیدا. بەڵام دەرکەوتنی بیرکردنەوەی تیۆری لە

پەرەسەندنی بیردا ئەو شێوە بیرکردنەوە دەرکییە گشتییە هاوبەشەی نێوان هەموو مرۆڤەکان نییە، بەم شێوەیە پێویستە هۆشیاری بەو شێوەیەی کە لە خۆیدا هەیە، شێوەی ئایین بپۆشێت.

فەلسەفەی سەردەمی نوێ، بەشێوەیەکیناڕاستەوخۆ یان بە تواناداری لەگەڵ ئاییندا یەکگرتووە، چونکە لە جیهانی مەسیحیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، گیان تاکانەیە و بە خۆی هوشیارە، ئیتر لە شێوەی خەیاڵدا بێت یان شێوەی بیرکردنەوەدا، ناکرێت ناوەڕۆکێکی دوو سەرەی هەبێت، ئەگەر هاتو یەکەمجار گیان لە فەلسەفەدا خۆی بناسێت، ئەوا دواتر هەر ئاواش لە شێوەی ئایین دەگات، کە وێنەی تایبەتی خۆیەتی، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ئەو وێنەی پێشتر بەو نامۆبووە.

ئەوەی کە سەر بە فەلسەفەیە، ئەوەیە کە بیرکردنەوەیەکی ئازاد بەرهەمی هێناوە، بیرکردنەوەیەکە کە هیچ دەسەڵاتێك بەرهەمی نەهێناوە، فەلسەفە پێ لەسەر ئەم بنەمایە دادەگرێت —واتە شێوەی بیر و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیر. هەر ئەمەشە لە ئایین جیای دەکاتەوە و وای لێدەکات دژی راوەستێ. بەم شێوەیە دەبینین ئەوەی کە فەلسەفە لە ئایین جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە رەزامەندی خۆی نابەخشێت تەنها بەوەنەبێت کە بیر بەرهەمی دەهێنێ و پەلکێشی دەکات بۆ هۆشیاری بیر. کاتێك بیر بەرەو پێش دەچێت، تابگاتە ئەو قۆناغەی کە تیایدا خودی قووڵی خۆی وەك ئەوەی کە بیرە بناسێت، ئەوا ئەوەی رووئەدەدات ئەوەیە کە عەقڵ —بە بەرچاو رووونییەوە- رەزامەندی خۆی دەداتە هەموو ئەوەی کە بەهەقی دەبینین و لە رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتیشدا، ئیتر هەر دەسەڵاتێك بێت دەستبەرداری ئەمە نابێت. زۆرجار دەوترێت عەقڵ لەمەدا بە هەڵەدا دەچێت. بەڵام لە ئێستای ئێمەدا چیتر ناکرێت بەم هۆیە لە پلە و پایەی فەلسەفە کەم بکرێتەوە، چونکە ئایین —یان بەلایەنی کەمەوە کەنیسە پرۆتستانتییەکەی ئێمە- داوای عەقڵ دەکات بۆ خۆی، ئەمەش بەو گوتەیەی کەدەڵێت دەبێت ئایین لە رازی بوونی کەسیانەی مرۆڤەوە سەرچاوەبگرێت و دوایش ناکرێت پشت بە دەسەڵاتی رووت ببەسترێت، لەگەڵ ئەمەشدا —لە هەمانکاتدا- وتراوە ناکرێت ئایین دروستبێت یان رەسەن بێت تەنها وەك شعورێك نەبێت، کە لەسەر رەوتی شعور ئایینییە. لە کاتێکدا گەر ئێمە بوونی هەموو بەرچاو روونیەکانمان لە چەمکەکانی ناوەڕۆکی ئاییندا رەتکردەوە، ئەوا ئێمە بە تەواوەتی لاهوتمانی رەت کردوەتەوە، چونکە لاهووت بەوەی کە زانستە، پێویستە ناسینی خوا



بێت، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواش، پەیوەندییەکە سروشتی خوا دیاریدەکات، ئەگەر وانەبێت، ئەوا لاهووت دەبێتە زانستێکی مێژووی کە گرنگی بە رووداوەکان دەدات، راستە کە هەستی ئایینی بە سەرچاوەی زانست و عەقڵ دانراوە، گەر وا نەبێت ئەوا ئەم هەستە پێویستی بە مەعریفەیەکی زانستی دەبێت. گەر داوای ئێمە لەم هەستە ئەوە بێت کە دروستبێت، ئەوا هەردەبێت عەقڵ لە خۆی بگرێت. لە راستیشدا ئەم هەستە خۆی پێویستە لەبەرچاو روونی قەناعەتەوە سەرچاوەبگرێت.

دوای ئەمەش بیری ئازاد لە رووبەڕووبوونەوەی هەر دەسەڵاتێك، هەرچییەك بێت هەقی خۆیەتی لە نزیکەوە بیپشکنێ، چونکە ئایین هەر لەو کاتەدا کە لەگەڵ فەلسەفەدا لە ناوەڕۆکدا بەشدارە، لە شێوەشدا لێی جیاوازە، زۆرجار پشت بە دەسەڵات دەبەستێ بەوەی کە دەسەڵاتە، دوای ئەمەش شێوەیەکی وەزعی وەردەگرێت، لە لایەکی تریشەوە ئایین هەر خۆی داوا لە مرۆڤ دەکات کە خوا لە گیاندا بپەرستێت، واتە مرۆڤ وابێت، بە خۆی ئامادەبێت لەوەدا کە هەق و راستی دەزانێت. لە مرۆدا هەموو خەڵکی دان بەم بنەمایەدا دەنێن و بە سەلماندنێکی گشتیش دەسەلمێنرێت. دوابەدوای ئەمەش بنەمای قەناعەتهێنانی کەسیش بنەمای بە بیرهاتنی خێرایە... هتد —ئەم بنەمایە بنەمایەکی هاوبەشی نێوان فەلسەفە و باقی کەلتووری سەردەمەکەمانە بە ئایینیشەوە. بەڵام پێویستە لەسەرمان بەشێوەیەکیتایبەت تێبینی جۆری ئەو دەسەڵاتە بکەین کە جێی بایەخمانە. دەسەڵات لەوێدا هەیە کە گریمانەیەکی پێشینە هەیە، بەڵام کاتێك کە بیرکردنەوەی مرۆیی لە ئایین دوور خراوەتەوە، یان کاتێك کە دەسەڵاتی ئایینی لە لایەن دەسەڵاتێکی دنیاییەوە پشتگیری دەکرێت، ئەوا هیچ بایەخێك بە دەسەڵات، بە گوێرەی بیرکردنەوەی عەقڵی بوونی نییە.

ئیمان و باوەڕهێنان لە رێگەی پەرەوەردە و فێرکردن و رۆشنبیرییەوە دەسخراوە، بۆ هەموو مرۆڤێك دەگوازرێتەوە، ئەم گواستنەوەش لە رێگەی وەرگرتنی بیرە گشتییەکانی و بنەما گشتییەکان و باوەڕهێنانە باوەکانی سەردەمێکی دیاریکراوە وەدەبێت ئالێرەدا ئالەم جۆرە فێرکردنەدا توخمێکی کرۆکی هەیە کە دواتر بەرەو دڵی مرۆیی و هەست و سۆزی مرۆڤ ئاراستە وەردەگرێت و دوای ئەمەش لەسەریەتی هۆشیاری و گیان و تێگەیشتن و عەقڵی مرۆڤ بدوێنێ، بەوەی کە بە بەڵگەکارییە تایبەتەکانی خۆی باوەڕ بێنێ. ئیمان بە حەقیقەت و باوەڕهێنان بە

حەقیقەت، هەر دەبێت ئیمانی تاکە کەس و باوەڕهێنانی کەسیانە و بەرچاو روونی خۆی بێت. کەواتە وا دەردەکەوێت لێرەدا هیچ دەسەڵاتێك نییە، یاوەکو دەکرێت بەپێی ئەوەی کە باوەڕهێنان لە ڕێگەی ئیحا (وەحی) ناوەکی تایبەتەوە دێتەدەر بڵێین لە بنەڕەتەوە دەسەڵات لێرەدا ئامادەیە و پاشانیش جۆرێك لە دەسەڵات دەنوێنێ. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە باوەڕ هێنان پێی دەگات بە هۆشیاری و دەبێتە واقیعێکی تایبەت بە هۆشیاری، ئێمە بوونی خوا دەناسین و ئەم مەعریفەیەش لەناوماندا ئامادەیە، بەو ڕێگایەی کە بە هۆیەوە دەسەڵات دەبێت بە دەسەڵاتی ناوەکی ویژدان. کاتێك کە بەم ڕێگایە لەناو خۆماندا دەگەین بەشتێك، ئەوا یەکسەر باوەڕ دەهێنێین بەوەی کە ئەو شتە راست و هەق و چاکە. بەڵام کەمترین ئەزموون، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئێمە راستەوخۆ خاوەنی رستێك لەم بیرانەبین. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە پێویستە دان بەوەشدا بنێین کە لەوانەیە ئەمانە کۆمەڵە هەڵەو گومڕابوونێك بن. —گەر هاتوو بەشێوەیەکی راستەخۆ- ئەوەمان سەلماند ئەم بیر و هەستە ناوەکیانە دەسەڵاتن. دەکرێت بەم ڕێگایەش لە بەردەمماندا کۆمەڵە بیرێکی تەواو دژ دەرکەون، گەر ئەوەشمان سەلماند کە ئەم بنەمایە ڕێپێدراوە، ئەوا ئەو ناوەڕۆکە دژە بە هەمان شێوە پاساوی خۆی دەبێت. زۆر ئاسانە کە لەسەر بناغەی هەستە ناوەکییەکانمان توشی بەد بڕیاری بێین و حوکم لەسەر شتێکی چاك یان باش بدەین کە  خراپە. یان بەتاڵ و شەڕەنگێزە یان هەڵەیە، لە لایەکی تریشەوە ئەو مرۆڤە خراپانەی کە لەناو خەڵکیدا هەن ئەو خراپەی کە ئەوان تێیدەکەون. بە هەمان ڕێگا بەسەریاندا سەپاوە. ئەمە ئەگەر هاتو وەحیەکی ناوەکی بوو. ئەمەش هەر ئەو بنامایەیە، کە هەموو تاوانێك پەنای بۆدەبات. بەم شێوە دەبینین شێوەی دەسەڵات بە بەردەوامی لە حاڵەتی بەرچاو روونی و باوەڕکردندا..... هتد دەمێنێتەوە، ئەمەش بەوەی کە مرۆڤ بە دروستی دەزانێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت خۆمان بدەینە دەست دروستی بنەمای شعوور و هەست. لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: ((چونکە هەموو بیرە خراپەکانی وەك: قەتڵ و زیننا و بەد رەوشتی و دزی و شایەتی خراپ و ناشوکری کردنە ......))[46].

هەروەها لێرەدا لە بیرەکانی تاکە کەسدا جۆرێکی تێرامان هەیە. کە لەبەرچاو روونی زیاترە بەوەش نازانرێت کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە دڵەوە سەرهەڵنەدات، بەڵکو لە بەرهەمی

[46] انجیل متی: الاصحاح الخامس عشر:٩. (المترجم).



بیرکردنەوەی کەسی ئەوە. تەنانەت لەم جۆرە بەرچاو روونییەشدا بیری دیاریکراو و جێگیر هەیە کە پێشتر گریمانە کراوە، دواجاریش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و هەر ئەویش کە دەسەڵاتی بەسەردا دەگرێت، یان —بە لایەنی کەمەوە- شێوەی دەسەڵات لە ناویدا دروستدەبێت، ئەمە ئەگەر هاتو ئەوەمان ساغکردەوە، کە ئەم راو بۆچوونانە، دوا راو بۆچوونی دروستن، هەر ئەمەشە کە ئاساییانە بەشێوەیەکی گشتی پێی دەڵێن تێروانینی گشتی یان باوەڕهێنان یان رۆشنبیری سەردەم. ئەم تێڕوانینە گشتییە دەکەین  بە بناغەیەك کە لەسەری شتی تر بوونیاد بنێین و لێشیەوەشتی تر رۆبنێین، بە شێوەیەك کە لەناویدا هەموو شتێك دیاری بکات. بۆ نموونە: لە سەردەمێکی ئاوادا کە ئێمە بیرۆکەیەکی دیاریکراومان لەسەر خواو دەوڵەت .... هتد هەیە، -بە بینا لەسەر هەر جۆرە تێڕوانینێکی لەم جۆرە- شتێکی دروستە ئەو لافلێدانەی کە هیچ بناغەیەکی نییە، هەموو شتێکی دواتری لەسەر بینابکرێت- لە راستیدا —خەڵکی دەڵێن بۆ خۆیان بیردەکەنەوە، دەکرێت ئەوان بەم کارە هەڵسن. بەڵام بیرکردنەوەی مرۆڤیش بۆ خۆی ئاستێکی دیاریکراوی هەیە، چونکە بە چاوپۆشی کردن لەو راستییەی کە گیانی سەردەم هەر خۆی چۆنیەك نییە و بەمەش دەچێتە ناوی و تاکە کەس ناتوانێت خۆی لە پەیوەندی بەم سەردەمەوە رزگار بکات، ئێمە دەبینین بیرکردنەوەی تاکە کەس بۆ خۆی بەم شێوەیە لەسەر گریمانەیەکی پێشینە دادەمەزرێت، کە زۆرجار ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە بەد و بەتاڵە. گەر فەلسەفە ویستی خۆی لە  هەموو دەسەڵاتێك رزگار بکات و بیری ئازاد بکاتە بنەمایەك بۆ خۆی، ئەوا پێویستە بۆ بیرێکی ئاوا بگاتە بیرۆکەیەکی سەراپاگیر و هەر دەبێت لەم بیرەشەوە دەستپێبکات و بیکات بە بنەما بۆ خۆی. بیرکردنەوەی تاکە کەسی و باوەڕ هێنانی کەسی ناگەنە پلەی ئازادبوون لە دەسەڵات. پەرەسەندن، پەرەسەندنی ئەو بیرە ئازادەیە کە لە مێژووی فەلسەفەدا لێی دەکۆڵینەوە، هەر لێرەشدایە ئەم بیرکردنەوە دژی دەسەڵاتی ئایین و دەسەڵاتی ئایینی میللی و دەسەڵاتی کەنیسە .... هتد دەبێتەوە، بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفە —لە گۆشەیەك لە گۆشەکانیەوە- ململانێی نێوان دەسەڵات و ئازادی بیر ئاشکرا دەکات. بەڵام ناکرێت ئەم ململانێیە ببێتە دوا ڕێگا یان دوا نموونەی سەیرکردنی هەر دووکیان، بەڵکو —بە پێچەوانەوە- لەسەر فەلسەفەیە کە وا بکات، لە کۆتاییدا بکرێت ئاشتەوایی لە نێوانیاندا ساز بدرێت، هیچ بەربەستێك لەبەردەم فەلسەفەدا نییە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاشتەواییە، بەڵکو هەر دەبێت بیکاتە ئامانجی رەهای خۆی، ئەویش بە شێوەیەك —وەك بیرکردنەوەیەکی عەقڵی- وای

لێبکات، کە لە خۆی رازی بێت، هەموو ئاشتەوایی و چارەسەرکردنێکیش هەر دەبێت لە فەلسەفەوە سەر هەڵبدات و بێتە ئاراوە.

بەڵام لێرەدا دەکرێت ئەمە ناو بنێین ئاشتەواییەکی درۆزن یان خەڵەتێنەر، ئاشتەوایی نێوان ئایین و فەلسەفە دەکرێت بە شێوەیەك نیشانبدرێت، کە هەریەکەیان بەشێوەیەکیسەربەخۆ رێگای تایبەتی خۆی بگرێتەبەر و بەناو بوارە جیاجیاکاندا بکەوێتە جووڵە و بزاوتن. وتراوە کە فەلسەفە بەشێوەیەکی سەربەخۆیە بە رێگای خۆیدا دەڕوات و حاشاکەریشە لەوەی کە لەگەڵ ئاییندا بکەوێتە ناو پێکدادان و بەیەکاهەڵشاخان. وتراویشە کە فەلسەفە گومانکاری و هەڵەشەیی و یارییەکانی خۆی نیشاندەدات تا سووکایەتی بە ئایین بکات، ئەم بۆ چوونە زۆرجار بڵاودەبێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەمە لافلێدانێکی بەتاڵە، چونکە ئەو پێویستەیی کە فەلسەفە هەوڵی بۆ دەدات و ئەو پێویستەی کە ئایین هەوڵی بۆ دەدات یەك شتە و ئەویش ئاشکراکردنی ئەوەیە کە هەقە، فەلسەفەش لەم هەوڵدانەدا چالاکی بیرکەرەوەیە و گیانی بیرکەرەوەش ئەوەیە: کە ناوەکی و پوخت و سادەیە، جگە لە لایەنێکی ناوەکی لێرەدا هیچی تر نییە، دوای ئەمەش تێرکردنی قووڵترین لایەنی خودیش بە هۆکارە تایبەتییەکان، هەریەکە، بە هەمان شێوە فەلسەفە ناتوانێت لە پاڵ تێرکردنی تایبەتی خۆی، خۆی بداتە دەست تێرکردنی ئایینی، تائاستێك هەریەك لە فەلسەفە و ئایین دەتوانن خۆیان بە خۆیان تێرکەن. بەڵام مرۆڤی عاقڵ ناتوانێت خۆی بۆ بداتە دەست تێرکردنێك کە دژی فەلسەفە راوەستێت.

داواکاری دووەم کە هۆکاری ئاشتەوایی نێوان فەلسەفە و ئایینە، ئەوەیە کە داوا لە عەقڵ بکات کە خۆی ملکەچ بکات بۆ ئیمان، واتە خۆی بداتە دەست دەسەڵاتێك کە دەکرێت ناوەکی یان دەرەکی بێت. سەردەمێك بەسەر فەلسەفەدا تێپەڕی کە خۆبەدەستەوەدان دانی پیانرابوو، بەڵام تەنها بەو رێگایەی کە تیایدا خۆ بەدەستەوەدان تەنها لافلێدانێکە و هیچی تر. مەبەستمان لەم سەردەمە سەدەی شانزە و حەڤدەیە، کە بەڵگەی فەلسەفی دژی ئایینی مەسیحی ئاراستە دەکراوە و پشتیشی بە بنەغایەکی عەقڵی بەستبوو و دوای ئەمەش، بە نموونە: ئەو بەسووك راگرتنەی خرایە سەر کە هەردەبێت ملکەچی ئیمان بێت. (بگەڕێوە بۆ بایل



Pierre Bayle [47] ((فەرهەنگی فەلسەفی)) بۆ نموونە مادەی مانەوییەکان)[48] ڤانینی Vanini [49] بە هۆی ئەم جۆرە بەڵگانەوە سوتێنرا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سوێندی خوارد بڕوای پێیان نییە. کەنیسەی کاسۆلیکی کاتێك کە سەر کۆنەی کرد و بڕیاری ئەوەی لەسەردا بسوتێنرێت، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە باوەڕی خۆی بەوە ئاشکرا بکات، کاتێك بیر

---

(47) بییەر بایل Pierre Bayle (١٦٤٧-١٧٠٦) فەیلەسوف و رەخنەگرێکی فەرەنسییە، ژیانی خۆی بۆ گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا تەرخانکرد، باوکی قەشەیەکی پرۆتسنتاتی بوو، کوڕەکەی خۆی فێری بنەماکانی باوەڕکردبوو، ناردییە پەیمانگای باوکە یەسوعییەکان لە تۆلۆز، ئەو کات فەلسەفەی تیادا دەخوێنرا، دڵە راوکێ ئایینییەکەی وایکرد کە ببێتە کاسۆلیکی، بەڵام لەبەر نەبوونی گەرموگوڕی پێویست، سەر لە نوێ گەڕایەوە بۆ پرۆتسنتانتیەت، پاشان لەسەر دانانی فەرهەنگێك گریسایەوە بە ناوی ((فەرهەنگی مێژووی رەخنەیی)) (١٦٩٥-١٦٩٧)، کەبەرەو ژیانی هزری و ئەدەبی خۆی بەرزی کردەوە. ئەم فەرهەنگە سەرکەوتنێکی بی وێنەی بە دەست هێنا و زیاتر لە دەجار پێش ساڵی ١٧٦٠ چاپکراوەتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم فەرهەنگە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە بوو کە فەرهەنگەکانی تری پێش خۆی بە دەستیانەوە دەیانناڵاند ((بایڵ)) بەرگری لە ئازادی بیر دەکرد، هەروەها بەرگری لە لێبوردنی ئایینی دەکرد، بە هۆی بۆچوونە گوماناوییەکانییەوە لە زانکۆ دەکرا. ئەو کێشە فەلسەفیانەی کە لە نێوان خەڵکدا بوون چارەسەرکردن، لە سەدەی هەژدەدا وەك دامەزرێنەری رێبازی عەقڵی سەیر دەکرا، ئاشکرایە کە هیگڵ لە یادگەی خۆیەوە ناوی فەرهەنگەکەی وەرگرتووە، یان ئاماژەی بە ناوەڕۆکەکەی داوە. (المترجم).

(48) مانەویەت Manicheanism: شوێنکەوتوانی مانی کوڕی فاتکن (٢١٦-٢٧٧) کە پێغەمبەرێکی فارسییە و ئەم ئایینەی لە توخمە مەسیحی و بودی و زەردەشتییەکان و هی تر دروستکردووە، ئەو بانگهێشتی بۆ بیروباروەڕی دوالیزمیەت دەکرد، پایەکانیشی ململانێی نێوان نور (یان خێر) و تاریکی (یان شەڕ) بوو. مانەویەت لە سەدەی چوارەمی زایینیدا زۆر بە بەرفراوانی بڵاوبووەوە. تا لە رۆژئاواوە گەیشتە نوخبەکانی فەرەنسا و لە رۆژهەڵاتیشەوە گەیشتە کەنارەکانی چین، لە رۆژئاوادا زوو رێگە لە بڵاوبوونەوەی گیراو بوو بە مێژوویەکی بەسەرچوو، بەڵام لە رۆژهەڵات تاسەدەی چواردەهەم بەردەوامی بە خۆیدا، (المترجم).

(49) یولیوس ڤانینی Julius Vanini (١٥٨٥-١٦١٩) فەیلەسووف کاهێنێکی ئیتالییە، لە زانکۆی بادوا مامۆستا بووە، لە فەلسەفەی مادی میکانیکی بۆ راڤەکردنی سروشتی قووڵبووەتەوە. کتێبێکی لەبارەی ((نهێنییەکانی سروشت))ەوە نوسیووە، زۆر بەتوندی هێرشی کراوەتە سەر تۆمەتی مولحدی دراوەتە پاڵ. دەچێت بۆ تۆلۆز و لەوێ لە دیدێکی مادییەوە دەستدەکات بە لێکۆڵینەوەکانی، دەگیرێت و پاشان فەرمانی لە سێدارەدانی دەدرێت و بە زیندووی دەیسوتێنن. (المترجم).

رادەپەڕێت و بە ئاگادێتەوە ناکرێت دەست لە ئازادی خۆی هەڵگرێت، دوای ئەمەش ئەم شوێنکەوتەییە (شوێنکەوتەیی عەقڵ بۆ ئیمان) دەبێتە شتێکی مەحاڵ.

سەرەڕای ئەمەش لێرەدا کۆمەڵە هەوڵێك هەبوو بۆ دانانی کۆمەڵە ڕێکخستنێك، بە شێوەیەك کە ئاستی ناوەند هەبێت، یان ناوەندێك لە نێوان فەلسەفە و ئایین هەبێت، ئەمەش شوێنی لاهووتی سروشتی بدات بە فەلسەفە، بەڵگەشیان لەمەدا ئەوەیە کە دەکرێت عەقڵ ئەم شتە یان ئەو شتە *بزانێت، بەڵام لێرەدا لەسەروی هەموو بیروباوەڕو تیۆرە عەقڵیەکان ئایینێکی نێردراو راوەستاوە، بە هەموو ئەو بیروباوەڕە و تیۆرانەی ترەوە کە عەقڵ ناتوانێت پێ بگات،هەروەها پێویستی وای لێکردووە کە خۆی لە عەقڵ نەدات، یان لەگەڵیدا نەچێتە ناو ململانێوە، ئەم پەیوەندییەش یەکبوونی لە نێوان عەقڵ و ئیماندا دروستکردووە و لەگەڵ پەیوەندییەکی پێشووشدا هەمئاهەنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ناکرێت عەقڵ ڕێگەبدات یان بچێتە ژێر باری ئەوەی کەشتێکی تر لەپاڵ خۆیدا هەبێت، ئیتر لەوە مەپرسەکە لەسەرروویەوە بێت.

لێرەدا ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ئاشتەوایی کە لەم گوتەیەدا ڕەنگدەداتەوە: لەسەر ئایینە، کە لە خودی خۆیدا هەڵسێ بە دەستبەردار بوونی ئەوەی کە لەناویدا دانراو و وەزعییە (واتە لایەنی دەسەڵاتداری)[50]. ئەم توخمە وەزعییەش تەنها کاریگەری لەسەر شێوە هەیە، ئیتر ئەم شێوەیە مێژوویی بێت یان ئەفسانەیی، ئایینیش بەوە دەستبەرداری ئەم توخمە وەزعییە دەبێت کە شێوەی بیری بەسەر دابڕێت، بەڵام بیر لەم حاڵەتەدا لە بەڵگە دروستکەرێك زیاتر هیچی تر نییە، واتە بیرکردنەوەیەکی رووتە و لە تێگەیشتنێکی رووتەوە سەرچاوەی گرتووە.

---

[50] پێشتر لە تەمەنی پانزەساڵیدا هیگڵ لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بە ناوی ((دانراویەتی ئایینی مەسیحی)) نووسیووە، نیازی بڵاوکردنەوەی هەبوو وەك یەکەم کتێبی خۆی، بەڵام بەم کارە هەڵنەسا، لێکۆڵینەوەکەشی — لەم پەڕ بۆ ئەو پەڕ- هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئایینی مەسیحی، ئایینکە لەسەر دەسەڵات دامەزراوە و ((هیچ بەهایەك بۆ مرۆڤ دانانێت)) ئەو پێی وایە لایەنی دەسەڵاتخوازی لە مەسیحیەتدا لە لایەکەوە سەرچاوەی لە یەهوودییەتەوە گرتووە لە لایەکی تریشەوە لە حەوارییەکان .... هتد. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی تر کە هیگڵ لە سەردەمی لاویدا نووسیبونی و بڵاوی نەکردبوونەوە. نول لە ساڵی ١٩٠٧ لە ژێر ناونیشانی (کتێبە لاهوتیە بەراییەکان) بڵاوی کردنەوە، هەندێکی تریشی خەڵکانێکی تر وەریان گێڕان، راجع فی ذلك ماكتبناه في الفصل الرابع بعنوان (الكتابات اللاهوتية المبكرة)، في كتاب ((هيجل ... وعصرة، تأليف د. امام عبدالفتاح امام —الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم).



لەسەر ئەمەش ئەوە دەوەستێتەوە کە —لە روویەکی ترە- دەکرێت ئایین درێژە بە بەرگرییە سەرسەختەکەی خۆی لە بەرامبەر فەلسەفەدا بدات، بەڵام کاتێك کە دەڵێت ((دەرگاکانی دۆزەخ خۆیان لەسەری راناگرن....))[51] دەزانێت هێشتا دەرگاکانی عەقڵ بەهێزترن، بەڵام نەك بۆ ئەوەی دەسەڵات بەسەر کەنیسەدا بگرێت و سەرکوتیبکات، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بکەوێتە ناو ئاشتەواییەوە. دەکرێت ئایینی دانراو —لە روویەکی ترەوە- لەگەڵ بیناکردنی هەڵوێستێکی دانراو و وەزعیدا دەست لە ناوەڕۆکەکەی خۆی هەڵگرێت، لەسەردەمە نوێکاندا زۆرجار ئەمە لەمەودایەکی فراواندا رووی داوە.[53]

لە دواین دیدو تێڕوانینەوە، ئایین لەناومندا وەك توانا و شعور —ئامادەیە. بۆ جەختکردنەوە، وتراوە پێویستە ئایین پشت بە شعورە تایبەت و سادەکان ببەستێت، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نییە کە وتراوە بیرکردنەوە و مەعریفە، ئیمان بێ کەڵك دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە هەروەك وتراوە ئەم بڕیارە خۆی دەرەئەنجامی مەعریفە و بەرچاو روونییە. هەروەها وتراوە ئایین پەنا بۆ هیچ نابات جگە لە شێوە پوختەکەی شعور نەبێت، ئەمەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە شتێك نییە پێویست بە فێربوونی یان زانینی بکات. هەر دەبێت ئێمە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی سەراپاگیر دژی ئەم جۆرە لە هەست راگرین. ئەگەر هاتوو لە ئاستی ئەم شعورە پوختە و هەست و ئەم هەست و سۆزە پوختە راوەستاین، ئەوا ئەمە ناگاتە ئەوەی عەقڵ تێربکات. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك کە شعور بە خۆی هوشیار دەبێت، ئەوا بیر ناتوانێت لە حسابی خۆی بیکاتە دەرەوە، ئالێرەدا شتێك نییە بە ناوی لێکدژی لە نێوان بیرکردنەوە و شعوردا (ئالێرەدا رەچاوکردنێکی درێژەپێدراو لە بارەی لێکدژی نێوان مەعریفە و جەهل (یان نەبوونی زانین) هەیە، ئەمانە شتانێکن لە خودی مێژووی فەلسەفەدا تووشیان دەبین.

---

[51] هیگڵ لێرەدا دەستەواژەی مەسیح وەك ئەوە بەکار دەهێنێ کە دژی عەقڵ ئاراستەکرابێت، بەڵام لە راستیدا مەسیح داوا لە بەتروس دەکات بینای کەنیسە کە بە هێز بێت، ئەمەش دەقەکەیەتی ((هەروەها ئەی بەتروس من بە تۆ دەڵێم، لەسەر ئەم بەردە کەنیسەیەك دروستبکە دەرکەکانی جەهەنەم بەرگەی ناگرن)) انجيل متی — الاصحاح السادس عشر:١٨. (المترجم).

[53] دەکرێت ئاینێکی دەسەڵاتخواز واز لەو ناوەڕۆکەی خۆی بێنێ کە دەکرێت زانستی وەزعی هێرشی بکاتە سەر، لەوانەیە کاتێك کە رۆشنبیری سەردەم رێبازی وەزعی رێبەرایەتی بکات ئەمە رووبدات —من تعلقيات نوكس ص ١٤٦. (المترجم).

ئەم دیدەی دواییان لە مرۆدا، لە ئەڵمانیا گرنگی و بایەخێکی گشتی و گەورەی وەدەستهێناوە، لە راستیدا تێگەیشتنی رۆشنگەر و تێگەیشتنی پەتی و بیرکردنەوەی پەتی جگە لە پەتیەتی شتێکی تری ناوێت، ئەوەش کە تێگەیشتن لە بارەی خواوە دەیزانێت، لەوەی کە خوا هەیە زیاتر نییە، جگە لە بیرۆکەیەکی تەمومژاوی و ئاڵۆز شتێکی تری لە بارەی خواوە نییە، شتێك لە هەناوی ئەم بیرۆکەدا نییە جگە لە بەتاڵی. کاتێك کە لاهووت بە تەواوەتی پشت بە تێگەیشتن دەبەستێت، جگە لە کەمترین ناوەڕۆك هیچی تری لانییە، هەموو بیروباوەڕەکانیش دەسڕێتەوە و خۆی دادەبەزێنێتە نزمترین ئاست. ئەو ئایینەی کە ئەرکی ئەوەیە گیان تێر بکات، هەر دەبێت لە خۆیدا عەینی و دەوڵەمەند بێت لە ناوەڕۆکەکەی خۆی، هەر دەبێت لە ئایینی مەسیحیدا ناوەڕۆکەکەی ئەوە بێت کە خوا بە وەحی ناردوویەتی، واتە هەر دەبێت بیروباوەڕ بێت. بیروباوڕی مەسیحییەکان کۆمەڵە بیروباوەڕێك دەگرێتەوە کە مۆرکێکی تایبەت بە مەسیحییەت نیشاندەدەن و وەحی خوای و مەعریفە بەوە ئاشکرا دەکەن کە خوا کێیە. لە دژیاتی ئەم بیروباوەڕانەشدا ئەوەی کە ناونراوە «هەستی هاوبەشی دروست» سەر دەردێنێ و بە یارمەتی تێگەیشتنی بەتیش ئەو لێکدژیانە دەخاتە روو کە بیروباوەڕی مەسیحییەکان دەیانگرنە خۆیان و ناوەڕۆکەکەشیان بۆ نزمترین ئاست دەگەڕێنێتەوە و ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت لە واتا بەتاڵیان دەکاتەوە. ئەم لاهووتە بەتاڵە ناوی خۆی ناوە لاهوتی «عەقڵی»، بەڵام لە راستییە جگە لە راڤەکردن هیچی تر نییە، واتە تێڕامانە لە خودی بابەتەکە و بەڵگە هێنانەوە و بیرۆکەیەکی سەراپاگیریش نییە لە سەر شتەکە. لەم کاتەشدا گواستنەوەیەکی هەرمەکییانەو لە خۆوەی بیرە رێپێدراوەکان هەیە بۆ تایبەتمەند کردنە زیاترەکانی. بیرۆکەی سەراپاگیری عەقڵی دژی ئەم لاهووتە «بەناو رۆشنگەرە» رادەوەستێت، چونکە کاتێك ناوەڕۆکی عەینی ئایین لەسەرچاوە تایبەتییەکانی خۆیەوە نیشاندەدرێت و پاساوی خودی دەخرێتە بەردەمی، ئەوا بەم رێگایە ئەم ناوەڕۆکە دەناسرێت، کە بیرێکی بێ گەردو تایبەتە لەبارەی جۆرەها وێنەی هەستەکی و خەیاڵی، لەسەر ئەم بناغەیە دەبینین بیرکردنەوەی عەقڵی عەینی دژی تێگەیشتن رادەوستێت، بەڵام زۆرجار بیر بەو ئاستە قووڵەوە پەی بەخۆی دەبات، بە شێوەیەك ئەوەی دەبێتە تایبەتمەندی خۆی کە لە سەرچاوە تایبەتییەکانی خۆیەوە سەرچاوەبگرێت و بەشێوەیەکیعەینی پەی بە خۆی بەرێت، هەروەها بە گوێرەی ئەو دەکرێت ئامانجی رەهای خۆی وەدەستبهێنێ، واتە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا و



لە نێوان حەقیقەت لە شێوەی بیرکردنەوەی ئایینی لەگەڵ حەقیقەت لەو شێوەیەدا کە تیایدا پەرە بە عەقڵ دەوترێت، بە دەست بهێنێ.

ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا هەیە، لە مێژووی فەلسەفەشدا ئەم پەیوەندییە لەناو زنجیرەیەك لە لێکدژی پەرەی سەندووە، بەڵام هەردوو شێوەکەی (فەلسەفە و ئایین) پێکەوە یەك حەقیقەتیان هەیە و هەر ئەوەشە لە هەردووکیاندا بناغەیە.

بەڵام بە گوێرەی پەیوەندی فەلسەفە بە هونەرەوە، وادەبینرێت کە هونەر لە بەرزترین پلەکانی خۆیدا و لە سروشتی راستەقینەی خۆیدا لە پەنای ئایینندا رادەوەستێت.

لەوانەیە پێویستبێت شتێك لە بارەی پەیوەندی فەلسەفە بە دەوڵەتەوە بڵێین، بە هەمان شێوە دوەڵەتیش بە بەندەکەرێکی توندیە فەلسەفەوە بەستراوە. پێویستە لە مێژووی فەلسەفەدا —لە ژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا- باس لە تیۆری سیاسی بکەین، بەڵام پەیوەندی فەلسەفە تائاستێك لەگەڵیدا پەیوەندییەکی دەرەکییە، لە کاتێکدا ئایین و فەلسەفە بەشێوەیەکی بنچینەیی و زەرووری پێکەوە گرێدراون و بەسترانەتەوە. یاسای دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی تایبەت لە بنەماکانی گیانێکی هوشیار بە خۆی دادەمەزرێت، لەسەر جۆرێك لە هۆشیاری خودیی گیان دێتەئاراوە، کە لە پەیوەندایە لەگەڵ ئازادیدا، پێویستە لە دەوڵەتدا جیاکاری لە نێوان ئازادی و ئارەزوودا بکرێت. ماهییەتی دەوڵەت لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کە وێستێکی عەقڵییە بەشێوەیەکی رەها و هەمەکییە بەشێوەیەکیرەها، ئەم هەمەکییە و ئەم کرۆکی ویستە و دواتر بە کردە وەدیدێت[52]. یاساکان گوزارشتن لە توخمی عەقڵی لەویستدا، بە بینا لەسەری، هەموو شتێك پشت دەبەستێت بە هۆشیاری خەڵك بە ئازادی خۆیان، ئەم کارەش بەو رۆڵەی کە هەیەتی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەوەستێتەوە کە دەوڵەت و گەل لە بارەی خواوە دروستی دەکەن.

[52] ماهییەتی دەوڵەت وەدیهێنانێکی کارەکییە بۆ ئیرادەی هەمەکی، واتە سیستەمی عەقڵی، من تعليقات نوكس. ص ١٤٨. (المترجم).

(حەقیقەتی هەمەکی ئەوەیە کە جگە لە خوا هیچی تر نییە، وادەردەکەوێت کە بیرۆکەی ئازادی بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیەیە)[53]

زۆرجار یاسای دەوڵەت بە ئایینەوە پەیوەستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەلسەفە بەو رۆڵەی کە هەیەتی و لە رێگەی ئایینەوە بە دەوڵەتەوە پەیوەست دەبێتەوە، نەدەکرا فەلسەفەی یۆنانی لە رۆژهەڵات سەرهەڵبدات، چونکە رۆژهەڵاتییەکان گەلانێکن بنەمای ئازادی چیتر نەبووە بە بنەمای یاسا، هەر بەهەمان شێوەش نەدەکرا فەلسەفەی نوێ لای یۆنانییەکان و لای رۆمانییەکان سەرهەڵبدات. فەلسەفەی جەرمانی (واتە ئەوروپی رۆژئاوایی) لە ناوجەرگەی جیهانی مەسیحیدا سەری هەڵدا، فەلسەفە و ئایین لە بنەمایەکی مەسیحییەتدا هاوبەشبوون، کە بوو بوویە بنەرەت بۆ هەردووکیان، دوای ئەمەش ئەم پەیوەندییە هەڵگری بایەخێکی گەورەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا —فەلسەفە لە پەیوەندییەکی تایبەتدایە بە دەوڵەت و بەو پەیوەندییە مێژووییە دەرەکییەکانی نێوان ئایین و دەوڵەتیشەوە، ئایین بیرکردنەوەیە لەوەی کە خواییە، بواری ئایینیش جیایە لە بواری دەوڵەت، واتە دەکرێت وا سەیری دەوڵەت بکرێت کە دژی ئایین دەوەستێت، ئەمە لەسەر ئەو بەرچاوگرتنەی کە بوارەکەی بوارێکی دنیایە، دوایی ئەمەش — تائاستێك- دەکرێت واسەیری بکرێت کەشتێکی ناخودایی و ناپیرۆزە. بەڵام عەقڵانیەت یان یاسا یان یاسای عەقڵی، بە حەقیقەتەوە وابەستەیە، دواتریش هەر بەهەمان شێوە بە حەقیقەتی ئایینەوە پەیوەستە، راستیش ئەوەیە کە هەردەبێت لەگەڵ ئەوەی کە لە ئایین و فەلسەفەدا حەقیقەتە ببێتەوە بە یەك، هەر دەبێت هەمئاهەنگی لە نێوان ئایین و دەوڵەتدا یان مەملەکەتی گیانی و مەملەکەتی دنیایدا رووبدات.

---

[53] ئەگەر هاتو لە خوایەك زیاتر بۆ مرۆڤەکانی نەبێت، ئەوا هەموو خەڵکی وەك یەك دەبن، واتە ئازاد دەبن. من تعلقات نوكس ص ١٤٨. (المترجم).



دەکرێت ئەم هەمئاهەنگییە شێوەی جۆراو جۆر وەرگرێت، لەوانەش شێوەی تیۆکراتی[54] ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان و بەشێوەیەکیتایبەت لە رۆژهەڵاتدا تێبینی دەکرێت. لێرەدا ئازادی خودی و ئازادی ئاکاری بزر دەبێت، لەگەڵیشیدا پێکەوە یاساو ئیرادە لە یەك کاتدا بزردەبن. ئەو سیما دیارەش کە لەم هەڵوێستەدا هەیە ئەوەیە کە ئایین خۆی والێبکات کە سەربەخۆ بێت، هەروەها بوارەکەی خۆیشی والێبکات کە سەربەخۆ بێت و لە ئازادی دنیایی لا تەریك و دواتریش هەڵوێستێکی سەلبی لەم جۆرە ئازادییە وەرگرێت، هەروەك ئەوەی لە کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمانیدا هەیە، کە رەگەزی ئایینی لەوەوە کە چینێکی گیانی یان کەنیسەیین —بە تەواوەتی لە خەڵکی رشۆك دابڕاون، هەروەك ئەوەی کە خانەدانان و پیاو ماقووڵانی رۆمان بە پارێزگاری لە پیرۆزەکان Sacre و ئاگالێبوونیان لەم بوارەدا خۆیان لە خەڵکی رەشۆك دووردەخستەوە. لە سیستەمی تیۆکراتیدا وامامەڵە لەگەڵ مەملەکەتی دنیایدا دەکرێت کە شتێکی پیس و ناپیرۆزە و لەگەڵ مەملەکەتی ئایینیدا ناگونجێت، ئەمەش گەیشتۆتە ئەوەی کە ئەوەی بە یاساو ئاکار و ئاکاری کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت، چیتر هیچ بەهایەکی نەبێت. بەڵام یاسای دنیایی سیستەمی دنیایی لە ئەلفەوە بۆ یێ دەکرێت لە هەمانکاتدا ببێت بە شتێکی خوایی و پیرۆز، بەڵام گەر بواری ئایینی هەر پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی کرد والە حەقیقەتی روانی کەشتێکە ناکرێت لەگەڵ بواری ئازادی مرۆییدا هەبێت، ئەوا ئەمە هەڵوێستێکی سەلبی لە بەرامبەر خودی ئازادی مرۆیی نیشاندەدات.

بەڵام فەلسەفە بیرێکی واقیعە، هاو بەستەیە و ئامادەیە و ئامادەگی ئازادی لە کاروبارە مرۆییەکاندا دەگرێتە خۆی. بەڵام بیر و ئەوەی بەوە ناسراوە کە بیرە هەر جۆرێك بێت، ئەوا سەر

---

[54] تیوکراتیەت Theoctaty وشەیەکە لە بنچینەدا یۆنانییە و لە دوو بڕگە پێکهاتووە: Theos بەواتای خواو Kratia واتە فەرمانڕەوایی، کە بە شێوەیەکی حەرخی ((فەرمانڕەوایی خوایی)) دەگەیەنێ. بەڵام لە بەکار هێنا باوەکەیدا واتای فەرمانڕەوایی پیاوانی ئایینی دەگەیەنێ. بە شێوەیەك کە لە کۆتایدا دەوترێت دەسەڵات بۆ خوا دەگەڕێتەوە، یەکەم کەس کە بەم مانایە تیۆکراتی بەکارهێنا مێژوو نووسێکی جوولەکە بوو بە ناوی جۆزێف Josaphus، گەر مەبەستی لەمە چەمکی یەهوودی بێت بۆ حکوومەت، ئەوا وەك ئەوەیە کە لە تەوراتدا هاتوو و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە یاسا خواییەکان بە هەمان شێوە سەرچاوەی پابەندبوونی ئایینی و پانەندبوونە مەدنییەکانیشن. (المترجم).

به بواری ئازادی مرۆییە. بەم شێوە بنەمای ئازادی لە فەلسەفەدا ئامادە دەبێت و فەلسەفەش پاڵپشتی ئەوەیە کە دنیاییە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بە (حکمەتی دنیایی) ناوببرێت.

گومانی تیانییە کە فەلسەفە خۆی بەوە بەستووەتەوە کە خواییە و دەبێت لە جیهاندا ئامادەبێت و یاسا و ژیانی ئاکاریش هەردەبێت لە وەدیهاتنی راستەقینەی ئازایدا ئامادەبێت، ئەوەش ناکرێت کە رێگە بە خودایی بدرێت لە بواری هەست یان تەموومژی ملەکەچیدا مەلەبکات. بەو رێژەیەی کە ئامۆژگارییەکانی خواو ویستی خوا لە هەستی مرۆییدا بەرجەستەدەبێت، ئەوەندەش ئیرادەیی مرۆیی و لە ئیرادەی عەقڵی رەگەزی مرۆییدا ئامادەیە، فەلسەفە دەزانێت کامە خواییە، بەڵام ئەوەش دەزانێت کە چۆن ئەم خواییە لە بواری دنیایدا پراکتیزە بکات و بیکاتە دنیایی. بەم شێوەیە فەلسەفە لە واقعی حاڵدا بە حیکمەتێکی دنیایی دەبینرێت، فەلسەفە تا ئەو ئاستە، لە پاڵ دەوڵەتدا دەژی کە لافی هەژموونی ئایینی لە جیهاندا راوەستێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەش — کە لە لایەکی ترەوە- لەوەدا دوورە بەرێز نابێت بەتوندی دژی هەوەس و بێ سەروبەری و ئەوە راوەستێت کە لە دەسەڵاتداری ئاییندا رووکەشە و لابەلاییە.

لەم گۆشە نیگایەوە دەبینین ئەمە شوێنی فەلسەفەیە لە مێژوودا، فەلسەفە لە بواری بیرکردنەوەی مرۆیی و ویستی مرۆیدا خوایی بۆ هۆشیاری دەخاتە روو، واتە —بە تایبەتی لە رۆژانی ئەمرۆماندا- کرۆکی یاسای دەوڵەت لەو کاتەدا کە دەوڵەت دەیەوێت لەسەر بناغەی بیر دامەزرێت، بەرەو هوشیاری پەلکشی دەکات.

ئێستا جیاوازی نێوان فەلسەفە و ئایینمان خستەڕوو، بەڵام هەندێك تێبینی ماوە کە دەبێت لە بارەی ئەو شتانەوە باسیان کەین کە ویستوومانە لە مێژووی فەلسەفەدا لە بارەیانەوە بدوێین، ئەم تێبینیایەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە پێشتر لێی دواین و تائاستێکیش لەسەری دادەمەزرێن و ریزبەند دەبن......



**شەشەم: میتۆلۆجیا بەشێوەیەکی** گشتی تێبینی یەکەم پەیوەندنی بە میتۆلۆجیاوە هەیە بە شێوە گشتییەکەی

(١) وتراوە میتۆلۆجیا مەسەلە فەلسەفییەکان دەگرێتە خۆی، زۆرجار ئەم مەسەلانە بەشێوەیەکیگشتی دەکەونە ناو گوزارشتە ئایینییەکانەوە، هەر دەبێت فەلسەفەی خۆی بە لێکۆڵینەوەی میتۆلۆجیاوە (یان ئەفسانەکانەوە) خەریك بکات. (أ) لەم ناو کۆییەدا من دەڵێم کێتبە زۆر بە ناوبانگەکەی کرویزەر Creurzer [55] هەورەك چۆن لە بنەڕەتەوە بە رێگایەکی فەلسەفی هەڵساوە بە چارەسەرکردنی میتۆلۆژیا (ئەفسانەکان)، ئاوەهاش لە بیرە ئایینەکان و نواندنەکان و خووڕەوشتی گەلە کۆنەکانی کۆڵیوەتەوە و بەپێی رێبازێکی فەلسەفی پەی بەو ناوەرۆکە عەقلییەش بردووە کە لەناویاندا هەیە. لە لایەن خەڵکانی ترەوە هێرش کراوەتە سەر ئەو رێبازەی کە کرویزەر بەکاری هێناوە بەوە وەسفیان کردووە کە رێبازێکی هەڵەیە و نامێژوویشە. ئەو گازندەیەی کە دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە ئەوە لە هەڵەوەیە گەر لە رووی مێژووییەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە لێرەدا کۆمەڵە مەسەلەیەکی فەلسەفی لەناو ئەفسانەکاندا هەبن، هەروەها هەردەبێت نهێنییەکانی یۆنانیش بکەونە ناو میتۆلۆجیاوە، لەوانەشە لە ناو ئەم نهێنیانەدا کۆمەلە مەسەلەیەکی فەلسەفی واببینینەوە کە زۆر پێشکەوتوو تربن لەوانەی کە لە میتۆلۆجیادا دەیانبینینەوە.

ئەو گازندەیەش کە وروژێنرا پێشتر ئێمە بەوەی کە پێشتر وتوومانە دەست بەرداری بووین، گومانی تیانییە کە ئێمە ئەم جۆرە بیرانە لە میتۆلۆجیاو لە نهێنی یۆناندا دەبینینەوە، بە هەمان شێوە رەگەزە ئەفسانەییەکانیشیان بەرهەمی ئەو مرۆڤەن کە مەزنترین و قووڵترین شتی خۆی لە ناویدا داناوە، واتە هۆشیاری خۆی بە حەقیقەت لەناویدا داناوە. ئەمەش لە راستیدا ئەوە دەگەیەنێ کە شێوە ئەفسانەییەکان عەقڵ لە خۆدەگرن، هەروەها بیروباوەڕە گشتییەکان و

[55] فریدریك کرویزەر (١٧٧١-١٨٥٨) زمانەوانێکی ئەڵمانییە و لە زانکۆی ماریوج لە ساڵی ١٨٠٢ مامۆستا بووە و لە زانکۆی هایدلبرج هاوەدەمی هیگڵ بووە و لەساڵی ١٨٠٧ تاساڵی ١٨٤٥ کاری تیاکردووە. بەڵام ئەو کتێبەی کروزیزەر کە هیگڵ ئاماژەی پێدەدات کتێبی ((رمزیەت و میتۆلۆجیا لە نێوان گەلانی کۆندا بە تایبەتی یۆنان))ە، چاپی دووەمی بە پوختەکراوی لە چوار بەرگدا لەکاتی کاری مامۆستایەتی خۆیدا لە زانکۆی هایدلبرج دەرچوو. ئەم چاپەش لەساڵی ١٨١٩ تا ١٨٢١ دەرچوو. (المترجم).

وێناکردنەکان و مەسەلە فەلسەفییەکانیش .... هتد. لە خۆیان دەگرن، دوای ئەمەش کە لۆمەی ((کرویزەر))یش دەکرێت لەسەر ئەوەی کە تەنها بایەخی بەم بیرە گشتیانە داوە، لە کاتێکدا ئەم بیرە گشتیانە خۆیان لەناو ئەم شێوە ئەفسانەییانەدا بوونیان نییە. گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە لە راستیدا ئەوە شێوازێکی میتۆدی تایبەتە بە ((کرویزەر)) و (هەروەها ئەفلاتوونییە نوێکان) کە لە میتۆلۆجیادا بە شوێن بیرە فەلسەفەکاندا دەگەڕێن.

بەڵام بەهەمان شێوە ناکرێت بوترێت کە ئەو یان ئەوان (ئەفلاتوونییە نوێکان) ئەم بیرانەیان خستۆتە ناو ئەفسانەکانەوە، بەڵکو هەر لەناو ئەفسانەکان خۆیاندا ئەم بیرانە بەشێوەیەکیڕاستەقینە هەن. کەواتە ئەم ڕێگا میتۆدییە عەقڵانییە لەسەروی هەموو گازندەیەکەوەیە. ئایینە میللییەکان و ئەفسانەکان لە بەرهەمەکانی عەقڵن و بەڕێوەن بەرەو هەمان مەعریفە، ئەگەر چی ئەوەندە هەژاریش بن، نەك هەر ئەمە بەڵکو منداڵانە و هیچ و پوچیش بن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەك یەکێك لە پێکهاتەکانیان لایەنێك لە لایەنەکانی عەقڵ لە خۆ دەگرن و غەریزەی عەقڵانیەتیش بە گوێرەیان شتێکی بنەڕەتییە. دوای ئەمەش هەر دەبێت دان بەوەدابنرێت کە میتۆدەکەی ((کرویزەر)) و ئەفلاتونیە نوێکان لەناو خۆیاندا راستە و میتۆدێکی کرۆکیشە.

زۆرجار متیۆلۆجیا نواندێکی هەستەکی و هەڕەمەکی یان نواندنێکی بێ سەروبەری بیرۆکەی سەراپاگیرە، ئەوەش پێی وایە کە ئەم بیرەی تێپەڕاندووە یان هەوڵی داوە بۆ ئەوەی لێی دەرباز بێت، هێشتا هەر بە شێوە دەرکییەکەیەوە پەیوەستە. بەڵام هەستەکی توخمێکی راستەقینە نییە کە بکرێت بیر یان بیرۆکەی سەراپاگیری تێدا بخرێتە روو. دوای ئەمەش خستنەڕووی ئەفسانەیی بەبەردەوامی لێکدوورکەوتنەوەیەك لەگەڵ بیرۆکەدا لە خۆ دەگرێت و لەگەڵیدا لێکدژ دەبێتەوە، هەر دەبێت بە چەندەها ڕێگاش شێوەی هەستەکی پەسەند بکرێت، بۆ نموونە: لە رووی مێژووەوە و لە رووی سروشت و هونەرەوە. ئەم شێوە هەستەکییە کۆمەڵە سەربازێکی رواڵەتی دەگرێتە خۆی کە وای لێدەکەن بەوردی لەگەڵ بیرۆکەی سەراپاگیردا وێکنەیێتەوە، بەڵکو زیاتر لەگەڵیدا لێکدژبێت، ئەویش بەوەی کە ماهیەتی ناوەکی شتەکانە، بەڵام ئەفلاتوونییە نوێکان فەلسەفەکەی خۆیان سەر لە نوێ لە پشت ئەم شێوە هەستەکییەی میتۆلۆجیادا دەدۆزنەوە، ئەم شێوانەش وەك گوزارشتکردن لە بیرەکانیان بە کاردەهێنن. یان



ئاساییە وابزانین کە لە راڤەکردنی ئەم شێوانە و روونکردنەوەیاندا گوزارشت لە بیرەکانی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی پەیوەستیش بن بە چەمکە ناوەکییەکانەوە، ئەگەر هاتوو بە درێژی لە روو درێژە پێدانەکانەوە کە پەیوەندیان بە پەرستنە ئایینەکانەوە هەیە: چەندیەتی بە کارهێنانەکان و کردەوە و ئامێرەکان و جل و بەرگ و قوربانییەکان... هتد پشکنینێکی زۆرمان کرد ئەوا رێژەیەکی زۆر لە هەڵە دەردەکەون، کە لەو شتانە پێکدێن، هاوشێوەی بیرن یان پەیوەستن بە بیرەوە، ئەمەش ئەوە بە تەواوەتی روونەدەکاتەوە کە تاچ رادەیەك وێنە و مانایەك لە وێنە و مانایەکی تر دادەبرێت، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە تاچ ئاستێك دەکرێت زۆرێك لە رووکەشی و هەڕەمەکییەت و تێکەڵ بوونی هەڵە بە هەردووکیان بێتەناوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لێرەدا توخمێکی عەقڵی لە ناو ئەم وێنە یان شێوانەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە ئەمە لە لێکۆڵینەوەکەمان لە مێژووی فەلسەفەدا دوورخەینەوە، بەڵام هەر دەبێت لەبەر چاویشی بگرین، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە فەلسەفەدا حەقمانە بەسەر راپۆرتە فەلسەفییەکانەوە نییە، واتە پەیوەندیمان بەو ڕێگای گشت نواندنی حەقیقەتەوە نییە و هەروەها پەیوەندیشمان بەو بیرانەوە نییە کە ئەم نواندنە یان ئەوی تریان یان ئەو بیرانەی کە لەناو وێنەی هەستەکیدا ناپەرەسەندوو و شاراوە، دەیانگرنە خۆیان، ئەوەی کە پێویستە ئێمە لێی بکۆڵینەوە، ئەو بیرانەن کەوا دەرکەوتوون بیرن و هەروەها بەر ئەندازەیەش کە ناوەڕۆکی ئایین لە وێنەی بیردا تیایدا دەردەکەوێت و دەچێتە ناو هۆشیاریمانەوە لە وەشدا جیاوازییەکی گەورە هەیە ... پێویستە ئێمە لە مێژووی فەلسەفەدا تەنها مامەڵە لەگەڵ عەقڵدا بکەین بەو شێوەیەی کە لە وێنەی بیردا دەردەکەوێت، ئەو راپۆرتە فەلسەفیانەی کە لە ئایینیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەن، لەو شتانەنین کە بابەتی گرنگی پێدانی ئێمەن.

(ب) لەڕاستیدا، لە زۆربەی ئەفسانەکاندا شتانێك هەن کە مەغزایەکی فیکریان هەیە ئەمە بە چاوپۆشین لە وەی کە وێناکارین Images، یان وێناکارین و خەریکیشە کە هەر خۆشیان بیر بن. پێشینانی فارسەکان خۆر، یان ئاگریان پەرستووە، وەك ئەوەی کە بوونەوەرێکی باڵابێت. لە ئایینی فاریسیدا هۆی یەکەم زرڤان ئەکرینە Zerravan Akerene [56]زەمەنی بێکۆتا (یان هەتا

[56] زەرڤان: لە ئەفسانە فارسییەکاندا خوای زەمەنی بێ پایانە، ئەکرین یان ئاکرانا Akarana ناوێکە لە ناوەکانی، هەروەها خوای قەدەری دەسەلات رۆشتووەو لە دوورەوەرا کار دەکاتە سەر کاروباری مرۆڤەکان،

هەتایی)، ئەوان وایان دادەنا کە ئەم بوونە ناکۆتادارە دوو بنەمای هەیە کە ئەمانەن: (ئا هورامزاد) و (ئەهریمەن) یان خوای چاکە و خوای خراپە[57]. پلوتارك دەڵێت:

((یەك بوون نییە، کە فەرمانڕەوایی گەردوودن بکات و کاروبارەکانی ببات بەڕێوە، بەڵکو ئاوێنەیەك لە چاکە و خراپە هەیە، یان بە کورتی: سروشت شتێکی وابەرهەم ناهێنێ کە لە شتێکی تر بەرهەم نەهاتبێ. پاشانیش دەرمانسازێکمان نییە —کە لە پیاوی مەیخانە بچێت، Barman. و لە دوو قاپ بخواتەوە و یەك شەرابی تێکەڵاویشیان تێبکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی کە لە گەردووندا روودەدات، لە رێگەی دووبنەماوە دێتە بوون کە دژی یەکن و لێکهاردراون: یەکەمیان بەرەو هەق و راستی ئاراستەمان دەکات، لە کاتێکدا ئەوی تریان بە ئاراستەیەکی دژ ئاراستەمان دەکات، ئەم دوانە بە لایەنی کەمەوە ئەم زەوییە هەڵدەسوڕێنن، گەر نەڵێین بەشێوەیەکیناچوونیەك گەردوونیش دەجولێنن. زەردەشت بەشێوەیەکیزۆر جوان ئەمە وێنادەکات کاتێك کە بۆ ئەوە دەچێت کە یەکێك لەم بنەمایانە ((ئاهورامزاد))ە، کە رووناکییە ئەوەی تریان ((ئەهریمەن))ە، کە تاریکییە لە نێوانیشیاندا میترا ((Mithra)) هەیە، کە فارسەکان بە میانەکار ناوی دەبەن[58].

---

زەرەڤانیەت وێنەیەکی رێك و پێککراوی زەردەشتەیەتە ئەمە دوای ئەوەی کە ئەمەی دواییان بووە بە دوالیزمیەت. ئەفسانەکە دەڵێت زرەڤان ویستی منداڵێکی ببێت، دوای پێشکەش کردنی قوربانی بە درێژایی هەزار ساڵ گومانی لە توانای وەدیهاتنی ئارەزووەکەی خۆی کرد، لەو ساتە وەختەدا کە ئەم گومانەی کرد سکی بە دوانەیەك پڕبوو : ((ئاهورامزاد)) درەوشانەوەیەکی ئاشکرای هەموو چاکەیەکە لەگەڵ (ئەهریمەن) (شەیتان) کە درەوشانەوەی گومانەکەی زەرڤان بوو ئەهریمەن لە دوای براکەی خۆی لەدایکبوو، لەوانەیە سەردەمی ساسانییەکان (٢٤٧-٦٣٥) ململانێ نێوان هەر دوو ئایینی زرەڤانیەتی و زەردەشتیەتی بە خۆیەوە بینیبێ، بۆ هەموو ئەمانە بڕوانە ((المعتقدات الدينية لدى الشعوب — الفصل الثالث — ج بارندر ترجمة د. امام عبدالفتاح امام)) و مراجعة د.عبدالغفار مكاوي، الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم).

[57]) راجع كتاب ديوجنز اللايرثي ((حياة مشاهير الفلاسفة)) المقدمة فقرة ١٨، من تعليقات نوكس ص ١٥٢. (المترجم).

[58] بەراوردکە لەگەڵ کتێبەکەی بلوتارك ((گیانلەبەر بەرە تەریبەکان)) بەتایبەتی ئەوەی کە لە بارەی ((ئیزیس و ئۆزۆریس)) نوسیوویەتی. ص ٣٦٩-٤٥-٤٦ من تعليقات نوكس ص ١٥٢. (المترجم).



بەم شێوەیە دەبینین میترا Mithera[59]ش کرۆکە، واتە بوونێکی هەمەکییە، یان ئەو خۆریە کە لەسەر هەموو هەڵدێت، میانە کارێك نییە لە نێوان ((ئاهورا مزاد)) و ((ئەهریمەن))دا بەوەی کە دروستکەری ئاشتی نێوانیان بێت و هەردووکیان بەسەر بەخۆیی بهێڵێتەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە کاتی شەڕە درێژخایەنەکانی ((ئاهورامزاد)) لە دژی بنەمای خراپەدا لەگەڵیایەتی و پشتی دەگرێت ((میتر)) بەشداری چاکە و خراپە ناکات و شتێکی ناپیرۆزی نێوان هەردووکیشیان نییە.

زۆرجار ((ئەهریمەن)) بە یەکەم لە دایکبوو و کوڕە گەورەی نوور ناودەبرێت، بەڵام ئەوە ((ئاهورامزاد))ە کە لەکاتی خولقاندنی ئەو جیهانەدا کە ئێمە دەیبینین لەناو رووناکیدا دەمێنێتەوە، ئاهورامزاد لە مەملەکەتی رووناکی تایبەتدا بەخۆی، لە سەر رووی زەریەوە دانراوە، کە کەس ناتوانێت پەیپێبەرێت، لە گومبەتی رەقی ئاسمان دانراوە کە ئائێستاش لە هەموو لایەکدا بە رووناکی یەکەمی هەتاهەتایی دەورەی داوە، لەناو راستی رووبەری زەویدا کێوی بوردی ((Albordi)) چووە بە ئاسماندا و خەریکە دەست لە رووناکی رەسەن دەدات، مەملەکەتی پڕهێمنی و ئاسایشی ((ئاهورامزاد)) —مەملەکەتی رووناکی، بەدرێژایی کێوی بوردی لەسەر گومبەتی ئاسماندایە، لەسەر زەوی ئەم کارە هەروایە تا کێوی سێهەم، لێرەدا ((ئەهریمەن)) کە مەملەکەتەکەی —مەملەکەتی تاریکییە- پێشتر لەناو هەناوی زەویدا دیاری کراوە- هەڵساوە بەدەستبە سەراگرتنی جیهانی ماددی و ((ئاهورامزاد))یش بەشداری لە فەرمانڕەواییەکەیدا دەکات، فەزاش لە نێوان ئاسمان و زەویدا شەقبووە بۆ دوو بەشی شەو و رۆژ. پێشتر ئاهورامزاد تەنها خاوەنی مەملەکەتی گیانی بووە و هیچی تر، هەروەها ((ئەهریمەنیش)) جگە لە مەملەکەتی شەڕ هیچی تر نەبووە، بەڵام و دوای ئەوەی کە ئەهریمەن هێرشی کرد و رێگای چوونە ناو جیهانی بڕی بە خلوقاوە زەمینەکانی شەو دژی خلوقاوە

---

[59] میترا Mithera لە ئێران وەك خوای بەڵێننامە و رێککەوتنەکان دەپەرەسترێت (بەراستیش وشەی میترا واتە بەڵێن یان رێککەوتن). یاساو هەق دەپارێزێت، هێزە جیاوازەکان لەناو دەبات، سەردەکەوێت هێزی شەڕ و تورەیی و ملکەچیدا. متیرای خواوەند لە ئەفسانە فارسییەکاندا خوای ژیان و گەرمییەکی ژیانئاراوە. نێوانە لە نێوان خواکان و مرۆڤدا، لایەنگیری (ئاهورامزاد)ی خواوەند. واتە خواوەندی چاکە دەکات لەشەڕەکەیدا لەگەڵ شەیتانی فرتوفێڵکەردا ((ئەهریمەن)) ئەم خواوەندە چووەتە ناو ئایینە یۆنانی و رۆمانییەکانەوە و لە ئایینی هیندییەکانیشدا وەك خوای رۆژ باسکراوە. (المترجم).

زەمینییەکانی رووناکی راوەستا. لەو کاتەوە ئێمە دوو جیهانی زەمینیمان هەن کە یەکێکیان دژی ئەوەی تریانە و یەکێکیان پاك و بێگەردو چاکەر ئەوی تریان پیس و شەڕانگێزە. ئەم لێکدژییەی بەناو هەموو سروشتدا دەڕوات و دەیبەزێنێ. لەسەر شاخی ((بوردی)) ئاهورامزاد هەڵسا بە خولقاندنی میترا Mithera تا لەسەر زەوی ببێتە میانەکار. هیچ ئامانجێك لە خولقاندنی جیهانی زەمینیدا نییە جگە لە گەڕاندنەوەی ئەو بوونەوەرانە کە لە خولقێنەرەکەیان بۆ دوور هەڵهاتوون و دوورکەوتوونەتەوە لە خێر و چاکە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاجارێکی تر بە خێر بیانگێڕێت و پاشانیش خراپە بۆ یەکجارەکی نەمێنێت.

جیهانی زەمینی شانۆی ململانێیە، زەمینی شەڕی نێوان چاکە و خراپەیە، بەڵام شەڕی نێوان تاریکی و رووناکی رەهانییە و لێکدژیەك نییە کە چارەسەرنەکرێت، بەڵکو لێکدژیەکی کاتییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەر ((ئاهورامزاد))ی خوایی رووناکی سەردەکەوێت.

لە دیدێکی فەلسەفییەوە — لە هەموو ئەم بابەتانەدا تێبینی ئەوە دەکەم، ئەوەی کە شایەتی بایەخ پێدانە تەنها دوالیزمەکەیە Dualism و هیچی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەم دوالیزمەدا بیرۆکەی سەراپاگیر دەبێتە زەرووری و لەناویشیدا بیرۆکەی سەراپاگیر بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێتە لێکهەڵوەشێنەرەوەی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا بنەمای تاریکی بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەلبی دەبێت. لەسەر ئەم بناغەیەش ئەوە دروستدەبێت کە بنەمای رووناکی لەگەڵ ((میترا))دا کە پێشتر بە بوونەوەرێکی باڵا یان ماهییەت ناو برا، یەکبگرێت، ئەگەرهاتوو زۆر لە نزیکەوە سەیری ئەم هۆکارانەمان کرد ئەوا مەودای وابەستەبوونیان بە فەلسەفەوە دەزانین و دەبینین تاکە شتێك کە بە کەڵکمان بێت —زۆر بەسادەیی- توخمە هەمەکیەکەیەتی، واتە ئەو بوونە سادەیان ئەو ماهییەتەیە کە لێکدژی رەهای خۆی واپیشاندەدات کە لێکدژیە لە نێوان ماهیەت و باڵا نوارییەکەیدا، دیمەنی رواڵەتی ئەم لێکدژییەی خستۆتەلاوە، بەڵام بنەمای گیانی دابڕاو نییە لە بنەمای فیزیکی، چونکە پێناسەی چاکە و خراپە لەیەك کاتدا پێناسەی رووناکی و تاریکیشە، ئالێرەدا دەبینین بیرۆکە لە واقیع دابڕاوە و لەگەڵ ئەمەشدا بەو شێوەیەش لێ دانەبڕاوە کە لە ئایینی هەیە، ئەمەش لەوەوەیە کە لە سەرووی هەست خۆیەوە بۆ جارێکی تر لەوەدا ئامادە دەبێتەوە کە بە رێگایەکی پچڕپچڕ و ناوێناکارییانە هەستەکییە، بە پێچەوانەوە



بوارە جیاجیاکانی هەستەکی هەمووی پێکەوە سەر لە نوێ لە لێکدژیەکی سادەدا کۆدەبینەوە، بە هەمان شێوەی ئەوەی کە بە هەمان سادەیی لە جووڵەدا دەخرێتەڕوو.

ئەم خاڵانە زیاتر لە بیرێك دەبنەوە، ئەمانە کۆمەڵە وێناکردنێکی پوخت و سادەنین بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا فەلسەفە ناتوانێت تاکە شتێکیشی لێ پوختە بکات، چونکە بیر لەناو ئەم جۆرە ئەفسانانەدا شتێکی بنەڕەتی نییە، و ئەوەی کە باڵی بەسەر ئەم ئەفسانانەدا کێشاوە وێناکردنێکی خەیاڵی و ئەندێشە ئامێزە. لە ئایینی هەموو گەلەکاندا بە راستزانین لە نێوان وێنەکێشانی خەیاڵی و بیردا بەو شێوەیەی کە ئاوایە، هەیە. ئەم جۆرەش لە تێکەڵ و پێکەڵی دەکەوێتە دەرەوەی فەلسەفەوە.

دەتوانین هەمان شت لە بارەی دروستبوونی گەردوون لەناو فینیقییەکان، لە لای سانکونیاتوون Sanchuniathom [60]بڵێین، چونکە ئەمەی تیادا دەبینینەوە:

((بنەمای شتەکان کاوس ((Chaos))ە، کە جۆرەها توخمی ناپەرەسەندووی تێدایە، هەمان شێوەش گیانی هەوای تیایە. ئەم گیانەش کاوسەکەی بەپیت کردووە و ئەویش مادەیەکی لینج یان قوڕێکی لێکەوتۆتەوە کە لەناو خۆیدا هێزی ژیانی و تۆوی گیانلەبەرەکانی هەڵگرتووە بە هۆی ئاوێتە بوونی قوڕەکە لەگەڵ کاوسدا ئەو سپێرمەی کە لەم دەکەوێتە، توخمەکان لە یەکتری دادەبڕێن، توخمی ئاگر بەرزدەبێتەوە و ئەستێرەکان دروستدەکات، کاریگەری ئەم ئەستێرانە لەسەر هەوا، هەورەکانی لێدەکەوێتەوە و زەویش بەمە بەرهەم و بەرووبووم دەبێت، کاتێکیش کە ئاو و خۆڵ تێکەڵ دەبن، لە رێگەی قوڕەوە ئەم ئاوێتەیە دەبێتە بەرد، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەیدابوونی گیانلەبەرەکەم و کورت و ناتەواو و بێهەستەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گیانلەبەری تر بخرێتەوە، کە کەمتر کەم و کورتیان هەیە و بوونەتە خاوەنی هەستەکان. بە هۆی هەورە بروسکەشەوە ژیان لەناو ئەو گیانلەبەرانەدا دەبزوێت کە لەناو خانە وردیلەکاندا خەوتبوون)).

---

[60] شەزەرەکانی سانکونیا کۆن (لەندەن ١٧٢٠) رێزمانووسێکی فینقی بە فیلۆن ناسراوەر و خەڵکی بیلێوس Byblos (لوبنانە) ئەم شەزەرانەی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی یۆنانی. فیلۆن لەسەردەمی ڤیسبسان Vespasin داژیاوە، تەمەنێکی زۆر لە مێژینەی داواتە پاڵ سانکۆنیاتون (پەراوێزێك بە پێنوسی هیگڵ)، (المترجم).

بیرۆسۆس Berous [61]دەڵێت:

((لە وڵاتی کلداندا [62]خوای کۆنی کلدانییەکان خوای مێرد Bel بووە، لەگەڵ خوای ئامورۆکا Omoroka[63] (دەریا) لەگەڵیشیارن خواوەندی تر هەبوون، مێرد هەڵسا بە کەرتکردنی ((ئورکا)) بۆ دووکەرت، بۆ ئەوەی زەوی و ئاسمانیان لێدروستبکات، دوای ئەمەش سەری بڕی و رەگەزی مرۆیی لە دڵۆپە خوێنە خواییەکانی ئەوەوە هاتنە ئاراوە. دوای ئەوەی مێرد مرۆڤی دروستکرد، تاریکی دەرکرد، ئاسمانی لە زەوی دەرپەڕاند و شێوەیەکی سروشتی تریشی بەخشی بە جیهان، کاتێکیش کە بینی هەندێك لە ناوچەی زەوی وەکو پێویست ئامادەنەکراون، خوایەکی تری بە زۆر والێکرد کە ئازادی خۆی بدات، تا خوێنەکەی بڕژێت، لە خوێنی ئەویش خەڵکێکی زیاتر هاتەدەرێ و جۆرەکانی تری گیانلەبەریش لە دایکبوون، یەکەمجار مرۆڤ لە دۆخێکی وەحشیانەدا دەژیا و هیچ رۆشنیریەکیشی نەبوو هەتا ((زەبەلاحی زۆرکار)) دەرکەوت، (بیروسۆس Berosus بە ئەوانیش ناوی دەبات) — ئەو هەموویانی لە دەوڵەتێکدا کۆکردنەوە و فێری هونەر و زانستی کردن، بە کورتی مرۆڤایەتی هێنایە ناو بوونەوە، لەکاتی هەڵهاتنی

[61] کاهینێکی بابلی بوو لە سەدەی سێهەمی پێش زایندا، بە یۆنانی ((مێژووی بابل)) نوسیوە، کۆمەڵە وەرگرتەیەکی لێماوە و مێژوونووسی جوولەکە یووسفۆس Josephas و یوسبیوس Eusebiu کۆیانکردنەتەوە، لێرەدا پەراوێزێکی هیگڵ لەسەر ناوی بیروسۆس هەیە، بەم شێوەیە: ((بیروسۆس ((شەزەرەکلدانییەکان))... سەرجەم بەرهەمەکانی لەلای فابریشیس Fabricius کتێبخانەی گریگی —بەرگی چواردەهەم ص١٧٥-٣١١. ((بیروسۆس)) لەسەردەمی ئەسکەندەردا ژیاوە، هەردەبێت کاهینێك بووبێت لە کاهینەکانی خواوەند بەعل و پارێزراوەکان ((ئەرشیفی))ی پەرستگای بابل لە ژێر دەستیابوو بێت —المولف. بەڵام ئەو فابریشیسەی کە هیگڵ ئاماژەی پێدەدا مێژوونوسێکی ئیتالییە. (المترجم).

[62] کلدانیا Chalded: وڵاتی کلدان دەکەوێتە بەشی باشووری عێراقی نوێوە، بەگوزارشتێکی وردتر: دەکەوێتە بەشی حەوزی سەری خەلیجی عەرەبی لە نێوان بیابانی عەرەبی و لێواری فورات. (المترجم)

[63] بەعل Bel (واتە سەردار): لە لای بابلییەکان و ئاشورییەکان خواوەندی زەوییە، جاری واش هەیە خوای باران و کشتوکاڵە —لە عەهدی دێرینی کتێبی پیروزدا باسکراوە. سفر العدد ٢٥: ٣ و سفر القضاء ٣ (٣ هەروەها لە قورئانیشدا باسکراوە ((أتدعون بعلاً و تذرون احسن الخالقین)) ١٢٥ الصفات. لە زمانی عەرەبیشدا بەعل یانی مێرد. راجع فی ذلك ((معجم دیانات و اساطیر العالم)) الدکتور امام عبدالفتاح امام — الناشر مدبولی بالقاهرة. (المترجم).



رۆژدا ئەم زەبەلاحە لە دەریادا دێتە دەرەوە تا ئەم ئامانجە بەدی بهێنێ و لەکاتی خۆرئاوابوونیشدا لەناو شەپۆڵەکاندا سەر لە نوێ بزردەبێتەوە.

لەوانەیە گریمانەی ئەوەش بکەین کە لەناو نهێنییەکانیش مەسەلەی فەلسەفی زۆر هەن، ئێمە ئەوە بە دروستدەزانین کە بڵێین ئەمانە رەمزگەلێکی وادەگرنە خۆ کە ئاماژە بدەن بە بیرە پاشینە باڵاکان. بەڵام لەناو ئەمەشدا رەگەزی هەستەکی تێکەڵ و پێکەڵی زۆر هەیە، دروستە گەر ئەم رەگەزانە پاشماوەی سیماکانی ئایینێکی سروشتی کۆن بن، کە دەمێکە لەناو تاریکیدا ونبووە، -بەشێوەیەکیگشتی- ئەوەی کە لە ((نهێنییەکاندا)) پارێزراوە و ماوەتەوە، لە دووڕا لەناو ریشەی ئەوەدا شاراوە ئەوە کە گەلێکی شارستانی بۆ زەینی خۆی دەیخاتە روو، لە بناغەدا لە ئایینی مەسیحیدا نهێنیەکان، ئەوانەن کە شێوەگیرکردنی بیری تیۆری لە خۆدەگرن، ئەفلاتوونییە نوێکان —بە رێگایەکی نهێنی و لێڵ- بیرۆکەی تیۆرییان بەد ناوی رێورەسمکاری Imitiation [64]، و مورید یان کەسی رێگرتوو، ناودەبرد. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ریزبەستنە لە رەوتی فەلسەفەی تیۆریدا، دوای ئەمەش شتێکی نادیار لەناو ((نهێنییەکاندا)) نییە، ئەم ناوەش ئەوەندەی کە رێورەسمکاری دەگەیەنێ ئەوەندە ((نهێنیبوون)) ناگەیەنێ... ئەسینابییەکان هەموویان —جگە لە سوکرات- لە ریزی ((نهێنییەکانی ئیلۆسیسدا بوون.... (ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێت لە رێگەی فیلۆلۆگیایەوە تێبینی بکەین، کاتێك کە بە باشی لەمانای ((رێو رەسمکاری)) تێگەیشتین). بەڵام تاکە شتێك کە لەوان قەدەغەکراوە، ئەوەیە کە ئەم نهێنییانە لای کەسە غەوارەکان بدرکێنرێن، ئەمە خۆی قەدەغەبووە، زۆر جاریش بە تاوان دانراوە. هەمان شتیش لە بارەی ئایینی مەسیحییەوە دروستە. کاتێك ناوی ((نهێنییەکان)) لە بیروباوەڕەکان دەنرێت، ئەم نهێنییانە ئەوەیە کە لە بارەی سروشتی خواوە زانراوە، لەگەڵ ئەوەی کە وەك بیروباوەڕ بڵاودەکرێتەوە، شتێکی نادیار یان نهێنی لەمە دانییە، بەڵکو ئەمە شتێکی زانراو و ئاشکرایە و هەر کەسێك کە سەر بە کەنیسە بێت دەیزانێت و لە رێگەی ئەم

[64] رێورەسمکاری Imitiation، کۆمەڵە ریتواڵێکە کە بە هۆیەوە کەسێك دەچێتە ناو کۆمەڵەیەکی ئایینیەوە، -بە رێگایەك- واتای ئاهەنگ گێران دەگەیەنێ بۆچوونە ریزی ئایینێکی دیاریکراو، لە مەسیحییەتدا دەوترێت فلانەکەس (رێو رەسمی) قەسیسەتی بە جێگەیاند، واتە چووە سەرڕێی کە هەنووت. ئەو کەسەش کە دەچێتە ژێر باری ئەم ریتواڵە، بە زمانی سۆفیانە ((مورید)) یان سالکە. (المترجم).

زانیارییانەشەوە مەسیحییەت ئەندامەکانی خۆی لە ئەندامەکانی ئایینەکانی تر جیادەکاتەوە. لێرەشدا ((نهێنی)) ئەوە ناگەیەنێ کە ((نهێنییە)) ((مادام هەموو مەسیحیەك لەناو نهێنیدایە و لەگەڵیدا دەژی)) بەڵکو ئەمە ناوێکی ترە بۆ ئەوەی کە ((تیۆرییە)) و هیچی تر، ئەمەش نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەدا کە بە گوێرەی هەستەکان و بە گوێرەی پیاوێکی هەستەکی و بە گوێرەی ئارەزوو و خووڕەوشتەکانی و تێگەیشتنە ئاساییەکە نهێنی بێت. چونکە تێگەیشتن لە بیری تیۆریدا تەنها لێکدژیەکان بەدی دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆی بە جیاوازییەکانەوە بە ستۆتەوە و ناتوانێت لە عەینی تێبگات. لە کاتێکدا ((نهێنی)) Myserium یان بیرۆکە خۆی لە هەمانکاتدا هەڵوەشاندنەوەی جیاوازییەکانە، هەر لێرەشەوەیە کە نهێنییەکان بە ئەندازەی ئەوەی کە بیر تیایاندا دەرکەوێت وەك بیر وەك وێنەی بیر جێی بایەخ و گرنگی ئێمەن.

هەروەها وتراوە ئەفسانەکان ڕێگایەکن لە ڕێگاکانی فەلسەفەکاری، لە ڕاستیدا زۆرجار ئەمە بەم شێوەیە و وەك وتراویشە زمانی ئەفسانە بە مەبەست بە کارهاتووە بۆ وروژاندنی بیرە باڵاکان، -بۆ نموونە- لای ئەفلاتوون زۆرێك لە ئەفسانەکان هەن[65]، هەروەها یاکوبیش هەر لە ڕیزی هەمان بیرە، چونکە فەلسەفەکەی بە بەرگکراوی بە شێوەکانی ئایینی مەسیحی پێشکەش دەکرد، ئەو بەم ڕێگایە مەسەلە تیۆرییەکانی تا ئەوپەڕی ئاشکراکردن ئاشکرا دەکرد. بەڵام ئەم شێوەیە شێوەیەکی دروست نەبوو و بۆ فەلسەفەش گونجاو نەبوو، ئەو بیرەی کە خۆی دەکاتە بابەت، ئەوا هەر دەبێت خۆی لە شێوەکەی خۆیدا بابەتیانەبێت و هەردەبێت

[65] خەریکە لەناو لێکۆڵەرەواندا ڕێککەوتن لەسەر ئەوە دروستببێت، کە ئەفسانە لە لای ئەفلاتوون گوزارشتە لە جۆرە مەعریفیەیەك ئەگەر کاری بکات لەو کاروبارانەدا کە ناکرێت بەڵگەیان لەسەر بهێنرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پەیوەستە بەو مەسەلانەوە کە تیایاندا ناگەین بە حەقیقەتێکی یەقینی. ئالێرەوەیە کە لەم مەسەلانەدا بوونی مەبەستێکی بە ڕاستدانراوە بەسە، نەك ئەو یەقینەی کە ناکرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت. لەم جۆرە کاروبارانەش: لێکۆڵینەوە لە جیهان و سروشتی خواییانە و ژیانی ڕۆژی دوایی و بنەچەی دەروون و چارەنوسەکەی...هتد جێی تێبنییە کە بیری فەلسەفی ئەفسانە بە کەلەپۆرێکی بەسەرچووەو یادەوەرییە بەجێ ماوەکانی ڕابردوویەکی کۆنەوە گرێبدات....هتد، راجع فی ذلك کله د. فؤاد زکریا ((دراسة الجمهورية افلاتوون)) لەگەڵ وەرگێڕانی گفتوگۆ سازییەکە، الهیئة المصرية العامة لكتاب القاهرة عام ١٩٨٥- ص ١٦٩و مابعدها. (المترجم).



بەسەر شێوە سروشتییەکەی خۆیدا بەرزببێتەوە و هەردەبێت لە شێوەی بیردا دەرکەوێت، زۆرجار وتراوە ئەفسانەکانی ئەفلاتوون باشترین و چاکترن لەو ڕێگا پەتیەی کە لە خستەڕووی بیرەکانی خۆی دەیگرێتەبەر، گومانی تیانییە کە ئەفلاتوون بە ڕێگایەکی زۆر جوان دەیانخاتەڕوو، ئەگەر هاتوو وردتر لێمان ڕوانی، ئەوا دەبینین ئەفسانەکانی —تائاستێك- لەو بێدەسەڵاتییەی ئەوەوە هاتوون کە ناتوانێ بیرەکانی خۆی بەخستنە ڕوویەکی بێگەردو پوخت بۆ خەڵکی بخاتەڕوو، لە ڕوویەکی ترەوە ئەو تەنها لە دەروازەکاندا لە ڕێگەی ئەفسانەکانەوە گوزارشتی لە بیرەکانی خۆی کردووە، بەڵام دەبینین دەگاتە ناوجەرگەی بابەتەکە بە ڕێگایەکی تر گوزارشت لە خۆی دەکات. ئەرستۆ دەڵێت: ((ئەوانەی کە لە فەلسەفەکانیاندا ئەفسانەکان بەکاردەهێنن هی ئەوەنین کە بایەخیان پێبدەین و بەهەند وەریانگرین ئێمە دەتوانین لە لوتکەی بیری تیۆری دابەزین، تا وا لەو بیرە بکەین کە زۆر ئاشکرابێت، بەڵام تەنها لە حاڵەتی ئەفلاتووندا پێویستە بایەخی گەورە بە ئەفسانەکان نەدەین، ئەوەی کەوا دەکات بیر بە هێزبێت، ئەوەیە کە لە تۆخمە تایبەتەکەی خۆیدا دەستبەسەر بووندا بگرێت، تائەفسانە ببێتە شتێکی زیادە یان تەنها جوانکاریەك کە هیچ بایەخێکی نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفە بە هۆیەوە هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەبینەوە. ئەوە گەورەترین سەرچاوەی بەد تێگەیشتنە کە دەست بە ئەفسانەکانەوە بگرین و تەنها لە ئاستی ئەواندا بوەستین و بە تەنها لە حاڵەتی خستنەڕووی فەلسەفەیدا پەنایان بۆنەبەین. بە درێژایی ماوەیەکی زۆر بڕیارێکی بەدمان لەسەر ئەرستۆداوە، چونکە کۆمەڵە لێکچوونێکی پەرتووبڵاومان لێرەو لەوێ لە فەلسەفەکەیدا وەرگرتووە و کردومانە بە بناغە بۆ حوکمدان دواتریش -بەهۆی بەد تێگەیشتن- لێکچواندنی جێی باوەڕ نییە، بەڵکو بەردەوام شتێکی تری جگە لە بیرۆکەکەی گرتووەتە خۆی. کاتێك خەڵکی دەستیان بەشتانێکەوە گرتووە کە سەر بەبیرنین، ئەمە وا دەکات لە بارەی بابەتەکەی کە لەبەر دەستیاندا هەیە، بەرەو کۆمەڵە بیرێکی بەتاڵیان ببات. سەرەڕای ئەمەش کارێکی سنوورشکێنە کە بیر لە هەر وێنەیەکی تری جگە لە وێنەی بیر بخرێتەڕوو و ئەڵتەرناتیڤێکی تر جگە لەو بەکاربهێنین و لە وێنەیەکی هەستەکیدا بیخەینەڕوو. دوای ئەمەش بەکارهێنانی ئەفسانەکان گوزارشتە لە بێ دەسەڵاتی و کەموکورتی لە پەی بردنی وێنەی بیردا، سەرباری ئەمەش نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە لە پشت شێوەی ئەفسانەوە هەردەبێت بیرێك یان ناوەڕۆکێك شاراوەبێت، ڕوونتر ئامانجی ئەوە بێت کە گوزارشت لە بیر بکات و ڕوونی بکاتەوە و ئاشکرای بکات، بەڵام ئەم

جۆرە لە گوزارشتکردن باوڕهێنەر نییە، راستە گەر بڵێین جارو بار هێما بۆ شاردنەوەی بیرۆکە بەکاردەهێنرێت، هەر وەك ئەوەی کە لە ماسۆنیەتدا هەیە، ئەمانە پێیان وایە قووڵترین جۆرەکانی حیکمەت لە پشت رەمزدا شاردراونەتەوە، بەڵام هەر کەسێك بیر بناسێت، دەیخاتەڕوو و ئاشکرای دەکات، چونکە ماهییەتی بیر ئەوەیە کە بدرەوشێتەوە و ئاشکرابێت (ئەمەش ئاشکرا بوونێکی خودییە، یان درەوشانەوەیەکی خودییە)، گەر ئەمەوانەبێت ئەو کەسە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت ببێتە خاوەنی بیر، یان ئەوەیە، ئەوەی کە دەیەوێت دەستیخات، روخسارێك بە خۆی دەدات....

هەندێکی تر هەن کە هێڵ و ژمارە و شێوە ئەندازییەکان دەکەن بە هێما، بۆ نموونە مارێك کلکی خۆی گەستبێ یان بازنە... ئاماژە بە هەتاهەتایی دەکات لەناو ئەم وێنە ئاماژەدرا. بەڵام گیان پێویستی بەو جۆرە هێما نییە، چونکە زمانی خۆی هەیە، کاتێك کە گیان توانای ئەوەی هەیە لە توخمی بیردا گوزارشت لە خۆی بکات، ئەوا رەمزی دەبێتە هۆکارێکی خراپ و بەد و نادروست بۆ خستنەڕووی بیرۆکە... ئەمەش راستە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بێگومان ئەفلاتوون هۆکاری خۆی هەیە کە ئەفسانە بەکار دەهێنێ بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانە شێوەیەکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی بشێت بیر تاییدا بخرێتەڕوو، هیچیش نییە جگە لە هۆکارێکی زۆر نزم لە هۆکارەکانی گوزارشت کردن.

هەروەك ئەوەی کە ماسۆنییەکان کۆمەڵە رەمزێکیان هەیە و دەڵێن لە حیکمەتێکی زۆر قووڵ پێکهاتوون، قووڵ بەو مانایە قووڵە کە لە بارەی بیرێکەوە دەوترێت کە ناتوانین بنەکەی ببینین، دوای ئەوەش خەڵکی ئامادە باشییەکی خێرایان هەیە بۆ باوڕکردن بەوەی کەشتی قووڵ شتی شاراوەیە، هەردەبێت لە ژێر ئەم رووکارەدا شتێکی قووڵ هەبێت. بەڵام گەر وامان دانا لێرەدا شتێك هەیە لە پشت ئەوەوە کە دەیبینین، ئەوا بەهەمان شێوە دەکرێت — بەهەمان پلە- شتێك لە پشتی ئەوەوە نەبێت کە دەیبینین، ماسۆنییەکان خاوەنی حیکەمەتێکی تایبەتی نین و خاوەنی زانینێکیش نین بەو راستییە شاراوەیە (واتە دەرەوە و ناوەوەی ئەم هونەرە) و هیچیش لە بارەی ئەو شتە کە لە پشتەوە هەیە نازانن. لە راستیدا. -باشتر ئەوەیە- کە بیر ئەوەبێت کە دەدروشێتەوە و خۆی نیشاندەدات، ئەمەش سروشتی خۆیەتی، واتە دەرخستنی خۆی سروشتیەتی، دەدرەوشانەوە و دەرکەوتن، لە شتێك ناچێت کە هەبێت یان نەبێت، بەوەی کە بیر



بەوە بیربێت کە دەرنەکەوێت، یان بە پێچەوانە: خودی دەرکەوتن بیر خودی خۆی بێت. بەهەمان شێوە کۆمەڵە فەیلەسووفێکیش هەن کە بیرە ئەفسانەییەکان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی مەسەلە فەلسەفییەکان لە خەیاڵ نزیك بکەنەوە، لە راستیدا بە گشتی مانای ئەفسانەکان بیرە، بەڵام لە ئەفسانە کۆنەکاندا —کە بەم مانا وردەی وشەکە ئەفسانەن- بیر لە وێنە پوختەکەیدا ئامادە نییە. دوای ئەمەش نابێت ئێمە وابزانین کە کەسێك خاوەنی کۆمەڵە بیرێکە بەو شێوەیەی کە ئاوان و تەنها دەیەوێت بیانشارێتەوە، ئەوە ئەو شێوازە نییە کە زۆرجار لە خاسیەتی تێڕامان لە شیعردا تووشی دەبین. شاعیرەکان هەر لە بناغەوە دەستیان بە جیاکردنەوەی پەخشانکردنی بیر (واتە بیری رووت) و شیعر نەکردووە ئەوە، واتە لە گوزارشتکردنی بیردا ئەمەیان نەکردووە، کاتێك کە فەیلەسووفەکان ئەفسانە بەکار دەهێنن، -زۆرجار- بیرۆکەیەکیان لایەو جا دەگەرێین بە شوێن وێنەیەکدا بۆ ئەم بیرۆکەیە، هەروەك ئەوەی کە بە شوێن بەرگێکدا دەگەڕێنکە بیرۆکە بیپۆشێت، تا ئاشکرا ببێت، بەم شێوەیە ئەفلاتوون ئەفسانەی بە کارهێناوە، هەر لەسەر ئەم بناغەیەش خەڵك رێزی لێگرتووە و خۆشی ویستووە و ئەو باوەڕەش لەناویدا بڵابووەتەوە کە ئەمە بەڵگەیە لەسەر بلیمەتییەکی مەزن و باڵا، لە راستیدا شتێکی مەزنی وای کردووە کە فەیلەسوفەکانی تر نەیانتوانیوە بیکەن. دەشبێت ئێمە تێبینی ئەوەش بکەین کە لە لایەکی ترەوە لە گرنگترین گفتوگۆسازییەکانی خۆیدا وەك گفتوگۆسازی ((پارامیندس)) هیچ ئەفسانێکی بە کارنەهێناوە، بەڵکو لەم گفتوگۆ سازییەدا کۆمەڵە کاتیگۆریەکی سادەمان پێدەدات کە هیچ وێناکردنێکی خەیاڵی تیانییە، ئەگەر هاتو لە روویەکی دەرکییەوە لە بابەتەکەمان کۆڵیەوە، لەوانەیە بە کارهێنانی ئەم جۆرە ئەفسانانە بە کەڵك بێت.

دەکرێت پەتیترین کاتیگۆری و مەزنترین بیری گشتی لە رەمزدا گوزارشتیان لێبکرێت، بەڵام کاتێك دەگەین بە عەینی، ئەوا روون دەبێتەوە کە ئەم هۆکارە بەس نییە. ئێمە دەبینین لای فیساگۆرس موناد Monad و دیاد Dyad و تریاد Triad بە خۆیان وێنەیەکی روون و ئاشکران، بە دوایەکدا ئەمانە یەکبوون و دوالیزمیەتی و کۆکردنەوەی هەردووکیان دەگەیەنێ، واتە یەکبوونی و دوالیزمیەتییە، کاتێك کە سێهەمیشیان وێنادەکەین بەوەی کە ١+٢=٣، ئەوا ئێمە لەناو ئەو بارەدا خۆمان دەبینینەوە، کە یەکبوونێکی درۆزنانەمان لە نێوان هەردووکیاندا دروستکردووە (واتە لە نێوان مۆناد و دیادا)، زۆر جار یەکبوونیان لەم حاڵەتەدا تەنها کۆکردنەوەی یەك ژمارەیە، واتە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوی یەکە ژمارەییەکانە. ئەوە زۆر

خراپترە کە هەر کەسێك لەسەر یەکبوون ئەمە وەرگرێت و بەشێوەیەکیقوووڵ لە ئاییندا واسەیری ژمارەی سێ بکرێت کە ((سیانییە Trimity)) لە فەلسەفەشدا واسەیری بکرێت کە بیرۆکەی سەراپاگیرە. بەشێوەیەکیگشتی ئەو ژمارەیەی کە وا سەیر دەکرێت گوزارشتە لە ((بیر)) بە هەژار دادەنرێت و بەس نییە بۆ خستنەڕووی حەقیقەتی عەینی، گومانی تیانییە کە گیانی سیانییە، بەڵام کۆکردنەوە و ژماردن هەڵناگرێت....

پێویستە ئەفسانە بەو شێوەیەی کە هەیە و شێوە ئەفسانەییەکانی فەلسەفەکاری، لە لێکۆڵینەوەکەمان دوور بخەینەوە.

خاڵی سێهەم کە گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە، ئاین بەو شێوەیەی کە ئاوایە، هەروەك شیعر لە بیرەکان پێکهاتووە. ئاینیش بەشێوەیەکی پوخت لەسەر شێوەی هونەر دەرناکەوێت، وەك چۆن بەشێوەیەکیتایبەت ئەمە باری ئایینی یۆنانی بوو، بەڵکو بیر و راو بۆچوونی گشتیش دەگرێتەخۆی. دەتوانێت هەمان شتیش لە بارەی شیعرەوە بڵێین (واتە لە بارەی ئەو هونەرەوە کە زمان هۆکارەکەیەتی) لە گوزارشتکردنی بیرەکاندا، ئێمە لە لای شاعیرەکان هەندێك بیرو رای قووڵ بدی دەکەین، ئەم جۆرە بیرانە لە لای هۆمیروس لە بارەی قەدەرەوە دەرکەتوون هەروەها لە تراژیدیای یۆنانیشدا لە بارەی ژیان و مردن و دروستبوون و خراپبوون و لە دایکبوون و مردنەوە هەن —لە راستیدا ئەم بیرانە بیری نوێگەر و گرنگن، زۆرجاریش لە شیعری هیندیدا لە وێنەیەکی خەیاڵیدا بەدییان دەکەین. بەڵام ئەم جۆرە بیرانە نابێت لە مێژووی فەلسەفەدا لەبەرچاو بگیرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە، دەکرێت لە بارەی فەلسەفەی ئەسخیلۆس Aeschylus [66] و یۆربیدس Euripides [67]و شیللەر[68] و گۆتە[69] وە ... هتد بدوێین، بەڵام ئەم

[66] ئەسیخیلوس ٥٢٥-٥٦ پ.ز شاعیرێکی یۆنانییە و بەباوکی مەرگەسات یان تراژیدیای یۆنانی دادەنرێت، نزیکە حەفتا شانۆنامەی نوسیووە، تەنها حەوتیان بە تەواوەتی بە دەستمان گەیشتوون لەوانە: ((ئەگامەمنون)) و ((الفرس)) و ((برۆمیسۆس بە بەندکراوی)). (المترجم).

[67] یۆربیدس ٤٨٤-٤٠٦ پ.ز: یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی تراژیدیای یۆنانی نزیکەی ٩٢ شانۆنامەی نوسیووە. جگە لە هەژدەیان ئەوانی تریان نەماون، گرێی شانۆنامەکانی لە متیۆلۆجیاوە وەرگرتووە، بەڵام وێنەیەکی زۆر زیندوو بەرچاو روونانەی کارێکتەرەکان دەکێشێت، بە شێوەیەکی وادەردەکەون وەك ئەوەی کە هی ئەو سەر دەمەبن کە خۆی تیایدا ژیاوە. بەناو بانگترین ئەو بەر هەمانەی کە ماوەنەتەوە ئەمانەن:



جۆرە بیرانە —لە روویەکەوە- لاوەکی و رووکەشانەن، دوای ئەمەش نابێت لەم وانانەدا باسبکرێن، ئەمانە کۆمەڵە بۆچوونێکی گشتین لە بارەی هەق و ئاکار و پەیامی مرۆیی ... هتد، - لە روویەکی ترەوە- ئەم بیرانە شێوەیەکی گونجاویان دەست نەخستووە. ئەو شێوەیەش کە داوا دەکرێت شێوەی بیرە، ئەوەش کەلەم شێوەیەدا گوزارشتی لێدەکرێت هەردەبێت شتێکی کۆتاییانە و بنەڕەتی رەهابێت. ئەمە بۆ ئەو بیرانە راستنابێت (کە لە رێگەی شیعرەوە گوزارشتیان لێدەکرێت)، جیاوازی نێوانیان و پەیوەندی بیریانەی بەوەی ترەوە بزرە، لە پاڵ ئەمەشدا هیندیەکان هەموو شتێك کە بە بیرەوە پەیوەستە، تێکەڵییەکی تەواو بەناویدا دەگوزەرێت.

سەرەرای ئەمەش نابێت بەو بیرانەی کە بنەڕەتەکانیان سەرچاوەی لە ئایینی مەسیحی و کەنیسە وەرگرتوە سەر لە خۆمان بشێوێنین. راستە کە باوانەکانی کەنیسە فەیلەسوفی مەزن بوون پەرەسندنی مەسیحیەتیش لە زۆر شتدا قەرزارباری ئەوانەن، بەڵام فەلسەفەکانی ئەوان لە چوارچێوەی چەمکی بیرو باوەڕی بەخشراو و پێشتر دیاریکراو بەشێوەیەکی بنەڕەتی گیرۆدەبوو بوو. دەتوانین هەمان شت لە بارەی ئەسکولائییەکان (فێرخوازەکان)یشەوە بڵێین، لای ئەوانە بیر و بۆچوونی ئازاد بەدی ناکەین، کە لە خودی خۆی بونیادنراوبێت و ریشەکانی لەناو خۆیدابن، بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵە بیرێك بەدی دەکەین کەپشت بە هەموو جۆرە گریمانەیەکی پێشینەبەستووە.

((هیلین)) و ((ئەندرۆماك)) و ((ئەلکترا)) و ((کوروست)) و ((ژنە تەراوادەییەکان)) و ((ژنە فینیقیەکان)). (المترجم).

[68] شیللەر (١٧٥٩-١٨٠٥) شاعیر و نووسەر و مێژوونوس و فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. خۆی و گۆتەی هاوسەردەمی بە گەورەترین نوێنەرانی کلاسیکیەتی ئەڵمانی دادەنرێن، لە ناودارترین شانۆ نامەکانی: ((ماری ستیوراس))ە ساڵی ١٨٠١ و ((ڤلیلهم تل))ە، ١٨٠٤ کە تیایدا مەسەلەی ئازادی و ئایدیالیەت و دەستکەوتە پاڵەوانکارییەکان چارەسەردەکات. (المترجم).

[69] جۆهان گۆتە (١٧٤٩-١٨٣٢): گەورە شاعیری ئەڵمانییە و یەکێکە لە کەڵە ئەدیبەکانی جیهان، بە فرە بەهرەیی ناسراوە. شاعیر و رەخنەگر و رۆماننوس و شانۆنامەنووس و وێنەکێش و زانا و فەیلەسووف بووە. قەشەنگیەکی وای بەخشی بە زمانی ئەڵمانی کە پێویستی پێی بوو. لە گرنگترین بەرهەمەکانیش ئەمانەن: رۆمانە ناوبانگەکەی ((ئازارەکانی ڤرتەر)) و شانۆنامەی ((فاوست)) لە دوو بەشدا ساڵی ١٨٠٨ و ساڵی ١٨٣٢. (المترجم).

لەسەر ئەم بناغەیە بیرە تیۆرییەکان لە لای باوکانی کەنیسە و لە لای ئەسکولائییەکان لە بابەتە تاکە کەسییەکان ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دووروبەری خودی سروشتی خوا دەسووڕێتەوە. لە مێژووی بیرو باوەڕەکاندا یەکێك لەکارە بنەڕەتییەکان، زانینی ئەم بیرانەیە، بەڵام ئەمە ناچێتە ناو چوارچێوەی فەلسەفەوە، بەڵام پێویستە سەیرێکی فەلسەفەی ئەسکۆلائی بکرێت و زیاتر لە فەلسەفەی باوکانی کەنیسە لەسەری بوەستین، ئەو بیرە فەلسەفی و تیۆریانەی کە لە ماوەی دواییدا دەرکەوتوون تائاستێك سەر بە فەلسەفەکانی ترن کە لەسەر بناغەیەکی تایبەت بە خۆیان دامەزراون، تا ئەم ئاستە پێویستە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا لێی بکۆڵینەوە. نموونەی ئەمەش ئەوەیە، لەو قۆناغەدا کە لە ئەفلاتوون دەکۆڵێتەوە، لە بیرە ئەفلاتوونییەکانیش بکۆڵینەوە. لە لایەکی ترە ئەم بیرە تیۆریانە درێژکراوەی ناوەڕۆکی تیۆری خودی ئاین و لە خۆیشیدا ناوەڕۆکێکی راستگۆی هەیە، بەڵام ئەم ناوەڕۆکە پشت بە خۆی نابەستێ و پشت بە بیر نابەستێ بەو شێوەیەی کە هەیە، دواتر ئەوە روونەکەینەوە کە ناکرێت تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئاین تێبگات، کاتێك کە ((تێگەیشتن)) ناوی ((عەقڵ)) لە خۆی دەنێت و لە ئاین نزیك دەبێتەوە تالیی تێبگات و ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەروەرێکی زاڵە بەسەر ناوەڕۆکی تیۆری ئایینا، ئەوا بەمە وا لەو ناوەڕۆکە دەگات کە رووکەشانە و رواڵەتیانە بێت. ناکرێت پەی بە ناوەڕۆکی ئایینی مەسیحی ببرێت لە رێگەیەکی تیۆرییەوە نەبێت. هەر لەبەر ئەمەش کاتێك کە باوکانی کەنیسە بیرکردنەوەی خۆیان لە سنووری بیر و باوەڕ و ئیمانی مەسیحدا گیردەدەن، ئەوا بیرەکانیان ((بەهێز)) بیری تیۆرین، بەڵام ناوەڕۆك پشت بە خۆی نابەستێت و هیچ پاساوێکیشی لە لایەن بیرەوە بەو شێوەیەی کە هەیە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دوا پاساو بۆ ئەم ناوەڕۆکە ئەو بیروباوەڕە کەنیسەیە کە پێشتر سەپێنراوە و کەنیسە بەشێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ دایمەزراندووە. فەلسەفەی ئەسکولائی تائاستێکی زۆر پشتی بەخۆی بەستووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ بیروباوەڕی کەنیسەشدا لێکدژنەبووە، بەڵکو لەگەڵیدا تەبابووە. بەم شێوەیە دەبینین –بەنزیکی- بیرکردنەوە پشت بەوە دەبەستێ کە هەڵسێت بە جۆرێك لە بەڵگەکاری لەسەرچاوە تایبەتییەکانی خۆی کە تیایدا هەڵدەستێت بە بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەوەی کە کەنیسە پێی هەڵساوە، ئەویش بەوەی کە بە رێگایەکی تایبەت بەڵگەی لەسەر هێناوەتەوە.



ئەمەیە کە من ویستم وەك پێشەکییەك و دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی فەلسەفە بخەمە بەردەستان. من بەشێوەیەکیتایبەت پێم لەسەر دوو خاڵی گرنگ لە پەیوەندی نێوان فەلسەفە (أ) و زانستی سروشتی (ب) ئاین دادەگرم کە خاڵی یەکەم توخمە شێوەییەکە وەردەگرێت، یان بیرێکی سەربەخۆ بە شێوە گشتییەکەی لە زانستی سروشتی و فەلسەفی میللی وەردەگرێت، واتە شێوەی هاوبەشی نێوانیان و نێوان فەلسەفە بەمانا دروستەکەی. بەڵام ناوەڕۆك —یان مادە- بە هۆی بیرەوە پەرەی نەسەندووە و یەکی نەگرتووە، بەڵکو ئەمە لە شوێنێکی تردا تەواو بووە: لە سروشتەکەیدا یان لە شعورەکەیدا. زۆر جاریش هەستی هاوبەش وەك پێوانەیەك وەردەگیرێت وەك ئەوەی کە لە فەلسەفەی ئوسکەتلەندیدا هەیە. بەڵام خاڵی دووەم پەیوەستە بە کرۆکی هاوبەشی نێوان ئاین و فەلسەفەوە بەڵام ئەو کرۆکە —لە ئاییندا- پێویستی بە شێوەی بیرە. دوای ئەمەش ئەوەی کە لە فەلسەفە دەمێنێتەوە، ئەو توخمە کرۆکییە کە لە شێوەی بیردایە.

-لە لایەکەوە- ئەم خستنەڕووە ئامانجی بژارکردنی ئەوەیە کە پەیوەستە بە فەلسەفەوە، بەڵام زۆر بە فەلسەفەو مێژووەکەیەوە پەیوەست نییە، -لە لایەکی تریشەوە- مەبەستم ئەوە بوو کە لەناو ئەو کەرستانەی کە بە فەلسەفەوە پەیوەستن سەرنجتان بۆ ئەو هۆکارانە راکێشم کە سەر بە وێناکردنی فەلسەفەیە، تا بەم رێگایە لە بەردەمماندا وێناکردنی فەلسەفە دەرکەوێت. بەڵام ئەو هۆکارانەی کە لەناو ئەم کەرستەیەدا پەنهانن، نادیار و ناپەرەسەندوون و هەندێکیان لە هەندێکی تریان دابڕاون. دواتر لەم هۆکارانە دەکۆڵینەوە.

یەکەم بوار لەو بوارانەی کە پەیوەستن بە فەلسەفەوە بواری زانستە بەشەکییەکانە، ئەمەش بوارێکە دەکرێت بە فەلسەفەی دابنێین، لەسەر ئەو بناغەیەی کە لە جیهانبینی تاکە کەسی بیری تاکە کەسی ئێمە پێکهاتووە، لێرەدا تەماشا دەکەین و سەرەنج دەدەین و رادەمێنین و بڕیار دەدەین و بە چاوی تایبەتی خۆمان سەیری شتەکان دەکەین. ئەوەی کە بە گوێرەی ئێمە بە یەکجاری سەنگی هەیە، ئامادەبوونی ئێمەیە لەناو شتەکاندا ئەو شتانەی کە ئێمە بە خۆمان دەورییان داون. ئەمە بینایی ئێمە و ئەو باوڕهێنانەی ئێمەیە کە جەختدەکاتەوە سەر پاساوە عەقڵییەکان.

بەڵام بواری دووەم بواری ئایینە، کە ناوەڕۆکەکەی پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ فەلسەفەدا دروستدەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئایین لە بابەتە هەمەکییەکان لەگەڵ فەلسەفە لە خواو شێوەیەکی تایبەتیش ئەو بابەتە کە گیان بایەخی پێدەدات، هاوبەش بەڵام حەقیقەتی ئایین یان ناوەڕۆکی ئایین بە بیرا دێت و وێنادەکرێت (هەستەکیانە) ئیمانی پێ دەهێنرێت. دوای ئەمەش باوەڕهێنانی پێی جەخت ناکاتە سەر ئەو بیرکردنەوەیەی کە لە خۆیەوە بە ئازادی و سەربەخۆیی وەدی دێت. ئێمە ئەم دوو بوارەمان پێکەوە دوور خستوونەتەوە، چونکە پێکەوە گوزارشت لە تاکلایەنی دەکەن، ئەمان یان تەنها لە شێوەدا یان تەنها لەناوەڕۆکدا لەگەڵ فەلسەفەدا هاوبەشن —بواری دووەم بوارێکی کەم بڕشتە.

ئێمە لەمەدا سروشتێکی گشتی بۆ وێناکردنی فەلسەفە دەبینین، واتە سروشتێك کە دوو هۆکار پێکەوە داوادەکات و هەروەها پێویستی بە یەکبوونی هەردووکیان و بەناو یەکداچوونی سەربەسەری هەر دووکیانە. ئێمە لە مێژوودا، یەکەم: ئیمان بە ناوەڕۆکی ئایین بەدی دەکەین، ئەم ئیمانەش جارێك شیوەیەکی ئەفسانەی خەیاڵکرد وەردەگرێت و جارێکی تر شێوەیەکی مێژوویی. هەر بەهەمان شێوە لە روویەکی ترەوە جووڵەی عەقڵ و چاڵاکییەکانی بۆ ناسینی سروشتی گیان دەبینین، واتە ئەو بیرەی کە کەرستە کۆتادارەکان قووتی دەدەن. ئەوەش بەم رێگایە لە هۆشیاری ئاساییدا دابەشدەبێت بۆ دوو توخم، فەلسەفە جارێکی تر یەکیانی پێدەگرێتەوە و دەیانکاتەوە بەیەك شت، هەر بەم شێوەیە یەکبوون لە نێوان رۆژی یەك شەم و رۆژەکانی تری هەفتە (رۆژەکانی ژیان) دروست دەبێت —رۆژی یەك شەم ئەو رۆژەی کە دڵەکانمان و زەینمان دەدەینە ئەوەی کە هەتاهەتاییە و دەگەین بە ئاشتی یەکبوون لەگەڵ خوادا، بە شێوەیەك کە تیایدا تاکییەتیمان و تایبەتییە خودییەکانمان و چاڵاکییەکانمان پەرەشدبنەوە و نامێنێن و بە هەموو لە خۆبوردنێکیشەوە خۆمان دەدەینە دەستی، کاتێك کە لە باقی رۆژەکانی تردا رۆژدەبێتەوە، ئێمە لەسەر پێی خۆمان رادەوەستین و لە ماڵەکەی خۆماندا دەبینین بەسەروەر و پێی لەسەر ئەوەدا دەگرین کە لە ناویدا بۆ ئێمە سوودمەندە و کار بۆ جێ بەجێکردنی مەبەستەکانمان دەکەین. ئامانجی فەلسەفە- لە رێگەی وێنەی ئەو بیرە ئازادەوە کە ناوەڕۆك لە سەرچاوە خودییەکانی خۆی دەخۆڵقێنێ- ئەوەیە کە ئەم دوو ئاراستە جیاوازە بکاتەوە بەیەك: کە یەکێکیان رووی کردووەتە ئەوەی کە هەتاهەتاییە و ئەوی تریشیان روویکردووەتە ئەوەی کە زەمینە.



## حەوتەم: فەلسەفەی میللی

وادیارە هەردەبێت (لەپاڵ زانست و ئایینداا) باس لە چالاکی سێهەم بکەین، کە هەردوو هۆکارە پێشینەکە (واتە شێوە و ناوەڕۆك) دەکاتەوە بەیەك و فەلسەفە بە پەیوەندی خزمایەتی پێیەوە پەیوەستە، مەبەسیشمان لەمە: فەلسەفەی میللییە، کە یەکەمجار لە بابەتە هەمەکییەکانی وەك خوا و جیهان دەکۆڵێتەوە و کۆششێکی بێ پسانەوە دەکات بۆ دۆزینەوەی یاسا هەمەکییەکان لە بوارە بەشەکییەکاندا، یەکێك لە ساتەکان دەگرێتەوە، واتە: ساتی هەمەکی. بەڵام دووەمجار دەبێتە خاوەنی ساتێکی تر کە بیری ئیجابی و چالاکە، ئەم بیرە هەوڵدەدات ئەم جۆرە بابەتانە بزانێت، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا راستی دەسەڵمێنی لە تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت. دوای ئەمەش فەلسەفەی میللی ئەو دوو ساتەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان کۆدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە لە فەلسەفەکاریش دەبێت لە بابەتەکەمان دووربخرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین نووسراوەکانی شیشرۆن Cicron دەکەونە ناو ئەم پۆلەوە، کە چۆرێکە لە فەلسەفە و پلە و پایەی خۆی هەیە، دەکرێت لەو بابەتەی کە بۆ لێکۆڵینەوە پێشنیارکراوە شتی باش و چاك پێشکەشبکات، ئەمە فەلسەفەی مرۆڤی رۆشنبیر و هەستناسکە، کە ئەزموونێکی فراوانی لە ژیان و لە هەست و شعوورەکان و تێڕامان لەمە هەمووی دەستکەوتووە و تێبینی هەموو ئەوەش دەکات کە لە جیهانی دەوربەردا روودەدات و دەزانێت چۆن دنیا بەڕێوەدەچێت و دەزانێت کامە دروست و رێپێدراوە، هەروەها تێبینی ئەوەش دەکات کە وەك حەق سەیری دەکات و تێبینی ئەوەش دەکات کە رازی بوونێکی راستەقینە پێشکەش بە مرۆڤ دەکات، لێرەدا مرۆڤ بە زەینێکی رۆشنەوە لەو کارو بارە مرۆییە زۆر بایەخدارانەدا گوزارشت لە بابەتە گیانییەکان دەکات.

لە روویەکی ترەوە دەتوانین لەم دەستەیەدا سۆفیەکان و ئەو خەونبینانەش دابنێین کە گوزارشتیان لە خەونەکانیان و خۆشەویستی بێگەردی خۆیان و ملکەچی قووڵی خۆیان کردووە و بەناو کۆمەڵە ئەزموونێکی ناو ناوچە باڵاکانی دڵی و عەقڵی مرۆڤدا رۆشتوون و دەتوانن راپۆرتێکی لە بارەی ئەوەوە بدەنێ کە بەرەو ئەم ملکەچییە بەرزی کردوونەتەوە و دەکرێت لە پەسەندکردن و وێناکردنیدا زۆر قووڵ و فراوانبن، هەروەك ئەوەی کە لە کتێبەکانی باسکال Pscalدا دەبیبینین، کە لە ئەندێشەکانیدا Pensee سەیرکردنێکی بۆ قووڵاییەکان بە ئێمە

بەخشیووە. ئەم جۆرە کارانە وادەردەکەوێت کە ئەو دوو ساتەی پێشتر باسمانکردن لەگەڵ یەك کۆکردوونەتەوە و هێشتا هەر لێکهەڵوەشێنەرەکەی خۆی دەگرێتەوە، بۆ نموونە کاتێك سەیری نوسراوەکانی شیشرۆن دەکەین، دەبینین ئەوەی کە پەنای بۆ دەبات و پێی لەسەر دەداگرێت، ئەوەیە کە سروشت لەناو مرۆڤدا چاندوویەتی و جەخت دەخاتە سەر پاڵنەرەکان و حەزەکان .... وشتی لەم جۆرە، هەروەها نووسەر نوێکانیش لە کتێبەکانیاندا باس غەریزە بەشێوەیەکیگشتی و غەریزی پاشینە یان هەستکردن بە یاساو هەستکردن بە هەق و ئەرك...هتد دەکەن، لەم بارەشدا یەکسەر —گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئایین لەسەر هەست، واتە لەسەر شتێکی خودی دادەمەزرێنێت، نەك لەسەر شتێکی وەزعی و دانراو، هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە هۆشیاری راستەوخۆ مرۆیی بە خودا، بناغەی کۆتاییی یان دوایین بناغەی ئایینە. شیشرۆن گریمانەی ئەوەی کرد کە مافەکانی مرۆڤ لەسەر هەست، واتە لەسەر شتێکی خودی دادەمەزرێن نەك لەسەر شتێکی دانراوە وەزعی. ئەو گریمانەی ئەوەی کرد کە هۆشیاری راستەوخۆ مرۆیی بەخودا بناغەی کۆتایی یان دوایین بناغەی ئایینە، هەروەها شیشرۆن گریمانەی ئەوەشی کرد کە یاسای نێودەوڵەتی لەسەر رێککەوتنی ناڕاستەوخۆ یان رێککەوتنی گەلەکان دادەمەزرێت (کە بە یەککڕایی میللەتەکان Conensus Gentuum ناو دەبرێت). گومانی تیادا نییە کە ئەم بانگهێشتە بۆ یەکڕایی هەمەکی —بەشێوەیەکیئاسایی- لە فەلسەفە نوێکانی لەم جۆرە بە تەواوەتی دوورخراوەتەوە. چونکە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەموو تاکێك پشت بەخۆی ببەستێ و تەنها جەخت لەسەر خۆی بکاتەوە، بەم شێوەیە بە تەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵچوون و سۆزەکان، بەوەی کە هەموو تاکێك پشت بە هەستی راستەوخۆی خۆی ببەستێت. سەر باری ئەمەش، ئەوەی کە لەمە دەردەکەوێت، کۆمەڵە یاساو بەڵگەیەکە کە پاشەکشێ دەکەن و لە کۆتایشدا دەگەڕێنەوە بۆ شتێکی راستەوخۆ، ئالێرەدا دەبینین چۆن لە فەلسەفەی میللیدا ناوەڕۆکێکی پوختەکراو لە خود هەیە، هەر لێرەشدا خۆ بە دەستەوە دانێك هەیە بە بوونی بیرۆکەیەکی سەربەخۆ و بە باوەڕهێنان. بەڵام ئەمەش —وەك پێشتر باسمکرد- دەبێت لە فەلسەفە دووربخرێتەوە، چونکە ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم ناوەڕۆکەی لێوە درێژدەبێتەوە هاوشێوەی هەمان ئەو جۆرەیە کە لە هەردوو بوارە یەکەمییە لێکبەستراوەکەدا بەدیمان کردووە: لە بواری یەکەمدا (کە زانستە) ئەم سەرچاوەیە سروشت و ئەزموونە، بەڵام لە بواری دووەمدا بە راستی گیانە، بەڵام ئاشکرایە کە سەرچاوەی ناوەڕۆکە پێدراوەکە دەسەڵاتە، واتە دەسەڵاتی



سروشتی ناوەکی، کە دڵ و پاڵنەرەکان و هەستەکان و حەزەکانی خودی سروشتی و خودی راستەوخۆمان و وەستانی ناوەکیمان بۆ خوا، بە شێوەیە دەبینین کە لێرەدا ناوەڕۆك: کە خوا و یاساو ئەرك .... هتد ییە —شێوەیەکی هەیە هێشتا شێوەیەکی سروشتییە. راستە هەموو شتێك لێرەدا لە هەستمدا هەیە، بەڵام هێشتا هەر ناڕاستەوخۆیە، هەروەك ئەوەی کە هەموو ناوەڕۆکێك لە ئەفسانەکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەیە، لەم دوو حاڵەتەدا ناوەڕۆك لە دەنگی راستەقینەی خۆیدا ئامادە نییە، ئەگەر هاتو هەست لەسەر هەست نەبێت، خۆی رانەگرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا لای کەسێك شێوەیەکی دەپۆشێت و لای کەسێکی تر شێوەیەکی تر، ئالێرەوەیە کە ئارەزووە خودییەکان کارەکە یەکلادەکەنەوە، بەم شێوەیە ناکرێت خۆمان بدەینە دەست ناوەڕۆکێك وەك ئەوەی فەلسەفە بێت، چونکە خاوەنی شێوەی بیر نییە. ئەم ناوەڕۆکە لە یاساکانی دەوڵەت و بیرو باوەڕ ئایینیەکان پێکهاتووە، کاتێکیش کە بە رێگایەکی دروست دیاریدەکرێت، ئەوا لە زەینی خۆیدا دەگاتە ناو ماڵەکەی خۆی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم رێگایە هەموو جۆرێك لە خودیەتی لێی دادەماڵێت. بەم شێوەیە، سەرچاوەی ((هەر دەسەڵاتێك)) لە رێگای بیرکردنەوەوە دوور دەکەوێتەوە.

# بەشی حەوتەم

# دابەشکردنی گشتی بۆ مێژووی فەلسەفە

پێشتر لەوە دوام کە فەلسەفە بیرە، یان ئەو هەمەکییەیە کە ناوەڕۆکەکەشی دەکات بە هەمەکی پاشان ناوەڕۆکی بیری فەلسەفی، تەنها ناوەڕۆکێکی خودی نییە و بەس، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئەو هەمووەیە کە هەیە. ئێمە دەتوانین بە کاری یەکەم دەستپێبکەین، کە ئەویش: گریمانە کردنی ئەوەیە، کە هەمەکیی نادیاریکراوە یان ناسنوور بەند، ئەگەر ناوەڕۆکی هەمەکی هەر دیاریکراوبێت. یان بڵێین بە خۆی و لە رێگەی خۆیەوە دیاریکراو بێت. ئەوا مێژووی فەلسەفە دەمانباتە سەر ئەو چۆنیەتیانەی کە پلە بە پلە بە دوایدا دەرکەوتنی دیاریکراوەکان لە هەمەکییەکی پەتیدا دەهێنێت، چۆن ئەم هەمەکییەتە بەو شێوە فراوان و قووڵە گەیشتۆتە دیاریکردنی خۆی، ئەم دیاریکردنەش دواتر ساویلکانە دەبێت، هەروەك ئەوەی کە لە لای گەردیەکان هەیە، کە لەناو یەك کاتیگۆریدا ماهیەتی جیهان، یان رەها، یان بنەمای یەکەم دادەنێن. کاری دووەمیش ئەوەیە کە: تێگەیشتن بەرامبەر بە هەمەکی هەبێت، نەك بە تەنها وەك دیاریکراوێك، بەڵکو بەوەی کە بە خۆی دیاردەکرێت، (نەك بە تەنها بەوەی کە دیاریکراوە یان بەوەی کە یەکە). ئەم بیرۆکە سەراپاگیرە دیاریکراوە، یان ئەم دیاریکردنە عەینیەی هەمەکییەت، دیاریکردنی باڵاو دروستی هەمەکییە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەمە سەرەتای گەیشتمانە بەم جۆرە دیاریکردنە. لەسەر ئەم بناغەیەش بە گوێرەی فەلسەفە، هەمەکی لەیەك کاتدا شێوە و ناوەڕۆکە.

## یەکەم: سەرەتای مێژووی فەلسەفە

ئەو پرسیارەی لێرەدا پێشنیار دەکرێت ئەوەیە: لە کوێوە مێژووی فەلسەفە دەستپێدەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە —بەشێوەیەکی راستەوخۆ- لەناو ئەوەدایە کە پێشتر باسمانکرد. مێژووی فەلسەفە کاتێك دەستپێدەکات کە بیر لە ئازادی خۆیدا گەیشتبێتە پلەی بوون، واتە ئەو کاتەی کە خۆی لە رۆچوون بەناو سروشتدا ئازاد دەکات و خۆی لە یەکبوونی لەگەڵیدا رزگار دەکات. ئەمەش کاتێك دەبێت، کە بیر لە بەرچاوی تایبەتی خۆیدا خۆی پێکدەهێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و لەماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەبێت.

بەشێوەیەکیزۆر وورد —فەلسەفە ئەو کات دەستپێدەکات، کە چیتر بە رێگای وێناکردن سەیری رەها نەکرێت، کاتێك کە بیر ئازاد دەبێت تەنها بیر لە رەها ناکاتەوە و بەس، بەڵکو پەی بە بیرۆکەی رەهاش دەبات، واتە: بوون (کە دەکرێت بیریش لەسەری دەرکەوێت) کە بیر وەك ماهییەتی شتەکان و وەك سەراپاگیریەکی رەها و بەوەش کە ماهیەتی ناوکەوتووەی هەموو شتێکە دانی پیابنرێت. سەرەڕای ئەمەش، تەنانەت گەر ماهییەت بوونێکی دەرەکیش بێت، ئەوا —لەگەڵ ئەمەشدا- بیر وەك ئەوەی بیرە لێی تێدەگات. بینا لەسەر ئەمە بوونی سادە ئەو هەستە نییە کە جوولەکەکان وەك خوایەك وێنای دەکەن، (هەموو ئەوەی بیرکردنەوەیە) بابەتی فەلسەفە نییە و نموونەی ئەمە وەك ئەو مەسەلانە وایە کە دەڵێت ماهییەتی هەموو شتێك و بنەمای هەموو شتێك ئاو و ئاگرە یان بیرە.

فەلسەفە کاتێك دەست پێدەکات بیری پوخت لەوێوە کە هەمەکییە دەرکەوێت، هەر ئەویش ماهیەتیانە و هەق و رەها، ماهییەتی هەموو شتێکە، زانستێکە کە بابەتەکەی بیرە هەمەکییە پوختەکانە[1]. گومانی تیانییە کە خەڵکی لەسەر ئەوە راهاتوون واسەیری لۆژیك

[1] بیرە هەمەکییە پوختەکان کاتیگۆریەکانن و ((پوختن)) لە مادە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەمەکییەکان دووجۆرن: هەمەکییەکانی: وەك ماڵ و درەخت و ئەسپ...هتد ئەمانە کۆمەڵە هەمەکییەکی لاوەکی و رووکەشن و زەرووری نین، چونکە ئێمە دەتوانین بە خەیاڵ جیهانێك دروستبکەین کە ماڵ و درەخت و ئەسپی تیانەبێت، کەواتە کۆمەڵە توخمێکی زەرووری ئەو جیهانە نین. هەمەکیەکانی وەك: یەکبوون و زۆریەتی و بوون و نەبوون...هتد ئەمانە کاتیگۆرین و بۆ بوونی جیهانیش پێویستن، کەواتە ئێمە ناتوانین جیهانێك وێنابکەین بەبێ یەکبوون، چونکە وێناکردنی جیهان نابێت بە خۆی یەك بێت، هەر دەبێت کۆمەڵە بابەتێك بگرێتە خۆی



بکەن کە  لێکۆڵینەوەیە لە بیری خودی و بەس، یان بیرە لە وێنەی بیرکردنەوەدا بەو شێوەیەی کە ئێمە دەیزانین. لێرەدا کە گریمانەی ئەوە دەکرێت، بەهای بیر لە لایەنێکدا شاراوەتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە بابەتی فەلسەفە بیریشە، بیر لێرەدا شتێکی خودی سادەنییە، بەوەی کە تەنها چالاکییەك بێت لەناو ئێمەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە بیرە بەو مانایەی کە بیرتیایدا بابەتیانە و هەمەکی بێت. بەم شێوەیە دەبینین بیرو هەمەکیەت لەیەك شوناسدا یەکدەگرن، گەر ویستمان تایبەتمەندی شتێك بزانین یان ئەوە بزانین کە لە راستیدا هەیە، ئەوا ئێمە تێڕادەمینین و بە قووڵی سەیری دەکەین و بەو شێوەیەش کە لە ماهییەتەکەی تێدەگەین، بیریشی لێ بەرهەمدەهێنین، واتە ئەوەی کە تیایدا هەمەکییە و -زۆربەوردی-  بەرهەمهێنانی بیرە، تێگەیشتنی ماهییەتە، واتە هەمەکی و بیرکردنەوە، گەیشتن بە ماهییەت دەکەنە ئامانجی خۆیان، تا لە فەلسەفەدا بیرەکان لە بری ماهییەتدابن... لەسەر ئەم بناغەیە فەلسەفە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە ماهییەتی شتەکان لە وێنەی بیری پوختدا لەبەردەم هۆشیاریدا دەرکەوێت. ئەمە لە جیهانی یۆنانیدا روویداوە.

-لەناو مێژوودا- دەرکەوتنی گیان بەتەواوەتی لەسەر دەرکەوتنی ئازادی سیاسی وەستاوەتەوە. ئازادی سیاسیش، واتە ئازادی لە دەوڵەتدا، کاتێك دەستپێدەکات کە تاکە کەس وەك تاکە کەس هەست بە خۆی بکات، کاتێك دەست پێدەکات کە خود دەزانێت لە  چوارچێوەی هەمەکییەتدا خودە، یان کاتێك کە وەك کەسیەتی بۆ رووناکی هۆشیاری دەردەکەوێت، یان هۆشیاری بەوەی کە لە خۆیدا بەهایەکی ناکۆتاداری هەیە، چونکە من رووبەڕووی خۆم بوومەتەوە و هەستم بەوە کردووە کە لە چاوی خۆمەوە بەهایەکم هەیە. ئەمەش بیرکردنەوەی

کە هەریەکەیان یەك بابەت بن. کۆی ئەم بابەتەش گریمانەی زەروورەتی بوونی ((زۆریەتی)) دەکات، هەر هەمان شتیش لە بارەی بوون و نەبوون و ناکردن و چەندیەتی و چۆنیەتی...هتد راستە. ئەم کاتیگۆرییە زەروورییانە هەستەکی نین، چونکە ئێمە لە بوونی ئەم شتە یان ئەو شتە ناوویستن، بەڵکو لە بوون بە شێوە گشتییەکەی دەوویست لە چەندیەتی ئاسن یان چۆنیەتی درەخت...هتد ناو دەبرێین، بەڵکو چەندیەتی و بە شێوەگشتیەکەی دەدوین، لە چەندیەتی ئاسن یان چۆنیەتی درەخت....هتد نادوێین، بەڵکو لە چەندیەتی و چۆنیەتی بە شێوە گشتییەکەی دەدوێین، پاشان هەمەکیانەش پوختن لەمادە، واتە عەقڵێن و ئەو عەقڵە پوختەش شێوەگیر دەکەن کە بابەتی لۆجیکی هیگڵێن. قارن د. امام عبدالفتاح امام ((المهنج الجدلی عند هیجل))- المجلد الاول ((من دراسات))، في المكتبة الهجلیة- الناشر مكتبة مدبولی فی القاهرة. (المترجم).

ئازاد لە بابەت و لە ڕەها و لە هەمەکی و لە بابەتی کرۆکی دەگرێتەوە. بیرکردنەوە، واتە شتێك لە وێنەیەکی هەمەکیدا دانرێت. بەم شێوەیە بیرکردنەوەی مرۆ لە خۆیدا هەست پێدەکەین واتە سروشتێکی هەمەکی بدات بە خۆی و خۆی بناسێت بەوەی کە شتێکی هەمەکییە، واتە پەیوەستە بە خۆیە، ئەمەش —بەشێوەیەکی ورد- ساتەوەختی ئازادی سیاسی و ئازادی زانستی دەگرێتە خۆی. بیرکردنەوەی فەلسەفی یەکسەر بە ئازادی سیاسییەوە پەیوەست دەبێت، ئەمەش لەوەوەیە کە بە هەمان شێوە بەوەی کە بیری بابەتی هەمەکییە، دەردەکەوێت، ئەمە بیرێکە بەوە دەناسرێتەوە کە شتێکی هەمەکییە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە:

أ- بیری هەمەکی دەکاتە بابەتی خۆی. تاکیەتی شتەکان لە سروشتدا بەو شێوەیەی کە بە هەستەکانمان پەی پێدەبەین، بیر وەك شتێکی هەمەکی بەوەی کە بیرە و بیرێکی بابەتییە دیاریدەکات. لەسەر ئەمەش بابەتیەت لێرەدا هەیە بەڵام لەسەر شکڵی بیر.

ب- ئالێرەوە خاڵی دووەم دێت، کە مەبەستمان لێی: ئەوەیە من ئەم هەمەکییە دەزانم، بیریش ئەمە دەزانێت، ئەم وابەستەبوونە پتەوەش کە دەناسێت و دەزانێت —ئەم وابەستەبوونە بە هەمەکییەوە، بە ڕێژەی ئەوە لەسەر شانۆ دەردەکەوێت کە ئەم بابەتیەتە، بە گوێرەی من بابەتی بێت، ئەمە لە کاتێکدا من لە هەمانکاتدا هەر بە خۆم پەی بە خۆم دەبەم. من بیر لەوە دەکەمەوە کە بابەتیە، بەو ئاستەش مۆڵکی منە، سەرەڕای ئەوەش ئەمە بیری منە بەڵام هێشتا بە گوێرەی من هەروەکو ئەوا وایە کە بەشێوەیەکی ڕەها هەمەکی بێت. بە ئەندازەی ئەوەش کە ئەم هەمەکییە بە ئامادەبوونێکی بابەتی ئامادەیە، من باوەڕم هەیە کە من بە خۆم لە ناویدام و من بە خۆم دەکەومە ناو ئەم شتە ناکۆتادارە: لە هەمانکاتیشدا من پێی هوشیارم. من بەم شێوەیە دەوری گۆشەنیگای بابەتی دەدەم، هەروەك چۆن لە هەمانکاتدا دەوری گۆشەنیگای مەعریفە دەدەم و خۆمی پێوە دەبەستمەوە. ئەمەش ئەو پەیوەست بوونە گشتییەی نێوان ئازادی سیاسی و دەرکەوتنی ئازادی بیرە.

ئەم لێکۆڵینەوە گشتییە سروشتی جۆریی پەتی سەرتای فەلسەفە دەخاتە بەردەستمان. بەڵام ئەم سروشتە جۆرییەش بۆ گەلێك مێژووییە ئەو عەینیەکەی بنەماکەی ئەم سروشتە کارەکییە بێت، هەر لەسەر ئەم شێوەیەش، هۆشیاری بە ئازادی دروستدەکات. نموونەی ئەم گەلەش



ئەوەیە کە بوونی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزرێت: کە هیچ پاڵپشت و پێگەیەك بۆ یاسای گەلێك و شەریعەتی گەلێك و هەموو ژیانی نییە، گەر بەو ڕێگایە نەبێت کە گیان بە چاوی تایبەتی خۆی ئەو کاتیگۆریانەی کە گیان خۆی پێدەناسێت. وێناییکات. بینا لەسەر ئەمەش، ئێمە کاتێك دەڵێین: دەرکەوتنی فەلسەفە بە هۆشیاری و بە ئازادییەوە گرێدراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ فەلسەفە گەلێکی دەوێت کە بوونی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابێت پێشتر باسمانکرد. ئێمە بەڵگەمان بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجەی بیر هێنایەوە بەوەی کە لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیەتی، دوای ئەمەش بەڵگەمان بۆ دابڕانی گیان لە سروشت و ڕۆچوونی بە ناو مادە و بەبیراهاتنی خێرا و ئارەزووی سروشتی و ویستی ناعەقلانی ...هتد هێنایەوە. کەواتە ئەو شێوەیەی کە پێش ئەم قۆناغە بەپێ ئەوەی کە پێشتر وتمان قۆناغی یەکبوونی گیانە لەگەڵ سروشتدا، ئەم یەکبوونەش بەوەی یەکبوونێکی یەکەمی و دەستپێکانەیە، یەکبوونێکی ڕاستەقینە نییە، دوای ئەمەش ئەوەی بۆ ئەوە چووە کە یەکبوونی گیان لەگەڵ سروشتدا باڵاترین شێوەیە لە شێوەکانی گیان و لە هەمووشیان باشترە، بە هەڵەداچووە. ڕاستر ئەوەیە- کە بە پێچەوانەی ئەمەوە- بڵێین، ئەم قۆناغە نزمترین شێوەی گیانە و ناڕاستگۆترینیشیانە، هەروەها بەرهەمی خودی گیانیش نییە. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی سروشتی جیهانی ڕۆژهەڵاتە. لە ڕوویەکی ترەوە شێوەی هۆشیاری خودیی گیانی ئازاد و دواتر سەرەتای فەلسەفەش لە لای یۆنان دەرکەوتووە...

بینا لەسەر ئەمەش فەلسەفە کاتێك لە مێژوودا دەردەکەوێت کە دامەزراوە سیاسییە ئازادەکان هەین، یەکەم شتیش کە لەم بارەیەوە تووشی دەبین: ڕۆژهەڵاتە، بەڵام ناتوانین بڵێین لە جیهانی ڕۆژهەڵاتیدا فەلسەفە پڕ بەپێستی مانای وشەکە هەیە. هۆکەشی ئەوەیە گەر ئێمە بمانویستایە —بە کورتی پەسنی ڕۆژهەڵاتی بکەین- دەمانوت ڕۆژی گیان لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵهاتووە. بەڵام هەڵوێست لە بارەی ئەم جیهانەوە ئەوەیە کە خود یان تاك، کەس نییە، بەڵکو هەڵگری خاسیەتی بەناویەکدا چوونە لەگەڵ ئەوەی کە بابەتییە و توانەوەیە لە ناویدا. لەم جیهانەدا کرۆك باڵادەست و زاڵە جاری واهەیە ئەوان وا وێنای ئەم کرۆکە دەکەن کە جیهانی هەستی تێپەڕاندووە، ئەوەیش بەوەی کە بیرە، بەڵام جاری واش هەیە، بە وێنایەکی نغرۆبوو لەناو مادیەتدا وێنای دەکەن. لەم حاڵەشدا هەڵوێستی تاك، بەشەکییەو هەڵوێستی بوونێکی سەلبییە لە ڕووەبەڕووبوونەوەی کرۆکدا. باڵاترین دەستکەوتیش کە ئەم جۆرە تاکە کەس وەدەستی

دەهێنێ ئەو نعمەتە هەتاهەتاییەیە کە تواناوەیەتی لەناو کرۆکدا. دوا حاڵەتە و باڵاترینیان حاڵەتی: ناهۆشیارییە، زۆرجار تاکەکان ناگەن بەم نیعمەتە، هێشتا هەر لە ئاستی زەمیندان، ئەوان ئەم یەکبوونەی تاك و کرۆك دوور دەخەنەوە. هەڵوێستی ئەوان و سروشتی ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە بێگیان و بێ کرۆکە. ئەوەش کە بە ئازادییەوە پەیوەستە، ئەوان هیچ مافێکیان پێیەوە نییە، ئەوان بێبەشن لە هەموو هەقێك، ویستیش لێرەدا پێگە و پاڵپشتێکی کرۆکی نییە، بەڵکو ئەمە لە ڕێگای ئارەزوو و رووکەشییەکی سروشتییانەوە دیاریدەکرێت (هەروەك ئەوەی بۆ نموونە لە چینە داخراوەکاندا Caste [2]هەیە)، ئەمەش ئەو حاڵەتە ناوەکییەیەکە لەناوەوە پێویستی بە هۆشیاری هەیە.

ئەمە هەڵوێستی بنەڕەتیانەی کەسایەتی رۆژهەڵاتیە، ئەوەش کە لە رۆژهەڵاتە ئیجابییە بێپێچ و پەنا، کرۆکە، لە کاتێکدا تاکە کەس لە هەموو کرۆکێك بەتاڵە و تەنها تاکە کەسێکی رواڵەتییە و بەس. لەناو ئەم جیهانەدا: ئازادی سیاسی و یاساو ژیانی ئاکاریانەی ئازاد و هۆشیاری تایبەت و بیرکردنەوە بوونی نییە، ئەوەش کە ئەم شتانە دەیخوازن، دەرکەوتنی هۆشیارییە لە رووبەڕووبوونەوەی هۆشیاریدا، دوای ئەمەش هەر بەم شێوە دانی پیادەنرێت. خود —لە کەسایەتی رۆژهەڵاتیدا- گوێنادا بەوەی کە بەچاوی تایبەتی خۆی خۆی بناسێت، هەر لەبەر ئەمەش ئەم کەسە وەك خود بۆ خۆی ئامادە نییە و هۆشیاری خودیی خۆیشی لە چاوی تایبەتی خۆیەوە هیچ بەهایەکی نییە. خودی رۆژهەڵاتی دەکرێت مەزن و خانەدان و بە راستی درەوشاوە بێت، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە تاکە کەس بە هیچ شێوەیەك مافی نییە، ئەوەش کە خۆی دەیکات یان بە رێگایەکی سروشتی دیاریدەکرێت، یان بە رێگای هەواو

[2] سیستەمی چینە داخراوەکان یان چینە کلۆمدراوەکان لە بناغەدا لە هیندا هەبووە، تاوای لێهاتووە بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی عەقڵی هیندی، ئەمەش کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ئاسۆیی وئاڵۆز دابەشدەکان بۆ دووچین یان دوو هۆز، کە تاکەکانی هەریەکەیان ناتوانێت لە هۆزەکەی تر ژن بهێنێ یان نانیان بخوات، گەر ئەمەش بکات تەریك و ناشیرین دەبێت، ئەمەش واتای ((داخرانە))، ئەمە وەك چینە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانی وەك: چینی بازرگان و دەوڵەمەند یان رۆشنبیران...هتد نین کە تاکە کەس بتوانێت بچێتە ناویان ئەگەر هاتو کۆمەڵە مەرجێکی تیابێت و هەوڵی ئەوە بدات کە نەختێك زانیاری دەستکەوێت و یان تۆزێك دەوڵەمەند بێت... هتد، بەڵکو مرۆڤ بەپێی لە دایکبوونی دەبێت بە ئەندامێکی ئەو چینە، دابەشکردن لێرەدا سروشتی دەبێت... (المترجم).



هەوەس و بێ سەروبەری و هەرمەکییەتەوە دیاریدەکرێت، لای رۆژهەڵاتییەکان، سەنگینی و گەورەیی و مەزنترین ئامادەگییەکان ئارەزوو دروستیان دەکات و دواتریش رێککەوت دروستیان دەکات. بەڵام یاساو ئاکار کە لە فرمانی وەزعی و بابەتی پێکهاتوون و هەموو تاکێك رێزیان لێدەگرێت و لای هەموو تاکێکیش راست و دروستن و هەموو تاکێکیش دانی پیادەنێت — ئەمانە هەموویان لە لای ئەوان هیچ بوونێکیان نییە. کاتێك کە رۆژهەڵاتییەك لە کردەوەیەك دەچێتە پێشەوە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، ئەویش سەربەخۆی تەواو نییە، هیچ شتێك لە لای سنووردار و جێگیر نییە و هیچ شتێکیش دیاریکراو نییە. هەر کاتێك کە کرۆکەکەی ئازاد و نادیاریکراو دەبێت، چێژکردنی لە هەرەمەکیەت و سەربەخۆیی تەواوە، ئەو کرۆکە ئازادە کەمجار ئازادییەکی سروشتییانە و بابەتیانە دەستدەخات. ئەمە بەشێوەیەکی رێپێدراوە شیاوە هەمەکی. ئەوەی کە لە لای ئێمە یاساو ژیانی ئاکاری و دەوڵەت دروستدەکات، بە رێگایەکی باوکسالاری بەتریارکی کرۆکی و سروشتی لای ئەوانیش هەیە، واتە بەبێ ئازادی خودی هەیە، تەنانەت ئاکاریش کە ئێمە بە ویژدان ناوی دەبەین لای ئەوان بوونی نییە[3]. خورەوشتی رۆژهەڵاتییەکان سیستەمێکی سروشتی بەبەرد بووە، لەگەڵ کەسایەتییەکدا دەگونجێت کە لە رووی خانەدانییەوە مەزن بێت و کەسایەتییەك کە زۆر نزم و خراپ و هیچ بێت. لەم حاڵەتەشدا دەبینین هەرەمەکیەت و بێ سەروبەری دەسەڵاتێکی زۆری هەیە.

پێشتر لەوە دوام ئەوەی کە یەکەمجار دەیبینین یەکبوونی گیان و سروشتە. مانای وردی ئەمە چییە؟ مانای ئەوەی گیان هۆشیاریی خودییە و بەمەش، هوشیارییە بە ئامانج و مەبەستەکان...هتد، واتە هوشیارییە کە بیردەکاتەوە و دەیەوێت و ئارەزوو دەکات. لەم ئاستەشدا هۆشیاری خودی کۆتادارە و چوارچێوەی بیرکردنەوەشی کۆتادارە و ئەوەش کە دەیەوێت و ئارەزووی دەکات کۆتادارە. کەواتە بەبێ پەردە کۆتادارە، رووچوونی گیان بەناو سروشتدا کۆتاداری عەقڵ ویست دەگرێتەخۆی، ئەم حاڵە حاڵی رۆژهەڵاتیشە، هەر دەبێت ئەمە

[3] بڕیارێکی هەرمەکیانەی فەیلەسووفێکی گەورەیە، گەر نەڵێین گوزارشت لە رەگەز پەرستیەکی بوغزاوی دەکات، لە راستیدا ئەم دیدە ئەو دیدەیە کە لە لایەن زۆرێك لە بیرمەند و فەیلەسووفەکان لە سەر رۆژهەڵات لە سەدەی نۆزدەدا باوبوو، بۆ نموونە بروانە بۆچوونەکەی مۆنتسکیۆ کە هەڵگری هەمان رەگەز پەرستی رۆژئاواییە —کتێبەکەمان ((الطاعیة دراسة فلسفیة لصورة من استبداد الشرقی، رقم ١٨٣ عن سلسلة عالم المعرفة مارس ١٩٩٤. (المترجم)

بزانین تا ئەم یەکبوونە بە بارێکی کامڵ نەزانین، لە راستیدا حاڵەتێکی تاسەر ئێسقان کۆتادارە. ئەو ئامانجانە چین کە ئەم جۆرە لە هۆشیاری بوونیادیان دەنێت؟ لەم خاڵەدا ئامانجەکان ناکرێت شتێکی هەمەکی بن، کاتێك من هەق و ئاکارو چاکەم دەوێت ئەوا من شتێکی هەمەکیم! چونکە حەق و ئاکار و دەوێن ...هتد ئەمانە هەمووی هەمەکین و کۆمەڵە موفردەیەکن لە موفرەدەکانی سروشت. رێگەش بەویست نادرێت کە سروشتی هەمەکی بکاتە بناغە بۆ خۆی، ئەگەر گەلێك یاساکانی دادوەرانەبن، ئەمە ئاماژە بەوە دەدات کە هەمەکیەت بەرزبووەتەوە بۆ ئاستی بابەتیەت. ئەمە —پێشتر- گریمانەی ئەوە دەکاتەوە بیر ئامادە دەکرێت و پشتگیری دەکرێت، چونکە گەلێکی وەك ئەم گەلە لە شتێکی هەمەکی بیردەکاتەوە و هەر ئەویشی دەوێت. ئەگەر هاتو ویست شتێکی هەمەکی ویست، ئەوا لەم کاتەدا دەست بە ئازادبوون دەکات. چونکە بیری هەمەکی پەیوەندی بیر (واتە هەمەکی) بە هەمەکییەوە دەگرێتەخۆی. بەم شێوەیە بیر یان گیان لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەبێت و ئینجا ئازاد دەبێت. ئەوەش کە یاسای دەوێت، لە راستیدا ئازادی خۆی دەوێت، گەلێکیش کە ئازادی خۆی بوێت ئەوا ئارەزووەکانی و ئامانجەکان و بەرژەوەندییە بەشەکییەکانی دەکاتە شوێنکەوتەی ویستی هەمەکی، واتە شوێنکەوتەی یاسایە. لە لایەکی ترەوە گەر دەیەوێت بابەتێکی بەشەکی بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا ویست دەبێتە ویستێکی کۆتادار، ئەم کۆتاداریەش لە ویستدا بەشێکە لە پێکهاتنی کەسایەتی رۆژهەڵاتی. ئازادی ویستیش دەستپێناکات ئەگەر بیرکردنەوە بەشێوەیەکیئاشکرا و راستەوخۆ ئازاد نەبێت و ئەو کاتەش نەبێت کە هەمەکی دەردەکەوێت. ئەگەر هاتوو لە گۆشە نیگای ویستەوە سەیری کەسایەتی رۆژهەڵاتیمان لەوەکرد کە گیانی بەناو سروشتدا رۆدەچێت —ئەوا دەبینین بەتەواوەتی کۆتادار بەسەریدا زاڵە[4].

[4] بڕوانە عەقڵ هەمەکییە نەك بەشەکی، چونکە بە کەسێکەوە پەیوەست نابێت و بە کەسێکی ترەوە پەیوەست بێت. بەڵام بەشە تایبەتییەکەی، ئەوەیە کە بە کەسێکەوە پەیوەستە و بەوانی ترەوە پەیوەست نییە: وەك خۆشەویستی و رق لێبوونەوە و هەڵچوون و ئارەزوو....هتد ئەمانە هەموویان شتی بەشەکین، چونکە من حەزم لەم شتتەیە و تۆ حەزت لە شتێکی ترە.....هتد ئەگەر هاتو یاسا لەسەر ئارەزوو یان بەرژەوەندی تایبەت دامەزرا —هەروەك ئەوەی کە ستەمکارن دەیکەن- ئەوا یاساکە یاسایەکی هەرمەکی دەبێت و گوزارشت لە ویستی تاکە کەس دەکات، ویستی بەشەکی لەسەر ئارەزوو هەواو و هەوەس یان هەرمەکیەت دادەمەزرێت و لەسەر ویستی هەمەکی (کە عەقڵە) دانامەزرێت، پاشانیش ئەمە نابێتە یاسایەکی راستەقینە. هیگڵ پێی



ئەو ویستەی کە خۆی دەوێت وەك کۆتادارێك چیتر پەی بە خۆی نابات وەك ئەوەی کە هەمەکییە، لەم کاتەشدا لێرەدا شتێکی ترمان نییە جگە لە چینی سەردار و چینێکی تر کە چینی خزمەتکارە (یان چینی کۆیلەیە) ئەمەش کەش و هەوای فەرەمانڕەوایی سەرکوتکارییە. ئەگەر بخرێتە سەر زمانی هەست، ئەوا کاتیگۆری ترس دەبێتە کاتیگۆری باو و زاڵ. زۆرجار کە گیان بە ناو سروشتدا رۆدەچێت چیتر لە دیدی خۆیەوە ئازاد نییە، ئەو هێشتا لەگەڵ بەشەکیدا هەر یەکگرتووە و راستیەکە لە ژێر ئاگری کۆتاداردا. لەوانەشە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بەشەکی و کۆتادار، هۆشیاریش دەبێت بەوەی کە بیر دەتوانێت بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم کۆتادارە دەکرێت برۆخێنرێت و دەشکرێت سەلب بکرێت، ئەم هەستکردنە بە سەلبیش، واتە شتێك لە مرۆڤدا هەیە و دواتریش مرۆڤ خۆی ناتوانێت خۆی بگرێت، واتە زۆر بە سانایی هەستکردنە بەترس. لە لایەکی تریشەوە ئازادی لە نەمانەوە لە کۆتاداردا شاراەوتەوە، لە سەربەخۆیدا شاراوەتەوە، لە بوونی ناکۆتاداری خوددا شاراوەتەوە، ئەمەش ناکرێت رەخنەی ئاراستەبکەین.

لێرەوەیە کە ئەوەی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتدا کێشاوە ترس و سەرکوتکارییە، مرۆڤی رۆژهەڵاتی یان دەترسێت و ترس دایدەگرێت، یان لە رێگەی ترسەوە فەرمانڕەوایی دەکات (واتە خەڵك دەترسێنێ) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ یان کۆیلەیە یان سەردارە. ئەم دوانەش هەردووکیان لەیەك ئاستدا دەوەستن، جیاوازی نێوانیشیان جیاوازییەکی رووکەشیە و —تائاستێك- لە هێزی ویست

وایە یاساکان لە رۆژهەڵاتدا بۆ تێرکردنی ئارەزووی فەرەمانڕەوا دادەنرێت یان بە ویستی تاکانەی ئەو یان ئارەزووەکانی ئەو.... هتد دادەنرێت. پاشانیش ئەم یاسایانە نەعەقڵ ئاوەرن و نەهەمەکین، ئالێرەوەیە کە چوونە ژێر باریان واتای کۆیلایەتی دەگەیەنێ نەك ئازادی. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئازادی دیاریکردنێکی خودییە. ئەوەیە کە ملکەچ بیت بۆ خۆت، واتە بۆ لایەنی عاقڵی ناوخۆت، کە لایەنی هەمەکییە. ئەگەر هاتو یاسا هەمەکی بوو، ئەوا گوێڕایلەیکردنم بۆی گوێڕایەڵی کردنی خۆمە، کەواتە من ئازادم، ئەگەر هاتوو ویست بەشەکی بوو ئەوا کۆتادارە، چونکە بە ئارەزووێکی دیاریکراو یان هەڵچوونێك یاهەستێکی تایبەت....دیاریدەکرێت، بەڵام ویستی هەمەکی ناکۆتادارە، چونکە عاقڵە و عەقڵیش هیچ ناتوانێت سنوورەکانی دیاری بکات جگە لە عەقڵ خۆی و گیانیش هەر گیان دەتوانێت دیاریبکات، لای هیگڵ سیفەتە بەشەکییەکان و کۆتادار پێکهێنەری کەسایەتی رۆژهەڵاتین، کە تیایدا گیان ناتوانێت دەستبەرداری رۆچوونی خۆی بە ناومادەدا یان بەناو سروشتدا ببێت، هێشتا مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئایدیای باڵا بەسەریدا زاڵە: خواردن، خواردنەوە، جنس ..... هتد (المترجم).

و چالاکییەکانیدا شاراوەتەوە. ویستی سەردار پشت بە ڕێککەوتنی بەشەکی تایبەت دەبەستێت، لە تواناشیدا هەیە کە زیادبکات و ئارەزووی ئەوەش بکات، قوربانی بە هەموو ئەوە بدات کە کۆتادارە، تا بە ئامانجە بەشەکییەکی خۆی بگات. زۆرجاریش کە ئامانجەکە کۆتاداردەبێت، ویستەکەشی رووکەش و راگوزەر دەبێت، بەم شێوەیە، ئارەزووی سەردار هەواو هەوەس و هەڕەمەکییەتە، چونکە لە کۆمەڵە ئامانجێکی کۆتادار پێکدێت و لە رێگەی ترساندنیشەوە (ترساندنی خەڵکەوە) نەبێت کارناکات، پاشانیش گەر بەشێوەیەکی گشتی بدوێین ئەوا ترس کاتیگۆری باو و زاڵە لە رۆژهەڵاتدا[5].

-بەزەرووەت- هەردەبێت لە رۆژهەڵاتدا ئایینیش هەمان خاسیەتی هەبێت، سیمای بنەڕەتی کە تیایدا ترسانە لە خودا تەنها ریشەکانی خۆی لە ترسەوە سەرچاوە پێ ناگرێت، بە ئایین هەرگیز لە ترس جیانابێتەوە و پشتی لێ هەڵناکات، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین کتێبی پیرۆز دەڵێت: (( ترسان لە خودا، لوتکەی حیکمەتە))[6]. ئەمە راستە، گەر پێویست بێت مرۆڤ فێری ترس ببێت و هەستی پێبکات و وەك ئەزموونێك پیایدا تێپەڕبێت، هەر دەبێت بشزانێت کە ئامانجەکانی بەوەی کە کۆتادارن، کۆتادارن و هەڵگری سروشتێکی سەلبین، بەڵام هەر دەبێت بەناو ئەم ئامانجە کۆتادارانەدا رێگای خۆی ببڕێت، هەروەك چۆن هەردەبێت بەجێیان بهێڵێت و تێیان پەڕێنێت. ئەگەر هاتوو لە سەیرکردنی ئامانجە کۆتادارەکانی وەستا بەوەی کە رەهان، چونکە چیتر لەم حاڵەتەدا وابەستەیە بەشتێکی سەلبیەوە و بەهۆشیەو دیاریکراوە، بەمەش لە ترس رزگاری دەبێت. لەم کاتەشدا ئیتر چیتر شتێکی تیانابێت کە بەرەخنە دا بارینە سەری. ئەگەر هاتو ترس هەر بە تەنها سەرەتا نەبێت و بەڵکو کۆتایش بێت، کاتیگۆری ترسیش

[5] ئەمە بیرۆکەیەکە مۆنتیسکیۆ بانگهێشتی بۆ دەکرد، فەرمانڕەوایی سەرکوتکەرانە کە لە رۆژهەڵاتدا باوە ((سیستەمێکە کە لەسەر ترساندنی هاووڵاتیان و ترسانیان لە سەرداری فەرامانڕەوا دامەزراوە و مرۆڤەکان دەخاتە ناو چاڵی زەلیلی و سووکایەتی پێکردن و لە رێگەی رژاندنی خوێنەوە نەبێت پارێزگاری لە بوونیان ناکات. ئەو ملکەچییەش کە ژێردەستەکانی داوای دەکات، ملکەچییەکی کوێرانەیە...هتد)) د. امام عبدالفتاح امام ((الطاغية: دراسة فلسفية لصور من الاستبداد السياسى، ص ٢٧٢- ٢٧٣ سلسلة عالم المعرفة عدد ١٨٣. (المترجم).

[6] مزامير داود: المزمور المائة و الحادية عشر. (المترجم).



کاتیگۆری باوبێت، ئەوا لەم کاتەدا یەکسەر پشتگیری سیستەمی سەرکوتکاریی کۆیلایەتی دەکرێت.

ئاینیش بەهەمان شێوە ئەم سروشتە وەردەگرێت و بە ئەندازەی ئەوەش کە ئایین رەزامەندی دەبەخشێت، هەر خۆی لەم ئاستەدا کۆتادار دەبێتەوە. واتە ئایین لە مەملەکەتی سروشتدا گەمارۆ دەدەرێت. لە لایەکی تریشەوە لێرەدا: هێزە سروشتییەکان و دەسەڵاتی ئەم هێزە سروشتیانەمان هەیە. کە گەلانی رۆژهەڵات هەڵساون بە بەکەسکردنیان (واتە کردوونیان بەکەس) و پەرستوویانن. لە لایەکی تریشەوە: بە ئەندازەی ئەوەی کە هۆشیاری بەسەر سروشتدا بەرز دەبێتەوە و دەگات بە بوونی کۆتادار، ئەوەندەش ترس لەم هێزە جوولێنەرە بووەتە شتێکی بنەڕەتی و گرنگ، لەگەڵ ئەم دەرئەنجامەشدا، دەڵێت تاك لەوەوە نەبێت کە لە رووی روکەشیەوە رووبەڕووی ئەم هێزە ببێتەوە، خۆی ناناسێت. ئەم شوێنکەوتەیییە و ئەم رۆچوونە بەناو ناکۆتادار و مانەوە تیایدا دەکرێت دوو شێوە وەربگرێت، هەر دەشێت لە لایەکەوە بەرەو لاکەی تر بڕوات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو کۆتادارەی کە رووبەڕووی عەقڵی مرۆڤ دەبێتەوە، وەك کۆتادار شێوەیەکی کۆتادار وەردەگرێت، یان لە روویەکی ترەوە شێوەیەکی کۆتادار وەردەگرێت کە هیچ نییە جگە لە پەتیەتی (ناکۆتاداری پەتی). هەر لەبەر ئەمەش لە کۆتادار دەچێت و لە واقیعیشدا هەر خۆیشی کۆتادارە. لێرەدا لە بواری پراکتیکی کارەکیدا گواستنەوە لەسەلبیەتی ویستەوە (کۆیلایەتییەوە) هەیە بۆ ئەو پەڕی لادژەکەی، واتە بۆ باڵاترین وزەی ویست، بۆ بەرزترین هێزی سەرکوتکەر، کە گوزارشتە لە ئارەزووی هەڕەمەکیەت. دەتوانیت لە بارەی ئایینیشەوە هەمان شت بڵێیت: ئێمە لەئاییندا رۆچوونێکی زۆرگەورەی بەناو هەستیەتییەکی قووڵدا دەبینین بەوەی ئایین هەر خۆی پەرستنی خودایە. هەروەك چۆن لە لایەکی ترەوە راکردنە بەرەو ئەو پەڕی حاڵەتەکانی پەتیەتی و بەتاڵترنی ئەم حاڵەتانە و بەرەو سەلبیەتییەکی پوخت، واتە بەرەو عەدەم، هەروەك چۆن خۆ بەرز راگرتنیشی تیادەبینین بەسەر هەموو شتێکی عەینیدا. زۆرجار لە لای رۆژهەڵاتیەکانی —بە تایبەتی هیندییەکان- ئەوە روودەدات ئەم پەتیەتییە بەرەو ئەو پەڕی سنووری خۆی دەبرێت، بۆ نموونە دەساڵ لە مومارەسەکردنی لێخۆشبوون و پاکبوونەوە لە گوناهبڕ دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ ناوەرۆکێکی قووڵی تیانەبێت یان هیچ سودێکی گیانی تری تیابێت جگە لە چێژکردنێکی بێهودە لە ئازاردانی خود و لۆمەکردنی دەروون لەگەڵ کارکردن لەسەر مردنی هەستکردن بە ئازار. یان

سالآنێك لە تێڕامان لە سەری لووت، دادە بە نەسەر و لەو سەریشەوە بەبێ دەستکەوتی هیچ. بیرۆکە و کەڵك و هوشیارییەك دێنەدەرەوە جگە لە پێداگرتن لەسەر مانەوە لە قووڵایی ئەم پەتیەتییەدا و لە سەرمانەوەلەناو بۆشاییەکی تەواو بێدەنگ و مردندا هیچی تریان دەست ناکەوێت بینا لەسەر ئەمە ژیانی ئەوان لە بەبیراهاتنێکی ناوەکی بەتاڵ و خەیاڵێکی رووت بە شێوە هەمەکییە پوختەکەی و مەعریفەیەکی پوختی پەتی بەسەر دەچێت. بەڵام ئەم پەتیەتە بەوەی کە سەلبییەکی پوختە، هەر خۆی بە تەواوی کۆتادارە. بەم شێوەیە دەبینین ئەو لایەنەی کەوا سەیری دەکرێت درەوشاوەیە، دەگێڕێتەوە بۆ بنەمایەکی کۆتادار، هەرگیز ئەمە ئەو خاکە نییە کە ئازادی و بیرکردنەوە بە ئازادی تیایدا سەر دەردێنێ، بەڵکۆ ئەمە کەشوهەوای ویستێکی سەرکوتکەر و راگوزەر و هەوەسبازە و لە رووبەڕووبوونەوەشیدا —رووبەڕووبوونەوەی ویستێکی قووڵ لە سەلبییەتی خۆیدا- مەعریفەی کۆتاداریی ئەو ئامانجانە دەبینین کە ملکەچ دەکرێن بەوەی کە کۆتادارن، بۆ کۆمەڵە ئامانجێکی تر کە ئەوانیش کۆتادارن، سەرکوتکەر ئارەزووەکانی خۆی جێبەجێ دەکات و شتێکی باشیان لێ بەرهەمدەهێنێ، بەڵام نەك وەك ئەوەی کە یاسا بێت، بەڵکو تەنها وەك ئەوەی کە ئارەزوو و ویستێکە، ئازادی تەنها لە رۆژئاوادا دەرکەوتووە و بیر تیایدا بۆ خۆی گەڕاوەتەوە و بووەتە بیرکردنەوە لە هەمەکی، بەم رێگایەش دەبێت هەمەکیەتییەکی ماهییەتییانە.

بە کورتی ناکرێت لە رۆژهەڵاتدا، مەعریفەیەکی فەلسەفی هەبێت، چونکە ئەم مەعریفەیە پابەندە بە هۆشیاری و مەعریفەی کرۆکەوە، واتە بە رێژەی ئەوەی کە بیر لە هەمەکی دەکەینەوە، داوای هەمەکی دەکات و لەناو خۆیدا پەرەی پێدەدات و دیاریدەکات تا ئەو شوێنەی کە من لە کرۆکیدا بیرە دیاریکراوەکان دەبینم، هەروەك چۆن خۆم لەناویدا بە ئیجابی و خودی دەبینم، بەم شێوەیە ئەم بیرانە بە تەنها خودی نین ئینجا بە تەنیا کۆمەڵە رایەکیش نین، بەڵکو بەو رێژەیەی کە بیرەکانی منن، بیری بابەتیشن واتە بیری کرۆکن.

بینا لەسەر ئەمەش هەر دەبێت رۆژهەڵات لە مێژووی فەلسەفە دوورخەینەوە، بەڵام —لەگەڵ ئەمەشدا- من کۆمەڵە درێژە پێدانێك لەسەری پێشکەش دەکەم بە تایبەتی لە بارەی چین و هیندەوە، چونکە لە سەردەمی نوێدا خۆمان خستۆتە ناو هەڵوێستی بڕیاردان لەسەری. لە کاتێکدا من لەوانەکانی پێشوودا پەیمانی ئەوەمدا کە بەسەریدا بڕۆم.



مەعریفە بە مانا دروستەکەی لە رۆژئاواوە دەستپێدەکات، لە رۆژئاوادا گیان گەڕاوەتەوە بۆ خۆی و بە قووڵاییەکانی خۆیدا رۆچووە، کون و قوژبنەکانی پشکنیوە و خۆی ئازادانە دامەزراندووە و لە چاوی تایبەتی خۆشییەوە ئازاد بووە. تەنها لە بارودۆخێکی ئاواشدا فەلسەفە دەتوانێت پەیدا ببێت، هەر لە بەر هەمان هۆشە کە ئێمە لە رۆژئاوادا نەبێت دامەزراوەی سیاسی ئازاد نابینینەوە. لە رۆژئاوادا خۆشبەختی تاك و کۆتادارییەکەی. بەم خاسیەتە خاسیەتدار و ناسراون. خود هەر لە بواری ئەوەدا دەمێنێتەوە کە کرۆکییە و نزم نابێتەوە و لە رواڵەتی کویلەیەکی شوێنکەوتەی کرۆکیشدا دەرناکەوێت، کە چارەنووسی هەر بەرەو عەدەم دەبێت.

ئازادی هۆشیاری خودی لە لای یۆنانییەکان سەری هەڵدا و بە گشتیش لە رۆژئاوادا گیان دابەزییە سەرخۆی. بەڵام لە رۆژهەڵاتدا تاك لەناو جوانی و وابەستەبوونی رۆژهەڵاتیدا دەکرێتەوە و هەر لە باق و بریقی گەوهەر دەچێت و هیچی تر، لە کاتێکدا ئەم رووناکییە لە رۆژئاوادا بوویە چەخماخەی بروسکەو وەك هەورە بروسکە لەسەر بیرنیشتەوە و لەناوەوە تووشی کردو وایلێکرد کە بڵاوبێتەوە و بەم شێوەیە بۆ خۆی جیهانی ناوەکی خۆی دروست بکات.

پێشتر ئێمە هەڵوێستێکی گشتیدا ئەوەمان بینی، کە فەلسەفە و دروستبوونی مێژوو بە پەیوەستبوونێکی توند پێکەو پەیوەستن. هەر لێرەشەوەیە کە کەسایەتییەکان و هۆکارەکانی پەیوەستبوون، کۆبوونەوەی نێوان فەلسەفە و جیهانە واقیعییەکەی دەنوێنین،پاشان هەر دەبێت چاوێکی خێرابە پەیوەندی ئەم دوانەدا بگێڕین.

وتمان جیهانی ئازادی لە یۆنان دەستیپێکرد، بنەڕەتی ئازادی قووڵیش ئەوەیە کە گیان بیر لە خۆی بکاتەوە و تاکە کەس لە بە شەکیەتی خۆیدا وابیبینێ کە هەمەکییە و هەموو مرۆڤێك لە بەشەکیەتی خۆیدا واخۆی بناسێت کە هەمەکییە، بوونیشی لەوەدا پەنهانە کە هەمەکی بێت لەناو هەمەکییدا. بوونی هەمەکیەتی بێت و هەمەکیەتیشی بوونی بێت، لە خودی ئەم پەیوەندیەدا (واتە پەیوەندی خودی) هەمەکیەت مانای ئەوەیە: لە دەستی شتێکی تر یان کەسێکی غەریبدا نەبێت و ماهییەتی لەناو شتێکی تردا نەبێت، بەڵکو لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا بێت، واتە هەمەکیانە لە ماڵدا لەگەڵ خۆیدا بێت، واتە لەگەڵ هەمەکیەتدابێت، ئەم مانەوەش لە ماڵدا لەگەڵ خۆیدا کۆتادارییەتی خودە، واتە ناکۆتداری کەسیەتییە. لە باری

گیاندا کە پەی بە خۆی دەبات، خاسیەتی ئازادی بوونی دروستدەکات، ئائەمەیە ئەوەی کە گیان لەسەری دەوەستێت و ناکرێت بەشێوەیەکیتربێت. زانینی گەل بەوە کە ئازادە، بە هەمان شێوەیە کە بوونی دروستدەکات، ئەو جیهانەکەی خۆی و یاساکانی و مافەکانی و ئاکارەکانی و هەموو ژیانی بە رێککەوتن لەگەڵ ئەم مەعریفە خودییەدا دادەمەزرێنێ. لەسەر ئەم بناغەیە لەوێوە خۆی دەناسێت کە کرۆکەکەی ئازادە.

زانینی گەلێك بە ئازادی خۆی، بوونی ئەم گەلە خۆیەتی. بەڵام خودا کە بۆ ئەمە مەبەستمانە دەکرێت بە نموونەیەکی سادە روونی بکەینەوە:

ئێمە دەزانین تاکە کەس ئازادە، بەوەش ئازادە کە کەسە. لەسەر ئەم بناغەیەش ئێمە بوونی خۆمان ناناسین گەر ئازادی مەرجێکی بنچینەیی نەبێت، شتێکیش نییە کە سنووری ئەم مەرجە ببەزێنی و دانی پیانەنبێت، ئەم مەعریفەیە بوون و پێکهاتنمان دروستدەکات. ئەگەر هاتو وامان دانا لە رۆژئاوا فەرمانڕەوایەك هەیە بە حەز و ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت دەکات و بەخەیاڵیدا دێت کە نیوەی ژێردەستەکانی خۆی بکاتە کۆیلە، ئەوا ئێمە هۆشیارین بەوە کە ناکرێت ئەمە رووبدات ئەگەرچی ئەم فەرمانڕەوایە زۆرترین رێژەی هێزی خۆیشی بەکاربهێنێ، هەموو کەسێکی ئێمە دەزانێت ناکرێت کۆیلە بێت، ئەو دەزانێت ئەمە کرۆکی بوونیەتی. راستە ئێمە دەزانین ئێمە لەم تەمەنەداین یان لەو تەمەنەداین و ئێمە خەڵکی سیلیزیاین Silesias [7]و ئێمە ئێستە لە ژیانداین و ئێمە فەرمانبەرین، بەڵام ئێمە هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی راگوزەر دەزانین، ئەمەش کرۆکی بوونمان نییە، چونکە کرۆکی بوونمان ئەوەیە کە ئێمە کویلەنین، ئێمە هیچ بنچینەیەکی تر بە بناغەی بوونمان نازانین، جگە لە ئازادی، ئەم خاسیەتەش راگوزەر کاتی نییە، بەڵام هەموو خاسیەتەکانی تری بوونمان وەك: تەمەن و پیشە ..... هتد خاسییەتی راگوزەر و رووکەشی و کاتین، تەنها ئازادی دەمێنتەوە و بەردەوام دەبێت. لە راستیدا من ناتوانم کویلەبم، کۆیلایەتی یاخی بوونم دروستبکات و ببێتە ماهیەت و

[7] سیلیزیا Silesia: ناوچەیەکی مێژووییە لە ئەوروپای ناوەڕاست، چەند جارێك بە جیاوازی لە نێوان روسیا و نەمسا و مەجەر و پۆڵەندە بەشکراوە، گەورەترین بەشی کە ئێستا دەکەوێتە بەشی باشووری رۆژئاوایی پۆڵەندە، بە گرنگترین ناوچەی پیشەسازی ئەوروپا دەژمێرێت، ئەویش لەبەر ئەوەیە رەساس و زەنك و ئاسن و خەڵووزی بەردی زۆری هەیە. (المترجم).



تایبەتمەندی من، کۆیلایەتی سووکایەتییە بە هۆشیاریم، بەم مانایە مەعریفەی خودیی گیان بوونی دروستدەکات تا ئەو رادەیەش کە لەم مەعریفەیەوە هەموو ئەو بارودۆخەی کە لە دەوروبەریدا هەیە دەخولقێنێت و لێی دێتەدەرەوە.

ویست ئازادە، چونکە شتێکی هەمەکی دەوێت، من لەم هەمەکیەدا، ماهییەتی خۆم و کرۆکی بوونی خۆم دەبینمەوە، ئالێرەوەیە کە من لەگەڵ خۆمدا یەکسانم. ئەمەش ئەوە دەگرێتە خۆی کە بە هەمان شێوە ئەوانی تریش لەگەڵمدا یەکسانن، چونکە هەموو تاکە کەسێکی لەوان بە تەواوەتی هەروەك من ئازادە، پاشانیش من ئازاد نابم گەر رێگە بە ئازادی ئەوانی تر نەدەم و نە گەمە ئەوەی کە ئەوان دان بەوەدا بنێن کە ئازادم، ئازادی راستەقینە پێشتر گریمانەی ئازاد ئەوانەی تر دەکات و ئازادی بوونی نابێت و وەدی نایێت لەناو خەڵکێکی جۆرا و جۆردا نەبێت. بەم شێوەیەش پەیوەندی خەڵکی ئازاد بە خەڵکی ئازادی ترەوە دادەمەزرێت. بەمەش یاساکانی ژیانی ئاکاری و کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و دادوەری دەردەکەون. ویستی ئازادیش تایبەتییەکانی ویستێکی هەمەکی نەبێت نایەوێت و لە رێگەی ئەم تایبەتمەندیانەشەوە ئازادی مەدەنی و یاسای عەقڵی و دامەزراوەکانی دادوەری دادەمەزرێن.

ئەمە پەیوەندی نێوان ئازادی و بیرکردنەوەی هەمەکییە. زۆر بە دیاریکراویش ئەم بیرکردنەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو ئازادی هوشیاریی خودین، ئێمە یەکەمجار ئەم بۆچوونە لە بارەی ئازادییەوە لە لای یۆنانییەکان دەبینینەوە، دواتریش فەلسەفە لە لایەن ئەوانەوە دەستپێدەکات.

بەڵام لە یۆناندا ئازادی راستەقینە وێناکردن خەوشداریدەکات، ئەمەش —وەك دەزانن- بە هۆی ئەوەوەیە کە کۆیلایەتی تا هەنووکەش لەوێ هەر هەیە. لە دەوڵەتە ئازادەکانی یۆناندا ژیانی مەدەنی بەبێ کۆیلایەتی ناکرێت بەردەوام بێت. هەر لەبەر ئەمەشە ئازادی لەوێ مەرجدار و بەستراوەیە، هەر ئەمەشە کە لە ئازادی جەرمانی جیای دەکاتەوە[8]. بەڵام جیاوازی لە نێوان جیهانی رۆژهەڵاتی و جیهانی یۆنانی و جیهانی جەرمانی لە ئازادیدا دەتوانین بەم شێوەیە دیاری بکەین: لە رۆژهەڵاتدا تەنها یەك کەس ئازادە ئەویشی پیاوی (ستەمکار یان سەرکوتکەر)ە. بەڵام

[8] هیگڵ مەبەستی لە باسکردنی ((گەلە جەرمانییەکان)) ئەوەیە کە ئەم گەلانە لە گەلە ((لاتینییەکان)) جیابکاتەوە، بەڵام وشەی ((جەرمانی)) لەم ناوکۆییە بە نزیکی هاوواتای وشەی ((ئەورپییە)) من تعلیقات نوکس ص ۱۷۳. (المترجم).

لای یۆنانییەکان هەندێك مرۆڤی ئازاد هەن، بەڵام لە جیهانی جەرمانیدا هەموو ئازادن[9]، واتە مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤە ئازادە، ئەم ئازادیەش ئازادییەکی باڵاترە لە ئازادی یۆنانی، دواتر کەمێك بە درێژی لەم جیاوازییە دەکۆڵێنەوە، شتێك کە مابێتەوە بیخەمە سەر ئەمە ئەوەیە، ئەگەر هاتو لە رۆژهەڵاتدا جگە لە یەك کەس، کەسی تر ئازاد نەبێت، ئەوا ئەم کەسەش لە راستیدا لە سەیرکردنی خۆیەوە بۆ خۆی بە ئازادیەکی راستەقینە ئازاد نییە، ناشکرێت ئازاد بێت ئەگەر بەهەمان شێوە ئەوانی تریش هەروەکو ئەو ئازاد نەبن، لەم حاڵەتەدا جگە لە ئارەزوو و حەزو هەوەس شتێکی تر لەبەر دەمماندا نییە، ئەمەش کۆتادارە و هەرگیز ئازادیش نییە، چونکە لە راستیدا ئەم ئازادییە تەنها رواڵەتییە، هەروەك چۆن یەکسانییەکی رووتی هۆشیاری خودیشە (من=من). ئێمە لە لای یۆنانییەکان ئەم مەسەلە بەشەکییە دەدۆزینەوە کە دەڵێت ((هەندێك لە خەڵکی ئازادە)) ئەسینایییەکان و ئەسپارتییەکان ئازادن، بەڵام خەڵکی مەسین[9] یان هیلیوس Helots[10]ئازادنین.

---

[9] بەراوردی کە لەگەڵ ئەوەی کە هیگڵ لە ((محاضرات في فلسفة التاريخ))دا دەڵێت: ((رۆژهەڵاتییەکان نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە مەعریفە یان گیان یان مرۆڤ وەکو ئەوەی کە هەیە ئازادە، لەبەر ئەوەش کە ئەمە نازانن، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە دەیزانین ئەوەیە کە کەسێکی دیاریکراو ئازادە، بەڵام ئازادی ئەم کەسە هیچ نییە جگە لە حەزێکی کەسی و چاوبرسیانە...ئەم کەسەش تەنها ستەمکارە و لەو دەوەشێتەوە. یەکەمجار هوشیاری بە ئازادی لە یۆنان و رۆمانیش-دەرکەوت، بەڵام ئەمانە ئازادیان بە ئازادبوونی هەندێك دەزانی، نەك ئازاد بوونی مرۆڤ وەك ئەوەی کە مرۆڤە، تەنانەت ئەرستۆ و ئەفلاتوونیش ئەمەیان نەزانیوە. هەر لەبەر ئەمەش بووە کە لە لای یۆنانییەکان کۆیلە هەبووە، بەڵام جەرمانییەکان بە کاریگەری مەسیحییەت یەکەم کەس کە گەیشتوون بە هۆشیاری بەوەی کە مرۆڤ بەوەی مرۆڤە ئازادە ئازادی گیانیش ئەوەیە کە ماهییەتی گیان دروستدەکات)). ((العقل في التاريخ)) ترجمة د.امام عبدالفتاح امام —المكتبة الهيجلية- الناشر مدبولي بالقاهرة. (المترجم).

[9] خەڵکی مەسنیا Massnia: دانشتوانی ناوچەیەکن کە دەکەوێتە بەشی باشووری رۆژئاوایی نیمچە دوورگەی بەلبۆنیز لە یۆنان. لە سەردەمە دێرینەکاندا ململانێی زۆر لە نێوان ئەمان و خەڵکی ئەسپارتادا سەری هەڵداوە. ئەسپارەتییەکان توانیان هەرێمی مەسنیا داگیربکەن و دەست بەسەر زۆرێك لە زەوی وزارەکانیاندا بگرن و خەڵکی ئەم هەرێمە بکەنە کۆیلە (المترجم).

[10] لە کۆندا ئەسپارتا وڵاتی جەنگاوەران بووە، ئەسپارتییەکان شەڕی گەورەیان هەڵگیرساندووە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو گەلەکان بکەن بە کۆیلە و کۆیلایەتیش بەسەر خەڵکەکەی خۆیاندا بسەپێنن،



## دووەم: بەرەوپێشچوون لە مێژووی فەلسەفەدا

پێشتر ئاماژەمان بە جیاکاری نێوان بیر و بیرۆکەی سەراپاگیردا کرد ئەمەش تەنها پشت بە پەرەسەندنی زیاتری بیر دەبەستێت، تاببێتە بیرۆکەی سەراپاگیر. هەر لەمەشدا بە هەمان شێوە مێژووی فەلسەفە پەرەدەستنێ.

یەکەم شت: ئەوەیە کە بیری هەمەکی و پەتی بە شێوە پەتیەکەی و بەو شێوەیەی کە وایە چیتر بە بەشێکی راستەقینەی مێژووی فەلسەفە دانانرێت. ئەمەش بیرە بەو شێوەیەی کە لە رۆژهەڵات دەردەکەوێت و بە ئایینی رۆژهەڵاتییەوە پەیوەستە و بەشێوەیەکی گشتیش بە هۆشیاری رۆژهەڵاتییەوە. ئالێرەوەیە کە (لە رۆژهەڵاتدا) دەبینین بیر بە تەواوەتی مادیشە و هەرگیزیش پەرەناسێنێ، لە راستیشدا چەند هەزار ساڵێك چۆن بووە ئێستاش هەر ئاوایە. بەمەش بیری رۆژهەڵاتی بەشێك نییە لە کارەکەمان، بەڵکو شتێکە پێش کارەکەمان دەکەوێت، هەر لەبەر ئەمەش زۆر بە کورتی چاوێکی بەسەر دادەگێرین.

دووەم شت: ئەو بیرەیە کە بە خۆی دیاریدەکرێت یان لە جیهانی یۆنانیدا بە بیرۆکەی سەراپاگیر دەردەکەوێت. وەك تۆزێك لەمەو پێش باسمکرد-لێرەوە ئازادی دەستپێدەکات، ئازادییەکی کەسی و خودی. بەم شێوەیە دەکرێت بیر بە خۆی دیاری بکرێت و دەتوانێت وەك کۆمەڵە دیاریکردنێکی تایبەت دیاریکردنەکانی بوێت و بیانناسێت. سەرەڕای ئەمەش لێرەدا لەم پێشکەوتنەدا- پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان کاتیگۆرییەکانیدا هەیە، پەرەسەندنێکی سانای بیر دەبینین، هەروەك چۆن فەلسەفەیەکی سادەی وادەبینین کە نەگەیشتۆتە پلەی هۆشیاری بە جیاکردنەوەی بیرو بوون. هەروەها دەبینین بیریش خۆی دیاریدەکات و خۆی روون و جیاواز دەکاتەوە. ئەمەش میتافیزیکایەکی زۆر سانایە بۆ یەکبوونی بیرۆکەی سەراپاگیر لەگەڵ خۆیدا و جیاوازیەکەشی جیاوازییە لە نێوان بیرو بووندا و لە نێوان خود و بابەتدا، دوای ئەمەش ئەوەی کە لەمە قووڵترە، واتە هۆشیاری بەم لێکدژییە، لەناو میتافیزیکایەکی سادەدا ئەم

---

وەك ئەوەی  کە لەگەڵ دانیشتوانی هیلوس Helos دا کریان، ئەمانەش کە شەش ئەوەندەی ئەسپارتییەکان دەبوون و بوون بە گەلێکی کۆیلە بەناوی ((هیلۆتین))، وشەکەش وای لێهات هاوواتای کۆیلەکان بێت. راجع كتابنا ((افلاطون ... و المرأة)) في سلسلة ((الفيلسوف... و المرأة)) الطبعة الثانية —الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة ص ٤٤. (المترجم).

جیاوازیە دەشاردرێتەوە، کە باوڕێك باڵی بەسەردا دەکێشێت، باوەڕە بەوەی گەر مرۆڤ بە ڕێگایەکی دیاریکراو بیری کردەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ بەراستی شتێك دەکات بەهی خۆی.

سێهەم شت: جێگیرکردنی ئەم جیاوازییە و هۆشیارییە بەم جیاوازییە. ئەمە فەلسەفەی جیهانی ئەوروپی نوێیە، واتە فەلسەفەی مەسیحی جەرمانی. —لەم فەلسەفەیەدا- پەیوەندی خود و بابەت و دواتریش سروشتی مەعریفە، شتێکی بنەڕەتییە و خاڵی سەرەکی و کاری کرۆکییە. دیدی بیریش بیری دیاریکراوە و باوەڕە بەوەی کە ئەمە پەی بە سروشتی شت دەبات. ئالێرەدایە کە لێکدژییە قووڵەکان دەردەکەون: وەك لێکدژی نێوان ئازادی وزەوورەت و لێکدژی نێوان چاکە و خراپە .... هتد دوایش ئەم بیرانە بە شێوەیەك دادەنرێن کە یەك دژی ئەوی تریان بێت، دوایش هەوڵدەدرێت بۆ کۆکردنەوەو یەکگرتنیان.

کەواتە لە ڕۆژئاوادا، خۆمان لەسەر فەلسەفەیەکی دروستدا دەبینینەوە و پێویستە سەیری دوو وێنەی  گەورەش بکەین و دوو حەقیقەتی مەزنیش لە یەکتر جیابکەییەوە، مەبەستیشمان لەمانە:

(١) فەلسەفەی یۆنانی.

(٢) فەلسەفەی جەرمانی.

ئەمەی دواییان فەلسەفەی جیهانی مەسیحیەتە، یان ئەو فەلسەفەیەیە کە دەدرێتە پاڵ گەلە جەرمانییەکان، هەر لەبەر ئەمەش دەکرێت بە فەلسەفەی جەرمانی ناوی ببەین. ئێمە دەزانین لە ڕێگەی گەلانی جەرمانی، یاوەکو گەلانی تری ئەوروپی وەك: ئیتالیا و ئیسپانیا و فەرەنسا، ئەم فەلسەفە شێوەیەکی نوێی بۆ خۆی وەدەست هێنا.

فەلسەفەی یۆنانی جیاوازە لە فەلسەفەی جەرمانی، بە ئەندازەی جیاوازی نێوان هونەری یۆنانی و هونەری جەرمانی، بەڵام ڕەگەزە یۆنانییەکە تا جیهانی جەرمانیش درێژ دەبێتەوە و ڕۆمانییەکان خاڵی بە یەکگەیشتنی نێوانیانن و پێویستە لەسەر خاکی جیهانی ڕۆمانی باس لە فەلسەفەی یۆنانی بکرێت، جیهانی ڕۆمانی ڕۆشنبیری یۆنانی دامەزراندەوە، ڕۆمانییەکان هەر ئەوەندە فەلسەفەیەکی ڕەسەنی تایبەت بە خۆیان هەیە کە شیعرێکی ڕەسەنی تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەروەها لە ڕاستیدا ئایینەکەشیان هەر یۆنانییە.



بە گوزارشتێکی وردتر: پێویستە لە مێژووی فەلسەفەدا دوو ماوە یان دوو جۆر لە فەلسەفە لە یەکترجیا بکەنیەوە: فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی جەرمانی، ئەوەش کە دەکەوێتە نێوانیان (١) فەلسەفەی ڕۆمانییە، کە لە کرۆکیدا یۆنانییە (٢) دانانی فەلسەفە و پەرەسەندنیەتی لەناو جیهانی مەسیحیدا، یان وەك ئەوەی کە زۆرجار دەڵێین: فەلسەفە لە خزمەتی کەنیسەدا.

لەم ماوەیەدا —کە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستە- لە ڕووی ماهییەتەوە لاهووت بوو بە فەلسەفە، لاهووت بە تەواوی هەموو بیروباوەڕەکانی گرتە خۆی و تیایاندا پیشتگیری لە عەقڵ کرد. لە ڕاستیدا لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاست هەرخۆی بووە هۆشیارییەك بەوەی کە فەلسەفەیە، ئایینیش مەعریفەیەکی فەلسەفییە، دوای ئەمە فەلسەفەی جەرمانی نوێ هات، کە فەلسەفەیەکە بە دیکارت دەستپێدەکات، ئەمەش تەمەنی فەلسەفەی ئەوروپییە.

ئەمەش دابەشکردنی بابەتەکەمانە بۆ کۆمەڵە هێڵێکی گشتی.

ئێمە دەتوانین بە دیقەتێکی زیاترەوە ئەم دوو دژە مەزنە دیاری بکەین، ئەویش بەوەی کە دەڵێن جیهانی یۆنانی گەشەی بە بیر دا تاگەیاندە پلەی بیرۆکە. بەڵام جیهانی مەسیحی یان جەرمانی پەی بەبیرۆکەی گیان دەبات و جیابوونەوەی بیرۆکە و گیانە کە جیاکارییە لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا دروستدەکات.

دەکرێت لە مێژوودا فەلسەفە وا باس لە خاڵی دەستپێکردن بکەین، کە خاڵێکە تیایدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەی بە خودا دەبەرێت و چیتر واباس ناکرێت کە هەمەکیەتی پەرەسەندووە. هەر ئەمەشە کە لە وەسفکردنەکەی تالێسدا بۆ ڕەها، دەیدۆزینەوە. دوایین ئامانجی ئەم مێژووە و دواتر دوایین ئامانجی فەلسەفەی سەردەمی ئێمە پەیبردنە بە ڕەها وەك گیان، گیانی جیهانی بە درێژای دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ هەوڵێکی گەورەی داوە بۆ وە وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، گیانی جیهان بە هێواشی کۆششی کردووە بۆ گەیشتن بە هۆشیاری خودی، دواتر بە خێرایی هەنگاوی ناوەو لە کاتیگۆریەکەوە بۆ کاتیگۆریەکی تر گواستوویەتییەوە. بەڵام کاتێك کە گەیشتن بەم کاتیگۆریانەمان لەبەردەم خۆماندا بینیەوە، ئەوا بۆمان ئاسان دەبێت لە کاتیگۆریەکەوە بەرەو کاتیگۆریەکی تر بڕۆیین و لایەنی کەم و کورتی هەر کاتیگۆریەکیش دیاری بکەین. ئەمە لە ڕەوتی مێژوودا ئاسان نەبووە، زۆرجار

گیانی جیهانی پێویستی بە چەند سەدەیەك هەبووە تابسۆڕێتەوە و لە کاتیگۆرییەکەوە بەرەو کاتیگۆریەکی تر بڕوات.

دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە درێژەی ئەم پیشکەوتنە بخەینەڕوو:

-بەزەروورەت- ئەوەی کە یەکەمجار دەردەچێت زۆرپەتی نییە، شتێکی سادە و زۆر هەژارە، ئەوەیە کە دژی عەینییە، چیتریش جۆرا و جۆر نابێت، لە ناوەوەش بە ڕێگای هەمە جۆر، جۆراو جۆر نابێت، پاشانیش فەلسەفە کۆنەکان هەژارترین فەلسەفەن، هەر لێرەشەوەیە، کە قۆناغی یەکەم بە تەواوەتی سادەیە و قۆناغی دووەمی پەرەسەندنیش قۆناغی کاتیگۆرییەکان و شێوەگیرییەکانە، وردتریشیانە کە لەسەر زەوی سادەیی دەردەکەوێت. نموونەی ئەویش ئەوەیە کاتێك کە ئێمە دەڵێین هەمەکی یان ڕەها ئاو یان ناکۆتادار یان بوونە، ئەوا بەهەمەکی دیاریکردنەکانی ئاو و ناکۆتادار و بوون دەستدەخات، بەڵام ئەم دیاریکردنانە هێشتا هەر بەتەواوەتی هەمەکین و نادیاریکراون و بەتاڵن لە بیرۆکەی سەراپاگیر. کە دەوترێت هەمەکی گەردیلەیە یان یەکبوونە یان یەکە، ئەمەش بە هەمان شێوە دیاریکردنێکە کە چیتر دیاری نەکراوە یان سنووردار نەکراوە. بەڵام قۆناغەکەی دواتری پەرەسەندنی ئەوەیە کە تیایدا هەمەکی بەوە پەی پێبراوە، کە خۆی دەناسێت و دەوری خۆی دەدات و خۆی دیاریدەکات- بیرێکە کە بە ڕێگایەکی هەمەکی چالاك و ئیجابی دەبێت، لەم حاڵەتەدا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە زیاتر دیاریکراوە، بەڵام هێشتا هەر پەتییە، لای ئەنکساجۆراس نۆس Nous (عەقڵ)ە، یان ڕاستتر لای سوکرات عەقڵە، لێرەدا بیر دەست بە پەیبردنی خۆی دەکات، خاسیەتی نۆسیش ئەوەیە کە چالاکی بیرە.

هەنگاو سێهەم ئەوەیە کە ئەم سەراپاگیرییە پەتییە هەردەبێت لە دیاریکردنە جیاوازەکاندا وەدی بێت، (بیری چالاك دیاریدەکرێت و سنووردار دەکرێت و جیادەکرێتەوە)، ئەم دیاریکردنە جیاوازییە وەدیهاتووە خۆی بەرەو پلەی سەراپاگیری هەمەکی Totality بەرزدەکاتەوە. لەم قۆناغەشدا لێکدژیەکان لە نێوان: هەمەکی و بەشەکی و نێوان بیر بەو شێوەیەی کە هەیە و واقیعی دەرەکی و نیشانەکانی لێدەرچوون و هەستەکان ...هتد دەبێت، ((ڕەواقیەت)) و ((ئەپیقۆرییەت)) هەریەکەیان دژی ئەوی تریان دەردەکەوێت. دوای ئەمەش هەنگاوێکی باڵاتردێت کە تیایدا ئەم لێکدژیە دیاریدەکرێت. ئەم هەنگاوەش لە نەمانی لێکدژیەکاندا



ڕەنگدەداتەوە، هەروەك ئەوەی کە لە ڕێبازی گوماندا Scepticism هەیە، بەڵام یەکبوونی ئیجابی بەرزکردنەوەی بەرەو ئاستی سەراپاگیر هەمەکی دەگەیەنێ، واتە بەرەو ئاستی بیرۆکە. دەکرێت ئەمە بە بیرۆکەی سەراپاگیر ناوبەرین. بیرۆکەی سەراپاگیر هەمەکییە، ئەوەیە کە بە ئاشکرا بە خۆی دیاریدەکرێت، بەڵام لە یەکبوون لەناو دیاریکردنی لە تاکییەکاندا پشتگیری لە خۆی دەکات بە پلەیەك کە بە گوێرەی خۆی ڕوون بێت.

بەم شێوەیە کاتێك کە من دەڵێم ((من)) ئەم وشەیە وادەبینم کە کۆمەڵە دیاریکردنێکی زۆر دەگرێتەوە خۆی، بەڵام کۆمەڵە دیاریکردنێکی تایبەت، کە لە من جیانین، چونکە من وەك ئەوەی کە خۆمم (من) خۆمی تیادەنوێنم. هەنگاوەکەی دواتریش وەدیهاتنی بیرۆکەی سەراپاگیرە، واتە گۆڕانی خودی دیاریکردنەکان بۆ سەراپاگیرەکان (ئەمەش بەخشینێکی ناکۆتدارە لە بیرۆکەی سەراپاگیرەوە)، چونکە بە تەواوەتی بەشداری لەو بیرۆکە سەراپاگیرەدا دەکات کە لایەنەکانی خۆی دەکاتە کۆمەڵە سەراپاگیرێك کە هەندێکیان لە هەندێکی تریان دابڕاون یان پێیانەوە نووساون یان یەکیان لە ململانێیە لەگەڵ ئەوانی تریاندا. بەڵام خاڵی سێهەم یەکبوونە یان بیرۆکەیە، تا جیاوازییەکان عەینی ببنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە هەمانکاتدا لەناو یەکبوونی بیرۆکەی سەراپاگیردایە. فەلسەفەی یۆنانی گەیشت بەم خاڵە، یان لەم ئاستەدا ڕاوەستاو کوتایەکی بەو جیهانە عەقڵییە نموونەییە هات کە فەلسەفەی ئەسکەندەرییە گوزارشت لێدەکرد.

بەڵام بیرۆکەی سەراپاگیر یان دیاریکردنی یەك، هێشتا لەناو ئەو جیهانەدا بزرە (ئەو جیهانەی کە قوتابخانەی ئەسکەندەرییە گوزارشتی لێدەکرد). پێشتر من وتم کاتێك لەناو ئەم جیهانەدا بیرۆکە هەیە، کە بیرۆکەی سەراپاگیر بە خۆی دیاریبکرێت و خۆی بەشبکات و هەردوو لایەنە گەورەکەی پەرەپێبدات و وایان لێبکات کە لەناو یەك شوناسدا یەکبگرن، ئەو دوو لایەنەش کە لەم شوناسەدا -بەوەی کە دوو سەراپاگیری سەربەخۆن- هەن، بەشێوەیەکی سەلبی دادەنرێن و بە هۆی ئەمەش ئەم شوناسە دەگاتە خودیەتی و وەدیهاتنی خۆی، دەگاتە پەیبردنی ڕەها، واتە وەدیهاتنی کارەکی. بەم شێوەیە بیرۆکە بەرەو پلەی گیان بەرز دەبێتەوە و گیانیش دەبێتە ئەو خودیەتە نوێنراوەی مەعریفەی دەروون، هەر خۆی خودی بابەتەکەیە و هەرئەویش پیشە ئەوەی کە بۆتە بابەتی (واتە وا لەخۆی دەکات) سەراپاگیر ببێتەوە، بەم شێوەیەش هەر خۆیشی

سەراپاگیر دەبێتەوە و خۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەو شێوەیەی کە هەیە دەناسێت.ئەم بنەمایەی هۆشیاری خودی رەها یان ئازادی بنەمای جیهانی مەسیحییە کە یەکێك لە خاسیەتەکانی بەوە دادەنرێت کە مرۆڤ بەهایەکی ناکۆتاداری هەیە، ئایینی مەسیحی بە گوزارشتێکی زۆر ورد گوزارشت لەمە دەکات بەوەی کە دەڵێت هەموو مرۆڤێك دەبێت بە پیرۆزی لەناز و نیعمەتدا بژی (یان خوالێی رازی بێت) —بەم وشانە بەهایەکی رەها دەداتە پاڵ تاکە کەس بەوەی کە تاکە کەسە. بەم شێوەیە دەبینین بنەمای ماوەی دووەم، ئەو بیرۆکەیە کەخۆی دەناسێت.

ئەگەر ویستمان ئەم بەرەو پێچوونە لە وێنەیەکی خەیاڵیدا بهێنینە پێش چاومان، ئەوا ئەمە وامان لێدەکات بڵێین: بیرکردنەوە شوێنێکە بەوەی کەوایە. یەکەمجار ئەو دیاریکردنە شوێنیانە دەردەکەون کە زۆر پەتین: خاڵ و هێڵ..... دوای ئەمەش لە سێگۆشەدا دیاردەکرێن، ئەم سێگۆشەیەش بە راستی عەینییە، بەڵام هێشتا هەر لەسەر رەگەزێکی پەتی رووەکە دامەزراوە. کە هەمئاهەنگە لەگەڵ ئەوەدا کە بە نۆس ناوی دەبەین، پاشان ئەو سێ هێڵەی کە دەوری سێگۆشەکەیان داوە (واتە لاکانی سێگۆشەکە) دەبنە شێوەیەکی تەواو، واتە رووی شێوەکە، واتە وەدیهاتنی پەتیەتی لاپەتیەکان لە بابەتدا. لە قۆناغی سێهەمیشدا دەبینین. سێ رووەکە لاکانی سێگۆشەکەن کە پێکەوە بەستراون تاجەستەیەك یان سەراپاگیرێك دامەزرێنن. ئەمەیە کە فەلسەفەی یۆنانی پێی گەیشتووە، دوایش فەلسەفەی یۆنانی بە ئەفلاتوونییەتی نوێ کۆتایی هات، پاشانیش ئەرکی گیانی جیهانی ئێستا-لە ئێستاوە بەرەو سەرەوە- بە گوێرەی فەلسەفە کەوتۆتە دەست گەلانی تر....

دەبێت ئەم جەستەیەمان هەبێت، تاپەرتبوون لە نێوان چەق و پڕکردنەوەی شوێنی داخراو دەرکەوێت، ئەم لێکدژیەش لە نێوان ئەوەیە کە سادەیە لەگەڵ ئەوەی کە نموونەییە، واتە چەق لە نێوان واقع و ئەوەی کە کرۆکییە —لەسەر رووەکە دەردەکەوێت و یەکبوونی نێوانیشیان سەراپاگیری ئەو بیرۆکەیە کە خۆی دەناسێت. بەڵام ئەم یەکبوونە چیتر یەکبوونێکی سادە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمە ناوەندە یان چەقە، ئەو کەسایەتییەیە کە خۆی دەناسێت و کە رووبەڕووی هەستەکییەتی بابەتی واقیعی دەبێتەوە، لەم سەراپاگیریەی ئەو بیرۆکەشدا کە خۆی دەناسێت، -لە روویەکی ترەوە- کرۆك بە جیاکاریەکی بنەڕەتی لە خودیەتی جیادەبێتەوە و —



لە لایەکی تریشەوە- خودیەتی دەبێتە کرۆکی و بەشێوەیەکیئاشکرا خۆی دادەمەزرێنێ. لە راستیدا لە سەرتادا خودیەتی جگە لە خودیەتییەکی رواڵەتی هیچی تر نییە، بەڵکو تواناداریيەکی راستەقینەی کرۆکە و خودیەتیش لە خۆیداو بۆ خۆی پشت بە راستیەك دەبەستێت کە خود هەمەکیەتی خۆی لە سەری دیاریدەکات، واتە وەدیدەهێنێ و خۆی والێدەکات کە لە یەك شوناسدا لەگەڵ کرۆکدا یەکگرتوو بێت.

رێبازی فەلسەفەی ئەفلاتوونی خۆی مەملەکەتێکی تاکە کەسی تەواوە، واتە جیهانێکە لە ئایدیالیەت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە خۆی دامەزراو نییە و تەنها ناڕاستەوخۆیە و هیچی تر، ئایدیالییە و بە تەواوەتی ناواقیعییە. جیهانێکی خوایی ئایدیالییە، جیهانی بیرە، ناواقیعییە، چونکە لەڕووی شێوەوە لە رەگەزی هەمەکیەتدایە، واتە لە کاتیگۆریەکی هەمەکیدایە، تاکییەتی بەوەی کەوایە کارایەکی کرۆکیشە لە بیرۆکەی سەراپاگیردا، ئەم ساتەش ئەو جیهانەی کە تۆزێك لەمە و پێش باسمان کرد، پێویستی پێیەتی، پێویستی بەم سیما خودیەیە بەوەی کە بەشێوەیەکیگشتی پەیبردنێکی خودییە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ ئەو دوو سێگۆشەیەی کە لەسەر بڵاوکراوەی شێوەی ئەندازەیین تەنها دوو سێگۆشە نین، بەڵکو هەر دەبێت ببنەوە بەیەك، یەکبوونێکی بەناویەکدا چوو، ئەمەش شتێکە لە خودیەتیدا نەبێت وەدی نایێت، ئەم یەکبوونە سەلبییە و سەلبیەکی رەهاشە. ئەم کارا سەلبییە لێرەدا بزرە، هەروەك چۆن پێشتر بینیمان ناتەواو ئەوەیە کە پەیبردنی ئایدیالی خودی تەنها لە پێناوی خۆیدا بێت و لە پێناوی ئێمەدا نەبێت، بەڵکو بابەتێك بێت بۆ خۆی، یەکەمجار ئەم بنەمایە لە جیهانی مەسیحیدا دەرکەوت، واتە لە وێنەی خوادا کە ئێمە وەك گیان و وەك خوایەك کە بۆ خۆی بەدووان دەرکەوتووە دەیناسین، بەڵام ئەم دوالیزمە هەڵدەگرێت و دەیسڕێتەوە، بەوەی کە لە ناو ئەم جیاوازییەدا لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خۆیدا دەبێت. مەبەستم لە ناکۆتادارە چونکە ئەوەی کە جیادەبێتەوە کۆتادارە و سڕینەوە هەڵگرتنی ئەم جیاوازیەش یەکبوونی ناکۆتادارە و بیرۆکەی سەراپاگیر بۆ خودی گیان، لێرەوە ئەرکی خەڵکی دەبێتە ئەوەی کە خودا وەك گیان لەناو گیاندا بناسن، ئەم ئەرکەش کەوتە سەرشانی جیهانی جەرمانی.

بەم شێوەیە دەبینین بنەمای سەردەمی نوێ ئەو راستیەیە کە کارای ئایدیالی و ساتی خودیەتی بەوەی کە ئاوایە لەبەر دەمیدا خۆی بنوێنێ، یان وەك تاکیەتی هەبێت. ئالێرەشەوە ئەوەی کە

بە ئازادی خودی ناوی دەبەین سەرهەڵدەدات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەمەکییە، چونکە خود بەوەی کەوایە یان مرۆڤ بەوەی کە مرۆڤە ئازادە، پەیامە ناکۆتادارەکەشی ئەوەیە کە ببێتە کرۆك، ئەمەش خاسیەتێکی تری ئایینی مەسیحییەتە، کە مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە ببێتە گیان... خودیش بەوەی کە ئاوایە ئازادە، ئەم خاسیەتەش لەسەر هەموو تاکێك دەچەسپێت و بۆ ئەوەش دەشێت کە لە بارەی هەموو مرۆڤێکەوە بوترێت.

ئایینی مەسیحی لە بری ئەوەی کە لە ڕێگەی دەرخستنی وێنەی بیرێکی پوختەوە گوزارشت لەم بنەمایە بکات، لە ڕێگەی وێنەی هەست و شعوورەوە گوزارشتی لێ کردووە، دەرئەنجامی ئەم بنەمایەش ئەوەیە کە مەسیحییەت ئیمان بەوەی کە مرۆڤ بەوەی مرۆڤە ئازادە دەگرێتە خۆی و هەموو تاکێکیش بابەتی نیعمەت و ڕەحمەتی خوایە، بینا لەسەر ئەمە هەموو مرۆڤێك پەی بەخۆی دەبات وەك خودێك، لە چاوی خۆیەوە خاوەنی بەهایەکی ڕەها و ناکۆتادارە. سەرەڕای ئەمەش ئەم بنەمایە لەو ڕاستییەدا پەنهانە کە مەسیحییەت باوەڕ و بینایی و بەرچاوروونی بە یەکبوونی سروشتی خوایی و سروشتی مرۆیی دەگرێتە خۆی. ئەمەش لە ڕێگەی مەسیحەوە بۆ مرۆڤ ئاشکرابووە، لێرەوەیە کە دەبینین مرۆڤ و خودا یان بیرۆکەی خودی و بیرۆکەی بابەتی یەك شتن، ئەمەش بنەمای جیهانی جەرمانییە، کە بنەمای یەکبوونە لە نێوان خودو بابەتدا.

لەوانەیە پێشتر ئەمە لە ڕێگەی حیکایەتی کەوتنەوە لە وێنەیەکی جیاوازدا ڕووی دابێت، ماهییەتی ئەم حیکایەتەش ئەوەیە ئەو درەختەی کە ئادەم لەبەرەکەی خوارد درەختی چاکە و خراپە بوو[11]. بەڵام باقی چیرۆکەکە هیچ نییە جگە لە وێنەکێشانێکی ئەندیشەیی. لەم

[11] پوختەی چیرۆکەکە ئەمەیە: کاتێك ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەندا دەژیان دوو درەخت چەکەرەیان کردبوو: درەختی ژیان و درەختی مەعریفە. لەم چیرۆکە داهاتوو خوا ئەوەی لێی حەرام کردن لە درەختی مەعریفە بخۆن، بەڵام چیرۆکەکە لە ئاست ئەوی تریاندا بێ دەنگ دەبێت. حەرامکردنی درەختی مەعریفە لە مرۆڤ، واتە پێویستە مرۆڤ مەعریفە دامەزرێنێ و وێنای نەکات، بەڵکو پێویستە لەباری بێ گوناهی و سادەیی یەکەمجاریدا بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە ئادەم و حەوا تیایدا دەژیان. کاتێك کە دەژیان هیچ شتێکیان نە دەزانی و شەرمیان لە هیچ نەدەکرد: هەردووکیان ڕووت و قووت بوون: ئادەم و ژنەکەی شەرم دای نەگرتن ((سفرتکوین ٢٥:٣))، بەڵام مارەکە هەڵسا بەفریودانیان ((مارەکە بە ژنەکەی وت نامرن، بەڵکو خوا دەزانێت گەر ئێوە لێی بخۆن چاوتان دەکرێتەوە و وەك خوا چاکە و خراپە دەزانن)) سفر تکوین ٣: ٤-٥، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ



گۆشەنیگایەشەوە ئەوە مارەکە نییە کە مرۆڤ دەخەڵەتێنێ، چونکە خودا دەڵێت: ((ئائەوە تا مرۆڤیش بوو بە یەکێك لە ئێمە چاکە و خراپەی زانی[12]. ئالێرەدا بەهای خوایی ناکۆتادار بۆ خودیەتی پەنهانە. بەڵام یەکبوونی بنەمای خودی و کرۆکی، یەکبوونی مەعریفە و حەقیقەت، یەکبوونێکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو پرۆسە یان ڕێرەوە، ڕێڕەوی گیانە، واتە ئەم یەکبوونە بۆ خودیەتی خۆی لە دۆخی سروشتی ڕاستەوخۆی بوون بێبەش دەکات و خوێ لەگەڵ ئەوەدا دەکاتەوە بەیەك کە لەناومانا کرۆك کە بە شێوە گشتییەکەی (خودیەتیش بەو شێوەیەی کە هەیە ڕواڵەتیەکی بێگەردە) کەواتە لێرەدایە کە باڵاترین جۆری تەواوەتی گوزارشتی لێدەکات، یەکەمجار لە ڕووی بنەماوە بە شێوەیەکی پەتی Inabstracto دواتریش خودیەتی لە خۆیدا یان بەهێز بەهایەکی ناکۆتاداری دەبێت.

بەم شێوەیە دەبینین ئەوەی کە تیۆرییە ناکرێت لە بیرە ئایینییەکان جیای کەینەوە، تا ئەو ئاستەش کە خەڵك بەشێوەیەکیئاسایی دەیزانێت لێی دوور نییە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە من ئەم بیرانە دەکەمە بەڵگە، پێم وانییە (بەوەی کە کۆمەڵە بیرێکی بەراییانەی جیهانی مەسیحین)، سەرەڕای ئەوەی بە هۆیانەوە عەقڵ کاری دەکەین، بەڵام هیچ کەڵکیان بۆ ئێمە نییە. بینا لەسەر ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بیرانەمان جێهێشتوون، بەڵام پێویستە بەوە خەجاڵەت نەکێشین کە لە دیدی باو باپیرانمانەوە ئەم بیرە ئایینیانە بەرزترین بیر بوون.

ئەگەر هاتو ڕەواقییەت و ئەپیقۆریەت لە کۆندا بەسەر بەخۆی و هاۆسییەتی لە پەنای یەکەوە وەستابن و دواتریش ڕێبازی گومان جیاوازی نێوانیانی لەناو بردبێت و سەلبی ئەوان بووبێت، هەروەك چۆن لە دوایشیدا یەکبوونیان ئیجابی بووبێت، سەرەڕای ئەوەی کە یەکبوونەکم هەمەکی و پەرەسەندووش نەبێت، ئەوا لە مرۆی ئێمە بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەڕوات ئەم

خودی ئەم مەعریفەیە کە مرۆڤ و خواتیایدا بەشداری دەکەن و مرۆڤ بە هۆیەوە خۆی دەخاتە سەر شێوەیەی ئەو، بەمەش ئەم یەکبوونە  سادە و ساکارە دەشکێت —واتە یەکبوونی بوون و سروشت...هتد —راجع هذة القصة بالتفصيل في ((المنهج الجدلي عند هيجل)) تأليف د. امام عبدالفتاح امام فقرة رقم ٢ ما بعدها. المجلد الاول من المكتبة الهجيلية (الداسات) الناشر مكتبة مدبولى بالقاهرة. (المترجم)

[12] سفرتكوين: ٢٢:٣. (المترجم).

دووساته لە بناغەی ئەوە بناسرێن کە دوو سەراپاگیری جیاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەرەڕای لێکدژی نێوانیان پێویستە لە سەراپاگیریەکدا یەکبگرن.

ئالێرەدا لەبەردەم خۆماندا بیرۆکەیەکی تیۆری دروست، دەبینیەوە، یان بیرۆکەیەکی سەراپاگیری راستەقینە لەو دیاریکردنە راستەقینەدا دەبینینەوە، کە هەریەکەیان لەناو سەراپاگیری هەمەکیدا درێژ دەبێتەوە و فراوان دەبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچیان بە هاوسێیەتی ئەوی تریان نامێنینتەوە، هیچیشیان دژی ئەوی تریان نابێتەوە، بەڵکو زۆر بەسادەیی یەکیان بەوی تریان دەبەسترێتەوە و یەك سەراپاگیری هەمەکی دروستدەکەن....

ئەم لێکدژیە گەر بە رێگایەکی هەمەکی بە تەواوەتی فەهمبکرێت، ئەوا لێکدژی نێوان بیر و بوونە، لێکدژی نێوان خود و بابەت و سروشت و گیانە (بەو ئەندازەی کە گیان کۆتادار دەبێتەوە و بەمەش رووبەڕووی سروشت دەوەستێتەوە). ئەوەی مەبەستە ئەوەیە بەو شێوەیە ئەم لێکدژییە پێکەوە بەستراوە فەهمبکرێت کە یەکبوونە، یان دەتوانین بڵێین لە رێگەی یەکبوونییەوە لێکدژیەکەی فەهمبکرێت. ئەمەش بناغەی ئەو فەلسەفە نوێیەیە کە لە جیهانی مەسیحییەتدا دەرکەوتووە.

ئەم دیدە بەشێوەیەکیباشتر و وردتر ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە فەلسەفەی یۆنانی بەراییدا ((سانایی Naireté )) چی دەگەیەنێ، ئەم فەلسەفە سەرنجی خۆی چیتر لەسەر ئەم لێکدژیەی نێوان بیر و بوون چڕناکاتەوە. باوڕ وابوو کە چیتر لێکدژی لە نێوان مەعریفەی خودی و بابەتدا دەرناکەوێت. فەلسەفە لای یۆنانییەکان لە بیرکردنەوە و بەڵگەکاری لە چوارچێوەی بیردا دەستیپێکرد، بەڵام بەو رێگایەی کە بیرکردنەوەو بەڵگەکاری —بەناهۆشیاری- لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری گریمانەیەکی پێشینە بن، دەڵێن ئەوەی کە بیرە، بەهەمان شێوە ئەوەیەکە هەیە، ئەوەش کە هەیە، بەو شێوەیە هەیە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە. دوای ئەمەش: بوون و بیر لە یەکتر دانابڕێن و دەبێت ئەمەش رەچاوبکەین، چونکە ئەو کێشانەی کە فەلسەفەی یۆنانی هەیبوون. لە رواڵەتدا، وا دەرکەوێت کە لە هەمان ئەو کێشانە دەچن کە لەلای ئێمە هەن: لەناو یۆنانیشدا دەبێت لە سۆفیستاییەکان و گومانکارەکان بکۆڵینەوە، ئەوانەی کە پشتگیری ئەو تیۆرەیان دەکرد کە دەڵێن مەعریفەیەکی راستەقینە ناکرێت هەبێت، لەوە دەچێت بتوانین بڵێین ئەم تیۆرە بە تەواوەتی لەگەڵ فەلسەفە خودیە نوێکاندا تەریبە، کە بۆ ئەوە



چوون بڵێن هەموو کاتیگۆریە خودییەکان بەشێوەیەکیپوخت هەن، ئینجا ناکرێت بە هۆیانەوە شتێك لەبارەی حەقیقەتی بابەتییەوە ساغبکەینەوە. لە راستیدا ناکرێت بڕیاری ساغکردنەوە شتێك بدرێت (لە دیدی ئەم فەلسەفە نوێیانەوە) بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناکرێت بڕیار لە بارەی حەقیقەتی بابەتییەوە بدەین، چونکە بیر بەو شێوەیەی کەوایە ناکرێت هەرگیز بگاتە بوون، بەڵام گەر بتوانین بڵێین لێرەدا کۆمەڵە روویەکی لێکچوون لە نێوان رێبازی گومانی یۆنانی و نێوان فەلسەفە خودییە نوێکاندا هەیە، ئەوا لە روویەکی تریشەوە جیاوازی کرۆکی لە نێوانیاندا هەر هەیە، ئێمە لە فەلسەفە یۆنانییەکاندا ئەوە دەبینین کە وتوویانە «ئێمە جگە لە رواڵەت شتێکی ترنازانین». هەموو شتێك لەم ئاستەدا رادەوەستێت، لەناو پاشخاندا شتێك بەناوی «لە پشتەوە» نییە کە ئێمە لە ململانێدا بین بۆ ئەوەی پێی بگەین، ئیتر ئەم لە پشتەوەیە لە پشتەوەی بوون بێت یان هی شتێکی تر بێت کە بمانەوێت لە خۆیدا بیناسێنین، بەڵام بە رێگایەکی عەقڵی یان ناوێنایی، لە لای یۆنانییەکان شتێك لە دەرەوە یان لە پاڵ جیهانی رواڵەتدا نییە، شتێك لە بەرزاییەکاندا شاراوە نییە یان شتێك نییە کە ئەم رواڵەتە تێپەڕێنێ. لە پراکتیکی کارەکیدا فەیلەسوفە گومانکارەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە پێویستە خۆمان بە رواڵەتەوە ببەستینەوە و بیکەین بەمەزرگەو پێوانە. لەسەر ئەم بناغە واقعیە دەتوانین بە درێژایی ژیانمان بەشێوەیەکی دادوەرانە و ئاکاریانە و عەقلانییانە رێگا بگرینەبەر. (تەنانەت لە هونەرێکی وەك هونەری پزیشکی) ئەوەی کە دەیکەین بە بناغە جگە لە رواڵەت شتێکی ترنییە. بینا لەسەر ئەمەش ناتوانین لە بارەی حەقیقەت یان بوونەوە هیچ شتێك بڵێین، -لەم گۆشەیەوە- جیاوازیکردن لە نێوان فەلسەفەی کۆن و فەلسەفەی نوێدا کارێکی مەزنە. جیاوازییە کرۆکییەکەش ئەوەیە کە فەلسەفە خودییە نوێکان یان ئایدیالیەتی خودی —پێی وایە لە پاڵ مەعریفە خودییەکەیدا- مەعریفەیەکی تری هەیە کە بیر بەرهەمی ناهێنێ بەڵکو جۆرێکە لە مەعریفەی راستەوخۆ و ئیمان و جیهانبینی یان بە بیراهاتن و وەحییان درەوشانەوە، کە سەر دەکێشێت بۆ لە پێشت یان ئارەزووی جیهانێکی تر یان شتێکی تری لەم جۆرە دەکات. بەمەش لێرەدا لە پشتەوەی ((خود)) و پشتەوەی ((رواڵەت)) حەقیقەتێکی تر هەیە کە بە هۆکاری تری جگە لە بیر دەیزانین. ئەم لە پشتەوەیەش، ئەو جیهانەی تر نییە کە لە لای فەیلەسووفە یۆنانییە دێرینەکان هەبوو، کە بڕوایان ((بە رواڵەت)) دەکردوو لەگەڵیشیدا هەستیان بە ئاشتییەکی زۆردەکرد. مەغزای تایبەتی ئەم ((سانایيە))ی

بیریان لەوەدا پەنهانە کە ئەم لێکدژییەی نێوان بیرو بوون لە لای ئەوان بوونی نەبوو، لەم بارەیەشەوە هەردەبێت بەبایەخەوە لە دیدی جیاوازی نێوان فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی نوێ رامێنین. گەر وانەکەین ئەوا —بە هۆی هاوشێوەیی لە دەرئەنجامەکاندا- دەکەوینە هەڵەوە. لە فەلسەفەی یۆنانیدا مۆرکێکی جۆرەکی تایبەت بە رێبازی خودی نوێ دەبینینەوە. رواڵەت خۆی —بە پێی سانایی فەلسەفەی یۆنانی- سەراپای بواری مەعریفە دەگرێتەوە. دوایی ئەمەش چیتر بیرۆکەی گومان لەبابەتیەتدا دەرنەکەوتووە.

بەبینا لەسەر ئەمە، لە راستیدا لە بەردەماندا دوو بیرۆکە هەن: بیرۆکەیەك لەوەوە هاتووە کە مەعریفەیە، بیرۆکەیەکی عەینیانەی کرۆکییە. تەوەری بایەخی فەلسەفەی نوێ پەرەسەندنی ئەم بنەمایە بوو، هەروەها درێژکردنەوەی ئەم بنەمایە بووە تابگاتە قۆناغی هۆشیاری لە بیردا. ئەمەش کۆمەڵە دیاریکردنێکی لەو جۆرە دەگرێتەخۆی کە عەینیترە لەوانەی کە لە فەلسەفەی یۆنانیدا هەبوون، لە فەلسەفەی نوێدا جیاوازی لە نێوان بیرو بوون و تاکیەتی و کرۆك و ئازادی و زەرووەرەت... هتد هەیە، ئالێرەدایە کە خودیەتی دەبێتە پەیبردنێکی خودی یان هۆشیارییەکی خودی و خویشتی لەگەڵ کرۆکی و عەینیدا دەخاتە ناویەك شوناسەوە، تەنانەت ئەم کرۆکە خۆی دەگۆڕێت بە بیر. مەعریفەی ئەوەی کە ئازادە، بەشێوەیەکی ئاشکرا، بنەمای فەلسەفەی نوێیە. لەناویشیدا ئەم مەعریفەیە وەك یەقینێکی راستەوخۆ و وەك مەعریفەیەك کە پێویستە گەشە بکات، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو مانایەی کە لە رێگەی خۆیدا لێکدژی لە نێوان یەقین و ئیمان یان لێکدژی لە نێوان ئیمان و ئەو مەعریفەیەدا دروستدەکات کە لەناو خۆیدا پەرەدەستێنێ. بەم شێوەیە ئەو مەعریفەیەی کە پێویستە یەکەمجار لەم بابەتەدا یان لەو بابەتەدا گەشەبکات، هەروەها ئەو ئیمانەش کە مەعریفەیەکە و پێویستە یەکەمجار گەشە بکات —لەگەڵ یەقیندا و لەگەڵ حەقیقەتدا بەشێوەیەکیگشتی لێکدژ دەبنەوە. لەمەشەوە لێکدژی خود و بابەت بەرهەم دێت. لەگەڵ ئەمەشدا لەناویشیاندا پێشتر گرێمانەی یەکبوونی بیر و خودیەتی و حەقیقەت و بابەتیەت دەکرێت، لەگەڵ یەك جیاوازیدا کە لەبارەی شێوەی یەکەمەوە دەوترێت: مرۆڤ بەو شێوەیەی کە پەیدابووە (واتە مرۆڤی سروشتی، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەیە) بە مەعریفەیەکی راستەوخۆ و بە ئیمان حەقیقەت دەزانێت. ئەویش بەو شێوەیەی کە ئیمانی هەبوو بەم حەقیقەت، ئەوا حەقیقەت هەیە. بەڵام لە شێوەی دووەمیشدا بە هەمان شێوە یەکبوونی مەعریفە و حەقیقەت هەیە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوەی



دەخرێتەسەر کە مرۆڤ لە سەرووی هەست و شێوەی راستەوخۆی مەعریفەوە، هیچ لە خۆی بەو شێوەیەی کە لەسەری بوونی هەیە، دەست ناخات جگە لە بیر و بەویش دەگات بە حەقیقەت.

بەم شێوەیە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی دوو فەلسەفەمان هەیە، یەکەمیان: فەلسەفەی یۆنانییە دووەمیشیان: فەلسەفەی جەرمانییە، پێویستە لە فەلسەفە دواینەکەیاندا دەرکەوتنی وەك فەلسەفەو کاتی خۆ ئامادەکردن بۆی لە یەکتری جیابکەینەوە. ناتوانین بە لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی جەرمانی دەست پێبکەین لەو کاتەدا نەبێت کە ئەم فەلسەفەیە لە شێوە گونجاوەکەی خۆیدا دەردەکەوێت. لە نێوان ئەم دوو فەلسەفەشدا قۆناغی ناوەنجی هەیە کە ماوەی مەیینە.

ئەو بارودۆخەی کە ئێستا ئێمە خۆمانی تیادەبینینەوە، دەرئەنجامی هەموو ئەوەیە کە روویداوە، کۆششی دوو هەزار و سێ سەد ساڵە. ئەوەیە کە گیانی جیهان لە بیرکردنەوەی هوشیارانەی خۆیدا بەرهەمی دەهێنی، سەرتان لە هێواشیەکەی سوڕنەمێنێ، لەبەردەم گیانی عارفی هەمەکیدا کاتێکی تەواو هەیە، هیچ شتێك فشاری ناخاتە سەر یان زۆری لێناکات. کۆمەڵە گەل و میللەتێکیش دەکەونە ژێردەستی کە —بە شێوەیەکی زۆر ورد- پەرەسەندنیان هۆیەکە بۆ هەڵقوولانی رێچکەگرتنی هۆشیاری ئەو. پێویستە پەلەنەکەین و ئارامان لەبەر نەبڕێ ئەگەر هاتو لە ئێستادا بەرچاو روونییە بەشەکیەکانمانی وەدی نەهاتن و لە کاتی دواتردا وەدیهاتن، یان ئەگەر ئەم شتە یان ئەو شتە چیتر دەرنەکەوت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەرەو پێشچوون لە مێژووی جیهاندا هێواشە، بەرچاو روونی بە زەرووەرەتی ئەم کاتە درێژە دەرمانە بۆ هێورکردنەوەی بێ ئارامیمان.

بەم شێوەیەی کە هەیە، پێویستە لە مێژووی فەلسەفەدا لە سێ ماوە بکۆڵینەوە:[13] (١) ماوەی یەکەم: فەلسەفە یۆنانی لە تالیسەوە بەرەو سەر تا دەوروبەری ٦٠٠ پ.ز (تالیس خۆی

---

[13] ئۆلۆمپیات Dympaid: چوار ساڵ دەکەوێتە نێوان فیستڤاڵێك و فیستیڤاڵێکی تری یاریە ئۆلۆمپییەکان —ئەم ماوەیەش دواماوەیە لە لای گریکیەکان، گرنکیەکانی ئۆلۆمپیاتیان دەکردە هۆکارێك بۆ مێژوو و حسابکردنی کات. بۆ نموونە دەڵێن: ئەمە لە ئۆلۆمپیاتی یەکەمدا روویداوە، واتە لە ساڵی ٧٧٦ پ.ز یان لە ئۆلۆمپیاتی دەهەمدا روویداوە یان لە ئۆلۆمپیاتی پەنجاهەمیندا. باوەڕوایە کە مێژوونوسی یۆنانی تیمیوس Timaeus یەکەم کەس بووە کە ئەم رێگایەی داناوە و ئەم رێگایەش بەردەوام بووە تا هەڵوەشانەوەی ڤیستیڤاڵە ئۆلۆمپیەکان، ساڵی ٣٩٣ زاینی. لە مرۆدا ناوی ئۆلۆمپیات بۆ وەرزش بە کاردەهێنرێت. (المترجم).

لە دەوروبەری ٦٤٠ تا ٦٢٩ پ.ز لە دایك بووە، مردنیشە دەكەوێتە نێوان ئۆلۆمپیاتی پەنجاو هەشتەمین و پەنجاو نۆهەمین، واتە لە دەوروبەری ٥٥٠ پ.ز) —تادەگەینە فەیلوسووفە ئەفلاتوونییە نوێكان كە ئەفلاتوون لەگەڵیاندا ژیاوە لە سەدەی سێهەمی زایینیدا. دەتوانین بڵێین ئەم ماوەیە تا سەدەی پێنجەمیش درێژ دەبێتەوە، واتە تا ئەو كاتەی كە بە تەواوەتی فەلسەفەی وەسەنی كۆتایی پێدێت، لە لایەكی ترەوە لكاندنی ئەمەیە بە كۆچكردنی گەلەكان و كەوتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی (مردنی برۆكلس Proclus)[14] كە دواین فەیلەسووفی ئەفلاتوونیەتی نوێ بووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤٨٥ و وێرانبوونی رۆما لەسەر دەستی ((ئەرۆڤاكر Odvraker))[15]، واتە ساڵی ٤٧٦ كە خوێنی شارەكە حەلاڵ كرا و تووشی راو و رووت بوو. بەڵام ئەفلاتوونیەتی نوێ لە لایەكی ترەوە لە لای باوكانی كەنیسە بەردەوامی هەر هەبوو، زۆربەی فەلسەفە مەسیحییەكان پاڵپشتێكی تریان بۆ خۆیان دەدۆزییەوە جگە لە فەلسەفەی ئەفلاتوونیەتی نوێ، ئەم ماوە یەكەمەش نزیكەی هەزار ساڵی خایاند.

(٢) ماوەی دووەم: ماوەی سەدەكانی ناوەڕاستە، ماوەی مەبین و ئامادەكارییە بۆ فەلسەفەی نوێ، ئەم ماوەیەش فەلسەفەی ئەسكۆلائییەكان (فێرگە خوازەكانی) دەگرێتەوە لەگەڵ فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی و فەلسەفەی یەهودی، بەڵام ئەو فەلسەفە سەركیانەی كە پێویستە ئێمە باسیان بكەین فەلسەفەكانی كەنیسەی مەسیحییە، ئەم ماوەیەش نزیكەی هەزار ساڵێكی خایندووە.

[14] پرۆقلس Proclus (٤١٠- ٤٨٥ز): فەیلوسوفێكی یۆنانییە و بەدوایین فەیلەسووفی گەورەی ئەفلاتوونیەتی نوێ دەزانرێت. كاریگەری بەرچاویشی هەبووە لە بڵاوكردنەوەی ئەم فەلسەفە لە هەر دووجیهانی: بیزەنتی و ئیسلامیدا، هەروەها لە جیهانی رۆمانیشدا بەرگری لەوەسەنیەت كردووە و دژی مەسیحییەت راوەستاوە، هەر گرنگترین كتێبیشی بەناوی (سروشتی مرۆڤ)ەوەیە. (المترجم).

[15] ئەودۆڤاكر یان ئەودۆڤاسر Odovacer, Odovaker (٤٣٣-٤٩٣م) سەركردەیەكی جەرمانیە و لە ساڵی ٤٧٦ كۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هێنا و ناوی پاشای ئیتالیای لێنرا، ساڵی ٤٣٩ نەیتوانی رێ بە سوپاكەی تیۆدۆریك Theodoricی گەورە بگرێت، كە پاشای قوتیەكانی رۆژهەلات بوو، ئەم پاشایە هەموو ئیتالیای داگیركرد و هەر لەهەمان ساڵدا تیۆدریك بە مەبەستی كوشتنی دواوەتی دەكات. (المترجم).



(٣) ماوەی سێهەم: كاتێك فەلسەفەی نوێ لە رووی شێوەوە رێگای خۆی بڕی بە فرانسیس بیكۆن (١٦٢٦ مردووە) و جاكوب بوهیمی (١٦٢٤)[16] و دیكارت (١٦٥٠) نەبووایە دەستی پێنەدەكرد، واتە لە سەردەمی شەڕی سی ساڵە نەبووایە دەستی پێنەدەكرد[17]. لەگەڵ دیكارتدا بیر دەستی بەوەكرد كە بەناو قووڵاییەكانی خۆیدا رۆبچێت، گوزارشتی ((من بیردەكەمەوە، كەواتە من هەم)) یەكەم كۆمەڵە وشەن لە رێبازەكەیدا و كۆمەڵە وشەیەكن زۆر بەوردی گوزراشت لە جیاوازی نێوان فەلسەفەی كۆن و نوێ دەكەن.

[16] جاكوب بوهیمی Jacob Boehme (١٥٧٥-١٦٢٤): سوفییەكی ئەڵمانییە و لەسەر بنەماكانی بیرۆباوەڕی لۆسەری پەروەردەبووە، لە شوێنی لەدایكبوونی خۆیدا لە لای پێلاو درووێك پێلاو دروو بوو، پاشان بە ئەڵمانیادا سوڕاوەتەوە و سۆفیەت و كیمیای كۆن و ئەستێرە ناسی خوێندووە و لەگەڵ ئەمانەشدا خەریكی خوێندنی كتێبی پیرۆز بووە، لە ساڵی ١٦٠٠دا چاوی دەكەوێتە سەر قاپێكی زێڕۆشاوی بریسكەدار كە تیشكی خۆر دەداتەوە، بە مەحاڵ دەیگرێت و ئەو باوەڕەی لەلا دروستدەكات كە ئەوە تیشكێك بووە لە نوری خوایی، ئەمە لەو كاتەدایە كە هەستدەكات بەهۆیەوە گڕی گرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر زیندوو بوو ژیانی ئاسایی خۆی لەگەڵ پیشەكارەكاندا دەبردەسەر. بە خەیاڵی كەسدا نەدەهات ئەم پێلاو درووە كە سەر قاڵە بە پینەكردنی پێلاوەوە —خەیاڵی بە بیرۆكەی خواوە خەریك بێت. تا ساڵی ١٦١٢ كتێبەكەی بەناوی ((سپێدەی لە دایك بوو یان بنەماكانی فەلسەفە)) دەرچوو، كە بە دەست دەنوسرایەوە و لە نێوان هاوڕێكانیش ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەكراو، پاش ئەمەش بوهیمی قەڵەمی هەڵگرت و بیست پەیامی نووسی لەوانە: ((دەروونناسی هەق)) ١٦٢٠، ((شەش خاڵی تیۆسۆفیەت)) ١٦٢٠، ((نهێنی گەورە)) ١٦٢٤، لە هەمان ساڵێشدا ((رێگایەك بەرەو مەسیح))ی بڵاوكردەوە. بوهیمی وێناكردنی ئەفلاتوونیەتی نوێی تێكشكاند و لەو ماهییەتە خواییەوە دەستپێیكرد كە ((خەرەند)) و ((نارشت)) واتە دوورە لە هەموو دیاریكردنێك... هتد. (المترجم).

[17] شەڕی سی ساڵە ((١٦١٨-١٦٤٨)) شەڕێكی ئەوروپای سەراسەری بوو و ئەڵمانیاش شانۆی سەرەكی ئەم شەڕە بوو، ئەو هۆكارانەی كە ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند زۆربوون، لەوانە: خاوەنداریەتی زەوی و زار، تێكبەر بوون لەسەر میرات و هۆكاری ئایینی، لە ماوەی شەرەكەدا هاوپەیمانیەتییە گۆڕداروەكان جێگەیان بەیەك چۆڵدەكرد و ناجێگیربوون، هەر بە هەمان شێوە پەیماننامەكانی رێكەوتنی ناوچەیش لە گۆڕاندا بوون، لە بناغەدا خەباتی نێوان ژمارەیەك لە میرەكانی ئەڵمان بوو كە چەند دەوڵەتێكی بێگانە وەك: فەرەنسا و سوید و ئینگلتەرا و دانیمارك دژی یەكیەتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز.... هتد پشتگیریان لێدەكردن. (المترجم).

# بەشی هەشتەم

# سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە

پێویستە لێرەدا کۆمەڵە تێبنیەك لە بارەی سەرچاوەکانی فەلسەفەوە بدەین، لێرەدا سەرچاوەکان لە رووی جۆرەوە جیاوازن لە سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی، بەڵام لە فەلسەفەشدا تووشی هەمان ئەو سەرچاوانە دەبینەوە، ئێمە دەبینین مێژوو نووسان لە مێژووی سیاسیدا، خۆیانن کارەکان دەگۆڕن بە وێنە، ئەوانن کە رووداوە پێکەوە بەستراوەکان وێنادەکەن و لە گۆشەیەکی مێژووییەوە ئاشکرایان دەکەن، وشەی ((مێژوو)) مانایەکی دووسەرەی هەیە:

(أ) خودی کارو رووداوەکان

(ب) ئەم کارو رووداوانە بەو شێوەیەی کە خەیاڵ وێنەیان دەکێشێت.

مێژوونووسەکان لێرەدا لە مێژووی فەلسەفەدا سەرچاوەکانی ئێمە نین، ئێمە لێرەدا خۆمان لەگەڵ نووسراوەکانی خودی فەیلەسوفەکاندا دەبینینەوە، ئەمانە کارەکانی خودی گیانن، مەزنترین سەرچاوەی گرنگی ئێمەن، بێگومان لە مێژوودا ماوەی وامان هەیە کە تیایدا ئەم کارانە (واتە ئەو کتێبانە) بۆ ئێمە نەپارێزراون، لەم حاڵەتەشدا پێویستە پەنابەرینە بەر مێژوونووسانی وەك ئەرستۆ[1] و سێکستۆس –ئیمپر یقۆس Sextus Empiri [2]، ئەمە بەگوێرەی فەلسەفەی یۆنانی وایە، بەڵام لە شوێنەکانی تردا دەتوانین بەبێ ئەوانیش بەردەوام بین لەسەر رۆیشتنی خۆمان، لە راستیدا ئەرستۆ لە سەرەتای کتێبی میتافیزیکدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن دەکۆڵێتەوە، هەروەك چۆن زۆرجار لە نووسراوەکانی تریشدا بەڵگە لەم فەلسەفانە وەردەگرێت. ئەرستۆ خۆی لێهاتووترین کەسە کە دەتوانێت حوکم لەسەر

---

[1] پێشتر لەوەدواین کە ئەرستۆ یەکێك بووە لەو بڕواپێکراوانەی کە بەوە ناسراون خاوەنی زانیاریەکی زۆرە بە تایبەتی لە کتێبەکەیدا بەناوی میتافزیکا. راجع الدراسة التي صدرنا بها هذة الترجمة. (المترجم).

[2] سکستۆس ئیمپرکۆس (١٥٠-٢٧٠ز): فەیلەسوفێکی گومانکەر و پزیشکێکی یۆنانییە بە ئەزموونگەر یان (ئیمپیرکۆس)ی ئەزموونگەر ناسراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بیدەنەپاڵ ئەو کۆمەڵە پزیشکەی کەسەر بەوان بووە و لەبەر ئەوەش گرنگی زیاتر بەکار داوە نەك تیۆر. لەناو پێشینەکانیش ناوبانگێکی گەورەی هەیە، کتێبێکی بەناوی ((رێنماییە بیرۆنیەکان)) نووسیوە، کە لە روانگەی قوتابخانەی هەرەمەزنی، گومانکاریەوە کە بە بیرونیەت، ناسراوە، بە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانی ئێمە دادەنرێت. ئێمەش هیچ شتێك لە بارەی ژیانی کەسی ئەوەوە نازانین، جگە لەوەی کە پزیشك و مامۆستایەکی رێبازی گومانکاری بووە، لە ئەسکەندەریە. (المترجم).

ئەمانە بدات. تەنانەت ئەوانەی کە خاوەنی بیرێکی تیژین و حەزیان لە زیرەکییە و دەیانەوێت لۆمەی ئەرستۆ بکەن چونکە —بە قسەی خۆیان- نەیتوانیوە بە تێگەیشتنێکی تەواو لە ئەفلاتوون تێبگات، ئەوەند بەسە کە بەمانە بڵێین ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەفلاتوون ژیاوە و خۆیشی بێ بەش نەبووە لە بوونی بیر تیژییەکی وا کە توێژینەوە و وردەکاری بکات. هەر بە هەمان شێوە (سکتۆس ئیمپریقۆس)یش بە کەسایەتییەکی گرنگ دەژمێردرێت و وەك مێژوونووسێکی فەلسەفەیە، هەروەها ماوەی مێژوویی واش هەیە، ئەوەی باشەتیایدا ئەوەیە کە کۆمەڵە کەسێك هەیە خوێندنەوە بۆ کاری فەیلەسووفەکان بکەن و هەڵبژاردەیەك لە کارەکانیان بخەنە بەردەستمان.

یەکەمجار پێویستە بنەما سادەکان بزانین و دووەمجار جا گەشەکردنیان و سێهەمجاریش جا پراکتیزەکردنیان لەسەر عەینی بەشەکی، لە بارەی ئەو فەلسەفانەشەوە کە لە لای پێشینەکان زۆر پەتین، پێویست ناکات هەموو راو بۆچوونەکانیان بزانین، چونکە بنەماکانیان لە پەرەسەندنی خۆیاندا بە پلەیەکی دیاریکراو دەگەن، بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی راستەقینەوە بۆ عەینی بگەن بە پەیبردنی هەق. ئەو پلەیەی کە لە گەشەکردندا پێی گەیشتوون بەس نییە بۆ ئەوەی بمانگەیێنێ بە ناوجەرگەی عەینی. نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە چەسپاندنی فەلسەفە رەواقی و دیالێکتیکەکەی لەسەر سروشت هیچ کەڵکێکی نییە، لەم بارەشدا وەرگرتەکان بەسن.

من بۆ ئێوە ئاماژەم بە کۆمەڵە سەچاوەیەك دا، کە وا دەردەکەوێت لێکۆڵینەوە لێیان کۆششێکی گەورەی دەوێت، بەڵام شتێکی تری، جگە لەمانە نییە کە بە رێگایەکی روون و ناوازە بۆچوونی فەیلەسووفەکان بدات بە ئێمە. بەڵام زۆرجار ئێمە دەتوانین لە ئاستێکی دیاریکراودا بە بنەماکان و گەشەکردنیان رازی بین. —بۆ نموونە- نووسینی فێرگەخوازەکان، لەوانەیە ١٨یان ٢٤ یان ٢٦ لاپەڕەی دەستنووس بێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەرمان رازی ببین بە کاری ئەوانەی کە وەرگرتەکانیان لێ هەڵبژاردوون. کە ئەمەش کارێکە شایەنی رێزلێنانە، هەرلێرەشدا نوسراوی تری ناوازەمان هەیە کە زۆرگرانە دەستی ئێمە بکەون، ئالێرەدایە کە وەرگرتەکان و هەڵبژاردەکان بەهای تەواوەتی خۆیان بۆ دەگەڕێتەوە.

زۆرجار من حەزبەوە ناکەم کە لیستێك لەسەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە بخەمە بەردەست، پاشانیش ئەو کورتەیە دەهێنمەوە، کە ((ڤۆنت... Wenat)) ئاماژەی پێدەکات، ئەمەش لە



کتێبەکەی تنمانەوە بەناوی ((مێژووی فەلسەفە)) وەریدەگرم. ئەمانەی خوارەوەش کارە دیارەکانن لەبارەی ئەم بابەتەوە:

لێرەدا بە نووسەرێك ئاشناتان دەکەم کە لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە نووسیویەتی، ئەویش ((دیوجنزی لایرتی))[3]یە، دواتریش لەبارەویەوە دەدەوێین.

بەڵام لەسەردەمە نوێکاندا کتێبێکی کەم وێنە لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە هەیە، مەبەستمان کتێبەکەی تۆماس ستانلییە Thoms Stanley (کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٦٥٥ لە چوار بەرگدا بڵاوبووەوە، دوایش کۆمەڵە چاپێکی زۆری دەرکەوت)، - ((جودوفر... Godofer))یش وەریگێڕایە سەر زمانی لاتینی. هەروەها کتێبەکەی ((ئۆلیاربۆیس Olearius)) (لیبنرج ١٧١١) کتێبێکە ئێستا بە کارناهێنرێت و تەنها بەهایەکی ئەدەبی هەیە، هیچیشی تیانییە جگە لە مێژووی قوتابخانە فەلسەفییە کۆنەکان، لەم کتێبەدا قوتابخانە فەلسەفیە کۆنەکان بە کۆمەڵە و گرووپ زانراون، هەروەك ئەوەی لە دوای ئەم قوتابخانانەوە قوتابخانەی تر سەری هەڵنەدابێت. هەر لەم کتێبەدا تووشی بیرۆکەیەکی نامۆ دەبیین کە لەو سەردەمەدا باوبوو، ئەو بیرۆکەیەش ئەوەیە کە دەڵێت -بەمانا دروستەکەی- وشەی فەلسەفە، فەلسەفە لە لای پێشینەکان نەبێت بوونی نییە، سەردەمی فەلسەفەش وەك سەردەمی فەلسەفە بەسەرچووە و هاتنی مەسیحییەت رای گرتووە. ئالێرەشەوە دووبەرەکی لە نێوان ئەو حەقیقەتەدا دروستبووە کە عەقڵ دەرکی دەکات. لەگەڵ ئەو حەقیقەتە. نێردراوەی کە لە ئایینی مەسیحیدا هەیە. ئەم بیرۆکەیەش بەو شێوەیە دەکەوێتەوە کە ئەوە مەسیحییەتە وای لە فەلسەفەکردووە ببێتە شتێکی رۆتینی، هەر ئەویشە لە پلە و پایەی فەلسەفەی دابەزاندووە و وای لێکردووە ببێتە پسپۆڕی وەسەنییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەش لە ئێستادا ناکرێت حەقیقەت بوونی هەبێت لە شێوە ئایینیەکەیدا نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئێمە تێبینی ئەوەش بکەین بەمانایەکی دروست پێش سەرهەڵدانی زانستەکان فەلسەفەکان بوونیان نییە. ئەگەرچی بێگومان

[3] دیوجنزی لایرتی Diogenes Laertius نوسەرێکی ژياننامە بووە لەسەدەی سێهەمی زاینیدا، لە بارەی فەیلەسووفە یۆنانییەکانەوە کتێبێکی بەناوبانگی نووسیوە بەناوی ((ژیان و راو بۆچوونی فەیلەسووفە بەناو ناوبگەکان))، ئەم کتێبە دە بەرگەو بۆ هەندێك لە فەیلەسووفان سەرەڕای ئەوەی کە هەڵەی زۆری تیایە بەڵام بە تاکە سەرچاوەیەك دەزانرێت. (المترجم).

لەسەردەمی ستانلی فەلسەفەی جۆرا و جۆر هەبووە، بەڵام ئەم فەلسەفانە یان ئەوە بووەکە دووبارە بوونەوەی فەلسەفە کۆنەکانی وەك ئەفلاتوونییەت و ئەرستۆیەت و رەواقییەت و ئەپیقۆریەت بووە، یان ئەوە بووە کە خۆی وانیشانداوە فەلسەفەیەکی سەربەخۆیان رەسەنە. بەڵام لە رادەی پێویست زیاتر فەلسەفەیەکی لاو بووە، ئەمەش بۆ وەدەستهێنانی قەدر و رێزی گەورە پیاوانی ئەو سەردەمە بووە، بەوەی پاداش بکرێن و بەهەر نرخێکی تایبەت بێت لەسەر کارەکەیان بژین.

کتێبی دووەم کتێبەکەی ج.ج بروکەرە بەناوی ((مێژووی رەخنەیی فەلسەفە)). (کە چاپی دووەمی لە ساڵی ١٦٤٢-١٧٦٧ لە لیبزج دەرچووە) لە چوار بەرگدا، بەشی چوارەمی دوو بەرگە و بەرگی شەشەمیشی پاشکۆیە. ئێمە لەم کتێبەدا رێژەیەکی زۆر لە زانیاری لە بارەی بیر و بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرە یان ئەو زانایانەی سەردەمەکە، لە بارەی فەلسەفە جیاجیاکانەوە دەبینینەوە، هەر لەبەر ئەمەش ئەو پۆلبەندکەرێکی شارەزایە و بەشێوەیەکیتایبەتیش وەك مەرجەعێك سوودمەندە. بەڵام ئەو خستنەڕووی کە ئەم زانیارییانەی تیادەخرێتە روو تا دوا رادە خستنە روویەکی مێژوویی نییە و بە تەواوەتی پشتی بە سەرچاوەکان نەبەستووە، بەڵکو لە ئەلفەوە تابێ تێکەڵەیەکە لە تێڕامانە تایبەتییەکانی نوسەر و دەرئەنجامە پوختەکراوەکان بە پێی رێگا میتافیزیکییەکەی ((ڤولف))[4]، پاشانیش ئەم دەرئەنجامە وەك کۆمەڵە دەرئەنجامێکی مێژووی دەخرێتەڕوو.

کاتێك کە ئێمە لە رێبازێکی فەلسەفیدا جگە لە مەسەلەیەکی سەرەکی هیچی تر نازانین، بۆ نموونە وەك ئەوەی کاتێك کە تالیس دەڵێت: ((بنەمای هەموو شتێك ئاوە)) ئەوا ((بروکەر))

[4] کرستیان ڤولف Christian Wolff (١٦٧٩-١٧٥٤): فەیلەسووف و زانایەکی بیرکاری ئەڵمانیە و لەسەر وەسیەتی لایبنتز بووەتە مامۆستا لە زانکۆی هالە، لەم زانکۆیەدا ناوبانگی دەرکردووە. کانت بە یەکێك لە گرنگترین رێبەرەکانی ((عەقلانیەتی یەکلاکەرەوە))ی دادەنێت، لەو کتێبانەش کە نووسیویەتی ئەمانەن: ((میتافیزیکاو ئەنتۆلۆجیا)) ١٧٧٩ (دەروونناسی ئەزموونی)، ١٧٣٢، ((دەروونناسی عەقڵی)) ١٧٣٤، ((لاهوتی سروشتی)) ١٧٣٦. هیگڵ بە درێژی لە ((موسوعة العلوم الفلسفية))دا باس لە میتافیزیکاکەی ڤولف و قوتابخانەکەی دەکات ((موسوعة العلوم الفلسفية)) ترجمة د. امام عبدالفتاح امام — المجلد الثانی من المؤلفات المكتبة الهجلية)) الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة — فقرة ٣٣ و مابعدها (المترجم).



لەم مەسەلە سادەیە بیست یان سی مەسەلەی تر دەردەکات کە تاکە وشەیەکی دروستیان تیا نییە. ئەم رێگایە بەشێوەیەکی رەها رێگایەکی نامێژووییە. لەگەڵ ئەمەشدا لە هیچ شوێنێکی تردا زیاتر لە مێژووی فەلسەفە شێوازی مێژوویی ئامادەنابێت، چونکە هەموو شتێك لە فەلسەفەدا پشت بەوە دەبەستێ کە فەیلەسووف دەیڵێیت هەڵوێستەکردنیش لەوێدا کە دەڵێت: بەڵام سەرەتاکانی ئەم بنەمایانە چین و ئەو دەرئەنجامانە کامانەن کە لێی پوختە دەکرێن -ئەم پرسیارانە پەرەسەندنی دواتری فەلسەفە وەڵامیان دەداتەوە.

ئەم کتێبە ناوبانگێکی جیهانی دەستکەوت بە تایبەتیش لە فەرەنسا، بەڵام رەخنەی مێژووی لای برۆکەر هەروەك هەڵوێستە فەلسەفییەکانی لاوازە، لە راستیدا ئەو بەتەواوەتی خۆی بە سەرچاوەکانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو پەنای بردووەتەبەر ئەوەی کە خەڵکی تر لە بارەی فەلسەفەی یۆنانییەوە نووسیویانە، کتێبەکەی پڕە لە زیادە رەوی و کەڵکێکی کەمیشی هەیە.....

لێرەدا لەبارەی مێژووی فەلسەفەو کتێبی سێهەم لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە دێتە گۆڕێ کە کتێبەکەی دیتریش تیدمانە، بە ناوی (گیانی فەلسەفەی تیۆری) (ماربورج ١٧٩١-١٧٩٧ لە حەوتەم بەرگدا)، چارەسەرکایشی لەبارەی مێژووی سیاسییەوە تیایە بەشێوەیەکیوادرێژ کە هیچ پێویست نییە. هەروەها بە رێگایەکی وشك و بێ گیان دەگەرێتەبەر، زمان و شێوازەکەشی زۆر لە خۆکردن و قورسی پێوە دیارە، بابەتەکەشی هەمووی ئەوەیە کە لە کۆتاییدا دیمەنێکی خەمۆکی پیاوێك دەخاتە بەردەممان کە مامۆستایەکی رۆشنبیرە و هەموو ژیانی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی تیۆری داناوە، بەبێ گومانکردن لەوەی کە گیانی تیۆرییە لەوەش کە بیرۆکەی سەراپاگیرە، ئەو بە پوختەکاری کۆمەڵە وەرگرتەیەك لە کاری فەیلەسووفەکان پێشکەشدەکات بە شێوەیەك کە ئەم وەرگرتانە گوزارشت لە بەڵگەهێنەرەوەی عەقڵی پوخت بکەن. بەڵام کاتێك کە دەگاتە سەر ئەوەی کە دیالێکتیکی و تیۆرییە، خۆی ئاسا پەتی ئارامی دەپچڕێت و تورە دەبێت و لە قسەکردن رادەوەستێ بۆ ئەوەی بلێت ئەمە نهێنی و تەلیسمە. بەم شێوە دەبینین بۆ نموونە ئەو کاتێك دێتەسەر ئەوەی بەشێوەیەکی راستەقینە گرنگە و لە دەرکەوتنا گرنگە، رادەوستێت، راستە ئەم کتێبە بەوەی کە کۆمەڵە وەرگرتەیەکمان لە هەندێك کتێبی دانسقەی سەدەکانی ناوەڕاست دەداتی، بە شتانێکی باش دەوڵەمەندمان دەکات، بەڵام

هەر کەڵکێکی ئەو تۆیشی نییە، هەروەك ئەوەی کە لە کتێبی کەبلانییەکانەوە CABBLISTIC [5]دەیخاتە بەر دەستمان، ئەوەنندەبەهایەکی ئەو تۆی نییە. دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی کتێبەکەی تریەوە ((بەرگرییەك لە گفتوگۆ سازییەکانی ئەفلاتوون))ەوە بڵێین ((کە لە ساڵی ١٧٨٦ دەرچووە)) و شایەنی باسکردن نییە.

کتێبی چوارەم هەیە کە زۆر لەوانی تر باشترە، ئەویش کتێبەکەی ((ج. بوهل J. Buhle)) بەناوی (کتێبێکی قوتابخانەیی لە بارەی مێژووی فەلسەفە)، کە لە ساڵی ١٧٩٦-١٨٠٤ لە نۆ بەرگدا لە گوتنگن دەرچوو، ئەو لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی زۆر کورت لە فەلسەفەی کۆنی کۆڵیوەتەوە بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوەیەدا ناگونجێت کە بۆ فەلسەفەی نوێی کردووە. هەر جارێك کە ((بوهل)) بەرەوپێش دەڕوات زیاتر قووڵ دەبێتەوە و تووشی ڕاڕای دێت. هەر لەبەر ئەمەش بەشەکانی یەکەمی بەهایەکی کەمیان هەیە، بەڵام لە زۆر خاڵیشدا دەکرێت تادواڕادە بە سوودمەند دابنرێت، بە تایبەتی لەوەدا کە زۆرێك لە وەرگرتەمان لە کتێبە دانسقەکانی سەدەی شانزە و حەڤدە پێدەدات، بەگوێرەی نوسراوە ئینگلیزی ئوسکتلەندییەکان و نووسراوەکانی جۆردانۆبرۆنۆ GBruno [6] شەوە هەروایە، کە لە کتێبخانەی گشتی شاری گوتنگن هەن.

سەراپاگیرترینی ئەو کتێبانە کتێبەکەی ((تنمانە)) بەناوی ((مێژووی فەلسەفە))، کە لەدوو بەرگدا لە ساڵی ١٧٩٨-١٨١٩ لە لیبزج بڵاکراوەتەوە. کتێبێکی بەناوبانگە و زۆریش بەکاردەهێنرێت، بە جیا لەهەر فەلسەفەیەك دەکۆڵێتەوە و بە ڕێگایەکی واش کە گشتگیر و

[5] کابلانیەت Kabala یان Cabbale: فەلسەفەیەکی ئایینی نهێنی بوو، لە لای نەحبارە جوولەکەکان و مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم فەلسەفەیە لەسەر ڕاڤەکردنی سوفیانە و ناوەکیانەی ((کتێبی پیرۆز)) دامەزراوە و لەسەدەی سێنزەهەمی زایینی دەرکەوتوو و لەسەدەی دواییدا پەرەی سەندوو لە کرۆکدا بانگهێشتی یەکبوونی بوون دەکات، وشەکەش لە بنچینەدا واتای ((تەقلید)) یان ((کەلەپوور)) دەگەیەنێ. (المترجم).

[6] جیرۆدانۆبرنۆ Giordano Bruno (١٥٤٨-١٦٠٠): فەیلەسوف و زانایەکی بیرکاری و فەلەکی ئیتالییە. ژیانی لەشاری نابوولی وەك ڕاهبێکی دومینیکی بردوتەسەر، پاشان لە پاریس و ئەکسفۆرد دەخوێنی و تیۆرێك بەناوی تیۆری کۆپەرنیکوسی نوێ لە فەلەکناسیدا دادەنێت. کتێبێکیش لە بارەی سیحرەو پێکهاتنی گەردی مادە دەنووسێت و تۆماتباردەکرێت بە زەندیقییەت و لە ڕۆما دەیسوتێنن. (المترجم).



سەراپاگیرە، هەروەها فەلسەفە نوێکان لە فەلسەفە کۆنەکان باشتر بەسەر دەکاتەوە، هەر بەهەمان شێوەی ئەوەی کە لەم جۆری لە کتێبدا بە دیدەکرێت، گرنگی دان بە فەلسەفە نوێکان کارێکی ئاسانە، بدرێت و بسەپێنرێت، چونکە لەم حاڵەتە بۆ نووسەر ئەوەندی بەسە کە هەڵستێ بە وەرگرتنی کۆمەڵە وەرگرتەیەك لە نووسراوە فەلسەفییەکان، ئەگەر هاتو نوسراوەکانیش بە لاتینی بوون، ئەوا وەرگێرانیان ئاسانە و بابەتی فەلسەفەی نوێش زۆر لە بیر و بۆچوونی ئێمەوە نزیکە، ئەمە لە کاتێکدا فەیلەسووفە کۆنەکان لەسەر زەویەکی وێناکردنانەی جیا ڕاوەستاون و پاشانیش زۆر سەختە لێیان تێبگەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە شتانێکی زۆر لەبارەیانەوە نازانین. لەبەر ئەمەش پێویستمان بە توانایەکی مەزنتری دانان دەبێت بۆ ئەوەی بیر و بۆچوون و ڕێبازی پێشینەکان نوێبکرێتەوە و بخرێتە سەر زاراوە نوێکان و پاشان لە بێگەردی و پوختی خۆیدا بەرهەم بهێنرێتەوە. پاشان ناکرێت ئێمە بەشێوەیەکی حەرفی وەریان بگێرین، چونکە ئەمە کارێکی رازی کەرانە نابێت، بەڵکو هەر دەبێت گۆڕان بەسەر بیر و بۆچوون و سەیرکردنی یۆنانییەکاندا بهێنرێت و بەشێوەیەکی جیاوازیش گوزارشتیان لێبکرێتەوە بەڵام بەبێ ئەوەی شتێکی جیاواز لەوەی هەیە زیاد بکات و بخرێتە سەری. خەڵکی زۆر بە ئاسانی ئارەزووی ناوجەرگەی ئەوەدەکەن کە کلاسیکە، بەڵام بەشێوەیەك کە بۆیان بخرێتە ناو ئەو شتەوە کە ئەوان زۆر پێی ئاشنان. هەر ئەمەشە کە زۆرجار بەسەر (تنمانە) داهاتووە، نەنگییە گەورەکانیشی هەر لەمەدایە. بەچاو پۆشین لەوەی کە وەرگرتەکانی لاوازن، بە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەش لە دەقەکان تێنەگەیشتووە، زۆرجار دەقەکە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا لێکدژ دەبێتەوە، گەر ئێمە پشت بەتنمان ببەسین ئەوا لەبارەی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە دەمانگەێنێتە بیرۆکەیەکی ساختە و نادروست، بۆ نموونە بەدتێگەیشتنێکی گەورە لە لایەن ئەمانەوە —بەتایبەتی- بەرامبەر بە ئەرستۆ هەیە، ئەم بەد تێگەیستنە دەگاتە ئەوەی کە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەداتە پاڵ ئەرستۆ خۆی، بەشێوەیەك گەر ئەوەی تنمان لەبارەی ئەرستۆوە دەیڵێت پێچەوانەی بکەینەوە دەگەینە مەعریفەیەك و بیرۆکەیەکی وردتر لەوەی کە ئەرستۆ خۆی دەیڵێت. بەڵام بەڕادەی پێویست بێ بەرییە، تائەو ئاستەی کە لە پەراوێزی دەقەکەدا ئاماژە بە وەرگرتەکانی ئەرستۆ دەدات، بەم ڕێگایەش نزیکە لەوەی کە نەکرێت هیچ سوودێکی هەبێت.

گومانی تیانییه كه ئەو له دەروازەی كتێبەكەیدا دەڵێت پێویست ناكات مێژوونووسی فەلسەفە خاوەنی ڕێبازێكی تایبەت بەخۆی بێت، كەچی (تنمان) خۆی خاوەنی ڕێبازێكە كە بۆ ساتێكیش له خەیاڵی دەرناچێت و هەر لەبەر چاویەتی، یەكەم شت كە له لای ئەو سەرنجمان ڕادەكێشێ ئەوەیە كە بە زیادەڕەوییەكی زۆر لە پیاهەڵدانی هەر فەیلەسوفێك دەستپێدەكات، بە باڵایدا هەڵدەدات و ڕێزباری دەكات. بەڵام لە سەرەتاوە تاكۆتایی ئەم فەیلەسووفە بەناوبانگە وردەوردە بچووك دەبێتەوە، تاوای لێدێت لە نەنگییەكی لەم جۆرەدا بەند دەكرێت: ئەو كاتتی نەبووە، تنمان بەشێوەیەكی ڕەخنەیی لە سەرچاوەی مەعریفە ناكۆڵێتەوە، بۆ نموونە ناكات بە دەرئەنجامێكی وەك ئەوەی كە دەڵێت زانین مەحاڵە. بەم شێوەیە مێژووی فەلسەفە دەبێتە شتێكی ناماقووڵ و تەنانەت لە مەسەلە مێژوویەكانیشدا زۆر وشك و بێ گیان دەبێت.

هەروەها كۆمەڵە كتێبێكی كورتكراوەشمان هەن دەكرێت باسی سیانیان بكەین:

(١) كتێبەكەی فردرش ئاست Fast: ((بنەماكانی مێژووی فەلسەفە)) (لانشوت ١٨٠٧) یەكێكە لە كتێبە كورتكراوەكان، كە بە ڕێگایەكی ئاشكرا نووسراوە و ئاسانە تێگەیشتنی و بە ڕێگای فەلسەفەی شلنج نووسراوە (سەرەڕای ئەوەش كە جارجار بێ بەری نییە لە تێكەڵ و پێكەڵی) و بە ڕێگایەكی ڕواڵەتیانەش جیاكاری لە نێوان ڕێبازی ئایدیالی و ڕێبازی واقیعیدا كردووە.

(٢) كتێبەكەی ڤنت Wendt: ((باسێك لە مێژووی فەلسەفەدا)) (لیبزیج) كە كورتكراوەیەكی كتێبەكەی تنمانە، لە ڕووی مێژووییەوە كتێبێكی باشە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە كە هەموو شتێك وەك فەلسەفە دەخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی جیاكاری لە نێوان ئەوەدا بكات كە گرنگە یان گرنگ نییە و ناشكرێت لەناو ئەم كتێبەدا ئارەزووی دانیشتوانی ((شاری لیبزیج) ڕەچاو نەكەین، واتە ئارەزووی ئەوان بۆ هەموو شتێكی كامڵ و تەواو ئەگەرچی جۆرێك لە ڕووكەشی و بۆشایی و نەزانی بە قووڵاییەكانی گیانیشی تێدابێت. دەتوانین بڵێین ئەو هەر لە خۆیەوە كاتیگۆرییەك لە كاتیگۆرییەكانی بیر هەڵدەبەستێت و دواتریش لە ڕێگای خۆیەوە دەسەڵاتی بەسەر ئەمەدا دەشكێت و شتێكی نوێ و قووڵ وەدیدەهێنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە ئێمە ناتوانین لە فەلسەفەدا لە كاتیگۆری ڕواڵەتی لەو جۆرە بكۆڵینەوە.



(٣) كتێبەكە كە شایەنی ئەوەیە لەوانی تر زیاتر ڕاسپێرین بە خوێندنەوەی، ئەویش كتێبەكەی ت.أ. ركسنەر T.A Rixenr بەناوی ((كتێبێك لەبارەی مێژووی فەلسەفەوە)) كە لە سێ بەرگدایە. ئەم نووسەرە نوسەرێكی بەهرەدارە. كتێبەكەشی دوایین كتێب و باشترینیانە نەك هەر لە ڕووی دەوڵەمەندی شێوازەكەیەوە بەڵكو لە ڕووی دەوڵەمەندی بیریشەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە هەموو ئەو داواكارییانە جێبەجێ ناكات كە مێژووی فەلسەفە دەیخوازێت.

بەڵام ئەم كتێبە پڕە لە هەڵە، بۆ نموونە نووسەر خستنەڕووی زانستەكانی تر تێكەڵ بە فەلسەفە دەكات، هەر لەبەر ئەمەش كتێبەكەی دەبێتە پێكهاتەیەك لە ڕێژەیەكی زۆر لە كەرەستەی لێكجیاواز، بەڵام زۆر بەگەرمی ڕاسپێری دەكەین، چونكە لە پاشكۆی هەموو بەرگێكدا دەقە بنەڕەتییە ڕەسەنەكان پێشكەشدەكات. ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە كە وەرگرتەكانی ناو كتێبەكەی وردتربن و بۆ شتانێكی تریش.

پێویستە لێرەدا كۆتایی بەم دەروازەیە بهێنێین، وازیش لەو گفتوگۆیە بهێنین كە بەدوای ئەمەدا دێت، پاشان پێشوەخت گریمانەی ئەوە بكەین كە مێژووی سیاسی شتێكی ناسراو و باوە. بەڵام ئەو بنەمایەی كە لە گیانی گەلدا ژیان دەبوژێنێتەوە -لە ڕووەیەكەوە- شتێكی جیاوازە، بەڵام گوتنی ئەوەی كە هەموو شتێك لەناویدا پەیوەستە بە كاروباری سیاسییەوە -لە ڕوویەكی ترەوە- شتێكی ترە. ئەمە زیاتر لەو بابەتەی ئێمە نزیك دەبێتەوە كە دەمانەوێت لێی بكۆڵینەوە. هەروەك چۆن منیش دواتر هەندێك هێڵكاری كورتی پەیوەست بە ژیانی خودیەوە دەخەمەپێش چاو ئەگەر هاتو ئەمە شتێكی گونجاو بوو، گونجاوییەكەشی ڕواڵەتی و لاوەكی بوو، چونكە لێرەدا ئێمە گرنگی بە مێژووی فەیلەسوفەكان نادەین بەڵكو گرنگی بە مێژووی فەلسەفە دەدەین، سەرەڕای ئەمەش من زۆر لەو ناوانە دەخەمە لاوە كە فرەزاناكان باسیان دەكەن بەڵام بەگوێرەی فەلسەفە بەهایەكی ئەوتۆ نیشاننادەن، چونكە ئێمە بەشێوەیەكی سەرەكی بایەخ بە فەلسەفە دەدەین بەو شێوەیەی كەوایە، دوای ئەمە بایەخ بەبڕێكی دیاریكراوی قۆناغێكی دیاریكراو لە پەرسەندنی عەقڵ لەهەر ماوەیەكی زەمەنی دەدەین.

ئەگەر هاتو مێژووی فەلسەفە تەنها لە كۆمەڵە وەرگرتەیەكدا كورتكرایەوە -یەكەمجار- خۆی وانیشان دەدات جێ بەجێ كردنێكی تەواو گومان ڕەوێنە، نەك هەر ئەوەی كە لێكۆڵینەوە لە مێژووی فەلسەفە بە ڕێگای تۆماكردنی ڕووداوە ڕێكخراوەكان بەپێ مێژووەكانیان، هیچ بێ

ویژدانییەکی بەرامبەر بەم مێژوووە تیانیە، بەڵکو پێویستە کارێکی ئاوا لە مێژووی سیاسیشدا روونەدات، چونکە تەنانەت لە مێژووی سیاسیشدا ئامانج و مەبەستێك هەیە، هەر ئەم ئامانج و مەبەستەشە کە پاڵ بە مێژووی گەلەکانەوە دەنێت تاپەرەبستێنن. هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین لیڤی Livy [7] لە کتێبەکەیدا لە بارەی مێژووی رۆمانەوە سەرنجی خۆی لە بناغەدا لەسەر رۆما چڕدەکاتەوە و دەبینین رۆما بەرزدەکاتەوە و دەکات و بەرگری لەخۆی دەکات و سەرکردایەتی خۆی مومارەسەدەکات.... هتد. دوای ئەمەش ئامانجە گشتییەکە هەر رۆمایە: دەسەڵاتی خۆی بەربلاو دەکات و یاساکەی گەشەدەکات.... هتد. ئەم حاڵە هەمان حاڵی فەلسەفەیە و ئەوە هەر ئامانجە کە پەرسەندنی خودیانەی عەقڵی بەسەر دادێت، ئەم ئامانجەش مەسەلەیەکی سەپێنراو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شتێکە کە خۆی لە بناغەوە لێرەدا وەك هەمەکییەك هەیە، بەوەش کە ئامانجە، بەم شێوەیەش وەك ئەو ئامانجە دەردەکەوێت کە یەك راست خزمەت دەکرێت هەروەك بناغەیەکی بەراوردکاریانەی درەوشانەوە تاکییەکان، ئامانجی ئێمە خستنەڕووی گەشەکردنی گیان و پەرەسەندنی بیرە.

بەڵام وادەردەکەوێت کە لێرەدا کێشەیەك هەیە دەبێت یەکلابکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە پێویستە لەسەر مێژوونووسی فەلسەفە خاوەنی رێبازێکی تایبەت بەخۆی بێت، یان پێویستە کەسێکی بێ لایەن و لاگیربێت و نە بڕیاربدات و نەهەڵبژێر بکات و هیچ شتێکی خۆیشی نەخاتە سەری و لە دەرکردنی بڕیاردا پەلەنەکات، یان هێرش نەکاتە سەر ئەو بۆچوونانەی کە دژی بۆچوونی خۆیەتی. بێگومان خواستی بێلایەن و خۆ پاکڕاگری خواستێکی چاك و خوازراوە بەڵام لەو وانانەدا کە لە ئاکار دەدوێن. گوتراوە مێژووی فەلسەفە خۆی بە پاکڕاگیری و بێ لایەنییەوە دەبەستێتەوە. بەڵام سەیرلەوەدایە کە تاکە کەسێك بە هەڵسوکەوتێکی نالایەنگیرانە

[7] تیتۆس لیڤۆس Titus Livius: بە لیڤی Livy بەناوبانگە (٥٩ پ.ز- ١٧ز) بەناوبانگترین مێژوونووسی رۆمایە، زۆربەی ژیانیشی هەر لەوێ بردۆتەسەر، شاکارەکەشی ((مێژووی رۆما))یە، کە لە مێژووی دەوڵەتی رۆما دەکۆڵێتەوە هەر لە سەردەمی دامەزراندنی شاری رۆماوە لە ساڵی ٧٥٣ پ.ز تامردنی دارا ساڵی ٥٩ پ.ز ئەم شاکارە خۆی ١٤٢ کتێبە و سی و پێنج کتێبیان ماوەنەتەوە. لیڤی مێژوونوسێکی بەناوبانگ بووە. هەڵەشی ئەوە بووە کە نەگەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان. بەڵکو پشتی بە ئەفسانە بەناوبانگەکان و ئەو ریوایەتانە بەستووە، کە مێژوو نوسانی پێش خۆی باسیان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا زیرەکی ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکدا وایکردووە کتێبەکەی بەمری بمێنێتەوە. (المترجم).



هەڵسوکەوت دەکات، ئەو کەسەیە کە هیچی لانییە جگە لە رووداوە مێژووییە پوختەکان، هەر ئەویشە کە هیچ شتێك لەم کارە تێناگات ونایزانێت (زانینی تیۆرە مێژووییەکان، واتە تێنەگەیشتن لێیان).

وادەردەکەوێت کە هەردەبێت جیاوازی لە نێوان مێژووی سیاسی و مێژووی فەلسەفەدا بکرێت، بەوەی کە لە یەکەمیاندا دەکرێت بابەتیانەبێت هەروەك قەسیدەکانی هومیرۆس یان مێژووی هیرۆدۆت[8] یان مێژووی سوکیدیدز[9] کە ئەمانە وەك کەسانی ئازاد رێگەیان داوە بەوەی کە کردەوەکان و رووداوەکان بە دوای یەکدابێن، بەبێ ئەوەی لە لایەن خۆیانەوە هیچیان بۆ زیاد بکەن، ئەوان بابەتەکە خۆی ئاشکرادەکەن، بەبێ ئەوەی هەڵیگرن و بیبەن بۆ دادگا تابڕیاری لەسەر دەرکەن.

بەڵام ئەمە لە فەلسەفەدا جۆرێکی ترە، تەنانەت گەر لەسەر فەلسە بێت کە کارەکان ریوایەت بکات، ئەوا لەگەڵ ئەمەشدا پرسیاری یەکەم مەبەست هەر لەوەیە کە کار لە فەلسەفەدا بکەین، واتە ئەوەی کە فلانە شت کارێکی فەلسەفییانە یان نا، ئەو شوێنە کامەیە کە هەر کارێك دەیگرێت؟. ئەم پرسیارە دەمانخاتە سەر ئەو جیاوازییەکە: لە مێژووی دەرەکیدا هەموو شتێی کارە (راستە کە هەندێ کار گرنگن و هەندێکی تر ناگرنگ) بەڵام بەشێوەیەکی راستەوخۆ کار دەخرێتە بەر زەینمان و ئەمەش رووداوێکە. بەڵام لە فەلسەفەدا پێچەوانەکەی راستە: واتە ئەوەیە کە بزانین کار کامەیە و ئەو شوێنگەیەش کامەیە کە ئەم پرسیارەی دەخرێتە ئەستۆی، ئالێرەشەوە ناکرێت بێ بڕیاردان و بەبێ رێبازی مێژووی فەلسەفە بنوسرێتەوە.

ئێمە بەشیوەیەکی گشتی دەبێت جەخت لەسەر کارەکان بکەن و خۆمانیان پێ ببەستینەوە، ئەم کارانە لێرەدا -واتە مێژووی فەلسەفەدا- کۆمەڵە بیرێکن خاوەنی جۆریەتییەکی تایبەتن و هەر

[8] مێژوونوسێکی یۆنانی گەورەیە (٤٨٤- ٤٢٤ پ.ز) و بە باوکی مێژوو ناسراوە، لە تەمەنی سی ساڵیدا سەفەری دووری کردووە و ئەمەش کاریگەری لەسەر کارە مێژوویەکانی هەبووە، لە رێگاوە بەرەوە میسر چووە سەردانی فینیقیای کردوو. پاشان لە ساڵی ٤٤٧ پ.ز گەڕاوەتەوە بۆ ئەسینا. (المترجم).

[9] سوکیدیدز (٤٦٥-٤٠٠ پ.ز) مێژوونوسێکی یۆنانییە و هاوڵاتیەکی ئەسینایە لە ساڵی ٢٤دا یەکێك بووە لە سەرۆك شیرەتە رەسمییەکانی ئەسینا و پەنجا ساڵ لە نێوان ئەو هیرۆدۆتدا هەیە و سەردەمی سوفیستاییەکان نیشاندەدات. (المترجم).

ئەمەشە کە بە سادەیی و بە وردی لێی دەکۆڵینەوە و هەروەك ئەوەی کە فەیلەسووفەکان لە هەموو سەردەمێکدا گوزارشتیان لێکردووە. مرۆڤ پێویستی بە بیست و سێ سەدە هەبووە تاگەیشتووەتە هۆشیاری بەو چۆنیەتییەی کە بە هۆیەوە توانیویەتی بۆ نموونەی لە بۆچوونی ((بوون)) تێبگات.

# بەشی نۆیەم

# فەلسەفەی رۆژهەڵاتی

یەکەم فەلسەفە کە دەکەوێتە سەر ڕێگەمان ئەوەیە کەپێی دەوترێت فەلسەفەی ڕۆژهەلاّتی- سەرەڕای ئەوەی کە ناچێتە ناو کرۆك و چوارچێوەی ئەو بابەتەوە کە لێرەدا دەیخەینەڕوو- بەلاّم شوێنگەی یەکەم و سەرەتایە، ئێمە بۆیە لێرەدا باسی دەکەین تا هۆی ئەوە ڕوونبکەینەوە کە بۆچی بەشێوەیەکی زۆردرێژ لێی ناکۆڵینەوە و بۆ ئەوەش پەیوەندی ئەم فەلسەفەیە بەبیر و بە فەلسەفەی دروست ئاشکرا بکەینە. بەشێوەیەکی تایبەت گوزارشتی فەلسەفەی ڕۆژهەلاّتی وەك ئاماژەیەك بەکاردێت بۆ ئەو ماوەیەی کەتیایدا ئەم بیروبۆچوونە ڕۆژهەلاّتیە مەزنە لەزەوی لەخۆگرتن و گشتگیریدا و لە کورتەکاریی و دیاریکردندا ڕادەپەڕێت، لەکاتێکدا کە گیانی خودی بلاّوبووبوویەوە و زاڵ بووبوو، بەشێوەیەکی تایبەتیش لە سەدەی یەکەمی جیهانی و مەسیحیەتدا، کە ماوەیەکە خاوەنی مەغزایە و تیایدا ئەم بیرە ڕۆژهەلاّتیە مەزنانە دێنە ناو ئیتالیاوە. ئەوان لەڕێگەی فەلسەفەی گنوسیەوە دەستیان بە زیندووکردنەوە بیرۆکەیەك کرد[1]، کە ناکرێت بدرێتەپاڵ عەقڵی ڕۆژئاوایی، ئەگەرچی ئەم عەقڵە لەڕێگەی کەنیسەوە توانیبێت زاڵ بێت و پاشانیش زۆر بەهێز و تواناو جێگیریەوە لەدیاریکردنی خواییدا سەرکەوتوو بووبێت. ئەوەی کەپێی دەوترێت فەلسەفەی ڕۆژهەلاّتی زۆر لەشێوازی ئایینی بیر نزیك بووەتەوە، ئەگەرچی ئەو وێناکردنەی جیهان کە دەدرێتەپاڵ ڕۆژهەلاّتیەکان زۆر نزیکیشە لە فەلسەفەوە. لێکۆڵینەوە لەبیرە ڕۆژهەلاّتیەکان لەسەر ئاین- هەروەك ئەوەی کە فەلسەفەیەکی ئایینی بێت-هۆیەکانی دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بەم شێوەیەش لێی بدوێین.

ئێمە هەر بەهەمان شێوە دەڵێین: ئایینە یۆنانی و ڕۆمانی و مەسیحیەکان فەلسەفە دروستدەکەن، چونکە پێکهاتنە خواییەکان لە لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون، لێرەدا جگە لە کۆمەڵە لێکچوونێکی کەم هیچی ترمان نییە. هەر چەندە خوداکانی یۆنان و ڕۆمانی، هەروەها مەسیح و  خوای جوولەکان، لێکچوونێکی کەم لە نێونیاندا هەیە، بەلاّم ئەو بنەمایەی ئازادی تاکە کەس کە لە لای یۆنانییەکان زۆر چالاکانە دروەشوەکەوە و لە ئایینی مەسیحیشدا ئەم درەوشانەوە زیاتر بووە و ڕێگای خۆی گرتۆتەبەر بەرەو دەرکەوتنی شێوە ڕاستەوخۆکەی بەوەی کە کۆمەڵە شێوەیەکی ئاشکرا و کەسییە، کۆمەڵە شێوەیەکە- بەوەی کە ئەفسانەیی یان مەسیحین- ئەوا هەردەبێت خۆی وا تەئویل بکات کە گۆڕاوە بۆ شێوەیەکی فەلسەفی.

---

(1) گنوسیەت: بزوتنەوەیەکی فەلسەفەی و ئاینیە و لە سەردەمی هلنستیدا سەری هەڵداوە، پێی وایە ڕزگاربوون زیاتر لەڕێی مەعریفەوە دەگاتە ئەنجام، تا لەڕێگەی ئیمانەوە، ئەم وشەیەش لە وشەی Gnosisەوە گەردانکراوە، کە وشەیەکی یۆنانیە و واتای مەعریفەی ناوەکی سەروو هەستی دەگەیێنیٚ. (المترجم).



بەلاّم ئەمە لە ئاینە ڕۆژهەلاّتیەکاندا پێچەوانەیە، ئەم ئایینە ڕۆژهەلاتیانە بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ وێنەکردنی فەلسەفیمان یاد دەخاتەوە. لەبەر ئەوەی توخمی خودگەرایی لەڕۆژهەلاّتدا بەشێوەیەکی تەواو خۆی نەگرتووە، بۆیە بیرە فەلسەفیەکانیان تاکەکەسی نین، بەڵکو خاوەنی سروشتێکی هەمەکی گشتی و زۆر بەئاسانیش شێوەی بۆچوون و بیرە فەلسەفیەکان دەپۆشن. بێگومان لەلای ڕۆژهەلاّتیەکان شێوەی تاکانەی وەك براهما Brahma[2] و ڤیشنۆ Vishnu[3]و شیڤا Civa[4] هەن. بەلاّم بەرچاوکردنی نەبوونی ئازادی، تاکانیەت شتێکی ڕاستەقینە نیە بەڵکو لەوپەڕی ڕووکەشیدایە، بەشێوەیەك کاتێك کە ئێمە پێمان وایە پێویستە مامەڵە لەگەڵ شێوەیەکی مرۆییدا بکەین (واتە کەسێکی دیاریکراو)، ئەوا زۆر ناخایێنیٚ لەپڕ بزر دەبێت و درێژدەبێتەوە بۆ ناو ئەوەی کە ناکرێت دیاریبکرێت. هەر بەهەمان شێوە ئێمە لەناو یۆنانیەکاندا لەبارەی ئۆرانۆس Uranus یان کرونوس Chronos (واتە تاکبوونەوەی زەمەن)..هتد دەبیستین و لەلای فارسیش گوێمان لە زورڤان أکیرن Zurvan akeren یان کاتی بیٚ مەودا یا کاتی بیٚ پایان دەبێت. هەروەك چۆن دەبینین ((ئاهورامزاد)) و ئەهریمەن یشیان هەیە. ئەمانە وێنە و بیری تەواو گشتین و وادەردەکەون کە کۆمەڵە بنەمایەکی هەمەکی بن. بەمەش وادەردەکەوێت کە لەفەلسەفەوە نزیکن، نەك هەر ئەمە بەڵکو وادەردەکەوێت هەر خۆیان کۆمەڵە ئاراستەیەکی فەلسەفی بن.

هەروەك چۆن ناوەڕۆکی ئایینی ڕۆژهەلاّتی -ئەوخودا- هەبووە هەرهەریەکە، کە بەشێوەیەکی کرۆکی تا ئاستێك لەبەر ڕۆشنایی هەمەکیەتدا پەی پیٚ دەبرێت. کاتێك ئێمە بارودۆخی ڕێژەیی تاکەکان لە پەیوەندیاندا بەخواوە دەبینین ئەمە هەر لەسەر هەمان ڕەوت، وادەکەوێتەوە. یەکەم مەرجی ئایینە ڕۆژهەلاّتیەکان ئەوەیە کە تەنیا تاکە کرۆکێك بەوەی کەوایە، دەبێت بەهەق، بەلاّم تاك بەخۆی هیچ

---

(2) براهما: لەئایینی هیندوسیدا یەکێکە لە خواوەندە سەرەکیەکانی ناو ڤیدا، خوای خولقێنەرە، دەڵێن لە هێلکەیەکی زێڕ لەدایك بووە، پاشان بۆ دروستکردنی زەوی و هەموو شتەکان ڕووی وەرگێڕاوە، هەندێك تاقمی تر بۆ ئەوە دەچن کە لە گوڵی لۆتس (Lotus)ەوە دەرکەوتووە، کە ئەویش لەناوکی ڤشنۆوە هاتووەتە دەریٚ (المترجم).

(3) ڤشنۆ: یەکێکە لە دوو خواوەندە سەرەکیەکەی ئاینی هیندۆسی، ڤیدا وەك کۆڵەبنەیەك وێنەی دەکێشیٚ، کە گەردوونی بەسیٚ هەنگاو بڕی بێت. (الترجم).

(4) شیڤا: بە Shivaش دەنوسرێت: واتە (ئەو تاکە بەختەوەرە دڵخۆشەیە) و یەکێکە لە خوا سەرەکیەکانی ئاینی هیندۆسی، هەڵگری کۆمەڵە سیفەتێکی لێکدژە، ((ڕوخێنەر)) و ((دامەزرێنەر)) و ((ناسیك))ە و ڕەمزی ((شەهوەتیشە))....هتد (المترجم).

بەهایەکی نیە و بۆشی نیە شتێك بەدەست بێنێ، زۆرجار بەرامبەر بەو بوونەی کە بەخۆی و بۆ خۆی هەیە، دەست بەباری خۆیەوە دەگرێت. نەك هەر ئەمە بەڵکو ناکرێت ئەو خاوەنی بەهایەکی ڕاستەقینە بێت ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەو کرۆکەدا نەیبەتەوە بەیەك، کەتیایدا خۆی بزردەبێت و دەشاردرێتەوە و خۆی وەك خودێك لەبوون ڕادەوەستێ و لەناو کرۆکدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە و بزردەبێت. ئێمە لەئاینی یۆنانی و ئاینی مەسیحیدا لەلایەکی ترە دەبینین خودی تاك خۆی وەك ئازادێك دەبینێتەوە و هەر دەشبێت وەك بونێك بۆ خۆی پشتگیری بکرێت، کاتێك کە (لەڕۆژئاوادا) تاکەکەس بەم ڕێگایە وا لە خودی خۆی دەکات سەربەخۆبێت، گومانیشی تیا نیە ئەمە زەحمەتێکی تر بۆ بیر زیاد دەکات، لەوەدا کە ئەم بیرە خۆی لە تاکەکەس ڕزگار بکات و بوونی خۆی لە سەربەخۆیدا پێك بهێنێ. دیدی باڵا بە هەموو گوڕی خۆیەوە کەوتووەتە ناو ئازادی تاکەکەسی یۆنانییەوە، ئەم ژیانەش ژیانێکی زیاتر بەختەوەر و ئازادە، هەر ئەمەشە بەها دەداتە هەمەکی، بەڵام لە ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەوە، کرۆك لە ئایندا یەقینە و لە گۆشەی تایبەتی خۆیەوە مادە بنچینەییە ماهیە تیانەکەیەتی- و ئەمەش ڕاستەوخۆ نەبوونی یاسا و بزربوونی هۆشیاری تاکەکەسی پێوەوە دەبەسترێتەوە- ئەمەش گومانی تیا نیە کە ئەم کرۆکە بیرۆکەیەکی فەلسەفییە. سەلبکردنی کۆتاداریش بە هەمان شێوە بوونی هەیە، بەڵام هەر بەم ڕێگایە، تاك والێدەکات کە لە یەکبوونی لەگەڵ کرۆکدا بگاتە ئازادی خۆی. ئەگەر هاتوو عەقڵی ڕۆژهەڵاتی تێڕامانکار و هۆشیار لەڕێگەی بیرەوە بگاتە جیاکار لەنێوان بنەماکان و بگاتە دیاریکردنەکانی، ئەوا ئەم کاتیگۆری و بنەما دیاریکراوانەبەبێ یەکبوونیان لەگەڵ کرۆکدا هەرهەن.

پوختەکەش ئەوەیە کە کاتێك کرۆك هەموو ئەوە تێدەشکێنێ کە بەشەکییە، یان ئەوەیە کە دەگاتە ئەوەی کە ناکرێت سنور و کۆتایی هەبێت، ئەمەش لەلای ڕۆژهەڵاتییەکان بەرزبوونەوە و شکۆمەندییە، یان ئەوەیە کاتێك کە دیاریدەکرێت و کاتێك کە خۆی دادەنێت (واتە کاتێك کە ڕۆژهەڵاتیەك بیردەکاتەوە) ئەو ئەمە دەبێتە تێگەیشتنێکی مردوو و ناتوانرێت لەخۆیدا بگاتە بیرۆکەیەکی سەراپاگیری تێوری.

کۆتاداریش ناتوانێت ببێ، تەنها وەك شتێکی نوقم بووی ناو کرۆك نەبێت. هەرچەندەش دوور لەم کرۆکە بمێنێتەوە و دابڕاو بێت لێی، هەر بە نەزۆکی و بەباری و مردوویی دەمێنێتەوە. بینالەسەر ئەمە، ئێمە لەلای ڕۆژهەڵاتییەکان جگە لە تێگەیشتنێکی ووشك و برنگ هیچی تر نابینینەوە، تەنها سەرژمێرییەکی وردی دیاریکردنەکان (واتە تەنها سەرژمێرێکی دەرەکی بۆ ئەمە) دەبینینەوە کە لۆجیکێکە لە لۆجیکە کۆنەکەی ڤۆلف wolff دەچێت. هەر ئەمەش حاڵیانە لەو خودا پەرستیانەدا،



کە بە تەواوی ڕۆچوونە بەناو ملکەچیدا. دوای ئەمەش هەر هەمان حاڵ لەو ئاهەنگ و بۆنە و تەقسە ئایینیانەشیاندا هەیە کە لەژمارە نایێن. بەڵام ئەمە لەلایەکی ترەوە بەرزی و شکۆمەندی ئەوەیە کە ناکرێت دیاریبکرێت و هەموو شتێکیشی تیا بزر دەبێت.

لێرەدا دوو گەلی ڕۆژهەڵاتیمان هەیە باسیان دەکەین: چینەکان و هیندیەکانن.

## یەکەم: فەلسەفەی چینی

دروستە بڵێین چینەکان و هەروەها هیندیەکانیش، لەڕوو کەلتورەکەیانەوە ناوبانگێکی تەواویان هەیە.

بەڵام ئەم شکۆمەندیە لێکدژ دەبێتەوە کاتێك کە شارەزای لە کتێبە کلتوریەکانیاندا پەیدادەکەن- دەتوانن لەبارەی ئەو ڕێژەیە لە ئەدەبیاتی هیندی کە هەیە ئەمە بڵێین- لەلای ئەمانە مەعریفەی مەزن لە سنوری ئەم بابەتانەدا هەیە: ئاین، زانست، شیعر، یاسا یان ڕێکخستنی سیاسی، بەڕێوەبردن، دادوەری، هونەرەکان. بەڵام کاتێك کە ئێمە دەمانەوێت بەراوردێ: لەنێوان دەستور و یاسای چینی و یاسای ئەوروپیدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ناتوانین ئەم بەراوردە بکەین تەنها لەڕووی توخم و ڕەگەزە ڕەواڵەتیەکانەوە نەبێت" چونکە بە تەواوەتی ناوەڕۆکێکی جیاوازیان هەیە. هەروەها ئێمە گونجان و هەماهەنگیەکی تەواو لەوەدا بەدیدەکەین کە ئەوان دەیکەنە رواڵەت. ئەوان لە تواناشیاندا نیە شوێنگەیەك لەنێوان ئێمەدا بۆ خۆیان بدۆزنەوە، هەروەك چۆن ئێمەش لێیان قبوڵناکەین تێڕامان بکەن. ئەوان شوێنی یاسا وەردەگرن، یان دەتوانین بڵێین ئەوان کۆتاییەکی بۆ دادەنێن[5].

دەتوانین لەکاتی بەراوردکردنی شیعری هیندی بەشیعری ئەوروپی هەمان شت بڵێین، ئێمە تەنها وەك یاریەك لە یاریەکان خەیاڵ دەتوانین سەیری بکەین، ئەم شیعرە لەم گۆشە نیگایەوە وەك شیعری هەر گەلێکی تر پرشنگدار و دەوڵەمەند و رووناکی بەخشە. بەڵام ئێمە دەبێت لەشیعردا بەدوای چارەسەرکردنی ناوەڕۆکدا بڕۆین و ئەمەش لایەنێکی گرنگی شیعرە. ئەگەر شیعری هۆمیرۆس بەگوێرەی ئێمە گرنگ و بایەخدار و کاریگەر نەبووایە، ئەوا شیعرێکی لەم جۆرەنەیدەتوانی بەردەوامی بەخۆی بدات، شیعری ڕۆژهەڵاتی لە عەبقەریەت و بەهرەیکەم نیە، هەر هەمان ڕێژەی عەبقەریەتی تیایە، تەنانەت دەکرێت شێوەکەشی گەشە بکات و پەرەبستێنێ بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەر لەناو

(5)

سنورێکی دیاریکراودا کورتدەکرێتەوە، ئەمەش تینویەتیمان ناشکێنێت و دلّمان پێی ئاو ناخواتەوە، هەروەك چۆن ناکرێت ناوەڕۆکێکیشمان بۆ بسازێنیٚ. لەسەرەتاوە ئەمە ڕاستیەکە لەسەر ئاستێکی گشتی و هەمەکی و لەسەر هەموو ئەو بەراوردکردنەش دەچەسپێت کە خەڵك پێیان سەرسام دەبێت و خۆیان دەدەنە دەست ڕوونمایی ڕواڵەت و وا دەکەن کە رواڵەت لەلای رۆژهەلاّتیەکان لەئاستی رواڵەت بێت لەلای ئێمە و بگرە لەوەش زیاتر کە رواڵەت لەلای ئەوان باشتربێت لەوەی لای ئێمە هەیە.

(١) بابەتی یەکەم کە دەبێت لێرەدا بخەینەڕوو بەگوێرەی چینیەکان، ڕێنماییەکانی کۆنفشیۆسە[6] ((٥٠٠ پێش لەدایك بوونی مەسیح))، کە شۆڕەت و ناوبانگێکی گەورەی هەیە بەتایبەتی لەسەردەمی لیبنزدا Leibniz، ڕێنماییەکانیش لە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی ئاکاری ناچنە دەرەوە، لەپاڵ ئەمەشدا کۆنفۆشیۆس باس لە کەلەپوری کۆنی چینیەکان دەکات. بەلاّم ئەوەی ئەم بانگە فراوانەی پێداوە رێنماییە ئاکارییە بالاّکانیەتی. ئەم رێنماییە رێزێکی گەورەیان بۆ خۆیان بەدەست هێناوە و لە چینیشدا خاوەنی دەسەلاّت بوون. ژیانی کۆنفۆشیۆس لەلایەن موژدەدەرێکی فەرنسی لەچینیەوە وەرگێڕدراوە[7]،لەم ژیاننامەیەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کۆنفۆشیۆس هاوسەردەمی تالّیس بووە، لە سەدەی شەشەمی پێش زاین ژیاوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش وەزیر بووە و دوایی وەزارمەکەی بەجیٚ هێشتووە و وەك فەلسەفەکاریٚ: لەگەڵ ئەو هاوڕیٚ و قوتابیانەیدا ژیاوە کە داوای ئامۆژگاریان لێکردووە. هەروەها ئەو گفتوگۆیانەشمان لا هەیە کە لەنێوان کۆنفۆشیۆس و شوێنکەوتەکانیدا کراوە، ئەمانەش هیچیان تیانیە جگە لەو چەمکە ئاکاریە باوانەی کە لەشێوەی بیروباوەڕێك یان تیورێکی ئاکاری دروستدا دانراون، ئەمانە کۆمەڵە چەمکێکن کە لەوانەیە لە هەموو شوێنێك و لەنێوان هەموو گەلاندا گوزارشتکردنێکی باشتر لەمەیان بۆ بدۆزینەوە. شیشرۆن

(6) کۆنفۆشیۆس: یەکەم فەیلەسوفی چینیە، سالّی ١٥٥ پ.ز لە ((مەملەکەتی لو) لەدایك بووە هەر لەوێش لەسالّی ٤٧٣ پ.ز مردووە، ناوەکەشی وێنەیەکی لاتینی (کونج- فو- تو)ی چینیە کە واتای (مامۆستا کونج) دەگەێنیٚ. لەخێزانێکی ئەرستۆکرسی کەوتووەتەوە، ماوەیەك پەروەرشتیاری منالاّنی چینی ئەرستۆکراسەکان بووە و ماوەیەکیش وەزیربووە، دوایی وازی لە هەموو ئەمانە هێناوە و بەرێنماییە ئاکاریەکانیەوە سەرقاڵ بووە. (المترجم).

(7) باباجان جوزیف أمیوت J.J.Aiot (١٧١٨- ١٧٩٣): موژدە دەرێکی فەرنسیە و خەڵکی جزوتیە، لەسالّی ١٧٤٠ بەرەو چین رۆیشتووە، کۆمەڵە کتێبێکی لەبارەی چینەوە نوسیووە، هەروەها ژیاننامەی کۆنفۆشیۆسیشی لەسالّی ١٧٨٦ وەرگێڕاوە. (المترجم).



کتێبێکمان بەناوی ((لەبارەی ئەرکەکانەوە..De office))[8] دەخاتە بەردەست، کتێبێکە کۆمەڵە ڕێنمایەکی ئاکاری دەگرێتە خۆی، کشتگیرتر و باشترن لەوانەی کە کتێبەکەی کۆنفۆشیۆس دەیانگرێتە خۆی. ئەو لێرەدا هیچ نیە جگە لەپیاوێك کە ڕێژەیەکی دیاریکراو حکمەتی زانستی و ئاینی هەیە، پیاوێك کە خاوەنی هیچ فەلسەفەیەکی تیۆرِی نیە. دەکرێت لەدوای خوێندنەوەی نوسراوە بنچینەیەکانی کۆنفۆشیۆس بگەینە ئەوەی بلّێین بۆ ناوبانگی کۆنفۆشیۆس باشتر وایە کە بە هیچ شێوەیەك کتێبەکانی وەرنەگێڕدرێت. ئەو لێکۆڵینەوەیەش کە جزویت پێی هەڵساوە زیاتر باسکردنە، لەوەی کە وەرگێڕانی ڕێنماییەکانی بێت.

(٢)بەلاّم بابەتی دووەمان ئەوەیە کە لەڕاستیدا چینیەکان، سەرنجی خۆیان ئاراستەی بیرە ڕوونەکان و کاتیگۆیریە پوختەکان کردووە،[9]ئەوان خاوەنی کتێبێکی کۆنن بەناوی (ی- کنج، یان کتێبی بنەماکان، ئەمەش بۆ بناغەی ئەم بیرانە دەست دەدات، کە پێکهاتووە لە حیکمەتی چینیەکان کە ئەوان لە بنچینەدا دەیدەنە پاڵ ((فوهی Fohi)). ئەوەی کە لەناو ئەم کتێبەدا ڕوایەت دەکرێت زۆر لە ئەفسانەکان و حیکایەتە خورافیەکانەوە نزیکە، نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆرجار هیچ مانایەکی نیە. خاڵی هەرەگرنگ لەم کتێبەدا ئەوەیە کە دۆزینەوەی تابلۆی کۆمەڵە ئاماژەیەك یان کۆمەڵە بچمێکی دیاریکراو دەدرێتەپاڵ خاوەنەکەی کە ئەمانەن (هو- تو Ho-To)[10]. ئەمانەی لەپشتی ئاژەڵێکی

(8) شیشرۆن گوتارخوێن فەیلەسوفی لاتینی (١٠٦-٤٣ پ.ز)، کۆمەڵە کتێبێکی لەبارەی سیاسەتەوە نوسیووە، وەك ((بارەی کۆمارەوە)) هەروەها لەبارەی ئاکاریش کتێبێکی وەك ئەو کتێبەی کە هیگڵ ئاماژەی پێدەدات نووسیوە و ناوەکەشی (ئەرکەکان)ە. کە لە مانگی دووەمی سالّی ٤٤پ.ز نووسیویەتی و ئەم کتێبە لەسەر شێوازی سەرزەنشتی کوڕەکەی کەناوی مەرقەسەر نووسیویەتی و کەوتووەتە ناو داوی بەدڕەوشتیەوە نووسیویەتی. (المترجم).

(9) بەراوردی بکە بەوەی کە هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا دەڵێت:((چینەکانیش... فەلسەفەی خۆیان هەیە بنەماکانی دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین هەروەك کتێبی ((ی- کنج y-king)) واتە کتێبی (ئەندازەکان) کە لەبارەی سەرەتا و کۆتاوەیە (واتە سەرەتاو کۆتایی شتەکان). گەر لەم کتێبەدا کۆمەڵە بیرۆکەیەکی پەتی لەبارەی یەکبون و دوانیەتیەوە هەبن، ئەوا وادەردەکەوێت کە فەلسەفەی چینی لە هەمان بنەمای بنچینەیی ئەو سەرچاوەیەوە سەرچاوەی گرتبیٚ، کە فەلسەفەی ڤیتاگورس سەرچاوەی لێوە گرتووە، محاضرات في فلسفة التأريخ (العالم الشرقی) ترجمة د.امام عبدالفتاح امام المكتبة الهيجية (المؤلفات) الناشر المكتبة مدبولی بالقاهرة. (المترجم).

(10) بەراوردەکە ((مێژووی چینیەکان لە سەردەمە زۆر دێرینەکانەوە کەوتووەتەوە، کە تیایدا فوهی Fohi بەناوی و بەهرەبەخشی کەلتور ناوبراوە. ئەمەش یەکەم پاڵنەر بووە بۆ ژیانی چینی، دەڵێن لە سەدەی بیست و نۆی پێش زایندا ژیاوە)) هیجل: محاضرات في فلسفة التأريخ (العالم الشرقي). المكتبة الهيجلية (المؤلفات) الناشر مكتبة مدبولی بالقاهرة.

سەیر و سەمەرە بینیوە، کە ئەسپێکە لەشێوەی ئەژدیهادایە و ڕۆژێك لەڕۆژان لە دەریا دێتە دەرەوە،[11] ئەم تابلۆیە کۆمەڵە هێڵێکی تەریبی یەك لەسەر یەك دەگرێتە خۆی، کە مانایەکی ڕەمزیان هەیە و ئەو دەیانگوازێتەوە بۆ گەلەکەی، چینیەکان لەبارەی ئەم تابلۆیەوە دەڵێن: ئە هێڵانە لەبری بنچینەکانی ئاکاریانە و هەروەها فەلسەفەشە بۆیان. ئەم ڕەمزانەش کۆمەڵە کاتێگۆریەکی تەواو ڕووتن و لەسەر بناغەی ئەمانەش بالاترین دیاریکردنەکانی تێگەیشتنی ڕواڵەتیانە دادەمەزرێت و ڕێکدەخرێت، بێگومان هەر دەبێت وا سەیریان بکرێت کە کۆمەڵە بیرێکی پوختن و لەبەردەم هۆشیاریدا دەرکەوتوون، ئێمە لەم بارەدا هەرکاتێك لەبارەیانەوە دوایین ناتوانین هیچ پێشکەوتنێك لەمەدا بەدەست بێنین بەڵکو بەجێگری لە شوێنەکانی خۆماندا دەمێنینەوە و ناجولێین، عەینی لای ئەوان لە ئاستێکی تیۆریدا دەرکی پێناکرێت، بەڵکو درێژکراوەی ئەو بیرە بلاو و باوانەیە و بەپێی شێوە خۆنوێنەرەکان و شێوەکانی پەیبردنی هەستەکی گوزارشتی لێدەکەن. ئەمەش بە شێوەیەکە کە پێویست ناکات ئێمە لەم کۆمەڵە بنەما عینانەی ناو یەك نموونە، وێناکردنێکی هەستەکیانەی هێزەکانی سروشت یان هێزەکانی گیان ببینین.

بۆ تێرکردنی ئارەزووی زانینمان، ئەم بنەمایانە بەشێوەیەکی فراوانتر دەهێنمە ناو باسەکەوە:

دوو شێوە بنچینیەکە ئەمانەن: هێڵێکی ئاسۆیی (—یانج)، هێڵێکیش کە دابەشکراوە بۆ دوو هێڵی یەکسان (– –ین) (هێڵی یەکەم ناوی یانجە واتای یەکبوون دەگەیێنێ، دووەمیش ناوی (ین)ە و مانای دوانەتی دەگەیێنیێ) هێڵی یەکەم: کاملترە و باوکە و لەپیاو دەچێت. بەلاّ هێڵی دووەم کەمکورتە و دایکە و لە ژن و دوانیەتی و سەلب دەچێت. چینیەکان زۆر بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئەم ئاماژانە و بە بنەمای هەموو شتەکانیان دەزانن. لەم رەمزانەش چوار شێوەیان دروستکردووە کە چوار وێنەکەی و دەگەڕێتەوە بۆ دوو هێڵی تەریبی لەم جۆرە:

— — —— — — ——

—— — — —— ——

---

وادەردەکوێت کە فوهی میرێکی کۆنی ناو میرەکانی کەلتوربێت، هەر لەبەر ئەمەش لە باوانەکانی گەلی چینی دادەنرێت. (المترجم

(11) بڕوانە: ((کتاب ذکریات عن الصینین)) تألیف الآب أمیوت Perae J.J Amiot في مجلدین باریس عام ١٧٧٦ ص ٣٦١ من جلد الآول. من تعلیقات المترجمة الآنجلیزیة الیزابیث هولدین المجلد الآول ص١٢. (المترجم).



(١) (٢) (٣) (٤)

شێوەی یەکەم یانجی گەورەیە و شێوەی دووەم یانجی بچووکە، بەلاّم سێهەمیان ینی گەورەیە و چوارەمیان ینی بچووك[12].مەغزای ئەم چوار شێوەیەش بابەتی تەواو ناتەواوە. ئەو دوو شێوەیەی کە بە یانج (ی گەورە و بچووك) ناودەبیرێت بە تەواوەوە پەیوەستن: شێوەی یەکەم گوزارشت لە کاتیگۆری هێز و گەنجیەتی دەکات، دووەمیش لەبارەی هەمان بابەتەوەیە بەلاّم گوزارشت لە پیریەتی و پەکەوتەیی دەکات. بەلاّم شێوەی سێهەم و چوارەم کە (ین) تیایاندا دەبێتە بنچینە بە ناکاملّ و ناتەواوەوە پەیوەستن، سەر لەنوێ لەوێشدا دیاریکردنی گەنجیەتی و پیریەتی و بەهێزی و لاوازی هەیە. کاتێك کە ئەم هێلانە سیانیانە ڕێکدەخرێن بە شێوەیەی خوارەوە هەشت شێوە یان ڕەمزیان لێپێکدێت کە بە کوا kua ناودەبرێت.

— — — — — — ——

— — — — —— ——

(١) (٢) (٣) (٤)

— — —— — — ——

— — — — —— ——

— — — — — — — —

(٥) (٦) (٧) (٨)

دواتر ئەم شێوانە یان ئەم کوانە kua باس دەکەم، تەنها بۆ ئەوەی ئاستی بێمانایی رووکەشیان دەرکەوێت.

- ڕەمزی یەکەم کە یانجی گەورە دەگرێتە خۆی، یانجیش ئاسمانە Tienیان ئەو ئەتمۆسفیرەیە کە هەموو شتێکی پۆشیوە. ئاسمان لای چینیەکان واتە ئەوەی بالاّتر و بەرزترە، ئەمەش سەرچاوەی

---

(12) سەرنج بدە چۆن شێوەی یەکەم گوزارشتە لە دوو هێڵی تەریب و شێوەی دووەمیش لە هێڵێکی ڕێك لەخوارو هێڵێکی کەرتکراو لەسەر پێکهاتووە، و شێوەی سێهەمیش هێڵی سەرەوە ڕێکە و هێڵی خوارەوە کەرتکراوە، شێوەی چوارەمیش لە دووهێڵی کەرتکراوی سەروخوار پێکهاتووە. (المترجم).

دابەبەشبوونێکی نێوان موژدەدەرەکان بوو لەسەر زانینی ئەوەی کە ئایا پێویستە لەسەریان کە بەخوای مەسیحیەت بڵێین (تیان Tien) واتە ئاسمان، یان نا.

- رەمزی دووەم ئاوی پاکە Tui
- رەمزی سێهەم ئاگری پەیتیە li
- رەمزی چوارەم هەورەبروسکەسە Tschin
- رەمزی پێنجەم بایەSium
- رەمزی شەشەم ئاوێکی ئاساییە Kuan
- رەمزی حەتەم شاخەکانن Ken
- رەمزی هەشتەم زەوی یان خۆڵە Kuen

ئێمە بەشێوەیەکی یەکسان سەیری: ئاسمان و هەورەبروسکە و باو ئاو شاخ ناکەین. بەم شێوەیەش دەکرێت بنچینەیەکی فەلسەفیمان بۆ هەموو ئەو شتانە دەست دەکەوێت کە لەم بیرە ڕوونانەوە سەرچاوەیان گرتووە: بیرەکانی یەکبوونی ڕەها. --- هەموو ڕەمزەکانیش خاوەنی خاسیەتی ئاماژەن بۆ بیرەکان و خواستنی دەلالەتەکان، لەسەر بنچینەی ئەم شێوەیەش ئەم شتانە هەن و لێرەدا ئامادەن. بەم شێوەیە بیر سەرەتای یەکەم دروستدەکات، بەلاّم دوای ئەمە بەرەو ئاسمان دەفرێت و فەلسەفەش لەگەلّیدا دەڕوات. بەپێی ئەمە، ئەگەر چی فیندشمان Windischman[13] لە لێکدانەوەی خۆیدا پەی بەوە بردبێت کە لەرێبازی کۆنفۆشیۆسدا، بەناویەکداچوونێکی تەواو لەنێوان کوا Kua و هەموو زنجیرەکەیدا هەیە، بەلاّم هەر دەبێت باسی ئەوە بکەین کە یەك تۆسقاڵ لەبیرۆکەی سەراپاگیر لەناو ئەم ڕێبازەدا نیە.

هێڵەکان ٤٦ شێوە بەرهەم دەهێنن، ئەگەر هاتوو زیاتر لەمە لەناو چوار کۆمەڵەیەدا یەکیان گرت- چینیەکان بە بنچینەی ئاکارەکانی خۆیانی دەزانن، ئەمە ئەگەر هاتوو زانیمان هێڵی تری ستونی بخەینە سەر هێڵە راستەکان و دواتریش ئەمانە بە ئاراستە جیاجیاکاندا مەیلان بن.

هەر لێرەشدا لە کتێبەکەی ((تشو-- کنج))دا بەشێك لە حیکمەتی چینی هەیە، کە لەناو ئەو پێنج توخمانەدا دەردەکەوێت، کە هەموو شتێکیان لێ دروست بووە. ئەم توخمانەش ئەمانەن: ئاگر، ئاو،

---

(13) لە کتێبەکەیدا ((الفلسفة عبر تاريخ العالم)) عام ١٨٢٧ ص١٥٧.

تەختە، کانزا، خۆڵ. ئەمانە هەموویان بەشێوەیەکی تێکەڵ دەبینێ، هەر ئەمەشە کە پێویستە لەسەرمان-ڕێگەیان پێ نەدەین کە ببنە بنەما- زیاتر لەوەی کە لە پێشتر کردمان.

لە کتێبەکەی (تشو—کنج)دا، ڕێسای یەکەم لە یاسادا، بە پێنج توخمەکە ناودەبرێت. بەڵام ڕێسای دووەم ئەو تێبینیانەن کە لەچوارچێوەی ئەم توخمانە باس دەکرێن، پاشان درێژە بە لێکدانەوەکانی خۆی دەدات. ئەمەش لەلای چینیەکان سروشتی پەتیەتی هەمەکییە و ئەمەش درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی کە عەینییە، سەرەڕای ئەمەش ئەمە تەنها بەپێی سیستەمێکی دەرەکی ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی هەست پێکراو بگرێتە خۆی. ئەمەش بنەمای هەموو حکمەتێکی چینیە و بنەمای هەموو بابەتەکانی لێکۆڵینەوەشە لەچیندا.

(٣)لەگەڵ ئەمەشدا لێرەدا تاقمێکی تری، جیا هەیە کە بە ((تاو-سی Tao-see)) ناودەبرێت، شوێنکەوتەکانی ئەم تاقمە نە ماندرین Mandatin[14] نەسەربەئاینی بۆزایین[15]، و نە لامبین[16]. ئەو پیاوەش کە ئەم فەلسەفەیەی دامەزراندووە و بەدرێژایی ژیانیشی پێیەوە پەیوەست بووە، لاو-تسی Lao-tseیە[17]، کە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش لەدایك بوونی مەسیح ژیاوە و لە کۆنفۆشیۆس کۆنترە. نوێنەری قەتابخانەیەکی سیاسی بووە- واباسدەکرێت کە کۆنفۆشیۆس چووە بۆلایی دواوای ئامۆژگاری و مەشورەتی لێکردووە. کتێبەکەی ((لاورتسی)) ناوی ((تاو-کنج-Tao-king))ە ئەم کتێبە کە هەڵگری ناوی ((کنج))ن. و دەسەڵاتی ئەوانیشی نیە، ئەگەر چی کتێبێکی گرنگش بێت لای

(14) ماندرین Manderin وشەیەکی پورتوگالیە و مانای فەرمانڕەوا دەگەیێنێ، پاشان ئەوروپیەکان وەك نازناوێك بۆ گەورە فەرمانبەرانی مەدنی و سەربازی ئیمپراتۆڕیەتی چینی کۆن بەکاریان دەهێنا، ڕژێمی مەندرین ڕژێمێکی بنچینەیی چینی کۆن بووە و کراوەتە نۆ پلە و هەر پلەیەکش بە پشتێنەیەکی ڕەنگدار کە کراوەتە سەر شەپقە نیشاندراوە، بۆ هەموو چینەکانی گەلیش، فێرکردن و تاقیکردنەوە هەبووە، لەوانەشە چینی ڕۆشنبیرانیش هەبووبێت. (المترجم).

(15) لەوانەیە لەساڵی ٦٥ زایینیدا بوزیت لە هیندستانەوە بۆ چین ڕۆیشتبێ، لە کاتێکدا یەکەم کەس لەمێژووی بوزیەتی چینیدا (شیەکاو) بووە، لەساڵی ٤٨ زاینی کتێبی پیرۆزی بوزیەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی چینی (راجع المعتقدات الدينية لدى الشعوب ترجمة د.امام عبدالفتاح امام- الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم).

(16) وشەی Lama واتە موریدی ڕۆحی یان ڕاهب و لامییەت Lamaism، کە شێوەکە لە شێوەکانی بۆزیەت بەتایبەتی بوزیەتی تبت کە لە دەوروبەری ساڵانی ٧٥٠ز سەری هەڵداوە- وشەی دالای Dalai واتە گەورە، دالالای لاما نازناوێکە لە زەعیمی ڕۆحی تبت دەنرێت. (المترجم).

(17) لاونز (٦٠٤- ٥٣١ پ.ز) فەیلەسوفێکی چینیە و بە دامەزرێنەری تاویەت Taism دادەنرێت و شتێکی ئەوتۆش لەبارەی ژیانیەوە نازانرێت. دەوترێت کۆنفۆشیۆس- کە گەنج بووە- چووە بۆلای و ئەویش پێی سەرسام بووە و چواندویەتی بەو ئەژدیهایەی کە وەك باو و هەور هەڵدەکات. (المترجم).



تاوییەکان یان شوێنکەوتەکانی عەقڵ[18]. ئەو ڕێسایەی لەژیاندا ئەوان لەسەری دەڕۆن بە-تاو -Tao Tao ناوی دەبەن کە واتای پاراستنی فرمانەکان و یاساکانی عەقڵە. ئەمانە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی عەقڵ و بۆ ئەوەش چوون کە کەسێك عەقڵ لەسەرچاوەکەی خۆیەوە بناسێت، دەبێتە خاوەنی جیهانی هەمەکی و دەبێتە خاوەنی چارەسەرکردنی هەموو نەخۆشیەکان و هۆکاری هەمەکی ڕزگاربوون و فەزیلەتی تەواو. ئەم کەسە دەبێتە خاوەنی هێزی بوونی سەرخستنی سروشت و توانای ئەوەی دەبێت کە بەرزببێتەوە بۆ ئاسمان و لە بۆشایدا بفرێت و قەتیش نەمرێت..هتد[19].

قوتابیەکانی لاو-تس پێیان وایە کە مامۆستاکەیان ((بودا))یە. ((بوودا)) مرۆڤێك بوو وایکرد کە خودا هەبوویەکی بەردەوام بێت. تائێستاش کتێبە سەرەکیەکانی لاو-تس لەلامان هەیە، کە گوازراونەتەوە بۆ شاری ڤیەننا Vienna، و من خۆم ئەم کتێبانەم لەوێ بینیووە، ((تاویش Tao))بەبێ ناو، سەرەتای ئاسمان و زەوییە وەدەکرێت ئەم ناوە بەناوی دایکی گەردوون ناو ببرێت و لە حاڵەتە ناتەواوەکەیدا نەبێت بە ئارەزووەوە پەیوەست نابێت، کەسێکیش کە بیەوێت بزانێت، پێویستە لەسەری واز لە ئارەزوو و هەڵچوونەکانی بهێنێ[20].

ئابل ڕیمۆزا Abel Remusat[21] دەڵێت باشترین گوزارشت لەمە زاراوەی یۆنانی (نوس nous). (یان عەقڵ)ە. ئەو دەقە ناودارەش کە زۆرینەی پێشینەکان وەرگرتەیان لێ وەرگرتووە ئەمەیە ((عەقڵ یەکی دروستکرد و یەکیش دووی دروستکرد دووش سێی دروستکرد، بەڵام سێ هەموو جیهانی

(18) تاو Tao وشەیەکی چینییە و واتای ڕێگا یان ڕێڕەو یان ڕێ دەگەیێنێ، مەبەستش لەمە شێوازی ژیان و گرتنی ڕێگای ڕاستە بەرەو ئاسمان، هیگڵ ئاماژە بەوە دەکات کە مانای عەقڵیش دەگەیێنێ، بۆیە شوێنە کەوتەکانی بە ((شوێنکەوتەکانی عەقڵ)) ناسراون. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە حەزیان لە تێڕامانی سۆفیانە هەبووە. (المترجم

(19) بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەی ئابل ڕیمۆزا J.P.Abel Remusat یاداشتگەلێك لەبارەی ژیانی لاوتسەر و ڕاو بۆچونەکانی، ژمارەیەك لە نوسراوی لەبارەی چینەوە هەیە،لەوانە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی زمان و ئەدەباتی چینی ((ساڵی ١٨١١))، بنەماکانی سینتاکسی چینی ساڵی ١٨٢٢، هەروەها ((مێژووی بوزەت))یش، کە لەدوای چوارساڵ پاش مردنی لەساڵی ١٨٣٦ بلاّو بووەتەوە (المترج).

(20) دەلیجە لە کتێبەکەیدا (ئایینە چینەکان) دەڵێت:(( (تاو) ناوی کەسێك نیە، بەڵکو ناوە بۆ چەمکێك یان بیرۆکەیەك)). ئەو زاوە ئینگلیزییە گونجاوەش کە پێشنیاری دەکات ((ڕێڕەو))ە بەواتای ((ڕێباز). تێبینیەکە لە وەرگێڕانە ئینگلیزەکەی ئیلیزابێت هۆڵدین لا١٢٤. (المترجم).

(21)

دروستکرد))[22] موژدەدەرە مەسیحیەکان شتێك لەم دەستەواژەیە دەبینن کەسایەتی مەسیحیەتمان بیردەخاتەوە. ((گەردوون لەسەر بنەمای تاریکی ڕاوەستاوە (واتە لەسەر بنەمای تەمومژی) بەڵام گەردوون بنەمای نور دەگرێتەوە)) یان ((بەئەتمۆسفیر دەورەدراوە)). بەڵام دەکرێت ئەم دەستەواژەیە پێچەوانەش بکرێتەوە، چونکە زمانی چینی زۆر ورد نیە و تەنانەت پێشناو (ئامرازی پەیوەندی)یشی نییە و وشە لەپاڵ یەکدا ڕیز دەکات و یان دەیانخاتە پاڵ یەکتری. بەڵام لە هەمان ناکۆییدا بڕگەیەکی تر هەیە کە هەڵگری ئەم مانایەیە: ((ئەوەی کە سەیری دەکەیت و نایبینی منە یان ئەوەیە کە پێی دەوترێت من، ئەوەش کە دەیبیستی و لێی تێناگەیت پێی دەوترێت ئەو Hi، ئەوەش کە بەدەست بەشوێنیدا دەگەڕێیت و ناتوانیت بیکریت بە Wei ناو دەبرێت، تۆ پێی دەگەیت و سەری نابینی و تۆ لە پشتیەوە دەڕۆیت و پشتی نابینی)). ئەم دەستەواژەیە لێکدژانە پێیان دەوترێت ((زنجیرەی عەقڵ)). شتێکی سروشتیە گەر بیر لەم وەرگرتنەی بڕگە چینیەکە بکەینەوە. ئەمە زۆر نزیکە لە وشەی جوبا Jubuaی ئەفریقایی کە ناوی پاشاکانی مۆریتانیایە و هەر ئەمەش جوفز Hevisە. ئەم پیتانەش T.H.Wدوای ئەمە پەرەیان سەندووە تا لەلای هەندێك لە ڕاڤەکەران واتای : بۆشایی ڕەها بگەیێنێ کە عەدەمە و باڵاترین شتە لای چینیەکان و بنەمای بنچینەیی عەدەمە یان بۆشاییە و نادیاریکردنێکی ڕەهایە یان هەمەکیەتیەکی پەتییە. هەروەها لای ئەوان ((تاو Tao)) یان ((عەقڵ))یشی پێ دەوترێت. کاتێك کە یۆنانیەکان بۆ ئەوە چوون کە ڕەهایە، یان کاتێك کە لە سەردەمی نوێیدا بیرمەندەکان بۆ ئەوە چوون بڵێن بوونێکی باڵایە و بەمەش هەموو دیاریکردنێکی لێ داماڵراوە و کردویانە بە بوونێکی پەتی و ناشتێکە کە ناکرێت هیچی لەبارەوە بڵێین جگە لە خودی ئەم سلبە بەڵام بەشێوەیەکی ئیجابی. ئەگەر هاتوو فەلسەفە لەتوانایدا نەبێت باز بەسەر ئەم گوزارشتانەدا بدات، ئەوا هەر بە وەستاوی لەم قۆناغە یەکەمیەدا دەمێنێتەوە (قۆناغی فەلسەفەی چینی) پاشان ئەوەی کە لەم هەموو ڕێنماییانەدا بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە چییە؟!

(22) ئەم بڕگەیە بۆ ئەو موژدەدەرە مەسیحیانەی کە سەردانی چینیان کردوو زۆر بایەخدارە و ئەوان زۆرجار وتوویانەتەوە. (المترجم).



## دووەم: فەلسەفەی هیندی

ئەگەر ئێمە پێشتر بەوە ڕازی بوین، باوەڕ بەو گوتەیە بهێنین کە دەڵێت حکمەتی هیندی زۆر لە کۆنەوە ڕیشەکان خۆی داکوتاوە و بەهۆی ئەمەشەوە ڕێزیکی زۆرمان لێنابێت، بەڵام ئێستا دوای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵە نوسراوێکی فەلەکی گەورە، گەیشتوینەتە ئەوەی کە لەبارەی ئەو کەسایەتیانەی بۆئێمەیان باسدەکەن وردبین نین، لەلای هیندیەکانیش نەبێت شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ و پڕ کەم و کورتی لەم جۆرە لەڕێکخستنی ڕووداوەکان نابینینەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلی هیندی گەیشتووەتە پلەوپایەی گەورەی کلتوری لە جیهانی کلتوردا، لە گەردووناسی و لە بیرکاری...هتددا بەڵام لە زانستی مێژوودا کەم توانایە، واتە لەناو ئەم مێژووەدا توانا و پەیوەست بوونی نییە. وا گومان براوە کە ئەمە لەسەردەمی یەکەم لە ڕۆژگاری شافکرامیدتیا Wikramaditya ڕوویداوە، کەوەك وتراوە لە دەوروبەری ٥٠ی پ.زدا ژیاوە و لەسەردەمی ئەودا کالیداسای Kalidasa[23]ی شاعیر ژیاوە، کە نوسەری شاکونتالایە Sakntala[24]. بەڵام لێکۆڵەرە نوێکانی ئێمە، ئەوەیان دەرخستووە کە پاشای زۆر هەبوون هەڵگری ناوی ((فکرامیدتیا)) بوون و لەوانەشە ژمارەیان لەشەش پاشا زیاتربێت. هەر بەهەمان شێوەش پشکنینێکی ورد ڕۆژگاری ئەم شایە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی یانزەی زاینی. هیندیەکان تابلۆیەکی دوور و درێژی شاکانیان و ڕێژەیەکی زۆر لەناوەکان دەخەنە بەردەستمان، بەڵام هەموو شتێك لەلای

(23) کالیداسا ....Kalidasa: شاعیر و شانۆنامە نوسێکی هیندیە، لە سەدەی پێنجەمدا پێی زانراوە، بە گرنگترین کەسایەتی ئەدەبی سانسکریتی کلاسیك دەزانرێت، ئەوەی کەلە نوسراوەکانی ماوەتەوە سێ شانۆنامەیە کە ناودارترینیان شاکونتالایە، دوو داستانیشی هەیە کە لێوڕێژن لە جوانی سروشت و ئاوێتەیە بوونی بەچەند دیمەنێکی جەنگ. کورتە شییعری لیریکیشی هەیە، ناودارترین قەسیدەشی: هەورەکان و پەیامبەر و ڕیتۆسمها-یە کە تیایدا باس لە وەرزەکانیساڵ دەکات بەپێی ئەو دابەشکردنەی کە لەلای هیندیە کۆنەکان هەبووە

(24) شاکۆنتالا: شانۆنامەیەکی شاعری هیندی کالیداسایە، بەسەرهاتی کچێك دەگێڕێتەوە کە پاشایەك دەیهێنێت و پاشان فەرامۆشی دەکات، تا ئەوکاتەی بەڕێکەوت ئەو ئەنگوستیلەیە دەدۆزێتەوە کە کچەکە لەدڵی ماسیەکدا پێی داوە، بابەتە سەرەکیەکەی ئەمەیە، خۆشەویستی جیابوونەوە بە دوژمنایەتی، بەیەکگەشتنەوە بە ڕێکەوتنێکی خۆش. (المترجم).

ئەوان تەمومژاوییە.

ئێمە دەزانین چۆن شکۆمەندی کۆنی ئەم وڵاتە گەیشتە دوا ڕێزلێنانی خۆی، تەنانەت لەناو یۆنانیشدا،ئەوان حکیمەکان یان فەیلەیوفەکان وئەربابەکانی ڕێگای تەسەوفیان Gymnosophists[25] ناسیووە کە پیاوانێکی ناوازەبوون. هەرچەندە لەلای خەڵکیش بەناوی تری (وەك مسکینە هیندیەکان) ناو برابن، کە ژیانی خۆیان بۆ تێڕامان تەرخان کرددوە و لەژیانی دەرەکی دوور کەوتوونەتەوە و پاشان سەری خۆیان هەڵگرتووە و پشتیان لە وڵات و کردووە و ژیانی سەختی تاکانە یان کۆمەڵیانەیان ویستووە. ئەمانە لەشوێنکەوتەکانی ڕێبازی کەلبی Cynice چوون لە یۆنان، بەڕادەی ئەوەی کە وادانراوە فەلسەفە لەم جۆرە لە پەتیەتیدا بوونی هەیە، ئەم پەتیەیتە سمیایەکی بنچینەیە لای هیندیەکان و پێویستە بیخەینەڕوو بەدوایدا بڕۆین.

کەلتوری هیندی پەرەی سەند تا گەیشتە پلەیەکی باڵا کە زۆر درەوشاوە و پرشنگدارە. بەڵام فەلسەفەکەی لەیەك شوناسدا لەگەڵ ئایندا یەکدەگرێت. هەروەك چۆن ئەو بابەتانەی کە لە فەلسەفەدا سەرنجی بۆ ڕادەکێشرێت، هەر هەمان بابەتن کە لەئایندا جێگەی یەکەم سەرقاڵبوونی ئاینن. هەر بە هەمان شێوەش دەبینین کتێبی پیرۆز یان ڤیدا Veda بنچینەی گشتی فەلسەفەکەیانە.

ئێمە بەباشی شارەزای کتێبەکانی ڤیداین، کە بەشێوەیەکی تایبەت ئەو دروودانە دەگرێتە خۆی کە ئاراستەی نواندنە جۆراوجۆرەکانی خواوەندەکانن و هەروەها ئامۆژگارینلەبارەی خووڕەوشت و و قوربانیکردن...هتد. ئەم کتێبانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی تەواو جیاوازو زۆر لەبەشەکانی تەواو کۆنن و بێگومان بێگومان هەندێکی تریان هە کاتێکی درەنگترن. نمونەی ئەمەش پەرستنی خوا فیشنۆ Vishnuیە. ((ڤیدا))بە هەمان شێوە بناغەی فەلسەفە هیندیە مولحیدەکانیشە. کە کۆمەڵە فەلسەفەیەکن بەهیچ شێوەیەك پێویستیان بە خوداکان نیە. ئەمانەگرنگیەکی گەورە بە کتێبی ڤیدا دەدەن ئەگەرچی ڕاڤەکانیشیان ڕەڤەکردنێکی تایبەتن، چۆن تەسکولائی بە مەسیحیەت و بیروباوەڕەکەی دەبەسترێتەوە، کە پێشتر گریمانە کراوە وەك بناغەیەك بۆ بیروباوەڕی کەنیسە بەهەمان شێوە فەلسەفەی هیندیش بە ئایینەوە دەبەسترێتەوە راڤەکردنەکانیشی میتۆلۆجیا و شێوەی بەرجەستەبوون و تاکبوونەوە دەگرێتە خۆی، کە لەگەڵ ئەمەشدا وا گومان دەبرێت کە لەڕووی

(25) لەدووبەش پێکهاتووە Gymmo واتە ڕووت لەگەڵ Sopits واتە دانا، کە دەکاتە دانانی ڕووت و ڕەجاڵ، یەکێکە لە بیرمەندە هیندیە کۆنەکان، یان هاودەمی ئەو تاقمە فەلسەفیە هیندوسیەیە کە بەوڵاتدا بەڕووت و ڕەجاڵی دەگەڕێن و خۆیان دەدەنە دەم شەپۆلی تێڕامان و ئەندێشە. زۆر جاریش کۆمەڵە ڕاهیبێکی گەریدەن. (المترجم).



هەمەکیەت و ئایدیالیەتەوە هێڵێکی دژ بە فەلسەفەی وەرگرتووە، بەڵام لێرەدا بە مانایەکی دیاریکراو سەیری بەرجەستەبوون ناکرێت، بەڵکو هەموو شتێك تیایدا بەشداری دەکات، هەروەك ئەوەی خۆی بە تاکیەتی دیاری بکات و خێرا هەڵگەڕێتەوە و لەناوجەرگەی هەمەکیەتدا بزربێت.ئەو بیرۆکەیە هیندیەش کە هیندیەکان بە گوزارشتێکی زۆر گونجاو گوزارشتیان کە هیچ شتێك نییە جگە لەیەك کرۆکی هەمەکی. ئەم کرۆکەش دەکرێت بەڕێگەیەکی پەتی یان بەڕێگەیەکی عەینی سەیربکرێت، هەموو شتێك لەو دەردەچێت و هەر لەویشەوە سەر هەڵدەدات . باڵاترین پلەش کە دەکرێت مرۆڤ پێی بگات ئەوەیە، لەناو ئایندا-وەك هوشیاریەك- بگاتە پلەی شوناس و یەکبوون لەگەڵ ئەم کرۆکەدا، ئەمەش لەڕێگەی خواپەرستی و قوربانی بەخشین و قوربانی کردن و کردەوە سەختە تایبەتەکان و بەپاکبوونەوە یان لێخۆشبوونی گوناهەکان، یان لەفەلسەفەدا لەڕێگەی پەتیەتی بۆ بیری پوخت وەدێ دێت.

ئێمە لەماوەیەکی زۆر نزیکدا بۆ یەکەمجار زانیاریەکی دیاریکراومان لەبارەی فەلسەفەی یەکەمی هیندیەکان دەست کەوتووە، ئێمە لەڕێگەی بیرە ئاینیەکانەوە بەشێوەی بنچینەیی لێی تێگەیشتووین (ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر لە هەزارساڵە باس لە فەلسەفەی هیندی دەکرێت) کۆمەڵە پیاوێکی ئێمە لە سەردەمی نوێدا شارەزاییان لە کتێبە فەلسەفیە ڕاستەقینەکاندا پەیداکرد، کولبروك Colebrooke[26] بەشێوەیەکی تایبەت کۆمەڵە وەرگرتەیەکمان لەدوو کتێبی فەلسەفی هێندی بۆ وەردەگرێت[27]. ئەمەش بەگوێرەی ئێمە دەبێتە یەکەم بەشداریکردن لەوەدا کە پێی دەوترێت

(26) هنری تۆماس کوبروك (Henry Thomas Colebrooke) (١٧٦٥- ١٨٣٧). ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، لەساڵی ١٧٨٢ تا ١٨١٤ لە هیند خزمەتی کردووە، هەڵساوە بە وەرگێڕانی تەواوی دەقە هیندیەکان بەناونیشانی ((هەڵبژاردەیەك لە شەریعەتی هندۆسەکان)، ئەم کتێبە لەساڵی ١٧٩٨ لەچواربەرگدا چاپکراوە، هەروەها کتێبێکیشی بەناوی زانستی سیینتاکسی سەنسکرتی لەساڵی ١٨٠٥ نوسیوە لەساڵی ١٨٠٨یش فەرهەنگێکی ئامادە کردووە. کۆمەڵە نووسینێکی لەبارەی هیندوسیەت و بیرکاری و فەلسەفەوە هەیە و کتێبێکیش بەناوی ((لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ڤیداوە)) لەساڵی ١٨٠٥ نوسیوە. (المترجم).

(27) منشورات الجمعية الآسيوية الملكية في بريطانيا العظمى و ارلندة- المجلد الاول، الجزء الاول- لندن عام ١٨٢٤ ص١٩-٤٣ (بەشی دووەی لەبارەی فەلسەفەی هیندیەوە، هنری تۆماس کولبروك کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە) لە ٢١ یونێۆی ١٨٢٣ نوسیویەتی- الیزابیث هولدن (المترجم).

فەلسەفەی هیندی. ئەوەش کە فریدریش فۆن شلیجل[28] لەبارەی حکمەتی هیندیەوە وتوویەتی تەنیا لە بیرە ئاینیەکانی ئەوانی وەرگرتووە، ئەمەش لە یەکەمین بیرمەندانی ئەڵمانە کە سەرنجی فەلسەفەی هیندیان داوە، سەرەڕای ئەوەش کتێبەکەی بایەخێکی کەمی هەیە، چونکە ئەو کە هیچ شتێکی نەخوێندووەتەوە جگە لە پێرستی کتێبی رامایانا Ramayana[29]. بەپێی ئەو وەرگرتانەی کە پێشتر لێیان دوایین، لەلای هیندیەکان ڕێبازی فەلسەفی کۆن هەن، کە ئەوان بەشێکیان بەڕاست دەزانن و شارەزای بوون، ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ ڤیدادا هەماهەنگە، هەروەك چۆن کۆمەڵە فەلسەفەیەکی تری هەن کە بە پەرت و بڵاویان دەزانن، چونکە لەگەڵ ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆزدا وێکنایەنەوە. بەشی یەکەم کە بە دروستی دادەنێن و شارەزاییان لێی هەیە، هیچ ئامانجێکی نیە جگە لەوەی ئەو پوختەیەی کە ڤیدا دەیخاتە ڕوو ئاشکراو ڕوونتری بکات یان هەندێك لە دەقەکانی ئەم کتێبە بنچینەیە دەبڕن بۆ ئامادەکردنی ((دەروونناسی)) تیژبینی، ئەم ڕێبازەش بە میمنسا Mimunsa[30] ناو دەبرێت، ئەمەش دوو قوتابخانەی لێ وەدی هاتووە، لێرەدا کۆمەڵە ڕێبازێکمان هەیە کە دەکرێت لەم قوتتابخانەیە جیا بکرێتەوە، لەناو ئەوانیشدا دوو ڕێبازی سەرەکی هەیە: ڕێبازی نیایا-NYAYA[31]، پاشان ڕێبازی سانخیاSanchya[32] پاشانیش ڕێبازی سانخیا دابەشدەبێت بۆ دوو ڕێباز، هەرچەندە ئەم دوو ڕێبازە تەنها لە شێوەدا جیاوازن، قوتابخانەی نیایا

(28) فروریش فۆن شلیجل (١٧٧٢- ١٨٢٩): شاعیر و ڕەخنەگرکی ئەڵمانیە، لە دەرکردنی گۆڤاری ئەسینادا هاریکاری کردووە، بەشداریەکی باشیشی لەدانانی بنچینەی فەلسەفی بزوتنەوەی ڕۆمانسیەتی ئەڵمانیدا کردووە. (المترجم).

(29) ڕامایانا واتە چیرۆکی ڕاما. داستانکی سەنسکریتیە، پاڵەوانیەتەکانی ڕامای پاڵەوان دەگرێتەوە، ئەمە دوای ئەوەیە کە خواوەند فیشنوتیادا، بەرجەستە دەبێت لەپیێناوی ئەوەی عەرشە زەوتکراوەکەی بگەڕێنێتەوە، هیندیەکان بەکتێبی پیرۆزی خۆیانی دەزانن و بە کۆنترین و گەورەترین داستانی هیندی دەژمێردرێت. (المترجم).

(30) میمنسا Mimansa وشەیەکی سەنسکرتیە و واتای حەرفیەکەی لێکۆڵینەوەی ڕیتواڵەکانە، لە هیندۆسیەتدا قوتابخانەیەکە بۆ ڕاڤەکردنی ڤیدا، بووە بە دوو قوتابخانەی لوجیك و تیۆری مەعریفە (المترجم).

(31) نایا Nyaya قوتابخانەیە کە شەش قوتابخانەکە یان شەش ڕێبازەکەی هیندوسییەت، گرنگی بەلوجیك دەدا و بۆ ماوەی هەزار ساڵ درێژەی کێشاوە، وشەی نیایای سەنسکریتیش واتای بەڵگەکاری و بەڵگە هێنانەوە دەگەیێنێ یان ڕێگایەك بۆ ڕێنمای کردنی عەقڵ، دانەری ئەم ڕێبازە ناوی جوتامەیە Gautama، ئەو دەڵێت ئامانجی ئەوەیە کە لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕێك و پێکەوە نیرڤانا وەدی بهێنێ. (المترجم).

(32) سانخیا Sanchya ڕێبازێکی فەلسەفیە- یەکێکە لە شەش ڕێبازەکە و گیان و مادە لە بەرامبەر یەکتر ڕادەگرێ و پێی وایە گیانە تاکەکان بێ پایان و تاکانانەن ڕزگاربوونیش پشت بەگێڕانەوەی یەکەم پاکی گیان دەبەستێت کە دوورە لەمادەوە. (المترجم).



پەرەسەندنێکی زۆر گەورەی بەخۆیەوە بینەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەو ڕێساو بەڵگەکاریانەشی خستۆتە بەردەست کە دەکرێت بەلۆجیکی ئەرستۆیان بەراورد بکەین، کۆلبروك کۆمەڵە وەرگرتەیەك لەم قوتابخانەیە پێشکەش دەکات، پاشانیش دەڵێت کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ورد لەبارەی ئەم دوو ڕێبازەوە هەیە، هەروەها ئەو یاداشتانەی کە لەوان وەرگیراون لەسنورێکی فراواندا بڵاو بوونەتەوە.

(١)بەدامەزرێنەری ڕێبازی سانخیا دەوترێت- کابیلا Capila کە ناوی حەمکیمێکی کۆنە و هەندێك لە ڕوایەتەکان لەبارەیەوە دەڵێن کوڕی براهما Brahmaیە و یەکێکە لە حەوت پیرۆزە مەزنەکە،هەندێك ڕوایەتی تر هەن دەڵێن بەرجەستەبوونی خوا ڤیشنۆ Vishnuیە هەروەك قوتابیە ئاشوریەکەی Asuri[33]، یان لەگەڵ ئاگردا یەکیان گرتووە (یان بەرجەستەبوونی خوای ئاگر ئەجنیAgniیە). بەڵام کولبرۆك دوای ئەو حکمەتە بچوکە (یان سوترا Sutre)وە کە کابیلا نوسیویەتی بێدەنگ دەبێت و هیچ لەبارەیەوە ناڵێت. هەموو ئەوەی کە وتوویەتی لە کۆمەڵە کتێبێکی تردا باسکراوە کەزۆر کۆنترن، بەڵام ئەو نەیویستووە شتێ لە بارەی بابەتەکەوە بڵێت. ڕێبازی سانخیا دابەش دەبێت بەسەر چەند قوتابخانەیەکی جیاوازدا، دووان یان سیانیان هەن کە هەریەکەیان لەوانی تریان جیاوازنین تەنها لە کۆمەڵە شتێکی بەشەکی کەمدا نەبێت. وتراوە هەیانە لە بەشێکدا جیاوازە و هەیانە لە بەشێکی تریاندا دروستە، ئەمەش جیاوازی سەرەکی نێوانیانە.

ئامانجی هەموو قوتابخانە هیندیەکان و هەموو ڕێبازە فەلسەفیەکان بەناخوداگەر و خوداگەرەکانیانەوە ئەوەیە کە فێری ئەو هۆکارانەمان بکەن کە یارمەتیمان دەدەن بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی هەتاهەتایی و هەروەها فێری ئەوەشمان بکەن کە چۆن پێش مردن و دوای مردن پێی بگەین، ڤیدا دەڵێت: ((ئەوەی کە پێویستە بزانرێت دەروونە و هەر دەبێت لە سروشتیشی جیا بکەینەوە، کە لەدوای ئەمە چیتر ناگەڕێتەوە)). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە دەبوردرێت لە کردەی کراس گۆڕین و دۆنایدۆن و گواستنەوەی لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر و پاشانیش لە وێنە هەستەکیەکە نەجاتی دەبێت، پاشانیش لەدوای مردن لە جەستەیەکی تردا دەرناکەوێتەوە[34]. ئەمە دۆخێکی پیرۆزە و بەپێی ڕێبازی

(33) وشەی سوترا Sutra سەنسکریتیە و واتای (هێڵ) دەگەیێنێ، پاشان بووەتە هێڵە ڕێنوێنی کەرەکان، کۆمەڵە دەقێکی ڕێنمای کەرە لە هەردوو ئاینی هیندۆسی و بوزیدا. (المترجم).

(34) لەئاینی هیندوسیدا بەشێوەیەکی دووبارە بووە دەرون دەمرێت، جارێکی تر لەدایك دەبێتەوە و لە گیانلەبەرێکی تردا بەشێوەی دووبارەبوونەوە بەرجەستە دەبێتەوە، ئەمەش بیرو باوڕێکە پێی دەوترێت سمسارا Samsara. هەروەها ئەو بیروباوەڕەش دەڵێت لێرەدا دووبارەبوونەوەیەك لەدوبارەبوونەوەکانی کاردا بۆ نوێکردنەوەی مردن هەیە. بەشێوەیەکی

((سانخیا- ڕۆچونێکی هەتاهەتایی تەواوە لە هەموو جۆرەکانی نەخۆشی. لەم ڕێبازەدا هاتووە: ((لە ڕێگەی بیر و لە ڕێگەی زانستی ڕاستەقینەوە دەتوانین بگەینە ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی. کەواتە هۆکارە دنیاییەیی و کاتیەکان چ ئەوانەیان لەپشت چێژەوەن و چ ئەوانەش کە لە خراپیەکانی گیان و جەستە دوورمان دەخەنەوە، تەنانەت ئەو ڕێبازانەش کە خودی ڤیدا بەرگریان لێدەکات چارەسەری ئەوە ناکەن کە بمانگەیێننە وەدیهاتنی مەبەستەکە. بەڵکو ئەمە لەناو ئەو وێنە دابەزیوەی خوا پەرستیدایە، یان لەو بۆنە ئاینیانەدایەکە ((ڤیدا)) ئێمە دەباتەوەسەریان، ئاژەڵ کوشتنەوە و کردنیان بە قوربانی، بۆ هۆکارێکی لەم جۆرە بەهایەکی تایبەتی هەیە)). لەم گۆشەنیگایەوە ڕێبازی ((سانخیا)) ڤیدا ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە لە قوربانیکردن نەپاکژە و نە بێگەردە" چونکە بە سەربڕینی ئاژەڵانەوە پەیوەستە، لە کاتێکدا لەکتێبی ڤیدادا هاتووە ((لەسەر مرۆڤە کە هیچ ئاژەڵێك بریندار نەکات و ئازاری نەدات)) لێرە کۆمەڵە شێوازێکی تری لێخۆشبوون و ڕزگاری لە خراپە هەن، لەوانەش ئەو کردەوە بەشوێنیەکدا هاتووانەی ئەوبەکردن و سڕینەوەی گوناهەکانە، کە هێندیەکان پێی هەڵدەستن، لەگەڵ ئەو خۆگرتنەوەو گۆشەگیریەی کە لەگەڵیدا ئەنجام دەدرێت. ئەو ساتەش کە ئەم تەرکیز کردنە پوخت و بێگەردەی تیا ڕوودەدات بە براهما Brahma ناودەبرێت. ئاشکرایە ئەمە حاڵەتێکە بەسەر هەستەکاندا بەرزدەبێتەوە و زاڵ دەبێت. تێگەیشتنیش، بە بالاترین بوونی شیاوی ناو دەبات، کاتێك کە ئەمە لەمن ڕوو ئەدات من دەبم بە براهما. ئەم جۆرە لەخۆ گرتن و گۆشەگیریە، هەروەك چۆن لای هیندیەکان پایەی خۆی لە ئایندا هەیە ئاوەهاش پایەی خۆی لە فەلسەفەشدا هەیە. ئەوان پێیان وایە ئەم حاڵەتی خامۆشبوون و هێمن بوونەوە لە هەموو حاڵەتەکانی تر بالاتر و مەزنترە، تەنانەت خواوەندەکان خۆشیان پێی ناگەن. بۆ نموونە خوا ئەندیرا Indra[35] -خوای ئاسمانی تەماشاکراو لە ژیانی ئەم تیڕامانە ناوەکیەدا زۆر نزمترە لە دەروون. هەزارەها خواوەند گیانی خۆیان لەدەست داوە، کەچی دەروون دوور بووە لە هەموو گۆڕانێك. ڕێبازی ((شائنجار)) تەنها لەوەدا لە ئایین جیاوازە کە ناوکۆییەکی تەواوی لەبیریان لۆجیك هەیە. پەتیەتی وای لێناکان کە بەرەو بۆشایی هەڵگەڕێتەوە، بەڵکو بەرەو مەغزای بیرێکی دیاریکراو بەرزدەبێتەوە، چونکە ئەم زانستە -یان ئەو مەعریفەیە- لەناو مەعریفەیەکی دروستی کۆمەڵە بنەمایەکدا شاراوەتەوە- کە دەکرێت لە دەرەوە پەی پێی ببرێت و

---

گشتی بەبەرگبوون یان گیان گۆڕین بازنەیەکی بەتاڵبووەوەی ترسناکە و عەزابێکی بێ سنورە و تەنها دەرونە بالاکان لێی دەرباز دەبن. (المترجم).

(35) ئەندرا لەئاینی هیندوسیدا یەزدانی هەموو زیندووێکە، ئەو خۆرەیە کە زیندوو لەزیندوو دەخاتەوەوخوای شەڕی و گەردەلولە- شای خواوەندەکان و سەرکردەیانەلە جەنگەکانی ڤیدادا. (المترجم).



دەشکرێت پەی پێ نەبرێت- واتە: بنەماکانی جیهانی مادی و نامادی پێکەوە.

ڕێبازی ((سانخیا)) بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبێت کە ئەمانەن:

١-ڕێگای زانین

٢-بابەتی مەعریفە

٣-وێنەیەکی دیاریکراو و زانینی بنەماکان.

أ-بەلاّم سەبارەت بە ڕێگای دەسکەوتنی ئەم مەعریفەیە، ڕێبازی سانخیا دەڵێت: ئالێرەدا سێ جۆری شیاو بەڵگە و ئاماژە هەن:

یەکەم: پێش هەموو شتێك بەڵگەی پەیبردنی هەستەکی.

دووەم: بەڵگەی بەڵگە هێناوەی عەقڵی.

سێهەم: بەڵگەی سەلماندن کە بنچینەی هەموو بەڵگەکانی ترە. وەك شکۆمەند کردنی دەسەلاّت و ئامادەباشی بۆ فێربوون و کەلپور. گوتراوە پەیبردنی هەستەکی پێویستی بە ڕاڤەکردن نیە. بەلاّم بەڵگەکاری عەقڵی ئەو ئەنجامەیە کە لەڕێگای پرۆسەی هۆ ئەنجامەوە (علەت و مەعلول) پێی دەگەین، کەیەکێك لە دیاریکردنەکان بەهۆیەوە و بەرەو دیاریکردنێکی تر دەڕوات، لێرەدا سێ شێوەیان هەیە، چونکە بەڵگەکاری یان ئەوەیە لە علەتەوە بەرەو مەعلول دەڕوات، یان لە مەعلولەوە بەرەو علەت دەڕوات، یان بەپێی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان علە و مەعلول دەبێت. ئێمە دەتوانین لەڕێگەی کۆبوونەوەی هەورەکانەوە پەی بەبارینی باران بەرین، یان بە هۆی بوونی دووکەلێکەوە ئەوە دەرئەنجام بکەین کە لەسەر شاخەکە ئاگر هەیە.

یان لە جووڵەی مانگەوە ئەوە دەرئەنجام بکەین کە دەکرێت لەکاتە جیاوازەکاندا لە شوێنە جیاوازەکاندا ببینرێت. ئەمە پەیوەندیەکی سادە و وشك و برنگە و تێگەیشتن دروستی دەکات.

بەلاّم سەرچاوەی سێهەمی بەڵگەکاری، کە لە پورە یان هوشیار بە بەو شێوەیەی کە راڤەکەرە میانەڕەوەکانی کتێبی پیرۆزی ((ڤیدا)) لێی تێدەگەن. بەواتا فراوانەکەی یەقینێکی ڕاستەوخۆیە یان سەلماندنە لە هۆشیاریدا و بە واتا بچوکەکەشی جەختکردنەوەیە لەڕیگەی پەیوەندی زاروکیەوە یان لەڕێگەی کەلەپوری باوەوە.

ب-بابەتەکانی مەعریفە یان بنەماکان: ڕێبازی سانخیا بیست و پێنج بایەت لەم بابەتانە دەخاتە

بەردەستمان. لێرەدا باسیان دەکەم تا نارێك و پێکی و بێ بنیان بخەمەڕوو:

(١) بنەمای یەکەم: سروشت بەوەی کە بنچینەی هەموو شتێکە، هەمەکییە و علەتێکی مادییە و مادەیەکی هەتاهەتایی و ناجیاوازە و ئەوەیە کە بەبێ بەشەکان جیا ناکرێتەوە، بەرهەمهێنەرێکی بێ بەرهەمە.

(٢) بنەمای دووەم: عەقڵە یان بەرهەمی سروشتە، هەر خۆی بنەمای تر دەخاتەوە دەکرێت لەڕێگەی کارایی ئەم سێ سیفەتەوە وەك سێ خواوەند جیابکرێتەوە: سروشت گێلیەتی و تاریکی کە یەك کەس و سێ خوا دروست دەکات کە ئەمانەن: براهما- ڤشنۆ- ماهسوارا Maheswara[36].

(٣) بنەمای سێهەم: هوشیاری یان کەسیەتی، باوڕهێنان بەوەی کەمن لە هەموو پەیبردنێکی هەستەکی و هەموو تێڕامانێکدا هەم، بابەتەکانی هەست، هەروەك بابەتەکانی عەقڵ بۆ من گرنگن، بەکورتی: من منم کە هەم. ئەمەش لە هێزی عەقڵەوە پەیدا دەبێت و هەر خۆیشی ئەم بنەمایانەی خوارەوە دروست دەکات.

٤-٨- پێنج کۆمەڵە بەشی وردن و پێنج گەردی سەرەتایین کە دەکرێت وەك ئەوەی کۆمەڵە بوونەوەرەی خاوەن سیستەمێکی باڵان پەییان پێ ببرێت، بەڵام پەی بردن پێیان لەڕێگەی ئەو هەستە ئاساییانەی مرۆڤەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە بنەمای هۆشیاریەوە سەرچاوە دەکرێت. هەر بەخۆیشی پێنج بنەما بەرهەم دەهێنێ: فوزا (شوێن)، ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ (زەوی).

٩-١٩- ئەم یانزە بنەمایەی خوارەوە ئەندامەکانی شعورن کە کەسایەتی دەیخاتەوە. لەوانەش دە هەستی دەرەکی کە پێنج هەستەکە دەگرێتەوە: (بیستن و بینین و بۆنکردن و چێژکردن و دەستلێدان). ئەندامەکانی عەقڵیش پێنجن، کە ئەمانەن: دەنگ یان ئەندامی قسەکردن، دەستەکان، پێیەکان، دەرکردەکانی هەناو ئەندامی زاوزێ، بەڵام ئەندامی یازدەهەم، ئەندامی هەستی ناوەکییە.

٢٠-٢٤- ئەم بنەمایانە پێنج توخمەکەن کە ئەو پێنج بنچینە یە بەرهەمیان دەهێنن پێشتر ئاماژەمان پێدان ئەوانیش ئەمانەن: ئەو ئەتمۆسفیرەی کە بە فەزادا بڵاو دەبێتەوە، ئاو، ئاگر، هەوا، خۆڵ.

٢٥- دەروون: لەو وێنە ناوکییەدا. ئێمە لە سەرەتایە کەمیەکانی بیر هیچی تر بەدی ناکەین کە پێکەوە وەك هەمەکیەك دابنرێن، بەڵام ئەم ڕێکخستنە ڕوون نیە، چجای لایەنە نا ناوکۆییەکەی.

(36)



پێشتر بنەماکان یەك بۆ ئەوتریان دەرەکی بوو و یەکیان بەدوای ئەوەی تریان دەهات. بەڵام یەکبونیان لەناو دەرووندا هەبوو. لەبارەی دەروونەوە وتراوە نە بەرهەمهێنەرە و نە بەرهەمهێنراوە بەڵکو تاکیانەیە. پاشان لێرەدا دەروونگەلێکمان هەن، کە هەستیار و هەتا هەتایی و نامادی و نەگۆڕن. ئالێرەدایە کە کولبروك لەناو ڕێبازی ((سانخیا))دا، ڕێبازە خودا گەرەکان و ناخوداگەرەکان لێکتر جیادەکاتەوە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە یەکەمیان تەنها باوەڕی بە گیانە تاکییەکان نیە، بەڵکو وا دەبینێت کە خودایە (یان ئوئیزوارا.. (Iswara)[37] فەرمانڕەوایی جیهان دەکات و مەعریفەی دەرونیش وەك بابەتێکی دەروونی دەمێنێتەوە. لەڕێگەی سەیرکردنی دەروونەوە و لەڕێگەی ڕامالڕان و دووری لە سروشت و یەکبوونی سروشت و دەروون وەدی دێت، دروست هەروەك ئەوەی کە پیاوێکی پەککەوتە و پیاوێکی کوێر لەسەر جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی گواستنەوە و ڕێنوێنی کردن و ئاراستەکردندا ڕێك دەکەون، یەکێکیان هەڵدەگرێت و ئاراستە دەکرێت (سروشت) ئەوی تریان هەڵگیراوە و ئاراستە دەکات (دەروون). لەڕێگەی یەکبوونی سروشت و دەروونەوە خولڤاندن دێتەدی. ئەمەش پشت بە پەرەسەندنی عەقڵ و بنەماکانی تر دەبەستێت. ئەم یەکبوونەش پاڵپشتی کارەکیانەی هەموو ئەوەیە کە هەیە، ئەو هۆکارەیە کە لەدڵنیایی لەبوونی شتەکاندا دروستدەکات و دەیانپارێزێت. لە هەمان کاتدا یەکێك لە تێبینیە گرنگەکان ئەمەیە، سەلبکردنی ئەو بابەتەی کە لەناو بیردایە بۆ پرۆسەی تێگەیشتن و شارەزایی پێویستە، واتە لێرەدا نەرێکردنی سروشت بەپێویست دادەنرێت. ئەم بیرە قوڵتر و بێ بنترە لەو باش و خواسە ئاساییانەی کە لەبارەی هوشیاری ڕاستەوخۆوە دەکرێت یان لەو هەرا و هوریایە قوڵترە کە لەبارەی هوشیاری ڕاستەوخۆوە دەکرێت یان لەو هەراو و هوریایە قوڵترە کە لەبارەی یەکبوونی ڕاستەخۆی سروشت و دەروونەوە هەیە. ئەو دیدەی کە دەڵێت ڕۆژهەڵاتیەکان لەگەڵ سروشتدا لەیەکبووندا دەژین دیدێکی تەواو ڕووکەش ڕواڵەتیانە و گومڕکەرە، گومانی تیانیە کە گیان لە چالاکیەکانی خۆیدا و عەقڵ لە کارەکەیدا بە سروشتەوە بەستراون و لەگەڵیدا لە پەیوەندیدان و لەگەڵ ئەوەی کە تیایدا ڕاستەقینەشە. بەڵام ئەم یەکبوونە ڕاستەقینەیە لە بنچینەدا ساتی سەلبکردنی سروشتی لەوەدا لەخۆگرتووە کە پەیوەندی پێوەدەکات، چونکە ئەم یەکبوونە ڕاستەخۆیە لەگەڵ سروشتیدا هیچ نیە جگە لە ژیانی گیانلەبەران و ئەو ژیان و پەیبردنەی کە هەستەوەرەکان پێی هەڵدەستن.

(37) ئۆزوارا: لە ڕێبازی یۆگادا خوایەکە، بیرێکە کە مرۆڤ بۆی هەیە تێی ڕامێنێ تا خۆشبەخت بێت. المترجم.

کەواتە ئەو بیرۆکەیەی کە لەلای هیندیەکان ئامادەیە، یەکبوونی سروشتە لەگەڵ دەرووندا، بەڵام ئەوەی کە گیانیە تەنها لەو ڕووەوە لەگەڵ سروشتدا دەبێتەوە بەیەك کە لەناو خودی خۆیدا هەیە و —لە هەمانکاتیشدا- ئەوەی کە سروشتیە وەك سەلبییەك دەیخاتەوەڕوو، بەڵام سەبارەت بە پرۆسەی خوڵقاندن مەغزایەکی دوورتری هەیە. ئارەزووی دەروون لای ئەوان، ڕازی بوون و ئازادییە. بەگوێرەی ئەمەش دەروون ژینگەیەکی شاراوەی لەگەڵدایە (کە جەستەیە)، هەموو ئەو بنەمایانە دەگرێتە خۆی کە پێشتر باسکران، بەڵام تەنها لەپەسەندنی یەکەمیاندا هەن. لێرەدا شتێك لە ئایدیالیەتی ئێمە یان —ئەوەی کە ناڕاستەوخۆیە- لەم بیرۆکەیەدا هەیە، ئەمە لەو گوڵە دەچێت کە ئایدیالیانە لەناو خونچەدا هەیە، بەڵام بەوەدیهاتنێکی کارەکی چێتر وەدی نەهاتووە، گوزارشتیش (لنگام Lingam)ە[38]: هەموو هیندیەکان ڕێزێکی گەورە لەو هێز بەرهەم هێنەری ناوسروشت دەگرن و لە بەرزترین پلە و پایەدا دای دەنێن. ڕێبازی ((سانخیا)) دەڵێت ئەم شێوە شاراوە ڕوون و ناسکە. گریمانەی شێوەیەکی جەستەیی خەلیس (چڕ و تێر)، دەکات، خۆی بە جلکی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشێت، بۆ ڕێگەگرتن لە کەوتن بلە لەشیەتیەکی زۆر چڕ و مادیەتێکی زۆرتێر، ڕادەسپێرێت: کە تێڕامانی فەلسەفی بکرێتە هۆکار بۆ ئەم ڕێگرتنە.

تا ئێستا تێبینی بنەما پەتیەکانمان کردووە، پێویستەسەبارەت بە خوڵقاندنی واقعی کارەکی عەینی گەردوون تێبینی ئەمە بکەین. کە خوڵقاندنی جەستەیی پشت بەو دەروونە دەبەستێت کە جەستەیەکی مادی لەبەر دەکات. هەروەها شارەزای هەشت پلەوپایەی بوونەوەرە باڵاکانە و پێنج پلەوپایەی بوونەوەرە خوارینەکان، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەشدا کە چینێکی تایبەت دروستدەکەن چواردە پلەوپایە دروستدەکەن کە بەسەر سێ جیهان یان سێ چیندا دابەشدەکرێن. هەشت پلە و پایەی یەکەم ئەو ناوانە دەگرنە خۆ کە ناسراون و لە ئەفسانە هیندیەکاندا دەرکەوتوون، واتە: براهما، برجیاتی، ئەندرا..هتد

(38) لنگام Lingam: وشەیەکی سەنسکریتیە مانای (زەکەر) دەگەیێنێ، لەئاینی هیندوسیدا زەکەری پیرۆزی خواشیڤانە، کۆمەڵە ئەفسانەیەکی کۆنمان لەبارەی زەکەر پەرستی لەهیند هەن. لەوانە: کچێکی جوان ئاشوتەی ئەم خودایە دەبێت، ئەویش پێی دەڵێت کە ئەو لەڕێگەی ئەندامی لاقەکردنەوە، واتە زەکەرەوە نەبێت ناپەرسترێت، ئەفسانەیەکی تر ئەوەیە:کە خواشڤا خوی بەوەوە گرتبوو کاتێك کە ژنی پیاوە پیرۆزەکان دەوروژان ئەو بەڕووت و قوت بڕوا بەڕێوە و لەم کاتە ئەوانش داوای ئەوەیان لێدەکرد کە لەگەڵیاندا بخەوێ، بەمەش پیاوە پیرۆزەکان لەعنەت لە شیڤا دەکەن و دوعای لێدەکەن تا زەکەری لێدەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زەوی، لەڕوایەتی سێهەمیشدا خواوە ندشیڤا لە بەردەم خواوەند ڤشنۆ و خواوەند براهمادا سێکس دەکات و پاشانش تەریق دەبێتەوە و لەعنەتی لێدەکرێت و زەکەری دەبڕدرێت....هتد. (المترجم).



ئەم خوایانە یان ئەم خوائاسایانە یان ئەم نیوەخوایانە (پاڵەوانەکانن). بەڵام براهما لێرەدا واباسکراوە وەکو ئەوەی کە خوڵقێنراوبێت، پێنج پلەوپایە نزمەکە لە گیانەوەران پێکدێن چوار پێکان لە دوو دەستەدا ڕیزکراون، پاشان باڵندەکان دەکەونە ناو دەستەی سێهەمەوە پاشان خشۆکەکان و ماسی و مێش و مەگەز دەبنە دەستەی چوارەم، لە کۆتاییشدا ڕووەك و مادە نا ئەندامییەکان لە دەستەی پێنجەمدا دادەنرێن. بەڵام مەنزلگەی هەشت دەستە باڵاکە لە ئاسماندایە. گوتراوە کە ئەمانە لەناو خێر و چاکەدا دەژین، پاشانیش بەختەوەرانە دەژین. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە هێشتا ڕواڵەتی و ناتەواون، لە ژێریاندا مەنزلگەی کاریگەرییە یان مەلەکوتی زوڵمەت و وەهمە، ئەمەش لەوەوەیە کە بوونەوەرەکانی دەستە نزمەکان لە ژیاندابن، لە نێوان مەنزلگەی پلەوپایە باڵاکان و مەنزلگەی پلەوپایە نزمەکان جیهانی مرۆڤ هەیە، کە لەناوچەکانی ئارەزوو و هەڵچوونی زاڵ و نا هەقیقەتدا دەژین.

لە بەرامبەر ئەم سێ جیهانەوە —کە شوێنی خۆیان لەناو خوڵقێنراوە مادیەکاندا کردووەتەوە- سیستەمێك هەیە خوڵقاوێکی تر دروست دەکات، مەبەستمان لەم خوڵقاوە: جیهانی عەقڵە، کە پێکهاتووە لە هێزی تێگەیشتن و هەستەوەرەکان، ئەم هێزانەش بەپێی خۆیان دابەش دەبن بۆ ئەم چوار دەستەیەی لای خوارەوە:

(١) دەستەی بە تەنگ و چەڵەمە

(٢) ئەو دەستەیەی کە توشی پەککەوتن و سەرنەکەوتن دێن

(٣) دەستەی ئەوانەی کە تێردەبن و لێی پاڵ دەدەنەوە

(٤) دەستەی کاملکردنی عەقڵ

١- لە دەستەی تەنگ و چەڵەمەدارەکان شەست و دوو جۆر یان دیاریکردن باس دەکەن. لەوانە هەشت جۆر لە هەڵە بە ژمارەی هەڵەکانی وەهم و ڕاوبۆچوون. دەشیان بۆ ئەو هەڵچوونە زاڵانەیە بەوەی کە وەهمن و تا ئەوپەڕ دەڕۆن، هەروەها ئارەزوو و هەژدەش بۆ ڕق لێبوونەوە و خەفەت. هەر لێرەدا کۆمەڵە لایەنێکی تا ئاستێك ئەزموونی و سایکۆلۆژیو ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە تێبینیکردن-لەشێوازی لێکۆڵینەوە دەردەکەون.

٢- پەککەوتەیی عەقڵیش بەو ڕۆڵەی هەیەتی بیست و هەشت جۆر دەگرێتەوە، لەوانە: زۆرداری و ئازاردان و کەم ئەندامی...هتد

٣- تێربوون -یان ڕازی کردنی عەقڵ- ئەمەش یان ناوەییە یان دەرەکی، تێرکردنی ناوەکی چوارانەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە سروشتەوە، کە هەمەکی و کرۆکییە، لە دەمی قسەکەرەوە دەبیستن، کە مەعریفەی فەلسەفی (مەعریفەی سروشتی) ڕێك کاری بنەمای سروشت خۆیەتی، ئەمەش کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێیەوە بەستراوە پێشبڕکێییە بۆ ڕزگاربوون لە سروشت لەڕێگەی کردەوە، چونکە ئەو دەرونەی کە دەردەکەوێت ئازادییە لەڕێگەی خۆیەوە و ڕێگەی چالاکیە هزریەکانیەوە. تێرکردنی دووەم تێرکردنی ناوەکییە (ساختە)یە، کەلەوەدایە گومان بکرێت مومارەسەی خۆگرتنەوە و زوهد و ئازارەکان و جۆرەکانی عەزاب و خۆپاکردنەوە لە گوناه- ئازادی وەدی دەهێنێت و گرنتیەکی تەواوە بۆ ئازادبوون. بەڵام تێربوونی سێهەم پەیوەستە بە زەمەنەوە -یان پەیوەستە بەو بیرۆکەوە کە دەڵێت: گەیشتن بە ئازادی یان ئازادبوون لە زەمەندا وەدی دێت بەبێ لێکۆڵینەوە. تێرکردنی چوارەمیش لە ئیماندایە بە بەخت و شەنس، دواجار ئازادی تیایدا پشت بە قەدەر دەبەستێت. ئەمەش ڕەگەزەکانی تێرکردنی ناوەکین. بەڵام تێرکردنی دەرەکی خۆ دوور خستنەوەیە لە چێژ و دوورکەوتنەوەیە لە وروژێنەرە هەستەکیەکان، بەشێوەیەکی تایبەتیش: ڕقلێبوونەوەی بایەخدان بە موڵکداری و دەستداری و ترسیش لەو خراپانەی کە لەچێژ دەکەونەوە.

٤- لێرەدا لەڕوویەکی ترەوە، کۆمەڵە هۆکارێك هەیە کە ئەوان باسیان دەکەن. هەر لێرەدا -لەپاڵ شتانێکی تردا- شێوازێکی سایکۆلۆژی ڕاستەخۆ لە کاملکردنی عەقڵدا هەیە، هەروەك ئەوەی کە لە کاری بەڵگەکاری عەقڵیدا هەیە و هەروەها لە گفتوگۆی ئاسایدا شتی لەم جۆرەدا هەیە. لەڕاستیدا دەکرێت ئێمە ئەمە لە لۆجێکی پراکتیکی لای خۆماندا ببینین.

هێشتا لێرەدا هەندێك شت ماوە کە پەیوەندیان بە لایەنە بنچینەیەکانی ئەم ڕێبازەوە هەیە پێویستە تێبینیان بکەین، ڕێبازی ((سانخیا)) هەروەها ڕێبازەکانی تر لە فەلسەفەدا، زۆر گرنگی بەوە دەدەن کەپێی دەوترێت سێ سیفەتەکە یان چۆنیەتیەکەی Gunas[39] بیرۆکەی ڕەها، کە کۆمەڵە کرۆکێك یان ڕێکسازی لە سروشتدا دەنوێنێ. ئەوەش شایەنی ئەوەیە تێبینی بکرێت، ئەوەی کە تێبینی کردنی هوشیار بەوە کە دەردەکەوێت کە لەخۆیدا هەقە و هەر بەخۆیشی سێ دیاریکردن یان دیارکردن دەگرێتەوە، بیرۆکەی سەراپاگیری بیرۆکە لە سێ ساتدا نەبێت نابێت. ئەو هوشیاریەش بەو سیانیەتیە درەوشاوە و باڵایە، کە سەرلەونوێ لەلای ئەفلاتوون و کەسانی تریش دەیبینینەوە. ئەمەش کە لەبواری

(39) جۆناز Gunas: ئەو هۆ بنچینەییانەنی کە دەبنە هۆی چاکە هەڵچوونە زاڵەکان لەڕێبازی سانخیای هیندۆسیدا- بەراورد کە ((المعتقدات الدنية لدى شعوب)) ترجمة د.امام عبدالفتاح امام الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم).



بیری و دیدی عەقڵی و تێڕاماندا بەزایە دەچێت، شوێنی خۆی لە ئایندا نەبێت ناگرێتەوە. بەڵام لێرەدا لە دنیایەکی تردا دەرکەوتووە کە دنیای: ماوەڕایە. لێرەشدا تێگەیشتین لە ڕێگەیەوە ڕۆدەچێت و ئەوە ئاشکرادەکات کە هیچ مانایەکی نیە. ((کانت)) ئەو کەسەبوو کە تیشکی خستەوە سەر سیانیەتی، بەمەش ڕێگای لە بەردەم بنەمایەکی مەزندا، کردەوە. لەڕاستیدا بیرۆکەی سەراپاگیر بۆ هەموو کەسێك وسەراپاگیریەکەی -کە لە کرۆکەکەیەوە سەیرکرابێت- سیانیەتی دیاریکردنەکان لەخۆی گرتووە. ئەرکی ئەم سەردەمەی ئێمەش: خستنەڕووی ئەمەیە لە بەردەم هوشیاریدا. لای هیندیەکان ئەم هوشیارییە تەنها لە تێبینیکردنێکی هەستەکیانەوە دەردەچێت. پاشان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ئەم تایبەتمەندیانە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەن: خاسیەتی یەکە- کە باڵاترینیانە- لای ئەوان چاکەیە Satlva (بەڵام بەو مانایە نا کە ئێمە مەبەستمانە- چاکە لای ئەوان بەرز دەبێتەوە و پرشنگدار دەبێت، پەیوەستە بە شادی و خولق و بەختەوەریەوە- بەناویشدا خودپارێزی و خودگیری بڵاودەبێتەوە و باڵی بەسەردا دەکێشێ، هەروەك ئەوەی کە لە ئاگردا بڵاودەبێتەوە و بەمەش بڵێسەی ئاگرەکە بەرزدەبێتەوە و خراپەکاریەکان پەرت و بڵاو دەکاتەوە و بەسەریاندا دەفڕێت. کاتێك کە مرۆڤ بڵند دەبێت و تیایدا سەردەکەوێت هەروەك ئەوەی کە لە هەشت پلە و پایەی بوونەوەرەکاندا هەیە، ئەوکات دەبێت بە هۆ و بنچینەی فەزیلەت، هەروەها لە هەموو ڕوویەکیشەوە، لە شێوە پەتییەکەیدا هەمەکییە. بەڵام دووەم سیفەتی ناوەندی خەڵەتاندن یان هەڵچونی توند یان هەوا و هەوەس یان بەدڕەوشتییە Najas- Tejas (یان پیسییە)، کە هەربەخۆی کوێرییە و ئەوەیە کە پیس و ئازاربخش و بینراوە. ڕارایەکی کارایە، و وروژێنەرە، هەڵگەڕ و داگەڕێکە، تێکەڵاوە بە خراپە و بەدبەختی، لەناو هەوادا بە ئاراستەی هەڵکردنی با بڵاو دەبێتەوە، هۆی ڕەزالەتی ناو بوونەوەرە زیندووەکانە. بەڵام دواهەمین سیفەتیان، تاریکییە Tamas کە لەش گرانی و تەمەڵییە، هەروەها ئەو بەرئەنجامەیە کە لە خەم و خەفەت و دڵتەنگی و تێکچوون دەکەوێتەوە، زاڵدەبێت بەسەر خاك و ئاودا، هەر لەبەر ئەمەش بە بەردەوامی سەربەرەوخوار بەردەبێتەوە، کاریگەریش لەسەر بوونەوە روو زیندووەکان هەیە، بنەچەی نەزانی لەدوایە. لەسەر ئەم بناغەیەش خاسیەتی یەکەم یەکبوونیەتی لەگەڵ خۆیدا، خاسیەتی دووەم دەرکەوتن و درەوشانەوەیە، بنەمای جیاوازی و ئارەزوو و دابەشبوون و گوناه و خراپەکارییە. پاشان خاسیەتی سێهەم دێت تا ببێتە سەلبێکی پوخت، هەروەك ئەوەی کە بەشێوەیەکی عەینی لە میتۆلۆجیادا دەردەکەوێت و ئێمە دەیبینین کە لەشێوەی خوا شیڤا Shiva[40] وە ماهیدیڤا Mahadeva وە ماهسوا

(40) شیڤا: یەکێکە لە خواوەندە سەرەکیەکانی ئاینی هیندۆسی، روخێنەرە و ڕەمزی شەهوەتە....هتد. کۆمەڵە

Maheswar دا خۆی دەنوێنیٚ، کە خوای گۆڕان و وێرانکارییە. ئەو جیاوازیە گرنگەی کە لەگەڵ ئێمە هەیە، واتە لەگەڵ ئێمە کە ئەوانیترین، ئەوەیە کە بنەمای سێهەم ناگەڕێتەوە بۆ بنەمای یەکەم بەو شێوەیەی کە عەقڵ یان بیرۆکە داوای دەکات، بەڵکو دوورکەوتنەوە لە سەلبکاری لێدەکات، تا ئەو بکەوێتە ناو ڕێکەوتنەوە لەگەڵ خۆیدا و پشتاوپشت بگەڕێتەوە بۆ خۆی، تا ئێستاش هەر لەلای هیندیەکان خاسیەتی سێیەم گۆران و سەلبە.

ئەم سیٚ خاسیەتە هەر خاسیەتە سروشتیەکان نانوێنێت بەڵکو کرۆك و ماهیەتەکەشی دەنوێنێت. شوێنکەوتوانی ڕێبازی ((سانخیا)) دەڵێن: ئێمە هەروەك ئەوەی کەلە درەختەکانی جەنگەڵێك دەدوێین ئاوەهاش لەم خاسیەتانە دەدوێین. بەڵام ئەمە لێکچواندنێکی خراپە، چونکە ئامانج توخبە و هەمەکی پەتییە، تیایدا تاکی سەربەخۆش هەن. لە ((ڤیدا))شدا ئەم خاسیەتانە لەناو بیرە ئاینیەکاندا وەك سیانیەتی Trimuiti[41] دەردەکەون. ئەوان وەکو ئەوە لەبارەیانەوە دەدوێن کە کۆمەڵە ڕێکسازیەك یان وەرچەرخانێکی یەك لەدووی یەك بن کە هەندێکیان لە هەندێکی تریانەوە دێتە دەریٚ. پاشانیش هەموو شتێك لە سەرەتاوە کارێکی بووە و بەڵام فرمانی وەرچەرخاندنی وەرگرتووە، بەم ڕێگایەش ((شێوەیەکی)) وەرگرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەدترین شێوەیە، کە شێوەی ((جوڵە و چالاکیە، ئالێرەدا خراپەکاری و بەدڕەوشتی خۆی دەسەپێنێت و تا ئەوکاتەی کە لە کۆتایدا شێوەی چاکە لەسەر فرمانی براهما دەگەڕێتەوە)). لێرەدا کۆمەڵە دیاریکردنێکی تری عەقڵ هەن کە لەمانە قوڵترن. ئەمەش کاتێکە کە دەوترێت هەشت جۆرەکەی عەقڵ بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن: چواریان پەیوەستن بەچاکەوە:

یەکەم: فەزیلەت لەوێوە کە تواناداریەکی ئاکارییە.

دووەم: زانست و مەعریفە.

سێهەم: رزگاربوون لە هەوەس و هەڵچوونە زاڵەکان.

وێنەیەکی زۆری ئەم خواوەندە هیندۆسیە هەیە، لەوانە ماهدیسا، ماهاکالا، یان یەکێکی ڕەشی گەورە....هتد. (المترجم).

(41) Trimurti : سیانەی هیندۆسە کە پێکهاتووە لە: خوا براهمای خولقێنەر و خواڤیشنۆی پارێزەر، خواشیڤای روخێنەر یان پاشا. (المترجم).



ئەم ئازادییەش یان ئەوەیە دەرەکییە کاتێك کە پاڵنە و هۆکارەکەی دەرەکیە، وەك هەڵهاتن لە ڕاڕایی و دڵەڕوکیٚ، یان ئەوەیە ناوەکییە و سروشتێکی عەقڵی هەیە لەوەوە هاتووە کە قەناعەت بێنین سروشت تەنها خەوێکە و هیچی تر، تەنها وەهمە یان خەیاڵە روالەتێکی درۆزنانەیە.

چوارەم: هێز یان توانادارییە، هەشت لایەنی هەیە، دوای ئەمەش هەشت چۆنیەتی یان سیفەتی تایبەتی هەیە. وەك توانادار خۆبەناو یەکدا کردنەوە تا ئاستی بچووك بونەوەیەکی تەواوە کە بەناو هەموو شتێکدا تێپەڕیت، یان توانادار درێژبوونەوە بۆ جەستەیەکی زەبەلاح، توانادار بۆ وەدەستهێنانی خۆوەشێری بۆ توانینی دەرچوون، سەرکەوتن لەڕێگەی تیشکی خۆرەوە بەرەو خۆر، هەروا بێتەوە توانا ناکۆتایی کردەی ئەندامەکانی لەش بەشێوەیەك کە سەری پەنجە بدرێت لە مانگ. تواناداری تری وەك ئەو ویستەی کە لە توانادا نیە بەرگری لێبکرێت، تا ئەو رادەیەی کە مرۆڤ چۆن بەناو ئاودا ڕۆدەچێت بەو ئاسانیەش بەناو زەویدا رۆدەچێت هەروەها تواناداری دەسەلاٚت بەسەرا گرتنی بوونەوەرە زیندوو و مردووەکان، هەروەها تواناداری گۆڕانی ڕەوتی سروشت، دواهەمیش تواناداری بەسەر وەدیهێنانی هەر شتێك کە ئارەزوو بخوازێت. کۆلبرۆك بەمە درێژەی پیٚ دەدات دەڵێت: ((سعورکردن بەوەی کە مرۆڤ توانای بەسەر ئەوەدا دەشکێت کە ببێتە خاوەنی ئەم هێزە سەروەرە، سیفەتێکی تایبەت نیە بە ڕێبازی سانخیا، بەڵکو سیفەتێکی هاوبەشی هەموو ڕێباز و بیرە ئاینییەکانە، تواناداریەکی لەم شێوەیە لە زۆربەی شانۆ و حیکایەتە میللیەکاندا دەدرێتەپاڵ ئیمانی پاك و باشی زۆربەی پیاوە پیرۆزەکان و تاقمی براهما. بەڵگەی هەستەکی هیچ بەهایەکی نیە، چونکە هیندییەکان لەدژی ئەمەدا باوەڕیان وایە- بەشێوەیەکی گشتی- پەیبردنی هەستەوەرەکان نامێنیٚ و یان بە مانا وردەکەی بوونی نییە، چونکە هەموو شتێك شێوەی وێناکردنە خەیاڵیەکان وەردەگرێت چۆن حساب بۆ حەقیقەت و واقعێکی راستەقینە دەکرێت ئاواش حساب بۆ هەر خەونێك دەکرێت، شوێنکەوتووانی ((سانخیا)) ئم تواناداریە دەدەنە پاڵ مرۆڤ تا لەڕێگەی کار و کردەوەکانی بیرەوە خۆی بەرەو خودیەتیەکی ناوەکی بەرزبکاتەوە. کولبروك دەڵێت ((دەقەکانی یوگا))[42] لە یەکێك لەچوار بەشەکەیدا ژمارەیەك لەکار و کردەوە باس دەکات کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین بگەینە ئەو هێزە یان دەستمان بەو تواناداریيە رابگات. لە نمونەکانیشی: تێڕامانێکی قووڵ، لەگەڵ خۆگرتنەوە لە هەناسەدان

(42) ووشەی یۆگا Yoga: واتای یەکبوون دەگەێنیٚ، قوتابخانەیەکی گرنگی فەلسەفەی هندۆسیە، کاریگەریەکی زۆری لەسەر بیرۆکەی هیندی هەیە. دەقە بنەڕەتیەکانی ((سوترایۆجا))یە، لایەنە پراکتیکیەکەی لە لایەنە تیۆرەکەی گرنگترە، لەوانەش: کۆنترۆڵ کردنی دەروون، دانیشتن بەشێوەیەکی دیارکراو، خۆگرتنەوە لە مومارەسەکردنی سێکس...هتد المترجم.

و خامۆش کردنی چالاکی هەستەکان، لەگەڵ خۆ بەستنەوە بە دانیشتنێکیدیاریکراو بە بەردەوامیش پارێزگاری کردنی.

ئەم پرۆڤانە رێگا بۆ کەسی لێزان خۆشدەکات کە بگات بە زانینی هەمووشتێك، چ ئەوەی کە لە ڕابردوودا بووە، چ ئەوەی کە لە داهاتوودا دەبێت، هەروەها فێری دەکات ڕێزی بیری ئەوانی تر بگرێت، ئەگەر چی کەسێك خاوەنی هێزی فیلەکان و ئازایەتی شێرەکان و خێرایی باش دەبێت و توانای ئەوەشی هەبێت بە ئاسماندا بفڕێت و لەناو ئاویشدا مەلە بکات و بەکار و کردەوەی تری سەر سوڕهێنەریش هەڵسێ. بەڵام خێرترین هۆکار بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی لەڕێگەی تێڕامانەوە، لەڕێگەی خواپەرستیەوە دەبێت، ئەویش پشت بە گوتنەوەی ناوی سۆفیانەی خوایە واتە ((ئوم))[43]. ئەم بیرۆکەیەش تا ئەوپەڕ گشتیە.

کولبروك بەشێوەیەکی تایبەت لە هەردوو ڕێبازی ناخوداگەر و خوداگەری ((سانخیا)) دەکۆڵێتەوە کە لەیەکتری جیاوازن. لە کاتێکدا ئێمە دەبینین، لەڕێبازە خوداگەریەکەدا ئسوارا Iswara فەرمانڕەوایی سەرەکی جیهانە یان دەروونە یان ئەو گیانەیە کە لە هەموو دەروونەکانی تر جیاوازە، بەڵام کاپیلا Capila[44] لە ڕێبازە نا خوداگەریەکەی سانخیادا دان بە ئیسوارادا ناترێت و خۆی بە ویستی خۆی خولقێنەری جیهانە و پێی وایە چیتر بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نیە لەسەر بوونی خودا، ئەگەر هاتوو لە ڕێگەی پەیبردنی هەستەکی دەرنەکەوێت و هەرگیز ئەگەری ئەوەش نیە کە لەڕێگەی بەڵگەی عقلێەوە ئەنجامگیر بکرێت. لەڕاستیدا کاپیلا هیچ شتێك ناسەلمێنێ و ساغی ناکاتەوە بەو کرۆکە نەبێت کە لە دەرئەنجامی سروشتدایە و ئەوەیە کە بە عەقڵی ڕەها ناودەبرێت و سەرچاوەی هەموو عەقڵە تاکەکانە و بنچینەی هەموو ئەو ڕەنگانەی تری بوونە، کە پلە بەپلە لێیەوە پەرە دەسێنن. هەروەها جەخت لەسەر ((حەقیقەتی جێگری ئیسوار)) واتە حەقیقەتی خولقاندنی جیهان دادەگرێت. ئەمە ئەگەر هاتوو خولقاندمان بەم مانایە وەرگرت، بەڵام ئەو دەڵێت ((بوونی دەرئەنجامەکان لەسەر دەروون رادەوەستێ نەك

(43) ئوم Om: لە ئاینی هیندوسدا دەنگێکی پیرۆزە و لە نوێژ و تێڕاماندا بەکاردەهێنرێت، بڕگەیەکی تاکە دەکرێت لەگەڵ بڕگەی تردا گەردان بکرێت. یەکێك لە دەقە هیندۆسیەکان دەڵێت: ((ئوم- ئەو بڕگەیە کە هەموو شتکی تیایە. مانا و لێکۆڵینەوەکەی ئەوەیە: کە بووە، یان ئەوەیە کە بوونەوەرە، یان ئەوەیە کە دەڵێت. ئەمانە هەمووی ئومە، ئومە و هیچی تر، لە هەندێك ئەفسانەی تردا ئەجنی Agni خوای ئاگار هەر خۆی نەمرە، بەڵام خواوەندەکانی تر وانین. لەترسی ئەوەی مردن هەموویان دەگرێتەوە و چێژ لە دەنگی ((ئوم)) دەکەن، کە نازناوێکە مردن نیشاندەدات. المترجم.

(44) کابیلا: دروستکەری ڕێبازی سانخیایە. المترجم.



لەسەر ئیسوار)). هەموو شتێکیش لە بنەمایەکی مەزنەوە سەرچاوە دەگرێت کە عەقڵە و دەروونی تاکەکەسیش پشت بەم عەقڵە دەبەستێت و لەڕێگەی ئەویشەوە دەردەکەوێت.

ج- سەبارەت بە دابەشکردنی سێهەمی ڕێبازی سانخیا، چەند تێبینیەك دەهێنمە ناو باسەکەوە، لەوانەیە لەبارەی ئەو شێوانەی مەعریفەوە کە بەم بنەمایەوە پەیوەستن، سودێکیان هەبێت. بەڵگەکاری عەقڵی لە نێوان هەموو ئەو جۆرە جیاجیایانەی کە مەعریفە دەیانبەخشێت، هێشتا زۆرترینبایەخی هەیە، جۆرێکی تر لە بەڵگەکاری پەیوەندی بەڵگەکارانەیە بە دەرئەنجامەوە، لەڕێگەی پەیوەندی علەت و مەعلولەوە، پاشان ڕوونیدەکەمەوە، کە چۆن هیندییەکان لەم پەیوەندییە تێدەگەن. تێگەیشتن و هەموو ئەو بنەمایانەی کە لێی دەکەونەوە هەمووی مەعلولن، بەمەش لەڕێگەی بەڵگەکاریەوە دەگەن بە علەتەکانیان. لەلایەك لە لاکانیەوە لە بەڵگەکاری دەچێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە جیاوازە لێی، ئەوان دەگەنە ئەوەی کە بڵێن: تەنانەت پێش جیابوونەوەی علەتەکان مەعلولەکان هەن، چونکە ئەوەی کە بوونی نیە ناکرێت لە ڕێگەی سەبەبیەتەوە لەناو بوونێکی ئاشکرادا دەرکەوێت. کولبروك دەڵێت: ((ئەمە ئەوە دەگەێنێ دەرئەنجامەکان و مەعلولاتەکان زیاتر دەرکراون لەبری ئەوەی بەرهەمهاتووبن)). بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ئەم بەرهەمهاتووانە چین؟ ئەم نمونەیەی خوارەوە لەسەر ئەو چۆنیەتیە دەهێننەوە، کە بەهۆیەوە ئەنجام یان مەعلولە پێشر دەکەونە ناو هۆوە یان ئەنجامەوە: زەیت پێش ئەوەی بە زەیتگرتن دەربهێنرێت پێشتر لە تۆوی کونجیدا هەیە، هەروەك چۆن برنج پێش ئەوەی لە توێکڵەکەدا هەبێت لەبەرگدایە و شیریش پێش دۆشینی لە گوانی چێڵەکەدایە. لەڕاستیدا علەت و مەعلول یەك شتن. لەڕاستیدا پارچە کوتاڵێك جیاواز نیە لەو دەزووە خوریانەی کەلێی چنراوە، مادەکە هەمان مادەیە. هیندیەکان بەم شێوەیە ئەم پەیوەندیە وێنا دەکەن، یەکێك لە دەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەزەلیەتی جیهانە. بەڵام سەبارەت بەو بنەمایەی کە کولبروك باسی دەکات واتە ((هیچ شتێك لەوەی کەشت نییە، نایەتەدەر)) بە هەمان شێوە لێکدژ دێتەوە لەگەڵ ئیمان بە خولقاندنی جیهانی لە عەدەم بەمانا ئاینیەکەی[45]. لەڕاستیدا دەبێت بوترێت: ((خوا جیهانی لە عەدەم دروست نەکردووە، بەڵکو لە خۆی خولقاندویەتی، جیهان دیاریکردنێکی تایبەتە و بە هۆی

(45) ئەم بنەمایە ((هیچ لە ناشت و وەدی ناهێت Ex Nihil. Nhil Fit) هەموو بیری یۆنانی کۆنی گرتبووەوە. لەبەر ئەمەش فەیلەسوفە یۆنانیەکان هیچ شتێکیان لەبارەی خولقاندنی شت لە عەدەم وەك ئەوەی کە لەئاینە ئاسمانیەکاندا هەیە نەزانیووە، بڕوانە ئەو پێشچاو خستنەی ئەم بیرۆکەیە لە کتێبەکەی (جلسۆن)دا. روح فلسفة المسيحية في عصر الوسط)) ترجمة د.امام عبدالفتاح امام- الناشر مكتبة مدبولي بالقاهرة. (المترجم).

ئەوەوە هاتووتە بوون[46]))، جیاکاریش لە نێوان علەت و مەعلولدا هیچ نیە جگە لە جیاکاریەکی وێنەیی و شکلی. ئەوە تێگەیشتنە -نەك عەقڵ- کە لەیەکتر جیایان دەکاتەوە و پارێزگاری لە جیاکردنەوەکە دەکات. شێداری (یان شەونم) هەر باران خۆیەتی. ئێمە لەڕوویەکی ترەوە لە میکانیکدا لە جووڵە جیاوازەکان دەکۆڵینەوە، بەڵام دەبینین جوڵە لە پێش لێدان بێت یان لە دوای لێدان هەر هەمان خێرای هەیە. لە توانای هوشیاریەکی ئاساییدا نیە کە لەو ڕاستیە تێبگات کە دەڵێت: شێك بە ناوی جیاکاریەکی ڕاستەقینەوە لە نێوان علەت و مەعلولدا نیە.

بەم شێوەیە هیندیەکان دەرئەنجامی ((علەتێکی هەمەکی دکەن، کە ناکرێت جیاکرێتەوە، لە کاتێکدا شتە دیاریکراوەکان کۆتادارن)) لەسەر ئەم بناغەیە هەر دەبێت علەتێك هەبێت لە هەموو ئەم شتانەدا جێبەجێ ببێت، بە شێوەیەك کە عەقڵ خۆی مەعلولی بێت. دەرونیش بەو شێوەیەی کە هەیە خوڵقێنەرە و لەگەڵ سروشتدا بووەتەوە بەیەك پاش ئەوەی کە لێی جیابووتەوە. ((علەت لە مەعلول بەرهەم دێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە سەربەخۆ نیە و بەڵکو سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ علەتی هەمەکی. ئەو سەلمێنراوە کە سیفەتی وێرانکردن و ڕوخاندنی گشتی شان بەشانی ئەوەی کە پێی دەوترێت خوڵقاندنی سێ جیهانەکە دەڕوات بەڕێوە. هەروەك چۆن کیسەڵ پەل و باڵی خۆی دەهاوێتە دەرەوەی خۆی و دوایی جارێکی تر دەیانباتەوە ژێرخۆی، ئەمە بەگوێرەی ئەوەی کە لە پێنج توخمەکە ڕووئەدات هەر هەمان شتە. پێنج توخمەکەش ئەمانەن: خۆڵ و ئاو و ئاگر.. هتد، ئەمانە سێ جیهانەکە دروست دەکەن، کە وێرانکاری و لەناوچوونی شتەکان تیایدا ڕوودەدات، ئەم سەردەمەش سەردەمێکی دیاریکراوە، بەمەش بەرەو سیستەمێکی دژی ئەو سیستەمە ڕێبەری دەکرێن، کە بەهۆیەوە توخمەیەکەمینەکان هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام پێ بەپێ و هەنگاو بە هەنگاو دەگەڕێتەوە بۆ علەی یەکەمی- واتە ئەوەی کە باڵا و زەروری و پێویستە، واتە: بۆ سروشت، بۆ ئەو بارودۆخانەی کە خاسیەتەکان دەداتە پاڵ ئەم سیانە: چاکە کاری و ئارەزوو وتاریکی. سیفەتەکانی تری ئەم دیاریکردنانە بایەخدار و گرنگ دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە تەواوەتی بەڕێگایەکی ڕواڵەتانە فەهمکراوە. گوتراوە سروشت لە ڕێگەی ئاوێتەیەکەوە لە نێوان ئەم سێ خاسیەتەدا کار دەکات. هەموو شتێك لەناو خۆیدا ئەم خاسیەتانەی هەڵگرتووە. کارەکە لێرەدا لەسێ جۆگەی ئاو دەچێت کە بەیەکتر دەگەن، تا دەریایەك دروست بکەن، یان لە کۆمەڵە داوێك دەچن کە بەناو یەکدا دەچن بۆ چنینی یەك بەرگ. بە هەمان

---

(46) ئەمە لەو فەرمودە قودسیەوە نزیکە کە دەڵێت: ((من گەنجینەیەکی شاراوەم ویستم بناسرێم بۆیە خوڵقاوەکانم خوڵقاند، بەهۆیەوە دەمناسن....هتد)). (المترجم).



شێوەش سروشت بەهۆی وەرچەرخان و ڕێکسازیەکانەوە ڕێگا دەگرێتە بەر، هەروەك ئەو ئاوەی کە ڕەگەکانی ڕووەکێك دەیمژێت، دواتریش سەردەکەوێت بۆ بەرەکەی تا تامێکی تایبەتی بداتێ. لەسەر ئەم بناغەیە لێرەدا شتێکی ترمان شتێکمان نییە جگەلە کاتێگۆریەکانی ئاوێتەکردن و وەرچەرخان. هیندیەکان لەم بارەیەوە دەڵێن: ((سروشت بە خۆی و بۆ خۆی خاوەنی ئەم سێ خاسیەتەیە، هەقی تایبەتی خۆی نیە و ئەمانە هەروەك سیفاتە تایبەتیەکانی ئەون. ئەمەش بەڵام بەهۆی ئەوەوەیە خاوەنی ئەو شتانەی ترە کە لەناویدا وەك ئەنجام یان مەعلولەکانی ئامادەن.

هێشتا هەر دەبێت لە پەیوەندی سروشت بە گیانەوە بکۆڵینەوە: ((سەرەڕای ئەوەی کە سروشت بە تەواوەتی مردووە -واتە بێ بەشە لە ژیان- ئەرکێك جێ بەجێ دەکات، ئەویش ئامادەکردنی دەروونە بۆ ئازادبوونی، هەروەك ئەو ئەرکەیە، کە شیر -کە کرۆکێکی بێ هەستە- هەیەتی لە تێرکردنی گوێرکەیەکی بچووکدا)). بەڵام شوێنکەوتەکانی سانخیا بەم لێکچواندنەی خوارەوە دەیخەنەڕوو:

((سروشت لە سەماکەرێك یان گۆرانیبێژێك دەچێت کە خۆی دەردەخات و خۆی نمایش دەکات بەرامبەر بە دەروون، بەوەی کە بە کۆمەڵە تەماشاکەرێکی دابنێین، زۆر جاریش لەسەر ئەوە لۆمە دەکرێت کە بە ناشرینی تەماشای دەکەن، بەڵام ئەو دوای ئەوە کە وەك پێویست خۆی نمایش دەکات و ڕۆڵی خۆی لە وروژاندندا دەگێڕێ و خەڵکێکی زۆر دەیبینێ دەست لە غایشکردن هەڵدەگرێت، هەر بە هەمانی شێوەش سەیرکەرەکان دەست لە سەیرکردن هەڵدەگرن، چونکە بە ڕادەی پێویست تەماشایان کردووە. بەم شێوەیە چیتر سروشت بە گوێرەی دەروون هیچ سودێکی نیە، لەگەڵ ئەمەشدا یەکبوون لە نێوانیاندا هەر بەردەوام هەیە)). لەگەڵ پێگەیشتنی مەعریفەی عەقڵی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بنەماکانەوە تاکە ڕاستیەك کە پێویستە فێری ببین و هەڵگری گفتوگۆکردن نیە ئەوەیە ((من من نیم و خاوەنی هیچ شتێکیش نیم، بەڵکو من نیم، واتە کەسیەتی هێشتا جیا نیە لە دەروون. دواجاریش: کەسیەتی و هۆشیاری بەگوێرەی هیندیەکان شاراوەیە)) هەر شتێك لە بەردەم هۆشیاریدا ڕوو دەدات، دەروون لێی ڕادەمێنێ بەڵام لەسەر بناغەی ئەوەیکە وێنەیەکە ناتوانێت پاکیەتی بلوریەتی دەروون بداتەوە و سەر بەوەیش نیە. کاتێك کە دەروون (بەبێ کەسیەتی) دەبێتە خاوەنی ئەم مەعریفەیە، ئەوا بە ئارامی لە سروشتی دەکۆڵێتەوە، بەم شێوەیە لە هەموو گۆڕانکاریەکی ترسناك بەدوور دەبێت و جگە لە مەعریفەی گیانی لە هەموو شێوەیەکی تر و لە هەموو پرۆسەکانی تێگەیشتن ئازاد دەبێت. ئەم مەعریفە گیانیە بۆ ناوەڕۆکی گیانی ناوەندگیرە -مەعریفەیەکی بێ کەسایەتی و بێ هوشیاریە. ((لەڕاستیدا دەروون هێشتا بۆ چەند ساتێك بەرگێکی جەستەیی دەپۆشێت، دروست ئەمە وەك ئەوە

وایە کە پێچکەی گۆزە دروستکەرەکە (یان مەرکانە دروستکەرەکە) لەدوای دروستکردنی گۆزەکەش بە کاریگەری سوڕانەکەی پێشتر هەر بسوڕێتەوە،)). لای هیندیەکان ئیتر چیتر دەروون بۆی نیە مامەڵە لەگەڵ بەدەندا بکات، پەیوەندیشی لەدوای ئەمە پەیوەندیەکی ڕووکەشانە دەبێت.بەڵام دوای ئەوە بە تەواوی دەروون لە بەدەن جیا دەبێتەوە و ئەمەش پێشتر زەمینەسازی بۆ کراوە، دوای ئەوەی کە سروشت لە دەروون دەرباز دەبێت، ئازاد بوونی کۆتایی و ڕەها تەواو دەبێت و وەدی دێت. ((ئالێرەدایە کە دەگەین بەو ساتانەی کە بەپێوانە کاریەك بۆ فەلسەفە ((سانخیا)) دادەنرێت.

٢- فەلسەفەی جوتاما Gotama و کانادا Canada هەریەکەیان بەستراوە بەوی تریانەوە. فەلسەفەی جوتاما بە نیایا Nyaya (قوتابخانەی بەڵگە هێنانەوە) ناو دەبرێت. بەڵام فەلسەفەی کانادا بە فیشیشکا (قوتابخانەی گەردەکان) ناو دەبرێت. یەکەمیان گرنگی بە جەدەل دەدات و دووەمیان گرنگی بە سروشت دەات واتە بە بەشەکان و بابەتە هەستەکیەکان. کولبروك دەڵێت ((هیچ بەشێك لە بەشەکانی زانست و ئەدەب بەقەدەر نیایا (بەڵگە هێنانەوە) سەرنجی هیندیەکانی رانەکێشاوە. بەرهەمی ئەم لێکۆڵینەوانەش ژمارەیەکی بێ شومارە لە کتێب کە دەتوانین لە ناویاندا کاری زانا ناودارەکانیش ببینینەوە. ڕێبازی جوتاما -و هەروەها کانادا- بەشێك لە بەشەکانی ((ڤیدا)) لەبەرچاو دەگرن و وەك ڕێگایەکیش کە هەر دەبێت بیگرییگرنە بەر، پشت بە دەقەکانی دەبەستن و ئێمەش هەوڵی فێربوون و لێکۆڵینەوەی دەدەین، واتە: گۆکردن- پێناسەکردن- پشکنین، گۆکردنی شتێك واتە ناولێنانی یان دیاریکردنی لەڕێگەی ناولێنانیەوە، یان دیاریکردنی ئەو ووشەیەی کە ئاماژەی پێدەدات، وشەش نیگا هێن و ئاراستەکراوە، زمانیش لە بڕی نیگایە بۆ موۆڤ. بەڵام پێناسەکردن دەرخستنی خاسیەتێکی بەشەکییە کە دەبێتە سروشتی راستەقینەی ئەو شتەی کە پێناسە دەکرێت. پشکنینیش پشت بە لێکۆلینەوە لە پێتاسەیەکی تەواو و باوەڕپێکراو دەبەستێت. هەر بەپێی ئەم ڕێبازەش مامۆستایاتی فەلسەفە پێشگریمانەیەك دادەنێن، کە زاراوە زانستیەکانن، پاشان پیایاندا دەڕۆن بەرەو پێناسەکان، پاشان دەگەنە پشکنین و وردەکاری لەسەر ئەو بابەتەنەی کە لێیانەوە دەستیان پێکردووە، ئەوان(( بەناوەکە)) ئاماژە بە بۆچوونە باوەکە دەدەن، لەگەڵیشیدا ئاماژە بەو پێدراوە دەدەن کە لە پێناسەی شتەکە دا هەیە، لەپشکنین و وردەکاریەکە دا بەراوردکاریەکە تەواو دەبێت و هەنگاوی پاش ئەمەش تێڕامانە لەبابەتەکە ((جوتاما لێرەدا ئاماژە بە شانزە خاڵ دەدات کە لە ناویاندا بەڵگە و بەڵگەکاری (کە وێنەییە) هەیە. دوای ئەمەش ئەوە دێت کە داواکراوە بۆ ئەوەی بەڵگەی لەسەر بهێنرێتەوە. ئەمانەش خاڵە سەرەکیەکانن. بەڵام خاڵەکانی لاوەکی و لکین، ئەمە ئەگەر هاتوو بە



شداری لە مەعریفەی حەقیقەت و جەخت — لەسەرکردنەوەی بکات. بەڵام قوتابخانەی ((نیایا)) لەگەڵ قوتابخانە سایکۆلۆجیەکانی تردا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پەیمانی بەختەوەری و رزگاری و کەماڵ و ئازادی کۆتایی بەخەڵکی بدەن، لە پاداشتی مەعریفەیەکی تەواو و کاملی ئەو بنەمایانەی کە فێری دەبن واتە بنەماکانی ئەو حەقیقەتەی کە مانای باوەڕهێنان بوو بە بوونی هەتاهەتاییانەی دەروون و کرۆکێکی دابڕاو لە بەدەن دەگەێنێ. پاشان دەروون خۆی ئەو بابەتەیە کە پێویستە بزانرێت و بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. هەر ئەمەشە وادەکات کە لێرەدا پێویست بێت بە درێژی ئەمە بخەینەڕوو بەجۆرێك لە درێژەپێدان بخەینە ڕوو.

أ — یەکەم خاڵی گرنگ: ئەوەیە کە بوترێت ئەو ئاماژەیەی کە وەك بەڵگە دەخرێتەڕوو دابەش بکرێت بەسەر چوار جۆردا :

١ — پەیبردنی هەستەکی

٢- بەڵگەکاری عەقڵی: کەسێ جۆری هەیە: بەڵگەکاری لە ئەنجامەوە بۆ هۆ و بەڵگەکاری لە هۆوە بۆ ئەنجام — بەڵگەکاری سەرچاوەگرتوو لە هاوشێوەکردن Analogy.

٣ — جۆری سێهەم بەراود کردنە.

٤ — دەسەلاتێکی خاوەن باوەڕ، کە کەلەپورو وەحی دەگرێتەوە.

هەموو ئەم جۆرانەی بەڵگە بەشێوەیەکی درێژ باسکراون چ لەو کتێبە کۆنانەدا کە دراونەتە پاڵ جوتاما و چ لەو لێکدانەوانەدا کە لە ژمارەنایەن.

ب- دووەم خاڵی گرنگ: لەناو ئەو بابەتانەدایە کە بەڵگەکەیان لەسەر دەهێنرێتەوە، هەر دەبێت ئەمەش ڕوون بکەینەوە. جوتاما دوانزە جۆر لەم بابەتانە دەخاتە بەردەست. یەکەمینی ئەم بابەتانە - کە گرنگترینیشیانە- ئەو دەرونەیە کە لە بەدەن و هەستەکان جیاوازە. دەروون جێگیرکەری شعور و مەعریفەیە، لەڕێگەی حەز و وویست و...هتد،یەوە، بەڵگەی لەسەر دەهێنرێتەوە و چواردە سیفەتیشی هەیە: ژمارە، قەبارە، تاکیەتی و پەیوەستیەتی، جیابوونەوە، زیرەکی یان عەقڵ، لەزەت، ئازار، ئارەزوو، هەڵهاتن، ویست، تواناداری، خەیاڵ. ئێمە لێرەدا سەرەتاکانی تێڕامان دەبینین، بەڵام بەبێ ڕێکخستن و پەیوەستکردن و ڕێزبەندکردن، هەروەها بەبێ هیچ سەراپاگیریەك بۆ دیاریکردنەکان.

بەڵام بابەتی دووەمی مەعریفە بەدەن یا جەستەیە.

بابەتی سێهەم ئەندامەکانی هەستکردنن، لەپێش هەمووشیانەوە ئەوانەی کە پێیان دەوترێت پێنج هەستەکە. ئەمانەش وەرچەرخان و رێکسازی هوشیاری نین -وەك ئەوەی کە رێبازی سانخیا دەڵێت- بەڵکو شتانێکی مادیین و بەڕادەی دیاریکراو لەم توخمانە پێکهاتوون، خۆڵ، ئاو، رناکی، هەوا، ئەتمۆسفیر. ئەوان بۆ ئەوە دەچن کە لە مرۆڤدا چاو ئەندامی بینین نیە، گوێش ئەندامی بیستن نیە، بەڵکو ئەندامی بینین تیشکێکە لە روناکی، لەچاو دەردەچێت بەرەو ئەو شتانەی کە بابەتی بینینەکەیە، ئەندامی بیستنیش ئەو ئەتمۆسفیرەیە کە لە کونی گوێدا هەیە وەك ناوەندێك دەیگەێنێ بەو شتەی کە دەیەوێت بیبیستێ. ئەم ئەتمۆسفیرە ئەندامی بیستنە. ئاساییانە تیشکی ڕووناکی بینراو نیە، هەروەك چۆن لە کاتی نیوەڕۆدا نابینرێت، بەڵام لەکاتێکی دیاریکراودا دەکرێت ببینرێت، بەڵام سەبارەت بە چێژکردن کرۆکێکی ئاویانە هەیە کە لە لیکاو دەچێت و ئەمەش ئەندامێکی ترە... بەهەمان شێوە. دەکرێت شتێکی لەم جۆرە لە گفتوگۆسازی تیماوسی (ئەفلاتۆن[47])دا ببینرێت.

لێرەدا کۆمەڵە تێبینیەکی جوان لە بارەی فسفۆڕی چاوەوە هەیەکە لە پەڕەیەکی ناو کوراسەکەی گۆتە[48]دا شوڵتسە Schultz[49] نووسیویەتی. ((لە مۆرفۆلۆجیا Morpholog)) (بچم ناسی)[50]

(47) ڕوناکی ڕۆژ لەگەڵ شوپۆلی بینایی بەیەك دەگەن، لێکچوو دەکەوێتە سەر لێکچوو، ڕوناکی بەرەوەبووی ناوچاو لەجوڵە دەکەوێت و دەکەوێتە سەر ڕوناکی دراوەی شتە دەرەکیەکان وپێی دەگات)) أفلاطون- محاورە طيماوس ٤٥ (المترجم).

(48) ئەرنست شۆلتسە E.S Shultz (١٧٦١-١٨٣٣): فەیلەسوف و گومانکارێکی ئەڵمانیە، لەپاڵ کتێبە فەلسەفەکانیدا لەبارەی سایکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا نوسینی هەیە. (المترجم).

(49) گوتە (١٧٤٩-١٨٣٢): مەزنترین شاعیر ئەڵمانییە و بەهۆمێرۆسی ئەڵمان بەناوبانگە، فرە بەهرەبووە: شاعیر و ئەدیب و هونەرمەند و وێنەکێش بووە و بایەخیشی بەزانست داوە بەتایبەتی تیشك، کتێبێکی بەناوی (لێکۆڵنەوە لەبارەی تشك)ەوە لەساڵی ١٧٩١ نوسیووە، پاشان لەساڵی ١٨٢١ کتێبێکی تری بەناوی (لێکۆڵینەوە لەبارەی زانستە سروشتیەکان)ەوە نوسیوە، کە کۆمەڵە کوراسێکە لە هەندێکیاندا باسی بینایی دەکات و بۆ ئەوە چووە کەچاو لەسەر تاریکی ڕەتدەکاتەوە و لەسەر ڕووناکیش بەتاریکی.....هتد هیگڵ زۆر بەرگری لە تیۆرەکەی ئەو لەبارەی ڕەنگەکانەوە کردووە، کاتێك کە ئەم شاعیرە ئەڵمانییە زۆر دڵشادە، لەسەرەتای هاوینی ١٨٢١ جامێ شەراب و کۆمەڵە وشەیەکی جوانی ئەکاتە دیاری ((تکای وایە کە ئەم جامە بەباشترین شێوە لەلایەن ڕەهاوە هەڵبدات)). هیگلیش لەنامەیەکدا کە لە ٢١ئۆگستدا نووسیویەتی سوپاسی ئەم دیاریەی تیاکردووە. (المترجم).

(50) مۆرفۆلۆجیا Morphology: زانستی بچمە یان بچمگەرییە- لقێکە لە زانستی زیندەوەرناسی، لەشێوە و بونیادی زیندەوەران و ڕوەك دەکۆڵێتەوە، وا دەردەکەوێت کە ئەمە بەشێك بووبێت لە لێکۆڵینەوەکانی گۆتە لەبارەی زاستی سروشتی ساڵی ١٨٢١. (المترجم).



یدا- وەك توخمێکی مادی تیشکدەر باس لە فسفۆر دەکرێت، هەروەك چۆن تیایشیدا راڤەکردن و لێکدانەوەی گرنگ لە بارەی ئەم بابەتانەوە دەبینین. نمونەی ئەو جۆرە لە مرۆڤیشمان هەیە کە بەهۆی فسفۆڕەوە بە شەودا دەبینن، چاوەکانیان بابەتەکە رۆشن دەکەنەوە، بەڵام بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم دیاردەیە بێگومان بارودۆخێکی بابەتی دەوێت.

ئەندامەکانی هەستکردن بابەتی چوارەم دروست دەکات، ئالێرەدایە- کە یەکێك لە راڤەکارەکان- بەناو شێزاڤا Cesava- کاتیگۆریەکانی کانادا Canada کۆدەکاتەوە. لەلای ئێمە شەشیان هەن: یەکەم کاتیگۆڕیانە کڕۆکە. لەم کڕۆکەشدا نۆ جۆر هەیە: خۆڵ و ئاو و ڕوناکی و هەوا و ئەتمۆسفیر و کات و شوێن و دەروون و تێگەیشتن. کانادا لە کڕۆکە مادیەکاندا توخمە بنچینەیەکان دەبینێ، هەروەکو ئەوەی ئەوانە گەردی بنچینەیی بن. دوای ئەمەش کۆمەڵبەستنی خودی ئەم گەردانەبن، ئەو جەخت لەسەر سروشتی بەردەوامی گەردەکان دەکاتەوە. هەروەها زانیاریەکی زۆریش لەسەر یەکبوونی ئەم گەردانە دەخاتەڕوو، کە یەکبونێکە لێیە و ((تۆز))یان غوبار بەرهەم دێت.

بەڵام کاتیگۆریای دووەم کاتیگۆریای چۆنیەکیە. کە بیست و چوار جۆری تیا دەدۆزینەوە، لەوانە:

١-رەنگ ٢-چێژکردن ٣-بیستن ٤-دەستلێدان ٥-ژمارە ٦-قەبارە ٧-تاکیەتی ٨-نزیکبونەوە ٩-دابڕان ١٠-بەرایی پێدان (الاولويە) ١١-پاشینایەتی ١٢-بارستایی ١٣-ڕەوانی ١٤-لێنجی ١٥-دەنگ ١٦-عەقڵ (زیرەکی) ١٧-چێژ ١٨-ئازار ١٩-ئارەزوو ٢٠-هەڵهاتن ٢١-ویست ٢٢-فەزیلەت ٢٣-رزیلەت ٢٤-توانا یان تواناداری کەسێ سیفەت دەگرێتەوە کە ئەمانەن، خێرایی یان حووڵە شاردنەوە، نەرمی، مەلەکەی خەیاڵ.

بەڵام کاتیگۆڕی سێهەم لە کاتیگۆریەکانی کانادا کردەیە. لە کاتێکدا کاتیگۆری چوارەم پاشهاتی چۆنیەتیەکان و پێنجەمیش جیاکاری و جیاوازیە، شەشەمیش کۆمەڵبەستنە- بە ڕای کانادا ئەمە دواین کاتیگۆرییە. نوسەری تر هەن کە سەلبیش وەك کاتیگۆری حەوتەم دەخەنە سەر کاتیگۆریەکان. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە بیرەمەندە هیندیەکان سەیری فەلسەفەی پێ دەکەن.

ج-بەڵام فەلسەفەی ((جوتاما)) گومان دەخاتەسەر بابەتی سێهەم کە بەدوای بەڵگە هێناوە دێت لەسەر مەعریفە و ئەو بابەتانەی کە مەعریفە بایەخیان پێ دەدات، لێرەدا بابەتێکی تر هەیە کە

بەڵگەی ڕێکخراو و بەڵگەکاری وێنەی تەواوە. (نیایا) پشت بە پێنج مەسەلە دەبەستێت: ١-مەسەلە ٢-عەقڵ ٣-نمونە ٤-جێ بەجێ کردن ٥-ئەنجام.

با چەند نمونەیەك لەسەر ئەمە بهێنینەوە:

(١)ئەم گردە دەسوتێت.

(٢)چونکە دووکەڵ لەسەری بەرز دەبێتەوە.

(٣)ئەوەی کە دوکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە، دەسوتێت: دروست هەروەك ئاگری چێشتخانە.

(٤)پاشان، بەوەی کە گردەکە دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە.

(٥)کەواتە ئاگری تێ بەربووە.

پێویست بوو ئەوان بەو شێوەیە پێوانەکانیانی بخستایەتە ڕوو، کە لەلای ئێمە هەن. بەڵام بەو ڕێگایەی کە ئەوان دەیخەنە ڕوو، دەبینین دواکراوەکە (واتە ئەنجامەکە) هەر لە سەرەتاوە هاتووە، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەوە، هەر دەبێت بەوە دەست پێبکەین کە گشتییە، ئەمەش ئەو وێنە باوە ئاساییەیە، ئەم نمونەیە بەسە، بەڵام پێویستە جارێکی لە باتێکی تردا بچینە پێش.

پێشتر ئەوەمان بینی ئەو خاڵەی کە لە هینددا تا دواڕادە گرنگە. ئەوەیە کە دەروون خۆی لەناو خۆیدا دروست دەکات، پاشان خۆی بەرەو ئازادبوون بەرز دەکاتەوە، یان خۆی بەرەو ئەو بیرە بەرزە دەکاتەوە کە بۆ خۆی دروستی کردووە. ئەمە بەگوێرەی دەروون بەرێگایەکی زۆر پەتی ڕوون دەبێتەوە، کە دەکرێت ناوی بنێنین عەقڵ، بەڵام لێرەدا یەکبوون لە نێوان سروشت و عەقڵدا نییە، بەڵکو دژێکی ڕاستەوخۆی ئەمە هەیە، سەبارەت بە عەقڵ سەیرکردنی سروشت کاسەی بیرە یان مومارەسەکردنیەتی کە ئازاد کردنی زەین و عەقڵ دەکاتە ئامانج.

کرۆکیەتی عەقڵی لە هیندستاندا کۆتاییە، لە کاتێکدا لە فەلسەفەدا بەشێوەیەکی گشتی سەرەتایی فەلسەفە دەنوێنێ، واتای فەلسەفەکاری ئەوەیە کە خودی بیر بکرێتە بناغەی حەقیقەت.

کرۆکیەتی عەقڵ دژی تێرامانە، تێگەیشتن و تاکیەتی لە پیاوی ڕۆژئاواییدا هەیە. ئەوە جێگەیەکی گرنگی لای ئێمە هەیە بڵێین: من دەمەوێت، من دەزانم، من باوەڕم وایە، من بیردەکەمەوە، من بەپێی ئەو هۆ و ئەنجامە ڕێگا دەگرمەبەر کە بونیادیان دەنێم. لەسەر ئەم بناغەیەش من بەهایەکی ناکۆتادار هەڵدەگرم. لای ئەوان ئەمە ئەوپەڕی کرۆکیەتی عەقڵییە. هەر ئەمەشە کە هەموو خودییەتیەکی



((من)) تیایدا بزر دەبێت و هەموو تایبەتمەندیەکی تیا پەرش و بلاوە و ون دەبێت. هەموو بابەتەکانیش لە دیدی ئەودا لەخۆبای بوون و لەخۆ گۆڕانە. شتێك بەناوی حەقیقەتی بابەتی لەلایان نیە و شتێك لەلایان نیە بەناوی یەك و حەق. تا شتێك کە بۆیان جێ دەمێنێ لەخۆبایی بونێکی خۆییە. خاڵی گرنگیش ئەوەیە بگاتە پلەوپایەی کرۆکیەتێکی عەقڵی تا لەناویدا نوقمی لەخۆبایی بونێکی خودی ببێت و ئەمەش خاسیەتی گەیشتنە بەو گۆشە نیگایە.

نەنگی ئەم گۆشەنیگایە لە کرۆکیەتی عەقڵیدا شاراوەیە، ئەمە لە کاتێکدا وا پێشنیار دەکرێت کە کۆتایی خود و ئامانجەکانیەتی و وەك مەرجێکیش لە بەرژەوەندی خوددا نەبێت وەدی نایێت. سەرەڕای ئەمەش ئەوپەڕی لایەنە بابەتیەکانیش هەڵدەگرێت. ئەمەش جگە لە بابەتیبوونێکی پەتی تەواو، هچی تر نییە، کەواتە بابەتیبوون خۆی هیچ نییە جگەلە بابەتیبوونێکی پەتی تەواو پاشانیش خاوەنی شێوەیەکی بنچینەیی بابەتیانە نیە. کە کرۆکیەتی عەقڵی لە پەتیەتیدا دەمێنێتەوە، هیچ شتێك بۆ بوونی ناخوازرێت تەنیا دەروونی خودی نەبێت، کە بەتەواوی لە لەخۆبایی بونێکی بەتاڵ دەچێت، کاتێك کە توانای خودی تەنیا لە پەتیەتیدا دەمێنێتەوە، هەموو شتێك: لەلای ڕۆژهەڵاتی لەناو ئەم پەتیەتیەی کرۆکییە عەقڵییەدا دەمێنێتەوە، کە هیچ ناگەێنێ جگە لە هەڵهاتن بەرەو ئەوەی کە بەتاڵ و نادیاریکراوە و هەموو شتێکیش تیایدا بزر دەبێت. پاشانیش ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ کارکردن، ناچار کردنی بناغە ڕاستەقینەکەیە بۆ خۆ دروستکردن و دیاریکردن و بابەتیبوون، لەسەر بەرەو پێش چوون هەتا هەتاییەکەی ناو خۆی، کە بەبیر ناودەبرێت. بیر بە پلەی یەکەم خودییە و موڵکی منە، چونکە ئەوە منم بیر دەکەمەوە، بەڵام بە پلەی دووەم هەمەکیەتیەکە کە بە کرۆکیەتی عەقڵی دەورەدراوە، هەروەها بەپلەی سێهەمیش چالاکیەکی پێکهاتەییە و بنەمای دیاریکردنە، بەم شێوەیە دەگەین بە جۆرێك لە بابەتیبوون کە خۆی پێشاندەدات و دەیدرەوشێنێتەوە، هەر تەنیا خۆیشی ڕێگە دەدات بە بوونی شوێنێك بۆ ناوەڕۆکی بەشەکی، هەروەها ڕێگا دەدات بەوەی کە بوارێکی ئازادی هەبێت و لەخۆیدا بیبینێتەوە. کاتێك کە بەشەکی دێتە لەرزین و دەکەوێتە سەر لێواری کەوتن ئەوا لە دیدی ڕۆژهەڵاتیەکەوە جێگای خۆی هەر دەدۆزێتەوە و لەبیردا دادەمەزریت. توانای ئەوەشی هەیە کە ڕەگی خۆی لەناو خۆیدا داکوتێ و بە پتەوی و باوەڕ بەخۆبوون ڕاوەستێ، ئەمەش کارێکی سەختە بۆ ئەوەی ئەورپاییەك لێی تێبگات. ئەم جۆرە لەبیری ڕۆژهەڵاتی بەلای وێرانکردنی ئەم بەشەکیەدا دەڕوات، بەڵام لەخاکی بیردا چالاکانە دەمێنێتەوە. بەڵام ناکرێت ئەمە بوونی هەبێت ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ سەیرمانکرد. ناکرێت ببێت تەنها وەك ساتێك لەناو کۆیەکی هەمەکیدا نەبێت،

ئێمە لە فەلسەفەی ڕۆژهەلاَتیدا ناوەڕۆکێکی دیاریکراو ئاشکرا دەکەین و دەیکەینە بابەتی لێکۆڵنەوەی خۆمان. بەلاَم ئەم لێکۆڵنەوەیە خاڵیە لەبیر و خاڵیە لەناو کۆییەتی، چونکە لە دەرەوە و لەسەرووی یەکبوونەوە دێت. هەر لەم لایەشەوە کرۆکیەتی عەقڵی ڕاوەستاوە، هەر لەم لایەشەوە بە وشکی و نەزۆکی دەردەکەوێت. لەم حاڵەتەدا بەشەکی هیچ نیە جگە لە شتێکی مردووی دەرئەنجامگیری یان هۆ و ئەنجامێکی سادە، هەروەك ئەوەی کە ئێمە لەلای ئەسکۆلائیەکان (فێرگەییەکان) دەیبینینەوە. لەلایەکی تریشەوە: بەشەکی لەسەر بیر دامەزراوە و دەشکرێت بگاتە حەقی خۆی. وا سەیری دەکرێت کە ساتێکی ڕێکخستن بێت وەك هەمووێك. بیرۆکە لە فەلسەفەی هیندیدا بابەتی نابێتەوە. ئالێرەشەوە دەرەکی و بابەتی بەپێی بیرۆکە لێیان تێناگەین، هەر ئەوەشە کەموکورتیەکانی فەلسەفەی ڕۆژهەلاَتی.

بناغەی بابەتی ڕاستەقینەی بیر، بنچینەی خۆی لە ئازادی حەقیقەتی خوددا دەبینێتەوە. هەمەکی و کرۆکی هەر دەبێت خۆیان بابەتیبوونیان دەست دەکەوێت.

کاتێك کە بیر هەمەکییە، بناغەیەکی کرۆکییە، هەروەها (من)ە- بیر ناڕاستەوخۆیە یان بەهێز هەیە-، هەیە وەك بوونێکی ئازاد- هەمەکی بوونێکی ڕاستەوخۆ و ئامادەبوونێکی کارەکیانەی هەیە، چونکە بە تەنها کۆتاییەك نیە، یان بارێك نیە کە پێویست بێ پێی بگەین، بەڵکو سروشتەکەی ڕەهایەکی بابەتیە (واتە بوونێکی لەسەر پێڕاوەستاوە).